١٢٣٤



وەشانی ٢٠٢٤

# فەرهەنگی شاسوار

## وێنەدار

فەرهەنگی پێنج زمانەی کوردی، ئینگلیزی، نەرویجی، عەرەبی، فارسی
کۆی ئەو وشە و پەراوێزانەی گرتوتە خۆی کە
**سیامەند شاسواری**
لە هۆنراوە و نووسین و وەرگێڕانەکانیدا بەکاری هێناون

سرشناسه : شهسواری، سیامند، ۱۳۳۵ ـ

عنوان و نام پدیدآورنده : فەرهەنگی شاسوار، فەرهەنگی وشە و پەراوێز. / سیامەند شاسواری

مشخصات نشر

مشخصات ظاهری : تهران، توکلی، ۱٤۰۰ ـ

شابک : ج.: مصور (رنگی) ؛ ٥/١٤ x ٥/٢١ سم.

وضعیت فهرست نویسی : 978-964-5821-89-8 : دوره؛ 978-964-5821-90-4 : ج.۱

یادداشت : فیپا

موضوع : کردی.

موضوع : کردی ـــ واژەنامەها

رده‌بندی کنگره : Kurdish Language ـــ Dictionaries

رده‌بندی دیویی : PIR۳۲٥٦

شماره کتابشناسی ملی : ۳/ک۹فا ٤

اطلاعات رکورد کتابشناسی : ۸٥۳۲۸٤۷

: فیپا


# فەرهەنگی شاسوار

## بەرگی یەکەم


**دانەر: سیامەند شاسواری**

**نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم، ۱٤۰۰ (۲۰۲۱ زایینی)**

**چاپەمەنی: تەوەکوولی**

**تیراژ: ۱۰۰۰ دانە**

**پیتچن: سەردار**

**چاپ و صحافی: مشکی**

شابک دوره: ۸ ـ ۸۹ ـ ٥۸۲۱ ـ ۹٦٤ ـ ۹۷۸ ISBN: 978-964-5821-89-8

شابک ج ۱: ٤ ـ ۹۰ ـ ٥۸۲۱ ـ ۹٦٤ ـ ۹۷۸ ISBN I: 978-964-5821-90-4



**تهران- خیابان انقلاب، روبروی دانشگاه تهران، مجتمع فروزنده، شماره ۲۲٥**

**تلفن: ۰۲۱-٦٦۹٥٦۹۲٦ فکس: ۰۲۱-٦٦۹٥۷۰۸۹**

E-mail: tavakolipublications@yahoo.com



ت ج چ ح ڕ ز




سوور
رەش


کوردی
سیامەند شاسواری


شیرکو بیکس
اینک دختری
میهن من است
ترجمه: سیامند شاسواری
صندلی

# کەلیدەر


فەرهەنگۆك
ژیگ
ئەسپەندەر
بزنمژە
پەردەنیگار
تەختی دێو
ناوگۆرك
تاوڵەمە
قەقنەس
سەمەنی
قورسی
هێمای
دەستی ئوبولفەزل
تاغ


ئەفغانستان
قوچان
Quchan
مەشهەد
Mashhad
سەرەخس
Sarakhs
سەبزەوار
Sabzevar
نەیشاپوور
Neyshabur
کەلیدەر
تاغی
فەریمان
Fariman
Farhadgerd
Torghabeh
Chenaran
Binaloud
Malekabad
Dushak
Miana
تورەت
Torbat Heydariyeh
Dolat Abad
کاشمەر
Kashmar
Bardaskan
Riyouah
Abdol Abad
Feyz Abad
Rashtkhar
Torbat Jam
Nil Shahr
تایباد
Taybad
Kariz
Salami
Islam Qala
Nashtifan
Sangan
Ghasem Abad
Gonabad
Kakhk
Islamiyeh
Ferdows
Aysak
Khezri ye Dasht-e Bayaz
Sarayan
Qaen
Esfeden
Hajiabad
Seh Deh
بیرجەند
Birjand
M37
A1 5
22
91

ڕاڤەی وشە بە زمانی کوردی

هاوواتاکان

جۆری ڕێزمانی وشە [ناو]

پۆلبەندی بوار و کەوشەنی ووشە

ڕاستەوخۆ واتای ئینگلیزی هاتووە

ژمارەی واتای وشە

وشەی واتاکراو

**کالەک:**[1] cantaloupe [ناو] کاڵەکی زەرد، میوەیەکە لە تیرەی هارویّ و کەدوو، وەکوو گڕکەیە و گەورەترە. لە میوە خۆشە ئاودارەکانی وەرزە. گۆشتەکەی ئەخورێ و تووەکەی ئەبرژێنرێ. لایان وایە سەرەتاکەی هیندستانە. [ع] البطیخ الأصفر [N] cantaloupe [د] گرمک ← **کالەکی گەزۆ:** Honeydew [ناو] کاڵەکێکی زۆر شیرینە، وەک هەنگوین و گەزۆ وایە [ع] المن [N] honning dugg [د] عسلک.

[د] واتای وشە بە دەری

[N] واتای وشە بە نەرویجی

[ع] واتای وشە بە عەرەبی

نم: نموونە    درێژە: درێژەی بابەت    تێبینی: تێبینی

ڕیشەناسی: واتای ڕیشەناسی وشە Etymology

← وشەی نزیک لە وشەی سەرەکی،

## تێبینییەکی گرنگ

فەرهەنگی شاسوار، وشەکانی ناو هۆنراوە و نووسین و وەرگێڕانەکانی سیامەند شاسواری‌یە. کۆمەڵە وتار یان پێناسەیەکە کە ئەگەر لە چەند دێڕیشدا بن، بە شێوەیەک لە شێوەکان مەبەستێکی تازەیان تۆمار کردووە؛ هەر ڕاقەیەک وتارێکە، هەر وتارێک چەندەش چڕکراوە، بۆ مەبەستێک گەڕاوە تا دەری بخات ئەو وشانە شیاوی مانەوە و بەکارهێنانن، سەرەڕای سینگفراوانی بۆ وشەی زانستی، پێویست بە دزین و دەرۆزەکردنی وشەی بێگانەی کۆلۆنیالیستی نیشتەجێ نییە؛ هەرچەند تێکەڵی و هاوسابوون و دەستێوەردانی ملۆزمانەی داگیرکەران ڕێگەی لەو کادانە و هیلاوبوونە گرتووە. وشەی مەبەست بە فراوانی لە دەقەکاندا و لە چوارچێوەی ڕستەی مەبەستداری هەمەڕەنگدا باتە کراونەتەوە. بۆ نموونە وشەی «دارەت»ی کوردی لە چەندین فەرهەنگی وەکوو: فەرهەنگی خاڵ، فەرهەنگی ئەستێرەگەشە، فەرهەنگی ناهید، فەرهەنگی کاوە، فەرهەنگی کوردەواری، فەرهەنگی کوردی ئینگلیزی شارەزوور ـ شەفیق قەزاز، فەرهەنگی کوردستان، فەرهەنگی ڕێژگەدا تۆمار کراوە، تەنها لە وەرگێڕانی ڕۆمانی «گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو» ١٧٩٨ جار بە مەبەستی جیاواز و لە ڕستەی هەرە جۆراوجۆردا بەکارهێنراوە. هەندێ جار شێوازێک یان هەستێک بۆ تێگەیشتن لە چەمکێک بەس نەبووە و، ئەگەر پێناسەکان بە ڕاقە و گوتە و گۆتە دەرەقەت نەهاتبێتن، ئەم فەرهەنگە تێکۆشاوە وشەکان بنەخشێنێ، تا لە ڕێگەی وێناندنەوە چەمکی تەماوی وێنا بکات تاکوو باشتر مەبەست بگەیەنن. کەم وشە هەیە لە نووسینی مندا، ڕاقەکەی لە فەرهەندا تۆمار نەکرابێت.

# هێمـــــا:

| | |
|---|---|
| ❶، ❷: | واتای یەکەم و دووەم و... |
| | بڕوانە |
| پ.ز† | پێش زایین |
| ن: | نموونە |
| م. | بڕوانە ویکیپەدیا |
| | وشەی هاوچەشن |
| E | ئینگلیزی |
| N | نەرویجی |
| ع | عەرەبی |
| د | فارسی |
| F | فەرانسە |
| GR | گریگ، یۆنانی |
| L | لاتین |
| RU | ڕووسی |
| | سەرچاوە، ژێدەر |

## گەڕان بە دوای وشەدا:

بۆ دۆزینەوەی سەرەتای هەر پیتێک، بۆ نموونە پیتی ل بنووسە: Letter L هتد...



{Letter t}



**تا :** fever نەخۆشی ناو یاو، لەرز و تا، بەرزبوونەوەی نائاسایی گەرمای جەستە کە بەزۆی لەرز و سەرئێشە و ئەگەر زۆر توند بێ ورێنەی لەگەڵدایە. ع حمی N feber د تب. ن: ئەگەر حەب بخوات، تاکەی دائەبەزێ.

**تاب :** tub بەهداشت ناو تەغار، بانیۆی گەرماو، دۆلکەیەکی قووڵە بۆ ڕاگرتنی ئاو و خۆشۆردن بەکار ئەهێنرێ. ع بانیو N badekar د وان.





**تابشت :** mood ئاوەڵناو بێنفرەهی، پشوودرێژی، دایاخ، ئارام، ئۆقرە، واز، بڕست، هێز و هەناو، سزە. د طاقت و حوصله N Humør ع صبر، مزاج.

**تاپۆ :** phantom ئاپینتاسر گیانر مینەوی ئاوەڵناو تارمایی، شەبەنگ، قەرەنتو. ع شبح N fantom د شبح ⇦ هەندێ وشەی وەکوو تاپۆ:

⇦ **پەری :** fairy ع جنیة N fe د پری.

⇦ **تارمایی :** spook ع خیال N skrekk د روح.

**تەمار:** thought تارمایی بەرچاو، ڕەشایی بەرچاو. [ع] خیال [N] trodde [د] گمان.

**جنۆکە:** jinn [ع] الجن [N] jinn [د] جن.

**خێو:** ghost [ع] روح شريرة [N] spøkelse [د] شبح.

**شەبەنگ:** phantom [ع] شبح [N] fantom [د] شبح.

**فریشتە:** sprite جنۆکە. [ع] جني صغير [N] sprite [د] جن.

**قەرەنتوو:** bogey [ع] غول [N] bogey [د] دیو.

**گیان:** spirit جان. [ع] روح [N] ånd [د] روح.

**خەوارە:** taken by sleep لە داوی خەو کەوتوو. [ع] مأخوذة من النوم [N] tatt av søvnen [د] گرفتە شدە با خواب.

**شەوارە:** taken by light لە داوی ڕووناکی کەوتوو. [ع] مأخوذ بالضوء [N] tatt av lys [د] گرفتە شدە توسط نور.













**تاپۆی کاپۆ:** enfeoffed دەرەبەگایەتی ئابووری بەڵگە وەبەرهێنان دابەستەکردن و پاوەنکردنی شمەکی بەهادار بە کاپۆی فیودالییەوە بە مەبەستی

وەبەرهێنانی ئابووری لە سەدەکانی ناوەڕاستدا؛ بەڵگەنامەی دانی زەوی بە کەسێک بۆ وەبەرهێنان.

**تاتۆرە:** datura stramonium ڕووەک ژەهر دەرمان ڕووەکێکی ژەهرینە، گوڵێکی سپی گەورە و بەرێکی دڕکاوی ئەگرێت، بەرەکەی لە باینجان ئەچێت، ئەستوویەکی سڕکەری تێدایە، دەرمانی لێ دروستدەکرێت، بۆ نەخۆشی ئاژەڵ و باڵاڵ بەکاردێت. ☜ پیزڵ ☜ داتۆرە




**تاتە ١:** slate ناو تاتەبەرد، تەلاشەبەرد، تەڵەبەرد، تەختە بەردی ناسک. ع لوح صخري N skifer د سنگ لوح. ⇦ **شینکی:** slate ڕەنگەوشە ڕەنگی بۆری مەیلەوشین. ⇦ **کارنامە:** slate هێمایر ناو کۆی پەروەندەی چاکە و خراپەی کەسێک. ☚: کارنامەکەت خاوێن ئەکەمەوە: I clean your slate. واتە هەموو شتێ خراپ لە پەروەندەکەتدا ئەسڕمەوە.

**تاتە ٢:** slate ڕامیاری ناو لیستەی کاتی پاڵێوراوانی هەڵبژاردن، لیستی بەرئەندامانی هەڵبژاردن. ع قائمة مؤقتة للمرشحين N kandidater د liste فهرست کاندیداهای انتخاباتی.

**تاتە ٣:** godfather ئایینناسی ناو باوکی ئایینی. ⇦ ئانە: دایکی ئایینی godmother.

**تاتەپۆش:** slate ناوچیاوگ تاتەبەرد، فەرشکردنی سەربان بە تەختە بەردی ناسک. ع لوح صخري N skifer د تختە سنگ ☜ سواڵەت.



**تاج لەسەرنان :** coronation ئاهەنگ پۆنە ئاهەنگی تاج لەسەرنانی شاژن یان شا. ع تتویج N kroning د تجگذاری. ☜ پاشاگەردانی



**تاجۆکە :** Petal ناو پەڕەی گوڵ، پیتاڵ، پێنج پەڕەی گوڵ N Petal ع البتلة نبات د گلبرگ.



**تاجەگوڵینە :** wreath ڕازاندنەوە داب‌ونەریت ناوی لێکدراو تاجی شانازیی، ئەو تاجەی کە یۆنانی و ڕۆمیەکان لە لقی درەختی ژاڵە و لوورە و غار

دروستیان ئەکرد و ئاپانکردە سەری پیرۆزمەندان و سەرکەوتوان. [٤]
اكليل [N] krans [د] تاج گل.






**تاجەگوڵینە، تاجی درک:** رۆمان ناوی لێکدراو رۆمانی نووسەر سەردار عەبدوڵڵا، لە ١٧٨ لاپەڕەدا، ساڵی ٢٠٢٠ لە لایەن دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان ـەوە چاپ کراوە.

- هۆنەر و رەخنەگر محەمەد کوردۆ دەربارەی دەنوسێ: رۆمانێکە لە قەبارەدا گەورە نییە، بەڵام لە جوانی و ناوازەییدا، چ لە رووی ناوەرۆک و چ لە رووی تەکنیکەوە، رۆمانێکی گەورەیە.
- نیشتمان عەبدولقادر دەنوسێ: ئەم رۆمانە زۆرێک لە بۆچوونی دەقبەستووی هەزاران ساڵی هەڵگێڕاوەتەوە و بەدیوێکی تردا خستونیەتە روو.
- هۆنەر و نووسەر هەڤاڵ کوێستانیی دەنوسێ: نووسەر،دەیەوێ لە رێی ئەم رۆمانەوە شانازیی ژنبوون بۆ ژن بگێڕێتەوە و تێڕوانینی پیاو بەرامبەر بەژن بگۆڕێ.






**تاجی ئاسنین:** La Corona di ferro [فیلم] یان The Iron Crown فیلمی مێژوویی ئیتالیایی ١٩٤١، دەرهێنانی ئالێساندرۆ بلاسێتی Alessandro Blasetti.









⇦ **تاجی دڕک:** Crown of thorns [ئایینناسی] [ڕازئازار] [ناوی‌لێکدراو] بەگوێرەی سێ ئینجیلی کوردی مەتا و مەرقۆس و یۆحەنا، تاجی دڕک تەنراوێکی لە دڕکە کاتی ئاریشەی پێش لەخاچدانی عیسا کردیانە سەری و لە شەقامی ئازارەوە بردیان بۆ لەخاچدان، تا هەم گاڵتەی پێبکەن و هەم ئەشکەنجە و ئازاری بدەن. [ع] إكليل الشوك [N] Kristi tornekrone [د] تاج خار. ☜ ڤیا دۆلۆرۆزا ☜ تاجەگوڵینە ☜ تاجەگوڵینە، تاجی دڕک

**مەتا: ٢٧: ٢٩** «هەروەها تاجێکیان لە دڕک دروستکرد و لە سەریان کرد، قامیشێکیان دایە دەستی ڕاستی، لەبەردەمی چۆکیان دادا و گاڵتەیان پێ دەکرد و دەیانگوت: "سڵاو ئەی پاشای جولەکە!"»

**مەرقۆس: ١٥: ١٧ـ١٨** «کەوایەکی ئەرخەوانییان لەبەر کرد، تاجێکیان لە دڕک هۆنییەوە و لە سەریان نا.»

**یۆحەنا: ١٩: ٢، ٥** «سەربازەکان تاجێکیان لە دڕک چنی و خستیانە سەر سەری و کەوایەکی ئەرخەوانییان لەبەرکرد. / عیسا بە تاجی دڕکاوی و جلی ئەرخەوانییەوە هاتە دەرەوە.»






**تاجین:** Tajine ئاشپەزی خۆراک ناو خواردنێکی نەریتی ئامازیغی مەراکۆیە، لە توونس و جەزایریش باوە. لە ناو دەفرێکی پەلی گڵێنەی سوورەوەکراوی گەڵوێزدراوی نەخشێندراو کە کڵاوێکی قووچەکی هەیە، لە سەر خەڵووزی کەم تین یا ئاگری هێواش ساز ئەکرێ و لە ڕاستیدا لە ماوەی چوار شەش کاتژمێردا ئەپێشێنرێ. هەرچەند جۆری زۆری هەیە، بەڵام بە گشتی گشت و پیاز و پەتاتە و تەماتە و نۆکە.
ریشەناسی وشەی **تاجین** بە گوتەی زمانەوانی ئێتیمۆلۆژیست پۆل پێیر Paul Peyre بە ڕەچەڵەک وشەیەکی بەربەری واتە ئامازیغییە بە واتای دەفری چێشتلێنان. ع طاجین N Tagine د طاجین.





**تاجین و جۆرەکانی:** Types of Tagine ئاشپەزی خۆراک ناو تاجین بە زیاتر لە ٤٠٠ جۆر لێئەنرێ. ئەمەش چەند جۆری تاجین. ع أنواع الطاجين N Typer Tagine د انواع طاجین:

◀◀ **تاجینی ئالوو:** ئامازیغی، گۆشت یان مریشک و ئالوو و، بیباری ڕەش، بە پیازوڕۆن و هێلکەی کوڵاو بادەمی سوورەوەکراوی بێتۆکەڵ، کشمیش و کونجی ئەڕازێنرێتەوە.





◀◀ **تاجینی بازلیا:** ئامازیغی، ئەستووی سەرەکی گۆشتی مەڕ و بازالیایە، پەتاتە و تەماتە و کەمێ زەیتوون و چێژەمەنی بیباری ڕەش و زەنجەفیڵ و زەعفەران، سەوزی مەعدەنووس و گژنیژ.



◀◀ **تاجینی زەیتوون:** ئامازیغی، ئەستووی سەرەکی مریشک و زەیتوونە، بڕێکی باش لیمۆ بەترش و، گەزەر و هەنجیری تێ ئەکرێت.



◀◀ **تاجینی سیر:** ئامازیغی جەزایری، ئەستووی سەرەکی کفتەی خڕی قیمەی گۆشتی گوێرەکە و سیرە، نۆک و بادەم و پیازی ئاڵقەی تێ ئەکرێت.



**تاجی هەتاو:** solar corona شێوزانست پانسرووشتی کەشناسی یان خەرمانەی خۆر بەرگەهەوای دەرەوەی ئەستێرەکەمانە. جۆن لینکەر Jon Linker سەرۆکی زانستی پێشبینیکردن دەڵێت: «وەک بای هەتاو درێژدەبێتەوە بۆ بۆشایی نێوان هەسارەکان». ئەم بایە بە هۆی گەرما و گێژاوی موگناتیسی لە خۆردا دەجولێت و دەچێتە دەرەوە بۆ لێوارەکانی کۆمەڵەی هەتاوی. تێبینی: نیمچە زانای قۆڵبڕ ئەم دیاردە سوودمەندە سروشتییە بەکار ئەهێنن بۆ کلاوبازی و ساویلکە ڕووتکردنەوە. ع التاج الشمسي N solkrone د تاج خورشیدی.








**تاخ:** district جوگرافیا گەرەک، بنە، زۆزک. ع حي N distrikt د محله.

**تاخورک:** sled کەرەستە ناو ڕەوڕەوە، ئەرابەی بێ چەرخ کە بەسەر بەفردا ڕاپەیکێشن یان ئەیخزێنن. N slæde ع مزلجة د سوورتمە.





**تارا:** ❶ پۆشاک ناو سەرپۆتی سووری بووک.

**تارا**:❷ پۆشاک ناو {لە تاران و تەران} ڕۆیشت بەبێ گەڕانەوە.

**تاراوگە**: exile ناو شوێنی کەسانی دوورخراوە و تەرەکراو. ✿: تاراوگە خەونی گەڕانەوەیەکی سەربەرزانەیە. {سەلمان ڕۆشدی} ع منفی N eksil د تبعیدگاه.

**تارتەری**: Tartary جوگرافیا ناوی جێگا ناوچەیەک لە ئاسیا و ئورووپای ڕۆژهەڵات، بەشێک لە ئیمپراتۆر تاتار لە سەدەی ناونجی، کە تا سەدەی بیست وای پێئەوترا N Tartary.




**تاردەنوا**: Le Tardenois جوگرافیا ناوچەیەکە لە ڕۆژهەڵاتی فەڕانسە، لە نێوان چەمی ڤۆل Vesle و ڕووباری مارندا.





**تارزان:** Tarzan [فیلم] فیلمی سینەمایی ١٩١٢، ١٩٣٢، ١٩٣٣...




**تارماک:** tarmac [ناو] ڕێڕەوی فڕین، ئاسفاڵت، قیری ڕێگەوبان؛ تارماک ئاسفاڵتێکی زبر و دڕنییە. [ع] مدرج المطار [N] asfalt [د] اسفالت.
☜ مانیفێست




**تارمایی:** daemon [ئای تی] [کەمپیوتەر] یۆنانی بە واتای spirit و spook؛ ١) لە سیستەمی کارپێکردندا بۆ وێنە لە یونیکس UNIX و هاوشێوەکانیدا، بەرنامە یان ڕەوتێک کە لە بەرچاوی بەکارهێنەر شاراوەیە و تەنیا لە کاتی پێویستدا، بە شێوەی خودکار بار ئەبێ و هەندێ لە کارەکانی سیستەم و هی تر جێبەجێ ئەکا و دیسانەوە خۆی حەشار ئەداتەوە. ن: postfix, httpd, sshd ⟻ **کاتارمایی:** [یادەوەری] [جەفەنگ] یەکێک کە خانەکانی گوندی «کانی کەوە»ی لای سەقز بە سواری ئەسپ و کاتی مانگەشەو بەرەو سەقز ئەچێ، ڕیشکەی مێزەرەکەی لەبەر تریفەی مانگ لە بەرچاویدا ئەلەرێتەوە، وا هەست ئەکات لە دوورەوە تارماییەکی بینیوە. چی دەنگی ئەدا، تارمایی وەڵام ناداتەوە، تەنها جار جارە دەرئەکەوێ و خۆی ئەشارێتەوە، ئەویش یەک و دووی لێناکات و ئەیداتە بە تفەنگ...

پاشتر کە دانیشتوانی ئاوایی بەو بوویەرەیان زانیبوو ناویان نابوو کاتارمایی. ئەمەش تارمایی لای خۆمان!

خرێنە: floater ناو دارەتێکە چاو ڕەشایی بچووک ئەبینێ وەکوو پەڵەی بچووک و تاڵ و هێڵ و تەونی جاڵجاڵووکە وان. خرێنە هەندێ جار نیشانەی نەخۆشییە.

تارمایی:❷ daemon ئاو تر لە پاراستنی دراوەکاندا بە واتای کلۆم شکێن دێت، بەرنامەیەک کە بۆ شکان یا کردنەوەی هەندێ لە گەلاڵەوێنەکانی پاراستنی نەرمەواڵە بە کار ئەهێنرێت. ع شبح N daemon د شبح.

وشەی وەک تارمایی:

پەری: fairy ع جنية N fe د پری.

تارمایی: spook ع خيال N skrekk د روح.

تەمار: thought تارمایی بەرچاو، ڕەشایی بەرچاو. ع خيال N trodde د گمان.

جنۆکە: jinn ع الجن N jinn د جن.

خێو: ghost ع روح شريرة N spøkelse د شبح.

شەبەنگ: phantom ع شبح N fantom د شبح.

فریشتە: sprite جنۆکە. ع جني صغير N sprite د جن.

قەرەنتوو: bogey ع غول N bogey د ديو.

گیان: spirit جان. ع روح N ånd د روح.

خەوارە: taken by sleep لە داوی خەو کەوتوو، خەوبردنەوە بە دڵنەخوازی. ع مأخوذة من النوم N tatt av søvnen د گرفتە شدە با خواب.

شەوارە: taken by light ناو لە داوی ڕووناکی کەوتن، کاتێک تیشکی بەهێز لەپڕ ئەدا لە چاو، چاو توانای بینینی نامێنێ. ع

مأخوذ بالضوء N tatt av lys د گرفته شده توسط نور.

**تارمایی سوور:** هێمایر کینایە ١٨ی برۆمێر مەبەست تارمایی شۆڕشە کە هەر وەک مارکس لە لاپەڕەکانی پێشوودا ئاماژەی بۆ کردووە، بۆناپارتیستەکان بۆ ترساندنی بۆرژوازی ناویان ئەهێنا.

**تارمە:** Porch تژیارقانر ناو هەیوانی سەردانەپۆشراو؛ پەردەی لاجامە، لاجامەی بەرهەیوان Veranda N د تراس.



**تارووت:** tarot_card شێوەزانست گەمە ناو کۆمەڵێک کارتی یاریکردنە کە لە ناوەڕاستی سەدەی پازدەهەمەوە لە ناوچە جیاجیاکانی ئەوروپا وەک فەرەنسا و ئیتالیا بۆ یاریکردن بەکارهێنراون. لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمەوە تا ئەمڕۆ، نهێنبینان و پەنامکاران، تارۆت بە ئامرازێکی نوخشانە و پێشگۆیی یان تەنانەت بە گوزەرگایەک لە ڕەوتی ڕەهەندی ئەندیشەیی و دەروونی دەزانن. ☜ مانیفێست (زنجیرە) ☜ ئەلزۆراس




**تارووتی ئەلزۆراس:** tarot_card شێوەزانست گەمە ناو تارووتی پەرتووکی ئالزارۆسە لە زنجیرەی «مانیفێست».



**تارەکانی دڵ:** heartstrings سۆز هێمابەر دەستەواژە دەستەواژەیەکە بەکار دێت بۆ ئاماژەدان بە قووڵترین هەستی خۆشەویستی یان بەزەیی مرۆڤ.
ع اوتار قلوب N hjertestrenger د رشتەهای قلب.

ن: بریسکەی چاو و قژە خاوەکەی تارەکانی دڵی ڕاکێشا.





**تاریفە:** Tariffs ئابووری کارگێڕی فاو باجێکی تایبەتە لە هەندێ کاڵای هاوردە و ناردە وەرئەگیرێ. زۆربەی کات باج باجێکی بەهادار (ڕێژەی سەدی بەها) یان باجێکی دیاریکراوە (بۆ نموونە ١٠٠ دۆلار بۆ هەر تۆنێک). ع
تعریفة N tariffer د تعرفە.

**تاریکخانە:** camera obscura

**تاریکدنیا:** The nun ئایینناسی ئایینزا ڕێگەی ژیان تەرکەدنیا، لەخواترس،

بەدین، خۆپارێز، پارسا؛ ئەو ژنە ڕەبەنانەی لە دەیرەکان ئەژین و خۆیان بۆ عیسا داناوە. [ع] الراهبة [N] nonnen [د] راهبە.







**تا ڕادەیەک:** rather ئاوەڵکار ئامرازیپەیوەندی تا ئەندازەیێ، کەم تا زۆر، زۆرتر، فرەتر، پتر، زیاتر، بەڵکوو، لە ڕاستیدا. [ع] في الواقع، بدلا [N] heller, ganske [د] نسبتا.

**تاریکی:** darkness دۆخ ناوی چاوگ بەرامبەر بە ڕووناکی، تاری، ڕەشی، نەڕوونی، نادیاری، نارۆشنی؛ هێمایر نەزانی. [ع] الظلام [N] mørke [د] تاریکی، ظلمت، تیرگی.

**تازەباو:** fasjonable ناوی لێکدراو بابەتی ڕۆژ، نوێ داهاتگ. [ع] الموضة [N] fasjonable [د] مد روز.

**تازەداهاتوو:** newfound ناوی لێکدراو نیقار، تازەباو. [ع] جدید [N] nyfunnet [د] نوظهور.

**تازەکار:** teenager ناوی لێکدراو نۆمس، شاگرد، تازە هاتوو، تازەورگیراو. [ع] مبتدأ [N] nybegynner [د] مبتدی.

**تازەلاو:** teenager ئاوەڵناو نەوجەوان، نەوهاڵ، هەرزەکار، مێرمنداڵی تەمەن ١٣ تا ١٩، هەروەها بۆ کچی هەرزەکار کەنیشک ئەبێ. [ع] المراهق [N] tenåring [د] نوجوان.





**تازیار:**❶ E privilege ئاوەڵناو ناوی لێکدراو باشتری و لەپێشتری. ع امتیاز N privilegium د امتیاز.

ن: **تازیاری پارێزەر—کارێنەر:** attorney_client privilege بەڵگەنامە و مافی نهێنی پارێزی نێوان پارێزەر و کارێنەر کە لە نێوان هەردوو لایەندا پارێزراوە و، کەس ناتوانێ ئەو نهێنییەیان پێ دەربخات. ع امتیاز بین المحامیِ وموکلە N advokat_klient privilegium د امتیاز وکیل — مشتری.

**تازیار:**❷ E licence بەڵگە پیشە ناوی لێکدراو ئاستەی، تڵین، پسوولەی پیشەیی، پسوولەی کارکردن، لیسانس. د مجوز، جواز کسب ع رخصة العمل N tillatelse.

**تازیاردار:** privileged ناو ئاوەڵناو لەپێشتر، بەهوردە، هەڵبژاردە، دیار، بەرز، خاوەن مافی تایبەت. ع ذو امتیاز N privilegert د ممتاز، دارای حق ویژە.

**تازیاری دەمراستی:** die herrschaftlichen Privilegien سیستەم ڕێسا مەبەست تازیاری سینیۆری (Seigneure) واتە بەگ و خان و خودان و ئاغا و خانەدان و زەویدار لە سەدەکانی ناونجی کە دەسەڵاتی پادشایی ناوچەییان هەبوو. ع الامتیازات الربانیة N de herrelige privilegiene د امتیازات اربابی E the lordly privileges.

**تازیمانە:** mourning دابونەریت ناوی لێکدراو پرسە، سەرەخۆشی، شینگێڕی، دەربڕینی خەم و پەژارە بۆ کەسێک کە کۆچی دوایی کردووە، کە هەندێ جار لە ڕواڵەتیشدا خۆی ئەنوێنێ، وەکوو لەبەرکردنی جلی ڕەش، یان لەخۆدان و سەردۆڵکە خوێندن. N Sorg ع العزاء د عزاداری.

**تاس:** metal bowl ناو جۆرە جامێکی دەم واڵی تەنکە، قاپی گەورەی قووڵی مس یان چینکۆ؛ زەرکی ئاوخواردنەوە؛ مۆرە؛ سەر بێ موو. ع طاس N metallskål د تاس.

**تاسکڵاو:** weman helmet ناو ☜ تاسکڵاو

**تاسکۆڵە:** cup ناو ناو زەرگ، پیاڵەی ئاوخواردنەوە، قاپی قووڵی بچکۆڵە. ع کوب N kopp د پیالە.

**تاسکەبابی:** Kurdish stew, hot_pot خۆراک ناو خواردنێکە زیاتر بە گۆشت یان مریشک، پیاز، تەماتە، پەتاتە، گەزەر، دۆشاوی تەماتە و، خوێ و بیباری ڕەش ساز ئەکرێ. لەسەر برنج یان لەگەڵ برنج پێشکەش ئەکرێت. ع حساء، طاجین N lapskaus د طاس کباب.




**تاسان:** asphyxia چاوگی تێنەپەڕ پشوونەمان، خنکان، خەفەبوون، گەوخان، نەمانی هەناسە، بۆ وێنە بە هۆی «choking» واتە خنکاندنەوە N kvelning ع اختناق د خفگی.

**تاسبردنەوە:** astonished چاوگی تێپەڕ واق و وڕ بوون، حەپەسان، سەر لە گێژەوە هاتن. ع الذهول N overraske د حیرت زدگی. ← تاساو: astonished.



**تاسپەڕ:** sepal زیندەوەرزانی ناو پەڕەی کەسکی بنی گوڵ N sepal د کاسبرگ.




**تاسکڵاو:** weman helmet پۆشاک ناو جۆرێ کڵاوی ژنانەی لوڵەکییە کە خشڵ و پلپلەی پیاهەڵواسراوە.



**تاسکەبابی:** Kurdish meat stew, hot_pot ئاشپەزیکوردی KurdishCuisine ناو خواردنێکە زیاتر بە گۆشت یان مریشک، پیاز، تەماتە، پەتاتە، گەزەر، دۆشاوی تەماتە و، خوی و بیباری ڕەش ساز

ئەکرێ. لەسەر برنج یان لەگەڵ برنج پێشکەش ئەکرێت. [ع] حساء، طاجِن [N] lapskaus [د] طاس کباب.




**تاسوخ:❶** Alas ئاوەڵناو ئارەزوومەندیی، تاسە، کەلیلان، سۆ، سوێ، تاسە، داخ و عەزرەت. [ع] اشتاق إلیه، فِي الطلب [N] ettertraktet [د] حسرت، افسوس [E] longed for, sought after, in demand.

**تاسوخ:❷** ناو نوێ، تازە، بۆ یەکەمجار، بەرهەمی نوێ.

**تاسوخ:❸** scarce {food} خۆراک ناو ئاوەڵناو خواردەمەنییەکی ناوازە کە کەم دەست بکەوێ، شتی ناوازە کە زۆر دەگمەن بێ.

**تاسووعا و عاشوورا:** Tasua and Ashura ئایینناسی ڕۆژی نۆ و دەی مانگی محرەمی ئیسلامی، ڕۆژی بەر لە کوژرانی حسێن، شمر ئامادەیە حسێن ببەخشێ بەڵام ئەوە پەژێرەی ناکات. ☜ عاشوورا

**تاسە:❶** alas, longing ئاوەڵناو ئارەزوومەندیی، تاسوخ، تەلواسە، کەلیلان، سۆ، سوێ، تاسە، داخ و عەزرەت. [ع] واحسرتاه، اشتیاق [N] akk [د] حسرت، افسوس آرزومندی.

وەی تە تەلواسە دیرەمە بووره بوین ~ هەزاران تاسە دیرەمە بووره بوین

باباتاهیر

**تاسە:❷** bump ئاوەڵناو چاڵوبەرزی ڕێگا وەک «جادەی تەبەقەهێلکە» لە سلیمانی. [ع] صدم [N] dunke [د] دست انداز.

**تاسەبار:❶** Saudade ئاوەڵناوی‌فرمان سەوداجە، وشەیەکی بەناوەرۆکی

قووڵە لە زمان و کولتووری پورتوگالیدا، بە واتای دارەتێکی دەروونی و هەستێکی نۆستاڵژی و ماتەمین و دڵتەنگی و دڵمەردەیی لە نەبوون یان دووری ئاخ و زێد و خۆشەویستدا سەرهەڵئەدا، کە ڕەنگە ئیتر پێی نەگەینەوە یان نەی بینینەوە.

وشەی سەوداجە هەرچەند پورتوگالییە، بەڵام بە فراوانی لە زمانەکانی تردا بڵاو بووەتەوە، لەبەر ئەوەی کە پێیان وایە تێگەیشتن لە واتای قووڵی ئەو وشەیە تەنها بۆ پورتوگالییەکان ئەلویٚ؛ بۆیەشە لە زۆربەی زمانەکاندا وەکوو خۆی بەکاری ئەهێنن.

**سەوداجە** ناوی یەکێک لە گۆرانییەکانی سێزاریا ئیڤۆرا Cesária Évora گۆرانیبێژی بەناوبانگی خەڵکی وڵاتی کەیپ ڤێردە Cape Verde یان «کەپکەی سەوز»ە.







**تاسەبار:**❷ Saudade **هۆنراوە** **ناو** کۆی هۆنراوەکانی هۆنەر و نووسەر حەسەنی شافێعی، کە بە شێوەی دەستاودەست و لە ڕێگەی میدیاکانەوە بڵاو کرابوونەوە، لە دووتوێی پەرتووکێکی ڕازاوە لە ٥١٢ لاپەڕەی ڕەنگی ساڵی ٢٠٢٢ لە تاران چاپ و بڵاو کرایەوە.

**تاسەبار چاپی دووەم:** چاپی دووەمیشی دوابەدوای چاپی یەکەم لە دووتوێی ٥٥٨ لاپەڕە ساڵی ٢٠٢٣ لە سوید لە لایەن وەشانی «٤٩

پەرتووک»ـەوە چاپ و بڵاو کرایەوە.




**تاسەخۆر :** longing ئاوەڵناو خەمۆ، خەمخۆر، دڵسۆز.

**تاسەکردن :** long چاوگی تێنەپەڕ بیرکردن، تامەزرۆیی.

**تاسەمەند :** anxious ئاوەڵناوی‌فرمان تامەزرۆی دڵنیگەران، هەستی نیگەرانی و دڵەڕاوکێ سەبارەت بە کەس یان شتێک و بەرەنجامی نارۆوونی. ع قلق N engstelig د مشتاق.

**تاسەوئارەزوو :** ardent longing ناوی لێکدراو تامەزرۆیی.

**تاسەوە :** pallet load ناو بەندەک، بەردا، خەردە، پاڵ، باری سەر یەک تەختە تاسەوە. ع حمولة البليت N pallelast د بار پالت.

**تەختە تاسەوە :** pallet ناو تەختە سەکۆیەکە کە کاڵای لە سەر ڕائەگیرێ یان ئەگوێزرێتەوە. ع طبلية N pall د پالت.

**بەندەک :** crate گوستنەوە ناو کەنتینەر یان سندووقە بارێکی گەورەی گواستنەوەیە بە زۆری لە تەختە ساز کراوە. ع قفص N kasse د سندوق.



**تاسەوی:** bigbasket گواستنەوە ناو سەبەتەی شووڵی قووڵ لاپان یان بەرچنەی گەورەی میوە. ع سلة كبيرة N stor kurv د سبد بزرگ.



**تاسیتۆس:** Cornelius Tacitus مێژوونووس (٥٥ـ١١٧) مێژوونووسی ڕۆمای کەونارا.




**تاشت:** ناو بەرچایی، ژەمی بەیانی.

**تاغ:** ڕووەک ناو تاغی، دارێکی ڕیشە داکوتراوی ڕەقی بیابانییە، بە کەمترین ئاو ئەژی لەبەر ئەوەی ڕیشەکەی زۆر بە عەرزدا ڕۆ چووە، دارێکی زۆر ڕەقی هەیە، ئاگری ئێزنگەکەی زۆر بەرگە ئەگرێ و درەنگ تەواو ئەبێ.



**تاف:** period هەرەت. جەنگە، خول، وەرز N periode ع فترة د دورە.
⇦ {تافی لاوی}.

**تافراوت:** Tafraoute جوگرافیا شارێکی مەراکۆیە لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە پارێزگای **تیزنیت** لە ناوچەی سوس ـ ماسا لە باشووری مەراکۆ، نزیکەی ١٧٠ کم لە ئاگادیرەوە دوورە. ژمارەی دانیشتووانی ٦٣٤٥ کەس و ڕووبەرەکەی ٧٠ کیلۆمەتری دووجایە. ◀ نانی تافراوت کە وەک سەنگەکی لە سەر وردەبەرد لە ناو کوورە ئەبرژێنرێ بەناوبانگ و بەچێژە، «تەفرنوت»یشی پێ ئەوترێ. ریشەناسی وشەی «تەفراووت» ئامازیغی و بە واتای پلووسک و ئەو جۆگەلەیە ئاو ئەبات بۆ کەنارەکان.









**تاف:❶** ناو تیشکی خۆر و مانگ.

**تاف:❷** ئاوەڵناو ڕێژنەبارانی توند.

**تافگە:** waterfall ناو ئاوێک لە بەرزاییەوە ئەرژێتە خوارەوە، ئەو کاتەی چەم یان جۆگەلە بە هەڵدێرێکدا تێئەپەڕێ. ع شلال N foss د آبشار.








**تاڤڵ:**❶ ئاوەڵناو زۆر زوو، هەر لەجێ، زووبەزوو.

**تاڤڵ:**❷ ئاوەڵناو سانا، هێسا، ئاسان.

**تاڤەبەر :** water puddle ناو کوڕن، ماقۆڕ، قۆڵکەبەرد کە باراناوی تیا کۆ ئەبێتەوە، زیاتر بۆ مەڕ و ماڵات، جا سروشتی یان دەستکرد. ع برکة الماء N vannpytt د گودال آب.





**تاق :** odd, unit ناو یەکەی ژماردنی گوێز بە دانە ع وحدة N oddetall, enhet د واحد شمارش

⇦ **لا :** یەکەی ژمارە ناو پێنج دانە گوێز کە لە ناو لێپکی دەست دائەنرێن بۆ ژماردن.







**تاقمانەجووت:** گەمە ئاوەڵناو یاری تاق یان جووت، یەکێک چنگێک دراوی ئاسن، یان بادەم یان کەللا شووشە لە ناو دەستیدا ئەشارێتەوە و ئەڵێ: «تاقمانەجووت؟» خەنیمەکە هەڵیئەهێنێ، بە تاق یان بە جووت، ئەگەر ڕاست دەربچێ ئەیباتەوە و ئەگەر هەڵە بێ ئەوا ئەدۆڕێ. ☜ دوێرد و بەرد و پەڕە



**تاقەتکردن:** چاوگی تێپەڕ هێمایر شاردنەوەی شتێک لە خەڵکی؛ نیازپێکهێنان و جێبەجێکردنی کاری میوان. ن: سێوەکانم تاقەت کرد.

**تاقەرانی:** یەکە ناو [تاک+ قەران+ ی] یەک قەرانی، تاک قەرانی، قەران پارەی زیوی سەردەمی قاجار و سەرەتای ڕەزا پاڵانی بوو، کێشەکەی ٢٤ گرەم و بەرامبەر بە ڕیاڵی ئێستەی ئێرانە.

**تاقیگەری:** clinical پزیشکی ناوی چاوگ پزیشکی، تاقیگەیی، کلینیکاڵ، تۆژینەوەی دارەتی نەخۆشی نەخۆشانی لەجێدا کەوتوو. [ع] مرضي [N] klinisk [د] بالینی.



**تاقیگەیی:** empirical پزیشکی ئاوەڵناو ئەزموونی، لەسەر بنەمای، پەیوەندیدار بە، یان پشتڕاستکراوە بە چاودێری یان ئەزموون نەک تیۆری یان لۆجیکی بێخەوش. ع تجريبي N empirisk د تجربی. درێژە بەڵگەی تاقیگەیی، کاتێک کە هەیە، وەک «باشترین» بەڵگە سەیر دەکرێت کە بڕیاری کلینیکی لەسەر بدرێت، کە جێگەی ئەزموونی کلینیکی و هۆکاری فیزیۆلۆژی دەگرێتەوە. بەڵام ئەم فۆرمانەی دوایی لە زانستی پزیشکیدا لە ڕووی جۆرەوە، نەک لە ڕووی پلەوە، جیاوازن و، سەر بە پلەبەندییەکی پۆلێنکراو نین.










**تاکبێژی:** monolog وێژە شانۆ ئاخاوتنێکی درێژ لە لایەن ئەکتەرێکەوە لە فیلم یان لە شانۆ یان تلەڤیزیۆندا. ع مناجات فردية N monolog د مونولوگ.

**تاکگەرد:** monomolecular کیمیا ئاوەڵناوی لێکدراو تاکگەردیلە، بە ئەندازەی یەک مۆلۆکول ئەستوور. ع أحادي الجزيء N monomolekylær د تک مولکولی.





**تاکگەردە:** monomers کیمیا مۆلیکولێک کە بتوانێ بە مۆلیکولە هاوشێوەکانی ترەوە ببەسترێتەوە بۆ دروستکردنی پۆلیمر. ع أحادي المعدن N monomers د مونومر. ☜ گەردە ☜ پۆلیمر

**تالاسا:** Talasa {یۆنانی} پووبەر ناو بە واتای زەریا، ئاماژەیە بە ڕووداوێکی مێژوویی لە ساڵی ٤٠١ پێش زایین. کە نزیکەی ١٠،٠٠٠ کەس لە سپای بەکرێگیراوی یۆنانی کە لە خزمەتی کوورشی جەوانی کوڕی داریووشی سێیەمدا بوون، پاش کوژرانی کوورش لە جەنگ لەگەڵ براکەی، بەرەو یۆنان گەڕانەوە و بە ڕێنموونی زەینەفۆن، مێژوونووس و سەرداری یۆنانی، پاش حەوت مانگ پیادەڕەوی و بڕینی ٣٠٠٠ کیلۆمەتر، کە سەرەنجام بە کەناری زەریای ڕەش گەیشتن، هاواریان لێ بەرزەوەبوو: «تالاسا! تالاسا!»




**تالما:** Talma François_Joseph هونەرپیشە {١٧٦٣_١٨٢٦} ئەکتەری فەڕانسەیی خۆشەویستی ناپۆلیۆن. زۆر لای گرنگ بوو جلی خۆی و دێکۆری شانۆکانی لەگەڵ ڕۆژەڤی سەردەمی شانۆگەرییەکە بگونجێ.






**تالمان دێریۆ:** Tallement des Réaux نووسەر {١٦١٩ـ ١٦٩٢} نووسەری فەڕانسەیی.





**تالیاتێللێ:** Tagliatelle خۆراک ناو جۆرێک هەرشتە یان سپاگێتی پانی ئیتالیایە، بە تایبەت شێوازی لێنانی بۆلۆنیایی Tagliatelle Bolognese زۆر بەناوبانگە، بە زۆری وەک سپاگێتی بە سۆسی قیمە و پارمەزان لێ ئەنرێ. ع تاجلیاتیل N tagliatelle د تالیاتلە. ☜ بۆلۆنیا





**تالیافیکۆ:** Joseph Dieudonné Tagliafico ئاوازدانەر گۆرانیبێژ {١٨٢١ـ١٩٠٠} گۆرانیبێژ و ئاوازدانەر.

  

**تالین:** Thérésa Tallien شاژن ڕووناکبیر {١٧٧٣ـ١٨٣٥} لە شاژنەکانی خولی دیرکتوار، خاتوونێکی فەڕانسەیی سپانیازادەی خاوەن کۆڕ بوو.



**تاڵ:** embittered ئاوەڵناو ناوچاو ترشاو، توورە و تۆسن لەوەی خراپ لەگەڵی جووڵاونەتەوە. هێمایی مرۆڤی ڕووناخۆش و نەمرچ. ع مریر N forbitret د تلخ و عصبی.

**تاڵاو:** morass ناو زۆنگ، زەلکاو. ناوچەیەکی تەخت و بێ گیا کە ئاوی تێدا کۆ ئەبێتەوە و عەرزەکەی شڵ و بێبەرگە ئەبێ. ع مستنقع N myr د باتلاق.





**تالاو:** sorrow هێماپێر ناو ئاخداری، پەرۆشی، جەخار، دڵبەسۆیی، ناسۆر، مۆڕە، خەم و پەژارەی زۆر. ع حزن N sorg د غم و غصە.

**تالان:** plunder ناوی فەرمان ڕووتکردنەوە، دزینی کاڵا لە {شوێنێک یان کەسێک}، بە شێوەیەکی گشتی بە بەکارهێنانی هێز و لە کاتی شەڕ یان پشێوی شارستانیدا. ع نهب N plyndre د غارت کردن.

**تالانگەرانە:** predatory تاوان ئاوەڵناو دڕندانە، نێچیرڤانانە، تالانگەر، زیانەخورۆ. ع مفترس N rovdyr د درندەخۆیانە.

**تالک:** ☜ تاڵوو

**تاڵ کێش:❶** pulled thread فەرمان دەرهاتنی تاڵی گۆرەوی و بەرگی چندراو و بە بەرەوە چوونی، کە ئەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی چنراوەکە.

**ن:** گۆرەوییەکەی تاڵکێش بووە تازە هەتا ئەوسەرهەڵئەوەشێتەوە.





**تاڵکێش:❷** tear tape ئاسانکاری ناو ڕیشاڵی کردنەوە، تاڵ یان ڕیشاڵێکە لە فیلمی پلاستیکی تەسک و چەسپاوی، بە زۆری بە ڕووی ناوەوەی

پاکەتەکانەوە دەبەسترێت، بۆ کردنەوەی پاکەتەکان بەکاردێت و، ئیتر پێویست بە دوێرد و چەقۆ ناکات. ع شريط القطع N rive tape د نوار پارە کردن.




**تالگ :** ☜ تالیشک




**تاڵوو :** ڕووەک ناو تاڵک، گیایەکی گەورەی گەڵاپانی تووکنە، بنکێکی توێ توێی هەیە، پێی ئەڵێن کوڵوو، وەک دار دەیسوتێنن. ☜ ترشکە.



**تاڵووکە :** haste ئاوەڵکار پەلە، لەز. ع تعجل N hastverk د شتاب.

**بە تاڵووکە :** hastily ئاوەڵکاری لێکدراو [بە+تاڵووکە] بەپەلە، بەلەز، خێرا، بەگوڕ ع بعجلة N raskt د با شتاب.

**بەتاڵۆکە :** idle ئاوەڵناوی لێکدراو [بەتاڵ+ئۆکە] بێکار،بێفرمان،پاڵووتە،قاله. ع عاطل N tomgang د بیکار.

**بەپەلە :** hasty ئاوەڵناو بەلەز،خێرا،بەگوڕ،ئەنجامدانی کار بە خێرایی زۆر و کوڵوگوڕ. ع بالتسرع N forhastet raskt, د با شتاب، عجولانه.
پ: پەلە مەکە، بزانە ئەڵێم چی.





**تاڵیشکە :** Cichorium spinosa ڕووەک ناو تاڵگ، تاڵیشکە، گیایەکە زۆر تاڵ کەو حەزی لێ دەکا. ◀ دکتۆر شەوکەت زێباری دەڵێ: تاڵیشکە دەرمانی دەردانە، بادەری ناهێڵێ، چەوری دەسووتێنێت، پەنکریاس چالاک دەکات، ئەنزیمەکان ڕێک دەخات، سۆمای چاو بەهێز دەکات، زەردی ڕوخسار ناهێڵێ، بۆ سووڕی مانگانەی ژن باشە، بەردی گورچیلە ئەتوێنێتەوە، خانەی شێرپەنجە لەناو دەبات، بیکەن بە زەڵاتە دکتۆرتان ناوێ. ع الهندباء الشوكية N Spiny sikori د کاسنی خاردار.







**تاماتاڤ:** Tamatave جوگرافیا بەندەر ناوەکەی بە واتای مەکین، شا ـ بەندەری ماداگاسکارە لە کەناری ڕۆژهەڵاتی ئەم وڵاتە، لە ئوقیانووسی هێند.





**تامسار:** brackish ئاوەڵناو چێژناخۆش. ع مذاق سيء N dårlig smak د بد مزه.

**تام میکس:** Tom Mix (١٨٨٠ـ١٩٤٠) هونەرپیشە ئەکتەری ئەمریکایی زۆر لە فیلمە وێستێرنە سەرەتاییەکان.









**تامەزرۆیی:** Desire, thirst ئاوەڵناو تاسوخ، حەزی دیدار و ئارەزووی فراوان، کەڵکەڵە، دڵبزۆکی، عەزرەت، گیرۆدەیی، هەستی سۆز و خۆشەویستی N Ønske ع رغبة د اشتیاق E yearning.

**تامەزرۆ:** ئارەزوومەندی دیدار. ☜ ئارەزووگا

**تامیسکە:** Herpes ناو گەرمشک، هەڵزریان، یاومز، زیپکەی لالێو لە سۆنگەی تا و نۆبەتێوە N Herpes ع الهربس د تبخال.





**تان:** ناو راهێڵی تەون. ⇦ **تان و پۆ:** warp and woof ناو بناغە یان بنەمای جەوهەری هەر پێکهاتە یان ڕێکخراو یان تەنراوێک؛ ئەگەر تان ـ ئەو تارانەی کە بە درێژایی ڕاکێشراوە ـ و پۆ ـ ئەو تارانەی کە بەسەریدا ئەڕۆن ـ یەک بگرن تەنراو یان کووتاڵ پێکئەهێنن: تان و پۆی ئەولەهی و پارێزراوی نەتەوەی کورد، تەنها و تەنها سەربەخۆییە. ع الاعوجاج واللحمة N renning og innslag د تار و پود.








**تاناتۆس:** Thanatos میسۆلۆجی لە میسۆلۆجی یۆنانیدا خوای مەرگە. **لێسە:** Lethe خوای فەرامۆشییە. **هایپنۆس:** Hypnos خوای خەوە.






**تاناگرا:** Tanagra کۆنینەناسی مۆدە ناوی جێگا سالآنی ١٨٧٢ـ١٨٨٠ لە ناوچەی تاناگرای یۆنان، کۆمەڵێک پەیکەر دۆزرانەوە کە زۆربەیان ژن و منالّ

بوون بە توونیکی چیندار و ڕێک بۆ خوارەوە. ئەم جۆرە توونیکە زۆر زوو لە پاریس بوو بە باو.





**تانتۆ:** tanto چەک ناو سێری کورت، چەکێکی نەریتی ژاپۆنییە، سامورایییەکان لە ژاپۆنی فیۆدالّیدا بەکاریان ئەهێنا. مێژووی تانتۆ ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هییان، کە بە شێوەیەکی باو وەک چەک بەکاردەهێنرا. لە ئێستادا تانتۆ لە هونەری جەنگی تانتۆجوتسودا بەکار ئەهێنرێت.






**تانجی:** hound ناو تاجی، تاژی، سەگتانجی، سەگی ڕاوی تیژبین و بۆزەن. ع کلب الصید N hund د سگ تازی.

**تانجییەبۆر:** greyhound ناوی لێکدراو تانجی بۆر، جیاوازی سەگی بۆزەن بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە توانای تیژبینی توندیان دەبەستن کە تیژترە لە نیگای زۆربەی جۆرەکانی سەگ. ع کلب السلوقي N mynde د سگ شکاری.




**تانشوولە :** Tanzschule پەروەردە خوێندن سەما {ئاڵمانی} پەیمانگەی سەما
E dancing school.



**تانگهوولۆ :** tanghulu شیرینی ناو مێوەی شیلەدار، ناوژەمێکە لە مێوەی لە شیلە هەڵژەنراو. لە باکووری چینەوە سەری هەڵداوە. مێوەکان ئەکرێن بە شیشی بامبۆوە کە ٢٠ سم درێژە. گۆێژی چینی مێوەی سەرەکی تانگهوولۆیە، بەڵام بە مێوەی تری وەکوو تەماتەی گێلاسی، شلک، ئاناناس، کیوی و مۆز و ترێش ساز ئەکرێت. ☜ گۆێژی چینی



**تان و پۆ :** warp and woof ناو بناغە یان بنەمای جەوهەری هەر پێکهاتە

یان ڕێکخراو یان تەنراوێک؛ ئەگەر **تان** ـ ئەو تارانەی کە بە درێژایی ڕاکێشراوە ـ و **پۆ** ـ ئەو تارانەی کە بەسەریدا ئەڕۆن ـ یەک بگرن تەنراو یان کووتاڵ پێکئەهێنن: تان و پۆی ئەولەهی و پارێزراوی نەتەوەی کورد، تەنها و تەنها سەربەخۆییە. ع الاعوجاج واللحمة N renning og innslag د تار و پود.










**تانووت:** blame فـاو سەردەنشت، تانە، تەشەر، توانج، پلار، سەرکۆنە کردن. ع ملامة N skylde på د ملامت.

**تانین:** tannin ڕووەک گاڵ فـاو هێسنێکی ئۆرگانیکی تاڵی مەیلەوزەرد یان قاوەییە لەسەر پێست و گەڵای هەندێ گیا ئەروێ، خوێ ئەسید گالیکە و لە بەرهەمهێنانی چەرم و چێژ و جەوهەرسازیدا بەکار ئەهێنرێ: لە خواردنەوەی شەرابدا ئەبێ هەستە بە بەرامە و تانین و پێکهاتەی بکەی (flavors, tannins, textures) ع التانین N tannin د تانن. ☞ گاڵ










**تانهاوزێر:** Tannhäuser مۆزیک ئۆپێرا ئۆپێرای سێپەردەیی ڤاگنەر، ئاوازدانەری بەناوبانگی ئاڵمانی، ساڵی ١٩٤٥ دارماڵ بوو، لەسەر بناغەی

ئەفسانەیەکی ئاڵمانی بەم ناوە سازکراوە.







**تا وابزانن کارێک کراوە:** Ut aliquid fieri videatur پەند پەندێکی لاتینییە، زیاتر پزیشک و پارێزەران بەکاری ئەهێنن، بەو واتایەی کە هەموو کارێک ئیتر بێهوودەیە.

**تاوان:** crime داد ناو کردەوەی نەشیاوی کەتن و تاوان کە ڕێسای کۆمەڵایەتی پێشێل ئەکات و لە لایەن دەسەڵات و ڕێساوە سزای هەیە. ع جنایة N kriminalitet د جنایت.

ن: هەست بە تاوان فیزیکییە، دەڵانی لێزک پتر ئەبێت، دڵ توندتر لێئەدات.

**کەتن و تاوان:** E misdemeanor and crime ع د جنحه و جنایت N forseelse og kriminalitet.

**تاوان و تۆمەت:** تاوان کردەوەی نەشیاوی سەلماوی دژی ڕێسایە و، تۆمەت خستنەپاڵی کاری خراپە و هێشتا نەسەلماوە.

**تاوانبار:** accused داد سزا ناوبەرکار ئەو کەسەی تاوانبارکراوە، تاوانی بۆ هەڵبەستراوە بەڵام مەرج نییە کردبێتی؛ تاوانی بار کراوە و دراوە بە کۆڵیدا. ع متهم N tiltalte د متهم.

ن: تاوانبار و تاوانکار: accused and guilty د متهم و مجرم.

**تاوانبارکردن:** allegation دادوەری چاوگی تێنەپەڕ تاوان پاڵدان و جەختکردن لەسەر تاوانباربوونی کەسێک بەبێ بەڵگا. ع ادعاء N påstand د ادعا.

**تاوانکار:** guilty داد سزا تاووکارا ئەو کەسەی تاوانی بەسەردا سەلمێنراوە. ع مجرم N skyldig د مجرم E culprit. ☜ تاوانبار ☜ کەتن و تاوان.

**تاوانکار بە گومان:** Guilty by Suspicion فیلم درامای ئەمریکایی ١٩٩١، سەبارەت بە لیستی ڕەشی هالیوود و مەک کارتیزم. ژێوەرگێراو لە ژیانی دەیڤید میرێل، نووسین و دەرهێنانی ئیروین وینکلەر، هونەرمەندی ڕابێرت دی نیرۆ و ئانێت بێنینگ. ☜ مەک کارتیزم




**تاوانگە:** venue تاوی جێگا شوێنی ڕوودانی تاوان. ع موقع الجريمة N kriminalitetssted د محل وقوع جرم. ⇦ لە ئینگلیزی venue واتای تریشی هەیە وەکوو شوێنی بەرپاکردنی بۆنەیەکی ڕێکخراو، وەکوو ڤێستیڤاڵ و کۆنسێرت و کۆنفرەنس و یاری وەرزشی.

**تاوانباریی ژەهراوی:** toxic guilt دەروونناسی جۆرێکە لە هەستی تاوانباری ڕێگە لە ئەنجامدانی گۆڕانکاری ئەرێنی ئەگرێ. ئەم هەستە ئەتوانێ بتەنێتەوە و هەموو خود بگرێتەوە و مرۆڤ هەست بە تاوان بکات و لە ڕەفتار و کرداریدا خۆی بە پەشیمان بزانێت.

- ◀ پڕواهێنان بە دارماڵی و بێخەوشی،
- ◀ بەراوردکردنی خۆ بە کەسانی تر،
- ◀ گرنگیدان بە خۆپەرستی دگەر،
- ◀ درێژەدان بە خۆسزادان بە هۆی کردەی ڕابووردووەوە،

◀ خۆ بە بەرپرسی هەستی دگەر زانین،

◀ کەوتنە بەر کاریگەری ناخودئاگای زیرەکانەوە.




**تاواناسی:** criminology دادوەری ناو کریمینۆلۆجی، زانست و لێکۆڵینەوەی زانستی لە تاوان و تاوانکاری. ◀ تاواناسی بریتییە لە لێکۆڵینەوەی تاوان و ڕەفتاری تاوانکاری، کە لەسەر بنەماکانی کۆمەڵناسی و بوارەکانی دیکەی نارێسایی، وەک دەروونناسی، ئابووری، هەژمار، ئەنترۆپۆلۆژی پێشکەش دەکرێ. ع علم الجریمة N kriminologi د جرم شناسی.




**تاواننامە:** arraignment داد ناو سزانامەی فەرمی دادخواز لە دژی گومانلێکراو. ع قرار الاتهام N siktelse, tiltale د اتهام، کیفرخواست E indictment ⟵ دادنامە: petition سکاڵا و داخوازنامە بۆ دادگا. ع عریضة N begjæring د دادخواست. G قانوونی

**تاوان و سزا:** ڕۆمان دەروونناسی ڕۆمانی فیۆدۆر داستایڤسکی، وەرگێڕانی

ڕەوف بێگەرد، ناوەندی غەزەلنووس، چاپی دووەم، ٢٠١٤.




**تاوان و گوناه:** crime and sin داد ئایین بەراورد **تاوان** لادانە لە ڕێسای کۆمەڵایەتی و لە لایەن ڕێساوە سزای ڕاستەوخۆی بۆ بڕاوەتەوە، بەڵام **گوناه** باری ئایینی هەیە و پەیوەندی بە ویژدان و بیروباوەڕەوە هەیە، ئەگەر ئایین سزایشی بۆ بڕیوەتەوە زیاتر بە هەڕەشە و ترساندن و سزادانی ئەو دنیایە.

**تاوانی جەنابی لانژی:** Le Crime de Monsieur Lange فیلم فیلمی ١٩٣٦، دەرهێنانی ژان ڕێنوار.




**تاوانی ڕێکخراو:** organized crime تاوانناسی داد سزاناسی ڕێکخراوی تاوانکاران، تاوانی پەیوەندیدار لەگەڵ ڕێکخراوی بانەتەوەیی، نەتەوەیی یان ناوچەیی کە لە لایەن تاوانکارانەوە بە شێوەیەکی زۆر چەقبەستوو

بەرێوە ئەچێ، دیارە تەنها لە پێناوی سوود و بەرژەوەندی ئابووری. کۆمەڵناسی ئورووپایی دیەگۆ گامبێتا، مافیا بە دەستەیەکی ڕێکخراو پێناسە ئەکات کە لە پێشکەشکردنی پاراستنی نارێسایی و چالاکی شێوەڕێسایی بە شێوەی پیشەیی کار ئەکات. بەرهەمی کلاسیکی گامبێتا لەسەر مافیای سیسیلیا، بواری تۆژینەوەی ئابووری لەسەر مافیای بەدی هێنا و کاریگەری زۆری لەسەر تۆژینەوە لەمەڕ مافیای ڕووسیە و چین و سیانەی هۆنگکۆنگ و یاکووزای ژاپۆن هەبوو.

درێژە **ئۆلیگارشی:** ئەو وڵاتە دیموکراتانەن کە ڕێکخراوە ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لە بن دەسەڵاتی چەند بنەماڵە دایە. ⇐ کارتێلەکانی تاوانکاری ئەمریکای لاتین و بە تایبەت مێکزیکۆ بە هەڕەشەی مەزن لەسەر کۆمەڵگای مرۆیی دائەنرێن.













**تاوبە:** Taube چەک ناو گەڕان-٣ تووب، مەبەست فڕۆکەی بۆمباوێژی ئاڵمانییە، کە بە ئاڵمانی tauben بە واتای کۆترە؛ وەک بڵێی کۆترێکی هێلکەکەرە، هێلکەکانی مرۆڤ ئەکوژێ و ماڵ کاول ئەکات!



**تاوتاو :** moody ئاوەڵناو ڕاڕا، هەردەبیر، وازوازی، دوودڵ، بیرەبیر، خولیایی، دڕدۆنگ، کەسی لە ڕادەبەدەر هەستیار بەرامبەر بە کەس یان شت. ع مهووس N besatt د دەمدەمی، بدخلق.





**تاوتوێ :** survey ناوی‌فەرمان تاوتوو، خوێندنەوە، لێوردبوونەوە، لێتوێژینەوە، لێکۆڵینەوە، پێناسین، هەڵسەنگاندن، وانەکاری. ع دراسة N undersøkelse د بررسی.

**تاودانی ڤالکریا :** Ride of the Valkyries ئەفسانەی نوورس موزیک ئۆپێرا گەڕان-٧ سەرەتای پەردەی سێی ئۆپێرای ڕیچارد ڤاگنەرە بەناوی Die Walküre کە خۆی بەشی دووەمی ئۆپێرای چوارینەی بازنەی نیبلۆنگە Der Ring des Nibelungen، ساڵی ١٨٧٠ برایە سەر شانۆ.



**تاودەرەوە:** reflective ئاوەڵناو دابینکردنی ڕەنگدانەوە؛ توانای ڕەنگدانەوەی ڕووناکی یان تیشکی تری. ع عاکس N reflekterende د منعکس کننده ⇐ هێماپر پەیوەندی بە بیرکردنەوەی قووڵەوە یان تایبەتمەندە هەیە؛ ڕەنگدانەوەی بیرمەندانە.

**تاودەر:** accelerator فیزیک فەرمان ئامێر یان کەرەستەیەک، بە شێوەیەکی گشتی پێداڵی، خێرایی بزوێنەری ئۆتۆمبێل کەم و زۆر دەکات؛ کەس یان شتێک کە دەبێتە هۆی ئەوەی شتێک ڕووبدات یان خێراتر گەشە بکات. ع مسرع N akselerator د شتاب دهنده.







**تاودەری داگرتن:** download accelerator ئای تی نەرمەکاڵایەکە بۆ تاودان و خێراکردنی کرداری داگرتن بەکار دەهێنرێت.








**تاورمە:** lobby ناو وەرتاورمە، هۆڵ، بێڵایی، بەرسقکە، لابی. ع ردهة N lobbyen د سالن. ⇐ **لابی کردن:** lobbying چاوگی تێپەڕ پڕۆپاگەندە وراکێشانی لایەنگر و یارمەتی بۆ کەس، ڕێکخراو، یان

نەتەوەیەک.







**تاوڵەمە:** کەرەستە ناو پۆلوو گەشێن، پیاڵەیەکە لە تێل درووست کراوە زنجیرێکی باریک کراوە بە دەسکی، خەڵووزی تێئەکەن و هەڵی ئەسووڕێنن تا بگەشێتەوە.





**تاوەباران:** volley دیاردە سرووشتی ناوی لێکدراو ڕێژنە، ڕەهێڵە، ڕێژنەبارانی چەلاوچەل و ناوبەناو. ع عاصفة ممطرة N volley د ڕگبار. ⇦ تاو: ڕێژنەی باران.




**تاوەنگاز:** sunburnt ئاوەڵناو وەربەردە، خۆربەردە، بە خۆر سووتاو. ع حروق الشمس N solbrent د آفتاب زده.

**وەزەنگاز:** vulnerable ئاوەڵناو نەخەلەساو، لاواز و بێبەرگە. ع غیر حصین N sårbar د آسیب پذیر.




**تاوێر:** erratic ناو تاشەبەردی زۆر گەورە ع صخر مجروف N uberegnelig د سنگ بزرگ.



**تاویاگ:** تواوە.

**تاویزم:** Taoism فەلسەفە سیستەم ئایینزا بە فەلسەفەی «لاوتسیێ»ی چینی دائەنرێت، بۆ بەرێوەبردنی وڵات بەبێ دەوڵەت و حکوومەت. کۆمەڵێک ڕێسای فەلسەفی و بیروباوەڕی ئایینییە، لە بیروباوەڕە کۆنەکانی وڵاتی چینەوە سەرچاوەی گرتووە. «تاویزم» دوای کۆنفۆشی بە دووەم کاریگەرترین بیروباوەڕ دادەنرێت لە وڵاتی چیندا، کاری کردۆتە سەر هەموو جومگەکانی ژیانی بەشێکی زۆری دانیشتووانی ئەو وڵاتە ع طاوية N Taoisme د تائوئیزم ☜ پێن و یەنگ.








**تایبر :** tiber جوگرافیا چەمی تایبر، سێیەم چەمی درێژی ئیتالیایە، لە کێوەکانی ئاپێنینەوە سەرچاوە ئەگرێ و پاش تێپەڕین بە بگارێکی ٤٠٦ کیلۆمەتری ئەڕژێتە ناو زەریای تایرانی. بەو پێیەی کە ئەم چەمە دەراوی سەرەکی شاری ڕۆمایە کە لە بەری ڕۆژهەڵاتی سازکراوە، کردوویەتی بە خاوەنی ناوبانگێکی وەرجاوند. درێژە تایبرینۆس خوای چەمی تایبرە، پەیکەرەکەی لە کامپیدۆلیۆی ڕۆما دایە.






**تایبەتی :** peculiar ئاوەڵناو نامۆ، سەممەرە، سەیر، نەناسراو، بێانی. ع غَیرُ مَألُوف N merkelig د عجیب و غریب.

**تایبەخۆ :** distinctive ئاوەڵناو تایبەتی سەربەخۆ، خاوەن ئەدگار و تایبەتمەندی دیاریکراو و تایبەت بە خۆ، دانسقە ع ممیز، متمیز N særegne د متمایز .










**تایبەخۆیی:** Idiosyncrasy **ناوی چاوگ** بە دارەتی نائاسایی کەسێک ئەوترێ. ئەم وشەیە واتای خوو و دارەتی سەممەرە و نائاسایی ئەگەیەنێ و لە زمانناسی و پزیشکی و ئابووریدا پێناسەی جیاوازی هەیە.












**تایپۆگرافی:** typography **فۆنتۆگرافی** **ناو** چاپ، شێواز و ڕواڵەتی دەرکەوتنی چاپکراو. **ع** الطباعة **N** typografi **د** تایپوگرافی. ☜ پیکتۆگرافی








**تای پووش و تای بەهارە:** hay_fever and rose_fever **هێمابر** **دەستەواژە** **گەڕان-٤** نووسەر لە دەقی فەڕانسەکەدا بە ئینگلیزی ئەم وشانە ئەڵێ، واتە ئەوانەی ئالرژیان بەو گوڵانە هەیە.






**تایە:** wheel `هاتوچۆ` `ناو` تەگەر، چەرخ، تەنێکی بازنەییە لەسەر تەوەرێک ئەسووڕێتەوە، کەرەسەی هاتوچۆ یان هەر شتێکی تر لە سەری دابنرێت بە ئاسانی بە سەر زەویدا ئەڕوات. [ع] عجلة [N] hjul [د] چرخ

چەرخ: `ناو` lighter ئامێرێکە پێکهاتووە لە چەرخ و بەردی چەرخ و گاز یان پڵیتە و نەوت، کە گڕێکی بچووک دروست ئەکا بۆ داگیرساندنی جگەرە و لەو بابەتە بەکار دێ `پیشەناسی` پێی ئەوترێ چەرخ چونکە بە هۆی سووڕانی چەرخەکە، ڕووبەرە زبرەکەی لە سەنگی چەرخەکە ئەکەوێ و پزیسکە ئەهاوێ و گاز یان پڵیتەی نەوتەکە ئاگر ئەگرێ. [ع] ولاعة، قداحة [N] lighter [د] فندک.







**واتای نووسراوی سەر تایە:** `زانیاری` زانیاری سەر تایە کورتکراوی وشە و ژمارەی تایبەت و ناسنامەی تایەن:

- **پانایی تایە ١٩٥ میلیمەتر:** Width Mimimeter
- **بەرزی تایە بە ڕێژەی پانی ١٠٧ میلیمەتر:** Height 195 x %55 =107.25 mm
- **ڕێژەی سازەی ناوەوە ئینچ:** Radial Costruction
- **تیرەی ناوەوە ١٦ ئینچ:** Rim Diameter
- **کۆدی ٨٧ توانای هەڵگرتنی ٥٤٥ کیلۆ باری هەیە:** Load Rating Kilogram
- **ڕادەی خێرایی مایڵ یان کیلۆمەتر:** Speed Rating Ml or Kilometer



**تایەن:❶** whom ناو ڕاناوی نادیار تاین، گۆڕین، ناوبراو، فیسار، فلاڵن. ع الذي، التي N hvem د فلانی، آن کس.

**تایەن:❷** midwife پیشە ناو ماماں، لەلەی ژن، کەسێکی پسپۆڕ کە یارمەتی ژیان ئەدات لە کاتی منالبووندا. ع قابلة N jordmor د ماما. ⇦ **لاتایەن:** ناوی لێکدراو یاریدەدەری ماماں.

**تایەن:❸** ناو کەسی دیار، بەڕێز، ماشەڵا: ماموستای تایەن، ماموستا تۆفیق وەهبی.

**تایەن:❹** ئاوەڵناو ڕەبەن، بەلەنگاز، بێتاوان، گوناح، هەژار، بەڕەماڵە.

**تایەن:❺** ناو وتەیەکە بە کار ئەهێنرێ بۆ کەسێک لەسەر کارێک سەرزەنشتی بکەیت و ئەویش بەرهەڵست بووەستێ.

- : من دەڵێم بخوێنە کەچی کابرای تایەن یەخەم دەگرێ.
- : بە شۆفێری تایەن ئەڵێم کاکە لەسەرخۆ، ئەویش هەر پای پێدا ئەنێ.

**تبیلیس:** Tbilisi جوگرافیا ناو یان تفلیس، پایتەخت و شاری گەورەی وڵاتی جۆرجیا یان گورجستانە.





**تخووب:** border ناو سنوور، سنووری نێوان دوو گوند. ع حدود N grense د مرز.

**تراجێدی ڕاسینی:** Racinian tragedy دەستەواژە شانۆ زۆر بە چڕی، چارەنووسێک پیشان ئەدات کە بەسەر ئازارە مرۆییەکاندا سەرئەکەوێ.

**تراز:❶** level ناو ترازوو، میزان، بەرامبەر، هاوتا، هاوشان. ع مستوی

N nivå د مستوی.

🞄: ناو باخچەی پێشەوە ترازی ئەم نهۆمەیە.

🞄: ئاوەڵناو ئێمە گەیشتبووینە زەوییەکی تراز.

🞄: ناوی فەرمان بەڵێندەران دەستیان کرد بە ترازکردنی زەوی بۆ وێستگەی نوێی کارەبا.

**تراز:**❷ press ناو جەر و مەنگەنە، جۆرە گیرە و ئەشکنجەیەکە کە شتی پێ توند دەکرێ. ع مکبس N trykk د دستگاه فشار.



**ترازێدی:** tragedy لە tragödie ویژە شێواز دراما ناو بەرهەمێکی دراماتیکە، ململانێیەکی توندوتیژ لە نێوان سروشت و بڕوا و کارەساتە کۆمەڵایەتی یان کەسییەکان هەیە، کە پاڵەوانی سەربردەکە بە زۆری ئەکوژرێ، واتای هێمایی وشەکە ڕووداوێکە کە ئەنجامەکەی مەرگە. واتای وشەکە بریتییە لە: tragos بە واتای بزن و öde واتە سروود. ئەم شێوازە هونەرییە لە سروودە ئایینییەکانی یۆنانی کەوناراوە سەرچاوەی گرت و بەدی هات، کە بزنێکیان ئەکرد بە سەرگەردی دیۆنیسۆسDionysus ی خوای شەراب. ترازێدی شێوازێکی شانۆیە کە ڕیشەی لە ئادینامەی یۆنانی کۆندا هەیە، ململانێ نێوان خوا یان شاهان و شازادەکانە. مڕاری سەرەکی چارەنووس و بێدەسەڵاتی مرۆڤە لە بەرامبەر خواکاندا. بەسەرهاتی ئێش و ئازاری گرانی کەس یا خەڵکێک،

بەسەرهاتی ڕووداوی زۆرناخۆش کە باس لە کوڵمەرگی و ئازارەکان یا دوخمانی ئەکات، خەمنامە، سۆزنامە، کوڵمەمرگی، کوێرەوەری، کۆستی کەوتووی بێتوانایی مرۆڤ لە کۆتایی ڕووداوەکەدا. ع تراجیدیا N tragedie د تراژدی.








**ترازسکە:** deviation ناوی چاوگ چەواشەبوون، چەوتی، ڕێلادان، ڕێچەوتی، گومڕایی، لادان، هەڵەبوون. ع الانحراف N avvik د انحراف.

**ترافاڵگار:** Battle of Trafalgar سەربازی جەنگ سوارێی ترافاڵگار، جەنگی نێوان ٢٧ کەشتیی جەنگی بەریتانیا و ٣٣ کەشتیی جەنگی فەرانسەیی و ئیسپانیایی، ساڵی ١٨٠٥ لە ترافاڵگاری باشووری ڕۆژهەڵاتی ئیسپانیا، کە بە سەرکەوتنی ئینگلیز و شکانی ناپۆلیۆن کۆتایی هات.



**ترافلی سپی:** white truffle ڕووەک ناو دووملانی سپی، جۆرێ قارچکی میوەسای خۆراکییە کە بە هۆی گرانی و بەلەزەتییەوە ناوی نراوە ڕووژەی ئاشپەزخانە. ترافل بە زۆری لە نزیک ڕیشەی دارانەوە

هەڵئەتۆقێ. ترافل بە ڕووژەی ئاشپەزخانە دائەنرێ، ترافل هەم بە شێوەی سروشتی لە بن خاک دەرئەهێنرێ و هەمیش ئەچێنرێ و بەرهەم ئەهێنرێ. ترافل لە خواردنی فەرانسە و ئیتالیا و کرۆقات و ئیسپانیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەاست و هەروەها لە ڕێستۆرانتی نێونەتەوەیی هەوت Haute cuisine دا بەکار ئەهێنرێ. نرخی کیلۆیەک ترافل لە ١٢ تا ٢٠ هەزار دۆلارە. ع الکمأة البیضاء N hvit trøffel د ترافل سفید.

وەهبی ئەدمۆندز ☜ هەوت ڕێستۆرانت ☜ دوومەڵان






**تراکیۆتۆمی**: tracheotomy ئەکنەلۆجی پزیشکی ئامێر ئامێری نەشتەرگەری بۆری هەوا. ع الحثار N trakeotomi د تراکیوتۆمی.





**تراموەی**: tramway هاتوچۆ ناو پاسی کارەبایی ناوشار، واگۆنی کارەبایی، ڕێگەوبانی ئاسنی هاتوچۆی سەرزەوی لە سەر شەقامی ناو شاران.

⇦ پاسی کارەبایی: ئەمرۆکە خەریکە پاسی کارەبایی کە تەنها بە باتری کار ئەکات جێگەی تراموای ئەگرێتەوە.







**تراوکە:** mirage [دیاردە] [ئاوەڵناو] تراوێلکە، لەیلان، ئاونما، هاڵ، پەپەرک، بەردەڕێژگە، دیاردەیەکی کەشیی کە بە هۆی تیشکدانەوەی رووناکیی لەسەر توێژێکی هەوای گەرم، دیمەنێکی وەک ئاو بەدی دێ. [ع] سراب [N] luftspeiling [د] سراب.







**تراوما:** trauma [ناو] ترۆما، زەبر، زەبری دەروونی کاتیگەر، هەستی چاوەڕواننەکراوی وەک کار و کاردانەوەی کیمیایی. [ع] صدمة [N]

traume [د] ضربە.











**ترای ئەنگڵ:** Triangle [سینەما] یەکێتی سێ کۆمپانیای ئەمریکایی بەرهەمهێنانی فیلم: کی ستۆن، کەی بی، فاین ئارتز.







**ترایاد:** Triad [مافیا] [ناو] لە سەندیکاکانی تاوانە ڕێکخراوەکانی چینی، بنکەکەی لە چینی گەورە دایە و، بنکەی سەربازی لە وڵاتە جیاوازەکاندا هەیە کە دانیشتوانی ڕەوەندی چینی بەرچاویان هەیە. ترایادی هۆنگ کۆنگ جیاوازە لە ڕێکخراوە تاوانکارییەکانی چینی سەرزەوی. لە چینی کۆن، سێ ترایاد یەکێک بوو لە سێ کۆمەڵگەی نهێنی سەرەکی.






**ترایبۆئەلەکتریک :** Triboelectric فیزیک ترایبۆ وشەیەکی گریکە بە واتای لێکسوان، دارەتێکە بە هۆی لێک سوانەوە بەدی دێت، کە ئەلەکترۆنەکان لە هێسنێکەوە بۆ هێسنێکی تر ئەگوازرێنەوە. ع کهرباء الاحتكاك N Triboelektrisk د برق مالشی.



**ترایکێترا :** triquetra ناو هێمایەکی سێگۆشەیە لە سێ کەوانە تێکەڵاو پێکهاتووە، یان سێکەوانی هاوتان وەک سێ هاوێنەی مێزەڵدانی ماسی سەریەک کەوتوون.



**ترس :** fear ناو هەستێکی ناخۆشە و کاتێک دروست ئەبێت مەترسییەکی دەرەکی لە ئارادا بێت، کە ببێتە هۆی ئازار و هەڕەشە. ع خوف N frykt د ترس.

**ترس :** La Paura فیلم فیلمی سینەمایی ئاڵمانی ئیتالیایی ١٩٥٤ی ڕۆسیلینی.

**ترسان :** dread ناو تۆقان و هەست بە مەترسی کردن. ع الرهبة N grue seg د وحشت.

**ترس و دڵەڕاوکە :** fear and anxiety دەروونناسی ناسازی ترس ئەو کاتەیە کە مەترسییەکی ڕاستەقینە و دەرەکی هەیە و مرۆڤ هەستی پێئەکات، وەک ئەو کاتەی کە هۆکارێک هەیە و ئەبێتە هۆی ئازار و مردن، ئەو هەستە تەندروست و ئاسایی و پێویست و سوودمەندە، ئەبێتە هۆی کۆکردنەوەی وزە و توانای مرۆڤ بۆ بەرەنگاربوونەوە، کە لە ماوەی ملیۆنان ساڵدا ئەو ئامادەییەی تێدا پەیدا بووە؛ بەڵام **دڵەڕاوکە** هەستێکی ناڕاستەقینەیە و لە ڕاستیدا بوونی نییە، تەنها لە ئەندێشەی مرۆڤدایە کە بۆ نموونە دڵی لە دووری منالەکەی یان ژن و شووەکەی تەگەرە ئەکات و لای خۆی ئەڵێ نەکا شتێکیان بەسەر بێت. دیارە ئەگەری هەموو شتێک هەیە، بەڵام ڕێژەکەی جیاوازە و ڕەنگە تەنها یەکجاریش ڕوو نەدات. دڵەڕاوکە ڕیشەی ژنتیکی هەیە، ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منالی و بە نەخۆشی دائەنرێ.

**چارەسەر :** ئەی چارەسەری ترس و دەرمانی دڵەڕاوکە چییە؟ وەک وترا ترس مەترسییە و بە گوێرەی هەلومەرجەکە ئەبێت بەرەنگاری ببینەوە، بەڵام سەبارەت بە دڵەڕاوکە زۆربەی دەروونناس و ناوەندەکانی دەروونناسی چارەسەرەکەی بە «پێشبینی و ڕێگری و ئامادەیی و بەرنامە بۆدانان» ئەزانن:

- پێشبینی: predict پێشبینی بکە ئەگەر بترسی و تووشی دڵەڕاوکە ببی چی ڕوو ئەدات؟ کەس لەگەڵت نادوێ؟ هەست ئەکەیت دۆڕاویت؟ ڕەنگە تووشی پانیک ببم، ڕقم لە خۆم ئەبێتەوە.
- ئامادەیی: prepare خۆت ئامادە بکە و تێبکۆشە هەندێ تەکنیکی کاریگەر بەکار بهێنی. من ئەتوانم لەگەڵ هەموان بدوێم، پێی ناوی ڕابوەستم ئەوان بێن بۆ لام. بیرکردنەوەم هەڵەیە، ئەگینا ئەتوانم هەنگاوی بەسوود هەڵبگرم. ئەبێ ئارام ببم و وا نەزانم هەرچی ڕوو ئەدات نەشیاوە. دڵنیام ئەگەر چاکبوونەوەکە دارماڵیش نەبێت، هەر بەرەو چاکبوون ئەچم.

◀ ڕێگری: prevent بچۆرە دارەتی هێسایی و ئارامی، هەناسەی قووڵ هەڵبکێشە، بیر لە خاڵە ئەرێنییەکانی بەرنامەکەت بکەرەوە.

◀ بەرنامەدانان: program بەر لەوەی تووشی دڵەڕاوکە ببیت، ئەبێ بەرنامەت بەرەنگاری دڵەڕاوکەت هەبێت و بە شێوەیەکی کارامە ئەو خاڵانەی پێشوو ڕەچاو بکەیت. ☜ پانیک











**ترسناک:** ghastly **ئاوەڵناو** ترسێنەر، تۆقێنەر، مایەی تۆقان، دڵەتەپەهێنەر، دڵەڕاوکەهێنەر، شت یا شوێنێکە مەترسی لێ بکرێ. ع مروع، شنیع N forferdelig د مخوف، وحشتناک.

**ترسێنەر:** daunting **ئاوەڵناو** تۆقێنەر، مایەی تۆقان، دڵەتەپەهێنەر، دڵەڕاوکەهێنەر. ع شاقة N skremmende د تشویش آور، دلهرەآور.

**ترسی ناژیرانە:** irrational fears **ئاوەڵناو** فۆبیا، بریتییە لە ترسێکی فرە یان ناژیرانە یان ترسێک کە بە هۆی شتێک یان باروودۆخێکی دیاریکراوەوە ورووژێنراوە، وەک ترس لە فڕین، لە بەرزایی، لە ئاو، تا ئەو ڕادەیەی کە ژیان بە توندی سنووردار دەکات. ئەوانەی فۆبیایان هەیە، زۆر هەوڵ دەدەن لە شتێک یان دۆخێک دوور بکەونەوە کە زۆربەی خەڵک بە بێ زیانی دەزانن. ع مخاوف غیر عقلانیة N irrasjonell frykt د ترس های غیر منطقی. ☜ فۆبیا ☜ جۆرەکانی فۆبیا

**تێبینی:** زیاتر لە بیست جۆر فۆبیا لەم فەرهەنگەدا پێناسە کراوە.








**ترشکە:** sheep sorrel, dock sorrel ڕووەک ناو ترشۆکە، ناوی زانستی rumex گیایەکی خۆڕسکی یەکساڵەیە، گەڵاکانی تۆزێک پان و درێژۆکەن، باڵای کورتە و لاسکەکانی لەسەر عەرز گەڵا دەردەکەن. بە شێوە لە تاڵک دەچێت و کەسێک نەیناسێت لەگەڵ ئەو جیای ناکاتەوە، تامی ترشە و ناوەکەشی لە تامەکەیەوە وەرگیراوە، بە کاڵی وەک سەوزی و سالاد دەیخورێت.





**ترشاندن:** fermentation خۆراک ناو هەوێنکردنی کیمیایی خواردەمەنی وەکوو بیرە و ماست و دۆ، بەهۆی بەکتریا، ئامیان، یان وردە زیندەوەرانی ترەوە، کە بە زۆری لە ڕێگەی گەرما و هەڵماندنەوە ئەنجام ئەدرێ. ع التخمیر N gjæring د تخمیر.







**ترشاو:** rancid بەرامە بۆنەوشە ئاوەڵناو بۆنی ترشاو، بۆنێکی ناخۆشی تیژی گەنیو. ع زنخ N harsk د ترشیدە، متعفن.





**ترشۆکە:** ☜ ترشکە

**ترشەباران:** acid rain دیاردە ژینگە ناوی لێکدراو یان بارانی ئەسیدی، بارانێک کە بە هۆی پیسبوونی بەرگەهەواوە ئەوەندە ترش ئەبێت ئەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە ژینگە، بە شێوەیەکی گشتی بۆ دارستان و زرێبارەکان. هۆکاری سەرەکی سووتانی پیشەسازی خەڵوز و سووتەمەنی بەردینی دیکەیە، ئەو گازە پاشماوەییانەی گۆگرد و ئۆکسیدی نایترۆجینیان تێدایە، کە لەگەڵ ئاوی بەرگەهەوادا یەکدەگرنەوە و ترش دروست دەکەن. ئەم ترشانە، وەک ئۆکسیدی سولفۆریک یان نیتریک لە بەرگەهەواوە بە شێوەی تەڕ یان وشک ئەگەڕێنەوە بۆ سەر زەوی، ئەتوانن بە شێوەی باران، بەفر، تەم، تەرزە، یان تەنانەت تەپوتۆزی ترش بن. ✪: ئەو پەیکەرانەی قەوزەیەکی سەز یان زەردیان لێ ئەنیشێ جۆری ئەم بارانەن. ☜ قەلیاباران



**ترشیات:** acur pickled خۆراک ناو جۆرە ترشییەکە لە سرکە و سەوزەواتی چێنراوی وەکوو خەیار و ترۆزی و کەرەوز و جافری و هەروەها بەهاراتی هەمەچەشن دەگیرێتەوە. بە گوێرەی زۆری خوێ یان سرکە، گیراوەکە ترشیات یان شۆری لێ دروست ئەبێت. ترشیات جۆری زۆرە و ترشیاتی بەناوبانگی کوردستان حەفتەبیجارە.










**ترشیاتی خرچە :** acur pickled خۆراک ناو ترشییەکی تێکەڵە بەڵام زیاتر خرچەی تێئەکرێ، زۆر خۆشە و چێژێکی جیاوازی لە هیی هاروێ هەیە.

**خرچە :** Acur cucumber خرچان، میوەیەکی تەرەکاڵە لە خێزانی ترۆزی و کالیار، تامێکی خۆشی نەشیرینی هەیە، کاتێ خواردن خرمەی دێ، بە کاڵی ئەخورێ و ئەشکرێ بە ترشی.






**ترۆپک :** peak زەویناسی ناو دوند، بەرزترین خاڵی هەر شتێک، بەتایبەت شاخێک. ع أعلی درجة N topp د اوج، نک، قلە.

**گەوە :** slope زەویناسی ناو ناوقەدی شاخ، بەروار. ع میلان الجبل N midtfjellet د کمرە کوە.

**ملە :** crest زەویناسی ناو بەرزایی نزیک لووتکەی گرد یان شاخێک. ع الرقبة N kam د گردنە.

**لوتکە :** summit زەویناسی ناو بەرزترین شوێنی گرد یان شاخێک. ع قمة N toppmøte د قلە.





**ترۆگلۆدایت :** troglodytes مرۆڤناسی هێمایی ناو یۆنانی، لە ناوی هۆزێک وەرگیراوە کە لە ئەسیۆپیا ئەژیا، بە واتای کێویلە، مرۆڤی سەرەتایی.

**تروسک :** agile ئاوەڵناو گورجوگۆڵ، لۆتەر، دەستڕووسک، چالاک، قۆچاخ، میجک، بەچنگ. ع رشیق N smidig د چست و چالاک.

**ترومپا :** hand water pump ئامێر ناو ئامێری میکانیکی ئاو هەڵگۆزین لە بیر. ع مضخة N håndpumpe د تلمبه.





**تروووسکە :** spark ئاوەڵناو بروووسکە، برێس، پڕیشک هاوێشتنی ئاگر، تیشک، بریقە ع شرارة N gnist د جرقه.






**ترووسکەی بلیمەت:❶** flash of genius داهێنان سوور و ڕەتر بەو چرکەساتە ئەوترێ ئەیدا لە مێشکی یەکێکی بلیمەت و هەڵکەوتوو و داهێنانێک ڕوودەدا. تا ئەمڕۆش لە بواری زانستدا ئەوانەی کە داهێنانێک ئەکەن و ئەیانەوێ پاتنتی بکەن بە ناوی خۆیانەوە، ئەبێ ترووسکەی بلیمەت بسەلمێنن. ⇦ ڕێسای ترووسکەی بلیمەت ساڵی ١٩٤١ پەسەند کرا و داهێنەر ئەبوایە بیسەلمێنێ نەک تەنها بە شارەزایی، بەڵکوو بە ترووسکەی بلیمەتانە ئەو داهێنانەی کردووە.
ع فلاش العبقرية N glimt av genialitet د فلاش نابغە.

**ترووسکەی بلیمەت:❷** Flash of Genius فیلم فیلمێکی ناوازەی ٢٠٠٨، سەبارەت بە بلیمەتێکی داهێنەر و دزانی میلیاردەر. ☜ گیرەی کاغەز









**تروووکریپت:** TrueCrypt ئای تی نەرمەواڵە ئاو بەرنامەیەکی ئازاد و سەرچاوە کراوە و کۆدکردنە لە ڕێگەی هەواوە و لەسەر مایکرۆسافت ویندۆزی ٢٠٠٠، XP، ٢٠٠٣، ڤیستا و تا ویندەوزی١١ و هەروەها لینۆکس کاردەکات. دەتوانێت «کۆنتێنەری پەرگەی میواندار» دروست بکات کە پێکهاتووە لە پارتیشنێکی کۆدکراو کە سیستەمی پەرگەی تایبەتی خۆی هەیە لە ناو فایلێکی ئاساییدا، کە دواتر دەتوانرێت وەک دیسکێکی فیزیکی بەکار بهێنرێت. هەروەها پشتگیری لە پارتیشنەکانی میوانداری ڕەقەکاڵا دەکات، کە دەتوانرێت لە پارتیشنێک یان تەواوی دیسکێکدا دروست بکرێت. پەرەپێدانی نەرمەکاڵا لە ٢٨ی مەی ٢٠١٤ وەستا و بەپیامێک لە ماڵپەڕی نەرمەکاڵاکەدا دەردەکەوێت کە ڕەنگە بەکارهێنانی سەلامەت نەبێت. ⇦ پەڕگە: file ⇦ میواندار: hosted.



**تڕووکە :** flake ناو پارچەیەکی تەنکی ناسکی هەر شتێک ن: تڕووکەی خوێ: saltflakes ن: تڕووکەی بەفر: snowflake.



**تڕووکەی بەفر :** دەستەواژە ناو کیلۆڵ، دەنکی بەفر. ع ندفة الثلج N snøfnugg د دانه برف E snowflake.



**ترەپ :** ناو باریسە، سەرەکۆترە، بریتیە لەو پارچە دارەی دەخرێتە نێوانی ستوون و نیرگە یان دنگە و کاریتەوە، ئەو پارچە دارە لە هەیوان و ژووری فراوان و پەرستگا و مزگەوتەکانی کوردستان بەرچاو ئەکەوێت.

نیرگە یان کاریتە دارێکی ئەستوری درێژ و ڕێکە لە خانووبەرەی کوردەواریدا بۆ ڕاگرتن و پاڵپشتی و نەچەمین و نەشکانی دارەڕای ژوور و هەیوانەکان بەکارهاتووە.

ستون یان دینگەش کوڵکەیەکی بڕ گرێیە، ئەخرێتە ژێر نیرگەوە، ترەپ دەخرێتە نێوانی ستوون و دینگەوە بۆ زیاتر جێگیربوون و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی ئەکەوێتە نێوان ستوون و نیرگەوە E Column Capital.



**ترەنس:** Terence (١٩٥ ـ ١٥٩ پ.ز†) نووسەر شانۆنووسی ڕۆمی.

**ترەنگ:** light ڕەنگەوشە ناو ڕەنگی کاڵ، کەمڕەنگ. ع باهت N Blek د کم رنگ: ن: چای کرمڕەنگ **تۆخ:**٢ dark ڕەنگەوشە ناو ڕەنگی تێر. ع غامق N Dristig د پر رنگ: ن: چاییەکی تۆخم بۆ تێکە: ن: تۆخ و ترنگ ☜ بەرگەمووت.



**ترێپۆرت:** Treport جوگرافیا بەندەر لە بەندەرەکانی باکووری فەڕانسە، لەسەر زەریای مانش.

**ترێ:** treille F میوە ناو هەنگوور، بەری درەختێ مێوە کە بەهێشوو دەیگرێ، دێم و بەراوی هەیە. ع عنب N drue د انگور E grape.

◁ **ڕەش:** پەسیرانی، ترێرەشکە، شەمیلە، کاژاو، سادانی، ڕەشمیری، ترێخۆشناو، زووڕەس

◁ **بەنەوش:** سەرقوولە، زەرتک، گزرەیی،

◁ **سوور:** دوومیلە، ترێسووراو، گزرەیی،

◁ **سپی:** ئاوکە، باکورمان، بۆلمازوو، پاشایی، پایزە، تایفی، ڕەوگە، زلکە، زەرتک، سادانی، سپیکە، شەمیلە، گوندکە، مامبرایمی، میرانی، ناسکەترێ،

◀ زۆر جۆری خواردن و خواردنەوە لە ترێ دروستدەکرێ وەک: ڕینگاڵ، خۆشاو، سرکە، شەراب، ڕەنگاو، دۆشاو، باسوق، سجووق، کشمیش، مێوژ.







**ترێ تاقی:** treille F کشتوکاڵ ناو یان ترێی بە واتای ڕەز و باخی ترێی هەڵواسراو بە داردا وەکوو پاڵێشت و ڕاگر یان وەکوو تاق. E vineyard ع ترێل N espalier د تاکستان E trellis.

⇦ **کوڕەدار:** کشتوکاڵ ناو داربەستی داری میوە، داربەستی دارمێو.

**سەرپەنە:** کشتوکاڵ ناوی لێکدراو داری ترێ کە داری وەبەردراوە کەتەبەر.







**ترێڤە:** Trèves ئاییناسی پۆشاک ناو کراسی ترێڤە، بە فەڕانسەیی یان ترێیەر Trier بە ئینگلیزی، جلوبەرگێکە کاسۆلیکەکان لایان وایە کاتی لەخاچدانی عیسا لە بەریان داکەندووە. ئەم بەرگە لە کلیسای ترێیەر پاتێرۆ، لە شاری ترێڤە لە سەر بەستێنی چەمی مووزێل ئەپارێزرێ. بە گوێرەی ئەفسانە ئەم بەرگە هێلنی دایکی کۆنستانتینی یەکەم پێشکەشی کردووە بە کاردینالی کلیسای ترێیەر. ساڵی ١٨٤٤، کاردینال ئارنۆڵدی ئەم جلانەی پیشانی جەماوەر دا و بوو بە هۆی تووڕەیی و بەدیهاتنی بزووتنەوەی کاسۆلیکی ئاڵمان کە کارەکەی ئارنۆڵدیان بە کۆنەپەرستی و دەمارگیری دانا.

**سەرگەرمی کریسمەس:** Christmas trivia.





**ترێگینۆک:** Tréguineuc جوگرافیا شارۆچکەیەک لە مەڵبەندی برتۆنی Breton لە باکووری فەڕانسە.

**ترێمارا :** ڕووەک میوە ناو ڕێزەڵەمارانە E Nightshade, Blackcurrant.



**ترێمارانە :** ڕووەک میوە ناو ڕێزەڵە، ترێ ڕێوی، forget_me_not.

**ترێی زووڕەس :** ڕووەک میوە ناو جۆرێ ترێی سوور ـ بەنەوشە، پێشکات پێئەگا، دەنکی وردە و پاڵیان داوە بەیەکەوە.



**تریانۆن :** Trianon کۆشک ناو تریانۆنی بچووک و گەورە دوو کۆشکن لەسەردەمی لویی پانزە و لویی شانزە لە سەدەی هەژدە لە تەنشت کۆشکی ڤێرسای دروست کراون.



**تریبوون:** tribune ناو دوانگە، پێڕک، کورسیی وتارتان. ع منصة د تریبون.








**تریبیۆنەکان:** the tribunes رامیاری هەڵبژاردن ئەو نوێنەرانە بوون لە سەردەمی کۆماری ڕۆما لە لایەن جەماوەرەوە هەڵئەبژێردران و ئەرکیان داکۆکی لە مافی پلەبیەنەکان، واتە خەڵکی هەرە ڕەشورووت بوو.

**تریپۆلی:** Tripoli جوگرافیا مەڵبەندێک لە باکووری ڕۆژئاوای لیبیا، لە کەناری مەدیتەرانە، تا ساڵی ١٩١١ لە بن دەسەڵاتی عوسمانی بوو. لەم ساڵەدا کەوتە بندەستی ئیتالیا. ع طرابلس N Tripoli د طرابلس.







**تریتۆن:** Triton میسۆلۆجی لە ئەفسانەدا نیوەخوایە بە جەستەی گەورە و کلکی ماریێچی.








**تریست:** Trieste جوگرافیا بەندەر بەندەرێک لە باکووری زەریای ئادریاتیک، لە سنووری ئیتالیا و یوٚگسلاوی.

**تریشقە:** stroke of lightning بروسکەی هەور. ع ضربة البرق N lynnedslag د برق آسمان.






**تریشقە لەسەر مەکزیکوٚ:** Thunder over Mexico فیلم فیلمی ئاڤانگاردی سوٚڤیێتی ١٩٣٣، دەرهێنانی سێرگەی ئایزنشتەین.








**تریفتوٚنگ:** Triphthong {ˈtrifˌTHôNG} ڕێزمان ڕیشەکەی ئەگەڕێتەوە بوٚ ناوەڕاستی سەدەی شانزە، لە triphtongue ی فەرەنسە، لەسەر کێشی diphthong کوٚی سێ بیتە دەنگییە {جا بیت یان دەنگ} کە لە بڕگەیەکدا بێژە ئەکرێن وەکوو: {oauth, eindhoven}. لە زمانی کوردیدا تریفتوٚنگمان نییە.

**دیفتوٚنگ:** diphthong {ˈdifˌTHôNG} ڕێزمان ئینگلیزی ناوەڕاست، لە diphtongue ی فەرەنسە، لە لاتین و ئەویش لە diphthongos ی

یۆنانی، بە واتای دوو جار، دەنگێکە کە لە ئامێتەبوونی دوو پیتەدەنگی پێکهاتووە و دەنگەکە سەرەتا بە بزوێنێک دەست پێئەکا و ئەچێ بۆ بزوێنێکی تر وەکوو: {coin , loud , and side} لە زمانی ئینگلیزیدا. لە زمانی کوردیدا دیفتۆنگمان نییە و هەر بڕگەیەک تەنها یەک بزوێنی تێدایە.








**تریستان:** Tristan ئەفسانە ئۆپێرا پێرسۆنا پاڵەوانی چیرۆکی تریستان و ئیزۆڵد، کە ئەینرن ئیزۆڵد ڕزگار بکا و لە ئیرلەندەوە بگەڕێنێتەوە بۆ شا. تریستان و ئیزۆڵد هەروەها ئۆپێرا یان دراما مووزیکێکی ڕیچارد ڤاگنەرە {١٨١٣ـ١٨٨٣}.








**تریشک:** shrapnel ناو پارچەی تەنکی تیژی دڕنی دڕنی بەتایبەت هی تۆپ و گوللە و هاوەن و تەقینەوە. ع شظایا N splitter د ترکش.

☜ تەڵەزم G قەسلان








**تریقانەوە:** giggle چاوگی تێپەڕ پێکەنین بە دەنگی بەرز، قاقا و خەنین بە شێوەیەکی سووکەڵە و ڕەها. ع قهقه N fnise د خندیدن.

**تریلۆجی:** Trilogy ڤیژە زنجیرە ناو سێیە، سیانە، کۆی سێ ڕۆمان یان شانۆگەری یان ئۆپێرا یان سێ فیلم کە بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە لە ئالبۆمێکدا، جا ڕەنگە دەربارەی یەک هەلومەرج یان یەک کەسایەتی، یان چیرۆکێکی بەردەوام نووسرابێ.












**تراست:** Trust ئابووری دامەزراوە دامەزراوێکی ئابووری کۆمەڵێک کۆمپانیایە کە پەیوەندییەکی تۆکمەیان پێکەوە هەیە، پاڕی کۆمپانیاکان لە لای تراستە و، ئەبێ هەم کڕینی کەرەستەی خاو و هەم نرخی کڕین و فرۆشیان لە چوارچێوەی پەیڕەوی «تراست»دا بێت و وەکوو یەک بێت.

**کارتێل:** Cartel ئابووری دامەزراوە جۆرێکی تری تراست هەیە بە ناوی کارتێل، کە پەیوەندییەکی شاشتریان پێکەوە هەیە، لە کۆمەڵەی ئەو کۆمپانیانە پێک هاتووە، ڕێ ئەکەون بە یەکخستنی نرخی فرۆشی کاڵا، تا دەسەڵاتی خۆیان

بەسەر بازاڕێکی تایبەتدا بسەپێنن. لای کارتێل گرنگ نییە ئەندامانی بە چ شێوەیەک کەرەستەی خاو دەست ئەخەن، گرنگ تەنها نرخی دیاریکراوی چوونیەکی فرۆشتنە، کە بۆیان نییە گرانتر یان هەرزانتر بیفرۆشن. زۆربەی بانکەکانی کاناد تراستن. تاوانی ڕێکخراو لە ئەمریکای لاتین بە زۆری لەسەر بنەمای کارتێل ڕێکخراون، هەرچەند لە هەموو جۆرەکانی مافیادا خێزان بایەخێکی گرنگی بۆ دانراوە. تراست بەرەو جێوبان کازا نۆسترا. کامۆرا ندرانتێگا










**ترۆ:** discredited ئاوەڵناو تووڕە، ڕیڵاس، دڕ، خوێڕی. ع غیر مقبول N diskreditert د بی اعتبار شده.

**ترۆکردن:** degradation, excision چاوگی تێپەڕ دابەزاندن لە پلەوپایە، دەرکردن بە سووکایەتی، بنەبڕکردن.

**ترۆی:**[1] Troy میسۆلۆجی جوگرافیا شارێکی کەونارای یۆنانی بوو لە ئاناتۆلی، کە هاینریش شیلمانی ئاڵمانی ساڵی ١٨٧٠ چەند شاری لەسەریەکی لەو شوێنە دۆزییەوە، پێئەچێ ترۆی هەشتەم شوێنی ڕووداوی جەنگی ترۆی داستانی ئیلیادی هۆمێر بێ.








**ترۆی:❷** Troyes جوگرافیا شارێکە لە پارێزگای ئۆب Aube لە باکووری ڕۆژهەلاتی فەرانسە.





**تشتانۆک:** riddles گەمە ناو مەتەڵۆک، هەڵهێن، فیشاردە، پرسیار یان گوتەیەک کە بەوست بە شێوەیەک ئەوترێ کە بۆ دۆزینەوەی وەلامەکەی پێویست بە هۆش و زیرەکی هەیە و بە زۆری وەکوو یاری وایە. ع لغز، معما N gåter د لغز، معما L conundrum . :ن

ئەم تشتانۆکە بێژە:

ئەوەی دای هێنا خۆی نەی ئەویست،

ئەوی کڕی پێویستی پێی نەبوو،

ئەوەی پێویستی پێی بوو، نەی ئەزانی؟

{کفن} ⟵

**تف:** clot of spittle, gob, spit ڕژێن ناو ئاوی دەم، ئاوێکی لینجە هەمیشە لە ژێر زبان و ناودەمدا هەڵدەقوڵێ. هێمایر شەی تووڕەیی و ێزاری. ع بصاق N spytte د تُف، آب دهن.

**تفت:** astringent چێژ ئاوەڵناو مەزەی گیر، چێژی نیوەتاڵ و تیژ، شیرینی ئاماڵ تاڵ، گەس، تورت، گەزەک. ع طعم قابض N snerpende د مزە گس. ☜ تورت

**تفتەنگەکەی خانبڕ بووە:** پەند دەستەواژە واتە مێشکی تێک چووە، یان ئاوەزی با بردوویەتی. ع N د خان بُر شدن لولەی تفنگ کنایە از

دیوانه شدن است.

**ن:** لۆخەندانی کۆن و باڵای ئاوەزی خانبڕ بوو. «ڕەنگدان» شێرکۆ بێکەس

**تکە:** finger, piece ناو پل، پارچەگۆشتی چکۆلە، چنجک؛ قامک. ع قطعة N stykke د چنجه.

**تکەی پشتەمازە:** roast beef ناو کەبابی پلی پشتەمازە، چنجکی برژاو. ع شريحة مشوية N roastbiff د چنجه.





**تڵتە:** bagasse ناو پاشماوەی وشک و گووشراوی وەکوو زەلی شەکر، کە بۆ سووتەمەنی بەکار ئەهێنرێ. ع تفل قصب السكر N bagasse د تفاله.

**تڵتەکانزا:** metal waste ناو خڵتەکانزا، وردە کانزای فرێدراو کە کاتی بەرهەمهێنان ناتوانرێت ڕاستەوخۆ سوودی لێ وەربگیرێت. ع النفايات المعدنية N metallavfall د زباله فلزات.






**تمتم:** sediment ناو بن نیشتە، پەگر، چیمەنتۆ (ئەو خوڵە زۆر وردەی لە بنی چیمەندا ئەمێنێتەوە. ع رسوب N sediment د رسوب.






**تمتمان:** rocky ناوی لێکدراو بەردەلان، چەقەن، زیخەلان، قۆمز، کەقرۆک، نهێرد، زەوی ڕەقەن. ع صخري N steinete د سنگلاخ.





**تمەن:** Iranian toman دراو ناو یەکەی دراوی ئێرانی، بەرامبەرە بە دە قەران یان دە ڕیاڵ. ⇦ قەران، کرۆنە بە واتای تاج و ڕیاڵ، یەکەیەکی دراوی ئیسپانیاییە. ☜ ڕیاڵ

**تنۆک:** drop ناو دڵۆپ، بڕێکی زۆر بچووکی شلەمەنی. ع قطرة N slippe د قطره. ن: له ترێقیدا بوو بە تنۆکێک ئاو.






**تۆبۆلسک:** Tobolsk جوگرافیا شارێکە لە سیبریا، بنەماڵەی دوا تزاری ڕووسیە لە لایەن بۆلشۆڤیکەکانەوە لەوێ زیندانی کرابوون.



**تۆبە:** penance ئایینناسی ناو تەوبە، پەشیمان بوونەوە لە گوناە. بۆسزادان بە مەبەستی تۆبە و خۆشۆردنەوە لە گوناه [ع] الکفارة [N] bot [د] توبە.

**تۆبیاس و ڕافایل:** Rafael and Tobias ئایینناسی ئەفسانە چیرۆکی یارمەتیدانی جەوانێک بە ناوی تۆبیاس لە لایەن ڕافایلی فریشتەی دەرگانەی خوا، کە لە ئیسلامدا بە ئیسرافیل ناسراوە و یەکێکە لە چوار فریشتەی سەرەکی دەرگانەی خوایە. ئەم سەربردەیە لەتەورات، لە پەرتووکی «تۆبیت» {٥,٥ ;٣,٢٥}دا بەم شێوەیە هاتووە. تۆبیت نەفتالی Tobit Naphtali پەیامبەری جوولەکانە، سارگۆنی دووەم لە ٧٢١ی پێش زایین تەرەی کردووە و ناچار لە نەینەوا ئەژی. تۆبیت کوێر ئەبێت و کوڕەکەی تۆبیاس ئەبێ بچێتەوە بۆ وڵاتی ماد بۆ ئەوەی سامانەکەی بهێنێ. ژنێکی گەولاز لە وڵاتی ماد هەیە کە حەوت شووی کردووە و ئەهریمەنێک بە ناوی ئاسمۆدیۆس مێردەکانی کوشتوە. ئەو ژنە توانای چاککردنەوەی چاوی تۆبیتی هەیە. ڕافایلی فریشتە لە ئاسمانەوە هاتوەتە خوارەوە تا لە ڕواڵەتی مرۆڤیدا و لەو گەشتەدا یارمەتی تۆبیاس بدات. کە

ئەگەنە وڵاتی ماد و پێ ئەخەنە چەمی دەجڵەوە، ماسییەک پەلاماری تۆبیاس ئەدا، کە بە یارمەتی رافاییل ماسییەکە ئەگرێ و دڵ و جەرگ و کیسەی زەرداوی وەکوو دەرمان بەکار ئەهێنێ بۆ ئەوەی ئاسمۆدسی ئەهریمەن دوور بخاتەوە، ژنە بخوازێ و چاوی باوکی چاک بکاتەوە. باوکی تۆبیاس پێی ئەڵێ لە نەینەوا بڕوات چونکە ئەو شارە کاول ئەبێ!
تەورات پەرتووکی تۆبیت ٥ـ ٥و٦ و ٦ـ ٢تا٩

ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندان وێنەی ئەم بەسەرهاتەیان نەخشاندووە. ن:

ئەوەی تۆ ئەیلێی کارێکی سەختە، لە لای من و تۆ چاک نابێتەوە
چونکە خۆیایە بە بێ ماچی لێو، ئەو ئەهریمەنە دوور ناخرێتەوە
ئەبێ بڕۆینەوە بۆ وڵاتی ماد، ماسییەکەی دەجلە فریامان کەوێ
تۆ «تۆبیاس» و منیش « ڕافایل»، لەو دەرد و بەڵا بتپەڕێنمەوە
سیامەند مامیر شاسواری
لە تاسەبار، دیوانی حەسەن شافێعی، ل ١٢١





**تۆپاز:** Topaze فیلم فیلمی سینەمایی ١٩٣٣ ئەمریکایی، دەرهێنانی دابادی داراست.




**تۆپز:** wooden mace ئامراز ناو کوتەکی سەر بە بزمار یان قیر تێهەڵسواو، گورزی دارین. ع صولجان خشبي N mace av tre د گرز چوبی. ⇦ **بە تۆپزی:** هێمایر ناوی چاوگ بەکەڵگایی، بە زۆرەملێ.



**تۆپۆنۆمی:** toponymy زانست زانستی کۆڵینەوە لە ناوی شوێنەکان. ع علم مکان N stadnamn د جای نام شناسی.




**تۆپەڵ:❶** snowball ناو کڵۆی بەفر، خڕ و تۆپئاسا. ع کرة الثلج N snøball د گلوله برفی. ⇦ **پاتۆ:** ناو کڵۆ بەفری درشت.

**تۆپەڵ:**❷ wad ناو کاغەزی گرمۆڵەکراو، تۆپەڵەی دەسڕی کاغەز. ع کرة اوراق N dott د تودە، کپە.



**تۆپی فەرمان:** ball joint ئامراز ئاوێلکردراو سیبەک، تۆپی فەرمان ڕێگە ئەدا لە تەوەرێکی باشارکراودا جووڵان دروست بێ. ع المفصل الكروي N Kuleledd د سیبک فرمان.




**تۆپین:** carrion چاوگر بووری مرداربوونەوە، مردنی ئەو ئاژەڵانەی گۆشتیان ناخورێ مردنی ئاژەڵی چەپەڵ. ئابیینناسر ع جیفة N åtsel د مردار شدن ن: سیسارکە کەچەڵ داهاتەوە بۆ دۆزینەوەی جەستەکی تۆپیو.

**تۆپیو:** carrion ناو مردارەوە بوو، جەندەکی گەنیو.

**تۆخ:**❶ ناو توێژێکی زۆر ناسک.

**تۆخ:**❷ dark ئاوەڵناو ڕەنگی تێر. ع غامق N Dristig د پر رنگ ن: چاییەکی تۆخم بۆ تێکە ن: تۆخ و ترنگ. ⟸ **ترەنگ:** light ئاوەڵناو ڕەنگی کاڵ، کەمرەنگ. ع باهت N Blek د کم رنگ ن: چای کرمڕەنگ. ☜ بەرگەمووت ☜ ئێرڵ گرەی





**تۆخ چوون:** چاوگی تێپەڕ پێست داماڵران، رووشان.

**تۆخ هەڵدان:** چاوگی تێپەڕ پێست هەڵدان.

**تۆر:❶** stammer دارەت ئاوەڵناو پسک، توور، لاڵەپەتە، لاڵەپەترە، لەسێک
کە زمانی ئەیگرێ. ع تَأتَأة N stamme د الكن.





**تۆر:❷** Tours جوگرافیا شارێکی گەورەیە، کەوتووەتە باشووری رۆژئاوای
پاریس، ناوەندی مەڵبەندی ئاندرێ لواره Indre_et_Loire.






**تۆر:❸** Thor میسۆلۆجی بە نەرویجی Tor ئێزەدی بەتوانای تریشقە لە
ئەفسانەی نوورسدا، پاسەوانی بەوەجی ئێزەدان و ئێزەدبانوان، بە

بەردەوامی گوشاری هێزەکانی ئاژاوەی لەسەر بوو و لە دژیان ئەجەنگا. خۆشەویستترین ئێزەدی پەرستگەی خوایان بوو و، سەرکەوتنەکانی زیاتر لە هەموو ئێزەدان لە ئەفسانەکاندا هاتووە. ٤ ثور N Tor د ثور.






**تۆراتی:** Filippo Turati کرێمینۆلۆگ (١٨٥٧ـ ١٩٣٢) کۆمەڵناس و تاوانناس، سەرۆکی ڕیفۆرمیستەکانی پارتی سۆسیال دیموکراتی ئیتالیا.







**تۆراخ:** ناو ١) ماستی ئاوگیراوی ناو پێستە یان توورەکەیە کە بە زۆری قەزوان و شوێتی تێ ئەکرێ ٢) خەستەتوورەکەی زۆر خەستی ناو مەشکە کە شیری تێ ئەکرێ و رائەژەنرێ بۆ ئەوەی تۆزێ لە ماستەکە تێکەڵ بە شیرەکە بێ و شیر، تامی ماستە خەستەکە وەربگرێ، ئەوسا ئەیکەنە قاپ و نانی تێ ئەگووشن. خواردنی شوانانە.





**تۆریان:** sulk, offend داڕەت دەروونناسی ناو دەنگدابڕاندن، دڵئێشان، ڕەنجان، زویربوون، زیزبوون، قەڵسبوون، لالووتی؛ لە دەروونناسیدا تۆریان و دەنگدابڕان یەکێکە لە بەدفەڕانەترین شێوەکانی ئازاردان ئەگەر بە وست ئەو کارە بکرێ، بە ئەنجامنەدانی هیچ کارێک. لووت ئەکات، بەرامبەرەکەی نادوێنێ و ئەیغەزرێنێ، کە بێتە پای لێپرسینەوەش ئەڵێ خۆ من هیچم نەکردووە! ع تغضب N fornærme د قهر کردن.

**تۆربایِن:** turbine ئامێر ناو ماشینێکە بۆ بەدیهێنانی وزەی بەردەوام کە چەرخێک بە دارێکەوە بەخێرایی بە هۆی ئاو یان هەڵم یان گاز، یان هەوا ئەسووڕێتەوە و وزە بەدی ئەهێنێ؛ ئەگەر بە سووتەمەنی کار بکات تۆربایِن diesel turbine، ئەگەر بە ئاو کار بکات ئاشی ئاو یان ئاوگێڕە و پێی ئەوترێ hydraulic turbine، ئەگەر بە وزەی هەوا بسووڕێت، ئەوا هەواگێڕە wind turbine ع محرک التوربینة N turbin د توربین.






**تۆرکۆس:** Turcos سەربازی گەڕان-٣ لە تیپە سەربازییەکانی سپای جەزایر، لە سەردەمی بندەستەیی کۆلۆنیالیزمی فەڕانسە.

**تۆرەمە:** generation ناو ڕەتەوە، بەرە، نەژاد، نفش، وەچە، نەوە، هەموو ئەوانەی لە سەروبەرێکدا لەدایک بوون و هیَ ساتەوەختێکن.
ع جیل N generasjon د نسل : لە باشترین گۆرانیبێژانی ڕەتەوەی خۆی بوو.

**تۆر هەیردال:** Thor Heyerdahl مرۆڤناس گەڕیدە زانا (١٩١٤ـ ٢٠٠٢) پسپۆڕی ئانسرۆپۆلۆجی و گەڕیدەی بوێر و سەرکەشی نەرویجی. هیردال بۆ سەلماندنی بیردۆزەکەی خۆی کە مەردمی دێرین توانیویانە لێک دوور بکەونەوە و دەستیان نەبەستراَبوو، ٨٠٠٠ کیلۆمەتر بە کەشتییەکی ئاسایی بە ناوی کۆن ـ تیکی لە ئەمریکای باشوورەوە تا دورگەکانی تواموتۆ ڕۆیشت. گرانترین فیلمی نەرویجی سەبارەت بەو دروستکراوە.






**تۆرێن:** Touraine جوگرافیا لە پارێزگا نەریتییەکانی فەرانسەیە، ئەکەوێتە ڕۆژئاوای پاریسەوە، کەسانی بەناوبانگی وەکوو ڕێنێ دێکارت و ئاڵفرێد دو ڤینی هیَ ئەو مەڵبەندەن و لیۆناردۆ داوینچی لەوێ کۆچی دوایی کردووە.




**تۆری :** Tory ڕامیاری نازناو ناسناوی پارتی ڕامیاری ئینگلیز، کە پاشتر لە چلەکانی سەدەی نۆزدەدا پارتی پارێزگارانی Conservative Party ئێستەی ئینگلیزی لێ بەدی هات.



**تۆرێن :** Touraine جوگرافیا لە پارێزگا سەرەکییە نەریتییەکانی فەرانسە.

**تۆرینۆک :❶** irritable ئاوەڵناو زیز، بێتەنگ، دڵناسک. ع حساس، منفعل N irritabel د زود رنج. ☜ بێنفرەھ

**تۆرینۆک :❷** irritable دەروونناسی ئاوەڵناو کەسی کەشتەنگ و دڵناسکە کە پێستی دەروونی نییە و متمانەی بە خۆی کەمە و بە کەمترین هاندەری دەرەکی ئەورووژێ و هەڵئەچێ. تۆرینۆکی هەم ژنتیکە و هەم بەرەنجامی پەروەردەی ناڵییە. هەندێ کەسی تۆرینۆک بۆ ئەوەی خۆی نەشەمزێ و کەس نەشەمزێنێ، دوورەپەرێز ئەبێ و خۆی کلا ئەکات، بەڵام ئەمە کارێکی خراپە و چارەسەر نییە، بەڵکوو هەستیارییەکەی پتر و پتر ئەبێت. پێویستە متمانەبەخۆیی و وشیاری خۆیان ببەنە سەرەوە، خاڵە لاواز و بەهێزەکانی کەسایەتی خۆیان بناسن و فێر ببن بە چ شێوەیەک بەکاریان بهێنن. ع حساس، منفعل N irritabel د زود رنج.



**تۆرینی:** Thorigny Pierre_Francois مافنـاس (١٧٩٨_١٨٦٩) مافناس، ساڵی ١٨٣٤ سەرۆکی دادگای بەشدارانی ڕاپەڕینی ئاپڕیل لە لیۆن، بۆناپارتیست، وەزیری ناوخۆ لە ساڵی ١٨٥١.

**تۆڕ:** grid نـەنین نـاو خانەخانە، شیشبەند، چوارچێوەیەک لە تان و پۆ کە لەگەڵ یەکتر هاوتەریب بن و یەکتریان بڕیبێت. ع شبکة N nett د شبکه E net.






**تۆڕ:** lace نـەنین نـاو تۆڕی دامتێل یان دانتێل، تۆڕی ئۆیە، چوارچێوەیەک لە تان و پۆ کە لەگەڵ یەکتر هاوتەریب بن و یەکتریان بڕیبێت، کووتاڵی جلوبەرگ و پەردە و ڕازاندنەوە. ع شریط زینة N Dekorativt bånd د توری E dentelle, net, embroidery. ☜ دانتێل

**جۆرەکانی تۆڕ یەکجار زۆرن، بابەتی و هێمایی:** تۆڕی چاو، تۆڕی ماسی، تۆڕی دانتێل، تۆڕی جاڵجاڵووکە، تۆڕی پەردە، تۆڕی کۆمەڵایەتی...






**تۆڕی جاڵجاڵۆکە:** cobweb نـەنین ناوی لێکدراو تەونی جاڵجاڵووکە، بە تایبەت

کاتێک کۆن بووە و بە تۆز داپۆشراوە. ع بیت العنکبوت N spindelvev د تار عنکبوت.







**تۆڕی چاو:** retina پزیشکی توێژاڵی پشت گۆی چاو، شانەی هەستیاری تێدایە و تەکانی دەماری بەدی ئەهێنن و لە ڕێگەی دەماری بیناییەوە لکاوە بە مێشکەوە، ئەو شوێنەی کە وێنەی بینایی دروست ئەبێ. ع شبکیە N netthinnen د شبکیە.

**تێبینی:** ئەمڕۆ، تیۆری مانەوەی وێنە لە تۆڕی چاو، لاچووە و تیۆرییەکی تر جێگەی گرتووەتەوە کە گومانی جوولاًن بە کاری ئەندێشە ئەزانێ. چونکە ئەزانین ئاوەز توانایی مێشکە، دەروون هەستکردنی مێشکە، هەست تێگەیشتنی مێشکە لە ئازار و ئێش و چێژ و شادی؛ ئەندێشە بیرکردنەوەی مێشکە، ویژدان تێگەیشتنی بەراوردی پەیوەندییەکانە لە لای مێشک، گیان توانای چالاکی مێشکە.




**تۆزانەوە:** burning پاوگی ئێنەپیەر کزە، کزانەوە، سووتانەوە، برژانەوە N

burning [ع] حرق [د] سوزش.

**تۆزمژ :** vacuum cleaner ئامێر ناو گسکی کارەبایی. [ع] مکنسة کهربائیة [N] støvsuger [د] جارو برقی.




**تۆژینەوە :** scrutiny چاوگی تێپەڕ وردپشکنین، (لێ)وردبوونەوە، قووڵبوونەوە، وردپشکنین، بەسەرکردنەوە، وردپیاچوونەوە، سەنگوسۆکردن، ڕاگەیشتنی بەوردی، لێکدانەوە، لێکۆڵینەوە، تێڕوانین، موو لە ماست دەرکێشان. [ع] تفحص، فحص دقیق [N] granskning [د] بررسی دقیق.

**تۆسن :** rough ئاوەڵناو ڕووش، چەمووش، کونجڕ، گرس، گرژ، درژ. [ع] خشن [N] ujevn [د] خشن.

**تۆفانی نووح :** diluvian میسۆلۆجی تۆفانی مەزن، بە بڕوای ئایینەکان، تۆفانێکە خوا بۆ لەناوبردنی شارستانیەت ناردوویەتی، بە گوێرەی تەورات و قورئان، تۆفانەکەیان پەیوەند دراوە بە نووحەوە. ئەم چیرۆکە لای جوولەکە و فەلە و موسڵمان هەیە و بەر لەوانیش لای ئاڤێستا و هیندوو و یۆنان و گەلگامێش هاتووە. [ع] طوفان نوح [N] diluvian [د] طوفان نوح.



**تۆفی ئەندێشە:** brainstorm یان brainstorming پەروەردە ناوی لێکدراو تۆفانی مێشک، تەکنیکی مشتومڕی چالاکانەی پۆلی فێرخوازان بۆ هەژاندنی بیر و دۆزینەوەی ڕێگە چارەی کێشەیەکی دیاریکراو، لە نێوان ئەو بیرۆکانەدا کە ئەندامانی دەستەکە پێشکەشی ئەکەن؛
دۆزینەوەی چارەسەرێکی لەبڕ لە مشتومڕێکی خۆبەخۆی پۆلێکدا.







**تۆقان:** intimidation ناو ترسان و هەست بە مەترسی کردن. ع خوف N trusler د ارعاب.

**تۆقاندن:** to scare چاوگی تێپەڕ ترساندن و لەخشتەبردن. ع تخویف N trusler د ترساندن.

**تۆفڵە:** ناو خونچەی گەڵادار.

**تۆفڵە:** lascivious هێمایر ئاوەڵناو کیژی بەناز و نووز. ع داعر N liderlig د نازنازی.

**تۆکمە:** severe ئاوەڵناو پتەو، ناوپڕی بەخۆ، دووگوردی، مرۆی تێکسمڕاوی پتەو. ع قاس صلب N streng د سفت.

**تۆکن:** Token ناو ئاوەڵناو هێما، نیشانە، نموونە، شەقڵ، پارەی هێمایی cryptocurrency؛ تۆکن بریتییە لە پارچە یان پووڵەکەیەکی کانزا، کاغەز، پلاستیک و هتد کە لەبری پارە بازرگانی پێوە ئەکرێت. تۆکن بەزۆری لە شێوەی بازنەیی وەک سکەیە و ناوی دامەزراوەکە و بڕ یان بەهای لەسەر هەڵکەندراوە. لە هەندێک دارەتدا بەکارهێنانی نیشانەکان

لەسەری هەڵکەندراوە، وەک نیشانەی گۆشت، نیشانەی نان. :
ئەمویست نموونەیەکی بچووکی پێزانینی خۆمتان پێشکەش بکەم.
[ع] رمز [N] Token [د] رمز.







**تۆکۆڤیل:** Alexis de Tocqueville (١٨٠٥ـ١٨٥٩) مێژوونووس و ڕامیار، لایەنگری پاشایەتیی دەستووری، نوێنەری ئەنجوومەنی دەستووری و ئەنجوومەنی ڕێسادانان، وەزیری کاروباری دەرەوە، لۆژێتمیست.










**تۆلستۆی:** Leo Tolstoy نووسەر ئانارشیستی ئایینی (١٨٢٨ـ١٩١٠) نووسەری ناوداری ڕووس، بە ئانارشیستی ئایینی ناسراوە، شاکارەکانی «جەنگ و ئاشتی» و «ئانا کارێنینا»ن کە پێناسەی ڕوون ئەدەن بە دەستەوە لە ڕۆژگار و دۆخی ڕوسیای سەدەی ١٩ و هەروها لووتکەی ڕیالیزمی.














**تۆلۆز_لۆترێک:** Henri de Toulouse_Lautrec شێوەکار (١٨٦٤_١٩٠١) شێوەکار، کاریکاتۆریست و نیگارکێشی فەرەنسەیی.







**تۆلۆن:** Toulon جوگرافیا بەندەر ناو چوارەمین بەندەری فەرەنسەیە لە باشوور کە گەورەترین بنکە سەربازییەکانی زەریای سپی لێیە.

**تۆڵا:❶** density ناو پڕ، تۆکمە، پێکەوەنووسان و ڕەقبوونی دوو شتی زۆر ورد: (تۆڵا گەزۆ) د چڕ.

**تۆڵا:❷** bullion ناو قورسە، لۆک، داڕشتە، شمش N bullion ع السبائك د شمش.





**تۆڵاپێو:** densitometer ئامێر ناو چڕیپێو. ع مقياس الكثافة N densitometer د چگالی سنج.




**تۆڵاز :** ناوی فەرمان هەوەسباز، چاوباز، سەرسەری، ژنباز د مراهق، هیز.

**تۆڵانەوە :** whining ئاوەڵناو چاوگی دووڵۆ کڕووزانەوە، ناڵین، ناڵین و لالانەوەی درێژخایەن. ع الأنين N klynking د ناله کردن.

**تۆڵایی :** density ئاوەڵناو پڕی، تۆکمەیی، چڕی. ع كثافة N density د چگالی E mass ⟸ **بارستایی :** mass.




**تۆڵەسەندنەوە :** retribution ناو تۆڵەسەندنەوە سزایەک کە بەسەر کەسێکدا دەسەپێنرێت، وەک تۆڵەکردنەوە لە کردەوەیەکی هەڵە یان تاوانکاری. ع القصاص N straff د قصاص.

**تۆڵەکە :** mallow, malva ناو پەنیرە، پەپکەمەلیچک، گیایەکی کورتەبنەی لاسک ڕەق لقلق کوڵکن و گەڵاگردی گوڵ شین و پەمەیی خۆراکییە. ڕۆنەکەی لە ڕووی دەرمانییەوە بۆ زۆر نەخۆشی سوودمەندە. ع خبازة N kattostslekta د پنیرک، نان کلاغ.



**تۆم:** sperm زیندەناسی ناو کەوچکەقوڵە، توو، نێراو، تۆواو، تۆماو، ئاو، توخم، پشتاو، سپێرم. ع نطفة N sperm د اسپرم E spermatozoon.

ریشەناسی کورتەی sperm whale و spermaceti و sperm oil {بنەڕەت: بە ڕێگای late Latin لە sperma یۆنانی «seed»، لە speirein «تۆودان، وەشاندن، چاندن «to sow»}.





**تۆمارنووس:** پیشە کارگێڕی ناوی‌لێکدراو کەسێک کە دەفتەری تۆمارگە و ئارشیف ڕائەگرێ E registrar ← **دادنووس:** notary پیشە کارگێڕی ناوی‌لێکدراو.

**تۆماری مەرگی جوان:** Litany for a Happy Death ئایینناسی خوێندن کۆمەڵێک تۆمارە لە کاروانی ئایینیدا لە لایەن قەشەکانەوە ئەخوێنرێ و ئاپۆرەی بیسەران، سەربەندەکانی پاتە ئەکاتەوە.










**تۆماس گارنێر:** Thomas Garner فیلم سینەماجیهە مەبەست فیلمی

سینەمایی ١٩٣٣ی هێز و سەرکەوتن، بەسەرهاتی سەرۆکی هێڵی ئاسن، تۆماس گارنێرە.

**تۆمەت:** slander دادوەری ناو کەتن و تاوانی پاڵدراوی ناڕاست کە زیان بە ناوبانگی کەسێک دەگەیەنێت. ع افتراء، تشهير N bakvaskelse د افترا، تهمت.

**تۆمەتئامێز:** defamatory ئاوەڵناو تۆمەتاوی، تۆمەتبارانە، ساختە. ع تشهيرية N ærekrenkende د افترا آميز.

**تۆنگە:** ewer, flagon ناو تۆنگ، پارچی بلوورینی دەم پەلی مل باریک. ع قارورة، إبريق الماء N karaffel د پارچ، تنگ آب.



**توانای بێسنوور:** Omnipotence ئایینناسی پرواداری توانایی خاوەندێتی دەسەڵاتی بێسنوور. دینە یەکتاپەرستەکان بەگشتی توانای بێسنوور تەنها بە خوای خۆیان ئەزانن. لە فەلسەفەی دینە یەکتاپەرستە براییمییەکاندا، توانای بێسنوور نازناوی یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی خوایەکە بریتییە لە زانایی ڕەها و هەمەلایەنە و خێرخوازی بێکەوشەن. کۆبوونەوەی ئەو هەموو لایەنە ئەرێنییە لە بوونەوەرێکدا زۆر پرسی هێناوەتە ئاراوە، کە بە شێوەی بەرجەستە پرسی «شەڕ» و خراپەیە، ئایە ئەو دەسەڵاتە بێسنوورە بۆچی ڕێگەی داوە خراپە هەبێ؟ لە فەلسەفەدا وتراوە کە تێگەیشتن لە توانای بێسنوور نالوێ. زانست ئۆمنیپێتنس بە دیاردەیەکی زانستی نازانێ.









**تواناى شاراوە:** potential بەهرە ئاوەڵناو شیان، ڕەخسان، تواناى نادیار، هەبوون یان پیشاندانى شیانى گۆڕان یان پێشکەوتن بۆ شتێکى تر N potensiell ع محتمل د بالقوە ⟸ وزەى پێوار: potential energy وزەى شاراوە.

**توانجاوى:** sarcastic ڕەخنە ئاوەڵناو ژەهراوى، چزووداو، تەوساوى ئازاردەر، گاڵتەکەر. ع استهزائی N sarkastisk د نیشدار.

**توانست:** possibility ئەگەرى ژمارەى ڕەهەندى ناو ڕووداوێک کە ڕەنگە ڕووبدات یان وەها بێت. ع امكانية N mulighet د امکان پذیرى.

**توانستپێدەر:** enabler ناوى لێکدراو توانایێدەر، چالاککەر، یارمەتیدەرى لوانى شتێک. ع التمكين N aktiverer د فعال کننده.

**توترک:** ☜ تووترک

**توربە:** bag, sack ناو جۆرە کیسەیەکى گەورەى تەنراوە شتومەکى تێئەکەن. ع کیس، میکا N pose, sekk د کیسە.



**توربەکێش:**❶ bagman هێمایەر متمانە خزمەتگوزارى توربە، جۆرە تورەکەیەکى

گەروورەی تەنراوە و، توربەکێش بە خزمەتکاری تایبەت ئەوترێ کە ڕازدار و جێگەبڕوای خودانەکەیەتی.

**توربەکێش:❷** هێمایر ڕاوێژکار بە واتای «Campaign manager» و ڕێقبەری هەڵبژاردن، واتە کەسێک کە ڕاربوو و یارمەتی بۆ کاندیدایەکی ڕامیاری، وەکوو نێودێری پەرلەمان یان سەرەککۆمار کۆ ئەکاتەوە.




**توربێن:** sack ناو توورەکە، تووبەرە، توورک. ع کیس N sekk د کیسە.



**تورت:❶** astringent چێژ ئاوەڵناو تفت، مەزەی گیر، چێژی نیوەتاڵ و تیژ، شیرینی ئاماڵ تاڵ، گەس، گەزەک. ع طعم قابض N snerpende د مزە گس. ☜ تفت

**تورت:❷** hard, firm, tough, dry, brittle, unripe ناو شتێ کە زو دەشکێ و زو دەپەڕێ. ع صلب، جاف N hard, fast, sprø د سخت و سفت و شکنندە. وەهبی ئەدمۆندز



**تورت:** crisp دارەت دەنگەوشە ئاوەڵناو ناسک، قرپ و قرنج، قرچ، وشک، شتێکە لە شکانا زوو بپەڕێ؛ شتێکە بەدەنگێکی خرم ورد ببێ. ٤ هش، مقرمش N sprø د ترد و شکننده.




**تورنێری:** tournure مۆدە ناو جۆرە جلێکە کە چێوبەست یان پشتی ئەخەنە بنی بۆ ئەوەی چاڵ و بەرزی لەشی ئافرەت زیاتر پیشان بدا، ناوەڕاستی سەدەی ١٩ بوو بە باو.



**تورێت:** (TS) Tourette Syndrome نەخۆشی ناو نەخۆشییەکی دەمارییە

ئەبێتە هۆی «تیک» ⇦ **تیک:** twitch, tic دارەت ناو پڵ، فرین، پەڕین، بزووتنێکی کورت و خێرا و لەپڕی ماسوولکەیەکی دەموچاو، تیک لە زۆربەی مەردم، بە تایبەت منالاندا ئەبینرێ و زەبر و هەڵچوونە دەمارییەکان ئەبنە هۆی زیادبوونیان، ئەوانەی تیکیان هەیە ناتوانن ئەندامەکانیان باشار بکەن لە ئەنجامدانی کارەکاندا. ⇦ چاوفڕین، لێوپەڕین. ع عرة N tic د تیک. ⇦ **ناسازی تەقینەوەی چەلاوچەل:** Intermittent Explosive Disorder دارەت ناسازی کاردانەوە و پەرچەرەفتاری ناخودئاگای سەبارەت بە هەلومەرجێک کە ئەبێتە هۆی ورووژاندن، پەلاماری پێشبینی نەکراو و گۆڕانی ڕەفتاری.



**توندنووس:** stenographer ناو کورتنووس، هێمانووس، ستینۆگرافەر لە دادگا و شوێنی فەرمی. ع المختزل، کاتب الإختزال N stenograf د مختصر نویس، تنوگراف.

**توندنووسی:** stenography ناو کورتنووسی، هێمانووسی، ستینۆگرافی، دەستاوێژی داهێنان. ع الاختزال N stenografi د مختصر نویسی.



**تویکارگە:** morgue پزیشکی ڕێساپێر ناوی جێگا کۆگای تەرمی پزیشکی ڕێسایی، زیاتر بۆ توێکاری و ناسینەوە و دۆزینەوەی هۆی مردن یان کوژرانی مردووی ڕاپۆرتکراو لە لایەن coroner واتە پزیشکی ڕێسایی و دادوەری پزیشکی. ع المشرحة N Likhus د سردخانە پزشکی قانوونی.

**تەرمگە:** mortuary شارەوانی ناوی جێگا کۆگای لاشەی مردوان، مردەشۆرخانە، شوێنێکە لە پەرستگە یان گۆڕستانی ئەو دینانە کە بڕوایان بە مردوو شۆردنە، بۆ شۆردن و کفن پۆشینی مردوو بەر لە ناشتن. ع مستودع الجثث N Likhus د مردە شوی خانە.




**توێکاری:** autopsy ناوی چاوگ پشکنینی مردوو بۆ دۆزینەوەی هۆکاری مەرگ یان ڕادەی پەرەگری نەخۆشییەکەی. ع تشریح الجثة N autopsi د کالبد شکافی.

**توکڵ گوێز:** walnuts shell کاتێ مەڕگەکە دەردێنن، توێکڵەکەی ئەمێنێتەوە پێی ئێژن توێکڵ گوێز و بۆ ناو سۆپای داری و ئاگرخۆشکردن باشە.

- توێکڵە گوێز لەلایەن پیشەسازی پەترۆڵەوە وەک پاڵێوەری پاککردنەوەی ئاوی خواردنەوە بەکار دەهێنرێت.
- بۆ زەوی چیمەنی وەرزشی زۆر بەسوودە.
- هاڕدراوی توێکڵ گوێز وەکوو لم بۆ ساوینەوە و خاوێنکردنەوەی شوێنی تەقینەوە بەکار دێت. ع قذيفة الجوز N valnøttskall د پوست گردو.





**تونکە :** ناو دەرپێی کورت، شۆرت.

**توەندەرتوو :** involute ناوی لێکدراو یەک لە ناو یەکدا.

**توێشەبەرە :** گەشت پێخۆر ناوی لێکدراو توربێنی توێشە ڕاگوێزان لە گەشت و گەڕان. ⇦ تۆشە: بژیوی گەشت.





**توێکڵ :** nutshell ناو پێستی سەختی هەموو جۆرە ناوک و کاکڵ، وەکوو توێکڵی گوێز، توێکڵی بادەم، توێکڵی فندق. هێمایر بەکورتی، کورتییەکەی؛ کورتەی ڕووداو.

⇦ **کاکڵ :** gist ناو ناوک، دەنک، هێمایر نیاز، ناوەڕۆک، گەوهەر، چەمک یان واتای گشتی وتار یان دەقێک.








**توێکڵە گوێز:** husk, nutshell ناوی لێکدراو کاتێک مەژگەی گوێز دەردێنن، قاوخەکەی ئەمێنێتەوە پێی ئێژن توێکڵە گوێز و بۆ ناو سۆبای دار و ئاگر خۆش کردن باشە، هەروەها سوودی پیشەسازیشی هەیە، لە بواری پالاوتنی پەترۆڵ و وەرزش و خوانێکردنەوە. ☜ تۆکڵ گوێز

**توێڵتەقێنە:** ڕووەک ناو تەوێڵ ـ تەقێنە، ڕووەکێکی بەهارەیە، گوڵێکی ڕەنگین ئەکات وەک میزەڵان هەوای تیایە، منالان گوڵەکەی لێئەکەنەوە و ئەیکێشن بە تەوێڵیاندا بۆ ئەوەی بیتەقێنن.



**توانای بەرگە:** stamina ناو توانا، خۆڕاگری، هێزی ژیانی. ع قوة تحمل N utholdenhet د استقامت.

**تویکنهام:** Twickenham ژیار کۆشک تەلاری یۆرک لە گەڕەکی تویکنهام، بنکەی کۆنت پاریس لە خولی یەکەمی تەرەبوونی لە لەندەن. پاش گەڕانەوەشی هەر وەک بنکەی پادشاییخوازانی فەرانسە بوو. سوان، لە {ڕۆمانی گەڕان}دا دۆستێ کۆنت پاریسی شازادەی جێگری ئینگلیز بوو. ⇦ کۆنت پاریس.



**توو:** کشتوکاڵ ناو تفی، تیت، شمی، بەری دارتووە لە تیرەی گەزنە، گوڵی یەک جنسە، جار هەیە گوڵی نێر و مێ لەسەر یەک پایە ئەڕوێ. گوڵەکانی هێشوویە. ئەم درەختە چەند جۆری هەیە: تووەسپی، قەسپە، شاتوو، شەنگەتوو، کە زیاتر بۆ ڕازاندنەوەیە لە پارکەکاندا ئەیچێنن، دارتووی دوو وەرزە کە. ⇦ **دوو وەرز:** کشتوکاڵ ناوی لێکدراو جووتوەرز، داری موتوربەکراوە کە دوو وەرزی جیاوازدا بەر ئەدات.

⇦ **گاتوو:** تووە قەسپە، دەنکی گەورەیە.

⇦ **شاتوو:** جۆرێ تووی بەچێژ و دەنک گەورەیە کە پێگەیشت ڕەنگی ڕەشە، زیاتر بە موتوربە لەسەر دارتووی زڕە ئەبێت.

⇦ **ئاردەتوو:** تووی وشکی هاڕدراو.

⇦ **تووترک:** دڕوو، ڕووەکێکی سروشتی دڕکاویە لە گوێ چەم و جۆگە و بیشەڵان ئەڕوێت. بەرەکەی وەک «توو» وایە، سەرەتا سەوزە، دواتر سوور ئەبێت، کە پێگەیشت ڕەنگی ڕەشە.

: مەتەڵێک لەسەر دڕوو هەیە: بە بەرخی سەوزە، بە شەکی سوورە، بە مەڕی ڕەشە؟



**تووب:** Taube سەربازی ناو تاوبە، مەبەست فڕۆکەی بۆمباوێژی ئاڵمانییە، کە بە ئاڵمانی tauben بە واتای کۆترە. ع طائرة تاوب N Taube fly د هواپیمای تاوب.



**تووتن:** tobacco گیاشێرپەنجە ئالوودەکەر ناو گەڵای گیایەکی ئەمریکاییە تەڕی نیکۆتینە، لە تەرە ئەدرێ و هەڵئەخرێ و خۆشە ئەکرێ و، بە پێچراوەیی و بە قەنە و سەبیلە ئەکێشرێ. ع التبغ N tobakk د تنباکو. ← **تەماکۆ:** tobacco گیاشێرپەنجە ئالوودەکەر ناو هەمان توونە، بەڵام واتای تووتنی نێرگەلەی لێ وەرگیراوە. د تنباکو. ←





**تووتانخاموون:** Tutankhamun مێژووودێرین لە پادشاکانی خانەدانی فیرعەونەکانی میسر لە نێوان ساڵانی ١٣٣٤ تا ١٣٢٥ پ.ز فەرمانڕەوایەتی کردووە. کوڕی ئەخناتوونە و بە بەناوبانگترین فیرعەون دادەنرێت. لە

تەمەنی گەنجی مردووە و لە دۆڵی پاشاکان بە خاک سپێردراوە.











**تووتڕک :** raspberry دەوەن گیا توتڕک، دڕوو، ڕووەکێکی سروشتی دڕکاوی هەمیشە سەوزە، لە گوێ چەم و جۆگە و بیشەڵان ئەڕوێت. بەرەکەی مێخۆشی خڕە وەک «توو» وایە و لە گاتوو ئەچێ لە چێژدا، سەرەتا سەوزە، دواتر سوور ئەبێت، کە پێگەیشت ڕەنگی ڕەشە. ڕێگری دەکات لە لۆچبوونی پێست، دژە پیربوونە، کۆلۆن بە پاکی دەهێڵێتەوە. مەترسییەکانی نەخۆشی دڵ کەم دەکاتەوە، ڕێگرە لە نەخۆشی لەرزۆکە شەپلە (دەردی پارکنسۆن). ع توت العُلیق N bringebær د تمشک، سە گل. ۏ: تشتانۆکێک لەسەر دڕوو هەیە: بە بەرخی سەوزە، بە شەکی سوورە، بە مەڕی ڕەشە؟





**تووتوو :** perchance ئاوەڵکار ڕەنگە، بەئاستەم، بەڕێکەوت، نەدانستە، بەبێ ئاگا. ع بالمصادفة N muligens د اتفاقا. ۏ:

بە تووتووش تووشی مەکتەب بۆ دەهاتم؟ من کە زانیبام
خەفەت، مەینەت، کەسەر، حەسرەت، بەشی ئینسانی زانایە
هێمن

بە تووتووش بە بیرمدا نەدەهات، ڕۆژایەک،
بەرەبەری نەورۆز و ساڵی نوێ...
عەزیز وەلیانی

**تووتیا :** kohl کیمیا ئارایشت ناو کل، کلی چاوڕشتن، ئۆکسیدی ژریرە لەو کوورانەدا کە ژریر و قالآیی تێدا ئەتاوێننەوە؛ ئەو قورمەی کە کاتی توانەوەی ژریر لە سەروو کوورەکە ئەنیشێ؛ دەرمانی چاوە و بۆ چاکبوونەوەی ئاوسانی چاو و بەهێزکردنی بینایی باشە. ع کحل N kohl د سرمە، توتیا ن:

پەناهمە شاسوارێکە گوزەر کا گەر بە ئەلبورزا
ئەکا زەبری سمی ئەسپی لە خارا تووتیا پەیدا
سالم

**کلی ئەنتیمۆن :** antimony kohl ئەستوو ناوی جۆر بەردی کل، جۆرێک کل لە بەردی ئەنتیمۆن دروست ئەکرێ. ☜ ژریر.








**توور :** ئاوەڵناو تۆر، لاڵەیەتە، لاڵەیەترە د الکن.

**تووڕخە :** نەخۆشی دەردەباریکەی زستانەی مەڕ و بزن.

**تووروەکەڕێژ:** accumulate ناوی لێکدراو بە تووروەکەی خۆڵ شوێنێک پڕکردنەوە یان بەرزکردنەوە، تەپۆڵکەی دەستکرد. گردێکە لە گڵی بە کۆڵی مەردووم دروست کرابێت.

⇦ **ئینگلیز سەرکەوتە سەر تەپە و لە کێو هاتە خوارەوە:** The Englishman Who Went Up a Hill But Came Down a Mountain فیلم فیلمی سینەمایی شیرین و زۆر خۆشی ١٩٩٥ی بە هونەرمەندی هیو گرانت و دەرهێنانی کریستۆفەر مەنگر Christopher Monger، سەبارەت بە بابەتی تووروەکەڕێژە؛ کاتێک کە کارتۆگرافێکی ئینگلیزی بە دانیشتوانی گوندێکی ویلْش ئەڵێ کێوەکەیان کە مایەی «شانازییانە» ١٦ یارد لە ڕێژەی ڕێسایی کێو نزمترە، بۆیە بە تەپۆڵکە دائەنرێ؛ هەر هەموو دانیشتوانی گوند زۆریان پێناخۆش ئەبێ و ئەڵێن: ـ جا ئەگەر وابێ ئابڕوومان ئەچێ، چۆن ئەبێ ئاوایی خوارەوە «کێو»یان هەبێ و ئێمە نەمانبێ؟! بۆیە بە هەر فێڵێک بووە کابرای نەخشەکێش ڕائەگرن، تەنانەت سۆزانیشی بۆ ئەبەن، بۆ ئەوەی بخەڵافێ و نەڕوات تا بە تووروەکە و هەرشتێکی تر خۆڵ ببەنە سەر گردەکە، تووروەکەڕێژی بکەن، بەرزی بکەنەوە و بیگەیەننە ئاستی بەرزایی **کێو**!






**تووروەکەکێش:** bagman ناو بریکارێک کە جانتای داهاتی چالاکییە نارێساییەکان کۆدەکاتەوە یان دابەشی دەکات. ع رجل الحقيبة N bag mann د کیف بردار.










**تووڕهەڵدان:** fling **چاوگی تێپەڕ** هاویشتن، فڕێدان. [ع] قذف، اندفع [N] flørt [د] پرتاب. tantrum and rage

**تووڕەیی:** tantrum **ناوی چاوگ** ڕقهەستاوی، ناجسنی، نارەسەنی، گرەزۆکی، گرینۆکی، ڕاگەشی، زیزی، وروژان. [ع] نوبة غضب [N] raserianfall [د] کج خلقی، خشم. ← هەژان: rage

**ن:** تورەیی ئەو هەوارەیە من تێیدا دەگەشێمەوە. Anger is where I flourish

**تووڕەیی و هەڵچوون:** anger and aggression **دەروونناسی** **ناسازی** یان ڕق و غەزران: tantrum and rage. تووڕەیی، هەست filling یان دارەتێکی ناخۆشی ئاسایی و سروشتییە، بۆی هەیە لە هەموو گیاندارێکدا بەدی بێت، بەڵام ئەوسا کە بەهێز ئەبێ و ناچار بە کاردانەوەمان ئەکات، ئیتر تەنها **هەست** نییە بەڵکوو لە ڕادەی ئاسایی تێئەپەڕێ و ئەبێ بە **هەژان** کە ڕەفتار emotion و کاردانەوەیە و غەزرانە. تووڕە بوون دارەتێکە ڕەنگە ڕۆژی دە تا هەزار جار تووشی ببین، بەڵام هەژان دارەتێکە کە بۆمان نییە ڕێگەی پێ بدەین، بە تایبەت لە پەیوەند لەگەڵ مرۆڤی تردا، وەکوو منداڵ و کەسوکار و هەموو ئەوانەی لە کار و ژینگەدا سەروکارمان لەگەڵیان هەیە. منداڵەکەمان ڕەنگە ڕۆژی دەیان جار ببێتە هۆی تووڕەبوونی ئێمە، وەلێم ئێمە بۆمان نییە بهەژێین و تەنها یەک جاریش لە منداڵەکەمان تووڕە ببین. [ع] الغضب والعدوان [N] sinne og aggresjon [د] خشم و عصبانیت.



**تووشکردن :** implicate چاوگی تێپەڕ تێوەگلان، پێوەکردن بە بەشداری تاوان، هێنان بەسەردا. ع تورِیط، إنزلقَ فِي N implisere د گرفتار کردن.

**تووشیار :** afflicted ڕەفتار ئاڵوودەیی ناوی لێکدراو ئاڵوودە، پاگر، قەتیس، گرفتار، گیرۆدە و دووچاربوو، تووشبوو بە شتێکەوە. ع مبتلَی N plaget د مبتلا.

**تووشیرین :** ناوی لێکدراو میوەیەکی ئاودا و شیرینە کە هێسنی ازتە و چەور و ڤیتامینی B و C ی تێدایە، ڕەوانە و مێهێنەرە؛ هەم بە تازەیی ئەخورێ و هەم وشک ئەکرێ. بۆ نەخۆشی شەکرە زیانی نییە. شیرەکەیشی ئەگیرێ و پێی ئەوترێ شیری تووشیرین. تووشیرین بەری دارێکی گەورە و بە لقوپۆپی گەڵا پانە. گەڵای دارتوو خۆراکی کرمی هەورێشمە. ⟵ **شاتوو :** ناوی لێکدراو شاتوو، گاتوو، تفەسووری، تفەسیاوی، ڕەشەتوو، جۆرێکی دارتووە بەرەکەی سووری تۆخی ئامال ڕەش و لە تووی ئاسایی گەورەترە، زیاتر بە موتوربە لەسەر دارتووی زڕە ئەبێت.

  

**تووکن:** poilu ئاوەڵناو گەڕان-٧ یان les poilus مەبەست سەربازانی فەڕانسەییە لە جەنگی جیهانی یەکەمدا.



**تووکەبەر:** pubic hair ناوی لێکدراو مووی بەر گەدە N kjønnshår ع شعر عانة د موی زهار.

**توولەکی:** ridiculous ناو ئاوەڵناو قەشمەر، گاڵتەجاڕ، کەسێک کە کاری گاڵتەئامێز ئەکات. ع مضحک N latterlig د مسخره.

یەکی دڵی بە توولەکی وەژیر چاو بە من خەنێ
تا وە کەسێ دل نەخەنێ گوفێک ئەڕا خۆی بڕشن
ئوستاد کەیومەرسی عەباسی قەسری

**تووڵی باشار:** control rod ناوی لێکدراو بە هەندێ میلەی تایبەت لە ڕیاکتۆری ناوکی ئەوترێ کە بۆ باشارکردنی ڕەوتی بەدیهێنانی نۆترۆن لە پڕۆسەی کردنەوەی ناوکی سوودیان لێ وەرئەگیرێ. ئەم توولانە لە هێسنی کیمیایی وەکوو بوور، ئیندیۆم، کادیۆم و زیو دروست ئەکرێن، کە توانایەکی باڵایان لە گرتنی نۆترۆنی ئازاددا هەیە، بەڵام خۆیان تووشی قەڵەشانی ناوکی نابن.



**توو میت:** to meet **چاوگی تێپەڕ** **گەڕان-٢** دیدار، چاوپێکەوتن، ژوان. ⟵ دیسان خاتوو سوان و تێکەڵکردنی ئینگلیزی و فەڕانسە!

**توون:** ❶ furnace **ناو** ئاگردان، کووره، دۆزەخە، شوێنێکە بۆ گەرمکردنی ئاوی گەرماو.





**توون:** ❷ spisy **ئاوەڵناو** کەسکون، چێژ، تام، زیاتر بۆ بیبەر بەکارئەهێنرێ.





**توون:** ❸ hell **ناو** دۆزەخ، جەهەندەم، دەرەک؛ وەکوو نەفرین و جنێو بەکار دێ: **بەتوون:** واتە بە جاری جەهەنەم.





**توونا :** ئاوەڵناوی‌فرمان دەربەدەر، فەوتاو، نەماو.

**تووناتوون :**[١] labyrinth ناوی‌لێکدراو هەزارتوێ. ڕایەڵەیەکی ئاڵۆزی ڕێگە و ڕێباز کە دەرچوون لێی دژوارە؛ تونێلی پێچەڵپلووچ، تەوەندەرتوو N labyrint ع متاهة د هزارتو، پر پیچ و خم. ☜ توونی بابا

ن: گۆرانی مەزن:

توولەڕێ باریک، تـووناتوون پشکن
ڕێبوار ئەخاتە ئەندێشـەی بـێ بن

ن: {ژاک بە هەڵپەیەکی چڵێسانە و چاونەزیر، هەواڵ و شرۆڤەکانی وەکوو وێنەی ناو ئاوێنەی وەک تووناتوون، کە تا ناکۆتا لە ڕۆژنامەکاندا پاتە ببوونەوە، ئەخوێندەوە و ئەخوێندەوە}. پانەسای شێوو - بەرگی ٤

ن: {... دووەم، ئەگەر ڕەخنەکانی مارکس لە ئابووریی ڕامیاری و ئابووری، بە **تووناتوونێک** بچوێنین؛ ئەوا هەرکەسێک بچێتەناو تووناتوونەکەوە و -ئەگەر- لەوسەرەوە دەرچێت؛ بۆ ئەوە، ئیدی ئابووری، «ئابووری» نییە و ئەوەی پێی ئەوترێت ئابووری ڕامیاری هەرەس ئەهێنێت...} {سەرنج لەسەر پەرتووکی «مارکس وەکوو فەیلەسووف»}

ن: {... وتاری دیالکتیکی تەنیایی لە ڕاستیدا دوایین بەشی پەرتووکی «**تووناتوونی** تەنیایی»ـە، «پاز» ئەم پەرتووکەی لە ساڵی ١٩٥٠ و لە ژێر کاریگەریی ڕەوانگەکانی بیرمەندی مێکزیکی ساموێل ڕامووس (١٨٩٧-١٩٥٩)دا نووسی...} {دیالکتیکی تەنیایی- و. ساماڵ}












**تووناتوون:** ❷ ناوی لێکدراو فەوتانی یەکجاری و ئاسەوار نەمان ن:

ئەی ستەمکار، دەک تووناتوون چی؛

پەرێشان و سەرلێشێواو ن: مامۆستا مەینەتی:

{... قەڵەمێ لاوی وەتەن نەدوێنێ،

وەک هەوری بەهار ئەر نەگرمێنێ،

لێوی هەتیوان ئەو نەبزوێنێ،

خەمی خەمباران ئەر نەڕەوێنێ،

یاخوا ئەو قەڵەم هەر تووناتوون بێ،

سەر لێ شێواوی دەوری گەردوون بێ...}

**تووناچوون:** چاوگی تێنەپەڕ فەوتانی یەکجارەکی.

**توون بەتوون:** ناوی لێکدراو جوێنێکە بۆ مردوو یان کەسێکی ناخۆشەویست ن: دەک توون بەتوون بێ.

**توون تکاو:** {توون تکان}. ناوبەرکار ئارەزوومەندی چێژنەکەردە و بە مراز نەگەیشتوو.

**توون:** پێشگر کەسکون، چێژ، تام، تیژ، ئەمە زیاتر بۆ بیبەر بەکارئەهێنرێ.

**توونچی:** ناوبکەر کەسێکە ئەرکی خۆشکردنی ئاگری گەرماوی لە سەرە.

**توونچییەتی:** ناوی چاوگ کاری توونچی.

**توونخانە:** ناوی جێگا شوێنی ئاگری گەرماوە.

**توونکە:** curvy ناو ناو پێچ یان ڕووباری پڕ لە پێچ و خەم.

لە هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردیدا هاتووە:

با سیروان بمبات بەدەم تافەوە

بە توونکەی ماڵە جافەوە





**توونی بابا:**[1] ناوی جێگا لە خوارووی دەربەندیخانەوە شوێنێک هەیە پێی ئەوترێت توونی بابا، کە چەمی پێچاوپێچ و دەر و دەروازەی زۆری هەیە و زۆر سامدارە و گوایە هەرکەسێ بچێتە ناویەوە ناگەڕێتەوە، ئەبێ نیشانە دابنێ، چونکە پێچەکانی فرەیە و لەیەک ئەچن.. ئەکرێ حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکو ناوچەیەکی گەشتیاری بایەخی پێ بدات کە تائێستاش ئاوڕی لێنەدراوەتەوە.

بابا عەمرە یان عومرە وەکو لەفەرهەنگەکاندا هاتووە کەسێک یان مرۆڤێکی بەژنکورت یان کۆسە، بە ڕواڵەت منداڵ دەنوێنێ، بەڵام تەمەنی زۆرە، باوە قوورەتیشی پێ ئەڵێن.

ئەم توونی باوە عەمرەیە لە ئەفسانە و فۆلکلۆری کوردیدا واهاتووە کە کەس نەیتوانیوە بچێتە ناویەوە و دەرەکانی بژمێرێ، هەر زەلامێکیش بۆ ئەو مەبەستە چووبێ گوایە دێو خواردوویەتی و نەگەڕاوەتەوە، گوایە پاشایەکی ئەودەمە مەرجی داناوە هەر کەسێ بتوانێ دەرەکانی توون بژمێرێ کچەکەی خۆی دەداتێ. ئەڵێن جارێکیان باوک و کوڕێک ئەچن و لەکاتی خەودا هەردووکیان خۆیان سەروخوار رادەکشێن سەری ئەمیان لای قاچی ئەویان و قاچی ئەویان لای سەری ئەمیان، کاتێ دێو دێتە سەریان و ئەمە ئەبینێ ترسی لێ ئەنیشێ، رائەکات و ئەڵێ:

توونـم ژمێـرا نـۆ سـەد و نـۆ دەرە
بـەڵام نەمـدی ئـادەمی بە دوو سـەرە

دێوەکە وای زانیبوو یەک زەلامە بە دوو سەرەوە، بۆیە کوڕ و باوک بەبێ زیان ئەگەڕێنەوە.

ئێستا وشەی توون وەکو **ڕێگەونکردن** بەکاردێت، بە تایبەتی بەرامبەر بە وشەی لاتینی labyrinth و وشەی «متاهە»ی عەرەبی، هەروەها لەعەرەبیدا وشەی «اتون» بەکارئەهێنرێ کە هەمان واتای ئاگردان دەدات کە لەوە ئەچێ عەرەب ئەم وشەیەی وەکوو سەدان وشەی تر لەکوردەوە وەرگرتبێ.

**توونی بابا:** ❶ ناوی جێگا له هۆنراوەی شێرکۆ بێکەس، پەرتووکی ڕەنگدان هاتووە: توونی بابا و ئاوی ئاموون شوێنێکی سەمەرەیە لە باشووری کوردستان، دۆڵی دۆزەخ و هەزار دەرگایشی پێ ئەوترێ. ئاوەکەی پەنامە و لە میسۆلۆژیدا هاتووە، نشینگەی دیوە سپی بووە.







**توونیک:** tunique پۆشاک ناو {فەرەنسە}، تەنوورەی کورت، بلووزی درێژی ژنانە. ع ستڕە N tunika د تونیک E tunic.





**تووەقوڵنگ:** cranberry میوە ناو کرەنبێری، وەک بلاڵووکە و وردترە، سووری تۆخە، وڵووڵە و سۆسی پێ ساز ئەکرێ. ع توت بري N tranebær د زغال اخته. ⇠ **وڵوڵە:** ناو بڵ، هێلکەی نەرمی نەبەکام، دەڵمە، هێلکە مریشکی بێ توێکڵ کە بەر لە بوونە هێلکە مریشک دایدەنێ. د تخمرغ سفت نشده.









**تووەندەرتوو:** ئاوەڵناو چەند ژووری لە ناو یەکدا کە دەرگایان بۆ یەک هەیە، واتە تۆ لەناو تۆیە. ⇠ ئەشکەوتی تووەندەرتوو E involute.







**تەبا:** consent ئاوەڵناو ئاشت، کۆک، نێوانخۆش، هاودەنگ، هاوڕا، ڕەزامەند. ع موافق. N samtykke د موافق E coherent.

ن: با ڕێ کەوین کە ڕێ ناکەوین! ن: با تەبا بین لەسەر ناتەبایی.

⇠ **ناتەبا:** contrary ئاوەڵناوی لێکدراو دژ، نەیار، نەگونجاو، ناکۆک، دەنگ دابڕاو. ع مناقض N motsetning د مخالف.

⇠ **دوولایەنە:** consensual ئاوەڵناو بەپێی پێخۆشبوونی دوولایەنە. ع

بالتراضي N med samtykke د بنی بر رضایت دوطرفه.




**تەبایی:** Peace ناوی‌چاوگ ئاشتی، ئاسوودەیی، جیهانی بێ شەڕ و کێشە N Fred ع صلح د صلح.




**تەبع:** repletion ناوی‌چاوگ تەبعکردن، تورخەکردن، دارەتی نەتوانینی هەرسکردنی چەوری، واتە کەسێک کە خواردنی چەوری پێناکەوێ و ناتوانێ هەرسی بکات، زگی با ئەکات و لە گەروودا هەست بە قورسی و تۆزانەوەی چەورییەکە ئەکا، ئەوا تەبعی کردووە. ⇦ **تەبعی کردووە:** repleted کەسێکی تەڕی خۆراکی هەرسنەکراوە کە گەرووی بە چەوری هەرسنەکراو ئەتۆزێتەوە. ع امتلاء N fylt opp د بادکردوە. ⇦ ئینتەلا: امتلاء.

**تەبوو:** Tabu فیلم فیلمی سینەمایی بێدەنگی ١٩٣١ی ئەمریکایی، چیرۆکی زەریاکانی باشوور، دەرهێنانی ف.دبلیۆ. مۆرناو. ⇦ تەبوو: tabu یان taboo نەریتێکی کۆمەڵایەتی یان ئایینییە کە دوان یان پەیوەندی

لەگەڵ کەسێک، شوێنێک یان شتێک بەرگیراو ئەکات.

**تەبەرزین:** ناو چەکێکی وەکوو تەور، هەر لە سەردەمی مادەوە کاتی جەنگ بنی دەسکەکەی لە زینی ئەسپ گرێدراوە و شەڕی پێکراوە. دەروێش وەکوو سەمبولێک لەگەڵ کەشکۆڵ هەڵی ئەگرن.








**تەپکە:** Pitfall ناو داو، گەمرە یان بەردێکە لەسەر چاڵێک بە چیلکەیەک بە ئاستەم ڕائەگیرێ و چەشەی تێئەکرێ، بۆ ئەوەی ئەگەر باڵندەیەک بچێتە ناویەوە تەپکەکە بە سەریدا بکەوێ و بیگرێ N fallgruve ع مأزق مستور د گودال سرپوشیدە.







**تەپەلۆس:** ponderous ناونیشکە ئاوەڵناو {پۆلیسیز} لەشقورس و نەبزۆز بە هۆی کێشی زۆرەوە، «لە ماوەی ٧٥٠ ساڵ داگیرکراوی ئیرلەندا لە لایەن بەریتانیاوە، ئێرلەندییەکان زۆر ناونیتکەیان لەسەر داگیران داناوە، کە جەیمز جۆیس لە پۆلیسیزدا هەندێکیانی هێناوە: وەکوو ئینگلیز، ساکسۆن، دەرەکی، بێگانە، ڕووکەز، جێگومان...» {هانت، ٢٠١٧} تەپەلۆس یەکێک لەو ناوانەیە. ع ثقیل الوزن N tungvint د بسیار چاق.

**تەتەر:** پیشە هێمایر ناو پەیک، پۆستچی، کەسێک نامە ئەهێنێ و ئەبا؛ مرۆڤی بەلەز و خێرا. derogatory

**تەتەری لۆژۆمۆ:** موزیک مێژوو لۆژۆمۆ شارێکی بچووکە لە نزیکی پاریس، لە سەدەی شانزە مەیدانی ناکۆکیی نێوان پرۆتستان و کاسۆلیکەکان بوو. تەتەری لۆژۆمۆ Le Postillon de Longjumeau ئۆپێرا کۆمیکی ئادۆلف ئادام Adolphe Adam، ئاوازدانەری فەرەنسەییە.




**تەتیس:** Thetis میسۆلۆجی ماخوای زەریا، هاوسەری پێلە، دایکی ئاخیلێس و لە نزیکانی زیۆس. پێشبینییەکەی تەتیس دەربارەی مەرگی کوڕەکەی

ئاخیلێس لە سروودی یەکەمی داستانی «ئیلیاد»دا هاتووە.





**تەختە :** timber, board ناو پارچەیەکی درێژ و تەنک و پان لە دار یان هێسنی ڕەق تر، کە بۆ تەختەفەرشکردنی زەوی یان مەبەستی تری خانووسازی بەکار دێت. ع لوح خشبي N trebrett د تختە.

**تەختەسێلا :** plywood کەرەستە ناوی لێکدراو تەختەی ناسکە لە سێ توێژ یان زیاتری ڕاست و چەپی بە چەسپ لکێنراو، قوتوو و سندۆقی تایبەتی پێ دروست ئەکرێ کە بە کوردی پێی ئەوترێ «سیپ». وەک سیپی چای یان سیپی تایبەتی بۆ کەرەستەی بەرهەمستی ئەلەکترۆنیک وەک کامێرا و تا دوایی. ع الخشب الرقائقي N kryssfiner د تختە سە لا.

**سیپ :** ناو سندووقی تەختەسێلا. ن: سیپی چای.





**تەختەماخ:** wooden strip ناوی لێکدراو سێڕ، تەختەداری چوارلا ڕێکی درێژە، له تەختەبەستی بیناکردندا بەکاردێ. ع شریط خشبي N trelist د الوار.






**تەختەی ئاوەخلیسکێ:** surfboard وەرزش ناوی لێکدراو تەختەیەکی تەنکی تۆکمەی هێلکەیی ٦٠ بە ١٤٠ تا ٢٠٠ سەنتیمەترە، بە هۆیەوە لە سەر ئاو خلیسکێن ئەکەن. ع لوح ركوب الأمواج N surfebrett د تختە موج سواری. ⟵ **شەپۆلسواری:** surf وەرزش ناوی لێکدراو ئاوەخلیسکێ، وەرزشی سەر ئاو بە یارمەتی تەختەی ئاوەخلیسکێ. ع تصفح N surfe د موج سواری.





**تەختی دوقات:** bunk bed ناو قەرەوێڵەی دووقات، تەختی خەوتنی لەسەر یەک. ع سرير مكون من طابقين N køyeseng د تختخواب دو طبقه.





**تەختی دێو:** fairy chimney ناوی لێکدراو یان کەرەنای پەری، یان دووکەڵکێشی جنۆکە ئەو بەردانەن کە دەوریان گڵەسوورە و قسڵ بووە و لە ڕەوتی ڕۆژگاردا خۆڵ و قسڵیان لێ شۆراوەتەوە و وەکوو کۆڵەکەیەکی بەردینی سامناک ماونەتەوە، بە زۆری بەردێکی گەورەی تەخت لە سەر ئەم کۆڵەکانەیە و ڕواڵەتێکی وەکوو قارچکی پێ ئەدا.








**تەرازنامە❶:** balance sheet ناوی لێکدراو [تەرازوو+ نامە] ⟵ تەرازوونامە. G قەسلان ⟵ **balance**: تەرازوو G ئازادی بالانس، بیلان، تەرازنامە، لیستی دارایی و قەرز و سەرمایەی بەشگە یان دامەزراوێک {بازرگانی یان نابازرگانی} G کاوە.

**تەرازنامە❷:** balance sheet ئابووری balance sheet ناوی لێکدراو بیلان، ڕاپۆرتی هاتوو و دەرچووی دارایی بانک و کۆمپانیاکان F bilan.








**تەربووش:** fez ناو فینە، فێست، جۆرێ کڵاوی سووری کەللەقەندی سەرقرتاوی گوڵینگەدار لە لوبنان و میسر و... باو بوو.

**تەربووش:** ناو هەمان سەرپۆشە بووە بە صەرپۆش و تەرپۆش و طربوش لە لای مێسرییە زمان تەعریب کراوەکان و عەرەب بە گشتی.

**مێزەر:** turban ناو سەروپێچ، مشکی و شەدەی کوودەری ع عمامة N turban د عمامە.

وشەی turban هەمان سەروەنی کرماشانی واتە سەربەن، سەربەندە.

ئێتیمۆلۆژی ئینگلیزی بردوویەتیەوە سەر «دولبەند»ی تورکی و فارسی کە ڕاست نییە، چونکە (**سەروەن** و **توربەن**) زۆر لێک نزیکترن.

دیهخودا ئەڵێ فەرانسەییەکان ئەیبەنەوە سەر «دولبند»ی فارسی! واتە خۆی لای وا نییە.



**تەرت:** داره‌ت ئاوەڵناو بڵاو، پەرژ، پەرێشان؛ لەبەینچوو، لەناودا نەماو.

تەرتوتوونا.

**تەرچک:** fresh داره‌ت ئاوەڵناو ناسک، شلک، شینکەی تەڕ و تازەی ئاودار؛ سەوزەگیای تازە دەرهاتووی ناسکی نازاڤ. ع طری، شادخ N fersk د تروتازە.

**نازاڤ:** fresh داره‌ت ئاوەڵناو نازاو، سەوزایی تێراوی پاراو. ع طری، طازج N fersk د شاداب.

**تەرخان:** reserve, grant, allot ناوی بەرکار ئازاد لە باج و بەهرەی ساڵانە؛

شوێنێک یان شتێک کە جیاکرابێتەوە و پاوان کرابێ.

**تەرخانی:❶** ناویبکەر کەسێک کە خاوەنی مووچە و مەزرای خەڵاتییە و لە باجدان و تەمیٚکردن پارێزراوە.

**تەرخانیی:❷** monopolistic ئاوەڵناو مۆنۆپۆلی، قۆرخکراو، پاوانکراو. ع احتكاري N monopolistisk د احتکاری.

**تەرزە:** ناو دڵۆپەبارانی ڕچاو کە لە هەوری کۆمۆلۆنیمبۆس ئەبارێ N hagl ع انهمر کالبرد د تگرگ. ⇦ **کاڵەبروێش:** tiny hail ناوی‌لێکدراو تەرزەی ورد.



**تەرزەلۆکە:** hailstorm دیاردە ناوی‌لێکدراو گلێرە، تەرزەی وەرد، تەرزەی نەرم و شل کە زوو ئەتوێتەوە. ع عاصفة البرد N haglstorm د تگرگ ریز.



**تەرکوینۆسی شکۆدار:** Tarquinius Superbus شا {٤٩٥ی پ.ز† مردووە} حوتەمین شای ڕۆما بوو و بە سەرەڕۆ و بەفیز ناوبانگی هەبوو.



**تەرکەدنیا :** the nun ئاییناسی ناوولێکدراو دیندار، لەخواترس، خۆپارێز، پارسا؛ ئەو ژنە ڕەبەنانەی لە دەیرەکان ئەژین و خۆیان بۆ عیسا داناوە، لەو دنیا شوو بە ئەو بکەن N Nonnen ع الراهبة د راهبە.









**تەرگە :** manteau, raincoat , ناو بارانی بە کڵاوەوە، شەنیل، کۆڵوانە، باڵاپۆشێکی گوشادی بێقۆڵ کە ئەدرێ بە شاندا.







**تەرم :** corpse ناو جەندەک، لاشە، جەستەی مردوو بە تایبەت مرۆڤ، بە هێ ئاژەڵ ئەوترێ کەلاک. ع جثة N lik د جسد. ← خودی وشەی تەرم هەرچەند بە واتای لاشە بەکار ئەهێنرێ، بەڵام تەرم دوو داری درێژ و دوو داری کورتە بە شێوەی لاکێشەیی و بە گوریس لێک توند ئەکرێن و لبادی لە سەر دائەنرێت. واتە بە واتای دارەتەرم و تابووتە. لە کوردیدا لەش گیانی زیندوو و لاشە گیانی مردووە. لە زمانی ئاڵمانیشدا: «لایشە» dei Leische بۆ کەسێکی مردوو بەکار دێت.

ماموستا جەعفەر. ← : {تەرمەکەیم بەردی مەردەشۆرخانە ـ

با گرواو پووره قەوم و بێگانە) تەرم لەم نموونەیەدا هەم بە واتای جەندەک و لاشە دێت و هەمیش ئەتوانێ واتای ئەوە بێ، کە لاشەکەیم لەسەر «تەرم» برد بۆ مردەشۆرخانە.

**تەرمبەر:** hearse ناو تەرمهەڵگر، ئۆتۆمبێلی تەرمواستنەوە. ع عربة الموتى N likbil د نعش کش.



**تەرمگە:** mortuary ناوی جێگا کۆگای لاشەی مردوان، مردەشۆرخانە، شوێنێکە لە پەرستگە یان گۆڕستانی ئەوە دینانە کە بڕوایان بە مردوو شۆردنە، بۆ شۆردن و کفن پۆشینی مردوو بەر لە ناشتن. ع مستودع الجثث N likhus د مردە شوی خانە.

**توێکارگە:** morgue ناوی جێگا کۆگای تەرمی پزیشکی ڕێسایی، زیاتر بۆ ناسینەوە و توێکاری و دۆزینەوەی هۆی مردن یان کوژرانی مردووی ڕاپۆرتکراو لە لایەن coroner واتە پزیشکی ڕێسایی و دادوەری مردنەوە، هەروەها دەرکردنی پسوولەی ناشتن. ع المشرحة N likhus د سردخانە پزشکی قانوونی.



**تەرە:** باخەوانی ناوی جێگا قووڵکەیەکە توتن یان میوەی تێدەکەن وبەگیا دای دەپۆشن؛ جا ئەو میوەیە یان نەگەیشتووە و لە ماوەی تەرەدا تا رادەیەک ئەگات؛ هەندێکیش گەیشتوون و تەنها بە مەبەستی ڕاگرتن لە تەرە ئەدرێن. شووتی بەبێ تەوە ئەگەر بڵ و خراپیش نەبووبێ، کات خواردن هەست بەوە ئەکرێ کەکۆن بووە. ⇦ **لەتەرەدان:** چاوگی تێنەپەڕ [لە + تەرە + دان] هەڵگرتنی میوەی نەگەیشتوو لە ناو تەرە و بەگیا داپۆشینی بۆ ئەوەی بگات، یان بپارێزرێ؛ سیسکردنی میوەی وەکوو ترێش بۆ مێلاق.

**تەرەزەن و کلیڤ:** Princess of Troezen and of Cleves شانۆ تراژیدی واتە Princess of Troezen و Princess of Cleves واتە شادوت تەرەزەن و شادوت کلیف، دوو کەسایەتی جیاوازن،

- یەکیان لە تراژێدیای «فێدر Phèdre» نووسینی ڕاسین هەیە و،
- ئەوی دووەم لە «شادوتی کلیڤز La princesse de Clèves» نووسینی مەدام دو لافایێت.







**تەرەس:** scoundrel, wanton ئاوەڵناو پەست، ئاکاردشت، یارەمەز، پنتی، پەسیەندە، چەورە، جیوەڵۆک، سێبەندی، هۆقەبەر، خوێڕی، بێڵەغاو،

سەرمایەداری چەوسێنەری بێڕەوشت و بەزەیی. ع رذل N vilseløs د رذل.

ن: دوا پەناگەی تەرەس نیشتمانپەروەرییە. «ساموێل جانسن»










**تەرەسئاسا:** wanton act ناوێلکەراو کردەی تەرەسانە، کاری نەشیاو و نابەجێ بەرامبەر بە کەسێکی تر، بەبێ لە بەرچاوگرتنی مافی ئەو کەسە؛ کردەوەی تەرەسانە، لە هەڵەکردنی ئاسایی زۆر قورستر و نەشیاوترە.

**تەرەکەمەیی:** alienation ناو ئاوارەیی، دووروەوڵاتی، غەوارەیی. ع غربة N fremmedgjøring د دربدری، غربت. ن:

بۆ هەڵوەدا و تەرەکەمان ~ بۆ رووتاڵ و دڵبەخەمان
«ڕاوچی»

**تەراد:** ناو سمت و کەفەڵی یەکسمە، پێستی سەر کەلەکە.

**تەرپیر:** whimsical ئاوەڵناو ڕەداڵ، پیری هەوەسباز. ⇦ **ئارەزووباز:**
whimsy, sensual ناوێلکەراو [ئارەزوو+ باز] دڵچەرێن، حەزباز، هەوەسباز، هەوەسپەرەست، تەرپیر، ڕەداڵ. ع الشهوانية، نزوة N innfall د هوسباز.

**تەردەست:❶** magition, juggler ناوێلکەراو سەهرەبەند، نووازەگەر، شێوەباز، چالاک، لۆتەر، گورجوگۆڵ، دەسرەنگین. ع مشعوذ N tryllekunstner د شعبده باز.

ن: ئەدا بە لای مارا کلکی ئەقرتێنێ: دزێکی تەڕدەست و بە هەڵمەتە.

ن: ئەدا بە لای ماکەرا جاشەکەی ئەدزێ: دزێکی تەڕدەستە.

**تەڕدەست**:[٢] Il Bidone فیلم سینەماچییە فیلمی سینەمایی ئیالیایی ١٩٥٥، دەرهێنانی فێدێریکۆ فێللینی، هونەرمەندی بڕۆدریک کراوفۆرد.









**تەڕدەستی**: magic ئاییناسی شێوەزانست ناو مەگی، جادوو، سەهرەبەندی، ئەفسوون، جادوو، دیلان، نیرەنگ، ئەنجامدانی کاری سەمەرە لە لایەن مرۆڤی لۆتەر و چالاکەوە. ع سحر، شعوذة N magi د جادو.

ڕیشەناسی magi و magic لە وشەی مۆگی کوردمادی زەڕدەشتییەوە هاتووە کە مەزنانی دینی زەڕدەشتی یان پەرەمێکی تایبەتی ئەوان توانای تەڕدەستی و کاری بانسروشتییان هەبووە. تێبینی: لە زمانی نەرویجی هەمان «مەگی» بەکار ئەهێنرێ.














**تەڕدەستییەکانی سکاپن**: Les Fourberies de Scapin شانۆ شانۆگەری ١٦٧١ی سێ پەردەیی مۆلیێر.




**تەرزمان:** articulate وتاربێژ ئاوەڵناو کارا زتەردەم، مانیاراو، زمانڕەوان، کەسێک کە بە ڕەوانی و زەلالی قسە ئەکات. ع خطیب N artikulere د سخن دان.

**تەرەپیاز:** scallion ناو پیازی شین، پیازی تەری گەلا سەوزی سەلک بچووک، بە تایبەت پیازی بەهارە، لەگەڵ کنیوالٌ و سیرموکە بۆ کەلانە یەکاویەکە. ع بصل أخضر N løkskjell د پیازچە. ⟸ **خلیسک:** green onion ناو پیازی فیسقە، پیازی ورد بۆ چاندن. تەرەپیازی نێرکدار. جیاوازی تەرەپیاز و خلیسک لەوە دایە کە تەرەپیاز نێرک ناکات و خلیسک نێرک یان سەلکی هەیە.




**تەرەزن:** کشتوکاڵ ئاوەڵناوی فرمان [تەر+ئە+زن] تەرازن، مێرگ و زەوییەک کە سەرەبەهار ئەزێیەتەوە و ئاوی هەیە، مێرگی زنەئاسا، زەوییەکە ئاوی دزیوە، بەڵام ئاوەکە ئەوەندە نییە بووبێ بە زەناو. ☜ تەرەزەن ☜ زەناو

 

**تەڕەزەن:**❶ ئاوەڵناوی فرمان [ تەڕ+ئە+زەن ] ئاژەڵی تازەزاوی گوان پڕ لە شیر.
☜ تەڕەزن

**تەڕەزەن:**❷ ناو [ تەڕ+ئە+زەن ] گیایەکی کوێستانی بۆنخۆشە، گەڵاکەی وەک پیاز وایە، ئاژەڵ زۆر چاکی ئەخۆن، هەتا زستان سەوزە و زەرد نابێ G ڕێژگە.

 

**تەڕەساز:** turnip soup ئاشپەزی ناو شەلەمینی تەڕ، ترخێنە بە تەڕی. ٤ حساء اللفت N kålrotsuppe د آش شلغم و گندم.

   

**تەڕەکاڵ:**❶ ناو بەرووبووی هاوینەی پاش شەستە باران.

**تەڕەکاڵ:❷** ناو ئاوەنیا، بەراو، تەڕەنیا، ڕەیستە، کۆڵەبەست، بێستانی ئارۆێ و ترۆزی و تەماتە و سەوزی هاوینە.



**تەڕەکاڵا:** wetware ئای تی ناو زاراوەیەکە لە بیرۆکەی پەیوەندیدار بە کۆمپیوتەرەوە وەک ڕەقەکاڵا و نەرمەکاڵا وەرگیراوە، بەڵام بۆ فۆرمەکانی ژیانی بایۆلۆژی بەکارئەهێنرێت. ع الأجهزة الرطبة N våttøy د مرطوب افزار.




**تەڕەکەباب:** chicken broth ئاشپەزیکوردی KurdishCuisine ناو شۆرباوی گۆشتی مریشک کە ترشی سماقی لێدەدەن. ع مرقة دجاج N kylling buljong د آبگوشت مرغ.

**تەڕەماست:** ناویلێکدراو وەرزی پایز کە مەڕومالآت نزیکە شیریان وشک بکات، مەدار شیری مێگەل کۆ ئەکەنەوە و لە مەنجەڵی گەورەدا ئەیکوڵێنن، هەوێنی ئەکەن و کە بوو بە ماست، دووگ ئەتوێننەوە و ئەیکەن بەسەر ماستەکەدا و هەڵی ئەگرن بۆ زستان. ئەوە شێوازێکی

نەریتیی هەڵگرتنی خواردن بوو لە کۆندا.

**تەز:** tremor ئاوەڵناو لەرزین، هەژان، گرژیی، دڵپەرتی، هۆسە، شڵەژان، تێکچوونێکە ئەبێتە هۆی لەرزین و ڕەقبوونی ماسولکەکان. ع تشنج، رعشة N skjelving د تشنج، رعشه.

**تەزوو:** current ئاوەڵناو گێژەن، سووڕەکارەبا، تەیار، تەیاری کارەبایی. ع تیار N strøm د جریان. پێناسە: **گێژەنی** کارەبایی بە ئەمپێر ئەپێورێت و ئامارەیە بۆ ژمارەی ئەو بارگاویانەی لە چرکەیەکدا بەناو وایەرەکەدا تێئەپەڕن. بۆ ئەوەی کارەبایەک بڕوات، ئەبێت بازنەکە دابخرێت؛ بە واتایەکی تر، ئەبێت ڕێڕەوێکی بێ پچڕان هەبێت لە سەرچاوەی کارەباوە، لە ڕێگەی بازنەکەوە، پاشان بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەی کارەبا. **تەزوو** یان سووڕ ڕێڕەوێکی بازنەیی تەواوە کە کارەبا پێیدا تێئەپەڕێت. سووڕێکی سادە پێکدێت لە سەرچاوەیەکی کارەبا و ڕێبەر و بارێکی کارەبایی.






**تەزووی گۆڕاو:** Alternating current (AC) ئەندازەی کارەبا تەزووی چەلاوچەل، تەزوویەکی کارەباییە، کە بڕ و ئاڕاستەکەی لە کاتە یەکسانەکان و، لە هەر چرکەیەکدا ئەگۆڕێت. ع تیار متردد N Vekselstrøm د جریان متناوب.









**تەزە:❶** column ناو کۆڵەکە، ستوون، ئەستوندک، داری دارەڕا.
**مژان:** داری باریک و درێژ.

**تەزە:❷** bully ئاوەڵناوی لێکدراو ملهوڕ، خیشەملە، ملقەوی، سەرسەری، کەڵەش، ملئەستوور. ع تنمر N bølle د قلدر.

**تەزە:❸** ئاوەڵناو زەلامی زلی کەتە.

**تەسکۆڵە:** touchy هێمایر ئاوەڵناو زوو هەڵچوو، نازنازی ـ توورە و تۆسن.

**تەسەل:** rich ئاوەڵناو تێر و تەڕی، پڕ و کەیل، تەڕیبوون بە هێسنی زۆر و سوودمەند، تەنانەت ساماندار و دەوڵەمەندیش هەمان زۆری پارە و داڕدەیە. ع غني N rik د غنی.

**تەشبریق:** lightning ئاوەڵناو بریسکانەوەی تریشقە، ڕووناکی و برووسکەی هەورەتریشقە. ع ئائقە N lyn د آذرەخش.



**تەشپیلە:** ناوی بچووککراو ناوی لێکدراو [تەشپی+لە] تەشپی بچووک، کاسەی تەختەی بچووک، پیاڵەی ماستخۆری.





**تەشخەڵە :** ئاوەڵناو تەشقەڵە، گەڕ، دەبە، شەڕ پێفرۆشتن.

**تەشق :** دیاردە ناو تۆف، تۆفی سەرما. ⇦ **بەتەشق :** ئاوەڵناوی لێکدراو ساردوسەرما، سەرمای تەزێنەر، بڵندایی هەوا. ⇦ تەشقی ئاسمان؛ تووندوتیژی هەوا ﴿: سەرما تەشقی نەماوە ﴿: لە تەشقی گەرما چووم بۆ ئاران.

**تەشقەڵە :** ئاوەڵناو تەشخەڵە، گەڕ، دەبە، شەڕ پێفرۆشتن.

**تەشقەڵەباز :** insidious ئاوەڵناوی لێکدراو ئەوەی گەڕ لە مەردم ئەهاڵێنێ، فێڵەباز، دەبەکار. ع مکیدة، مخطط N Planlegger د دسیسە باز.

**تەشک :❶** face, visage ئاوەڵناو بەچک، بیچم، سیما، فۆرم. ع وجه، مظهر N ansikt د وجە، صورت. ⇦ تەشکی ئەندازەیی.

وتم ئایە بە زاری خۆت دەپرسی دۆخی زارم؟

برۆی هێنایە یەک بە **تەشکی** لا کە بێزارم

«نالی»

**تەشک :❷** form ناو شێوە یان پێکهاتەی بینراوی شتێک. ع شکل N form د فرم. ☜ تەشک و ناوەڕۆک.

**تەشکڵ :** romper ناو تەشک، بەرداوێن، جۆرێک تەنوورەی بان کەمەری کیژۆڵە. ع رومپیر N romper د رویر.




**تەشک و ناوەڕۆک :** form and content لە هونەر و ڕەخنەی هونەریدا تەشک و ناوەڕۆک بە لایەنی جیاوازی بەرهەمێکی هونەری

دائەنرێت. زاراوەی تەشک ئاماژەیە بۆ پێکهاتەی کارەکە، تەکنیک و میدیای بەکارهێنراو و، چۆنیەتی جێبەجێکردنی توخمەکانی دیزاین. بە شێوەیەکی سەرەکی سەرنج ئەخاتە سەر لایەنە فیزیکییەکانی کارە هونەرییەکە، وەک میدیا، ڕەنگ، بەها، کەش و هتد، نەک لەسەر ئەوەی کە چی ئەگەیەنێت.لە بەرامبەردا ناوەڕۆک ئاماژەیە بۆ بابەت و هەناوی بەرهەمێک، واتە واتاکەی. بەڵام ئەتوانرێت زاراوەی تەشک و ناوەڕۆک جگە لە هونەریش بەکاربهێنرێت: هەموو دەقێکی واتادار تەشکی سروشتی خۆی هەیە، لێرەوە تەشک و ناوەڕۆک لە بەکارهێنانی زۆر بیری جۆراوجۆری مرۆڤدا دەرئەکەون: لە هونەرە جوانەکانەوە تا تەنانەت بیرکاری و زانستە سروشتییەکان. لەوەش زیاتر، جیاوازی نێوان واتاکانی ئەم زاراوانە لە کەوشەنە جیاوازەکانی بەکارهێناندا تا ڕادەیەک ناسروشتی دەرئەکەوێت، بەو پێیەی بیرۆکەی لە پشت «تەشک و ناوەڕۆک لە هونەردا» و «تەشک و ناوەڕۆک لە زانستدا» زۆر بە باشی وەک یەکن.
















**تەشە :** lull **ناوی فەرمان** ئارام، ئوقرە، حەسانەوە و خەوبردنەوە بە ڕیتمێکی

هێور ❶: جووڵەی لەسەرخۆی بەلەمەکە خەوی لێخست. ع هدوء N stille د آرامش.

**تەشەر:** mock ناو لاتاو، تانە، تانووت، توانج، تەوس، لەووز، پلار، تیز، تەوزە، پاسقاڵ. ع سخرة N håne د مسخره کردن.

**جەفەنگ:** ناو گوتەی بەتوێکڵ، گاڵتەپێکردن.

**تەشەنە:** expansion, increase, infection درم ناوی چاوگ پەرەسەندن، تەنینەوە، بڵاوبوونەوە، ڕەوتی لێپیسکردن و تەنینەوە. ع سرایت، توسع N utvidelse, økning, infeksjon د سرایت، گسترش.



**تەشەنەسەندن:** metastasis چاوگی تێنەپەڕ تەنینەوە.

**تەغار:** ❶ stoup, stone-trough ناو دۆڵ، سوێنە، تەشتی پەلی دارین و گڵین و بەردین؛ دەفرێکە پینەچی ئاوی تێ دەکا و چەرم و پێڵاوی کۆنی تێدا دەخووسێنێتەوە؛ حەوز یان دەفرێکە، پێستەی تیا دەخووسێنرێت؛ دۆڵی خۆشۆردن؛ دەفری ئاوی ئاسنگەر و پینەچی. ع جرن الماء N stoup د سنگاب، طغار.



**تەغار:**❷ ناو کێش و پێوانەی دەخڵە، لە موکریان ٤ تەنەکە و لە باشووری کوردستان ٦٤ تەنەکەیە.

**تەغاراو:**❶ ناوی لێکدراو ئاو یان باراناوێکە لە شوێنی کەم ئاو لەسەر ماقۆڕ کۆ ئەبێتەوە ← **ماقۆڕ :** water puddle سروشتی ناو وشکەناو، بەردێکە پەل بێ، یان چاڵی تێدا بێ و باراناوی تیا کوبێتەوە، زیاتر بۆ مەڕ و ماڵات، جا سروشتی یان دەستکرد. ع بركة الماء N vannpytt د گودال آب.



**تەغاراو:**❷ trough ناوی لێکدراو ئاوی خۆشکردنی پێستە لە ناو تەغاری زۆر گەورە. ع معلف N trau د سنگاب.



**تەفرە :** ناو فریو.

**تەڤاهی :** whole ئاوەڵکار ئاوەڵناو هەموو، تێکڕا، گشتی. ع كامل N hel د مجموع.

**تەڤگەر :** ناوی فەرمان بزۆز، هەدانەدەر؛ بزووتنەوە.

**تەقتەق :** rattle دەنگەوشە کار لە دەرگادان، زرینگانەوە. ع جلجلة N

skrangle د تق زدن.

زایەڵە : rattle دەنگەوشە کار زرینگانەوە، دەنگدانەوە لە ناو غەڵبەغەڵبدا کە گوێی هەستیار ئەتوانێ بیبیستێ. ع هز N rasle د انعکاس.

تەقلە :❶ ناو کەڵبە، هەنجیری پێنەگەیشتوو ، سەوز و ڕەقە.

تەقلە :❷ flip ناو خۆهەڵدان و خۆسووڕاندن لە حەوا و خۆگرتنەوە لە سەر قاچ.

پشتەتەقلە : back flip ناو خۆهەڵدان بە پشتدا و خۆسووڕاندن لە حەوا و خۆگرتنەوە لە سەر قاچ.




تەقلەباز : contortionist ناو پاڵەوان، تەنافباز، هونەرمەندی بەزمگێڕی جەستەنەرمی مارئاسا کە جەستەیان دەپێچێننەوە و دەچەمێننەوە بۆ ئافراندنی کەشی سەرگەرمی و نواندنی دۆخی سەیر و ناسروشتی. ع بهلوان N slangemenneske د انقباض گر، کسی کە بدنش را کج و معوج میکند.



**تەقلە و پشتەتەقلە:** Tumbling and somersault وەرزش تەقڵە، سەرمەقوڵاتە بۆ پێشەوە لە حەوادا؛ پشتە، خۆ هەڵدانە بە دوادا و هاتنە خوارەوە لەسەر پێ. د معلق زدن و پشتک زدن.





**تەق و ڕەو:** fight and flight ناوی لێکدراو قنگەشەڕ، قوونەشەڕە، جەنگی پێشمەرگانە، جەنگی پارتیزانی. ع الحرب والهروب N kjempe og flykte د جنگ و گریز E Partisan warfare.

**جەنگی پارتیزانی:** Partisan warfare ناوی لێکدراو تەق و ڕەو، چالاکی ڕێکخراوی هێزی ڕزگاریخوازی خاوەن ئامانجی ڕوونی ڕامیاری لە بەرامبەر سپای داگیرکەر. جەنگی تارتیزانی و گریلایی لە ئورووپای ڕۆژهەڵات و ناوەندی و ئەمریکای خواروو باوە. وشەی جەنگی گریلایی لە وشەی guerrilla ی ئیسپانیایی تا ڕادەیەک بە هەمان واتای تەق و ڕەو بەکار هاتووە، وەک زۆربەی بزووتنەوەکانی ئەمریکای لاتین.










**تەقەمەنی:** explosive کیمیا ئاوەڵناوی لێکدراو هەرچی ئەتەقێندرێ، وەک باروت و فیشەک و بۆمب. تەقەمەنی هێسنێکی دژوەستاوە کە برێکی زۆر وزە ی لە خۆیدا هەیە و کاتی ئازادبوونی ئەو وزەیە تەقینەوە ڕووئەدات و ڕووناکی و گەرما و دەنگ و گوشار بەدی ئەهێنێ. توانای هێسنی تەقینەوە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە یەک یان چەند هێسن دروست کرابێ. ع مادة متفجرة N eksplosiv د مواد منفجرە.
⇦ **دژوەستاو:** reactive ئاوەڵناو بەرپەرچ دەرەوە، وەلأم دەرەوە. ع متفاعل N reaktive د انفعالی.




**تەقەن:** ooze جیۆلۆجی ناو گەنکاو، گەناو، زەلکاو، شوێنی پڕ قوڕ و لیتە. ع الناز N oser د لجنزار.



**تەقیلە:** ناو کڵاوی لە پەڕۆ ودەزوی بێ لێوار، ئارەخ چن. ع قلنسوة

kalott N د عرقچِین.





**تەقیلە لەسەر تەقیلە:** گەمە ناوە بۆ یارییەکی ناو هۆڵ و دیوەخان، چەند کەسێک بەگردی دادەنیشن، وەستاکەیان لەو کاتەدا دەڵێ: تەقیلە لەسەر تەقیلە، هەر کەس نەیبێ زەلیلە، پشکۆ لەسەر سەبیلە.

**تەکووز:** ئاوەڵناو رێکوپێک، لەبار و بێ کەماسی.

**تەکەڵتوو:** ناو جێگەی رانی سوار لەسەر زین.

**تەکین:** شا کۆپلە ناوی تایبەت ئالپ تەکین دامەزرێنەری حوکمداریی تورکی غەزنەویان لە سەدەی دە و یانزەی زاینی کە خۆی لە خوڵامانی دەرباری سامانیەکان بوو.

**تەگە:** ناو نێری، ساورێن، تەجە.





**تەگەر:** La Roue فیلم فیلمی سینەمایی بێدەنگ ١٩٢٣، دەرهێنانی ئەبێل گەنس، کاریگەری شۆڕشگێڕانەی لە مۆنتاژی لەزگر و تەکنیکی ڕووناکیدا هەبوو.








**تەگەرە:** harassment ناو ئازار، وەزەنگ، گەزەند، زیان. ع ازعاج N trakassering د آزار و اذیت.

**تەگەرەکردن:** premonition شێوەزانست چاوگی تێپەڕ دڵخەبەردان، پێشبینی پێشوەخت، پێشبینی ڕووداوی ناخۆش کردن. هەست و دارەتێکی دەروونییە کە زیاتر بە هۆی ترس و بڕوا بە هێزی بانسروشتییەوە، لە کاتی تەنگانە و تەنهاییدا، لای هەندێ کەس بەدی دێ. ع هاجس N forutanelse د فکر قبلی.

**تەگەرە:** obstacle ناو کۆسپ، لەمپەر. ع عقبة N hindring د مانع.

**تەگەرەتێخستن:** trouble making چاوگی تێپەڕ چەت لەکارخستن، کۆسپ لەڕێ دانان.

**تەگەرە تێکەوتن:** obstruction چاوگی تێنەپەڕ تێکچوونی کار، چەت تێکەوتن.

**تەل:** wire ناو هێسنێکی باریکی درێژە لە ئاسن یا لە مس یا لە شتی تر دروست ئەکرێ. ع سلک N metalltråd د سیم.

**بێتەل:** wireless ئای تر پەیوەندی بێسیم، بێستۆکی بێتەل، دەزگا یان

ئامێرێک کە بۆ پەیوەندی {تەل} بەکار نەهێنێ.





**تەلاری مارسان:** Pavillon de Marsan کۆشک مێژوو بووبەر ١٨ی برۆمێر لە کۆشکی تویلێری لە سەردەمی پاشایەتیی لویی هەژدەدا بنکەی کۆنت دارتوا Comte d'Artois بوو، کە ساڵی ١٨٢٤ بوو بە پادشای فەرانسە. لەم خولەدا کە خولی نۆژەنقانی بوو، لە ناو لۆژێتمیستەکاندا ناکۆکیی تاکتیکی بەدی هات. لویی هەژدە و قەلیل Villèle، سەرۆکوەزیرانی ئەو کاتە، لایەنگری ئەوە بوون کە چالاکیی کۆنەپەرستانە بە پارێزێکی زیاترەوە ئەنجام بدرێ، بەڵام کۆنت دارتوا و پۆلینیاک وەزیری دەرەوە گوێیان لە ڕۆژەڤی فەرانسە نەبوو و ئەیانویست سیستەمی پێش شۆڕشی بۆرژوازی فەرانسە زیندوو بکەنەوە.





**تەلاس:** extravagance ناو زیادەڕەوی، سەرچڵی، هەڵەخەرجی. ع الإسراف N ekstravaganse د اسراف.

**تەلان:** top of mountain جوگرافیا ناو بەندەن، بەرزایی کێو. ع قمة

الجبل N fjelltopp د ستێغ کوە.





**تەلبڕ:** bolt cutters ناو گازێکی دەسکدرێژی ددانە بەھێزە بۆ بڕینی تەل و تەلی ئەستوور و تەنانەت قوڵفەی قفڵ و سیم بۆکسێل بە کار ئەھێنرێ؛ زۆر ئەندازە و جۆری جیاوازی ھەیە، وەکوو: ڕاستبڕ، گۆشەبڕ، دوێردبڕ، پێچبڕ، خێرابڕ، پتەوبڕ، بنبڕ. ع قاطع التَرباس N bolt kutter د سیم چین.





**تەلەپاسی:** telepathy شێوەزانست دەروونناسی پەیوەندی بە بیر، پەیوەندی گریمانەیی بیر و ئەندێشەکان لە ڕێگەی ھەستی تا ئێستە نەناسراوەوە. ع تخاطر، اتصال عقل آخر N telepati د تلەپاتی. ⇦ **ھەست ١:**

sense دەروونناسی ھەستەوەری تێگەیشتن ھۆشە یا ھشەک، لێھاتوویەکی فیزیۆلۆژیاییە لە ئۆرگانەکاندا کە دراوەگەلی پێویست ئەخاتە بەردەستیان بۆ ئەوەی بە دەوروبەری خۆیان بزانن. ع حاسة N føle د احساس، مفھوم. ◀ **ئەوھەستانەی لە کۆنەوە ناسراون:** بینایی، ژنەوایی، چێژایی، بۆنایی، ساوایی. جیا لە ٥ ھەستی سەرەکی تا ئێستە زیاتر لە ٥٠ ھەست ناسراوە، وەکوو ھەستە دەروونییەکان وەک برسێتی، ھەستی ھاندەر

وەک هەستی کێشەری سیپەلاک بۆ چالاکی سییەکان و هەناسەدان، کێشەری ماسوولکەیی بۆ دەرهاویشتنی گازی ڕیخۆڵە. هەندێ هەست هەیە کە ئەندامی لەش هەستی پێناکات، وەکوو تێگەیشتن لە کات، یان هەستی کار و کاردانەوە بە تێگەیشتنی خۆبەخۆ.

**هەست:** [٢] feeling دۆخێکی سۆزداری یان کاردانەوەیەک؛ بیرۆکە یان باوەڕێک، بە تایبەت بیرۆکەیەکی ناڕوون یان ناڕێزانە.

: هەست بە تاوان. : هەست بە شادی. : هەست بە دووری.




**تەلەفۆنی گوللە:** bullet phone تێکنۆلۆژی پەیوەندی مۆبایلی فیشەک، کەمترین ڕێژەی ئاسنەواڵەی تێدا بەکار هێنراوە بۆ ئەوەی کاتی پشکنین خۆیا نەکات. ع هاتف رصاصة N bullet telefon د تلفن گلوله ای.



**تەلەکەنیسس:** Telekinesis شێوەزانست پاراساپکۆلۆجی ناو یان Telekinetic یان سایکۆکەنیسس، توانایەکی گرمانەیی جووڵاندنە بە بیر، جووڵاندنی

شتەکان بە توانای بیر، یان جووڵاندن بە توانایەکی گیانی کە ڕێگە بە کەس ئەدا بەبێ بەکارهێنانی جەستە کار بکاتە سەر سیستەمێکی فیزیکی یان بیجووڵێنێ. دریژە تەلەپاتی توانای خوێندنەوەی ئەندێشەی کەسێکە، بەڵام تەلەکەنیسس توانای جووڵاندنی شمەکە بە هێزێکی دەروونی N Telekinesis ع تحریک عقلِي د دووردجنبی. ⇦ **تەلەپاسی:** telepathy پەیوەندی بە بیر.












**تەلیس بەسەر:** هێمایەر ناو ئاوەڵناو بە خازەڵۆک و گەدا ئەوترێ کە لەبری کڵاو و عابا پارچە تەلیسێک ئەدەن بە سەر و شانیاندا، بە کەسانی مایەپووچ و هیچنەدار ئەوترێ. ⇦ **تەلیس لەبەر:** مێرلین مۆنرۆ Marilyn Monroe، گەشترین بزە و گەرمترین و سەرنجڕاکێشترین ژنی هەموو چاخەکان، لە لایەن پەیامنێرێکەوە ڕەخنەی لێگیرا، ئەگەر ئەو جلە سێکسیانە لەبەر نەکات ئەوەندەش جوان نییە. ئەویش بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ هەرچی لەبەر بکات هەر جوانە، تەلیسی پەتاتە و گەنییەی شەکر و فەردەی ئاردی کرد بە جل و پیشانی لەو کاتە جوانترە، جلی گرانبایی لەبەر ئەکرد... ئەوەش تەلیس بەسەر و، ئەممەش تەلیس لەبەرا!






**تەلیسکۆپی ئاسمانی هەبڵ:** Hubble Space Telescope (کورتکراوە: HST) یەکەم تەلیسکۆپی ئاسمانییە بە دەوری گۆی زەویدا ئەخولێتەوە و، ڕوونترین و باشترین وێنەی گەردونی پێشکەش بە گەردووناسان کردووە. پێشتر زاناکان لەسەر زەوییەوە و لە ڕێگەی تەلیسکۆپەکانی سەر زەوییەوە نەیان ئەتوانی وێنەیەکی ڕوون و ئاشکرای گەردوونیان دەستبکەوێت چونکە بەرگەهەوای سەر زەوی پڕ لە تەپوتۆز و خۆڵە و ڕێگر بوو لە بەردەم دەرئەنجامەکانیاندا.

◁ کارەکانی ئەم پرۆژەیە ساڵی ١٩٧٧ دەستی پێکرد و لە ئاپریلی ساڵی ١٩٩٠ ڕەوانەی بۆشایی ئاسمان کرا. ناوی ئەم پرۆژەیە بە شانازی گەردووناسی بەناوبانگ ئێدوین هابل Edwin Hubble ناونرا. وێنە نێردراوەکانی ئەم دووربینە یارمەتی گەردووناسانی دا بۆ تێگەشتنی زیاتری ڕاستییەکانی گەردوون و دۆزینەوەی زۆرێک لە نهێنی و نەزانراوە گەردوونییەکان و دەستنیشانکردنی تەمەنی زەوی بە دروستی کە بریتییە لە ١٣٫٧ بلیۆن ساڵ. ع مقراب هابل الفضائِ N Hubble-teleskopet د تلسکوپِ فضایِ هابل.






**تەلەسم:** talisman شێوەزانست ناو بارەبەزەن، دەمبەست، چاوبەست، بە هەر دیاردەیەک ئەوترێ دەسەڵات و هێزێکی بەنامی ئایینی یان جادوویی لە پشتی بێ، کە بۆ پاراستن، چاککردنەوە، یان ئازارگەیاندن بە کەسانێک دروست کراوە. کەسان تەلەسم لەبەر ئەکەن یان ئەیکەنە

مل، وەکوو کراسی چاوەزار و ئەبوودوجانە. ع طلسم N talisman
د طلسم ن:
له سنگت داوە تەلەســـم و گەوهەر
بـێ دەسـتەڵاتم بەنـدەی خـۆڵ بەسـەر
سەعید و میر سێوەدین ـ ل. ٣٦




**تەلەسماوی :** riveting ئاوەڵناو ناوی چاوگ سەرقاڵکەر، سەرنجڕاکێش، سەرسووڕێنەر. ع سحري N nagler د طلسم گونە.

**تەلاش :** sliver ناو قاش، මووره، چقڵ، تەخشک، تەڵش، باریکە، تیکە، لەت، کوت، ورکە، تاشراو. ع شق، قطعة {من الجبن} N sliver د
برش. ☜ تەڵەزم



**تەڵبێژ :** abstract ئاوەڵناو ڕازبەر، ئەبستراکت، لێدابراو، جیاکار، جیاواز. ع
تجريدي N abstrakt د انتزاعی، منتزع. ⇦ ڕووتاندن : abstraction



**تەڵبێژی:** abstractionism بیرسا ناو تەڵبێژگەری، ڕووتاندن، بۆچوونێکە کە بە هۆیەوە ئەندێشە هەموو یان بەشێک لە چەمکەکانی خۆی بە دابڕاوی لەو چەمکانەی کە هەیبووە یان لە ڕێگەی ئەزموونەوە بەدەست ئەهێنێ. بۆ نموونە ئەتوانرێ «سەوز» لە کۆمەڵەی ئەو ئەزموونانەی کە ڕەنگی سەوزیان بە تایبەتمەندی تروە پاراستووە، دەربهاوێژرێ.
ع التجريدية N abstraksjonisme د انتزاع گرایی.










**تەڵە:** snare ناو داو، تەپکە، جاڵ، گیر، بەند، هێچکان. ع فخ، کمین N skarptromme د دام، تلە.

ن: ئەو نێچیرەی خۆی لە تەڵە دەرباز ئەکات، مەرج نییە ڕاستەوخۆ بچێتە گیانی ڕاوچییەکە.






**تەڵەزم:** splinter ناو پارچەی تەنکی تیژی دڕنی دڕنی لە دار و بەرد و شووشە و ئاسن. ع نجارة N spon د تراشە E shrapnel, shavings. ☜ تریشک






**تەڵەکەباز:** devious دەسبڕ ناوی لێکدراو شێوازی بەکارهێنانی تاکتیکی فێڵبازانە و زیرەکانە بۆ گەیشتن بە ئامانج N utspekulert ع مخادع د فریبکار.

**تەما:** desire, will nn ناو مەبەست، ویست، هیوا، چاوەڕوانی. ع الرغبة، الإرادة N ønske, vilje د تصمیم. ← بەتەما: چاوەنواڕ. ← تەمایەر: چاوەڕوان.

**تەمار:❶** aorta ناو شاڕەگ، شادەمار، دەمار، شاخوێنبەر. ع شریان أورطي N aorta د شاهرگ.

**تەمار:❷** fiction ویژە ناو ویژەی دەق، وەکوو کورتەچیرۆک و ڕۆمان کە ڕووداو و کەسانی تەمار پیشان ئەدا. ع خيالي N Skjønnlitteratur د خیالی. ← **وەرمەزانست:** Science Fiction ناوی لێکدراو یان Si ـ Fi ڕۆمان و فیلم و کاری هونەری تەماراوی و ئەندێشەیی لەسەر بناغەی زانستی یان تەکنەلۆجی پێشکەوتوو. ع الخيال العلمي N Science Fiction د علمی تخیلی.

**تەمار:❸** notion ناو قەرەنتو، تارمایی، تاپۆ، شەبەنگ. ع خيال، تصور N fantasi د تصور، شبح.










**تەمار:**[٣] thought ناو تارمایی بەرچاو، تارمایی بەرچاو، ڕەشایی بەرچاو، پندار، هۆن، گومان. ⟵ **قەرەنتو:** notion ناو تەمار، تارمایی، تاپۆ، شەبەنگ.



**تەماکۆ:** tobacco گیاشێرییەنجە ئالۆودەکەر ناو هەمان توونە، بەڵام واتای توونی نێرگەلەی لێ وەرگیراوە. د تنباکو. ⟵ **توتن:** گەڵای گیایەکی ئەمریکاییە تەژی نیکۆتینە، لە تەرە ئەدرێ و هەڵئەخرێ و خۆشە ئەکرێ و، بە پێچراوەیی و بە قەنە و سەبیلە ئەکێشرێ. ع التبغ N tobakk
د تنباکو.



**تەمالیس:** خۆراک ناو خواردنێکی مەکسیکی لە گۆشتی خەوێنراو، لە هەویرێکی ئاردەشامیدا پێچراوەتەوە، پێشێنراوە یان لەناو توێکڵی گەنمەشامیدا کولێنراوە.

⟵ ئاردە شامی: ئاردی گەنمەشامی. ☜ پیشاندن



**تەماڵ:** ناو هەڵنانی نێچیر، دۆزینەوەی کەروێشک لە لانیدا. ⇐ **هەڵنان:**
چاوگی تێنەپەڕ نانەوە، لەبەرچاوگرتن بۆ مەبەستێکی تایبەت. ⇐ **نانەوە:**
چاوگی تێنەپەڕ دۆزینەوە و بنەکردنی شتێک لە شوێنێک بۆ دزین.

**تەماوی:** evasive ئاوەڵناو ڕازاوی، لێڵ و ناڕوون، خۆدزینەوانە، بەخۆدزینەوە، بەخۆگێل کردنەوە، کەسێکی تەمومژاوی کە نایەوێ هەناو و مەبەستی خۆی بنوێنێ. ع مراوغ، غير شفاف N unnvikende د گریزان، طفرەآمیز.

: بە ئاشکرا خۆی دەدزییەوە. : وەڵامەکەی بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش تەماوی بوو. : پلانەکەیان هیچ ڕوون نەبوو.

**تەمتەمان:** rocky جیۆلۆجی ناو دەقل، زەوی ڕەق، زەوی پڕ لە بەرد. ع صخري N steinete د سنگلاخ.

**تەمر:** tamarisk ناو گەز، گەزۆ، دەوەن و دارەکەشی هەیە. ع الطرفاء د گز.





**تەمراندن:** چاوگی تێپەڕ داپۆشین لە بن خاکدا.

**تەم و توون:** ناوی لێکدراو بە دوو کەسی بە پەلە کار کردن.

**تەموژاوی:** vague ئاوەڵناوی لێکدراو نادیار، تەماوی، تەمومژاوی، ناڕوون. ع غامض N uklar د مبهم.

**تەموورەدان:** ❶ crowd چاوگی تێنەپەڕ تەموورەبەستن، کۆبوونەوە و سەر بە یەکا کردن، وەک تەموورەدانی ماسی fish crowd لەناو گۆمی ئاودا.

ع حشد N publikum د ازدحام.

ن: لە گۆمی ئێڵخ بە هەزاران ماسی تەمووورەیان دابوو.

تێبینی: گۆم هەم زرێبارە و هەم شوێنی قووڵ و تایبەتی مەلەکردن لە چەمدا، وەکو گۆمی ئێڵخ، گۆمی زەناو، گۆمە هەرزن، گۆمەشین، گۆمەتەنووران، گۆمەفیلاو.

**تەمووورەدان:** ❷ چاوگی تێنەپەڕ هێمایی تەنگ پێ هەڵچنین، گوشار بۆهێنان، گەمارۆدان، ئابلۆقەدان.

ن: وەها تەمووورەیان دابوو نەی ئەتوانی پەل ببزێوێ.




**تەمەرە:** ❶ calamity ناو پەتەر، گرگاشە، ئاسێو، کارەسات، نسکۆ. ع مصيبة N ulykke د فاجعە E rampant.

**تەمەرە:** ❷ damaged ناوی چاوگ زەبرلێدران، زەبر بەرکەوتن (وەک بە هۆی وەرزشەوە).

**تەمەرەبار:** cataclysmic ئاوەڵناو کارەساتبار، کارەساتاوی، پەتوەندیدار بە تەمەرە و کارەساتێکی مەزنەوە. ع کارثي N kataklysmisk د فاجعە آمیز.

**تەمەڵ:** lazy ئاوەڵناو لەشگران، تەپ، تەوەزەل، تەنپەروەر، سست. ع کسول، خامل N lat د تنبل.

**تەمەڵی:** laziness ناوی چاوگ لەشگرانی، تەوەزەلی، تەپی، لەشقورسی و

تەوەزەلیی گیاندار. [ع] الکسل [N] latskap [د] تنبلی.

**تەناف:** Rope فیلم فیلمی ئەمریکایی هەژێنەری سایکۆ ـ تاوان، هیی ساڵی ١٩٢٩، دەرهێنانی هیچکاک، ژێوەرگیراو لە شانۆی پاتریک هامیلتۆن.







**تەنافباز:** funambulist ناوی‌فەرمان کەسێک کە لە سەر گوریس دەلەیزێ و یاری ئەکات؛ هێمایر کەسێک کە ناترسێ و خۆی ئەخاتە مەترسییەوە؛ هێمایر کەسی بە پێچەوانە. [ع] بهلوان [N] funambulist [د] بند باز.










**تەنانی:** ناوی‌چاوگ جەستەیی. ⇐ تەن: جەستە.

**تەناهی:** order ناوی‌چاوگ هۆنە، ئاسایش، ئاسوودەیی، ئارامشت، ئارامیی، تەکووز. [ع] نظم [N] rekkefølge [د] نظم.

**تەناهی لە ئاژاوە:** Order of Chaos ئایینناسی بە گوێرەی پەرتووکی پیرۆزی کۆن و نوێی فەلە؛ یەکەم «ئەو» خۆی نووسەری چارەنووسە، تەناهی لە ئاژاوە بەدی هێناوە، هاوزادی ئێمەی لە گۆشت و پێست

بەدی هێناوە ☜ ئینجیلی جەیمز ١: ١٧ـ١٨.

**تەنایی:** loneliness ناوی چاوگ تەنهایی، گۆشەگیری، خەڵوە. ع الشعور بالوحدة N ensomhet د خلوت، تنهایی.

**تەنتوور:** tincture دەرمان ناو دەرمانێکە لە تێکەڵەی وەرگیراوی گیایی یان ئاژەڵی کە لەگەڵ ئەلکول لێکدرابێ.






**تەنتووری گوڵەپژمین:** tincture of arnica دەرمان دەرمانێکی ئانتی بیۆتیکە لە ئارنیکا و ئەلکول، بۆ گەماربەری سوودی لێوەرئەگیرێ.








**تەنتووریۆد:** Tincture of iodine دەرمان گەماربەری ناو گەماربەرێکە لە یۆد و پۆتاسیۆم، بۆ خاوێنکردنەوەی برین و لە نەشتەرگەریش سوودی لێ وەرئەگیرێ.

**تەنراو:** woven هۆنین چنراو، هۆنراو، تەونکراو، ڕێستراو. ع المنسوجة

N vevd د بافتە شدە. ن: ... تا نەڕوات، نازانی چۆن تەنراوە بە لەشتەوە! هێمایر واتە چۆن دادووراوە بە لەشتەوە.

**تەنین:** weave هۆنین چنین، هۆنینەوە، ڕستن، تەونکردن. ع نسج N veve د بافتن.

**تەنزە:** satyriasis دەروونناسی نەخۆشی چەشتەی سێکس، هایپرسێکسوالیتی، پیاوێک لە سێکس تێر نەخوات، توانای جنسی لە هەندێ کەسدا ئەوەندە زۆرە، کە فشاریان بۆ ئەهێنێ و ژیانی ئاساییان تووشی کێشە ئەکات. ع الشبق المفرط N Hyperseksualitet د بیش فعالی جنسی.










**تەنک:** thin, sheer ئاوەڵناو هێمایر کەمبەرگە. ع رقیقة N tynn د تنک.

تێبینی: sheer وشەیەکی فرەواتایە، هەم ناوە و هەم ئاوەڵناو و هەم ئاوەڵکار:

- ناو ١ لادان (کتوپڕی)
- ئاوەڵناو ١ تەواو، ڕەبەق، بێئەملاوئەولا، پەتی
  ٢ ناسک، تەنک، ڕووتەنک، ئەودیودیار، ڕوون، تۆڕی
  ٣ ڕاست، ئەستوونی، هەڵدێر
- ئاوەڵکار ١ دارماڵ، بەتەواوەتی

**تەنک:** thin, shallow ئاوەڵناو

⇚ **تەنکاو:** shallow stream ناو

⇚ **تەنکە:** thinning, thin place ناو

⇚ **تەنکەکردن:** thin out seed_bed

⇚ **خستنە تەنکەی گیرفان:** put safely away in pocket

⇚ **تەنکربوار:** shallow ford ناو

⇚ **تەنک و تیواڵ:** very thin ئاوەڵناو

**تەنگانە:** ordeal ناو تاقیکردنەوەی سەخت و دژوار. ع محنة N prøvelse د مصیبت.

**تەنگز:** whitethorn ڕووەک ناو چاڵووک، دارێکی باڵا کورتی دڕکاوییە، بەرێکی هەیە وەک چواڵە، بەڵام تاڵە و بۆ خواردن ئەبێ خۆشە بکرێ. ع شوکة بیضاء N grønn tornbusk د سفید خار.



**تەنگزە:** نەخۆشی نەخۆشی ئاژاڵ ئەیدا لە دەم و لچ و گوانی بزن.

**تەنگژە:** snag ناو تەنگانە، تەنگاهی، تەنگەبەری، دارەت و هەلومەرجی دژوار و ناخۆش. ع عقبة N hake د تنگنا.

**تەنگە:**❶ ناو دۆڵی قووڵ و ئاستەم: تەنگەی گرژاڵ لە ناوچەی سەردەشت.

**تەنگە:**❷ ناو جێگەی تەسکبوونەوەی زەریا.

**تەنگە:**❸ ناو کەرەستە کەمەربەندی یەکسم.

**تەنگە:** ٤ ناو بریتی لە سکی زل.



**تەنگەباریک:** horse slender ئاوەڵناوی لێکدراو ئەسپی نێوقەدباریک. ع مرهفه N slank hest د اسب کمر باریک.

**تەنگەبەر:** flaskehals ناوی لێکدراو هەرشوێنێکی تەنگ و ناگوشاد، ڕێگەی باریک. ع مضیق N bottleneck د راه باریک.

**تەنۆکەی ژێرگەردیلەیی:** Subatomic particle لە فیزیکدا تەنۆکەیەکە لە گەردیلە بچووکترە. بەپێی مۆدێلی ستاندارەی فیزیکی تەنۆکەیی، تەنۆکەی ژێرگەردیلەیی ئەکرێت تەنۆکەیەکی پێکهاتوو، کە لە تەنۆکەکانی تر پێک هاتووە {بۆ نموونە، پرۆتۆن، نیوترۆن، یان مێزۆن}، یان تەنۆکەیەکی سەرەتایی بێت، کە لە تەنۆکەی تر پێک نەهاتووە {بۆ نموونە، ئەلێکترۆن، فۆتۆن، یان میوون}. فیزیکی تەنۆکەیی و فیزیکی ناوکی لێکۆڵینەوە لەم تەنۆکانە و چۆنێتیی کارلێککردنیان دەکەن. ع جسیم دون ذري N subatomar partikel د ذرات زیراتمی.



**تەنوورەکێشان :** tornado کەشناسی چاوگی تێنەپەڕ لوول و پێچ خواردن و بەحەواداچوون. ع إعصار N tornado د گردباد توفان.



**تەنها :** merely ئاوەڵکار تەنیا، بەس، بەتەنێ، بەتەنهایی. ع مُجَرّد، فقط N bare د صرفا، محضا، فقط.

ئەمە تەنها هەوەسی خوێن و ڕێگەدانی ویست و ئەڤانە. ئۆتێللۆ

**تەنها ڕێگەی وازهێنانی هەمیشەیی لە جگەرە (تەنهاڕێگە) :**

The Only Way to Stop Smoking Permanently {ONLY WAY}

نووسینی ئالێن کار، پەرتووکێکی کارامە و پراکتیکە کە تەنها سالأنی سەرەتا ١٣ ملیۆنی لێ فرۆشرا و یارمەتی ملیۆنان کەسی دا.







**تەنەخ:** Tanakh ئاپیبنناسر {بە عیبری:תנ"ך} ناوی عیبری پەرتووکی پیرۆزی جوولەکەیە کە لە لای مەسیحیەکان پێی ئەوترێ تەوراتی عیبری و دوای هەندێ گۆڕانکاری و زیادکردن بە ناوی پەیمانی کۆن خراوەتە ناو ئینجیلی پیرۆز و سێ بەش لەخۆ دەگرێ:

تەورات یان توورا {بە عیبری:תורה} = {فەرمان یان شەریعەت}

نێڤیم {بە عیبری:נביאים} = {پەرتووکی پەیامبەران}

کێتووڤیم {بە عیبری:כתובים} = {نووسراوەکان}

تەناخ لەڕاستیدا لە تێکەڵ کردنی پیتی سەرەتای ئەو سێ وشەیە لە زمانی لاتینیدا درووست بووە. ت، ن، خ.

**تەنەکە:** tin کانزا ناو قاڵایی، کانزایەکی سپی زیوینی نەرمباوە بە ژمارەی ئەتۆمی ٥٠ لە خشتەی خولیدا، کە بە ئاسانی ئۆکسیدە نابێ و دانارزێ. لە زۆربەی داڕشتەکاندا بەکار دێت. بۆ تەندروستی زیانبارە. ⇐ تەنەکە لە کوردیدا وشەیەکی گشتگیرە بۆ زۆر ئالیاژ بەکار هێنراوە. هەم بە تێکەڵەی قاڵایی و ئالۆمینیۆم ئەوترێ، هەم تێکەڵەی ئالۆمینیۆم و لەسەتا یەک مەنگەنز و مەگنیزیۆمە و، هەم زۆر داڕشتەی تریش کە قوتووی پێ ساز کراوە. ع القصدیر N tinn د حلبی. G وەهبی ئەدمۆندز



**تەنیاباڵ:** singl_handed هێماپر ناوی لێکدراو بێ یاریدەدەر و هاوکار، کەسێ کە بێ یاوەر کار یا فرمانێ بەڕێوە بەرێ. ع بید واحدة N alene د دست تنها.

**تەوار:** female eagle بالندە ناو هەڵۆی مێ. گەورەترە لە نێر، ٧ کیلۆیە و باڵەکانی ٢٤٠ سەنتیمەترە، لەکاتێکدا هەڵۆی نێر کەمتر لە ٥ کیلۆ و ١٨٠ سەنتیمەترە. ع أنثى النسر N kvinnelig ørn د عقاب مادە.

↤ **ژیوار:** male eagle بالندە ناو هەڵۆی نێر، بە تایبەت لە بناری بەمۆ لە باشوری پارێزگای هەڵەبجە، لە باشوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ع النسر الذكر N hannørn د عقاب نر.

↤ **تەوار و ژیوار:** female and male eagle. ن:

**تەواری** بەسامی کەژی کوردەواری
بەجوانی دلێر و بەنازی کەنیشکانە تێر و تەیاری
دەسا بەشقی خوا بەس کە تاویٚ
بە کەولەنجە شێت و چەواشەم مەکە
دەمیٚ لێم گەڕیٚ
سەرنجم دەمێکە
زوڵاڵی نەماوی چەپەڵگای هەراسانکەری گەورە شارە
بڵا با لە چاوی گەش و ڕوونی دوو چاوی شینت
کە هەر وەک زرێباری بەر تاووساوی بەیانە
مەلەی دەم!

چاوە






**تەواسان :** sorrow چاوگی تێنەپەڕ [ تاسان ] ئاخداری، دڵساردیی، نائومێدی، دڵزاریی، دڵبەزووخاویی، دڵبەسۆیی، دڵجەخاری، دڵناسۆریی. ع ملل N sorg د ملال.

**تەواڵ :** birds باڵندە ناو باڵندان، مەل، باڵندە بە گشتی؛ تیرەیەک گیانداری بڕبڕەداری هێلکەدانەری خوێنگەرمی خاوەنی پەڕ و باڵ و دەنکووکن و {بە شێوەیەکی گشتی} بە توانای فڕین جیا دەکرێنەوە. ع الطیور N fugler د پرندگان.






**تەواڵە :** ناو کەپری دوو قاتی لای جەنگەڵ و مەرەزە کە گۆخڵ و لێڕەوانی لێ‌ئەبڕێ. {یانەسای تیبۆ بەرگی ٨} لە دەقی فەرەنسییەکە وشەی تەواڵە بە ئاڵمانی نووسراوە: Waldhaus.



**تەوجی:** ناو باربوو، یارمەتیدانی بە کۆمەڵ.

**تەوخ:** ناو چەپەر، کوول، پەنای سەرگیراوی حەوانەوەی پەز. د سەر، جورا.



**تەور:** axe ئامێر ناو تەشوێیەکی دەمپانی پۆڵایە بە گۆشەی شاوڵییەوە بە زۆری بۆ دارشکاندن بەکار ئەهێنرێ. ع فأس N øks د تبر.

**بیور:** hatchet ئامێر ناو بیقر، تەوری بچکۆلانە. ع فأس صغیرة N vedøks د تیشە، تبر کوچک.








**تەوری سەهۆڵ:** Ice axe ناو تەور یان ئامرازێکی فرە مەبەستە بۆ ڕۆیشتن و سەرکەوتن لە لایەن شاخەوانانەوە بەکارئەهێنرێت لە هەردوو سەرکەوتن و دابەزینی ئەو ڕێگایانەی کە بەفر، سەهۆڵ، یان بارودۆخی بەستووی تێدایە ⇦ **سەهۆڵشکێن:** Icehammer ناو چەکوشی سەهۆڵشکێن، چەکوشی نووک تیژی سەهۆڵ شکاندن. ع مطرقة الجليد N Ishammer د چکش یخ.



**تەورات:** Torah ئابیبناسر (بە عیبری תּוֹרָה) مەبەست پێنج پەرتووکی پیرۆزی جوولەکەیە، کە لایان وایە، خوا بە سرووش بۆ مووسای ناردووەتە خوارەوە. تەورات یەکەم بەش لە سێ بەشی «تەنەخ»ـە و پێنج پەرتووکە کە، «پێنجەی مووسا»یشی پێ ئەڵێن:

- **ئافراندن:** בראשית بەرشیت. ع سفرالتكوين N Genesis د پیدایش E Genesis
- **کۆڕەو:** שמות شەموت. ع الخروج N Exodus د خروج E Exodus
- **ڕێسا:** ויקרא ویيقرا. ع لاويين N Tredje Mosebok د لاویان E Leviticus
- **بیابان:** במדבר بامیدبار. ع الارقام N Tall reiser د اعداد E Numbers
- **کارووس:** דברים دواریم. ع تثنية N Deut د تثنیه E Deuteronomy

لە وەرگێڕانی کوردی «پەرتووکی پیرۆز» بریتییە لە دوو بەشی:

پەیمانی کۆن واتە تەنەخ، ٣٩ نووسراوە و
پەیمانی تازە واتە ئینجیل کە ٣٧ نووسراوەیە.

دریژە زانایانی هاوچەرخ پێیان وایە تەورات لە لایەن چەندین نووسەرێکی جیاوازەوە نووسراوە و چەند سەدەیەک دوای ئەو قۆناغەی مووسا تێیدا ژیاوە، لەوانەیە لە سەردەمی مادەکان نووسرابێتن. زۆربەی مێژوونووسان و لێکۆلەران لەسەر ئەوە کۆکن کە تەورات لەسەر بنەمای لانیکەم چوار سەرچاوەی پێش مووسا واتە: سەرچاوەی مینەوی، خودایی، وەهیمی و مەسنەوی نووسراوە. هەروەها چوار پەرتووکی یەکەمی تەورات لە پرۆسەیەکی سەربەخۆ لە پەرتووکی پێنجەم نووسراون.




**تەوزە:** satire ناو حەنەک، تیز، تیتاڵی، تەوس، تەوساوی، گاڵتەپێکردن.
ع هجاء N satire د طنز.

**تەوزێنەر:** creative ئاوەڵناو خەملێنەر، ڕازە، ڕازێنەرەوە، خەملۆوان.

**تەوژم:** pressure ئاوەڵناو گوشار، گوژم، فشار، نهێم، هێزدار، پاڵەپەستۆ.
ع الضغط N press د فشار.

**تەوس:** disparagement, innuendo, satire تەوروبیلار ناو تیز، تانە، لاتاو، تەشەر، تانووت، توانج، تەوس، لقووز، پلار، قسەی بە توێکڵ.
ع الاستخفاف N nedsettende د تحقیر، تشر.

**تەوس تێگرتن:** defame thus.

**تەوسخەند:** sneer تەوەر و پلار ناو فەرمان تیتاڵی، زەردەخەنە و تێڕوانین بە دەراوێکی سووکایەتیپێکردن و گاڵتەجاڕانە. ع سخرية N hån د تمسخر.



**تەوساوی:** sarcastic تەوەر و پلار ئاوەڵناو تەوسامێز، هاویشتنی تانووت و پلار بە مەبەستی گاڵتە پێکردن و سووکایەتی. ع استهزائی N sarkastik د طعنه آمیز.

ن: تا بڵێی تەوساوی و تاوتاو و ڕەشبین بوو. ☜ تاوتاو

**تەوش:** ئاوەڵناو دارەتی نەشیاو ناخۆش، قەڵاش، دەستەوەسان، ڕواڵەت گەمژە و بێکارە.

**تەوڵەکێ:** ڕووەک ناو بنەگیایەکی گوڵ چێرەیی هێشوویە لە پەنا جۆگە و مێرگ ئەڕوێ د اسپرک N reseda E mignonette.



**تەون:** تەنین ناو تۆڕ، ڕایەڵ بەڕە و مافوورە کە بە دارەوە بۆ بۆتەنین، ئەوەی فەرشی لە بان دەچنن.

**تەونی دەزوو:** cat's cradle گۆتە فیشاردەی پشیلە، دەرگووشی پشک، شانەدانی پشیلە. ع مهد القط N kattens vugge د نخبازی.









**تەوەر:** pivot ناو تەوەرە، چەق یان خاڵێکی ناوەندی کە مێکانیزمەکە بە دەوریدا ئەسووڕێ یان سەنگەلا ئەکات. E axis.

**سووڕانەوە:** pivoting ناوەفەرمان سووڕانەوە گردی تەوەر یان چەق یان ناوەند یان گرێجەنە. ع التمحور N svingbare د چرخیدن.






**تەوەرە ❶:** rampant ئاوەڵناو دەرد و لێقەومان، تەمەرە.

**تەوەرە ❷:** ناو خڕ و گرۆقەرێک کە بەرداش لەسەری ئەگەڕێ.

**تەوەرە ❸:** ناو ئاژاوە، پشێوی.

**تەوەرەیی:** pivotal ئاوەڵناو تەوەری، بنەرەتی، کاریگەر، شتێک کە گرنگی یەکلاکەرەوەی هەیە لە پەیوەندی لەگەڵ گەشەکردن یان سەرکەوتنی شتێکی تردا. ع محوري N avgjørende د محوری.

**تەوەزەل:** indolent ئاوەڵناو تەمەڵ، لەش گران. ع کسول N lat د تنبل.

**تەوەش:** vulgar ئاوەڵناو قەلاش، بێنرخ، بێفەڕ، پڕوپووچ ع N د مبتذل.

**تەوەشی:** vulgarity ناوی چاوگ. ع الابتذال N vulgaritet د ابتذال.

**تەوەق:** نەخۆشی نەخۆشیەکی ڕەشەوڵاخ.

**تەوەنە:** ناو کۆمەڵە.

**تەوەنەدان:** چاوگی تێپەڕ کۆمەڵەدان، تەمووڕەدان.

**تەیار:** ❶ ready ئاوەڵناو ئامادە، ساز و ئامادە بۆ کار و گەشت. ع مستعد N klar د حاضر.

**تەیار:** ❷ ready ئاوەڵناو کۆک و دڵخۆش و دارا. ع مریح N komfortabel د ڕاحت.

**تەیجە:** Basket ناو سەوەتە، قرتاڵە، دەفری لە توول تەنراو N Kurv ع سلة د سبد.



**تەیس:** shine ئاوەڵناو شەماڵە، بڵێسە، ڕیسکە، گرشە، کڵپە، گڕە، سۆڵە، درەوشانەوە. ع لمعان N skinne د درخشش E shimmering.



**تەیسان:** radiant ئاوەڵناو تەیسین، درەوشاوە، بریسکەدار، پرشنگدار. ع مشع N strålende د درخشندە.







**تەیلەسان:** Tallit: Prayer Shawl ئابیینناسی ناو شاڵی سەرشانی کاتی نوێژکردنی جوولەکە.

**تێفلیان:** Tefillin: Phylacteries ئابیینناسی ناو قوتوویەکی بچکۆلانەیە پیاوانی جوولەکە کاتی نوێژی بەیانی وەک بیرهێنەرەوە ئەیبەستن بە تەوێڵ و ساقۆڵیانەوە.

**کیپا:** Kippah: Head Covering ئابیینناسی ناو تەقیلەیەکی بچکۆلانەیە پیاوانی جوولەکە کاتی نوێژ ئەینێن بە تەپڵەسەریانەوە؛ ژنانیش لە هەندێ بۆنەدا بۆیان هەیە لە سەری بکەن.





**تەیمان:** wattle fence ناو تیتانۆکە، پەرژینی بە دار و شووڵ، کە هەندێ جار سواخیش ئەدرێ. ع حاجز مشبک N wattle gjerde د

حصار ترکە. G وەهبی ئەدمۆندز

**پەردە تەیمان:** screen, paravan کەلوپەل ناو پاراڤان، پەردەیەکی گەورە و ئەستوور لە ناو ژوورێکدا هەڵیئەواسن بۆ جیاکردنەوە و کردنی بە دوو بەش. تەیمانی پلاستیک یان کووتاڵی ئەستوور. ع الشاشة N skjerm د پاراوان.

**تاتە:** ناو چەپەری لە چیلکە دروستکراو بۆ کۆکردنەوەی بەروو، کە کاتی زستان ئەدرێ بە ئاژەڵ.



**تەیموور:** Timur مێژوو شا تەیمووری گوورکانی یان تەیمووری شەل، سەدەی چواردەی زاینی، لە تەتەرەکانی ئوزبەکستانە بەڵام هەوڵی داوە کۆڵکەی خۆی بباتەوە سەر چەنگیزی مەغوول، توانی دەسەڵاتی خۆی بە کوشتوبڕ بەسەر ناوچەیەکی هەرە گەورەی ئاسیادا بسەپێنێ و حکوومەتی گوورکانیەکان دابمەزرێنێ کە لە ساڵی ١٣٧٠ تا ١٥٠٦ زاینی دەسەڵاتیان بەدەست بوو.





**تێبەی:** Thebais یان Thebaid مێژوو جوگرافیا مەڵبەندێک بووە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی میسری کۆن، لە نزیکی قاهیرە و جیزە، ئێستە پێی ئەڵێن Thebes یان بە عەرەبی «طيبة».










**تێبین:** discern ئاوەڵناو چاوکراوە، نازکبین، باریکبین، تیژبین، ورد، وردبین، تێگەیشتوو، بەسەرنج، کەسێکی زۆر هەستیار و چاوکراوە سەبارەت بە ڕێکی و وردەکاری. ع مدرک، شديد الإنتباه N kresen د بصير، باریک بین E subtle, fastidious.

**تێبینی:** footnote ناو ڕوونکردنەوەی بن لاپەڕە. ع حاشية N fotnote د پاورقی. ⇦ **پەراوێز:** margin ناو فەرمان نووسراو و ڕوونکردنەوەی پەراوێزی؛ لێوار یان سنووری شتێک. ع هامش N margin د حاشیه.
⇦ **تێبینی: پەراوێز**

**تێبینی ڕەش:** blackmark دامودەزگا ئادیننامە ئاماژەدان بە لاساری و گوێنەدان و ڕانەپەڕاندنی ئەرک و ئادیننامە لە لایەن فەرمانبەرێکەوە کە لە پەروەندەی خزمەتیدا ئەمێنێتەوە. ع علامة سوداء N svartemerke د خال سیاه. ⇦ **ئادیننامە:** regulations کارگێڕی ناوی لێکدراو پێودان، ئایینامە، شێوازی کار و کۆمەڵەی ئەو فێرکارییانەی لە لایەن دەزگایەکی فەرمی دەسەڵات یان دامەزراوێکی شارستانییەوە بۆ بەڕێوەبردنی یەکەیەکی ڕامیاری یان ئابووری یان کۆمەڵایەتی یان... N Forskrift ع القواعد د آئین نامە.

**تێترنجان:** plunge فەرمان ناوی لێکدراو هەڵدانە ناو، تێترنجاندن، تێفڕێدان، تێهاویشتن، تێخستن، تیاخولاندنەوە. ع یغرق، قفز الی ... N stupe د فروبردن، غوطەور ساختن.

🗨: هەر ئەوەندەی بگەمەماڵەوە، ڕوومەتم ئەترنجێنمە ناو مەمکە ناوازەکانت:

When I got home, I plunge my face between your perfect breasts.




**تێربوونی واتایی:** satiation semantic دەروونناسی دیاردەیەکی

دەروونناسییە کە پاتەبوونەوە ئەبێتە هۆی ئەوەی وشە یان دەستەواژەیەک بۆ بیسەر، کە لە دوای وتارێک وەکوو هەندێ وشەی بێواتا پاتەی ئەکاتەوە، بۆ ماوەیەکی کاتی واتای خۆیان لەدەست بدەن. تۆژینەوە یان لێکۆڵینەوەی بەربڵاویش لەبری پاتەکردنەوە، هەمان کاریگەری ئەبەخشێ.






**تێرپسیکۆر:** Terpsichore میسۆلۆجی موزیک لە میسۆلۆجی یۆنانیدا، ماخوای بەستە و سەما و ژەندنی فلووتە. یەکێک لە میوزەکان و ڕەنگە بەناوباگترینیان بێ، چونکە ناوی وەکوو ئاوەڵناوی تێرپسیکۆریەن terpsichorean (سەمایی و سەماگەری) چووەتە ناو ئینگلیزی گشتییەوە. ☜ میوزەکان.









**تێرنۆف:** Terre-Neuve یان Newfoundland جوگرافیا ناوی جێگا دوورگەیەکی گەورەیە لە بەری ڕۆژهەڵاتی کەنەدا، لە نزیک سەرچاوەی چەمی سەنت لاورێنس.




**تێرنێر :** Joseph Mallord William Turner شێوەکار {١٧٧٥ـ١٨٥١} جۆزێف مالۆرد تێرنێر، وێنەگەری ئنگلیزی، بە کەسێک دائەنرێ کە هونەری بەرجەوەن کێشانی گەشە پێدا.






**تێرۆریست :** terrorist ئاوانکار ناو ئاوەڵناو کەس یان دەستەیەک کە بۆ گەیشتن بە ئارمانجێکی ڕامیاری لە توندوتیژی و تۆقاندن سوود وەرئەگرن. ع ارهابي N Terrorist د تروریست.

**تێروتەسڵ :** detailed ئاوەڵناو هەمەلایەنە و بە دووردرێژی و وردەکارییەوە N detaljert ع د مفصل.

**تێری :** saturation کیمیا ناوی چاوگ تێربوون، پڕی، پلەی تێری یان خووساوی، ئەو دارەتەی کە ئیتر هیچ شتێک ڕێگەی وەرگیران و توانەوەی نەماوە. ع التشبع N metning د اشباع. ☜




**تێڕامان:** meditation دارەت ناو بە قووڵی بیرکردنەوە لە بێدەنگی یان بە یارمەتی دروشم بۆ ماوەیەکی باش، وەک شێوازێک بۆ ئارامشی ئەندێشە.

**تێز و ئانتی تێز و سەنتێز:** Thesis and antithesis and synthesis زانست کۆمەڵناسی پێناسە و پەیوەندی نێوان ئەم سێ وژەیە واتە شێوازی دیالکتیکی، بەو شێوەیە کە:

- **تێز ڕۆژەڤی هەبووە و،**
- **ئەم ڕۆژەڤە لە دەروونی خۆیدا ئانتی تێزێک لە دژی خۆی بەدی ئەهێنێ و،**
- **لە ئەنجامی ململانێی تێز و ئانتی تێز، ڕۆژەڤی هەبوو لە ناو ئەچێ و سەنتێزێک دێتە ئاراوە کە ڕۆژەڤی سەلماو واتە ڕاستەقینەیە.**
- **ئەم دارەتە تازەیە نە تێزە و نە ئانتی تێز، بەڵکوو سەنتێز و دۆخێکی گەشەکردووترە لە قۆناغی پێش خۆی.**



**تێژا :** István Tisza رامیار (١٨٦١ـ١٩١٨) ئیستڤان تێژا، ڕامیار و سەرۆکوەزیری هەنگاریا لە ١٩١٣ تا ١٩١٧ ⇦ هەنگاریا تا بەر لە جەنگی جیهانی یەکەم، هەرچەند لە پراکتیکدا بندەستەی ئۆستریا بوو، بەڵام لەگەڵ ئەم وڵاتەدا دەوڵەتێکی یەکگرتوویان بەدی ئەهێنا.







**تێسێرەکت :** tesseract ئەندازە یان شەشپاڵووی چوارڕەهەند. لە ئەندازەدا، بە هاوتای چوار ڕەهەندیی شەشپاڵوو دەوترێت، بە دەستەواژەیەکی تر تێسێرەکت بەرزەشەشپاڵوویەکی چوارڕەهەندییە. ع تسراکت N tesseract د تسراکت.









**تێشتەر :** ڕۆژنامە میسۆلۆجی ناو مانگی خۆشی کەڕ و دەشتە، بەوتای ئێزەدی باران بۆ نزا و بەخشایشی ئاوە لەم مانگەدا؛ ناوی فریشتەیەکە بە سواری ئەسپانی ڕاسپاردە، چارە و چاکەی ڕۆژی تێشتەر لە ئەستۆی ئەوە. پاسەوانی بارانە و وتراوە هەر کات تێشتەر لە ئاسمان دەربکەوێ و بدرەوشێتەوە مژدەی بارانی پێیە. چامەی تێشتەر لە ئاوێستا پەسنی فریشتەی وارانە؛ لەدایکبوانی تێشتەر زوو لە شت ئەگەن و ئەوینداری مناڵ و خێزانن، هەستیار و بەدفرەن، پارێزکار و تۆڵەئەستێنن؛ ناوی

ڕۆژی سیانزەی هەر مانگێکی خوردشیدییە، ناوی مانگی چوارەمی ساڵی خورشیدییە، لەو ماوەیەدا هەتاو وا لە کەلووی قرژاڵ cancer دا، یەکەم مانگی هاوینە، تێشتەرگان جەژنی ڕۆژی سیانزەی تێشتەرە؛ پووشپەڕە و پەڕان:

مانگ چوارەمش مانگ «تێشتەر»ەن
کەژ و کۆ و دەشت نەی دمە وەشتەرەن

ئەمورتات





**تێغە**: Thin wall نزیارقاندر ناو ناسک، دیواری ناسک، دیواری کاتی بۆ جیاکردنەوەی دوو شوێن. ع حائط N Tynn vegg د تیغە، جدار.





**تێشکێنراو**: wreck دەروونناسی هێمایی ئاوەڵناو کشکێنراو، وردوخاش بوو، ڕووخاو و هیوابڕاو زیاتر لە ڕوانگەی دەروونییەوە؛ لەناوبردن یان زیانگەیاندن بە توندی لە مرۆڤ، پێکهاتە، ئۆتۆمبێل، یان هاوشێوەی.

ع شخص مدمر، مصدوم N vrak د شکسته، مصدوم.






**تێکچوو:** ❶ unhinged دەروونناسی ئاوەڵناو لە ڕووی دەروونییەوە ناهاوسەنگ؛ کەسێکە بە هۆی ڕووداوێکەوە سەری لێشێواوە و لە دارەتی ئاسایی دەرچووە. ع مختل N Ute av balanse د از تعادل خارج شده.

**تێکچوو:** ❷ Unhinged دەروونناسی فیلم فیلمی سینەمایی ترسناکی ٢٠٢٠، دەرهێنانی دێریک بۆرت، بەشداری ڕاسێل کرەو و کارێن پیستۆریۆس. ژنێک ئەبێ بە ئامانجی پەلاماری پیاوێکی ناهاوسەنگ پاش ئەوەی لە چوارڕێیانک تووشی ئەبێت.








**تێکچووی سنووری:** borderline sociopath دەروونناسی نەخۆشی ناوی جێگا شتێک نییە بە ناوی سۆسیۆپاتی سنووری. زۆرجار کەسایەتی دژی کۆمەڵ ASPD لەگەڵ دارەتێکی هاوشێوەدا تێکەڵ دەکرێت کە پێی دەوترێت کەسایەتی تێکچووی سنووری (BPD). هەردووکیان بەشێکن لە خێزانێکی تێکچوون کە پێیان دەوترێت تێکچوونی کەسایەتی پۆلی

B. ئەمانە زیاتر دەبنە هۆی ڕەفتاری سۆزداری و پێشبینینەکراو و دراماتیک. ع معتل اجتماعیا علی الحدود N borderline sosiopat د جامعه ستیز مرزی.

**تێکۆشان :** effort کوورتکراو کۆشش، هەوڵ، هەوڵی بەهێز و یەکلاکەرەوە. ع جهد، محاولة N innsats د تلاش، همت.

**تێکەڵە :** alloy کوورتکراو دارِشتە، ئاوێتەی چەند ئەستوو یان شت پێکەوە وەکوو بەرد و لم و چەو. ع أشابة N legering د آلیاژ.






**تێگەیشتن :❶** mentality چاوگی ناپێنەبەر هەڵوێست و جیهانبینی ئەندێشە یان جۆری بیرکردنەوەی کەس یان دەستە؛ ڕەوت و ئەدگار. ع عقلیة N mentalitet د ذهنیت.

**تێگەیشتن :❷** fathomable ئاوەڵناو پەی بردن، زانستن، زانین. ع یسبر غوره N fattbare د قابل درک.

**تێگەیشتوو :** discerning ئاوەڵناو زانایی و پیشاندانی بڕیاری دروست. ع بصیر N kresne د فهیم.

**تێگەیشتنی ڕاستەوخۆی هەناوی ناخودئاگا :** Données immédiates de la conscience ناونیشانی نامەی دکتۆرای بەرگسۆنە، ساڵی ١٨٨٨، بە ناوی «کات و ویستی ئازاد Time and Free Will» وەرگێڕدرا بۆ زمانی

ئینگلیزی.

**تێروو:** monster ئاوەڵناو درندە، هەڵدڕ، لاور، دەعبای سەمەرە. ع دیوان مخیف N monster د هیولا E feral, monster, brute.
















**تێکەوەئالانی کوانتۆمی:** Quantum entanglement فیزیکی کوانتۆم فیزیک جووتبوونی تایبەتمەندی مێکانیکی دوو گەردیلەیە: «دوو گەردیلەی جیاواز، لە دوو شوێنی جیاواز، بە شێوەی چەلاوچەل کار ئەکەنە سەر یەک، لە ١٠٠٠٠ جار خێرایی تیشکدا.» ئەو گەردیلانەی کە پێشتر پێکەوە لە دارەتی کارلێکدا بوون و پاشان لێک جیابوونەتەوە ـ بە هۆی دارابوونی تایبەتمەندی تێکەوەئالان ـ بینینی گەردیلەی یەکەم ئەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە گەردیلەی دووەم. تێکەوەئالان بۆ فۆتۆن و ئەلەکترۆن و تەنانەت مۆلوکوول ڕوو ئەدات. واتە گەردیلەی کوانتۆمی لجک جیا ئەتوان تایبەتمەندی هاوبەشیان هەبێ و وەکوو یەک هێسن یەکگرتوو ڕەفتار بکەن. ع تشابک کمي N Kvantesammenfiltring د درهم تنیدگی کوانتومی. ⇦ **تێوەگلان:** entanglement چاوگی تێنەپەڕ لێکئالان، تێکەوتن، تێکەڵبوون و تێکەڵاوبوون. ع تشابک N sammenfiltring د در هم تنیدگی.







**تێلۆمێر:** telomere زیندەوەرزانی ناو بریتیە لە ناوچەیەک لە زنجیرە پاتەبووەکانی DNA لە کۆتایی کرۆمۆسۆمێکدا. تێلۆمێرەکان کۆتاییەکانی کرۆمۆسۆمەکان ئەپارێزن لە سوان یان تێکئاڵۆزان. هەر جارێک خانەیەک دابەش ئەبێت، تێلۆمێرەکان کەمێک کورتتر دەبنەوە. لە کۆتاییدا هێندە کورت ئەبنەوە کە چیتر خانەکە ناتوانێت بە سەرکەوتوویی دابەش ببێت و خانەکە ئەمرێت.







**تێلەسفیر:** Telesphere دامودەزگا ئای تی ناوەندی خزمەتگوزاری یەکپارچەیە بۆ بازرگانی لە سەرانسەری ولاتێکدا، ساڵی ٢٠٠٣ تلەسفیر ڕایەڵەی خزمەتگوزاری هەورەداتای لە ئەمریکا و پاشان ئورووپا دەست پێکرد.










**تێلیۆلۆژی:** teleology ئایدیۆلۆجی ناو پێناسەکردنی دیاردەکان لە ڕوانگەی ئەو ئامانجەوە کە خزمەتی تێدا ئەکەن، نەک لە ڕووی هۆکاری بەدیهاتنیانەوە، بۆچوونێکی فەلسەفییە لای وایە هەموو دیاردەیەکی سروشتی بۆ مەبەستێک و بە پێی نەخشەیەکی تایبەتی ڕوو ئەدات، نەک هەر لە خۆیەوە. ع علم الغائیة N teleologi د علم الغائیة.




**تێمیس:** Themis میسۆلۆجی لە ئەفسانەی یۆنانی هێمای یەزدانی دادوەری ڕێسای سروشت و بڕیاری دادگەرانە بە گوێرەی نەریت و قانوونە.






**تێن:** Taine Hippolyte (١٨٢٨ـ١٨٩٣) مێژوونووس ڕەخنەگر و مێژوونووسی فەڕانسەیی.



**تێنۆر:** tenor دەنگەوشە دەنگی بڵیند، بەرزترین دەنگی پیاوان لە گۆرانیوتندا.

**تێوەگلان:❶** embroil چاوگی تێنەپەڕ تووشبوون، شان ئارداوی بوون، تووشبوون بە کێشە یان گەنگەشەی دژوار N embroil ع تورط د دچار شدن. ⇦ **تێوەگلاو:** embroiled.

**تێوەگلان:❷** entanglement چاوگی تێنەپەڕ لێکئالان، تێکەوتن، تێکەڵبوون و تێکەڵاوبوون. ع تشابک N sammenfiltring د در هم تنیدگی.

**تێهزران:** contemplate چاوگی تێنەپەڕ بیرکردنەوە، بیر لە شتێک کردنەوە. ⇦ {جاران وشەی ساختەی کوردی عەرەبی تێفکرین بەکار ئەهێنرا} ع لیفکر N betrakte د تفکر، فکرکردن.

**تێ هەڵبوون:** چاوگی تێنەپەڕ پێداسەرکەوتن، هەڵگەڕان، بەرەو بەرزایی ڕۆیشتن.

**تێهەڵکێش:** زمانەوانی ڕێسای هۆنین هێنانی پەند و دەستەواژە و گوتەی بەناوبانگە لە هۆنراوەدا؛ هێنانی دێڕە هۆنراوەی هۆنەرێکی ترە و، هەروەها تێکەڵکردنی هۆنراوەیەکی دارماڵی هۆنەرێکی تر بە چامەی هۆنەرێک تێهەڵکێشی پێ ئەوترێ. ع تضمین د تضمین. نموونە:

خەزێنە

ناشێ جوانیی «زین» ببینێ ئەو کەسەی وا «مەم» نەبێ
یا «وەلی» ئاسا بسووووتێ گەر لە سایەی «شەمە» نەبێ
ئەستەمە واتای ئەوین بۆ وەی خودانی خەم نەبێ
«تۆ خەزێنەت یان نەدیوە، یان لە نرخیدا هەڵەی
ناوی گەنجینە لە جێیەک بێنە سینە و مەم نەبێ»

حەسەن شافیعی، تێهەڵکێشی بچووک لە سەر تاکە دێڕێکی
مامۆستا «هێدی»، ٢٧٢١

**تیان:** indirect ئاوەڵناو ناراستەوخۆ، ڕاستەوخۆ کۆکار یان بەرەنجامی شتێک نییە. ع غیر مباشر N indirekte د غیر مستقیم.

**گوتەی تیان:** الکلام غیر مباشر.

**تیانە:** caldron, cauldron کەرەستە ناو شەلووف، مەنجەڵ، مەکەڵ، دەفری مس یان تیفاڵ یان چینکۆ بۆ چێشتلینان. ع مرجل N gryte د دیگ.



**تیبۆ:** Jacques Thibaut مۆزیک یانەسای تیبۆ براوەی خەڵاتی یەکەمی پەیمانگەی موزیکی پاریس لە ١٨٩٦دا.

**تیبۆر:** Tibur جوگرافیا یان Tivoli شارێکە لە لازیۆ، نزیکی ڕۆما.



**تیپ:** Battalion سەربازی ناو بەشێ لە لەشکر لە ١٠٠ تا ٣٠٠ کەس بێ.
هێزی پێشمەرگەی کوردستان بریتییە لە:
**پۆل:** Platoon یان Troop ٧ تا ٣٠ پێشمەرگە،
**لق:** Company سێ پۆلە ٥٠ تا ١٠٠ پێشمەرگە،
**تیپ:** Battalion سێ لقە ١٠٠ تا ٣٠٠ پێشمەرگە،
**هێز:** Regiment سێ تیپ، ١٠٠٠ تا ٢٠٠٠ پێشمەرگە.






**تی پارتی:** tea party ☜ بزووتنەوەی تی پارتی

**تیتاڵباز:** buffoon جەنەکباز ئاوەڵناوی لێکدراو تولەکی، کەسێکە بە ڕەفتاری خۆی ئەبێتە هۆی کەناندن. ع مهرج N bøffel د دلقک.




**تیتاڵی:** eccentric ئاوەڵناو لاسکەلاسک، ناباو، حولحولی، ڕەفتاری سەمەرە و قەشمەرانە، زەردەخەنە و تێڕوانین بە دەراوێکی سووکایەتیپێکردن و گاڵتەجاڕانە. ع غریبة الاطوار N eksentrisk د ادا و اطوار.

تۆ ئەتوانی چەندە پێت خۆشە تیتاڵیم پێ بکەیت، بەس ناتوانی تووڕەم بکەیت!





**تیتۆس لیڤیۆس:** Titus Livius [مێژوو] (٥٩ پ.ز ـ ١٧ز) ناسراو بە لیڤی، مێژوونووس، کە مێژووی ڕۆمای تا ساڵی نۆی بەر لە زایین نووسیوە.





**تیتو:** [ناو] کووتاڵ. ⇦ **تیتۆڵ و تیتاڵ:** تیسماڵکی تیتو و کووتاڵ.

**تیجیە:** glow تیژک، پرشنگ، ترووسک [د] تابش [N] gløde [ع] شرارة.





**تیر:** ❶ ئاوەڵناو خەست. ⇐ هەنگوینی تیر د غلیظ.

**تیر:** ❷ arrow ناو ئەو دار یان ئاسنەی بە کەوان ئەیهاوێژن. ع N د تیر.

**تیر:** ❸ ناو تیشتەر، تیرمەه، یەکەم مانگی هاوین.



**تیرئەستێرە:** meteor گەردووناسی ناوی لێکدراو ئەستێرەی گڕدار، ئەستێرەی کشاو، شۆڵە. ع شهاب N meteor د شهاب.



**تیراوێ:** gangrene تەندروستی گانگاریا، ڕەشبوونەوە و داڕزینی ماسوولکە و ئێسک. ع قانقاریا N koldbrann د قانقاریا.

**تیرڕەس:** range ناو بەرەگەی توانا؛ کۆتایی ئەو مەودای کە تیر ئەڕوات تا بدا لە نیشانە؛ کەوشەنی نێوان دوو سنووری دیاریکراوی ئەمسەر و ئەوسەر لە پێوەرێکی تایبەتدا؛ دەستەیەک لە شتی جۆراوجۆر لە هەمان هێشنی گشتی. ع نطاق، مدى N spekter د نطاق، مدى.





**تیرزیاس:** Tiresias میسۆلۆجی پیری نابینای نێردراوی ئاپۆلۆ کە ڕۆڵی ئودیپی لە کوشتنی باوکی و تێکەڵبوون لەگەڵ دایکی ئاشکرا کرد.





**تیرۆن:** Charles Thiron کۆمیکار {١٨٣٠ـ١٨٩١} ئەکتەری کۆمیدیکاری فەڕانسەیی. هونەرپیشە

**تیروو:** ڕووەک ناو جۆرێکە لە laurel، دارێکی لێرەوارە، ١٠ تا ١٥ مەتر بەرزە، قەدی لووسە، گەڵای هێلکەیی و گوڵی سپییە، بەری بەقەد دەنکە نۆکێکە. ع الغار N laurbær د درخت غار.





**تیرە:** diameter ئەندازە ناو هێڵێکی ڕاستە لەمبەر بۆ ئەوەبەر لە ڕێگەی چەقی تەن یان تەشکێک، بە تایبەت لە بازنە یان گۆدا؛ تیرەی بازنە.
ع القطر N diameter د قطر دائره.

**نیوتیرە:** radius ئەندازە ناو نیوەی تیرەی بازنە؛ هێڵێکی ڕاستە لە ناوەندەوە بۆ هێڵی کەنار بازنە یان گۆیەک. ع نصف القطر N radius د شعاع.









**تیرۆژە:** rainbow دیاردە ناو پەلکەزێڕینە، پلووروەوارانێ. ع قوس المطر N regnbue د قوس قزح.



**تیرەشان:**❶ slope زەوویناسی ناوی لێکدراو لاپاڵی کێو، لاشانی چیا، لالێژ، بەرواز.
ع سفح، میلان الجبل N midtfjellet د کمره کوه، سرازیری.







**تیرەشان:**❷ honeycomb میشداری ناو شانەی هەنگوین. ع خلية النحل N honeycomb د شانه عسل.







**تیرگەشان:** slope ناوی لێکدراو ملەی کێو، گۆرکی کێو، نزیک بانی کێو د شیب N pytt ع سطح الجبل. ☜ دوند ☜ زەرد و ماه










**تیراژ:** beacon ناو فەرمان [تیشک+ڕاژ{کوڵەکە}] کوڵکەتیشک، تیرێژی بەرەوژوور، چەیکەیەرتەوە. ع أضاء المنارة N stråler د ستون نورانی. ⇐ تیراژ و تیرێژ.

⇐ **ڕاژ:** کاریتە، دیرەگ کوڵەکە، ستوون. ⇐ تیرۆژ: [تیشک+ڕۆژ{ }] ☜

تیرێژ ☜ تیرۆژ






**تیرێژ:** rays ناوی لێکدراو [تیشک +ڕێژ] لیزگ، تیشکی هەتاو، پرشنگ، تیجیە، چەپکێک پەرتەو ← بە تایبەت ئەو کاتەی لە کونێکی بچووکەوە خۆی ئەکا بە ژووردا و ئەبینرێ. چەپکە پەرتەوی بەرەوخوار. ع اشعة N stråler د اشعەها. ← تیراژ و تیرێژ. ← تیرۆژ: [تیشک +ڕۆژ]





**تیری شکاو:** Broken Arrow فیلم فیلمی وێستێرنی ئەمریکایی ١٩٥٠، دەرهێنانی دیلمەر دەیڤز.









**تیز :** satire تەورویلار ناو حەنەک، تەوزە، تیتاڵی، تەوس، تەوساوی، گاڵتەپێکردن هونەرێکە نالەباری و نەگونجاوییەکانی کۆمەڵگە کە بەرواڵەت لەبار و گونجاو دەنوێنن، بە شێوەیەکی هونەرمەندانە و جوانیناسانە دەرئەخات. ع هجاء N satire د طنز.





**تیزماڵک:❶** clarity ناو فرۆزە، ڕۆشنی، ئەدگاری جوان. ع وضوح N klarhet د روشنی.

⇦ **فرۆزەمەند :** خاوەنی ڕاستەقینە، بیرڕوون.

**تیزماڵک:❷** ribbon ناو تیلمە، قردێلە، ڕووبان. ع شریط N bånd د روبان.

⇦ **بافتە :** tissue ناو تیزماڵکێکی هۆندراوە لە پەراوێزی دەلمە و بەرەکی ئەگرن. ع انسجة N vev د نوار حاشیە عبا.







**تیژ :** pungent ئاوەڵناو تاڵ، ناخۆش، ڕەق، توند، هێمایر ڕەخنەگرانە. ع لاذع حاد N stikkende د تند، گزنده.

**تیژتێپەڕ :** ephemeral ئاوەڵناو کەمبەرگە، شتێکە بۆ ماوەیەکی کورت بەرگە ئەگرێ و پاشان تیا ئەچێ. دیاردەیەکە کە ناتوانی پشتی پێ ببەستی. ع سريع الزوال N flyktig د زودگذر.




**تیژک :❶** glow ناوی چاوگ تیجیە، پرشنگ، ترووسک. ع شرارة N gløde د تابش.

**تیژک :❷** shiv ناو یان chiv, schiv, shivvie چەقۆئاسایەکی دەستسازە، کە زیاتر چەقۆی زیندانە و وەک چەک بەکار ئەهێنرێ.



**تیسک :❶** particle ناو پارچەیەک لە هێشووە ترێ، بەشێک لە شتێکی گەورەتر. ع الجسيم N partikkel د ذره.

**تیسک :❷** ناو چەند دانە خورێ یا موویەکی درێژ.

**تیسکن :** poilu هێمایر نازناو یان les poilus تووکن، وشەیەکی ڕەشۆکی بوو بۆ ناوهێنانی سەربازانی جەنگی جیهانی یەکەم.








**تیسیان:** Titien یان Tiziano Vecelli [تێوەکار] (١٤٧٧ـ١٥٧٦)وێنەگەری بە ناوبانگی فێرگەی ڤێنیزیا.



**تیش:** mountain pass [ناو] گەردەنە، ملە، هەڵەت، زینوو، ڕشت، تاشۆک، باسکی بەرزایی تیژ. [ع] ممر الجبل [N] fjellpass [د] گردنە.





**تیشکاوێژ:** spotlight [ناوی فەرمان] ڕووناکی شانۆ، پرۆژکتۆر [N] spotlight

ع ضوء كشاف د نورافكن.

**تیشكۆ:** focus ناو چەق، ناوجەرگە، ناوچەق، ناوەندی سەرنج و مەبەست وچالاكی،چەقی هاوێنە N Fokus ع التركيز د تمركز. ⇐ **چەقبەستن:** concentration چاوگی تێپەڕ كردەوە یان تێكۆشانی چڕكردنەوەی سەرنج و توانای ئەندێشەیی كەس N konsentrasjon ع التركيز د تمركز.








**تیشكەپارێزی:** Radiation protection ئاسایتر ئاساییشی گشتی یان پارێزی ڕادیۆلۆجیك لە لایەن ناوەندی وزەی ناوكییەوە بەم جۆرە پێناسە كراوە: «پارێزگاری جەماوەر لە بەرامبەر زیانی كەوتنە بەر تیشكی یۆنیزە و دابینكردنی كەرەستە و ئامێری پێویست بۆ ئەمكارە N Strålevern ع وقايه الاشعاع د محافظت در برابر اشعه.



**تیشکی ئایۆنیز:** Ionizing radiation فیزیک بریتییە لەو تیشکانەی کە وزەی پێویستی هەیە بۆ جیاکردنەوەی ئەلکترۆن لە ئەتۆم، یان مۆلیکول یان بە واتایەکی تر بۆ ئایۆنیزکردنیان. تیشکی ئایۆنیز لە تەنۆلکە ژێر ئەتۆمییەکان، ئەتۆمەکان یان ئایۆنەکان بە خێرایی زۆر بەرز (خێرایی نزیک لە خێرایی ڕووناکی) یان شەپۆلی کارۆموگناتیسی وزەی زۆر بەرز وەک گاما و تیشکی ئێکس پێکهاتووە. ع اشعاعات أيونية N ioniserende stråling د تابش یونیزه کننده.






**تیشە:** کشتوکاڵ ناو چەکەرەی گەنم کە تازە سەری دەرهێنابێ. ع سبولة د جوانه تازه گندم E wheat Sprout.





**تیفووس:** Typhus درم نەخۆشی درمێکە بە هۆی باکتریای ڕیکتزیاوە rickettsiae پەیدا ئەبێ، نەخۆش زیپکەی بەنەوش دەرئەکات و تووشی سەرێشە و یاو و وڕینەکردن ئەبێ. زیاتر هی کاتی جەنگە و بە هۆی سپێ و گەنە و لەمبابەتە ئەگوێزرێتەوە. ع التيفوس N tyfus د تیفوس.




**تیک:** twitch, tic دارەت ناسازی ناو پڵ، فڕین، پەڕین، بزووتنێکی کورت و خێرا و لەپڕی ماسوولکەیەکی دەموچاو، تیک لە زۆربەی مەردم، بە تایبەت منداڵاندا ئەبینرێ و زەبر و هەڵچوونە دەمارییەکان ئەبنە هۆی زیادبوونیان، ئەوانەی تیکیان هەیە ناتوانن ئەندامەکانیان باشار بکەن لە ئەنجام کارەکان. ⇦ چاوفڕین، لێوپەڕین. ع عرة N tic د تیک.

⇦ **توڕێت:** (TS) Tourette Syndrome نەخۆشی نۆرۆلۆجی نەخۆشییەکی دەمارییە ئەبێتە هۆی «تیک»

⇦ **ناسازی تەقینەوەی چەلاوچەل:** Intermittent Explosive Disorder دارەت دەروونناسی کاردانەوە و پەرچەڕەفتاری ناخودئاگای سەبارەت بە هەلومەرجێک کە ئەبێتە هۆی ورووژاندن، پەلاماری پێشبینی نەکراو و گۆڕانی ڕەفتاری.



**تی ـ گەون:** tea_gown کینایە پۆشاک گەڕان ـ بەرگرە خاتوو سوان کە حەزی لە بەکارهێنانی ئینگلیزییە لە ناو قسەکانیدا، بە {کراسی ئێوارە} ئەڵێ

تی ـ گەون.

**تیلار دو شاردن:** Teilhard de Chardin ئاپیناسـر قەشە {١٨٨١ـ ١٩٥٥}
دێرسناس و قەشەی ژۆزویتی فەڕانسەیی.






**تیلماسک:** piece, ribbon ناو ڕووبان، تیلمە، لێزگەی باریک، پارچەی باریک و درێژ، ڕووبان. ⇦ shoulder_straps واتە تێلماسکی سەر شان. ع شريط N bånd د روبان.



**تیلمە:** bandage, gauze ناو ڕووبان، تیلماسک، کەتان، باندأژ، گازی برینپێچی. ع الضماد، شاش N bandasje, gasbind د گاز پانسمان.






**تیلمەی چاپ:** ink ribbon ناو ڕووبانی جەوهەرداری ماشینی تایپ ڕایتەر بۆ نووسین لەسەر کاغەز. ع شریط الحبر N blekkbånd د روبان جوهردار.



**تیمانج:** کیمیا ناو پێستی ئاژەڵی خۆشەکراوی دەباغ دراو، دەباغدان.



**تین:** longing داوەت ناو ئاوەڵناو گوڕ، تاسە، گەشکە، تامەزرۆیی، خولیا، دڵبزووتن، کەڵکەڵە، واز. ع شوق N Lengsel د شور و شوق E verve.

**بەتین:** passionate ئاوەڵناو بەگوڕ، پڕشۆر، بەهەست، بەسۆز، پڕجۆش، پڕسۆز، گەرموگوڕ ع ملتهب N lidenskapelig د پرشور.

**تینۆ ڕووسی:** Tino Rossi هونەرپیشە سینەما جیهە (١٩٠٧ـ١٩٨٣) ئەستێرەی بەناوبانگی ئۆپێرا و ئەکتەری فیلمی فەرەنسەیی. ئەو شێوازێکی تازەی لە گۆرانی جەماوەریدا داهێنا، کە پێچەوانەی شێوازی ڕووناکبیرانەی زۆربەی گۆرانیبێژانی فەرەنسەیی بوو. تینۆ ڕووسی زۆر بەناوبانگ و لە

سەرانسەری فەڕانسە یانەی سەرگەرمی هەبوو. لویی ماریانۆش هەم لە ڕووی کەرەستەی کار و هەم لە ڕووی شێوازەوە پەیڕەوی تینۆ ڕووسی بوو. تێبینی: هیو گرەی









**تیۆ برۆتن:** Theo Bretin رامیار سۆسیالیست (١٨٧٩ـ١٩٥٦) ڕامیاری سۆسیالیستی فەڕانسەیی.

**تیۆتۆن:** Teuton مرۆڤناسی ڕەگەزناسی کۆمەڵناسی هۆزێکی جێرمانی ☜ پێڕی تیۆتۆن N Teuton.








**تیۆتۆنیک:** Teutonic زمانەوانی زمان ئەوەی پەیوەندی بە زمانی Teutonsی ئاڵمانی کۆنەوە هەبێ.

**تیۆدۆرا:** Empress Theodora شاژن هونەرپیشە ئیمپریسی بیزانس و هاوسەری جاستینیەنی یەکەم لە نێوان ساڵانی ٥٢٨ تا ٥٤٨، پێشتر سەماکەر و هونەرپیشە بوو.



**تیۆدۆسیۆس شا :** King Theodosius شا ئەمازەیە بە نیکۆلای دووەم، دوایین تزاری ڕووس کە لە ئوکتوبری ساڵی ١٨٩٦ بە فەرمی سەردانی فەڕانسەی کرد.



**تیۆربۆ :** theorbo موزیک ئامێر ناو ئامێرێکی وەکوو عوودە و دەسکەکەی زۆر درێژە، سەدەی ١٧ باو بوو.





**تیۆری :** theory بیرسا تێگەیشتنرژێرانە بیردۆز، گریمان یان کۆمەڵێک بیر و ئایدیا کە ئەیانەوێ شتێک ڕوون بکەنەوە، بە تایبەت لەسەر بناغەی گشتی سەربەخۆ لەو شتەی کە ئەیانەوێ ڕوونی بکەنەوە. ع نظريّة N teori د نظريّة.




**تیۆری سوودمەندی :** Theory of utility بیردۆز یان بیردۆزی خواستراوی لە ئابووریدا تێئەکۆشێ ڕەفتاری تاکی کاربەران لە ئابوورییەکدا ڕوون بکاتەوە. تیۆری سوودمەندی ئەڵێت هەر کەسێک، بە گوێرەی لیستی بژاردەکان، ئەتوانێت ئەو بژاردانە بە گوێرەی ڕادەی خوازراوی بەوردی پۆلێن بکات. هەر کەسێک بە جیاواز هەڵئەبژێرێ و هەڵبژاردەی جیاوازی هەیە کە دیاری کراوە و، بە تێپەڕبوونی کات ناگۆڕدرێن. دریژە یەکەم بەکارهێنانی گرنگی تیۆری سوودی چاوەڕوانکراو لە لایەن جۆن ڤۆن نیومان و ئۆسکار مۆرگنستێرنەوە بوو، کە گریمانەی زۆرترین سوودی چاوەڕوانکراویان لە دارشتنی تیۆری یارییەکانیاندا بەکارهێنا. دریژە ویلیەم ستەنلی جۆنز William Stanley Jevons ئەڵێ ئابووری لە بنەڕەتا زانستێکی بیرکارییە، چێژ و ئازار پێوانەکراوی هاوچەشن و ئەتوانرێت لێک کەم و زیاد بکرێن. ☜ سوودی پەراوێزی



**تیۆری کەیۆس:** Chaos theory بیرکاری سیستەمی ئاڵۆز تیۆری ئاژاوە بوارێکی نێوان زانستەکانە لە لێکۆڵینەوەی زانستی و لقێکی بیرکارییە کە تیشک ئەخاتە سەر نەخشە بنەڕەتییەکان و ڕێسا دیاریکراوەکانی سیستەمی داینامیکی کە زۆر هەستیارن بە بارودۆخی سەرەتایی و، سەردەمانێک وا بیردەکرایەوە کە دۆخی تەواو هەڕەمەکییان هەیە لە تێکچوون و نارێکی.




**تیەپۆلۆ:** Giovanni Battista Tiepolo تێوەکار چاپگەر (١٦٩٦ـ١٧٧٠) یان جامباتیستا، شێوەکار و چاپگەری ڤێنیزی، ڕەنگی شاد و زیندووی بەکار ئەهێنا، لە ئیسپانیا و ئاڵمانیش کاری کردووە.



**تینتۆرێتۆ:** Tintoretto {١٥١٨ـ١٥٩٧}، شێوەکاری ئیتالیایی فێرگەی ڤێنیزیا، شاگردی تیسیان بوو و ناوەکەی واتە ڕەنگڕەزی گچکە.



Miracle of the Slave (1548)



**تیۆری کەیۆس:** Chaos Theory ☜ بیردۆزی شێواوی

**تییەر:** Adolphe Thiers ڕامیار سەرەککۆمار {١٧٩٧ـ١٨٧٧} مێژوونووس و ڕامیاری فەرانسەیی، ئۆرلیانیست، لە ١٨٧٠ تا ١٨٧٣ سەرەککۆماری فەرانسە بو سالانی ١٨٣١ـ١٨٤٠ سەرۆکوەزیرانی فەرانسە. لە سەردەمی کۆماری دووەم، نوێنەری ئەنجومەنی دەستووری و ڕێسادانان. تیەر دوژمنی تاوانکاری سەرکوتکردنی کۆمۆنی پاریس بوو کە ئامادە بوو فەرانسە بفرۆشێ، ڕێگەی بیسمارک بدا پاریس بگرێ، ئالزاس و لۆرن بدا بە ئالمان، بەس بەو مەرجەی کۆمۆنی پاریس پانەگرێ. ئادۆلف تییەر، سەری زل و جستەی بچووک بوو.









{Letter c}

**جاتره :** thyme ڕووەک ناو ئانخ، گیایەکی بۆنخۆشی گەڵا وردە لە تیرەی نەعنا، هەم بۆ دەرمان ئەشێ و هەم ڕۆنی لێئەگیرێ د زعیتر د آویشن.

**⇦ هەزبێ :** oregano ڕووەک ناو ئەزبێلە، مەرزەی کێوی، گیایەکی بۆنخۆشی گەڵا وردە لە تیرەی پونگە، ئەکرێتە ناو خواردنەوە. ع زعتر N oregano د پونه کوهی.

ن: تەپی هەزوێ گەڕەکێکە لای سیلۆی شاری سەقز.

ن: تل زعتر شارۆچکەیەکە لە فەلەستین.



**جاترە کێفیلە :** mountain thyme ڕووەک ئەزبووە کێوی، هەزبێلە، هەزبۆ کێفی، هەزبی کێوی، هەزویە شاخی، هەزوە کێویلە ع زعتر جبلي N fjelltimian د آویشن کوهی.



**جاجم :** wool blanket ئەنراو ناو مووج، پێخەفێکی تەنراوی سفتی تانوپۆی ڕەنگاوڕەنگی خورییە، لە بەڕە تەنکتر و لە پۆپەشمینە ئەستوورترە، بە دەزگای جۆلایی ئەتەنرێ. جاجم ئێستە جلی وەکوو ئێلەک و کەوای لێ سازئەکرێ. ع برجد، بطانية من الصوف N ullteppe د جاجیم.



**بەڕە :** rug ئەنراو ناو ڕایەخێکی تەنراوی تانوپۆی سفتی نەخشداری خورییە، لە جاجم و لە پۆپەشمینە ئەستوورترە، بە دارەتەون ئەتەنرێ. ڕایەخێکی گەرمە و لە مافوورە هەرزانترە. ع سجادة، بساط N teppe د گلیم.



**مافووره**: carpet تەنراو ناو قاڵی، ڕایەخێکی نەخشداری خوری یان ئاورێشم و زەربەفتە، بە پێچەوانەی بەڕە و جاجم و پۆیەشمینە تەنها تان و پۆ نییە، بەڵکوو، بۆ گوڵلێدان بە پێی نەخشە، بە بەنی جیاواز لەسەر ڕایەڵ ئەچنرێ، بەگوێزان تاڵەبەنی چنراو ئەقرتێنرێ و بە کەڵکێت پۆ بەسەر چنراوەکاندا دائەکوترێ بۆ ئەوەی گوڵەکان هەڵنەوەشێنەوە؛ ئەم ڕەوتە بۆ هەموو ڕیزێک پاتە ئەکرێتەوە. ◀ جاری وا هەیە، بە گوێرەی وردی گوڵ و باریکی تان و پۆ و ژمارەی گرێ، تەونێک شەش مانگی پێ ئەچێت. ◀ هەر گوڵێک گرێیەکە و ژمارەی گرێ لە ٧ سەنتیمدا ئەژمێردرێ. ژمارەی گرێ بە زۆری لە هەر ٧سم، لە ٢٨ بۆ ٨٤ گرێیە. تا ژمارەی گرێ زیاتر و بەنی گوڵلێدان جۆنیەکەی باشتر بێت، مافووره گرانتر و بەرگەگرترە. ع سجادة، بساط N teppe د قاڵی.




**جاجم و بەڕە**: wool blanket and rug تەنراو ناو تەنراوی تان و پۆن، بەڵام لە ڕووی ئەستووری و ئەندازە و شێوەی تەنین و جۆری تەنین و ڕایەڵ و تەشکەوە جیاوازن.

◀ **ئەستووری**: جاجم پێخەفە و ناسکە، بەڕە پایەندازە و ئەستوورە؛

◀ **ئەندازە**: ئەندازەی جاجم سنووردار و بەڕە دڵخوازە؛

◀ **شێوەی تەنین**: هەردووکیا تان و پۆن، بەڵام جاجم بە دەزگای جۆلایی و بەڕە بە دارەتەون ئەتەنرێ؛

◀ **جۆری تەنین**: جاجم بۆی هەیە وەک تیلماسکی باریکی وەکوو شاڵ بێت، یان

ڕەنگە پانتر، بەڵام بەرە بە دارتەون و یەکپارچە ئەتەنرێ؛

◀ **ڕایەڵ**: ڕایەڵی جاجم تاڵی ڕەنگامەیە و کاریگەرییان هەیە لە تەنینی جاجمدا، چونکە ڕایەڵەکان پاش تەنین ئەبینرێن؛ هەروەها وەک ژمارەی ڕایەڵیش هێنی جاجم زیاترە و باریکترە و ناسکترە.

◀ **تەشک**: جاجم لە ڕووی تەشک و دیزاینەوە بەرتەسکترە، چونکە بە شێوەی شاوڵی و بە ئاراستەی ڕایەڵەکان دایە، بەڵام هێی بەرە ئەو کێماسییەی نییە و نەخشەلێدان بەرفراوانترە.



**جادوو**: magic ئابیننـاسـر شێوەزانست نـاو مەگی، سەهرەبەندی، نووازەگەری، شێوەبازی، لۆتەری، نەیرەنگ، توانای گۆڕانکاری لەسەر دیاردە و ڕووداوەکان بە سوودوەرگرتن و شارەزایی لە بەکارهێنانی ڕێساکانی فیزیک، هەرچەند بە درێژایی هەزاران ساڵ جادوو وەک بە بەکارهێنانی هێزی ڕازاوی و بانسروشتی ناسرابوو. ع سحر، شعوذة N magi د شعبده بازی، شعوذه.

ن: وەک بڵێی جادوویان لێکرابێ، دەرگاکان لەخۆوە کرانەوە. لەکاتێکدا

ئەزانین دەرگا لە خۆوە ناکرێتەوە، مەگەر هێزێکی فیزیکی بووبێتە هۆی کرانەوەیان.







**جادووگەری:** trylle ئەڕدەستر ئاپیناسر شێوەزانست ناوی چاوگ بانگەوازی جادوو، گیانبانگکردن یان ئەنجامی هەرچەشنە کردەوەیەکی تەڕدەستی و جادووگەری. ع استحضار N استحضار د استحضار.

**جادوونامە:** Grimoire ئاپیناسر شێوەناسر ئەڕدەستر گریموار، پەرتووکی جادوو و حونجەی سەهرەبەندی و نووازەگەری، گوتەیەکی داڕێژراوە بۆ کارتێکردن لەسەر کەس یان شتێک. ئەم گوتەیە بە «گازە» ئەوترێ یان وەک بەستە ئەچڕدرێ. جادوونامە وەزیری جادووە و هەموو جۆرەکانی نووشتە و تەلەسمی تێدایە دیو و درنج و گیانی چەپەڵ و تەلەسمی دژوار پووچەڵ ئەکاتەوە؛ دەسبڕانی جادوونامە ئەڵێن ئەو پەرتووکە ئەتوانێ نەخۆش چاک بکاتەوە، سامان و هاوسەر بۆ خوازیار دابین بکات. تێبینی: کەچی سەیر ئەوەیە ناتوانن بۆ خۆیانی دابین بکەن کە گەدایی نەکەن و چاویان لە سامان و دەسترەنجی خەڵکی نەبێت! ع جريموري N Grimoires د کتاب جادو، گریمور.




**جادووی هەینی پیرۆز:** ئاپیننا‌سر موزیک ئۆپێرا بەشێکی بەناوبانگی پەردەی سێیەمی ئۆپێرای پارسیفالی ڕیچارد ڤاگنەرە.






**جادەی ئومید:** the road of hope سینەما دەستەواژەیەکە لە فیلمێک بەم ناوە وەرگێراوە کە بازن لە کایە دو سینەما (فێبرواری ١٩٣٥) ڕەخنەی لەسەر نووسیوە. ئەم فیلمە دەربارەی هیوای دەستەیەک کرێکاری کانگەی سێسیلیاییە کە بە هیوای کار و بەڵێنی درۆ ئەچن بۆ فەڕانسە. تێبینی: هـ.گ

**جاڕ:** ❶ ناو پەرێز، کێڵگەی هەڵگیراو کە ئاژەڵی تێ‌ئەکرێ.

**جاڕ:** ❷ ناوی جێگا شوێنی گیایەکی تایبەتی. ⇦ (نێرگزەجاڕ، کەماجاڕ).

**جاڕ:** ❸ ناو لەوەڕگە.

**جاڕ:** ❹ ناوی فەرمان ڕاگەیاندن بە دەنگی بەرز (جاڕکێشان).

**جاڕ:** ❺ ناو زەوی نەکێڵدراو.







**جاڕس:** bore ئاوەڵناو ناوی فەرمان قەڵس، بێواز، جاڕز؛ وەڕەزکەر، گیانەسەر،

پەکەری، هەم جاڕس و هەم جاڕسکەر. ع مزعج N irriterende د مزاحم.

**جاڕسکەر:** exhausting ناوی‌فەرمان ئاوەڵناو وەڕەکەر، بێزارکەر. ع منهک N slitsom د خسته کننده، فرساینده.

**جاڕدان:** acclaim چاوگی تێنەپەڕ قاودان، بانگەشە، هەواڵ بڵاوکەدنەوە. ع نادی به N anerkjennelse د جار کشیدن.

**جاڕوو:** ناو تێکەڵاوی قسڵاو و خوڵەمێش بۆ سواغدانی دیوار و ئەستێرک، کە پێش دروستبوونی چیمەنتۆی دەستکرد، باوی هەبوو.





**جاڕی دەرودنیا:** ١} شێوەڕستە لاتین Urbi et Orbi، بۆ شار و بۆ جیهان
٢} پەیام پەیام و نزای پاپا بۆ ڕۆما و بۆ هەموو جیهان لە بۆنەی تایبەتدا
٣} هێمایر بە واتای قاوداخستن بەکار هاتووە.



**جاسپەر :** jasper خشتل بەردێکی بە زۆری پیرۆزەی سەوزی ڕەشباوە.

**پیرۆزەی شین :** Turquoise بەردێکی نیوەبەهاداری شینی سەوزباوە هیدرۆکسیلی هیدراتەی مس و ئالۆمینیۆمە.



**جاگینگ :** jogging وەرزش ڕاکردن بە خێراییەکی نەرم و جێگیر، بە تایبەت بە شێوەیەکی ڕێکوپێک وەک جۆرێک لە وەرزشی جەستەیی. ع الهرولة N jogge د دویدن آهسته.

**جام :** chalice ئاو جامی مەی، جامی بادە، پیاڵە؛ جامی مەی کە لە Eucharist ی کریستانیەتدا بەکاردەهێنرێ. ع كأس، كأس الزهرة الداخلي N kalk د جام شراب. ☜ جامی جەم




**جامباتیستا :** شێوەکار یان جیۆڤانی باتیستا تیەپۆلۆ ☜ Giovanni Battista Tiepolo {١٦٩٦ـ١٧٧٠} شێوەکار و جاپگەری ڤێنیزی، ڕەنگی شاد و زیندووی بەکار ئەهێنا، لە ئیسپانیا و ئاڵمانیش کاری کردووە.







**جامباز:** insidious ئاوەڵناوی لێکدراو تەشقەڵەباز، ئەوەی گەڕ لە مەردم ئەهاڵێنێ، فێڵەباز، دەبەکار فێڵەباز، زیرەک د ارقە، ارغە.

**جامبازانی نێرین:** Les Fourberies de Nérine شانۆ شانۆگەری کۆمیدی تیۆدۆر دو بانڤیلە Théodore de Banville.












**جامی جەم:** cup of jamshid ناو ئەفسانە شێواز بەرژەنگ پیاڵەی جەمشید چوارەمین پادشای پیشدادیان، جامی جیهاننما، جامی کەیخەسرەوە، زاناکان دروستیان کردبوو و حەوت جیهانیان تیا ئەبینی. لە ئەفسانەدا هاتووە جامی جەم، پیاڵەی سلێمان و ئاوێنەی ئەسکەندەر هەموویان جیهانیان تیا بینراوە. هێمایە خاوەنی توانای بێسنوور و ژیانی وەرجاوەند، چاوی دڵ و بینەری گەڕانی حەوت گەردوونە. ع کوب جمشید N kopp jamshid د جام جم.

هەرچەندە کە عومری خدر و جامی جەمت بوو
چونکە ئەمەلت زۆرە چ عومرێکی کەمت بوو
ئەی جامیعی دونیا و قیامەت بە خەیاڵات
ئەو ڕۆژەی کە مردی نە ئەوت بوو ، نە ئەمت بوو
نالی




**جامینگرتن :** respect, tribute چاوگی تێپەڕ خاترگرتن، ڕێزبۆدانان، ڕێزلێنان، بەقازانجی کەسێک جووڵانەوە، لاگیری کردن. ⇦ ئەو وشەیە لە موکریان زۆر باوە ع مراعاة N respekt د جانبداری کردن.

**جان بۆڵ :** John Bull هێما پڕۆپاگەندە بە هێمای ڕامیاری بەریتانیا ناسراوە و لە کارتۆن و پۆستەری ڕامیاری سوودی لێوەرئەگیرێ، لە ساڵی ١٧١٢ د. جان ئاربانان لە نامیلکەیەکدا بە ناوی قانوون وا لە بنی بیرەکە Law is a Bottomless Pit کەسایەتیی جان بۆڵی ئافراند. هێمای جان بۆڵ بەرامبەرە بە ئانکڵ سەم Uncle Sam هێمای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە کاتی جەنگی ١٨١٢ی نێوان ئەمەریکا و ئینگلیز، کە لە ناوی سەمیۆڵ ویلسۆن Samuel Wilson ـەوە هاتووە.









**جانتای بازاڕ:** tote bag ناو توربە یان نایلۆنێکی گەورە بۆ بازاڕ و شتکڕین. ع کیس التسوق N handlepose د کیسە خرید.











**جانتای کەمەر:** fanny pack ناو کیف یا کیسەیەکی بچووک لەسەر پشتێن، بۆ پارە و پاسپۆرت و شتە بچووکەکان، لە دەوری کەمەر یان چەناگە ئەبەسترێت. ع حقيبة الخصر N midjeveske د کیف کمری.









**جانتای وەرزشی:** duffel bag ناو جانتای دافێڵ، جانتای برێزنت،

هەگبەیەکی لۆلەکی برێزنت، خوری ئەستوور یان چەرمی گردوکۆی دەسکدارە بە شاندا هەڵئەواسرێ، گەرێدە و گەشتیار و وەرزشکار بەکاری ئەهێنن. ع حقائب من القماش الخشن N saccosekker د ساک دوشی.

**توربە:** bag, sack **ناو** جۆرە کیسەیەکی گەورەی تەنراوە شتومەکی تێئەکەن. ع کیس، میکا N pose, sekk د کیسە.




**جان ستوارت میل:** John Stuart Mill **فەیلەسووف** (١٨٠٦ـ١٨٧٣) فەیلەسوفی ئینگلیزی.




**جان ستەینبەک:** John Steinbeck **نووسەر** (١٩٠٢ـ١٩٦٨) یان جۆن ستاینبێک لە ناسراوترین نووسەرانی ئەمریکایی سەدەی بیستەم، براوەی خەڵاتی پۆلیتزێر و هەروەها براوەی خەڵاتی نۆبێلی وێژەیی

.١٩٦٢




**جان فۆرد:** John Ford [دەرهێنەر] {١٨٩٤ـ١٩٧٣} دەرهێنەری ناوداری ئەمریکایی، چوار جار براوەی خەڵاتی ئۆسکارە.




**جانکۆش:** deacon [ناو] مجێوری کلیسا، خزمەتکاری کلیسا. [ع] شماس [N] diakon [د] شماس.

**جان مێینارد کەینز:** John Maynard Keynes [ئابووری] {١٨٨٣ـ١٩٤٦} ئابووریزانی بەناوبانگی ئینگلیزی، بیروڕاکانی کاریگەری زۆری بوو لە سەر زانستی ئابووری لە جیهاندا. بیردۆزەکانی کەینز بە بیردۆزی کەینزی ناسراون، کە بریتیە لە فێرگەیەکی ئابووری دیار.



**جانی گیتار:** Johnny Guitar فیلم فیلمی وێستێرنی ١٩٤٩ی ئەمریکایی، دەرهێنانی نیکۆلاس ڕەی.

**جاوین:** chew چاوگی تێنەپەڕ جوون، هاڕین، ددانان بە شتێ ڕەقدا، پرۆسەی وردکردنی خواردن لە دەمدا، بۆ ئاسانی قوتدان و بە تایبەت چێژوەرگرتن لە خواردن، نەخوازە مرۆڤ ملیۆنان ساڵە پێی ڕاهاتووە و تێکەڵەی سەدان تام و چێژی نوێی داهێناوە. ع مضغ N tygge د جویدن.







**جریواندن:** chirping دەنگەوشە دەنگی کورت و تیژ و بەرزی دەعبا و مێروو و باڵندەی بچووک: ✍: سیسرکەکان ئەجریوێنن. ع غرد، زقزقة N kvitre د جیرجیر E twinkle, twitter, warble.







**جریوە:**[1] chirping ناوی چاوگ دەنگی چۆلەکان: ✍: چۆلەکە ئەجریوێنن.

**جریوە:**[2] دارەت ناوی چاوگ تروووکەترووکی ئەستێرە.

**جریوەجریوە:** chittering فەرمان جیکەجیک، جووکەجووک. ع الثرثرة N

chitrende د جیکجیک.

**جسن:** ناو بنچینە، نەژاد؛ ڕەسەن و سوڵان.

**جغز:** ئەندازە ناو جەغز، نیوبازنە، هێڵی کەوانی.

**جفت قۆشە:**❶ ناوی لێکدراو گای شاخ وەشێن.

**جفت قۆشە:**❷ هێماپر ناوی لێکدراو بریتی لە مرۆی شووم و بەدفەڕ.





**جفرە و کۆد:** code and cipher کریپتۆلۆجر ناو جفرە، هێما و ڕستەکار یان (سینتاکس)ێک لە خشتەی کۆددا پیشان ئەدا، کۆد سیستەمێکی سێمانتیک و واتایی ئەگەیەنێ. جفرە، هێما تاکەکان لە ئالگۆریتمدا ئەگوڕێ، لە کاتێکدا کۆد هێمایەکی تایبەتە و لە خشتەی نامیلکەی کۆددا دائەنرێت.








**جفرەی ڤیژنێر:** Vigenère cipher کریپتۆلۆجر شێوازێکی جفرەدانانی پیتی ئەلفوبێیە بە سوودوەرگرتن لە دەستەیەک هێمای سێزاری تێکەڵ و،

لەسەر بناغەی وشەیەکی کلیلی. ⇦ **جفرەی سزاری :** Caesar cipher
کریپتۆلۆجی کۆدێکی فرسەنگی تاک ئەلفوبێیە، واتە لەم شێوازەدا هەر پیتێکی ئەلفوبێ دەقی ڕەسەن (ئەلفوبێ ڕوون) بە پیتێکی ئەلفوبێ کۆد ئەگۆڕدرێت و ئەم فرسەنگش بە هەمان شێوە لە سەرانسەری دەقەکەدا ئەنجام ئەدرێت. مەودای نێوان پلەی هەر پیتێک لە ئەلفوبێ سادە و پیتی هاوتا لە ئەلفوبێ کۆددا بەهایەکی بەردەوامە، کە پێی ئەوترێت «بەهای گواستنەوە».




**جگەرەخۆشە :** favorite cigarette ناوی لێکدراو ئینگلیزی ڕێی لەسەر کێشی پاروەخۆشە، واتە ئەو جگەرەی پێمان وایە زیاتر چێژی لێوەرئەگرین. ع السیجارة المفضلة N favorittsigarett د سیگار مورد علاقە.

⇦ **پاروەخۆشە :** favorite bite ڕەفتار دەستەواژە ناوی لێکدراو زۆر کەس، بە تایبەت منداڵ، کاتی نانخواردن تیکە یان پارووییەک دائەنێن بۆ دواجار و، پێی ئەڵێن پاروەخۆشە، چونکە پێیان وایە لە هەموو پارووەکانی تر خۆشترە. ع لدغة المفضلة N favorittbitt د لقمە لذیذ.

**جلخۆز :** patsy, gullible ئاوەڵناو گێل، نەزان، حەپۆل، دەبەنگ، سەربەتاڵ، مووژەڵ، هێڕ، ساویلکە، کەسێک کە بە ئاسانی سوودی لێ وەربگیرێت،

بە تایبەت بە فریودان یان بەتاوانبار دانانی سەبارەت بە کارێک. [ع] ساذج (بەعەرەبکراوی «سادە»ی کوردی) godtroende [N] هالو. [د]

**جلشۆر:** کەرەستە ناو دارێکی پانی دەسکدارە جلی پێئەکوتن بۆ ئەوەی کەف هەڵبخا و چڵکی لێبیێتەوە.

**جلشۆرگە:** laundry خزمەتگوزاری ناوی جێگا شوێنی گشتی شۆردنی جل و شتی تریش وەکوو مەگازەیەکی ئابووری ڕێگە بە هاوشاریان ئەدات، خۆیان جلەکانیان بە پارەیەکی کەم بشۆرن. [ع] مغسلة [N] klesvask [د] لباسشویی.







**جلشین:** bleu ناو سەربازی کۆماریخوازی فەڕانسەیی سەرەتای سەدەی بیست کە جلیان شین بوو.





**جلفڕ :** ناوی فەرمان هەدا نەدەر و شێتۆکە.

**جلە :** گیاندار ناو ئەختەبوت، هەشتپا، گیانەوەرێکی ئاوی هەشت پایە لە ئاوی زەریا ئەژی.





**جلهەڵخستن :** hanging laundry چاوگی تێپەڕ جل لەبەر تاو هەڵخستن بۆ وشکبوونەوە. ع تعليق الملابس N henge klær د لباس آويزان کردن.






**جلی پەڵە :** camouflage سەربازی ناوی لێکدراو جلی کۆماندۆ، جلێکی پەڵەپەڵەی زەمینە سەوزە بۆ شاردنەوە و هاوڕەنگکردنی خۆ لەگەڵ سروشت، هەروەها بۆ داشاردنی کەلوپەل و ئامێری سەربازی بەکار ئەهێنرێ. ع تمويه N kamuflere د لباس استتار. ☜ پەنام






**جلی کوردی:** پۆشاک بەرگی نەتەوەیی کوردەکانە و کورد لەبەری دەکەن، دوو جۆرە:

– جلی پیاوان، وەک ڕانک و چۆغە و کورتەک و شەرواڵ و شاڵ و شەپک

– جلی ژنان، بریتییە لە کراس و کەوێ، جا هەیە کراسەکەی بە باغەلە و دووبەرە، هەیە بێ باغەلە و کراسێکی ڕاستە و ڕاستە. ن:

شۆڕەلاوی کورد، خەنجەر لە کەمەر ~ کڵاشی هەورامی و سۆرانی لەبەر
ڕانک و چۆغەی لە بووزووی ڕەسەن ~ مشکی و گوڵینگە وا لە بانی سەر
سیامەند شاسواری



**جڵەودار:** ناوی فەرمان کاروانسالار، سەرپەرشیتیاری کاروان، پێشڕەوی کاروان.

**جمابوو:** جووڵابوو. ⇦ لە جمین چاوگی تێنەپەڕ: جووڵان، ڕاشەکان، لەرزین.

**جمشت:** ناوی چاوگ جمدان، جووڵان، بزاوتن.

**جمگە :** joint توێکاری ناو گە، بەندی پێشە، خاڵێکە دوو جەمسەر بەیەکەوە ئەبەستێتەوە. ع مفصلة N ledd د مفصل. ☜ زاک




**جنسی ڕووش :** coarse gender ناوی لێکدراو یان زایەندی ڕووش، مەبەست نێرە، بەرامبەر بە جنسی ناسکی مێ.

**جنگز :** combative ئاوەڵناو شەڕانی، جینگن، جەنگخواز، پلەندەر، شەڕواز، ڕووش، تیزۆ، سەربزێو. ع قتالي N stridbar د ستیهندە، ستیزەجو.

**جنۆکە :** jinn ئاییناسی ئەفسانە لە ئەفسانەی موسوڵماندا گیانێکی هۆشمەندی نەدیووە، لە پلەیەکی خواتر لە فریشتە کە ئەتوانی لە شێوەی مرۆڤ و ئاژەڵ دەربکەوێ و بچێتە لەشی مرۆڤەوە و داگیری بکات.










**جۆتۆ :** Giotto di Bondone شێوەکار (١٢٦٦ـ١٣٣٧) وێنەگەری بەرجەستەکار و ئارشیتێکتی فلۆرانسی.






**جۆچین :** small_holding ئاوەڵناوی‌فرمان جوتیاری خاوەن زەوی بچووکتر لە کێڵگەیەکی شەشدانگ. بە ئاڵمانی die Parzellenbauern بە واتای جووتیاری بچووکە. ع ملكية صغيرة N småeier د خردە مالک

**جۆچین:** جووتیاری خاوەن زەوییە، جا کەم یان زۆر، بەڵام ڕەشایی جووتبەندەی بێزەوییە. کوردیپێدیا

**جۆچین:** خاوەنی کەمتر لە شەشدانگ، شەریکی مڵکی تێکەڵاو، وردەمالیک ٢ـ ئاغای بچووک، خاوەنمڵکی بچووک، خاوەن مڵکێکی کەم، مڵکداری بچووک، وردەمالیک، وردەمڵکدار، ٣ـ ڕاوەنی خاوەنزەوی بچووکی تێکەڵاو، وردەمالیک، خوردەمالک کاوە

**جۆچین:** کەسێ کە خاوەنی زەوییەکی بچووکی کشتوکاڵە. دانشگای کوردستان

**جۆچین:** گوند نشینی بێ جووت و گا. مەردۆخ وشەدان

**جۆچین:** لە شۆڕشی بۆرژوازی ساڵانی ١٧٨٩ـ١٧٩٤ی فەرانسەدا زەویزاری دەرەبەگە گەورەکان وەک پارچەی بچووک لە نێوان جووتیارانی ڕەشاییدا دابەش کرا. ئەم ڕەشاییانە بوون بە جۆچین. ناپۆلیۆنی یەکەم هەلومەرجێکی لەباری لە سوودی جووتیاران بۆ وەبەرهێنانی ئەم زەوییانە بەدی هێنا. هەژدە ی برۆمێری لویی بۆناپارت

**جۆداس :** mountain barley ڕووەکی ناو جەهداس، جۆداسیل، جۆ کێفیلە، جۆ کێوی، سرووتکە. ع الشعير الجبلي N fjellhavre د جو صحرایی.

سرووت

**جۆراو :** espadrille پۆشاک ناو گیوە، کلاشی بن چەرم، پێڵاوی بەنی چنراو کە بنەکەی چەرم یان لاستیک بێت.



**جۆرج ئێلیۆت:** George Eliot هونەر نووسەر نازناو یان ناوی خواستەمەنیی ماری ئان ئیڤەنس (١٨١٩ـ١٨٨٠) هۆنەر و ڕۆماننووس و وەرگێڕی ئینگلیزی.








**جۆرج ستیڤەنس:** George Stevens دەرهێنەر (١٩٠٤ـ١٩٧٥) دەرهێنەر و بەرهەمهێنەری سینەمای ئەمریکا، براوەی ئۆسکاری ١٩٥٣.








**جۆرج فارکوێر:** George Farquhar نووسەر (١٦٧٧ـ١٧٠٧) درامانووسی ئیرلەندی. نووسەری شانۆگەری هاوبیردۆز The Recruiting Officer لە ١٧٠٦دا و هەروەها شانۆگەری قۆزی قۆڵبڕ The Beaux' Stratagem لە ١٧٠٧دا.









**جۆرەکانی چاوگ:** ڕێزمان بە گوێرەی ئەوەی لە پێش «ن» چاوگەوە هەمیشە یەکێک لەم پیتانە «ا، ت، د، و، ی» دێت، بۆیە چاوگ ئەبێ بە پێنج جۆر:

١. چاوگی ئەلفی وەکوو: برژان، بێژان، پێچان، سووتان
٢. چاوگی تایی وەکوو: نووستن، کوشتن، گرتن، کەوتن
٣. چاوگی دالی وەکوو: کردن، بردن، خواردن، مردن
٤. چاوگی واوی وەکوو: بوون، چوون، دروون، گوروون
٥. چاوگی یایی وەکوو: زانین، ڕوانین، درین، برین

**جۆرەکانی ناسازی کەسایەتی:** دەروونناسی بۆ ناسینی ئەم ناسازیانە جۆرەکانی کەسایەتی لە چەند دێڕدا پێناسە ئەکەین.

١. **ناسازی کەسایەتی پارانۆید:** Paranoid personality disorder
ناساز، بە شێوەیەکی بەرفراوان بێ متمانەیە. کەوشەنی ئەم بێمتمانەییە بە ڕادەیەکە کە دۆست و بنەماڵە و هاوبەشی ژیانیشی ئەگرێتەوە.

کەسایەتی کەوتۆتە ژێر کۆنترۆڵی بیرکردنەوە و ڕەفتارە فێربووەکانی پارانۆیایی. ئەم جۆرە ناسازانە بیرکردنەوە و ئامانجی بەهێزی ناڕاستەقینەیان هەیە. بۆ ئەم بیر و ئامانجانە ئەتوانن زیان بە خۆیان و ژینگە بگەیەنن. پەیوەندی ئەم ناسازانە زیاتر لەگەڵ کەسایەتی سکیزۆفرنی، نەرگسی، کەسایەتی پاسیڤ ـ شەڕانگێز هەیە.

ئەم ناسازییە ڕەگ و ڕیشەی لە منداڵی و زۆرجاریش لە تەمەنی هەرزەکاریدا هەیە. شارەزایان پێیان وایە ئەم ناسازییە لە جەڵتەی مێشک و نەخۆشی ئۆرگانیک پێک نایەت. بنەمای ئەو پێکدێت لە کەشوهەوای خێزانی، ڕەفتارە فێربووە ناڕاستەقینەییەکان، سایکۆتراما.






### ٢. ناسازی کەسایەتی سکیزۆید : Schizoid personality disorder

ئەم ناسازییە دەروونییە ئەبێتە هۆی ئەوەی تا نەخۆش لە جیهانی ناخی خۆیدا قەتیس ببێت و لە جیهانی فەراگەردی دابڕێ. ئەم کەسانە گۆشەگیرن، بە توندی دەروونگەران و زیاتر هێی جیهانی تەمومژاوی هەڵۆسە و تەمارن. کەسانی سکیزۆید هیچ حەزیان لە پەیوەندی جنسی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی نییە. نەریت و دابی کۆمەڵایەتی لایان گرنگ نییە. هەرچەند لە ناخەوە ئازاریان زۆرە، بەڵام ئەو دارەتە دەروونیە ئاڵۆزە لە دەرەوە نموودی نییە و خۆیا ناکات.







### ٣. ناسازی کەسایەتی سکیزۆتیپال : Schizotypal personality disorder

ئەم پۆلە بە ڕواڵەت ڕەفتار و گوتە و ئەزموونی سەیریان هەیە و ئاڵۆزی ئەندێشەیان وەک کێشەی سکیزۆفرێنییە. تووشبوانی ئەم ناسازییە بیر و بڕوای سەممەرەیان هەیە. بۆ نموونە لایان وایە لەگەڵ ئەهریمەن ەدون و بانگی ئەکەن. گومان و دڕدۆنگی هەمیشە لەگەڵیانە. هەست ئەکەن خەڵکی مەترسییان هەیە. هەموو ڕووداوەکان پەیوەند ئەدەن بە خۆیانەوە و بڕوایان بە چەشنێک گۆڤانی خۆماک لە خۆیاندا هەیە. کاتی پەیوەندی زۆر ئەترسن و پەیوەندی کۆمەڵایەتی زۆر بۆیان دژوارە.






**٤. ناسازی کەسایەتی دژەکۆمەڵ: Antisocial personality disorder** لە ناسازی دژەکۆمەڵدا ناساز خۆی بە هەقدار ئەزانێ و هەرگیز خۆی بە تاوانبار نازانێ، گوێبیستی ڕێسای کۆمەڵایەتی و نەریت نییە، ڕەفتارێکی هێرشبەرانەی هەیە و ئەزموون لە هەڵەکانی خۆی وەرناگرێ. لە پەیوەندیگرتندا کێشەیان نییە و ڕەنگە زۆر بەکێشەریشن، بەڵام پەیوەندییەکایان پڕ لە کێشە و کورتخایەنن. بە زۆری تاوانیان کردووە و کەوتوونەتە زیندانەوە. ئەم ناسازییە هەی پۆلی B یە. بەر لەوەی «کێرت شنادەر} وردتر لێیان بکۆڵێتەوە، کێشەکانی ئەم بوارە بە ناسازی دژی کۆمەڵایەتی ئەناسرا. ناسازی دژەکۆمەڵ زیاتر لە پیاواندا هەیە و ناساز دارەتێکی دوژمنانەی سابەرەت بە دگەر هەیە. ☜ ناسازی کەسایەتی پۆلی B










**٥. ناسازی کەسایەتی سنوورگە: Borderline personality disorder** هەست بە چەشنێک بۆشایی ئەکەن، وەک بڵێی تەرە کراون و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و هەستیان سەقامگیر نییە. بۆ نموونە بە بچووکترین ڕەخنە هەڵئەچن و کاردانەوەی توندوتیژ پیشان ئەدەن. زیان بە خۆیشیان ئەگەیەنن و خودکوشی لە پەروەندەیاندا هەیە. هۆی ئەوەی پێیان ئەوترێ سنوورگە، چونکە لە یەک کاتدا هەم ناسازی دەمارگرژی و هەم ناسازی سایکۆتیکیان پێکەوە هەیە.

ئەم کێشەیە زیاتر لەو کەسانەدا ئەبینرێ کە لە منداڵی یان گەورەییدا دەستدرێژییان کراوەتە سەر. ژنانیش بە هۆی ئەزموونی زیاتری

دەستدرێژی تووشی ئەم ناسازییە ئەبن. بەڵام فێمێنیستەکان لایان وایە: «کە ئەم ئەنجامگیرییە هەڵەیە و ئەم ناسازییانە دراوەتە پاڵ ژنان بە هۆی شێوازی دەربڕینی تووڕەییان، لەکاتێکدا پیاوانیش تووشی ئەم ناسازییە ئەبن و ناویان ئەنێن دژەکۆمەڵ، نەک سنوورگە.»
ناسازی کەسایەتی پۆلی B









**٦. ناسازی کەسایەتی نمایشی:** Histrionic personality disorder ئەم کەسانە لە ناخەوە هەست بە بەها ناکەن، خۆیان بە کەم ئەزانن و پێویستیان بە ڕەزامەندی کەسانی دیکە هەیە بۆ ئەوەی خۆیان بسەلمێنن. ئەم ناسازییە ئەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ کردەوەی دراماتیک و خۆدەرخستن ئەنجام بدات بۆ ئەوەی سەرنجی کەسانی دیکە ڕابکێشێت. هەروەها سەرچاوەی ناوەکەی ناسازی نمایشی لە وشەی «Histrionic» لە زمانی لاتینییەوە هاتووە کە بە واتای ئەکتەر و هونەرپیشە دێت.

ئەو کەسەی کە ئەم نەخۆشیەی هەیە زۆر گرنگی بە ڕواڵەتی ئەدات و پێی باشە بە شێوەیەکی سەمەرە و سەرنجڕاکێش دەربکەوێت. ئەم تایبەتمەندییانە، ئەم کەسانە ئەخەنە مەترسییەوە کە لە لایەن کەسانی دیکەوە سوودی نەشیاویان لێ وەربگیرێت. پەیوەندییە سۆزداری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم کەسانە لەسەر بنەمای پاکی دروست ناکرێت، هەر بۆیەش ڕووبەڕووی شکست و ڕەخنە ئەبنەوە؛ واتە ئە دوو شتەی کە زۆر لێی ئەترسن. لەم ناسازییەدا سووڕێکی دووبارە ئەبێتەوە: ئەو

کەسانەی کە نەخۆشی نمایشییان هەیە، ئەگەر ڕەتبکرێنەوە و پشتگوێ بخرێن، زیاتر خۆیان دەرئەخەن و نمایش ئەدەن، زیاتر لەو نمایش کردنەدا نوقم ئوبن و تووشی هەست بە تەنهابوون ئەکەن.










٧. **ناسازی کەسایەتی نەرگسی:** Narcissistic personality disorder ئەو کەسانەی کە نەخۆشی نەرگسییان هەیە لەرادەبەدەر خۆیان بە گرنگ و باوەڕپێکراو ئەزانن و حەز ئەکەن پەسن بکرێن. ئەم جۆرە کەسانە ئیرەیی بە کەسانی دیکە ئەبەن و چاوەڕێی ئەوەن کەسانی دیکەش بە هەمان شێوە ئیرەیی بەوان ببەن. لە ڕاستیدا لە وێژەی سۆزداری ئەواندا بەراوردکاری و ئیرەیی هەیە. ئەم ناسازییە ئەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ هیچ هاوسۆزییەکی بۆ کەسانی دیکە نەبێت و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی هەموو کەس بەکار ئەهێنێت.

ئەم کەسانە لە چاوی کەسانی تردا خۆپەرست و باشارگەر و پشووکورت و نالێبوردەن؛ ئەگەر گاڵتەیان پێ بکرێت، کاردانەوەی توندوتیژ لە شێوەی تووڕەیی و تۆڵەدا پیشان ئەدەن. ئەم تورەییە بە «تووڕەیی نەرگسی» ناسراوە و دەرەنجامە نەرێنییەکانی هەموو ئەو کەسانە ئەگرێتەوە کە پەیوەندییان بەوەوە هەیە.

ع اضطراب الشخصية النرجسية

N Narsissistisk personlighetsforstyrrelse

د اختلال شخصیتی خودشیفتگی










٨. **ناسازی کەسایەتی دوورەپەرێز:** Avoidant personality disorder کەسانی تووشبووی ئەم ناسازییە بەردەوام هەست بە کەموکوڕی و ناسەرنجڕاکێشی ئەکەن. ئەوان لە سووکایەتی و ڕەتکرانەوە و ڕەخنە و تەرەبوون ئەترسن. تەنها ئەچنە ناو ئەو پەیوەندییانەی کە دڵنیان بەرامبەرەکە خۆشیانی ئەوێت، تەنانەت لە پەیوەندییە زۆر دڵنیاکانیشدا، سنوورێکی زۆر دژوار بۆ خۆیان دائەنێن. ئەم کەسانە بەگشتی نیشانەکانی ناسازی دڵەڕاوکێی کۆمەڵایەتییان هەیە و لە منداڵیدا هەست ئەکەن لە لایەن خێزان و هاوتەمەنەکانیانەوە ڕەت ئەکرێنەوە، هەمان ئەم ململانێ ناوخۆییانە ڕێگەیان لێ ئەگرن تا بە شێوەیەکی شیاو لەگەڵ کەسانی دیکەدا پەیوەندی بگرن. ئەوانیش لەگەڵ سووڕێکی پاتەبوونەوەی نالەباردا ئەجەنگن: چەندە زیاتر گۆشەگیر ئەبن، زیاتر هەست بە بێکەڵکی و بێدەسەڵاتی ئەکەن و تا ئەم هەستە پاسیفە زیاتر ئەبێت، زیاتر گۆشەگیر دەبن.







٩. **ناسازی کەسایەتی وابەستە:** Dependent personality

disorder ئەو کەسانەی کە ئەم ناسازییەیان هەیە، متمانەیان بە خۆیان زۆر کەمە و هەست ئەکەن بەردەوام پێویستیان بە چاودێری هەیە. لە ئەنجامدا لە بڕیارەکانی ڕۆژانەشدا پێویستە کەسانی دیکە یارمەتییان بدەن. بۆ پەیوەندیکردن پێویستیان بە کاتێکی زۆرە و زۆر ئەترسن بەجێیان بهێڵن. کەسێک کە ئەم ناسازییەی هەیە، گونجاوی پێویست بۆ ئەرکە جۆراوجۆرەکان لە خۆیدا نابینێت و پشت بە کەسانی دیکە ئەبەستێت. بەزۆری پەیوەندی لەگەڵ ئەو کەسانەدا ئەکات کە لە پۆلی ناسازی B دان. ئەم تایبەتمەندیانە وا ئەکەن ئەم پۆلە وەک منداڵی لاواز ڕەفتار بکەن و ئەگەری ئەوە زۆرە بە شێوەی نەشیاو سوودیان لێ وەربگیرێت. ☜ ناسازی کەسایەتی پۆلی B









١٠. **ناسازی کەسایەتی وازوازی ناچار:** Obsessive_compulsive personality disorder لەم ناسازییەدا مرۆڤەکان بە شێوەیەکی زۆر تووشی پۆلێن، وردەکارییەکان، وردبینی لە بابەتە جۆراوجۆرەکان ئەبن. دارماڵگەرایی ئەم جۆرە کەسانە ئەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانن کارەکانیان تاسەر بە ئەنجام بگەیەنن. ئەم کەسانە بە شێوەیەکی وازوازی کات و پشووی خۆیان بۆ ئەنجامی کارەکان بەفیڕۆ ئەدەن. ناساز تایبەتمەندی کۆنترۆڵگەری هەیە، زۆر بە هەتەر و بەبێ گاڵتە هەڵسوکەوت ئەکات. سروشتییە هەمیشە بۆیان نەچێتەسەر کۆنترۆڵ بکەن، کەواتە لە دارەتی شکست هێناندا زۆر ئازار ئەچێژن.

تێبینی: ناسازی کەسایەتی لەگەڵ ناسازی دەروونی وەکوو «ناسازی

جووتکەسایەتی» جیاوازن. ناسازی کەسایەتی تەنها ١٠%ی کەسان ئەگرێتەوە، چارەسەریان دژوار و هۆکاری ناسازییەکەیان جۆراوجۆرە، کە ناسینیان پێویستی بە توێژینەوە و شیکارکردنی فراوان هەیە.










**جۆرەکانی وشە:** part of speech ڕێزمان یان شێوەی وشە یان یەکەی گوتە لە زمانی کوردیدا هەشت شێوەیە:

١. ناو.

٢. ئاوەڵناو.

٣. ڕاناو.

٤. فرمان.

٥. ئاوەڵفرمان.

٦. ئامرازی پەیوەندی یان پێگر.

٧. ئامرازی لێکدەر یان پێشبەند یان داچەک.

٨. ئامرازی سەرسوڕمان.

جۆرەکانی وشە لە زمانی ئینگلیزیدا دە شێوەی هەیە:

noun, verb, adjective, adverb, pronoun, preposition, conjunction, interjection, numeral, article, or determiner

١. ناو noun :نـ umbrella ـ lion ـ book ـ Ali

٢. ئاوەڵناو adjective :نـ beautiful ـ hot ـ good ـ large

٣. ڕاناو pronoun ؛: They ـ We ـ them ـ him

٤. فرمان verb ؛: watch ـ read ـ come ـ go

٥. ئاوەڵفرمان adverb ؛: rapidly ـ badly ـ slowly ـ well

٦. ئامرازی پەیوەندی preposition ؛: to ـ by ـ at ـ in

٧. ئامرازی لێکدەر conjunction ؛: so ـ but ـ or ـ and

٨. ئامرازی سەرسوڕمان interjection ؛: Bravo ـ oh

٩. ژمارە numeral ؛: one, seventy two

١٠. ئامرازی دیاریکەر determiner ؛: the, an, those

یەکەی وشە لە زمانی فارسیدا هەشت جۆری هەیە:

١. ناو: د اسم.

٢. ڕاناو: د ضمیر.

٣. ئاوەڵناو: د صفت.

٤. فرمان: د فعل.

٥. ئاوەڵکار: د قید.

٦. ئامرازی پەیوەندی: د حرف ربط.

٧. ئامرازی لێکدەر: د حرف اضافه.

٨. ئامرازی سەرسوڕمان: د حرف ندا.

یەکەی وشە لە زمانی عەرەبیدا سێ جۆری هەیە:

١. ناو. ع اسم.

٢. فرمان. ع فعل.

٣. پیت. ع حرف.

**پۆلێنی گوتە:** Part of speech زمانەوانی ڕێزمان جۆرێ پۆلێنی گوتە و وشە یان یەکەی وشەیە کە وشەکانی هەر پۆلێک تایبەتمەندی ڕێزمانی

چوونیەکیان هەیە.

ئەو وشانەی هی {پۆل}ێکی هاوشێوەی گوتەن، بە زۆری ڕەفتارێکی ڕێزمانی پیشان ئەدەن، ڕۆڵێکی هاوچەشنیان لە ناو پێکهاتەی ڕێزمانیدا هەیە، تەنانەت هەندێ جار وشەکانی پۆلێکی گوتە، ڕۆڵی تاکوشەناسی morphology چوونیەکیان هەیە. واتە کاتی گەردانکردن تایبەتمەندی چوونیەک وەرئەگرن.

**جۆرجۆنە:** Giorgio Barbarelli da Castelfranco **شێوەکار** (١٤٧٧ـ١٥١٠) ناسراو بە Giorgione شێوەکاری ڕێنسانسی دووەم High Renaissance لە ڤێنیزیا کە تەنها سی و دووساڵ ژیا.








**جۆزێف دو مێستەر:** Joseph de Maistre **فەیلەسووف** (١٧٥٣ـ١٨٢١) فەیلەسووف و ڕامیار، مێژووناس و نووسەری فەڕانسەیی.










**جۆزێف مەک کارتی:** Joesep McCarthy **ڕامیار** **سەناتۆر** **دژی کۆمۆنیست**

(١٩٠٨ـ١٩٥٧) ڕامیاری کۆماریخواز، سەناتۆری ڕاستڕەوی بەناوبانگی ئەمریکایی لە دەهەی ١٩٥٠، لە جەنگەی جەنگی ساردی پاش جەنگی جیهانی دووەم و بە پشتئەستووری ئەو هەراسە گشتییەی لە ڕۆژئاوا و بە تایبەت ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا پەیدا ببوو، زۆر وتاری هەڕێنەری سەبارەت بە مەترسی پەرەسەندنی کۆمۆنیزم لە ئەمریکا دا نووسی و، بوو بە ئالاهەڵگری جوولانەوەیەکی کۆنەپەرستانە بە هۆیەوە زۆر لە هاولاتیانی ئەمریکایی، لە هونەرمەندان و نووسەران بە تاوانی گرەوشتی کۆمۆنیستی دادگایی کران. بە گوێرەی ئەم دادگاییانە زۆر لە تاوانباران بە تاوانکار ناسران و سزای زیندانیان بۆ بڕایەوە، یان لە ئەمریکا دەرکران. ⇚ **تاوانکار بە گومان**: Guilty by Suspicion فیلم درامای ئەمریکایی ١٩٩١، سەبارەت بە لیستی ڕەشی مەک کارتیزم. ژێوەرگیراو لە ژیانی دەیڤید میرێل، نووسین و دەرهێنانی ئیروین وینکلەر، هونەرمەندی ڕابێرت دی نیرۆ و ئانێت بێنینگ. ☜ مەک کارتیزم









**جۆزێف مەنکیەویچ**: Joseph Mankiewicz دەرهێنەر (١٩٠٩ـ١٩٩٣) دەرهێنەری ئەمریکایی سینەما.










**جۆزێف وەیدەمایر:** Joseph Weydemeyer فەباتگێڕ ڕۆژنامەوان {١٨١٨ـ١٨٦٦} لە کۆمۆنیستەکانی ئاڵمان بوو کە ساڵی ١٨٥١ کۆچی کرد بۆ ئەمەریکا. تێبینی مارکس: جۆزێف وەیدەمایەر فەرماندارى سەربازیی شارستانی سەن لویی لە سەردەمی جەنگی ناوخۆی ئەمەریکا.









**جۆسێپە دو سانتیس:** Giuseppe De Santis دەرهێنەر {١٩١٧ـ١٩٩٧} دەرهێنەری و نووسەری ئیتالیایی سینەما. لە ١٩٤٠ تا ١٩٩٥ چالاک بوو. برای سینەماکاری بەناوبانگ پاسکالینۆ دو سانتیسە.







**جۆلایی:** wool weaving پیشەگەری ناو پیشە و پیشەسازی تەنینی بووزوو و مەوج و جاجم و پۆپەشمینە لە بەنی خوری و تاڵی ئاورێشم بە دەزگایەکی نیوەئۆتۆماتیکی تەنین. ع نسج الصوف، نسج الحیک N ullveving د گلیم بافی.

**جۆلا:** weaver وەستا ناو وەستای چنین و جۆلایی ع الحباک طائر،

ناسج N vever د بافندە.







**جۆڵز فۆرتمەن:** Jules Furthman نووسەر {١٨٨٨ـ١٩٦٦} نووسەری ئەمریکایی فیلمنامەی نافەرمان.














**جۆماڵ:** dredging فەرمان خاوێنکردنەوەی چەم و جۆگە لە قوڕ و لیت. ع التجریف N mudring د لای روبی.







**جۆن کرافۆرد:** Joan Crawford هونەرپیشە {١٩٠٥ـ١٩٧٧} ئەکتەری ناوداری ئەمریکایی.









**جوانـاو:** perspiration ناو لێزگی سەرەمەرگ، خۆهدانی نەخۆشی لە مردن. ع تعرق N svette د عرق حال نزع.

**جوانپەرستی:** aestheticism ناو فێرگە بزووتنەوەیەکی ئەندێشەیی و هونەرییە، بڕوایەی وایە بەهای جوانیناسیی هونەر و وێژە و موزیک و هونەرەکانی دیکە تاکە بەهای ڕاستەقینەیە و زیاترە لە بناغە کۆمەڵایەتی ـ ڕامیارییەکانیان وەستاون و؛ ئەمەش بەو واتەیە کە هونەر ئەبێ زیاتر سەرنجی لەسەر جوانبوون بێت و پێویست بە واتا قووڵەکانی نییە؛ لە ڕاستیدا هەمان دروشمی بەناوبانگی هونەر لە پێناو هونەردا. ئەم بزووتنەوەیە بە تایبەتی لە ئەورووپای سەدەی نۆزدەهەمدا دیار بوو و پشتیوانی کەسایەتییە ڕۆشنبیرە بەناوبانگەکانی وەک والتەر پۆتەر و ئۆسکار وایڵدی لەگەڵ بوو. ئەم بزووتنەوەیە لە ساڵانی ١٨٦٠ لە ستۆدیۆی ڕیفۆرمخوازی وەک ویلیەم مۆریسەوە دەستی پێکرد، کە لەو خولەدا بەدوای شێوازێکی نوێدا ئەگەڕان بۆ ژیان و کارکردن وەک هونەرمەندێک. ئامانجی سەرەکییان دژایەتی ئەو ستانداردانە بوو لە پێشانگای گەورەی هونەری ساڵی ١٨٥١ لە هاید پارک لە لەندەن پێشکەش کران.

پێویستە جوانپەرستان وەک نەیارانی کولتوری ڤیکتۆریایی سەیر بکرێن، کە پێیان وابوو هونەر و وێژە پڕن لە ڕۆڵی ڕەوشتی گرنگ. یەکێک لە ڕەخنەگرانی هاوچەرخ کە بیرکردنەوەکانی لەم بزووتنەوەیە نزیکە، هارۆڵد بلۆمە کە نەیارێکی سەرسەختی ناساندنی ڕامیاری و

ئایدیۆلۆژیای کۆمەڵایەتییە بۆ بەرهەمە وێژەییەکان.








**جوانخوازی:** Aestheticism بە هونەر بزووتنەوە ناوی لێکدراو جوانپەرەستی، بزووتنەوەیەکی هونەری کۆتایی سەدەی نۆزدە کە لای وابوو بایەخی جوانیناسی و وێژە و موزیک و هونەر لە بەهای کۆمەڵایەتی ـ ڕامیاریان زیاترە. واتە هونەر زیاتر بە جوانبوون پشتئەستوورە تا ئەوەی کە واتای قووڵی هەبێ، واتە هەمان دروشمی «هونەر بۆ هونەر. ئەمانە دژی فەرهەنگی ڤیکتۆریایی بوون کە لای وابوو هونەر و وێژە تەژی نەخشی گرنگی ڕەوشتە.

**جواندەربڕی:** euphemism کینایە ناسکبێژی ناوی فەرمان باشدەربڕە، دەربڕینی جوانتر، بەکارهێنانی وشەی شیاو لە جیاتی وشەی ڕەق یان کاتی ئەماژە بە ڕووداوی ناخۆش یان شەرمەزار. ع کنایە N eufemisme د تعبیر.

**جوانناسی:** Aesthetics فەلسەفە ناوی چاوگ ئێستاتیک، جوانیناسی لقێکی فەلسەفەیە مامەڵە لەگەڵ سروشتی جوانی و سەررێژنەدا دەکات، هەروەها لە فەلسەفەی هونەر و بەها جوانکارییەکان دەکۆڵێتەوە، کە زۆرجار لە ڕێگەی سەررێژنەی هونەرمەندانەوە دەربڕدراون. ◄ سروشتی هونەر و چەمکە پەیوەندیدارەکان، وەک داهێنان و لێکدانەوە، وەک کاری هونەری ئافرێنراو لە بواری پیشەییدا ئەخاتە بەر ڕەخنەی هونەری و مێژوویی لە پێناوی باشتر پەیبردن بە چەمک و ناوەڕۆکی هونەر. ع جمالیات N estetikk د زیبایی شناسی.




**جواناسی و دەروونناسی سینەما:** Esthetique et psychologie du cinema نووسینی ژان میتری، لەمەڕ مێژووی سینەما و جواناسی فیلم.




**جوانی:** beauty فێرگە ناووات تێکەڵەیەکی ئەدگار و پەسنەکان، وەک شێوە، ڕەنگ و پێست و، بیچم و سیما و کولم و پرچ و بەژن، کە هەستە جواناسەکان بە تایبەت بینین، پێی ئەگەشێنەوە و هەست بە شادمانی ئەکەن. ع جمال N skjønnhet د زیبایی. ن: دڵم تەنگە؛ پەسنی جوانی:

دڵم تەنگە وەکوو غونچەی دەمی تۆ
سەرم گێژە لە گێژی پەرچەمی تۆ
دڵ و گیان و ژیانم دا بە ماچێ
وتت پێک نایە، زۆری من کەمی تۆ

لە چەشنی ئاگرن کوڵمی گەشی تۆ
لە مار ئەستەمترن پرچی ڕەشی تۆ
بڵێم وەک چی دەچی؟ هەر گوڵ دەزانم
لە گوڵ ناسکترە ناسک لەشی تۆ

لە گوارەی پڕ پەرە پڕ دڵ پڕ پەرەنگم
چەماوی بەژن و باڵای شۆخ و شەنگم
لە سەر سینگی سپی چاوم سپی بوو
لە تاوی زەردە لیمۆ زەردە ڕەنگم

کش و ماتە جیهان لە ژوانی لە نوێ
گەلاوێژ بۆمە، دەروانێ لە سەر سوێ
چریکەی بولبولێ دێ، وا دەزانم
چپەی ماچی من و تۆی هاتە بەر گوێ

هەژار

**جوبران خەلیل جوبران:** Gibran Khalil Gibran وێژە نووسەر شێوەکار

(١٨٨٣ـ ١٩٣١) نووسەر و هۆنەری لوبنانی ـ ئەمریکی، لە جیهانی عەرەبدا بە شۆڕشگێڕێکی ڕامیاری و وێژەیی ناسراوە و، لەگەڵ میخائیل نەعیمە و عەبدولمەسیح حەداد و نەسیب عەزیزە کۆمەڵەی نوێخوازانی وێژەی عەرەبی پێک ئەهێنن. جوبران جگە لە هۆنراوە و نووسین، سەررێژنە و لێهاتوویی لە نیگارکێشانیشدا هەبووە و زیاتر لە ٧٠٠ بەرهەمی هونەری لێ بەجێماوە. ◀ بەڵام ناوبانگی جوبران زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ پەرتووکی پەیامبەر کە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٢٣ لە ئەمریکا چاپ و بڵاوکرایەوە

و هەر لەو کاتەوە بوو بە یەکێک لە پەرتووکە پڕفرۆشەکانی هەموو سەردەمەکان و وەرگێڕدرا بۆ زیاتر لە ١٠٠ زمان. ◄ پەیامبەر، لە لایەن ئازاد بەرزنجی کراوە بە کوردی و، لە دوو توێی کۆبەرهەمی ٦ بەرگیدا بڵاو کراوەتەوە.

◄◄ **کۆبەرهەم:** کۆبەرهەمی سەرجەم نووسینە عەرەبی و ئینگلیزییەکانی جوبران خەلیل جوبران لە لایەن ئازاد بەرزنجییەوە کراوە بە کوردی و، ساڵی ١٩٢١ لە ٦ بەرگدا لە لایەن دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان لە سەر ئەرکی بەڕێز «د. تەها ڕەسووڵ» چاپ و بڵاو کراوەتەوە.




**جولیتی:** Giovanni Giolitti رامیار {١٨٤٢ـ١٩٢٨} لە ١٨٩٢ تا ١٩٢١ پێنج جار بوو بە سەرەکوەزیرانی ئیتالیا، دووەم کەسە لە دوای موسۆلینی ئەوەندە مابێتەوە.



**جومگەناسی:** arthrology ئاناتۆمی. ع علم المفاصل N artrologi د مفصل شناسی.






**جووباڵ:** Jubal میسۆلۆجی یان یووڤاڵ یان یووباڵ لە تەورات، سفری ئافراندن، ٤: ٢١ ناوی هاتووە. بە باوکی هەموو ئەوانە دانراوە کە چەنگ و بلوێریان ژەندووە. جوباڵ وەک وشە بە واتای شاخ و شاخی بەران و شەیپووری سەرکەوتنە. جوباڵ هەروەها بە ڕیشەی وشەی jubilee بە واتای جەژن دائەنرێ.








**جووتبەندە:** Peasant, bondman ناوی لێکدراو بەندە، جووتیاری بەستراوە بە زەوییەوە د رعیت. ع تابع E peasant ⇦ **کشتیار:** peasant ناوی لێکدراو باخەوان یان باخدار، کەسێک کە درەخت و ڕەز و باخ بەخێو ئەکات.

**جووتکەسایەتی:** dual personality دەروونناسی ناوی لێکدراو یان multiple personality چەشنە تێکچوونێکی مێشکە کە گۆڕانی خێرا لە وزە، ڕەفتار و

ئاستی هەڵسوکەوتی نەخۆشدا بەدی ئەهێنێ و لە دارەتێکی شادمانەوە ئەیبا بۆ دارەتێکی خەمۆکی. ئەم نەخۆشینە لەگەڵ سکیزۆفرنی جیاوازە و دارەتێکی خاوترە، چونکە سکیزۆفرنی دوو قاش بوونی مێشکە. هەروەها لەگەڵ بای پڕۆلار جیاوازە، جووتکەسایەتی خاوەنی دوو یان چەند کەسایەتییە، بەڵام بای پڕۆلار ئەم کێشەی نییە و تەنها دارەتەکانی هەڵسوکەوتی ئەگۆڕێ، واتە جار لە سەروو هەورانە و جار لە بنی دۆڵ دایە، خەمۆکی لە قۆناغەکانی نەخۆشی بای پڕۆلارە. ع الهوية التَفارقي N dissociative identity د دو شخصيتی، الهوية التَفارقي.





**جووتوزە:** hybrid تێکنۆلۆژی ئۆتۆمۆبیل ناوی لێکدراو ئۆتۆمۆبیلی **سەوز** دۆستی سروشت، ئۆتۆمۆبیلی هایبرید، ئۆتۆمبێلێکە تێکەڵەیەک لە دوو یان زیاتر سەرچاوەی هێزی جیاواز بەکار دەهێنێت بۆ جووڵان. لە زۆربەی دارەتەکاندا ئەم ناوە بۆ ئاماژەدان بە ئۆتۆمبێلی کارەبایی جووتوزە بەکار دێت، کە تیایدا بزوێنەرێکی سووتانی ناوەکی {بەزۆری بەنزین} لە تەنیشت یەک یان چەند ماتۆڕێکی کارەبایی لە سیستەمی باڵنەرەکەیاندا دادەنرێت و ئۆتۆمبێلەکە توانای بەکارهێنانی یەک یان یان هەردووک وزەی پێکەوە هەیە. جۆری تری ئۆتۆمبێلی هایبرید هەیە کە سووتەمەنی تری وەک پرۆپان، هایدرۆجین یان وزەی خۆر بەکار دەهێنێت. ئۆتۆمبێلی هایبرید بۆ کارایی سووتەمەنی بەرزتر، هێزی زیاتر، مەودای دوورتر لەسەر یەک سووتەمەنی یان کەمکردنەوەی دەردانی گازی ژەهراوی

دیزاین کراوە. ئەم ئۆتۆمبێلانە بە ئۆتۆمبێلی سەوزیش ناسراون.




**جووتهاوسەری:** bigamy خێزان ناوی لێکدراو وازی هاوسەرگیری لەگەڵ دوو کەس، ژان یان پیاو، بە ئاگاداری هەموو لایەنەکانی هاوسەرگیرییەکە. ع زوجتان N bigami د دو همسری.

**فرەهاوسەری:** polyamory خێزان ناوی لێکدراو وازی هاوسەرگیری لەگەڵ زیاتر لە یەک کەس، ژان یان پیاو، بە ئاگاداری هەموو لایەنەکانی هاوسەرگیرییەکە. ع تعدد الزوجات N polyamori د چند همسری.

**جووڵەی سەربازی:** deployment سەربازی دامەزران، جووڵەی سەربازی، گواستنەوەی سەرباز یان کەرەستە و تفاقی جەنگی بۆ شوێنێک یان پێگەیەک بۆ چالاکیی سەربازی. ع انتشار عسكري N deployere د گسترش نیرو.




**جووڵەی وەرجاوەند:** موزیک perpetuum mobile یان perpetual motion d دەزگایەکی موزیکە بە جووڵەی خێرا کە بە زۆری لە نۆتەی بە درێژی

هاوسان دروست بووە.

**جەبە :** special ئاوەڵناو جیاواز و تایبەتی نەک ئاسایی. ع استثنائی، شاذ N spesiell د استثنائی، شاذ.

**جەخار :** calamity ناو ئاسێو، پەرێشانی، پەژارەمەندی، بەدبەختی، تەمەرە، کارەسات، ناخۆشی، نسکۆ. ع مصیبة، محنة N lidelse د مصیبت E rampant.

**جەربەزە:❶** brave ئاوەڵناووفرمان نەبەرد، بوێر، نەترس، ئازا و بەکار. ع شجاع N modig د شجاع E temerity.

**جەربەزە:❷** courage ناوی چاوگ بوێری و ئازایەتی. ع جرأة، شجاعة N dristighet د جسارت E temerity. ن: بچووکترین کردەوەی جەربەزە، ئەگەر پێکەوە ئەنجام بدرێ، ئەتوانێ کێوەکان بجووڵێنێ.

The smallest acts of courage, when done together can move mountains.

**جەربەزە:❸** guts هێمایر دەروون، هەناو ن: هەناوم پێم ئەڵێ ن: بڕوات بە هەستی هەناوت هەبێ.

**جەرگسووتاو :** bereft ئاوەڵناو بێبەش، کۆستکەوتوو، پەژارەمەند. ع ثکل N berøvet د داغدار.

**جەریکۆ :** Jericho جوگرافیا ناوی جێگا ئەریحا، یەریکۆ، شارێکە لە فەلەستین، لە ٢٣ کیلۆمەتری ئۆرشەلیم، لە دەراوی چەمی ئوردن. ع اریحا N Jeriko د اریحا ☜ ئەریحا.








**جەڕبادەر:** wrench ئامێر ناو سپانە، ئیسپانە، بادەر، ئاچەر، جەڕبادەری ئینگلیزی؛ ئامێری بەستن و کردنەوەی پێچ. ع مفتاح الربط N skiftenøkkel د اچار فرانسه.



**جەزەبل:** Jezebel فیلم درامای سینەمایی ساڵی ١٩٣٨ دەرهێنانی ویلیەم وایلەر و کایەی بێتی دەیڤیس.




**جەژنی پاکیزان:** Toussaint بۆنەوئایینی یان All Saints' Day لە ئایینزای کاسۆلیکدا ڕۆژی ڕێزلێنانە لە هەموو پیران و پاکیزان، لە یەکی نۆڤەمبردا. بەرنامەی ئەم ڕۆژە نزا بۆ مردوان و سەردانی گۆڕستان و خزنی مردوانە. ع عید القدیسین N Toussaint د روز مقدسین.



**جەژنی سەربەستی:** داب‌ونەریت ڕۆژی ١٤ی جولای، جەژنی نەتەوەیی فەڕانسە، کە لە هەمان ڕۆژدا زیندانی باستیلیش شکێنراوە و، شۆڕشی مەزنی فەڕانسەی ساڵی ١٧٨٩یش لە هەمان ڕۆژدا ڕووی داوە.



**جەستەی تاوان:** corpus delicti دادوەری دەستەواژەیەکی ڕێسای گشتی لاتینییە ئاماژەیە بۆ ئەو بنەمایەی کە نابێت هیچ کەسێک سزا بدرێت بەبێ بەڵگەی پێویست و سەلمانی ڕووداوی بەڕاستی تاوانەکە.
ع جسد الجریمة N forbrytelsens kropp د بدن جنایت.









**جەفەنگامێز:** ludicrous ناوی لێکدراو گاڵتەجاڕ، پێکەنیناوی، کردەوەی ئەوەندە گەوجانە و شێتانە کە لە کردەوەیەکی هەژەند بچێ.

**جەغز:** arch ناو نیوبازنە، هێڵی کەوانی. ع قوس N bue د قوس.






**جەکسن پۆلاک:** Jackson Pollock شێوەکار (١٩١٢ـ١٩٥٦) شێوەکاری ئەمریکایی و کەسایەتی بەرجەستەی بزووتنەوەی ئێکسپرشنیزمی ئەبستڕەکت.








**جەکی کۆگەن:** Jackie Coogan هونەرپیشە کوڕەی فیلمی کوڕیژگە دەرهێنانی چاپلین.







**جەگەن:** lutus flower ڕووەک ناو گوڵی ناو زەلکاو، گیایەکە لاسکی سێ سوچی لە گەناو و زەڵکاودا دەڕوێ. ع نیلم جوزي، زهرة مستنقع N lutusblomst د لالە مردابی.

☜ سیانەی جەگەن {من یەک ساواکیم، بێگانەیەک لە مندا و، بەرامەی مردووەکان.}



**جەلاد:** executioner ناو بکوژ، میر غەزەب، سەربڕ، جەلاب. ع جلاد N bøddel د جلاد.

**جەلۆ:** hoodlum, gangster ناو هەرزەپیاو، سەرسەری، ئەڵوات. ع السفاح، العصابات N hoodlum د اوباش.

**جەڵغەکردن:** چاوگی تێپەڕ دوو پارچە تەختە بەیەکدا دابکوترێ، لە داربەستدا دوو پارچە سێڕ بەیەکدا داکوترێ.

⇦ **سێڕ:** wooden strip ناو تەختەماخ، تەختەداری چوارلا ڕێکی درێژە، لە تەختەبەستی بیناکردندا بەکاردێ. ع شریط خشبي N trelist د الوار.



**جەڵەکردن:** چاوگی تێپەڕ بەستنەوەی وڵاخێک بەدوای وڵاخێکیتردا.

**یەختەرمە:** ناو یەدەک، ئەسپی زیادە، سوار بە دواى خۆیدا ڕای ئەکێشێ.




**جەڵجەڵووت ❶:** spell, epode شێوەزانست هێما و کلیلی ڕەواندنەوەی جادوو. ع تعویذة N sjarm د ورد، اوراد. ☜ ڕەواندنەوە ☜ پووچەڵکردنەوە ☜ ورتە







**جەڵجەڵووت ❷:** abracadabra, Mumbo Jumbo ناوی لێکدراو نزای بن لێوان، ورتە. ع ورد، اوراد N abracadabra د ورد، اوراد.








**جەڵەب:** group ئـاو پەرەمە، پۆل، تاقم، قۆڵ، کەرت؛ کۆمەڵێک مەڕ و بزن.
ع فئة N gruppe د دستە.

**جەمخانە:** ئاییناسی ئاوەڵێکدراو پیر باللولی کاکەیی یەکەم کەسێک بووە {جەم}ی دامەزراندووە، هاوبیرانی ئەو هەفتەی جارێک کۆ بوونەوەتەوە بۆ گوێگرتن لە سروودە ئایینییەکان کە لەسەر ئاوازی تەمیرە گوتراون، ئەو شوێنی گردبوونەوەیە پاشتر بە **جەمخانە** ناسراوە. جەمخانە شوێنی خواپەرستی و ئەنجامدانی ئادینەی ئایینی یارسانە.

◀ یارسانییەکان هەفتەی جارێک کۆبوونەوەی ئایینی خۆیان هەیە. شەوانی پێنجشەممە لەسەر هەینی لە شوێنێک بە ناوی جەمخانە کۆئەبنەوە، خودی کۆبوونەوەکە پێی ئەگوترێت **جەم**، دانیشتووانی جەم پێیان ئەگوترێت جەمنشین. لەو کۆبوونەوانەدا سروودی ئایینی ئەخوێنرێت و تەمیرە ئەژەنرێت، هەروەها نیاز ئەکرێت کە بریتییە لە دابەشکردنی میوە و نوقڵ و مێوژ و خورما و شتی لەو بابەتە. مانگی جارێک کۆبوونەوەیەکی گەورەتر ئەکرێت، لەوێدا خواردنیش ئەخورێت. درێژە

**جەمخانە:** کۆمەڵناسی دەروونناسی هەروەها جەمخانە بە یەکەم کۆگا و شێوازی ترایی، واتە هەڵرشتنی ئاستەنگ و ئاریشەی نیازمەند و هەستان بە چارەسەری لە لایەن ڕازۆری جەمخانەوە، دائەنرێ.




**جەمیل تووران بایەزیدی:** نووسەر ڕۆماننووس خەباتگێڕ نووسەری توانای کورد خاوەنی ٥٢٥ نووسینە لە ڕۆژنامەکانی یۆناندا و ١٢ پەرتووکیشی نووسیوە. چەندین خەڵاتی پێبەخشراوە لە لایەن پەرلەمانی یۆنان و

زانکۆکانی ئەوروپا و، چەندین شوێنی دیکە، هەروەها لە ساڵی ٢٠١٥ خەڵاتی یونسکۆی پێ دراوە بۆ ڕۆمانی «ناوی من ئازادە». ڕۆمانەکە لەسەر چیرۆکێکی ڕاستەقینەی کارەسات لە کیمیابارانی هەڵەبجە نووسراوە، کە بەسەر ماڵباتێکی هەڵەبجەییدا هاتووە. جەمیل توووران هەروەها پرۆژەی نووسینی دووەمین ئانتۆلۆجیای لەسەر ٣٠ هەڵبەستڤانی کورد بەدەستەوەیە.







**جەناب:** ناو فەرهەنگی خاڵ نووسیوێتی وتەیەکە لە ڕووی گەورەییەوە بۆ کەسێک بە کار ئەهێنرێ کە لە گەڵیدا بدوێی یان ناوی ببەیت، یان کاغەزی بۆ بنووسیت خاڵ؛ هەمبانە بۆرینە ئەڵێ: وشەی ڕێزگرتنە هەنبانە بۆرینە؛

◀ وشەیەکی کوردمادییە، بە واتای گەورە و مەزن، لە {فرهنگ واژەهای سره}یش بە هەمان واتا هاتووە. بەپێچەوانەی هەندێ کە بە عەرەبی دائەنێن، عەرەبی نییە. بۆ نموونە ئەگەر سەیری بەشی فارسی ـ عەرەبی فەرهەنگی المعانی {کە کۆی هەموو فەرهەنگەکانی ئێستەی زمانی عەرەبییە} بکەین، بۆ واتای جناب، چەندین جەنابی ڕیز کردووە، وەکوو {جَناب، جُنَاب، جِناب، جانَب، جَانِب} کە تەنها یەک دانەی {جَنَاب}ە و ئەویش نووسیوێتی ئەم {جَنَاب}ە کۆی {أجْنِبَة}ەیە و، بۆ گەورە بەکار ئەهێنرێ!

باشە کۆی {أجْنِبَة} بە واتای {نەواقە و کەنار = ناحیە و ساحل} کە ئەکاتە {مناطق} بۆ ئەبێ بۆ مەزنان و بە واتای مەزن بەکار بهێنرێ کە هیچ

پەیوەندییان بەیەکەوە نییە؟

- ئەوەندە نەبێ کە ئامادە نین بڵێن: ئەم {جَناب}ـە هێنراوەتە ناو عەرەبی و لەگەڵ {جَناب}ـەکانی تر جیاوازە و ئەم وشەمان لە زمانی کوردی وەرگرتوە و بەکاری ئەهێنین!
- واتە هەم دزیویانە و هەم زۆر درۆزنانە پاساویشی بۆ ئەهێننەوە، کە کۆی {ناحیە و کرانە، واتە جوانب} ئەبێ بە شکۆدار و خاوەنشکۆ واتا بکرێ و، ئەبێ بۆ مەزنان بەکار بهێنرێ!




**جەنابی ئارکادن:** Mr. Arkadin فیلم فیلمی سینەمایی فەڕانسەـ ئیسپانیایی ـ سویسی ١٩٥٥، دەرهێنانی ئۆرسن وێلز. لە بەریتانیا بە Confidential Report ناسراوە.









**جەنجاڵ:** ❶ crowd ناوی لێکدراو چڕەبەندان، پڕانی، ئاپۆرە، تەموورە، لە دەور یەک خڕبوونەوە، گۆرانی وتن و بەزمگێڕان. ع احتشد N publikum د شلوغی.

**جەنجاڵ:** ❷ fuss خۆهەڵکێشان و ئاخاوتن سەبارەت بە خۆ، درۆودەلەسەی ناپێویست. ع ضجة N oppstyr د داد و بیداد.

**جەنجەڕ:** ❶ vannhjul ئامێر ناو چەرخی بیر کە دۆڵچەی ئاوهەڵکێشانی پێوە ئەبەستن. ع ناعورة N waterwheel د چرخ چاه. G وەهبی ئەدمۆندز



**جەنجەڕ:** ❷ threshing sledge ئامێر ناو ئامرازی لە دار و ئاسن بۆ

گێرەکردنی کلۆش. ع زلاجة الدرس N treskeslede د سورتمە خرمنکوبی. وەهبی ئەدمۆندز




**جەندەرمە :** gendarme ناو ئەمنیە، پاسەوان، قۆڵچی، پۆلیسی تەناهی لە گوند و دەرەوەی شار لە فەرەنسە و وڵاتانی فەرەنسە زمان. ع الدرک، شرطی N gendarme د ژاندارم.

**جەنگاوەر :** Guerrieri فیلم سینەماجیبە فیلمی سینەمایی ١٩٤٢، دەرهێنانی ئیمێر.






**جەنگ :** war جەنگ ستراتژی سەربازی ناو شەڕ، تێکبەربوون، بەگژیەکداچوون. پێناسە: شەڕ و ململانێی چەکداری ڕێکخراو لە نێوان نەتەوە یان دەوڵەتە جیاوازەکان یان دەستەی فرەچەشنی ناو نەتەوە

یان دەوڵەتێکدا، کە ئەبێتە هۆی لەناوچوونی بنکە و دامەزراوە ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی کۆمەڵگا. [ع] حرب [N] krig [د] جنگ.

☜ پەهلەوی ☜ فەیلی ☜ سواژ

**ڕیشەناسی** ⟵ ڕیشەی کوردی پەهلەوی ✎ هەیە. زماننانسان پێیان وایە ئەم وشەیە لە ڕەگی هیندوئوروو‌پایی ghengh «بە واتای جووڵە و پێشڕەوی» هاتووە.

◁ هەمان ڕەگ چووەتە ناو زمانەکانی ترەوە و بووە بە هۆی دروستبوونی وشەی وەک جەنگ (بە واتای پێکادان) لە زمانی کوردیدا و،

◁ وەک gang (بە واتای ڕۆشتن، گەشت یان ڕەو، واتە کۆمەڵێک کەس کە پێکەوە ئەجووڵێن) لە زمانی ئەڵمانی کۆندا.

◁ هەروەها لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی gang و gangster لە ڕەگی ئەڵمانی کۆنەوە هاوردە کراوە.

ن: ئەو ژنراڵەی ژیرانە گۆڕەپانی سواژ هەڵئەبژێری، سەرئەکەوێ بەر لەوەی جەنگ دەست پێبکات.





**جەنگە:** amid [ئاوەڵناو] ئەنگامە، پڕامە، گەرمە، هەرەت، هەرەمە، گەرماوگەرمی ئەنجامدانی کارێک. [ع] في وسط [N] midt i [د] موسم، در وسط.

**جەنگەڵی بۆڵۆنی:** Bois de Boulogne [ناوی جێگا] پارکی بۆڵۆنی، پارکێکە لە نەواقەی ڕۆژئاوای گەڕەکی ١٦ پاریس. ئەم پارکە ٨٤٥٩ کیلۆمەتری

دووجایە، ٢,٥ جار لە سەنتراڵ پارکی نیۆیۆرک و ٣,٣ جار لە هایدپارکی لەندەن گەورەترە.




**جەنگی ئۆستەرلیتز:** Austerlitz جەنگ لە ٢ی دیسەمبەری ١٨٠٥، ناپۆلیۆن لە ئۆستەرلیتز، کە شارێکە لە کۆماری چێکیا و ئێستە ناوی سلاڤکۆڤ و برنایە، سەرکەوتنێکی مەزنی بەسەر هێزە هاوپەیمانەکانی ڕووسیە و پرووسدا بەدەست هێنا.




**جەنگی ئولم:** Ulm جەنگ هێزەکانی ناپۆلیۆن لە ٣٠ی ئوکتوبری ١٨٠٥ هێزەکانی ژنراڵ ماکی نەمساییان لە ناوچەی ڤۆرتمبەرگ گەمارۆ دا.



**جەنگی باڵکان:** جەنگ بەر لە جەنگی جیهانیی یەکەم دوو جەنگ لە باڵکان ڕوویان دا، یەکەمیان ساڵی ١٩١٢ و ١٩١٣ کە بووە هۆی شکانی عوسمانی و بەشی ئورووپایی ئیمپراتۆری عوسمانی، ئینجا کۆنستانتینۆپۆلی لێ دەربچێ، هەمووی گەیشت بە بولگاریا، سەربیا، یۆنان و مۆنت نێگرۆ کە لە دژی عوسمانی یەکیان گرتبوو. جەنگ لەسەر ئەم بەشە ئورووپاییە، بوو بە هۆی جەنگێکی تر لە هاوینی ١٩١٣ لە نێوان بولگاریا و هاوپەیمانەکانی.





**جەنگی باوێر ١٨٩٩ :** Boer war جەنگ جەنگی کۆلۆنییەکانی پێشووی هۆڵەند دژی ئینگلیز لە خوارووی ئەفریقا کە ساڵی ١٩٠٢ بە سەرکەوتنی ئینگلیز کۆتایی هات. لە پاش دۆزینەوەی کانەکانی زێڕ لە ترانسواڵ لە ئەفریقای باشوور، بەریتانیا هێرشی کردە سەر باوێرەکان، کە دەمێ ساڵ بوو ئەوێیان بە شێوەی کۆماری بەڕێوە ئەبرد و سەرزەمینەکەیان خستە سەر خاکی خۆیان.






**جەنگی دوکنشینەکان:** Seven Years' War جەنگ جەنگی پڕووس و ئۆستریا لەگەڵ دانمارک لە ساڵی ١٨٦٤.

**جەنگی ڕۆزباخ:** Rosbach جەنگ لە ٥ی نۆڤەمبری ١٧٥٧ هێزەکانی فرێدریکی دووەم لە ناوچەی ڕۆزباخی ئاڵمان، سپای فەڕانسەیان شکست دا.



**جەنگی ڕووس و ژاپۆن:** جەنگ جەنگی ١٩٠٤ـ ١٩٠٥ کە بە سەرکەوتنی ژاپۆن و شکستی ڕووسیە کۆتایی هات. فەڕانسە لەم جەنگەدا لایەنی ژاپۆنی گرتبوو.




**جەنگی سادۆوا:** Sadowa جەنگ گوندێکە لە کۆماری چێکیا. لە ڕێکەوتی ٣ی جولای ١٨٦٦ پرووسیەکان لەم شوێنە سپای ئۆستریایان شکست

دا.

**جەنگی سێدان:** Sedan War جەنگ لە شارەکانی فەڕانسە لە کەناری چەمی میوز، ساڵی ١٨٧٠ لەم ناوچەیە جەنگێکی دژوار لە نێوان سپای فەڕانسە و ئاڵمان ڕووی دا و فەڕانسە بە تەواوەتی شکا. ناپۆلیۆنی سێیەم، پادشای فەڕانسە، چووە بن باری هەموو داواکارییەکانی ئاڵمان.




**جەنگی فەڕانسە و ئاڵمان ١٨٧٠:** جەنگ لە ساڵی ١٨٧٠ـ١٨٧١ کە ئاڵمان فەڕانسەی شکست دا، دوو هەرێمی ئاڵزاس و لۆرن کەوتنە بن دەسەڵاتی ئاڵمان، بەڵام لە پاش شکستی ئاڵمان لە جەنگی جیهانی دووەم گەڕایەوە بۆ فەڕانسە.

**جەنگی کان:** Cannae جەنگ ساڵی ٢١٦ی پێش زایین هانیباڵ لە ناوچەی کان هێزەکانی ڕۆمای شکاند.



**جەنگی کریمە:** Crimean War جەنگ بە فەرەنسە Guerre de Crimée
بە جەنگەکانی ئۆکتۆبری ١٨٥٣ تا فێبریوەری ١٨٥٦ ئەوترێ کە لە نێوان ئیمپراتۆری ڕوسیەی تزاری لە لایەک و ئیمپراتۆری دووەمی فەڕانسە، ئیمپراتۆری بەریتانیا، پادشایی ساردنی و ئیمپراتۆری عوسمانی لە لایەکی ترەوە، لە نیمچە دورگەی کریمە ڕووی دا. لە مارچی ١٨٥٦ بە پەیمانی پاریس کۆتایی پێهات، کە تا ڕادەیەک بەزیانی ڕووسیە بوو.





**جەنگی گوێلف و گیبلێن:** Guelphs and Ghibellines war جەنگ ساڵی ١٢١٦ لە کۆماری فلۆرانس لە نێوان دوو بەرەی گوێلف {جەماوەرخواز یان ڕەشەکان} و گیبلێن {ئاریستۆکرات یان سپییەکان} جەنگێک دەستی پێکرد. لە نیوەی یەکەم سەدەی سیانزە دەسەڵات زیاتر بەدەست گیبلێنەکانەوە بوو. نیوەی دووەم گوێلفەکان دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت. گوێلفەکان خۆیشیان بوون بە دوو بەشی ڕەش و سپی. سپییەکان سکەی فلۆرینیان لێدا و لە هەموو ئوروپا برەوی پەیدا کرد، بەڵام ساڵی ١٢٦٠ گیبلێنەکان ئەوانیان شکاند و تێکۆشان دامەزراوەکانی ئەوان لەناو ببەن، وەلێم لە کۆماری فلۆرانسی نیوەی دووەمی سەدەی سیانزە ئابووری گەیشتە لووتکە و چینی بازرگان و بانکدار بەدی هات.







**جەنگی لایپزیک:** جەنگ لە ئۆکتۆبری ١٨١٣، وڵاتانی ڕووسیە و پڕووس و ئۆستریا و سوید کە پێکەوە یەکیان گرتبوو، لە جەنگێک لە نەواقەی لایپزیک سپای ناپۆلیۆنیان شکست دا.

**جەنگی لۆدی:** Lodi جەنگ جەنگی نێوان فەڕانسە بە سەرکردەیی بۆناپارت و، نەمسا بە سەرکردەیی کارڵ سبۆتێندۆرف لە ١٧٩٦دا.



**جەنگی لوولەبۆرگاز:** Lüleburgaz جەنگ جەنگی نێوان ئیمپراتۆری عوسمانی و پاشایەتیی بولگاریا لە ساڵی ١٩١٢دا، کە بە کۆتایی شێوەی جەنگی فرانکۆ-پرووسیا و بە سەرەتای جەنگی جیهانیی یەکەم دائەنرێ.






**جەنگی لەیپزیگ:** Leipzig جەنگ ساڵی ١٨١٣ جەنگی نێوان ناپۆلیۆن وهێزە یەکگرتووەکان لە ناوچەی لەیپزیک ڕووی دا.



**جەنگی مەنچووری:** جەنگ جەنگی ڕووسیە و ژاپۆن لە ساڵانی ١٩٠٤ تا ١٩٠٥ کە ڕووسیە تێیدا شکا. بە دوای ڕاگەیاندنی هەواڵی شکست، ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی ساڵی ١٩٠٥ لە ڕووسیە سەری هەڵدا.








**جەنگی ناوخۆی ئیرلەند:** جەنگ خەبات و دوژمنان ساڵی ١٩١٤، پارتی لیبڕاڵی بەریتانیا پێشنیازی بە دەوڵەتی ئەو وڵاتە کرد، کە ئۆتۆنۆمی و مافی پێکهێنانی پەرلەمانی سەربەخۆ بدرێ بە ئیرلەند. پارتی پارێزگاران دژی ئەم پێشنیازە بوویەوە و کەوتە ئامادەباشی سپا و ئەوەندەی نەمابوو جەنگێکی ناوخۆ لە ئیرلەند بەرپا ببێ.

**جەنگی واتەرلوو:** Waterloo جەنگ لە ١٨ی جوونی ١٨١٥ لە لە شاری واتەرلووی بەلژیک ڕووی دا، بووە هۆی شکانی ناپۆلیۆن لە بەرامبەر هێزەکانی ئینگلیز، هۆڵەند و پرووس و گەڕانەوەی بۆربۆنەکان و لویی هەژدە بۆ دەسەڵات، کە بە خولی نۆژەنقانی ناسراوە.



**جەوونە:** کەرەستە مەشکەی ئاو.







**جەواڵ:** کەرەستە ناو خەرار، تێر، تێری یەک تایی، لە خوری و مووی مەڕ و بزن ئەچنرێ، لەبری گوێنی بەکار دێت، زۆر بە بەرگە بوو : هەرچی

له مشک بێ جەواڵ درە:

ئەگەر درۆ بێ بە ئەستۆم وەباڵ
هەرچی لە مشکە دەدرێ جەواڵ

«مەلا غەفووری مەهابادی»

**هۆڕ**: کەرەستە ناو له خوری و مووی مەڕ و بزن ئەچنرێ، جەواڵی دوو تایی، کە لە ناوەڕاستدا کراوە بە دوو بەشەوە، هەر تایەکی ئەکەوێتە لایەکی سەر پشتی مینەگەکە. **هەگبە**: کەرەستە ناو هۆڕ یان خورجینی دووتایی چکۆلە کە لە پشت سوارەوە لە زین توند ئەکرێ.






**جەوهەر**: کیمیا ناو مەرەکەبی نووسین، له جەوی شیلەی ڕەشەگەوون ئەگیرێ، لێرەدا **گەوهەر** بە واتای گۆی ئاهر و چەمکی ڕووناکی هەر شتێک لەگەڵ جەوهەری جەوت جیا ئەبێتەوە.






**جەوهەرپژێن:** cuttlefish گیاندار ناو ماسی دەریا، لە سەدەفدارانی زەریا کە کاتی هەستکردن بە مەترسی جەوهەرێکی قاوەیی بەگردی خۆیدا بڵاو ئەکاتەوە.




**جەوهەرمژ:** ink blotter کەرەستە ناو ئامرازێک بوو بۆ وشککردنەوەی جەوهەری نووسراو بە پەندان. ع نشاف الحبر N blekklapp د جوهر خشک کن.




**جەی. ئارسر ڕەنک:** J. Arthur Rank بازرگان (١٨٨٨_١٩٧٢) خاوەنی دامەزراوی پیشەسازی ڕەنک، دامەزرێنەری کۆمپانیای نیشتمانی فیلمی بەریتانیا.

دامەزراوی ڕەنک: Rank Organisation کۆمپانیایەکی فیلمسازی بوو لە ئینگلیز، ناوەندەکەی لە لەندەن بوو، لە ساڵی ١٩٣٧ دامەزرا و تا ١٩٩٦

چالاک بوو.









**جەیمز جۆیس:** James Joyce نووسەر {١٨٨٢ـ١٩٤١} هۆنەر و نووسەر و ڕەخنەگری توانای ئیرلەندی نووسەری ڕۆمانی مەزنی یۆلیسیس.

دریژە سێچکۆف نووسەری ڕووسی ئەڵێ: **ململانێیان لەگەڵ نووسەرانی ڕۆژئاوا بێسوودە چونکە ئەوان سێ خوایان هەیە:** {کافکا، جەیمز جۆیس و پرووست}.

**یۆلیسیس:** Ulysses ڕۆمان ناوی ڕۆمانی بەناوبانگی جەیمس جۆیس نووسەری ئیرلەندییە کە بە حەوت ساڵ نووسیویەتی و لە شاکارەکانی ویژەی هاوچەرخە کە هەموو ڕووداوەکانی لە یەک ڕۆژدا ڕوو ئەدەن. لە ١٩٢٢دا بلاوکراوەتەوە. لە ساڵی ٢٠٢٢ لە یادی سەد ساڵەی بلاوکردنەوەی ڕۆمانەکە، کە هاوکاتە لەگەڵ یادی سەد و چل ساڵەی لەدایکبوونی جەیمس جۆیس، بەرگی یەکەمی بە ناوی ئولیس لە لایەن نەوا موکرجییەوە کراوە بە کوردی و بلاو کراوەتەوە.















**جەیمز کەین:** James Cain رۆماننووس (١٨٩٢_١٩٧٧) فیلمنامەنووس و ڕۆماننووس و ڕۆژنامەوانی ئەمریکایی.











**جەینیزم:** Jainism ئایینناسی دینێکی کۆنی هێندی سەدەی شەشەمی پێش زایینە، لە لایەن جینا قەردامانەوە Jina Vardhamana وەکوو کاردانەوەیەک لە دژی برەهمایی ئۆرتۆدۆکس دامەزرا و هێشتاش هەیە. ڕزگاری بە پێگەیشتن و خەملین و زیانگەیاندن بە زیندەوەران ئەزانێ.











**جێدار:** سەربازی ئەفسەری سێ ئەستێرە، دوو ئەستێرە جێداری دووەم، یەک ئەستێرە جێداری سێیەم E second lieutenant ع ملازم.

**پێشڕەو:** سەربازی پلەیەکی سپاییە، لە پێشەنگ بەرزتر و لە پێشکار نزمترە. **پلەکانی ئەفسەری سپایی:** (جێدار، جێداری یەکەم، پێشەنگ، پێشڕەو، پێشکار، سەرهەنگ، سەرتیپ، سەردار، سالار، پایەدار). ع مقدم د سرگرد E Magor.

## پلەی ئەفسەرانی سەربازی

| | | |
|---|---|---|
| Regimental sergent Major | ملازم | جێدار |
| 2nd Lieutenant | ملازم ٢ | جێداری دووەم |
| 1st Lieutenant | ملازم ١ | جێداری یەکەم |
| Captain | نقیب | پێشەنگ |
| Major | رائد | پێشڕەو |
| Lieutenant - Colonel | مقدم | پێشکار |
| Colonel | عقید | سەردار |
| Brigadier | العمید | ڕاگر |
| Major- General | اللواء | سەرتیپ |
| Lieutenant- General | الفریق | سالار |
| General | الفریق الاول | سالاری یەکەم |
| Field-Marshal | المهیب | شکۆدار |

**جێدی:** Jedi پێرسۆنا یان شوڕشگێڕانی جێدی، یان کۆمەڵەی سوارانی جێدی، پاڵەوانی سەرەکی زۆرێک لە بەرهەمەکانی زنجیرەی جەنگی ئەستێرەکانن.







**جێدیدایا سمیس:** Jedediah Smith گەڕۆک نەخشەساز {١٧٩٩ـ١٨٣١} بەرپرسی ئەمریکایی، گەشتیاری پێشەنگی نێوان کیشوەری، ڕاوچی تەڵەباز، نووسەر، نەخشەساز، شاخەوانی کێوی و گەڕان بە دوای شاخەکانی ڕۆکی و ڕۆژئاوای ئەمریکا و باشووری ڕۆژئاوا لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا. سەرەتا دەستکەوت و ژیانی لەبیر کرا، بەڵام دوای ٧٥ ساڵ لە مردنی، ژیان و ژیاننامەی دۆزرایەوە، و بەو ئەمریکاییە ناسرا کە گەڕانەکانی بووە هۆی بەکارهێنانی ڕێڕەوی ٣٢ کیلۆمەتری باشوور وەک خاڵی سەرەکی بۆ کۆچبەرانی پێشەنگ لە ڕۆژئاوا لەسەر ڕێڕەوی ئۆریگۆن Oregon Trail، کە هێڵی دابەشبوونی کیشوەری ئەمریکا ئەبڕێ.

- **ڕێڕەوی ئۆریگۆن:** Oregon Trail ڕێگایەکی مێژوویی ڕۆژهەڵات ـ ڕۆژئاوای گالیسکەڕەوە بە درێژی ٣٢٠٠ کم لە باکووری ڕۆژئاوای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە ئەم ڕێگا درێژە لە سەدەی نۆزدەهەمدا، ڕێگای پێشەنگەکانی کۆچکردن بوو بۆ ڕۆژئاوا.

- ڕێڕەوی ئۆریگۆن لە میزۆریەوە تا دەراوی ڕووباری کۆڵۆمبیا بە سنووری نێوان واشنگتۆن و ئۆریگۆندا دەڕۆیشت، و ڕووباری میزۆری بە دۆڵەکانی ئۆریگۆنەوە دەبەستەوە.










**جێرمایا:** Jeremiah ئایینناسی {٦٥٥ـ٥٨٦پ.ز} یان ئەرمیا لە پەیامبەرانی جوولەکە و خاوەنی پەرتووکی جێرمایایە.



**جێرۆم دەیڤید سالینجەر:** J. D. Salinger رۆماننووس {١٩١٩ـ٢٠١٠}
رۆماننوسی ئەمریکایی، لە گەنجێتییەوە دەستی کرد بە نووسین، بوو بە سەربازی دژی فاشیزم و لە ئەورووپا جەنگا. پاش جەنگ کەوتەوە نووسین و ١٩٥١ رۆمانی بەناوبانگی **پاسەوانێک لە مەزرا**ی ئافراند. لە شەستەکانی ژیانەوە خۆی دوورەپەرێز کرد و ئەمە زیاتر بەناوبانگی کرد. ◄ رۆمانی پاسەوانێک لە مەزرا ساڵی ٢٠١٢ لە لایەن ژوان جەلال، لە ئینگلیزییەوە کراوە بە کوردی و، دەزگای غەزەلنووس چاپ و بڵاوی کردووەتەوە.










**جێز:** harvest کشتوکاڵ خەرمانی سوور، خەرمانی ئامادە کراو، کۆی خەرمان، بەرهەم. ع حصاد N innhøsting د خرمن. ☜ شەمەڵ.

**بەرداشت:** harvesting ئابووری هێمایی ناوی چاوگ هەڵگرتنەوە، بەهرەی زەوی، دوورینەوەی بەرهەمی زەوی، درەوێنەکردن. ع حصاد N høsting د برداشت.

**جێفری چۆسەر:** Geoffrey Chaucer ڤیژە نووسەر هۆنەر {١٣٤٠ـ ١٤٠٠} نووسەر، هۆنەر، سترانبێژ، فەیلەسووف و ڕامیاری بریتانیایی، نووسەری ڕازەکانی کانتربێری، بە باوکی وێژەی ئینگلیزی ناسراوە. ئەو شوێنەی لە وێستمینستەر، ئەوی لێ نێژراوە، بوو بە ئارامگەی نووسەران و هۆنەران و، پاشتر ناو نرا گۆشەی وێژەوانان.










**جێگەبڕوا:** confidant ئاوەڵناو بڕوایێکراو، جێمتمانە، کەسێکە بتوانی بڕوای پێ بکەیت و پشتی پێ ببەستیت. ع موثوق N pålitelig د قابل اعتماد E reliable.

**جێگەی ئاسمانە:** ڤیژە ئاماژە کینایە ١٨ی برۆمێر ئاماژەی مارکس نەک بۆ ڕووداوی مێژوویی، بەڵکو بە شانۆگەرییەکی شکسپیرە، کە تێیدا ڕیچاردی گلۆسستەر Richard of Gloucester کە پاشان نازناوی ڕیچاردی سێیەمی وەرگرت، هانری شەشەم ئەکوژێ و بۆ پاساوی کارەکەی ئەڵێ: «بەهەشت بۆ ئەو شوێنێکی لەبارتر بوو!»







**جێمتمانە:** cogent ئاوەڵناو جێگەبڕوا، لە دارەتی زڕیری و تەندروستیدا، (لە مشتومڕ و دەمەقاڵێدا) ڕوون و گونجاو و خاوەن لۆجیک. ع مقنع N overbevisende د قانع کننده.

**جێنشین:** deputy, substitute نیگار ناوی لێکدراو جێگر، جێدار، کەسێک کە لە جێگەی یەکێکی تر دابنیشێ. جێگری شارەوان. ع نائب N stedfortreder د معاون خالّ.

**جێنشینەکان:** Regents هونەر شێوەکاری تابلۆی بەرهەمی فرانس هالّز Frans Hals شێوەکاری هولەندی.



**جێنۆڤا:** Genova جوگرافیا بەندەرێکە لە باکووری ئیتالیا، شارێکی خاوەن مێژوو و زانستی زەریاییە، ناوەندی هەرێمی لیگۆریا Liguria یە کە مەڵبەندێکی کەناری ئیتالیایە لە سەر زەریای مەدیتەرانە، لە تۆسکانییەوە تا سنووری فەرانسە کشاوە.





**جێوبان:** کەرەستە ناوی لێکدراو جێگە و بان. لێفە و دۆشەکەی قەدکراو لە ناو مەوجدا.



**جێی بەزەیی:** apathetic ئاوەڵناوی لێکدراو کەمتەرخەم، خەمسار، بێتەوفیر، گوێنەدەر، بێگەم. ع لا مبالي N apatisk د بی تفاوت، بی اعتنا.

**جی ئارئنلوو:** GRU کورتکراو بارەگای سەرکردایەتی هێزە چەکدارەکانی فێدراسیۆنی ڕووسیە، کورتکراوەکەی بە ڕووسی ئەکاتە ژێننلوو G.U واتە دەزگای زانیاری ڕووسیە Main Intelligence Directorate.




**جیاکردنەوە:** untangle فەرمان دابڕان، دەربازکردن و ئازادکردن. ع فک N løse ut د از گیر درآمدن.

ن: خۆت لە گرێی دایک و باوکت بهێنە دەرەوە.

**جیر:** ❶ elastic کێشسان ئاوەڵناو لاستیک، کەڕ، لاسیق. N elastisk ع مطاط د کشسان، لاستیک.



**جیر :❷** suede **ناو** چەرمی جیر، چەرمی مەخمەڵی، لە پێستی مەڕ و بزن و بزنەکێوی دروست ئەکرێ. ع جلد مزأبر N semsket skinn د چرم مخملی.



**جیفە :** wealth **ئابووری** **ناو** پارە، دارایی، پارەی مفت و خۆڕایی. ع ثروة N rikdom د ثروت.

**جی ڤاگن :** G_Wagen **ھاتوچۆ** **ئۆتۆمۆبیل** ئۆتۆمۆبیلێکی جووت دیفری سری «جی» مەسیدس بەنزە، لە ١٩٧٩ـەوە بەرھەم ئەھێنرێت.



**جیق :❶** **ناو** ھەناو، ناوسک و جەرگ و دڵ ن:

ئەولام تات و ئەملام تات ــ وەی بابە جیقم دەرھات.

**جیق:**[٢] دەنگەوشە دەنگی ناچاری کاتی زۆر بۆ هاتن: پام پیانا جیقاندی: بجیقێنی و بفیقێنی پوڵ چەرموگم پێداوی، هەر ئەتخۆم.

**جیق دەرهاتن:** چاوگی‌تێپەر ناوزگ و هەناو بڵاوبوون: ڕێکم گووشی جیقی دەرهات.

**جینجر راجێرز:** Ginger Rogers هونەرپیشە (١٩١١ـ١٩٩٥) هونەرپیشە و گۆرانیبێژی ئەمریکایی، براوەی خەڵاتی ئۆسکاری ١٩٤٠ بۆ باشترین ئەکتەر.







**جینز:** Jeans پۆشاک بەرزەنگ ناو لە وشەی فەرەنسیی bleu de Gênes بە واتای «شینی جێنۆوا» هاتووە. جێنۆوا Genoa ناوی شارێکە لە ئیتالیا و بە فەرەنسە ئەکاتە Gênes. جین، جاکەت و پانتۆڵی لە کەتانی دەنیم دروستکراوە. جینز ساڵی ١٨٧٣ لە لایەن لویی شتراوس خاوەنی مارکی لیوایس Levis و دوو کەسی تر پاوەن کرا. ⇦ **دەنیم:** Denim پۆشاک بەرزەنگ ناو بە واتای «کووتاڵی نیم» لە «serge de Nîmes»ی فەرەنسیی سەرەتای سەدەی حەڤدە، کە «Nîmes» شارێکە لە باشووری فەرەنسە و، سێرژ کووتاڵێکی کەتانی ئەستوور و تۆکمەیە کە «پۆ»کەی لە دوو یان زیاتر «تان» تێئەپەڕێ، پۆکەی شەفتوورییە و بە جویت ڕەنگ ئەکرێ. جاکەت و پانتۆڵی لە دنیم دروستکراو پێی ئەوترێ جین Jean. جین سەرەتا جلی مەلەوانان بوو و لە ١٩٥٠ـەوە هەمەگیر بوو و هەموو کەس لەبەری ئەکات. ع الدنیم N Denim د جین.







**جینگڵ:** ناوی فەرمان گینگڵ، بزووتنەوەی کەم **ن:** مارەکە جینگڵی ئەدا.

**جینگۆیزم:** Jingoism ڕامیاری ئایدیۆلۆجی ناسیۆنالیزمێکە لە قاڵبی ڕامیاری دەرەکی پەلاماردەر و، پەنابردنە بەر هەڕەشە و دەستدرێژی گوایە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆی. جینگۆیزم لە ڕاستیدا پاساوی لایەنداری توندڕەوانەیە بۆ خۆبەزلزانین و توندڕەوی لە نەتەوەپەرستیدا.

**جینگۆیستیک:** jingoistic ڕامیاری ئایدیۆلۆجی دەمارگرژی نەتەوەیی، بەرامبەرە بە نەتەوەپەرستی، شۆڤێنیزم، باننیشتمانپەرووەری.

**جیۆڤانی بۆکاچیۆ:** Giovanni Boccaccio نووسەر (١٣١٣ـ ١٣٧٥) نووسەر و مرۆڤگەرای ئیتالیایی سەردەمی ڕێنسانس. نووسەری دێکامێرۆن.







**جیۆڤانی ڤێرگا:** Giovanni Verga نووسەر (١٨٤٠ـ ١٩٢٢) نووسەری ڤێریستا یان ڕیالیستی ئیتالیایی، دامەزرێنەری فێرگەی وێژەیی

ڤێریسمۆ Verismo یان ڕیالیزمی ڕاستەقینە، لاسایی و تێکەڵکردنی ڕیالیزم و ناتۆرالیزمی فەرانسە، دەراوی توند و بێپەردەی نووسەرانی کۆنی ئیتالیا لەگەڵ فەلسەفەی ڕەوشتی تۆماس هاردی ئینگلیزی.












**جیۆڤانینۆ گواریێسکی:** Giovannino Guareschi (١٩٠٨ـ١٩٦٨) ڕۆژنامەنووس، کارتۆنیست و حەنەکنووسی ئیتالیایی، نووسەری زنجیرە ڕۆمان و ئافرێنەری کەسایەتی قەشە دۆن کامیلۆ.











**جیۆلۆجی ئاسۆیی:** geology horizontality ناو بەپێی بنەمای ئاسۆیی ڕەسەن، نیشتووەکان بە شێوەیەکی ئاسۆیی ئەنیشێن. دوای ئەوەی ئەگۆڕدرێن بۆ بەرد، ڕەنگە چینەکان بە هۆی جووڵەی تەکتۆنیکی جۆراوجۆرەوە لار ئەبن یان ئەچەمێنەوە. بەڵام ئەم بنەمایە لە بنەڕەتدا ئەڵێت کە «چینە لار یان تاودراوەکان پێشتر تەخت بوون. ☜ ئاسۆواری






**جیوە:** mercury کیمیا ناو یان زیوە یەکێکە لە توخمە کیمیاییەکان، هێماکەی {Hg} و گەردیلەی ژمارە {٨٠}یە. لە زمانەکانی تردا بە واتای زیندوو یان hydrargyrum و Mercury یە و لە گریک hydr ئاوە و argyros جیوەیە. جیوە تەنها کانزایەکە لە دۆخی ئاساییدا شلەیە. جیوە لە گەرمایێو و گوشارپێوی خوێن و کلیلی جیوەیی بەکار ئەهێنرێت. ع الزئبق N kvikksølv د جیوە.






**جیوەجیو:**❶ دەنگەوشە دەنگی تێکەڵاوی مەلانی بچووک.

**جیوەجیو:**❷ ئاوەڵناو تروکە و زریوەی ئەستێران.

**جیهانپەرستی:** cosmopolitanism ئایدیۆلۆجی جیهانگەرایی هەموو مرۆڤ بە ئەندامانی یەک کۆمەڵگە ئەزانێ، هەم ڕێنماییکارە و هەم ئاواتەخوازە هەموو مرۆڤ بتوانن ببن بە «هاوڵاتی جیهانی» کۆمەڵگەیەکی گشتگیر. ع كوسموبوليتيّة N kosmopolitisme د جیهانوطنی.








**جیهاننما:** stereoscope ئامێر ناوی لێکدراو ستێریۆسکۆپ، ئامرازێکە دوو وێنەی وەک یەک کە لە دوو ئاراستەی جیاوازەوە گیراوە، لەسەری دائەنرێ، کاتی سەیرکردن بەرجەستە خۆیا ئەکا.



**جیهانە بچکۆلەکەی دۆن کامیلۆ:** Little World of Don Camillo فیلم فیلمی سینەمایی ئیتالیایی ـ فەڕانسەیی ١٩٥٢، دەرهێنانی جۆلیەن دۆڤیڤیە. ژێوەرگرتن لە ڕۆمانی دۆن کامیلۆ نووسینی جیۆڤانینۆ گوارێسکی، وەک زنجیرە هەشت فیلمی دۆن کامیلۆ لە ١٩٥٢ تا ١٩٧٢ ساز کرا. ⇦ دۆن کامیلۆ: Don Camillo زنجیرە ڕۆمانێکە لەسەر ژیانی قەشە دۆن کامیلۆ، پێرسۆنای ئافرێنراوی نووسەری ئیتالیایی جیۆڤانینۆ گوارێسکی.

**جیهانی بچووکی کۆن:** Piccolo Mondo Antico فیلم فیلمی ئیتالیایی ١٩٤١ دەرهێنانی ماریۆ سۆلداتی Mario Soldati.








**جیهانی تاوانکاران:** Underworld فیلم فیلمی سینەمایی ئەمریکایی ١٩٢٧، دەرهێنانی جۆزێف ڤۆن شتەرنبەرگ.




**جەین ڕاسێڵ:** Jane Russell هونەرپیشە (١٩٢١ـ٢٠١١) ئەکتەری ئەمریکایی.



{Letter ch}




**چاخ:❶** ناو سەردەم، کات.

**چاخ:❷** ئاوەڵناو ساز و بەکەیف، گوربزە ⟵: دەماخم چاخە.

**چاخ:❸** ئاوەڵناو قەڵەو.

**چاخمە:** ناو گەوی، گەوی کونی قایشی پشتێند لە کانزا د حلقە کوچک سوارخ کمربند N eyelet E Malje.



**چاخی نوێ:** Modern Times فیلم فیلمی ساتیری ١٩٣٦ی چارلی چاپلین.




**چارتیسم:** Chartism ئایدیۆلۆجی بزووتنەوەی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی بۆ چاکسازیی پاشایەتی بریتانای مەزن و ئیرلەندی باکووری لە ناوەڕاستی

سەدەی نۆزدە. ناوی ئەم بزووتنەوەیە لە فەرمانی جەماوەر People's Charter لە ١٨٣٨ وەرگیرابوو، کە ئامانجەکانی بزووتنەوەی تێدا هاتبوو.







**چارلی چاپلین:** Charlie Chaplin هونەرپیشە دەرهێنەر {١٨٨٩ـ١٩٧٧} ئەکتەر و دەرهێنەر و ئاوازدانەری ناوازە و هەڵکەوتەی ئینگلیزی، بە هۆی فیلمە بێدەنگەکانییەوە ناوبانگی دەرکرد و پێش کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانی یەکەم بەناوبانگترین ئەستێرەی جیهانی بوو. چارلی چاپلین بە یەکێک لە مەزنترین ئەکتەرانی کۆمیدی و فیلمانامە نووس و دەرهێنەرانی مێژووی سینەما دانراوە.













**چارلز فرێند:** Charles Frend دەرهێنەر {١٩٠٩ـ١٩٧٧} دەرهێنەری ئینگلیزی.













**چارۆکە:** پۆشاک ناو وەرێۆش، کۆلوانە، چارۆک، چارۆکە، کووتاڵێک کە ژنان بەسەر شانی‌دا ئەدەن.





**چارۆکەی سپی:** *Алы паруа* فیلم فیلمی سینەمایی ١٩٦١ی سۆڤیێتی، دەرهێنانی ئەلەکساندر پتۆشکۆ.






**چارۆکەی سوور:** The Crimson Curtain فیلم فیلمی کورتی فەڕانسەیی ١٩٥٣.







**چارەسەر:** remedy ناوی لێکدراو دەرمان، باشار یان مەڵهەمی نەخۆشی یان برینێک. ع علاج N kurere د علاج.

**چارەسەری نیکۆتین بە جێگرەوە:** Nicotine replacement therapy NRT ـ چارەسەرێکی سەرنەکەوتووەە، لەبری جگەرە، بنێشت و چەسپ و شتی تر بەکار ئەهێنێ.

**چارەنووس:** destiny ناوی لێکدراو ئەو بەسەرهات و ڕووداوانەی لە داهاتوودا بۆ کەس یان شتێکی تایبەت ڕووئەدات.

**چارەی نووسراو:** predestination ئایینناسی {لە ڕوانگەی فێرکاری مەسیحییەوە} ئەو چارە و بەسەرهاتەی کە پەروەردگار بۆ هەندێ کەسی بڕیوەتەوە بە مەبەستی ڕزگارکردنیان، ئەم بۆچوونە زیاتر هی ئایینزای سەنت ئاگۆستینی هیپۆ و کالڤین St. Augustine of Hippo and of Calvin ـە.

**چارەنووسگەرایی:** Fatalism ئایدیۆلۆجی باوەڕ بە چارەنووس.

**فەلسەفەی چارەنووسی:** Determinism ئایدیۆلۆجی فەلسەفەی ناچاری.







**چارەوا:** ناو ئەسپ و وڵسات و چوارپێی سواری.

**چارەی نووسراو:** predestination ئایینناسی {لە ڕوانگەی فێرکاری فەلەوە} ئەو چارە و بەسەرهاتەی کە پەروەردگار بۆ هەندێ کەسی

بڕیوەتەوە بە مەبەستی ڕزگارکردنیان، ئەم بۆچوونە زیاتر هی ئایینزای سەنت ئاگۆستینی هیپۆ و کالڤین St. Augustine of Hippo and of Calvin ە

**چاریار:** ناو جەژنێکی پارسانە، جەژنێکی کاکەییەکانە.

**چارۆ:** charro ناو سوارە یان گاوانێکی مێکزیکی بە جلی تایبەتەوە، کە لە بنەڕەتدا بوومی مەڵبەندی سالامانکای ئیسپانیایە.








**چاش:** ❶ amazed ئاوەڵناو سەرگەردان، پەشێواو، هێدمەگرتوو، سەرسووڕماو ❗: چاش ماوم بەدەستییەوە. ع مدهش N forbløffet د متحير.

**چاش:** ❷ taste ناوی‌فەرمان چێژە، مەزە. ع المذاق N smak د طعم، مزە.

**چاڤکانی:** provenance ناو سەرچاوە، زێدەر، چاوگە، لانما. ع الأصل N provenans د منشا.

**چاقمارە:** ڕووەک خۆراک ناو ئەسپەراگۆس، شەفەلە، گیاماران، کەبەر، گەوڵەزەر، گیاگوڵەنگ، گیاتەرچک، گیایەکی خۆراکییە لە بنەماڵەی «سوێسنیەکان»، ئەم گیایە بۆ دەرمانیش ئەشێ د مارچوبە N asparges ع نبات الهليون E asparagus.





**چاکبوونەوە:** remission چاوگی تێپەڕ لە پەتا و نەخۆشی؛ کەمبوونەوەی و تێپەڕاندنی ئێش و ئازار. ع مغفرة N remisjon د بهبودی.

**چاکرا:** chakra شێوەزانست ناو لە فەلسەفە و بیری شێوەزانستی هیندی کەسانی وەکوو ئووشۆدا، بە هەریەک لە ناوەندەکانی هێزی ڕۆحی لە جەستەی مرۆڤدا ئەوتریێ، کە بە زۆری ژمارەیان بە حەوت دائەنرێت.
☜ ئووشۆ






**چاکسازی:** reform ناوی چاوگ گۆڕانکاری بچووک بە ئاراستەی چاککردن لە بواری کۆمەڵایەتی یان ڕامیاری یان ئابووریدا N reform ع اصلاح د اصلاحات.

**چاکسازگە:** reformatory داد دامەزراوێک کە تاوانکارانی جەوان لەبری زیندان ئەنێردرێن بۆ ئەوێ.

**چاکسازی:** reformism ئایدیۆلۆجی ناوی چاوگ ڕیفۆرمیزم، کردار یان ڕەوتی چاکسازی لە دامەزراو یان نیهادێکدا. ع الإصلاحیة N reformisme

د اصلاح طلبی.

**چاکسازی دین:** Reformation ئایینناسر یان چاکسازی پرۆتستانتی لە سەدەی شانزە، بە سەردەمێک ئەوترێ کە تێیدا کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە کڵێسەی مەسیحیدا دروست بوو. ڕابەرە هەرەگرنگەکانی چاکسازی بریتی بوون لە مارتین لۆتەر و جان کالڤین. لە دوای سەردەمی چاکسازی پرۆتێستانتەکان ئایینزای خۆیان ڕاگەیاند و بەشێکی گەورەی ئەورووپایان داگیر کرد و گەلێک گۆڕانکاری لە ئایین، ڕامیاری و کۆمەڵگای ئەورووپاییدا ڕووی دا.











**چاکە:** charity خێرخوازی ناو خێرخوازی. ع احسان N nestekjærlighet, velgjørelse د احسان، خیریە E beneficence.

**چاکی:** ئایینناسر ناو گۆڕی پیر و مەشایخ، گۆڕی پیرۆز و پاکیزان.

**چالاک:** active ئاوەڵناو ئامادەبوون یان هەستان بە کاری فیزیکی پڕوزە. ع نشیط N aktiv د فعال.

**چالاکی:** proceedings ناوی فەرمان داخوازی، زنجیرەیەک چالاکی کە وەکوو بەرنامەیەکی فەرمی ڕێکخراوە N prosedyre ع الإجراءات د اقدامات.

⇤ **ڕەوت:** proceeding کار دەستپێکردنی کارێک و درێژەدانی N fortsetter ع الإجراء د روند ☞ کۆنووس.

**چالاکی گیرەی کاغەز:** Operation Paperclip جەنگ جنسس زنجیرەیەک چالاکی هاوبەشی دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەمریکا بوو، لەو ماوەیەدا

زیاتر لە ١٦٠٠ زانای ئەڵمانی نازی گواسترانەوە بۆ کارکردن لە ئەمریکا. لە نێو ئەم کەسانەدا وێرنەر ڤۆن براون و تیمی موشەکی ٧ ـ ٢ ئامادەی لە ناو ئەمانەدا بوون. زۆرینەی ئەم کەسانەی گوێزرانەوە و لە لایەن دەزگاکانی حکومەتی ئەمریکاوە دامەزران، ئەندام و سەرکردەی پێشووی پارتی نازی بوون. زۆربەی ئەم ئۆپەراسیۆنە لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥ بۆ ١٩٥٩ ئەنجامدرا.

گرنگترین ئامانجی ئۆپەراسیۆنی گیرەی کاغەز، باڵادەستی ئەمریکا بوو بەسەر یەکێتی سۆڤیەتدا لە کاتی پێشبڕکێی حەوایی و جەنگی سارددا. بەڵام یەکێتی سۆڤیەت وەک ئەمریکا و، زیاتریش لە شارەزایانی ئەڵمانی نازی گواستەوە بۆ وڵاتەکەی. سۆڤیەتییەکان لە یەک شەودا، لە ٢٢ی ئۆکتۆبری یەکەمی ١٩٤٦، لە چالاکییەک بە ناوی ئۆساڤیاکهایم Osoaviakhim زیاتر ٦٠٠٠ کەس واتە ٢٢٠٠ پسپۆڕی ئەڵمانی و خێزانەکانیان بۆ کارکردن لە یەکێتی سۆڤیەت گواستەوە.

تێبینی: چالاکی گیرەی کاغەز بەو هۆیەوە ئەو ناوەی لەسەر دانراوە، کە پەروەندەی هەرکام لەو کەسانەی هێنراون نهێنییە و هەڵگیراوە، پەروەندەی تازە و ناوی و ژیاننامەی تازەیان بۆ دروست ئەکرێ و تەنها نیشانەیەک بۆ ناسینەوەی ئەو کەسانە هەیە پەڕەیەکی بچکۆلانەیە بە گیرە لکێنراوە بە سووچی لای ڕاستی فایلەکەوە، کە ئەویش تەنها کەسانی پلەی تایبەت ئەتوانن بیزانن و دەستیان بە پەروەندەی نهێنی ئەرشیڤکرا ڕائەگات.

تێبینی: وێنەی لای ڕاست کەسی دووەم لای ڕاست، کۆرت ئێچ دەبووس Kurt H. Debus لە زانایانی پێشووی نازی، وەکوو سەرۆکی ناوەندی حەوایی کێنێدی لە ئەمریکا هەڵبژێردرا.









**چاڵووک:** ڕووەک ناو تەنگز، دەوەنە دڕکێکە گوڵی سپی ئەگرێ، کاوێر.
د سفید خار




**چاڵێن:** گەمە یارییەکە زیاتر بە بادامی نەشکاو ئەکرێ، نزیک بن دیوار چاڵێک هەڵئەکەنرێ کە تیرەکەی دە سانتیمە و شەش سانتیم قووڵە. یاریزانەکان لە مەودای دوو مەترەوە مشتێک بادەم ئەهاوێ بۆ ناو چاڵەکە، ئەوەی لە دەرەوەیە لا ئەدەن و ئەوەی ناو چاڵەکە ئەژمێرن، ئەگەر جووت بوو، براوەیە و ئەگەر تاقیش بوو، ئەوا دۆڕاوە.



**چاڵی پاسکاڵ:** Pascal's gulf دەروونناسی بلەیز پاسکاڵ Blaise Pascal

فەیلەسووف و زانای گەورەی فەڕانسەیی، هەمیشە لە لای چەپی خۆیەوە قووڵکە یان چاڵێکی قووڵی بینیوە و، هەر لەبەر ئەمەش کورسییەکی لە لای چەپییەوە دائەنا تا دڵی ئاسوودە بێ ناکەوێتە ناو ئەو چاڵەوە؛ ئەویش لەکاتێکدا لای وابوو «گەردوون بە زمانی بیرکاری نووسراوە».




**چام:** chum ناو گەڕان-٢ لف، وەک بڵێ تۆ خۆت لفی ئەوی، جووتی ئەوی. لە فەڕانسییەکە crack هاتووە کە هەرچەند وشەیەکی فرەواتایە، بەڵام هەمان مەبەست ئەگرێتەوە.

**چامەی چواردەدێڕی:** sonnet سۆنێت.




**چامەی قۆشمە:** Doggerel ویژە ئەوەرویلار هۆنراوەیەکە کێش و سەرواى

نارێکی هەیە و زۆر جار بە مەبەست و بۆ گاڵتەجاری بەو شێوەیە ئەهۆنرێتەوە. بە زۆری لە هۆنراوەی منالاّندا بەدی ئەکرێ.

Oh! Ill-fated bridge of the silvry Tay,
I now must conclude my lay
By telling the world fearlessly without the least dismay,
That your central girders would not have given way,
At least many sensible men do say,
Had they been supported on each side with buttresses,
At least many sensible men confesses,
For the stronger we our houses do build,
The less chance we have of being killed.








**چاند:** وێژە وشەی culture هەم بە واتای فەرهەنگ و هەم بە واتای چاندنە؛ چاندی کوردیش بە هەمان شێوە هەردوو واتاکە ئەگرێتەوە.

**چاو بادامی:** مرۆڤناسی ناو چاوخوار، چاولار، ئەوانەی چاویان وەکوو ئەو مەنگول و تەتارانەیە کە نموونەیان لە ناوچەکە (ئەفغانستان و ئێران) ماوەتەوە.




**چاوباز:** voyeurist ناوی‌فەرمان چاولەوەڕێن، چاوچەرێن، کەسێک کە بۆ خۆشی و هەوەسی خۆی و بەبێ ئەوەی لە دیمەنێکی ئێرۆتیکدا ببینرێ، بەشداری لە بینیندا ئەکات. ◄ شوێنی تایبەت هەیە وەکوو پیپ شەو، چاوباز ئەتوانێ بە پارە سەیر بکات. ع مختلس النظر N titter د نظرباز.

⇦ **پیپ شەو:** peep show نمایتر شوێنێکە نمایشی سێکسی ڕاستەوخۆ یان فیلمی پۆرنۆگرافی پێشکەش ئەکات و بینەر ئەتوانێ بلیت بکڕێ و لە کونێکی تایبەتەوە سەیر بکات.









**چاوبازەڵە:** ڕووەک ناو چاوبازە، سبیلک، قەلۆغان، گیایەکی بەهارەی دڕکاویە قەدێکی ناسک و ئاوداری هەیە، پاش پاککردنی ئەخورێ.





**چاوباشقاڵ:** ناوی‌لێکدراو چاوچەرێنی چاوباز.

**چاوپۆشی:** waiver ناوی‌چاوگ سازش، کۆتاهاتن، کۆڵدان، دەستبەرداربوون، بریتییە لە بووردنی تاوانی یەکێک. ع تنازل N fraskrivelse د تنازل،

صرف نظر ☜ ڕووداوی فەشۆدا ☜ پێداویست.

**چاوچەرێن:** voyeur ناوی فەرمان چاوباز، کەسێک کە بۆ خۆشی خۆی سەیری دیمەنی ئێرۆتیک ئەکات بەبێ ئەوەی خۆی تێدا دەربکەوێ. ع مسترق النظر N voyeur د چشم چران.










**چاوداگرتن:** winking چاوگی تێنەپەڕ کردنەوە و داخستنەوەی چاو بەخێرایی، بۆ ئەوەی ئاماژە بە شتێکی گاڵتەجاڕی یان نهێنی بدات، یان وەک ئاماژەی سۆزداری یان ڕۆژباش. ع الغمز N blunker د چشمک.

ن: لەکاتی تێپەڕبووونیدا چاوێکی لە کەژاڵ داگرت.






**چاودێر:** observant پەیرەو ئاوەڵناو ئاگادار، ڕەچاوکەر، پێبەند، پارێزەر، لەبەرچاوگر؛ کەسێکە هۆشی بەشتێکەوە هەیە؛ کەسێکە خێرا تێبینی شتەکان دەکات، یان بە توندی ڕەچاوی ڕێساکانی ئایینێکی دیاریکراو ئەکات. ع ملاحظ N oppmerksom د ناظر.

**چاودێری پۆل:** class observer ناوی لێکدراو ئاگادار و بەڕێوەبەری پۆل لە

ماوەی نەبوونی مامۆستادا، کە بە زۆری لە ئەستۆی فێرخوازێک دایە. پێداگۆگر لە سیستەمی پێداگۆگۆی ڕۆژئاواییدا چاودێری پۆل، پیشەیەکە وەکوو مامۆستایی، مامۆستای چاودێری مامۆستای سەرەکییە بەبێ ئەوەی کاری بە وانەوتنەوە هەبێت؛ بریتییە لە کردارێک بۆ سەیرکردنی ڕەفتار و شێوازی مامۆستا لە پۆل یان ژینگەی فێربووندا. چاودێری پۆلەکان ڕێگەیەکی چەندایەتییە بۆ تۆمارکردن و پێوانەکردن و هەڵسەنگاندنی ڕەفتار و شارەزایی مامۆستا بە شێوەیەکی سیستماتیکی سەیرکردن و تۆمارکردنیان لە کردار و لە کاتی وانەوتنەوەدا. ع مراقب الصف N klasseobservatør د مبصر كلاس.







**چاودێرگە :** observatory زانست دامەزراو ناوی لێکدراو چاودێرگەی ئەستێرەوانی، دامەزراوێک بە تێلسکۆپی ئەستێرەوانی و ئامێر و پێداویستی زانستی بۆ چاودێریکردنی ڕووداوە سروشتییەکان. ع مرقب N observatorium د رصدخانه.





**چاودێری:** ❶ protection ناو پاراستن، کرداری پاراستن، دۆخی پاراستنی کەس و شوێن و ڕاوەن. ع حمایة N beskyttelse د محافظت E sustenance.

**چاودێری:** ❷ scrutiny ناو لێکۆڵینەوە، خستنە بەر چاودێری یان پشکنینی ڕەخنەگرانە و ورد. ع فحص دقیق N granskning د بررسی موشکافانە.

**چاودێری:** ❸ surveil فەرمان خستنە ژێر چاودێری کەسێک یان شوێنێک بە ئامێری دەنگ و ڕەنگ. ع مراقبة N overvåkning د نظارت.

ن: بە توندی وان لە بن چاودێری پۆلیسدا: They are heavily policed

ن: بە توندی وان لە بن چاودێریدا: They are heavily surveilled






**چاودێری خوایی:** Providence ئاییناسی ناوی لێکدراو یان Divine providence پاراستنی خوایی یان سروشتی وەکوو هێزێکی مینەوی و بالادەست، بڕواداری ئایینی زۆربەی ڕێکەوت و ڕووداوەکان ئەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خوا چاودێری ئەکات و ئاگای لێیەتی. N Guddommelig forsyn ع العنایة الإلهیة د مشیت الهی.






**چاوشۆڕ:** ashamed ئاوەڵناو شەرمەزار، شەرمەندە، هەست بە شەرمەزاری یان تاوانباربوون بە هۆی کردار و تایبەتمەندی و پەیوەندی نالەبارەوە. باری نەرێنی هەیە و چەشنێک لە سەرشۆڕییە. ع خجلان N skammes د شرمندە.

⇚ شتی وامەکە چاوبەرژێربیت! پەند

**چاوکراوە:** discerning ئاوەڵناو تێبین، نازکبین، باریکبین، تیژبین، ورد، وردبین، تێگەیشتوو، بەسەرنج، کەسێکی زۆر هەستیار و چاوکراوە سەبارەت بە ڕێکی و وردەکاری. ع مدرک، شدید الإنتباه N kresen د بصیر، باریک بین E subtle, fastidious.

**چاوگ:** Infinitive ڕێزمان ناو لە ڕێزماندا، چاوگ بە وشەیەک دەوترێت کە ناوی کارێکە و بەبێ لەبەرچاوگرتنی کەس و کات، جێبەجێبوونی کارێک نیشان دەدات. نیشانەکانی چاوگ ئەمانەن: ئان، تن، دن، وون، ین وەک سووتان و نووستن، شۆردن، چوون، زانین. ع صیغة المصدر N Infinitive د مصدر.

⇚ پێنج جۆر چاوگ هەیە لە زمانی کوردیدا:

- چاوگی تایی: نووستن، بیستن.
- چاوگی دالی: دروستکردن، بردن، خواردن.
- چاوگی ئەلفی: سووتان، برژان، گریان.
- چاوگی واوی: چوون، بوون.
- چاوگی یایی: زانین، توانین.

**چاوگی دوولۆ:** ڕێزمان چاوگێکە بە هۆی زیادکردنی {ەوە} لە چاوگ بەدی دێت، کە پێچەوانەی کاری پێشوو یان نیشانەی دووپاتکردنەوەی کارێک پیشان ئەدات: تۆڵانەوە، شاردنەوە، خواردنەوە، ژیاندنەوە، کرووزانەوە، گوناهبژاردنەوە.

⇚ چاوگی دوولۆ لەگەڵ چاوگی سادە یان لێکدراو یان دارێژراو دروست

ئەبێت:

خۆ+ گرتن+ ەوە : خۆگرتنەوە

هەڵ+ گرتن + ەوە : هەڵگرتنەوە

نە+ گرتن+ ەوە : نەگرتنەوە

- چاوگی دوولۆ بەبێ پاشگرەکەی واتە {ەوە} واتای نامێنێ: پارانەوە، لاوانەوە، چەمانەوە.
- نیشانەی چاوگی دوولۆ لە کرمانجی سەروو دێتە پێشەوە و ئەبێ بە ڤەخاردن، ڤەڕژیاندن.
- لە هەندێک شێوەزاری کرمانجیی خواروو وەکوو موکریانی ئەبێ بە وەشاردن، وەخواردن، وەڕژیاندن.
- لە هەورامی ئەبێ بە شارتەیۆ، کەردەیۆ، خوارتەیۆ.

**چاوگی کردار:** infinitive result ڕێزمان چاوگ، شێوازی بنەڕەت کردارە بۆ دەربڕینی ئەنجام بەکار دێت، بەبێ ئەوەی بابەت و کات دیاری بکات. ع نتیجة المصدر N infinitivt resultat د حاصل مصدر:

: پەردەی لادا تا جیهان ببینێت کە بە بەفر داپۆشراوە.

: She opened the curtain to see the world blanketed in snow

: See in we came to see

: Let him see

**چاوگۆشپاق:** هێمایر ناوی لێکدراو چاو قەڵەو، چاو درشت، کەسێکە چاوی گەش و سەرنجڕاکێشە. ☜ گۆشپاق



**چاولەحەوا :** ناوی‌لێکدراو دارەتێکە کە گلێنە ون ئەبێ و تەنها سپێنەی چاو دیارە د کلاپیسە.





**چاونەزێر :❶** stingy ئەدگار ئاوەڵناو ڕژد، دۆزەنە، چەکووس، دەسقووچاو، کەسێکە دڵی نایەت پارە بدات یان بەکار بهێنێ. ع خسیس N snål د خسیس.

ن: مێش بکەوێتە ناو دۆکەی، ئەیمژێ جا فڕێی ئەدات.

**چاونەزێر :❷** jealous دەروونناسی ئاوەڵناو ئێرەییبەر، بەرچاوتەنگ، دڵبزۆک، مرۆڤێک دڵپیسی ئەکات و لە هیچ ئەرخایەن نییە. ع حسود N sjalu د حسود. درێژە ئێرەیی بە ڕادەی زۆر کەم هەستێکی ئاساییە، بەڵام ئەگەر لە ڕادەیەک تێپەڕێ هەرچەند نەخۆشی نییە، بەڵام نیشانەی ناسازی دەروونی و بوونی کێشەیە. واتە: «مرۆڤی ئێرەییبەر ئارەزووی ئەوەیە هیچکەس هیچی نەبێ.»








**چاوەڕوانی :** expectation دەروونناسی ناوی چاوگ بەتەمابوون، ئومێدەواربوون، باوەڕێکی بەهێز بەوەی شتێک ئێستە یان لە داهاتوودا ڕوودەدات؛

چاوەڕوانی شتێک لە کەسێک **ن:** چاوەڕوان بوو پلەی بەرز بکرێتەوە، بەڵامڕۆژەڤ لە ئاستی چاوەڕوانیدا نەبوو. ع توقّع N forventning د انتظار E anticipation.




**چاوەزار:** amulet ئاییناسی شێوەزانست ناوی لێکدراو چاڤینۆک، چەمەزەخم. خشڵ، موستیلە، ملوانکە یان نووشتەیەک کە وا دائەنرێ، مرۆڤ لە بەرامبەر چاوی پیس و مەترسی یان نەخۆشیدا ئەپارێزێ. ع تميمة N amulett د طلسم.

**گوللەبەند:** ئاییناسی ناوی لێکدراو جۆرێک چاوەزارە بۆ پاراستنی مرۆڤ لە بەرامبەر دوژمن و لە دۆخی دژواردا، تا ئەو ڕادەیەی کە پێیان وایە هەڵگری گوللەبەند گوللە نایبڕێ، یان نای ئەنگێوێ.

**عەبوودوجانە:** ئاییناسی ناوی لێکدراو ئەبوودووجانە، لە بڕوای موسڵمانی کورددا کە فرمنووسی کورد بڕەویان پێداوە، جادووی خۆشەویستی یان جادووی سپی شیرینکردن و خۆشەویستکردنی ژنانە لە لای مێردەکانیان N amulett ع العين، تميمة د حرز.

**ئەبوودوجانە:** ناوی جێگا ناوی گۆڕستانێکە لە کوێستانی داڵاهوو لە سەرپێڵ و ڕێژاو. درێژە **عەبوودوجانە:** ئاییناسی شێوەزانست بەواتای نووشتەی پاراستن لە بەرامبەر دوژمن لە جەنگدا و، نووشتەی پاراستن لە بەرامبەر زەبری گیانی ناپاک بەکار هاتووە؛ بە گوێرەی ئەوەی نووشتەنووسان چەندە بازاڕی خۆیان گەرم کردووە، بۆ زۆر مەبەست

بەکاریان هێناوە. بۆ نموونە، عەبوودوجانەیان بۆ موسڵمان نووسیووە لە دژی گیانی ناپاکی مەزدەکی، بۆ ئەوەی موسڵمان نەچێتە پاڵ مەزدەک و ببێ بە دژی ئیسلام. ڕیشەناسی سەماک بن خەرشە ناسراو بە «ئەبوو دوجانە»ی ئەنساری کە ساڵی ١٢ای کۆچی هەتاوی مردووە، یەکێک لە یارانی پەیامبەری ئیسلام بووە، بە شەو لە ماڵەکەی خۆی جنۆکەی بینیوە یان تووشی مۆتەکە بووە، چووەتە لای پەیامبەری ئیسلام، خودی پەیامبەر نووشتەی بۆ نووسیوە و چاک بووەتەوە. ئەو نووشتەیە بە «نووشتەی عەبوودوجانە» {تميمة أبو دجانة} ناسراوە.



**چاوەش:❶** musician موزیک ناوی چاوگ دەهۆڵ و زوڕناژەن، شاییگێڕ، شایەر.
ع موسیقار N musiker د مطرب.

**چاوەش:❷** ناوی چاوگ پێشەنگی لەشکر و پێشڕەوی کاروان. ع موسیقار N musiker د مطرب.



**چاوەش:**❸ sergeant **سەربازی** **ناو** سەرنۆگە، پلەیەکی سەربازییە لە یاوەر بەرەوخوار، بەرپرسی ٢٠ کەس لە سپادا. [ع] عریف [N] sergeant [د] گروهبان.



**چاوەڕوو: ناوی‌لێکدراو** چاووڕوو، شەرم، فهێت، فەدی، حەیا، شوورەیی، شۆ، شێواز. ⇐ **بێچاووڕوو: ناوی‌لێکدراو** بێشەرم، بێشێواز، بەینەشە. ⇐ **چاوەڕوویی: ناوی‌چاوگ** شێوازی، شەرم و حەیایی.

**چاوەڕاو:**❶ **ناوی‌لێکدراو** قاو، درۆودەلەسە، دەنگۆ و باگەشە.

**چاوەڕاو:**❷ **ناوی‌فەرمان** چاوبازی، بە چاو ڕاوکردن، چەمچەرانی، زاخاودانی چاو. ⇐ لە وێژەی فاسی {چاوەڕاو} زیاتر بە واتای «نظربازی» و «شاهدبازی» هاتووە. ◄ لە زمانی کوردی دڵداری پاکی ئەویندارانەیە: «هەڵنەکەوت کە بتگرم بە چاو»، وەک لەم هۆنراوەی چاوەدا هاتووە:

## بەرخەمامز

ئەی فریشتە جوانەکەم!
ئەی پەپوولە ناسکەڵانەکەم!
بەرخەمامزی هەواری کوردسانەکەم!
هاتمە هەوارەکەت
ڕێم گەیشتە بەر دەوارەکەت
بواری لێ تەنیم بە جارێ بەژن و بارەکەت
تاوی لێ چنیم سەرنجە جار بە جارەکەت
ئەی کەنیشکە کاڵەکەم!
کۆتری تەقڵەبازە چاوی تۆ
زۆر کەرەت بە توند و تۆڵی هاتمە ڕاوی تۆ
هەڵنەکەوت کە بتگرم بە چاو
هەڵنەکەوت کە بتگرم بە چاو، بەڵام
دەودەوەی نیگا دلێرەکەت
لێوە بە بزە فێرەکەت
زولفە قەیچی پاچەکەت
کوڵمە سوورە جێگە ماچەکەت
وەزنی هەڵپەڕینەکەت
قافیەی ڕەوانی شێعری پێکەنینەکەت
گشتی نەخشی گیانمن
تەمرەوێنی ئاسمانمن
هەر لە گوێمە زەنگی دەنگە نەرمەکەت
هەر بە تینە ئارەزووی سەرنجە گەرمەکەت

گا بە لار و لەنجە دێی
ڕادەژێنی لانکی دڵ
گا ئەدەیتە لانی سرکە مامزێ
ئەمگریتە بەر سەرنج و سڵ
نایەڵی بنووم بە تاو و تێی ئەوینەوە
هەر تلاوتلم ئەدەی بە دەردی خەورەوێنەوە
شەو بەسەر ئەچێت و من
پایەنازی تۆی ئەکەم حەریری مانگەشەو
پڕ بە ئاسمان هەسێرە دێنمە حاجەتت
تا بەجێ نەهێڵی ئاسمانی گیانەکەم
ئەی هەسێرە جوانەکەم!

چاوە ـ هاوینی ١٩٦٦

**چاوەقووڵکە :** cholera درم نەخۆشی ناو چاوەقووڵە، ڕەشمڕشانەوە، کۆلێرە، درمێکی باکتریایی گیرۆی ڕیخۆڵە بچکۆلەیە، کە بە زۆری لە ڕێگەی باکتریای باسیلۆسی ناو ئاوی چەپەڵەوە تووشی ئەبن و ئەبێتە هۆی ڕشانەوە و سکچوونی دژوار. ع وبا N Kolera د وبا.

**باسیل :** bacillus باکتریای نەخۆشینی cholera یان چاوەقووڵکە.







**چاوهەڵۆ :** hawkeye ئاوەڵناو چاوشەهێن، چاوتیژی دووربین. زنجیرە

زنجیرەی تلەڤیزیۆنی ٢٠٢١، یەک وەرز، ١٤ ئاڵقە، هونەرمەندی جێرمی ڕێنەر، هەیلی ستەینفیلد. سینەما هەروەها چەند فیلمیش بەو ناوە ساز کراوە. ع عیون صقر N hawk øyne د چشم شاهین.






**چاوهێنانەوەیەک:** squint ناوی فەرمان بە درزی چاو سەیرکردن بۆ جوان بینین ن: خۆری دروەشاوە چاوی پێ هێنانەوە یەک. ع غمض عینیە نصف اغماضة N myse د نگاه با چشم نیمباز تێبینی: **squint** واتای تریشی هەیە وەکوو خێل کردن، چاوخێل، squint_eyed، بە تیلەی چاو سەیرکردن، هێمایر لە ڕێ لادان.

**چاوی:** زمانەوانی ناو زمانی چاوی، زمانی زەرگەری، زمانی سەرگەر ن: وشەی زمان، بە زمانی چاوی ئەکاتە: زەزە، مەزە، ئەزە، نەزە.

**چایبەقەند:** sugar tea aside خواردنەوە چای تاڵ، پیالەیەک چای تاڵ لە سەر ژێرپیاڵە، لەناو سینییەکی بچکۆلانەی زەرد، دوو کلۆ قەند و کەوچکەچایەک لە تەنیشتی دائەنرێ. ع شاي السکر جانبا N sukker te til side د چای قند پهلو.







**چای ڕووناهی:** tea of clarity خواردنەوە شێوەزانست پلاسیبۆ چای زەلال. چای گیاناس و دەرمانگەرانی مینەوی. پێناسە: دەمنۆشێکی تەندروستی چاککەرەوە و ئارامکەرەوەی تێکەڵکراوە بۆ یارمەتیدانی بەرزکردنەوەی کارکردنی ئاوەزی، کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێ و فشار، کەمکردنەوەی کۆکە و کێشەکانی هەناسەدان. یارمەتیدەرە بۆ کەمکردنەوەی نیشانەکانی هەستیاری و ئالرژی وەرزی. ع شاي الوضوح N te av klarhet د چای شفافیت. ☜ دەمنۆش




**چپ:** ❶ دەنگەوشە دەنگی داکەوتنی دڵۆپە.

**چپ:** ❷ whisper ئاوەڵناو سرتە، چپە، قسە بە دەنگی نزم. ع همسة N hviske د نجوا.



**چپک:** ناو لکی تازە دەرهاتووی ناسک.

**چپوهۆڕ:** chatter ئاوەڵکردار پچەپچ، سرتە و خورتەی زۆر، سرتەسرت، سرتوخورت. ع الثرثرة N skravling د پچ پچ.

**چپە:** whisper ئاوەڵناو سرتە، چپە، قسە بە دەنگی نزم. ع همسة N

hviske [د] نجوا.

**چتیر:** capricorn, goat [ڕۆژژمێر] [فالبینر] [ناو] چتوور، بزنی دووسالان، نیشانەی مانگی دەی، دەتۆش. [ع] جدی [N] geit [د] جدی.





**چجار:** never [ئاوەڵکار] هەرگیز، هیچگا، لە هیچ کاتێکی ڕابوردوو و ئێستە و داهاتوودا: لە ژیانیاندا نەچووبوون بۆ سەیران و لەوێ بمێننەوە. [ع] أبدا [N] aldri [د] هرگز.








**چراتەماتە:** golden berry [ناوی لێکدراو] گیایەکە لە تیرەی فیسیالیس Physalis لە تووە گەرمەسێرییەکانە و ڕەنگێکی زەردی گەشی هەیە.





**چراخ:**❶ ئاوەڵناو شاد و بەدەماخ.

**چراخ:**❷ ئاوەڵناو تورت و تێراو.

**چراخ:**❸ ئاوەڵناو وریا و بەهۆش.

**چراخ:**❹ ناو جێگەی پەنا و هانا، داڵدە.

**چراخپا :** standing horse ناوی لێکدراو دارەتی ئەسپ کە هەڵئەستێتە سەرپێ، چەپۆکانە ئەکا و هەر دوو دەستی بەرز ئەکاتەوە.



**چراکانی شار :** City Lights فیلم فیلمی ئەمریکایی ١٩٣١ی چارلی چاپلین.











**چراوگ :** limelight ناو مەشخەڵ، چۆڵەچرا، چراوڵە، ئەختەرمە، مێڵەدە

هێمایر ناوەندی سەرنج، شوێنی دڵگر. ع الأضواء N limelight د ڕوشنایی، مشعل ریشەناسی له سەرەتای سەدەی نۆزه سەکۆی شانۆ به گەرمکردنی لۆلەکێکی کانزا که پێی ئەوترێت لیمۆ یان ئۆکسیدی کالسیۆم، ڕووناک ئەکرانەوه؛ ئەنجامەکەی ڕووناکییەکی سپی زۆر درەوشاوه بوو. وشەی لایملایت له ساڵی ١٨٧٧دا واتای هێمایی «له ناوەندی سەرنجدا» بوونی پەیدا کرد.









**چراوگ:** limelight فیلم درامای سینەمایی ١٩٥٢، دەرهێنان و بەشداری هونەرمەندانەی چارلی چاپلین.











**چرای سەوز:** greenlit هێمایر دەستەواژە ڕێگەپێدان، ◄ له چوارچێوەی پیشەسازی فیلم و تەلەفزیۆندا، گڵۆپی سەوز بریتییه له پێدانی مۆڵەت بۆ بەردەوامبوون له پرۆژەیەک؛ ◄ له بواری ڕامیاریدا بریتییه له ڕێگەپێدان بۆ هەڵسان به کار یان چالاکییەک که ئەو لایەنه خۆی ناوێرێ ئەنجامی بدات، مەگەر به مۆڵەت یان پشتیوانی لایەنێکی گەورەتر. ع مضاء الأخضر N grønt opplyst د چراغ سبز.

ن: نەیارانی دەستدرێژی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا لایان وایە ناتۆ چرای سەوزی بە پوتین داوە: ناتۆ ئەبێ ئاسمان لە ڕووسەکان دابخات!










**چرپا :** bed [ناو] قەرەوێڵە، سیسەم، تەختی خەو. [ع] سریر [N] seng [د] تختخواب.

**چرپە :** whisper [کار] سرتە، ئاخاوتن بە سرتە و بەدەنگی نزم و نهێنی لە گوێی کەسێکدا، بە تایبەت بە مەبەستی نهێنیپارێزی. [ع] همسة [N] hviske [د] نجوا.

**چرچەڵە:❶** [ناو] جۆرێک ترێی توێکڵ ئەستووری درێژکۆڵەیە، بە ڕەنگ هەر لە بەرسیلە ئەچێ [د] ڕیش بابا.





**چرچەڵە:❷** dry prunes [ناو] ئاڵوی وشک، قەیسی. [ع] البرقوق جاف [N] tørre svisker [د] لواشک آلو.

تێبینی: لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی Prune بە تەنهاییشبە واتای هەموو جۆرە قۆخ و قەیسی و ئاڵوویەکی وشککراوە. ☜ نانەقەیسی



**چرچیل:** Winston Churchill ڕامیار {١٨٧٤ـ١٩٦٥} سەرۆکوەزیرانی بەناوبانگی شێوەبازی ئینگلیز لە ١٩٤ تا ١٩٤٥ و براوەی خەڵاتی وێژەیی نۆبێل، کە لە ١٩١١ تا ١٩١٥ وەزیری زەریاداری بەریتانیا بوو.




**چرکەسات:** instant, glimpse ئاوەڵکار چاوترووکانێک، دەم، ساتەوەخت.
ع لمحة سریعة، آنات N øyeblikkelig, glimt د لحظه، یک لحظه.

**چرژان:** wither چاوگی تێنەپەڕ چرژیان، چرژاندن، سیسهەڵگەڕان، وشکاندن.
ع صعق N visne د پژمرده کردن.

**چرویر:** dense ئاوەڵناو تەڕ و فارماڵ. ع کثیف مکثف N tett د مالامال.

**چرنووکە:** staple remover ناو هەڵقەنەر، هەڵکێش، دەرزی کێش N stiftefjerner ع مزیل دبابیس د منگنه کش. ☜ چنگوور



**چڕووسان:** depression دەروونناسی خەمۆکی، دارەتێکی بێوازی و بێزاری گشتییە بۆ هەستان بە کار و چالاکی، کە بە ناسازی دائەنرێ و بۆی هەیە کار بکاتە سەر بیر و ڕەفتار و هەست و شادمانی مرۆڤ. چڕووسان، جگە لە تەندروستی لە بواری وەکوو ئابووری (چڕووسانی گەورە، چڕووسانی درێژ، بازارکزی، بێبازاڕی، بێکاری، قاتوقڕی)، زیندەوەرزانی (جووڵەناسی، فیزیۆلۆژی) و، زانستی زەمینیدا (جیۆلۆجی، کەشوهەوا، نزمایی و چاڵایی و نەوین) بەدی ئەکرێ N Depresjon ع الاکتئاب د افسردگی. ⇦ **ناسازی:** disorder دەروونناسی دارەتێکی گێژی و شپرزەیی N uorden ع فوضی د اختلال.




**چڕووساو:** Depressed دەروونناسی ئاوەڵناو خەمۆکی، دۆشداماو، مەرس، دڵتەنگ، دڵمەردە، زویر، کەسێک کە تووشی ناسازی چڕووسان بووە N Depression Deprimert ع مکتئب د افسردە.

**چڕەبەندان:** crowd ناوی لێکدراو جەنجاڵ، ڕپانی، ئاپۆرە، قەرەباڵغی، لە دەوور یەک خڕبوونەوە، گۆڕانی وتن و بەزمگێڕان. ع حشد N mengde د شلوغی.



**چزارە زاڤاتینی:** Cesare Zavattini نووسەر (١٩٠٢ـ١٩٨٩)نووسەر و فیلمنامەنووس و لە یەکەم تیۆریستەکانی نیۆریالیزمی سینەمای ئیتالیا. زاڤاتینی ساڵی ١٩٤٨ دزانی پاسکیلی بۆ دی سیکا نووسی، کە هەم فیلمەکەی خەڵاتی ئۆسکاری وەرگرت و هەم فیلمنامە ناودێری ئۆسکار بوو.








**چزاندن:** sizzle ناو سووتان و هەڵقرچان بە تیشکی تاو؛ چزەی سووتان. ع همسة N syde د صدای سوختن.

**چزڵێک:** Fried fat ناو بەزی هەڵقرچێنراو، دوگی سوورەوەکراوی ڕۆنگیراو. ع دهن مقلِي N Stekt fett د جزغاله.





**چڤیتاڤێچیا:** Civitavecchia جوگرافیا بەندەرێکە لە ئیتالیا، نزیکی ڕۆما کە قەڵاتی سەربازی بوو.






**چقڵ :** thorn ناو چەقڵ، چوقڵ، درک، درِوو، درکی تیژی ڕەقی گەورە، تەڵێکی ڕەقی نووکتیژی ئاراستەکراو لەسەر لق یان بەشێکی تری ڕووەکێک. ع شوکة N torn د خار.








**چگوور :** موزیک ناو ئامێرێکی موزیکە لە خێزانی تار، جۆرێک تەمبووری ساکارە، دوو یان سێ ژێی هەیە.



**چلە چکۆلە :** داب‌ونەریت ناوی لێکدراو چلەی بچووک، چلەبەچە، چلەبووچک، بیست ڕۆژە لە دەی مانگی ڕێبەندانەوە تا سی ڕێبەندان و ساردترین بڕگەی ساڵە.



**چلەنشین :** ascetic ئایینناسی ئاوەڵناو خەڵوەکێش، تەرکەدنیا. ع منعزل N asketisk د ریاضت کش E solitude.





**چل و یەکەم :** The Forty_First فیلم فیلمی سینەمایی ١٩٥٦ی سۆڤیەتی، دەرهێنانی بۆریس لاڤرێنیۆڤ.








**چڵ :** twig ناو لق.

**چڵەگە :** ناو ئەستوندەک، چەلاکی خێوەت.



**چڵەبەنان:** ناوی لێکدراو چڵەبەندان، ڕەشماڵی شان بە شان، ڕیزە خێوەت کە سنگیان هاوبەشە.



**چڵی بنعەرد:** rhizome ڕووەک ناو ساقەتێکی بنعەردییە بەردەوام گەورە ئەبێ و ناوبەناو لقی لاوەکی و ڕیشەی تازەی لێ ئەبێتەوە. ع جذمور N rhizome د ڕیزوم.






**چنار:** sycamore ڕووەک ناو درەختی چنار، سپیندارێکی گەورەی ئەوراسیایە کە میوەکانی وەکوو مێشوولەی باڵدارن، ڕەسەنی ناوەڕاست و باشووری ئەورووپایە. ع شجر جمیز N platanbær د چنار.





**چناران:** جوگرافیا شارۆچکەیەکی ٤٠٠٠٠ کەسییە، لە نێوان قۆچان و نەیشاپوور، لە پارێزگای خۆراسان.








**چنگ:** talon ناو پەنجەدەست، پەنجەی دڕندە و باڵندە، پەمە و نینۆکی هێندێ باڵندە و گیانداری تر. ع N د چنگ.

**چنگاڵ:** hook, fork, talon ناو چنگئاسا، قولاپی لە ئاسن، ئاسنێکی چنگدارە گۆشت و هێندێ شتی پێ هەڵ دەگیرێ بۆ خواردن، پەنجەی پشیلە و دڕندە.

**چنگوور:** ناو چنگوڕک، چرنووک. ع یخدش N ripe د خراشیدن، پنجول. چنگن.

**چنگانە:** grass rake ناو درمەغ، گوڵکێش، درمغ، جۆرە چنگاڵێکە هەنگوینی پێ لە کونی بەرد دەردەهێنرێ. ع مجرفة العشب N gressrive د چنگگ علف.

**چنگار:** crab ناو قرژانگ، قرژاڵ، کیفژاڵ. ع سلطعون N krabbe د خرچنگ

**چنگاوەش:** clawing ناوی‌یاوگ بەگژیەکداچوون، چنگەپرچێ. ع مخالب N klør د گلاویز شدن، پنجه زدن.

**چنگاوڵ:** push open palm of hand forward towards a person as expression of contempt ناو پووکاوڵ، چەموڵە. ع دفع کف الید

الى الأمام تجاه شخص ما كتعبير عن الازدراء، أو الشماتة [N] skyve håndflaten frem mot en person som uttrykk for forakt [د] فشار دادن کف دست به سمت جلو به طرف شخص به عنوان ابراز تحقیر.

**چنگۆڵ :** bird nails [ناو] جنجرۆک، ڕنۆک، ڕنە، نینۆکی باڵندە. [ع] أظافر الطيور [N] fuglespiker [د] ناخن پرنده.



**چنگانە :** grass rake [ناو] درمەغ، گوڵکێش، درمغ، جۆرە چنگاڵێکە هەنگوینی پێ لە کونی بەرد دەردەهێنرێ. [ع] مجرفة العشب [N] gressrive [د] چنگک علف.



**چنگنە :** bedbug [دەعبا] [ناو] حەمحەمە، مێرووەیەکی خوێنمژە بە جەستەی پانی ئامالسوور و بۆنێکی پیسەوە. [ع] بق الفراش [N] veggedyr [د] ساس.



**چنگوور :** pins remove ناو چڕنووک، چنجڕووک. ع یخدش N ripe د خراشیدن با ینجول. ☜ چڕنووک



**چنگی :** cyclamen ڕووەک ناو چنگی مەریەمە، پەنجەی مەریەمە، گیایەکی ئورووپاییە، گوڵی سوور و پەمەیی و سپی ئەگرێ، پەڕەکانی پشتەوەی چەماون و بە زۆری گوڵی ناو ئینجانەی زستانەی ماڵانە. ع بخور مریم نبات عشبي N syklamen د پنجەی مریم.



**چنەیاوە :** perception ناوی چاوگ ڕەوتی تێگەیشتن، پێزانین، هەستپێکردن. ع ادراک N oppfatning د ادراک.



**چنین:❶** plot هۆنراوە چنراو، تەنراو، گەڵاڵە، چوارچێوە، گەڵاڵەی گشتی و چنراوی ڕووداوە سەرەکییەکانی شانۆنامە، ڕۆمان، فیلم، یان بەرهەمێکی هاوشێوە، کە لە لایەن نووسەرەوە وەک زنجیرەیەکی پەیوەندیدار بەیەکەوە دارێژراون و پێشکەش ئەکرێن د پیرنگ یا پی رنگ.





**چنین:❷** plot ویژە ناو پلۆت، لە نووسراوێکی گێڕانەوەیی یان داهێنراو، گەڵاڵەی ئەو ڕووداوانەیە کە چیرۆکێک بەدی ئەهێنن، جا بگێڕدرێتەوە، بنووسرێ، فیلمی لێ هەڵبگیرێت، یان بخوێنرێتەوە؛ ئینجا بە شێوەی تایبەتتر، چۆنێتی گەشە و پەرەسەندن و ڕەوتی چیرۆکە لە کاتدا. «چنین» بونیادی دەقە، واتا ئەو ڕێکخستنەیە کە وا دەکات ڕۆمان بینایەکی تەواوی هەبێت. بەو واتایەی ڕەوتێکە بە پلەیەکی بەهێز و پتەو کە لە توانایدایە گشت ڕووداوە و پێکهاتەکانی دەق لە ناو چوارچێوەی بینایەکی تەواوبوو کۆبکاتەوە، ئەمەش وەک سیستەمێکە کە بەشەکانی ڕۆمان بە ڕەگەزەکانی گێڕانەوە ئەبەستێتەوە. ع حبکة الروایة N plott د طرح.



**چۆرتم:** bereavement ناو پەتەر، کارەسات، کەڵەمە، مەرسەلا، تەمەرە، ئاسێو، نسکۆ، گرگاشە، نەگبەتی. ع کارثة N katastrofe د مصیبت، فاجعه.

**چۆرتمبار:** cataclysmic ئاوەڵناو کارەساتبار، پەیوەندیدار بە تەمەرەیەکی مەزنەوە. ع کارثي N kataklysmisk د فاجعه آمیز.

**چۆڕ:** ئاوەڵناو سپیایی زۆر سپی. ← بەردی وەک چۆڕی شیر.





**چۆڕاو:** ناو جێگەیەک ئاو بە دڵۆپ ئەتکێتە خوارەوە. گوندێک لە دۆڵی جافەتی پارێزگای سلێمانی هەیە بەو ناوە، سەرچاوەی ئاویان چۆڕاوە.



**چۆرە:** ناو دەڵاندنی ئاو بە چۆرەچۆڕ.

**چۆکووروٚوا:** Mount Chocorua ناوی جێگا شاخی چۆکووروٚوا، بە بەرزایی ١٠٦٤ مەتر لە کوێستانی سپی، لە «نیوو هەمپشایەری» وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەرزترین لووتکەی بەری ڕۆژهەڵاتی شاخی ساندویچە. پێویستە بوترێ کە بەناوبانگی چۆکووروٚوا لەبەر بەرز بوونی نییە، بەڵکو لەبەر باری ناهەموار و بەرز و نزمی فراوان و دیمەنی بێوێنەی زرێبار و کێو و جەنگەڵەکانی ئەو ناوچەیە.




**چۆڵکردن:** vacate چاوگی تێپەڕ جەجێهێڵان، بەجێ هێشتنی (شوێنێک کە هیچ کەس یان لایەنی ترە) ع بخلی N forlate د خالی کردن.

**چۆن و بۆچی جۆرەکان زۆر دەبن:** How and Why Species Multiply
زانست پەرتووک ئەزموونەکانی چارڵز داروین لە دوورگەکانی گالاپاگۆس لە ساڵی ١٨٣٥ یارمەتیدەر بوون بۆ ڕێنماییکردنی بیرکردنەوەکانی بەرەو تیۆرییەکی شۆڕشگێڕانە: بەو واتایەی جۆرەکان جێگیر نەبوون بەڵکو سەبارەت بە باوباپیرانیان لە چەندین نەوەدا هەمەچەشن بوون، هەروەها میکانیزمی بزوێنەری گۆڕانی پەرەسەندن هەڵبژاردنی سروشتییە.

⇐ **چۆن و بۆ:** ئایین **چۆنە**کە دائەنێ بۆ زانست و ئایینیش بۆ وەڵامدەرەوەی بۆچی. بەڵام؛

⇐ **چۆن و بۆ:** زانست وەڵامی هەردووکیان لە لایەن زانستەوە ئەداتەوە.

⇐ **وانەی کیمیا :** lesson in Chemistry زنجیرەی زانستی تلەڤیزیۆنی ٢٠٢٣، ئافراندنی لی ئەیزنبەرگ Lee Eisenberg، ژێوەرگرتن لە ڕۆمانی بانی گارمس Bonnie Garmus، بە هونەرمەندی بەری لارسۆن و لویس پۆڵمەن.




**چواربۆر :** Guillemot ڕێزمان (فەرەنسەیی)جووت کەوانی بچووک بۆ نوسینی قسەی وەرگیراو لە نێوانیاندا. ⇐ هێمای چواربۆر «». نیشانەکانی خاڵبەندی:

**خاڵ** ⟵ . dot — **جووتخاڵ** ⟵ :

**دابڕ** ⟵ ، — **خادابڕ** ⟵ ؛

**خاڵپرس** ⟵ ؟ — **خاواق** ⟵ !

**تەقەڵ** ⟵ ... — **هەنج** ⟵ – en dash

**کەوانە** ⟵ ( ) — **لکێن** ⟵ hyphen

**برۆ** ⟵ { } — **چواربۆر** ⟵ “ ” یان «»

**کەوانەی گۆشەدار** ⟵ [] — **هەنجی کشاو** ⟵ em dash

**نەلکێن** ⟵ **نزیکی نەلکاو** ⟵ **لە کوردستاندا**

**چوارپایە :** ناو کورسی بێ پشتی بۆ دانیشتن یان دانانی شت لە سەری.



**چوارپیل:** ئاوەڵناو چوارشانە، ناوشان پانوپۆڕ، کەتە. ☜ چوارهەنگڵ

**چواردە مەعسووم:** ئایینناسی شێعەی دوانزە ئیمامی، حەزرەتی محەممەد و فاتمەی زەهرا لەگەڵ دوانزە ئیمامەکە بە «چواردە مەعسووم» ئەزانن کە هەموویان خاوەنی فرۆزەی عیسمەتن واتە بەدوور لە هەڵە و، پاکیزەن ☜ دوانزە ئیمام.

**چواردەی جولای:** نەتەوە بوویەر ڕۆژی نەتەوایەتیی فەڕانسەیە.



**چوار سوارەی پەسلان:** Four Horsemen of the Apocalypse میسۆلۆجی وەک لە پەرتووکی پیرۆزی مەسیحی بە زمانی کوردی، پەرتووکی زەکەریا، بەشی ٦ بڕگەی ١ـ٨ هاتووە، چوار مۆرومۆمکراون لە حەوت مۆرومۆمی ڕۆژی پاشین کە بە دەستی «بەرخی خوا» یان «شێری یەهوودا» یان هەمان عیسا ئازاد ئەبن. ئەم سوارانە بە ڕیز سواری چوار ئەسپی سپی و سوور و ڕەش و بێڕەنگن کە هێمای نەخۆشی و

جەنگ و قڕی و مەرگن. لە تەوراتدا هاتووە:

«١. جارێکی دیکە چاوم هەڵبڕی بینیم لە بەردەمم چوار گالیسکەی جەنگی لە نێوان دوو کێوەوە دێنە دەرەوە، کێوەکانیش بڕۆنز بوون. ٢. گالیسکەی یەکەم ئەسپی سووری پێوە بوو، دووەم ئەسپی ڕەش. ٣. سێیەم ئەسپی سپی، چوارەم ئەسپی بەڵەک، هەموویان ئەسپی بەهێز بوون. ٤. لەو فریشتەیەم پرسی کە قسەی لەگەڵ دەکردم: «گەورەم، ئەمانە چین؟» ٥. فریشتەکەش وەڵامی دامەوە و پێی گوتم: «ئەمانە چوار گیانەکەی ئاسمانن خزمەتی پەروەردگاری هەموو زەوی دەکەن و هاتوونەتە دەرەوە. ٦. ئەو گالیسکەیەی ئەسپە ڕەشەکانی پێوەیە بۆ خاکی باکوور دەچێت، ئەوەی ئەسپە سپییەکانیشی پێوەیە بەرەو ڕۆژئاوا، ئەوەی ئەسپە بەڵەکەکانیشی پێوەیە بۆ خاکی باشوور دەچێت.» ٧. کاتێک ئەسپە بەهێزەکان چوونە دەرەوە، بە پەرۆشەوە بوون کە بەسەر زەویدا بگەڕێن، ئەویش فەرمووی: «بڕۆن و بەناو زەویدا بگەڕێن.» ئەوانیش بەناو زەویدا گەڕان. ٨. ئینجا هاواری لێکردم و پێی گوتم: «ببینە ئەوانەی بۆ خاکی باکوور دەچن، گیانی منیان لە خاکی باکووردا ئارام کردەوە.» زەکەریا، بەشی ٦ بڕگەی ١ـ٨

**یاماکولا:** Yamaloka سانسکریت، بە واتای کەوشەن یان شوێنی ژیانی «یاما»یە کە ئێزەدی مەرگە و لە ئاڤێستاییشدا بە شێوەی «یمە و جەم» هاتووە، بە شوێنێک ئەوترێ کە تەنها ڕاستی تێدایە.





**ئۆسیریس:** Osiris لە ئەفسانەی مەسری کەونارا ئێزەدی جیهانی ژێرزەمینی و ژیانی پاش مردنە، گیانەکان بەر لەوەی بتوانن لە جیهانی تردا بژین، ئەبێ بە بەردەمی ئۆسیرسدا تێپەڕن، چونکە تەنها ئەو ئەتوانێ وەرجاوەندی ببەخشێ.





**عیسای نەناس:** Antichrist یان دژی عیسا، دەجالی درۆزنە کە فەلەکان لایان وایە بەر لە کۆتایی جیهان پەیدا ئەبێ.







**دەجال:** Antichrist لای مسوڵمان کەسێکی مەلاق و درۆزنە بەر لە هاتنی مەهدی پەیدا ئەبێ و زۆربەی مەردم فریو ئەدا و لە گردی خۆی کۆ ئەکاتەوە.



**چوارشەممەی خۆڵەمێش:** Ash Wednesday ئاییناسی بوویەر ڕۆژی یەکەمی خولی Lent واتە بەڕۆژووی گاوران، کە نزاکەی ئەمەیە: لە بیرت بێ لە خاکیت و ئەگەڕێیتەوە بۆ خاک.







**چوارشەممە سووورە:** کوردەواری ئاییناسی بوویەر وەک نەریتێکی ساڵانە و بە بۆنەی هاتنی جەژنی سەری ساڵی کوردانی ئێزیدی کە بە «چوارشەممەی سوور» ناسراوە، بۆنەی هەڵکردنی چرا لە لالشی پیرۆز بەڕێوە ئەچێت.

لەم بۆنەیەدا سەدان ژن و پیاوی ئێزیدی بە جلوبەرگی ڕەسەنی خۆیانەوە هێلکەی ڕەنگاوڕەنگ بە واتای ڕەنگینی سروشت ئامادە ئەکەن و، چرا بەدەست، کە گوزارشتە بۆ پیرۆزی ڕووناکی لە لای ئێزیدییەکان بەشداری بۆنەی چورشەممە سووری ئەکەن. جگە لەمەش لەم جەژنەدا گوڵاڵە سووورە بە سەر دەرگای مەزارەکانەوە ئەکەن، وەک نەریتێک کە هاوئاهەنگە لەگەڵ سرووشتدا.








**چوار کوڕانی ئەیمون:** ناو ئەفسانە یان سەن تیۆفیل Saint theophile or The Four Sons of Aymon چیرۆکێکی گەلەری سەدەی ناونجییە سەبارەت بە ململانێی شارلمانی و چوار کوڕی دووک ئەیمون کە سووکایەتیان پێکردبوو. شارلمانی لێیان خۆش ئەبێ بە مەرجێک بایارد، ئەسپە جادوویەکی خۆیان بدەن بەو. یەکێک لە کوڕەکان بە ناوی ڕێنو، پاش ئاشتکردنەوە وەکوو داوای لێبوردن کلیسای کۆڵنی لە ئاڵمانیا دروستکرد.





**چوارمەشقی:** cross_legged داڕەت ناوی لێکدراو چوارمەشقان، چوارچمک، جۆرە دانیشتنێکە بە تێکپەڕاندنی هەردووک قاچ بە نووشتاوەیی. ع متصالب الرجلين N kryssbeint د چهار زانو نشستن. ← **چیچکان:** squatting ئاوەڵناو ناوی فەرمان قنچکان، تڕووشکان، هەڵتڕووشکان N huk ع القرفصاء د چمباتمه زدن.



**چوار هەنگاو لە ناو هەوران:** Quattro passi Ira le nuvole فیلم

فیلمی ١٩٤٢ی ئیتالیایی، دەرهێنانی ئالێساندرۆ بلاسێتی Alessandro Blasetti.

**چوارهەنگڵ:** giant ناو ئاوەڵناو چوارشانە و کەتە و بەرسینە یان، زیاتر بۆ ئەسپ بەکار ئەهێنرێ مەگەر ئەوەی ئەمازە بێ بە مرۆڤێکی زەبەلاح. ع عملاق N kjempe د لندهور. ☜ چوارشانە





**چوارەی پشکۆ:** ڕۆژژمێر دین فەلەکان ساڵی چوار جار بەڕۆژووی Ember Days یان ڕۆژووی پشکۆ ئەگرن، کە چوار سێ ڕۆژی، چوارشەممە و پێنجشەممە و هەینیە. هەر چوار جارەکەش وەک ستایشی سروشت و سپاسی ڕێزەن و بەربوومە. ع أيام الزمرد N Kvartære dager د روزهای اخگر، روزه فصلی.







**چواندن:** analogy چاوگی تێپەڕ بەرامبەر یەک دانانی دوو شت بە تایبەت بە مەبەستی ڕوونکردنەوە و پیشاندن N analogi ع تشبيه د مقايسه.






**چورت:❶** ئامێر ناو ئامرازی ژماردنی دوکانداران.

**چورت:❷** ناو سەرخەو، سووکەخەو، وەنەوز.

**چویت :** ڕەنگەوشە خم، لیلەڕەنگ، دەرمانێکی شینی تۆخە لە شیرە و گەڵای هەش بەرهەم دێ خام و بەنی پێ شین ئەکەن.



**چوونی ئەلیاس بۆ ئاسمان :** Ascension Of Elijah شێوەزانست ئاییناسی

☜ {دە پەرجووی تەورات-چوارەم} ئەلیاس لە لایەن خواوە ئەبرێ بۆ «بەهەشت»، ئەویش بە «ئەرابەی ئاگر» نەک لەوە کەمتر؛ کە هەندێک پێیان وایە ئەم ئەرابەیە نەک هەر ئەرابەیەکی بە پێچ و مۆرە سازکراوی وەکوو کەشتی حەوایی بووە، بەڵکو لە خۆیدا ڕفاندنێک بووە لە لایەن غەوارە دەرەکییەکانەوە. بەڵگەی سەرەکی بۆ ئەم لێکدانەوەیە ئەوەیە کە «ئەرابەی ئاگر» لە چیرۆکەکەدا بەکار هێنراوە، وەک بڵێی ئەمە

تەنها وێنا و ڕوونکردنەوەیەک بووبێ لە لای ئەوانەی کە {بە ڕواڵەت} ئاگایان لەم ڕووداوە سەرسامکەرە بووە.

ئەگەر بێت و بڕوانینە ئەو هەموو یوفۆیەی کە لەم سەردەمەدا بینراوە و، هەموویان چرای زۆر ڕووناکی سەیر و سەمەرەیان هەبووە، ئەگەر تەنها بۆ یەک سات بیر لەوە بکەینەوە ئەو ڕووداوەی سەردەمی ئەلیاس، بینینی کەشتییەکی گەورەی، نەناسراوی باڵندە، کە ئەدرەوشێتەوە بووبێ، زۆر لەو کەشتییە نزیکە کە «ئەلیاسی لە ناو گەردەلوولی تۆز و خۆڵدا برد بۆ بەهەشت.» ئینجا ڕەنگە ئەوانەی چاویان لێبووە، ئەرابەیەکی گەورەیان بینیوە کە لە ئاگردا سووتاوە، ئەو ئاگرەش کە بینویانە تیشکی ئەو هێزە مۆنەبێزە بووبێ کە کەشتییەکەی بەرزکردوەتەوە بۆ ئەوەی بیبا بۆ «بەهەشت»؟!

   

**چەپ :** Left ڕامیاری ئایدیۆلۆجی یان چەپگەرا، بەو بۆچوون و هەڵوێستە ئەوترێ لایەنگری گۆڕانی ڕادیکاڵە، زیاتر سۆسیاللیبڕاڵ یان سۆسیالیست و ئانارشیستەکان ئەگرێتەوە. ڕیشەی دەستەواژەکە ئەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشی ١٧٨٩ی فەڕانسە کە ڕادیکاڵەکان لە بەری چەپی پەرلەمان دائەنیشتن و لایەنگرانی هزری پاشایەتی و ئایینی فەرمی لە لای ڕاستی پەرلەمان. ع الیسار N venstre د چەپ.

**چەپاو :** loot ناوی فەرمان تاڵان، ڕاماڵین. ع نهب N tyvegods د غارت.

**چەپاوگەر :** robber ناوی بکەر تاڵانگەر، چەتەی دز و گەردەنەگیر. ع

الناهب N raner د غارتگر.

**چەپخوون :** raid ناوی فەرمان شەوشالاو، پەلاماری شەوانە، ڕاهێژاندن. ع غارة N plyndringstokt د شبیخون.

**چەپک :** bundle ناو بۆخچە، دەسک، دەستەکردن یان پێکەوە کۆکردنەوەی گیا و تەڵ و چیلکە ئاو تر گورزە. ع باقة N bunt د دستە.



**چەپکەوشە :** paragraph ناوی لێکدراو [چەپک+ئە+وشە] دەستەواژە، بەشێکە لە نووسراوێک کە بە بڕدنەژوورەوەی دێڕی یەکەم یان بە هێما و ژمارەی نوێ جیا ئەکرێتەوە. ع فقرة N avsnitt د پاراگراف.


شۆڕشی فێبریوەری کۆتایی هات.
بەر لەوەی کۆتایی بەم بەشە بهێنین، کورتەیەک لە مێژووی شۆڕشی فێبریوەری پیشان ئەدەین:
I- **خولی یەکەم:** لە ٤ی فێبریوەری تا مانگی مەیی ١٨٤٨ -خولی فێبریوەری، پێشەکی، شانۆگەری گاڵتەجاڕیی برایەتیی گشتی.
II- **خولی دووەم:** خولی دامەزراندنی ئەنجومەنی دەستووری نەتەوایەتی.
١- لە ٤ی مەی تا ٢٥ی جونی ساڵی ١٨٤٨. خەباتی هەموو چینەکان لە دژی پەرلەمان، شکستی پرۆلیتاریا لە ڕۆژانی جونەدا.
٢- لە ٢٥ی جونەوە تا ١٠ی دیسەمبەری ساڵی ١٨٤٨. دیکتاتۆریی کۆماریخوازانی سۆلان. نارشتنی دەستوور. ڕاگەیاندنی دۆریچی سەربازی لە پاریس. لەناوچوونی دیکتاتۆریی بۆرژوازی لە ١٠ی دیسەمبەردا بە هەڵبژاردنی بۆناپارت بە سەرۆککۆمار.


**چەپۆکان :** چاوگی تێنەپەڕ لەسەر پاشوو هەڵسانی ئەسپ و هارووهاجی

کردن.

**چەپۆکانە:** standing horse ناوی چاوگ دارەتی هەڵسانە سەر پای ئەسپ و بەرزکردنەوەی هەردوو دەستی و چەتوونی کردن. ع حصان واقف N stående hest د اسب ایستاده.



**چەپ و کۆمۆنیست:** Left and Communist رامیاری ئایدیۆلۆجی لە ویژەی رامیاری ئێمەدا، دوو دەستەواژەی «چەپ» و «کۆمۆنیست»، هیچ سنووریکی روونی نییە و هەمیشە لە بری یەکتر بەکار دێن و تێکەڵ ئەکرێن. گەرچی ئەو دوو زاراوەیە خاڵی وێکچوویان هەیە، بەڵام خاڵی ناکۆکیشیان زۆرە.

**چەپ:** Left رامیاری ئایدیۆلۆجی دەستەواژەی «چەپ» بۆ شۆڕشی ١٧٨٩ فەرەنسا ئەگەڕێتەوە. لەو سەردەمدا، ئەو کەسانەی کە لایەنگری چاکسازیی ریشەیی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، سیستەمی کۆماری، لائیسیتە و ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی بوون، لەناو پەرلەمان لە لای چەپەوە دائەنیشتن. هێزەکەی تر کە لایەنگری سیستەمی پاشایەتیی نەریتی و دژ بە چاکسازیی ریشەیی بوون، لە لای ڕاستەوە دائەنیشتن.

ئەو «چەپ» و «ڕاست»ـە لە ڕەوتی مێژووی ململانێی رامیاریدا، لە فەرەنساوە بۆ ئەورووپا و ئەمریکا گوازرایەوە و، تەنانەت بوو بە بنەما بۆ دەستنیشانکردنی واز و هزری گشت هێزە رامیارییەکان لە جیهاندا و، گۆڕانێکی جۆرییش بەسەر دەستەواژەکەدا هات.

**کۆمۆنیزم:** رامیاری ئایدیۆلۆجی دەستەواژەی «کۆمۆنیزم» و

«کۆمۆنیست» بۆ ساڵی ١٨٤٨ ئەگەڕێتەوە، کە مارکس و ئێنگلس هزر و بۆچوونی خۆیان لە نامیلکەی «مانیفێستی کۆمۆنیست»دا گەڵاڵە کرد و لە ئەوروپادا بڵاو کرایەوە. «مانیفێستی کۆمۆنیست» لەمەڕ خەباتی چینایەتی، دیکتاتۆریی پڕۆلتاریا، باڵادەستی و سەروەریی چینێک لە کۆمەڵگەدا، نەهێشتنی چین لە کۆمەڵگە، کۆمەڵگەیەکی یەکدەست و سڕینەوەی ئاسەواری سەرمایەداری ئەکات.

کۆمۆنیزم و کۆمۆنیست بۆ هزری مارکس و ئێنگێلس و، مێژووی کۆمۆنیستەکانیش بۆ ساڵی ١٨٤٨، واتە ساڵی بڵاوکردنەوەی «مانیفێستی کۆمۆنیست» ئەگەڕێتەوە، بەڵام تەمەنی دەستەواژەی «چەپ» بە تایبەتمەندییەکانییەوە، لە تەمەنی کۆمۆنیزم و کۆمۆنیستەکان زۆرترە.

لە پۆلێنی ڕامیاری کلاسیکدا کە تا ئێستایش هەر برەوی هەیە، لە ڕامیاری و مەیدانی ڕامیاریدا (بەرژەوەندی)، باس لە دوو جەمسەری سەرەکیی «چەپ» و «ڕاست» ئەکرێت. دوو جەمسەر کە پانتاییەکەی لە هیی سەردەمی شۆڕشی فەڕەنسا بەرفراوانترە، چونکە گرووپی جۆراوجۆر جێگەیان لەو دەستەواژانەدا ئەبێتەوە؛ بۆ نموونە بەرەی چەپ: کۆمۆنیستەکان، سۆسیالدیموکراتەکان، ئانارشیستەکان، لایەنگرانی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتیی کۆمەڵایەتی، چاکسازیی ڕیشەیی، فێمێنیستەکان و... لەخۆ ئەگرێت. بەڵام کۆمۆنیستەکان گرووپێکی چڕ، تۆکمە، داخراو و وێکچوون لە هەموو شتێکدا و، جێگە و بوار بە هزری تر نادەن.

هەر وەکوو مارکس بە کەڵکوەرگرتن لە سۆسیالیزمی فەڕەنسا، فەلسەفەی ئەڵمانی و ئابووریی ئینگلتەرا (ژینگەیەکی دارماڵ ئورووپایی)، ئایدیۆلۆجی کۆمۆنیزمی بنیات نا، «چەپ»یش بۆی هەیە و ئەبێ سەرلەنوێ و سەردەمیانە خۆی پێناسە بکاتەوە. «چەپ»، بەپێی ئەو پێکهاتە ئەندێشەیی، ڕامیاری، کۆمەڵایەتی و فرەییەی کە هەیەتی، ئەتوانێت بەردەوام خۆی نوێ بکاتەوە، بەڵام لادان، یان چاکسازی لە بنەما هزرییەکانی کۆمۆنیزم کە خۆیان پێی ئەڵێن «ڕیڤیژنیزم»، جێگەی

نابێتەوە.

کەس یان ڕێکخراو ئەتوانێت چەپ {ڕامیاری، کۆمەڵایەتی و ئابووری} بێت و لایەنگری لە ڕیفۆرم، سەروەری ڕێسا، بەرامبەری لە نێوان ژنان و پیاوان، ئازادیی ڕادەربڕین و نووسین و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بکات و، بەبێگومانێ ئەبێ نیشتمانپەروەر {پرسی سەربەخۆیی، دەوڵەتسازی واتە دەوڵەتی کوردستان}، هەروەها ناسیۆنالیستیش بێت و «کورد»یش بە نەتەوە بزانێت و ...! ئەم دووانەیە، دوو کۆڵەکەی هەرە سەرەکین لە چەپیووندا، بەڵام ئەتوانێت کۆمۆنیست نەبێت و کۆمۆنیستیش نییە!

هەر ڕاوەستاو بێت کوردستان!

گۆران ئەمیری

**چەپەر:**[١] ناو دەرگای بەهاربەند، کەپری لە شووڵ و دار.

دەرگای چەپەر، چ پێوەبێ، چ لێوە بێ: پەند ناوی لێکدراو دەرگای بە شووڵی قامیش و ژاڵەی لە تەیمان شاشتر، بەرگەی هیچ ناگرێ و بوون و نەبوونی زۆر جیاوازی نییە. ☜ تەیمان

**چەپەر:**[٢] ناو سەنگەر، سپێر.

**چەپەر:**[٣] ناو تەوخ، زاخە، هۆڵەمەڕ، ژێرزەمینی گەورە لە کوێستان بە زستان ئاژەڵی تێئەکرێ.





**چەپەک:** secluded ئاوەڵناو شوێنی دابڕاوی لە بەرچاو ون. ع منعزل N tilbaketrukket د منزوی.

**چەپەڵ:** foul ئاوەڵناو دزێو، نەشیاو، گەمار، بێبەزەیی، ناپاک؛ دزێو لە ڕوانگەی ڕەوشت و داب و ڕێساوە. ع خطأ، کریە N stygg د ناپاک، ملعون.

**چەترمە:** pyramid ناو پێکەوە بەستن، پێکهەڵپەساردن، پێکەوە هەڵپەساردنی چەند تفەنگ بە شێوەی قوچەکی، کە قۆناغەکانیان تۆزێ لێک دوور بێ، ڕاوەستانی چەند پاسەوان لە شوێنێک د چاتمە.



**چەترەزاراوە:** hypernyms زمانەوانی بە وشە یان دەستەوشەیەک دەوترێ کە دابینکەری کۆگەیەک بێ بۆ کۆمەڵێک چەمک کە هەموویان دەکەونە ناو تاقە پۆلێکی هاوبەشەوە. زاراوەیەک کە وەکوو چەترێک گەلەک چەمکان بگرێتە ژێر خۆی. بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا cryptology چەترەزاراوەیەکە کە cryptography و cryptanalysis دەگرێتە ئامێزی خۆی.

**چەچوانە:** ring bracelet خشڵ ناو پەنجەوانە، دەستبەندێکە بە زنجیری باریک گرێدراوە بە چەند موستلەوە. ع شباحیة، سوار خاتم N ring armbånd د دستبند انگشتری.



**ڕەزێل :** basil ڕووەک ناو چەدەنە، گیایەکی خۆراکی ساڵانەی بۆنخۆشە لە خێزانی نەعنا، ڕەسەنی ئاسیای گەرمە. ع ریحان N basilikum د ریحان.

**کاکل :** mountain basil ڕووەک ناو ڕەزێلی شاخی، چەدەنە کێویلە. ع ریحان الجبل N fjellbasilikum د ریحان کوهی. گووگڵ








**چەرپا قەرەوێڵە :** کەلوپەل ناو [چەرپا=چوارپا] قەرەوێڵە، کەت، تەختی قاچداری لەسەر نووستن.





**چەرخ:** [1] wheel ئامێر ناو تەنێکی بازنەییە لەسەر تەوەرێک ئەسووڕێتەوە، کەرەسەی هاتوچۆ یان هەر شتێکی تر لە سەری دابنرێت بە ئاسانی بە سەر زەویدا ئەڕوا، لە زۆر ئامێر و دەزگای تریشدا بەکار دێت. ع عجلة N hjul د چرخ.

**چەرخ:** [2] lighter ئامێر ناو ئامێرێکە پێکهاتووە لە چەرخ و بەردی چەرخ و گاز یان پلیتە و نەوت، کە گڕێکی بچووک دروست ئەکا، بۆ داگیرساندنی

جگەرە و لەو بابەتە بەکار دێ ڕیشەناسی پێی ئەوترێ چەرخ چونکە بە هۆی سووڕانی چەرخەکە، ڕووبەرە زبرەکەی لە سەنگی چەرخەکە ئەکەوێ و پزیسکە ئەهاوێ و گاز یان پلێتەی نەوتاوی ئاگر ئەگرێ. ع ولاعة، قداحة N lighter د فندک.





**چەرخەبەلەم:** paddle wheeler کەشتی ناو بەلەمی دۆڵدار، جۆرێک کەشتییە وەک ئاش، چەرخ ئەیبات بە ڕێدا و چەرخەکە بە هێزی مۆتۆڕێک ئەسووڕێت. لە سەدەی چوارەمەوە ڕۆمییەکان ئەم چەشنە بەلەمەیان هەبووە. ئێستە وەک هوتێل و کازینۆ بۆ گەڕانی ناو چەم بەکار ئەهێنرێت. ع باخرة دولابية N padlehjul د کشتی چرخپرەای.





**چەرخەڕێ:** roundabout ناو گۆڕەپان، مەیدان، شوێنی پێچکردنەوە

و سووڕانەوە، شوێنی بادانەوە. ع ممر دائري N rundkjøring د میدان

وێنە: چەرخەڕێی هەڵۆ، سەقز، کوردستان.



**چەرخەگۆڕان:** metamorphosis زیندەوەرزانی ناوی لێکدراو دەعەجانین، ڕەوتی گۆڕانی بوونەوەرێکی نەرەسیو بۆ تەشکێکی گەییو لە یەک یان چەند قۆناخدا. ع الانسلاخ N metamorfose د دگردیسی.

**دەعەجانینی جادوویی:** transmogrify کینایە ناوی لێکدراو گۆڕان بە شێوەیەکی هەژەند یان جادوویی.








**چەرخی ئاو:** waterwheel ئامێر ناوی‌لێکدراو دۆڵاو، ئاوهەڵگۆز، چەرخی سووڕانی ئاش بە وزەی ئاوی دۆڵاو. ع ناعورة N vannhjul د چرخ آبی.

**چەرخی تۆپ:** gear wheel ئامێر کەرەستە ناوی‌لێکدراو یان چەرخی دەندە یان چەرخی گێڕ، چەرخی دەندانەدار لە ناو چەپکێک چەرخی دەندانەداردا. ع التُرسُ المُسنن N tannhjul د چرخ دنده. ← **دەندە:** gear ناو شمەکی خڕ و لوولەکی گرنج و ددانە و ڕەزوەدار؛ ◄ دەند {جێگەی گاسن لە ئامووردا؛ زمانەی ئێرەق}، دەندەل {دەندەی پەراسوو}، دەندەلووک {مێخەکی دەندانەدار}، دەندەلووشک {درووی دەندانەدار}.



**چەرخی دەندە:** ☜ چەرخی تۆپ.

**چەردە:** brunette ئاوەڵناو ڕەشتاڵە، ئەسمەر، سەوزەڵە. ع اسمرة N brunette د سبزه.

**چەرمسازی:** conceria کیمیا کارگە ناو ئیتالیایی، دەباغخانە، کارگەی چەرم خۆشەکردن. ع مدبغة N garveri د چرم سازی E tannery.

← **کەڵوان:** میوە ناو بەرێکی دارمازووە، بۆ دەباغ ئەبێ.

← **تیمانج:** کیمیا ناو پێستی ئاژەڵی خۆشکراوی دەباغ دراو.



**چەفتەبەند:** piece_fitter ناوی لێکدراو ئەو کرێکارەی پارچەی بڕدراو پێکەوە ئەلکێنێ؛ لە دارتاشخەنە یان لە گارگەی جلوبەرگ. ع منظِم N stykmontør د جفت و بست زن. ⇦ چەقاندن: لەناویەک بردن. ⇦ چەفتە: گرێدانی لقی مێو لە دار.

**چەفتەندی:** edematous ناوی چاوگ لێکدانی پارچەی بڕدراو پێکەوە، لە دارتاشخانە یان لە کارگەی جلوبەرگ یان داربەستی خانوو لە کاتی دروستکردن، چاککردنەوە، یان پاککردنەوە بەکار ئەهێنرێت.

**چەقبەستن:** concentration چاوگی تێنەپەڕ کردە یان تێکۆشانی ڕکردنەوەی سەرنج و توانای ئەندێشەیی کەس. ع التركيز N konsentrasjon د تمرکز. ⇦ تیشکۆ: Focus چەق، ناوجەرگە، ناوچەق، ناوەندی سەرنج و مەبەست و چالاکی N Fokus ع التركيز د تمرکز.








**چەقۆی پەپوولە:** Balisong ناو چەقۆیەکی دەسک نووشتاوەی فیلیپینییە، بە چەندین ناوی بالیسانگ، فەن، باتانگاس و فیلیپینۆ ناسراوە. تایبەتمەندی ئەم چەقۆیە ئەوەیە کە دەسکەکەی دوو لەتە و کاتی داخستن دەمەکەی لە ناو ئەو دوو لەتەدا ئەشاردرێتەوە. قفڵێکی پارێز (زمانەی ڕاگر) دەسکەکان ڕائەگرێت. ئەم چەقۆیە بە ئاسانی یاری پێ ئەکرێ و دەمەکەی دەرئەکەوێ و دێتەوە یەک. لە فیلیپین بۆ بەرگری بەکار هێنراوە. ع سكين الفراشة N Sommerfuglkniv د چاقوی پراونەای.



**چەرمەسەری:** hardship ناوی چاوگ دەرد و ئازار و ڕەنجی زۆر. ع مشقة N ubehag د مشقت.

**چەرمەڵە:** ❶ whity ئاوەڵناو {لە چەرموو} سپیکەڵانە.

**چەرمەڵە:** ❷ skinny ئاوەڵناو مرۆڤی ڕەقەڵەی وشکهەڵاتوو. ع نحیف، جلدي N mager د خیلی لاغر.

**چەرمەڵە:** ❸ mildew ئاوەڵناو چەرمەڵ، دۆکەی میوە، شۆکە. ع العفن الفطري N mugg د سپیدک درخت و پالیز.



**چەرمی ڕوو:** هێمایر ناوی لێکدراو مرۆڤی بێشۆ و ڕوو قایم. ن:

چەرمی ڕووی هێندە قایمە شمشێری میسری نای بڕێ
گەر بە کەوشی کەی دەمێنێ تا قیامەت نادڕێ
شێخ ڕەزا

**چەسپاو:** staunch ئاوەڵناو سەلماو، دڵسۆز و ئەمەگدار و پابەند لە هەڵوێستدا؛ دۆستایەتی ڕاستگۆ و ئەمەگدارانە. ع ملتزم N standhaftig د سرسخت، وفادار. ن: بڕوای چەسپاو. ن: لەیەنگری

بڕواداری یانەی دژی ئەتۆمی.

**چەشتەی سێکس:** satyriasis دەروونناسی نەخۆشی نەخۆشی تەنزە، هایپرسێکسوالیتی، پیاوێک لە سێکس تێر نەخوات، تواناى جنسی لە هەندێ کەسدا ئەوەندە زۆرە، کە فشاریان بۆ ئەهێنێ و ژیانی ئاسایان تووشی کێشە ئەکات. ع الشبق المفرط N Hyperseksualitet د بیش فعالی جنسی.










**چەشناوچەشنی دوولایەنە:** twofold difference ئاوەڵناو بیرسا جیاوازی و کاریگەریی دووبارەکی. ← **دووجا:** twofold ئاوەڵناو دووجار گەورەتر یان زیاتر ئاوەڵکار تا دوو بەرابەر بکرێ، بە دوو بەرابەر یان ئەندازە گەیاندن.







**چەشە:** bait ئاوەڵناو خۆپـ، ئەو دانەی ڕاوچی بۆ نێچیری دائەکەن بۆ

ئەوەی پێوە بێ. ع طعم N agn د طعمە. ← **ڕاوکە**: ناو مارکە، ڕامکە، هێلکەیەک کە دانرابێ بۆ مریشک بۆ ئەوەی هێلکەی لە لاوە بکات.



**چەفت**: ئاوەڵناو لارولەویر، ناقۆڵا.

**چەق**:❶ ناو وردە ڕەگ.

**چەق**:❷ ناو ناوەند.

**چەقاوەسوو**: گۆتە ناوی لێکدراو دەستگێر و وردەواڵەفرۆش لە کۆنەوە هەبوون. سەردەمی عوسمانی لە شاری ئیستانبوڵ کابرایەکی چای و قاوە و ئاوفرۆش هەبووە، زۆربڵێ و چەنەباز.

کابرا سێ تەرمۆزی پێبووە، کە لە کەمەری بەستبوو، لەگەڵ چەند پەرداخێکدا، یەکیان قاوەی تێدابووە، دووەمیان چای تێدابووە، سێیەمیشیان ئاوی تێدا بووە. بۆیە بەدەنگی بەرز هاواری ئەکرد: {چە، قاوە، سو} و خێرا خێرا ئەمەی دووبارە ئەکردەوە.

ـ چە بە زمانی تورکی واتا چا،

ـ قاوە هەر واتای قاوە،

ـ سوو بە زمانی تورکی واتا ئاو،

واتا {چا} و {قاوە} و {ئاو}.

زۆر لەو کوردانەی لە ئیستانبوڵ سەرباز یان خوێندکار بوون، ئەم کابرا زۆربڵێ و چەنەبازەیان بینی بوو. کاتێک گەڕاونەتەوە بۆ کوردستان، ئەم گوزارەیەیان بەکارهێناوە، بەتایبەت بۆ کەسێک کە زۆربڵێ و چەنەباز بووبێت.

پێیان وتوە: ئەڵێی کابرای چەقاوەسووی. دواتر بوە بە دەربڕینێکی تەوساوی و پلارئاسا بۆ کەسێک زۆربڵێ بێت و دەرفەتی کەس نەدات قسە بکات. واتا چەقاوەسو واتایەکی وەک نەرمەجنێوی لێهاتووە.

داناز عەبدولڕەحمان



**چەقچەقە:** chicory ڕووەک ناو باویلکە، گوڵێکی شینی مدیتەرانەییە، پەروەردە ئەکرێ بۆ ڕیشەی شێوە گەزەر و گەڵاکەی بۆ ناو ساڵاد. [ع] الهندباء [N] sikori [د] کاسنی تلخ ← **ڕۆکۆلا:** rucola یان arugula گیایەکی خۆراکی یەکساڵەی ٢٠ تا ١٠٠ سانتیمە، وەک باویلکە وایە، گەڵای زیگزاگی هەیە، مزر و بەچێژە و، وەک سەوزی ساڵاد بەکار دێت.








**چەقڵەسەما:** ❶ ناوی لێکدراو هەڵپەڕکێی زۆر گورج و بەتاو و بە هەڵخە ن: لەم ڕۆژەدا جێژن دەگرن و دەیکەنە چەقڵەسەما و ڕەشبەڵەک.

**چەقڵەسەما:** ❷ ناوی لێکدراو شێپ وەشاندن، ڕۆیشتن و خۆبادان بە پەل ڕاوشاندن و وەکوو سەمایەکی بێ ڕیتم. ن: شتێک نابینی جگە لە خۆبادان و چەقڵەسەما. «ماڵاوا ئێران، عەبدوڵڵا ئیبراهیم زادە» ن: لە بستوو ڕا بە پەلە و چەقڵەسەما دادەگڕاین و بە نێو باغی سەرێدا دەچوینە سەر مەرقەدان. «قەیسی هاڵۆوینێ ـ د. عەلی شەمسی بورهان».





**چەقە:** chewing gum ناو جۆرێک بنێشت، شیلەی کۆکلاشک و بنە شنگ کە ئەیجاون. [ع] علكة [N] tyggegummi [د] آدامس.






**چەکبەشان:❶** slope arms, Shoulder Arms داروەت ناوی لێکدراو شانەچەک، دارەتی ئامادەباشی سەرباز لە بەردەم ئەفسەری گەورەتر. ع تحية السلاح N skrångingsarmer, skulderarmer د پێش فنگ. ⇐ وریایی: attention.






**چەکبەشان:❷** Shoulder Arms فیلمێکی بێدەنگی چارلی چاپلینە، هی ١٩١٨ـەیە و ٣٦ خولەکە. ئەم فیلمە کورتترین فیلمی درێژی چاپلینە.








**چەکمە:** ناو پێڵاوێکی لاسیقی ملدرێژە کاتی قوڕوچڵپاو و ڕاو و بەفر لەپێ ئەکرێ. ⧫: چەکمەچە: چەکمەی بچووک، کەشەوی مێز ⧫: چەکمەبۆر: بەگزادەی نابووت.



**چەکمەبۆر:** ناونیتکە ئاوەڵناو کۆنە خانزادە، بەگزادەی نابووت.

**چەکمەڕەق:** insidious ناونیتکە ئاوەڵناو لاسار و بێگوێ، سەرەڕۆ. ع اخبث N lumsk د موذی.

**چەکووس:** ❶ jealous ئاوەڵناو بەئێرەیی، ڕژد، چرووک، هیچکە، تەرەس. ع حسود N sjalu د حسود.

**چەکووس:** ❷ Greed فیلم درامای بێدەنگی دەروونناسی ١٩٢٤ی پۆلەندی، دەرهێنانی ئێریک فۆن شترۆهەیم، ژێوەرگرتن لە ڕۆمانی فرانک نۆریس.

**چەلاوچەل:** intermittent ئاوەڵناو ناوبەناو، لەتلەت، پارەپارە، جاربەجار. ع متناوب N intermitterende د متناوب، تناوب.

**چەلەنگ:** ❶ ئاوەڵناو شۆخ و شەنگ.

**چەلەنگ:** ❷ ئاوەڵناو چوست و ئازا.

**چەلەنگەر:** tinsmith پیشەگەر ئاوەڵناو تەنەکەساز، وەستای سازکردن و چاککردنەوەی ئاسنواڵەی وەکوو دەستبەند و زنجیر و داس و قوفڵ و... ⇐ چەلەنگ: ئاسنواڵە. ع قفال، الصقّاح N blikkensmed, låsesmed د قفل ساز، چلنگر.

⇐ **گاوبەند:** پیشەگەر ناو وەستای گاوکردن و لکاندنەوەی چینییەواڵە

☜ گاوکردن.



**چەلیپا**: بەرزەنگ ناو (ئارامی)یە و عەرەب کردوویانە بە (صليب)؛ واتە ئەو دارە ڕاست و چەپەی لە ڕۆمای کۆن وەک قەنارە بۆ کوشتنی گوایە تاوانکاران بەکار ئەهێنرا؛ واتە ئەو دارەی کە ڕۆژی هەینی پیرۆز، لە تەپەی گۆلگەتا Golgotha بە عەرەبی جەلجەتا، بە واتای «گردی کەللەسەر» و بە لاتین Calvus Mons مەسایا عیسایان پێدا هەڵواسی و فەلەکان لە زێڕ و زیو دروستی ئەکەن و بۆ پیرۆزی لە ملی ئەکەن؛ ◄ واتە خاچ، کە (ئەرمەنی)یە و کورد و فەلەی کورد خاچیان لە ئەرمەنیان وەرگرتووە و، خاچ لە لای ئەسقەهانیش باوە، چونکە شارۆچکەی (جولفا)ی ئەرمەنیانی لێیە کە لکاوە بە شارەوە و ساڵی جارێک لە کلیسا خاچەکەی عیسا ئەشۆن. هەروەها وتراوە وشەی (خاچ) بۆ ناوی داری (خاچ، خاچ) ئەگەڕێتەوە، کە لە زمانی کوردیدا ناوی دارەکە بەم شێوانە هەیە:

◄ خارچ، قاچ، قارچ، قارس. هەڵیش گەڕاوەتەوە بووە بە قەسر، هەروەها کاژ، کاچ دواتر وشەکە گۆڕاوە بۆ ناژ، ناز، نازوو، ناچ، ناژوو ناجوو، نوز، نوژ، کاژ. ع صلیب N kryss د صليب E cross.

☜ ڤیا دۆلۆرۆزا ☜ شۆمۆنا ☜ گۆلگۆتا.



**چەڵاک:❶** ناو ژاژ، ڕەم، داری درێژی میوە تەکاندن.

**چەڵاک:❷** ناو cue داری بیلیارد. ع عصا البلیاردو N biljardstokk د چوب بیلیارد.

**چەڵاک:❸** ناو کوڵکەی باریکی خێوەت.



**چەڵمە :** wishbone ناو ئاڵقەی دارینی سەری قەیاسە، ئێسقانێکی باریکی دووپەلە لەبەر سنگی باڵندەدا. ع عظم الترقوة N ønskebein د ترقوە.

**کۆڵە :** sternum توێکاری ئێسکی سینە. ع عظم القفص الصدري N brystbenet د جناغ سینە.

**چەڵمەشکێنە :** wishbone game گەمە گرەوێکە دەکرێ بۆ تاقی

کردنەوەی یاد و بیر بەشکاندنی «چەڵەمە»ی باڵندەیەک. درێژە ئەم گەمەیە لە سەردەمی پۆلیمۆس ڕاکەوە Plymouth Rock هەبووە و، هیی شارستانییەتی ئەترۆسکییەکانە که لە کوردستانەوە چووبوون بۆ ئیتالیا و چەڵەمەیان بە پیرۆز ئەزانی، ئەیان کرد بە تەنافەوە و وشکیان ئەکردەوە. نیاز وەرگرتن لە چەڵەمە لە هەموو ئیتالیا بوو بە باو و چەڵەمەی ئیتر بەشی نەئەکرد. ◄ سەرچاوەی گرێوی چەڵەمەشکێنە بە هۆی کێشەی داوا و داخوازەوە پەیدا بوو و، ئینگلیز ئەم دا بەیان لە ڕۆمییەکان وەرگرت و بردیان بۆ پۆلیمۆس ڕاک. ئەوسا قەلی کێوی ماڵی کران بۆ زیادکردنی چەڵەمە و چەڵەمەشکێنێ پەیدا بوو و کێ لەتی گەورەی بەر ئەکەوێ! ع لعبة الترقوة N wishbone spill د جناغ شکستن.



**چەم:** ❶ eye ناو چاو.

**چەم:** ❷ river ناو چۆم، ڕووبار.

**چەم:** ❸ diagonal ناو خوار، لار.

**چەم:** ❹ grove ناو مێشەڵانی لای ڕووبار.

**چەم:** ❺ style ناو شێواز و ڕێکار.

**چەماوەسوو:** river rock ناو گەلاڵ، لێسە، ئەو بەردانەی ئاوی چەم لووس و خڕی کردوون. ع حجر النهر N elvestein د ماسە.

**هەلان:** بەردی لووس و ڕێک کە لە جیاتی موزاییک تەختی ژووری پێ

بەردچن ئەکرا. ☜ چەقاوەسوو





**چەمبەر :** circle ئەندازە ناو بازنە، ئاڵقە، گەو، کەمە. ع دائرة N sirkel د دائرة، حلقە.

**چەمبەری هێتمی باکوور :** Arctic circle جیۆلۆجی یان چەمبەری ئارکتیک، بازنەی هێتمی باکوور یان بە تەنها چەمبەری هێتمی، ناوچەیەکی هێتمی باکوورە زۆر زۆر لە سەرەوە، یەکێکە لە پێنج خوولگە گرنگەکانی زەوی کە لە نەخشەکاندا دەردەکەون، شوێنێکە لانیکەم یەکجار لە ساڵدا لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا خوّر قەت لێی ئاوا نابێ. چەمبەری هێتمی باکوور، باکووریترین هێڵی پانی نیوەگۆی باکووری زەوییە کە ساڵانە لانیکەم یەکجار ڕۆژ بۆ ڕاوەستان لەسەر هێڵی ئاسۆیی دەدرەوشێتەوە ☜ خۆری نیوەشەو. ع دائرة القطب الشمالي N Polarsirkelen د دائرە قطب شمال.




**چەمک :** concept, notion ناو بیرۆکەی گشتی، کۆی ئەو تایبەتمەندییە هاوبەشانەی نێوان شمەک و ئەندێشەکانە کە ئەبێتە هۆی تێگەیشتن لە هەر دیاردەیەک. بۆ هەر چەمکێک وشەیەک هەیە. بۆ نموونە، وشەی «مرۆڤ» زاراوەیەکە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو چەمکەی کە مرۆڤێک ئەوەیە. هەموو ئەو شتانەی کەسێک لەبارەی مرۆڤێکەوە ئەیانزانێ، ئەبنە چەمکی مرۆڤ. لەوانەیە چەند زاراوەی جیاواز ئاماژە بۆ یەک چەمک بکەن، بۆ نموونە، «ترێ» و «هەنگوور» هەردووک ئاماژە بە یەک چەمک ئەکەن. لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە، چەمکان پێکهێنەی ئەندێشە و بیرۆکانن. کەوابوو، لە پرۆسەگەلی سایکۆلۆژیکدا وەک پۆلاندن و هەڵهێنجان و هاتنەوەبیر و فێربوون و بڕیارداندا گرنگییەکی ئێجگار زۆریان هەیە. ع مفهوم N konsept د مفهوم.

**چەمکدار و بێچەمک :** sense and nonsense بیرسا ناو کار وەکوو ناو جیاوازییەکەیان ئەوەیە کە بوونەوەری زیندوو لە ڕێگەی هەستەکانەوە لە جیهانی فیزیکی تێئەگەن بۆ نموونە بۆ مرۆڤ وەکوو: بینایی و بۆن و دەستلێدان و بیستن و چەشتن، لەکاتێکدا بێچەمک ئەو وشانەن چ بە نووسین و چ بە گوتن هیچ واتایەکیان نییە، یان بێناچی واتایان هەبێ.

⇦ کار وەکوو کاریش جیاوازییان ئەوەیە کە چەمکدار بە واتای بەکارهێنانی هەستە بیۆلۆجیکەکان یان بۆنکردن و بینین و چەشتن و هەستکردنە، لەکاتێکدا بێچەمک بە واتای کاری بێواتا ئەنجام دانە.

**چەم و خەم :**❶ ناوی لێکدراو نازونووز، دەراڵەت. G وشەنامە

**چەم و خەم :**❷ ناو پێچ و پلووچ.

**چەم و خەم :**❸ هێمایر ناوی لێکدراو ڕێگا و ڕەوشت.

**چەموڵە :** ناو push open palm of hand forward towards a person as expression of contempt ناو پووکاوڵ، پینجۆک، ڕاستکردنەوەی دەست بە بڵاوکردنەوەی پەنجەکان بە ڕووی یەکێکدا بۆ تەریقکردنەوە

یان سووکایەتیکردن. ع دفع كف اليد الى الأمام تجاه شخص ما كتعبير عن الازدراء، أو الشماتة N skyve håndflaten frem mot en person som uttrykk for forakt د فشار دادن کف دست به سمت جلو به طرف شخص به عنوان ابراز تحقیر.







**چەمەری:** موزیک ناو یان ناڵەی چەمەری

١) هەوای چەمەری هەوایەکی زۆر کۆنی کوردییە و وتراوە لە سەردەمی هێرشی یۆنانیەکان بۆ کوردستان هەبووە، ئەوسا کە زەینەفوون Xenophon باسی موزیکی کورد و کەڵک لێوەرگرتنی موزیک ئەکا لە لایەن کوردەکانەوە، تەنانەت لە جەنگیشدا









٢) هەوایەکی غەمگینە کە دانیشتوانی زاگرۆس کاتی پرسە و کۆستکەوتن ژەندوویانە

٣) چەمەری کۆتەڵخوێنییە و وەکوو «نوحە خوانی» لە ناو شیعەی ئێران دایە کە خۆی هەمان «نوحە»ی ئیسلام و عەرەبە

٤) چەمەری نواندنەوەی کۆست و پەژارەی خەڵکی کوردە لە چوارچێوەی موزیکدا

٥) شێوازێکە لە موزیکی بێگوتە، کە زۆرتر لە کاتی لەدەستدانی گەورەیەک بە زورنا و دەهۆڵ ژەنراوە. دەهۆڵکوت و زورناژەن لە بەیانی زووی دوای ڕووداو (مەرگی گەورە) لەسەر کێوێکی بەرز ڕوو لە خۆر ئەکەن لە دوای ژەندنی هەوای سەحەرە، هەوای چەمەری ئەژەنن.

**چەمی ئوقیانووس:** river Oceanus میسۆلۆجی لە میسۆلۆجی یۆنانیدا ئوقیانووس چەمێکە بەگردی گۆی زەویدا کشاوە و کەنارەکانی خەڵکانی ئەفسانەیی لێئەژین.



**چەمی سوور:** Red River `فیلم` فیلمی وێستێڕنی ١٩٤٨ ئەمریکایی، دەرهێنانی هاوارد هاوکس.











**چەمی کەڵوێ:** `جوگرافیا` `کوردستان` چەمی کەڵو یان زێی بچووک، ناوی چەمێکە بەناو شاخ و دۆڵی قووڵ و لێڕەوارەکانی ناوچەی پیرانشار و تا خوار سەردەشت ئەڕوا و لەوێوە بە پارێزگای سلێمانیدا و تا دووکان و بەرەو دەجڵە، دیمەن و بەرجەوەنی ناوازە و جوانی وەهای بەدی هێناوە کە بە تایبەتی لە وەرزی بەهاردا شیاوی سەیران و گەڕان و لێڕوانینە. لە دەرە هەرە بەناوبانگەکانی تەنگەی گرژاڵە کە بەنداوێکی لەسەر دروست کراوە. لقێکی چەمی کەڵوێ لە شاخەڕەشی لای پیرانشارەوە سەرچاوە ئەگرێ کە ٣٥٧٨ مەتر لە ئاستی زەریا بڵندە. هەروەها لقەکانی تری وەکوو «چەمی لاوێن»، «چەمی بادیناوێ» ئەرژێنە ناو تەنگەی گرژاڵەوە. ئەم چەمە بە دەشتی کەڵوێ لە شەش کیلۆمەتری سەردەشت و بە ناو شاخ و دۆڵە کاندا ئەڕوا و تێکەڵ بە لقی تری وەکوو «چەمی شەڵماش» و «چەمی زەرگە» ئەبێ کە داگیرکەران لە ناوچەی «ئاڵان»دا ناویان ناوە سنووری دەستکرد. ئەم چەمە لە ڕێگەی «چەمی تیەت»ەوە لە پارێزگای سلێمانیدا بە بگاری ناوچەی قەڵادزەدا تێئەپەڕێ و ئەرژێتە «گۆلی دووکان»ەوە و پاشان تێکەڵ بە دەجڵە ئەبێ.










**چەمی مۆزێل:** Moselle جوگرافیا لە لقەکانی زێی ڕاینە لە ناوچەی مۆرتە مۆزێل Meurthe-et-Moselle لە باکووری ڕۆژهەڵاتی فەرەنسە.






**چەمی واز:** Oise river جوگرافیا لە بەلجیکاوە سەرچاوە ئەگرێ ٣٤١ کیلۆمەتر ئەڕوا و ئەچێتە ناو فەرەنسە و پاش ٢٠ کیلۆمەتر ئەڕژێتە ناو چەمی سێنەوە.

**چەند:** how much, how many ئاوەڵکار [چە+ئەندازە] چ ئەندازە، چ قاس، پرسیاری چەندێتی و ژمارەی چشتان ئەکات. ع کم عدد N hvor mange د چند.

**چەندئاوازی:** polytonality مۆزیک ئاوەڵناوی لێکدراو

**چەندبڕگە:** polysyllablic ڕێزمان ئاوەڵناوی لێکدراو

**چەندبڕگەیی:** polysyllable ئاوەڵناوی لێکدراو

**چەندتەوەری:** multipolar ئاوەڵناوی لێکدراو چەند هێتمی.

**چەندخولانەوە:** Multirotation ناوی لێکدراو فرەخولانەوە، چەندخولگەیی.

**چەنددەنگی:** polyphonic دەنگەوشە ئاوەڵناوی لێکدراو

**چەند ڕەنگ:** panchromatic ڕەنگەوشە ناوی لێکدراو

**چەندڕەنگی:** polychromy ناوی لێکدراو ڕەنگاوڕەنگ، فرەڕەنگ، خەملیو.

**چەندڕەهەندی:** multileveled ناوی لێکدراو

**چەندفەرهەنگی:** polymathy , polymathic کۆمەڵناسی ئاوەڵناوی لێکدراو چەندچاندی.

**چەندواتایی:** polysemy ناوی چاوگ

**چەندە:** شێوەڕستە ئاوەڵکار پرسیار بۆ ژمارە، هێندە، پێوانە، قەبارە و شتی تر.

**چەندپێیو:** quantifier گێچ ناو پیشاندەری چەندێتی، دەستەواژەی وەکوو هەموو، هەندێ کە بەرەگەی ئەو زاراوەیە پیشان ئەدەن کە پێوەی لکاون. ع مؤشر الكمية N kvantifiserer د نشان دهنده کمیت.

**چەن و نەی:** ناوی لێکدراو دەرزی و دەزوو، چەن و ئەودا، دەرزی و مەچیر، دەرزی و مەکارە، دەرزی و بەن، دەرزی و داو، تیرە و دەزوو، چەن و کندر، دەرزی و بەکرە، دەرزی و هەچیر. ← **دیلوان و مەچیر:** ناوی لێکدراو تەبەنە و بەن، تەبەنە و گشتەک. ← **نەی:** ناو دەزوو، ئەودا، مەچیر، مەکارە، بەن، داو، کندر، بەکرە.



**چەنەلێدان:** bargaining چاوگی تێنەپەڕ خواربانکردن، مشتومڕ یان گفتوگۆی کڕیار و فرۆشەر لەسەر نرخ و چۆنێتی کاڵا N forhandlinger ع التصافق د چانە زدن E haggle, dispute.

**چەنەوەر:** loquacious ئاوەڵناوی فرمان چەنەباز، هەڵەوەڕ، زۆربڵێ، فرەبێژ. ع ثرثار N snakkesalig د زبان دراز، پرگو.





**چەو:** ناو وردە بەردی تیژ و نەسواو. ⇦ **چەورێژ:** ناو ڕێگەی زیخ تێکراو. ⇦ **زگار:** ناو ورکە بەرد، سوێنکەبەرد، وردەبەردی سواوی ٤ تا ٦٤ میلیمەتر، لە زیخ گەورەتر و لە خرەبەرد و تاتەبەرد بچووکترە.





**چەوتکاری:** fallacy بیرسا ناوی لێکدراو هەڵەکاری، هێنانەوەی پازەی لاواز و ناڕاست بۆ سەلماندن. ژیربێژی یان لۆجیک، بنەما و ڕێسای دروست بەکارهێنانی ئاوەزە، بەڵام چەوتکاری پێچەوانەی لۆجیکە و، دەیان شێوازی جۆراوجۆری هەیە. بەڵگەی فریودەر یان درۆن کە بەرواڵەت

بەهێزن، بەڵام زۆر بە ئاسانی هەڵەبوونیان دەرئەکەوێ. ع مغالطة N feilslutning د مغالطە، استدلال غلط.

تێبینی: چەوتکاری لەسەر کێشی چەتەکاری، دەستکاری، چەکوشکاری، چێوکاری، چەکوچکاری.

جۆرەکانی چەوتکاری:

١. چەوتکاری بەیکنی: Baconian fallacy د مغالطە بیکنی.

٢. چەوتکاری هەمەلایەنە: hollyist fallacy د مغالطە جامع.

٣. چەوتکاری بارگرانی سەلماندن: Burden of proof fallacy د مغالطە ادعای من و اثبات دیگری.

٤. چەوتکاری نەبوو: Fictional question fallacy د مغلطە اگر و مگر.

٥. چەوتکاری بانسروشتی: Metaphisical fallacy د مغالطە متافیزیکال.

٦. چەوتکاری دوانە: Bychartmous fallacy د مغالطە دوتایی.

٧. چەوتکاری پەلاماردان: Attack on a person fallacy د مغالطە حملە بە شخص.

٨. چەوتکاری نە ناچاری: Not nesserserly fallacy د مغالطە رطب خوردە.

٩. چەوتکاری پازە لە پێشەوە: B fallacy د مغالطە مصادرە بە مطلوب.

١٠. چەوتکاری ئاماژە بە دەسەڵات: B fallacy د مغالطە تشبث بە اتوریتە.

١١. چەوتکاری گۆڤانی: Bn fallacy د مغالطە استشهاد.

١٢. چەوتکاری سۆزداری: B fallacy د مغالطە تشبث بە احساسات.

١٣. چەوتکاری زۆرایەتی: B fallacy د مغالطە تشبث بە اکثریت.

١٤. چەوتکاری باوی کۆمەڵ: Commen practis fallacy د مغالطە

متعارف اجتماعی.

١٥. ◁ چەوتکاری هێمای دیار: Spotlight fallacy د مغالطه شخص مشهور.

١٦. ◁ چەوتکاری واتایی: Sementical fallacy د مغالطه بازی با لغات.

١٧. ◁ چەوتکاری ناهەماهەنگ: S fallacy د مغالطه عدم تناسب.

١٨. ◁ چەوتکاری گشتیکردن: Hasty generalization fallacy د مغالطه تعمیم.

١٩. ◁ چەوتکاری ڕاژ بۆ گشت: Slippery slope fallacy د مغالطه جزء به کل.

٢٠. ◁ چەوتکاری هەنووکە: Presentism fallacy د مغالطه تشبث جدید به قدیم.

٢١. ◁ چەوتکاری گەوجی بۆماوە: P fallacy د مغالطه حماقت موروث.

٢٢. ◁ چەوتکاری تووڵەکی: ridiculous fallacy چەوتکاری گاڵتەجاڕ د مغالطه تشبث به تمسخر.

**چەورکردن:** lubricate چاوگی تێپەڕ فەرمان ڕۆنلێدان و چەورکردنی بۆ نموونە مەکینە بۆ ئەوەی ڕەوان و نەرمتر کار بکات. ع تشحیم N smøre د روغن کاری. ☜ کەتەکیزم ☜ زمانچەورکردن



**چەورێژ:** sandy road ناوی لێکدراو ڕێگەی زێخ تێکراو، بگاری خیزڕێژ. ع طریق رملی N sandvei د راه شنی.



**چەوساوە :** oppressed ئاوەڵناوی بەرکار ستەملێکراو، بەشخوراو، زۆرلێکراو. [ع] مظلوم [N] undertrykt [د] مظلوم. ← **سەرکوتراوە :** کشکراو، تەراو، شکێنراو، دەمکوتکراو.

**چەوساندنەوە :** exploitation چاوگی دووڵۆ چەوساندنەوە، ڕەفتاری نادادگەرانە بۆ سوودوەرگرتن لە کەسێک، کارپێکردنی زۆر و داگیرکردنی بەهرەی کار و ماندوو بوونەکە. [ع] استغلال [N] utnyttelse [د] استثمار.

← **وەبەرهێنان :** exploitation چاوگی تێپەڕ قۆستنەوەی هەلومەرجێکی لەبارە لە پەیوەند لەگەڵ دۆخێکی تایبەت وەک لە سەرمایەگوزاری و کشتۆکاڵدا. [ع] استثمار [N] utnyttelse [د] استثمار [E] exploiting.

ن: بارانێکی باش باریوە، ئەتوانین زەوییەکە وەبەر بهێنین .




**چەوماڵ :** cleanse ناوی فەرمان دۆڵەساو، خاوێنکردنەوەی لیتە و هەرگی بیر و کارێز. [ع] تطهیر [N] rense [د] پاککردن.



**چەوی و برغوو:** Bolts and nuts ناو مۆرە و بێچ N Bolter og muttere ع البراغيِ والصواميل د پیچ و مهره.

⇦ **پێچ و پەرچ:** Screw and Anchor بێچ و ئەو پلاستیکەی وەکوو لەنگەر پێچەکە ڕائەگرێ یان پەرچ ئەخواتەوە. ع برغيِ و قابس N Skrue og anker د پیچ و قابس.



**چێژی ڕۆژێک:** A Day's Pleasure فیلم فیلمی سینەمایی کۆمیدی ١٩١٩ دەرهێنانی چارلی چاپلین.




**چێوپەمە:** Cork جۆرێک داری زۆر سووک و لخێز و لۆکەئاساییە، لە توێکڵی

درەختی چێوپەمە کە جۆرێک داربەڕووە، بە ئەندازەی جۆراوجۆری لۆلەکی دروست ئەکرێن و بۆ داخستنی سەری بوتڵ و هەندێ شتی لەو چەشنە سوودی لێ وەرئەگیرێ ☜ درەختی چێوپەمە. ع فلين N Kork د چوب پنبە. ⇦ **بەڕووی چێوپەمە:** cork oak.



**چێورمە:** ناو دیواری گۆڕ.

**چێوشەق:** crutch ناوی‌ئێکدراو دارشەق، داری بن هەنگڵی قاچ شکاو. ع عكاز N krykke د چوب زير بغل.




**چێوە:** perimeter ناو پەراپێڕی بازنە. هێڵی بەردەوام کە سنووری تەشکێکی ئەندازەیی داخراو پێکدەهێنێت. ع محيط N omkrets د محيط.

⇦ **فەراگەرد:** environment ناو دۆرمادار، دەوروبەر، کشتوکەنار، پەراپێڕ، ناوچە، ئەو نەواقەی کە مرۆڤ یان ئاژەڵ یان گیا تێیدا ئەژی. ع بيئة N miljø د محيط.







**چی:** زمانەوانی {پاشگر} لە پاشکۆی {بچی، پچی، بڕی}ەوە کورت بووەتەوە؛ پاشکۆکە لە وشەی {ناوبچی، ناوبجی، ناوبڕی}دا هەیە، لە فارسییدا دەبێتە {میانجی}، کەوایە {بڕی} بەرانبەر بە {جی} وەستاوەتەوە لە وشەی میانجی. ئەدی {بڕی} لە چییەوە هاتووە؟ وشەی {بڕی} هەمان وشەی {پیشە، پیش، پێش، پەز، بەز، باز}ە، کە لە هاوشێوەکانی وشەی {ئاشپەز}دا زۆرێکیان خۆیان دەردەخەن: ئاشپەز، ئاشپێش، ئازپێش، ئاشباش.

ئاش: چێشت + بەز، پێش: بووە بە ناوی کاری وشەی پیشە، واتە پاشکۆی {چی} وەک لە چاپچیدا هەیە هەمان پاشکۆی {بڕی}ە کە لە «ناوبڕی»دا هەیە و هەمان پاشکۆی {پەز}ە کە لە ئاشپەزدا هەیە و هەمان پاشگری {باز}یشە کە لە کۆتربازدا هەیە. {📖} هاوڕێ جەلال}

**چی ئەبێ با ببێ:** devil_may_care گۆتە خۆت و بەختت. ع غیر مبال بشێ N djevelen kan bry seg د الله بختی.

**چیاکۆ:❶** Ciacco ناو {ئیتالیایی} بە واتای کوودەڵەبەراز، بەچکەی

مالۆس.

**چیاکۆ:**❷ Ciacco ناو {ئیتالیایی} لە پێرسۆناکانی ناو کۆمیدیای ئیلاهی لە نووسینی دانتێ ئەلیگێری کە هێشتاش لە لایەن مێژوونووسانەوە بە باشی پێناسە نەکراوە.





**چیاگ:** cold ئاوەڵناو ڕەچاو، سارد لە چێژدا، لە پلەی گەرمی نزم یان تارادەیەک نزمدا، بە تایبەت لە بەراورد لەگەڵ جەستەی مرۆڤ. [ع] بارد [N] kald [د] سرد. ⟵ **ئاوی چیاگ:** ئاوەڵناوی لێکدراو ئاوی تەزی [E] cool after warmth.





**چیپەندل:** Thomas Chippendale دارتاش {١٧١٨ـ١٧٧٩} ئوستادی مۆبلسازی ئینگلیزی سەدەی هەژدە.





**چیت:** ناو کووتاڵێکی ناسکی لۆکەیە بە گوڵی ورد یان درشتەوە.




**چیت ئەوێ:** زمانەوانی لە کەرکوک حەوت شێوەزاری کوردی هەیە، شایەنی ئەوەیە نازناوی «کوردستانی بچووکی» پێبدرێت. بۆ نموونە:

**چیت دەوێ؟**

بەشێوە زاری گەڕەکی کاکەیی دەڵێن: چێشت گەرەکەن؟

بەشێوە زاری ڕۆژبەیانی دەڵێن: چەت مێتی؟

بەشێوە زاری گەڕەکی عەجەم و ئەرکەوازیەکان دەڵێن: چە تواێ؟

گەڕەکی شۆرجە دەڵێن: چیت گەرەکە یا چەت گەرەکە؟

بەشێوە زاری گەڕەکی ڕەحیماوا دەڵێن: چی ئەواتێ؟

لە گەڕەکی ڕەحیماوا و دوبز و پردێ دەڵێن: چت دەوێ؟

گەڕەکی ئیمام قاسم و ئازادی دەڵێن: چیت ئەوێ؟

خالید علی جاف

**چیچکان:** squatting ئاوەڵناو قنچکان، تروشکان، هەڵترووشکان. ع القرفصاء N huk د چمباتمە زدن. ← **چوارمەشقی:** cross_legged ئاوەڵناو چوارمەشقان، چوارچمک، جۆرە دانیشتنێکە بە تێکپەڕاندنی هەردووک قاچ بە نووشتاوەیی. ع متصالب الرجلین N kryssbeint د چهار زانو نشستن.

   

**چیرۆک:** tale ناو سەربردە، بەسەرهات، ڕاز د آوسنە.

**چیرۆک و ڕۆمان:** novella and novel وێژە بەراوورد کورتەچیرۆک تایبەتمەندی خۆی هەیە و چیرۆک یان نۆڤێللا، لە ڕووی پێکهاتە و قەبارە و سەربردە و چەمکەوە لە نێوان ئەو دوانەدایە و پەیوەندییەکی تەسکی ناجێگیر و بەرچاوی بە هەردووکیشیانەوە هەیە.

- وەک کورتەچیرۆک پێرسۆناکانی زۆر نییە، بە فراوانی ڕۆمان نییە و، تەنها کارەکتەری سەرەکی پێش ئەخرێ.
- کاراکتەری چیرۆک زیاتر یەک ڕەهەندییە و زیاتر گرنگی بە بوویەر ئەدرێ.
- ڕۆمان ڕەنگە چەند کارەکتەری سەرەکی هەبێ، چیرۆک وا نییە.
- لە چیرۆکدا کاراکتەر و ڕووداوەکان بە خێرایی پیشان ئەدرێن، بەڵام لە ڕۆماندا کارەکتەر و بوویەر ئاڵۆز و هەمەڕەهەند و فراوانن.
- ڕۆمان وەسیئامێزە و وێناگەرە و شیتاڵکەرەوەیە، دیمەنەکان هەستیارن و وێنا ئەکرێن، بەڵام لە چیرۆکدا نا.
- گێڕانەوەی لاوەکی لە ڕۆماندا زۆر بەرفرەترە تا لە چیرۆک، هەم لە ڕووی درێژی و هەم لە ڕووی ژمارەی جارەکانەوە.
- لە چیرۆکدا دیالۆگ تا بلێی کورتە، لە ڕۆماندا دیالۆگ ئەتوانێ دەراو و زاراوە و کارەکتەر و بارودۆخەکە بنوێنێتەوە. چیرۆکی درێژ و گوتوبێژی کورت بەشێکی تایبەتی چیرۆکن و، دیمەن هێنی ڕۆمانە کە ڕەنگە چەندین پەرە بگرێتەوە.

◄ «پیرە پیاو و زەریا»ی هێمینگوەی، «گۆڕانکاری»ی فرانز کافکا، «مەرگی ئیڤان ئیلیچ»ی لیۆ تۆڵستۆی بە نموونەی چیرۆک یان نۆڤێللا دائەنرێن.

**نۆڤێللا :** novella [وێژە] [پێناسە] چیرۆک، سەربردەیەکی تەماری گێڕانەوەیە درێژییەکەی لە ڕۆمان کورتترە، بەڵام لە کورتە چیرۆک درێژترە. وشەی ئینگلیزی novella لە نۆڤێلای ئیتاڵی چیرۆکێکی خەیاڵی نۆسراوی گێڕانەوەیە کە درێژییەکەی لە زۆربەی ڕۆمانەکان کورتترە، بەڵام لە زۆربەی کورتە چیرۆکەکان درێژترە. وشەی ئینگلیزی novella لە نۆڤێلای ئیتاڵیاییەوە وەرگیراوە، بە واتای کورتە چیرۆکێک کە پەیوەندی بە ڕاستەقینەوە هەبێت، یان بە ڕواڵەت وابێت. [ع] روایة قصیرە [N] Kortroman [د] رمان کوتاه.

ن: هەموو ڕاستییەک پاش ئەوەی بە ئەندێشەی ئێمەدا تێئەپەڕێ، پاش داڕشتنەوە کاریگەری مسۆگەری خۆی لە ئەندێشەیە وەرگرتووە.









**چیرۆکبێژ :** narrator [ناوی‌فەرمان] وەگێڕ، بێژەر، وەگێڕی چیرۆک. [ع] راوي [N] forteller [د] راوی.

**چیرۆکبێژی نەریتی :** chanson de geste [وێژە] [هۆنراوە] داستان و بەیتی ئەوینداری مێژوویی سەدە ناونجی فەڕانسەیی.




**چیرۆکی تۆبیاس و ڕافایل:** Rafael and Tobias Rafael and Tobias ئاپێنناسر

ئەفسانە چیرۆکی پارمەتیدانی جەوانێک بە ناوی تۆبیاس لە لایەن ڕافایلی فریشتەی دەرگانەی خوا، کە لە ئیسلامدا بە ئیسرافیل ناسراوە و یەکێکە لە چوار فریشتەی سەرەکی دەرگانەی خوا. ئەم سەربردەیە لەتەورات، لە پەرتووکی «تۆبیت» {٣,٢٥؛ ٥,٥}دا بەم شێوەیە هاتووە: تۆبیت نەفتالی Tobit Naphtali پەیامبەری جوولەکانە، ساراگۆنی دووەم لە ٧٢١ی پێش زایین تەرەی کردووە و ناچار لە شاری دووروولاتی نەینەوا ئەژیت. تۆبیت کوێر ئەبێت و کوڕەکەی تۆبیاس ئەبێ بچێتەوە بۆ ولاتی ماد بۆ ئەوەی سامانەکەی بهێنێت. ژنێکی گەولاز لە ولاتی ماد هەیە کە حەوت شووی کردووە و ئەهریمەنێک بە ناوی ئاسمۆدیۆس مێردەکانی کوشتوە. ئەو ژنە توانای چاککردنەوەی چاوی تۆبیتی هەیە. ڕافایلی فریشتە لە ئاسمانەوە هاتوەتە خوارەوە تا لە ڕوالەتی مرۆیی و لەو گەشتەدا یارمەتی تۆبیاس بدات. کاتێک ئەگەنە ولاتی ماد و پێ ئەخەنە چەمی دەجلەوە، ماسییەک پەلاماری تۆبیاس ئەدات، کە بە یارمەتی ڕافایل ماسییەکە ئەگرێت و دڵ و جەرگ و کیسەی زەرداوی وەکوو دەرمان بەکار ئەهێنێت بۆ ئەوەی ئاسمۆدسی ئەهریمەن دوور بخاتەوە، ژنە بخوازێت و چاوی باوکی چاک بکاتەوە. باوکی تۆبیاس پێی ئەڵێت لە نەینەوا بڕوات چونکە ئەو شارە کاول ئەبێت! تەوراتپەرتووکی تۆبیت ٥- ٥و٦ و ٦- ٢تا٩

ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندان وێنەی ئەم بەسەرهاتەیان نەخشاندووە. :

ئەوەی تۆ ئەیلێی کارێکی سەختە، لە لای من و تۆ چاک نابێتەوە
چونکە خۆیایە بە بن ماچی لێو، ئەو ئەهریمەنە دوور ناخرێتەوە
ئەبێ بڕۆینەوە بۆ وڵاتی ماد، ماسییەکەی دەجلە فریامان کەوێ
تۆ «تۆبیاس» و منیش « ڕافایل»، لەو دەرد و بەڵا بتپەڕێنمەوە

سیامەند مامیر شاسواری

تاسەبار، کۆمەڵە هۆنراوەی حەسەن شافێعی، ل ١٣١





**چیرۆکی دڵدارییەک:** Cronaca di un amore فیلم فیلمی درامای نیۆڕیالیستی ئیتالیایی ١٩٥٠، دەرهێنانی مایکڵ ئانجێلۆ ئانتۆنیۆنی.











**چیرۆکی فریشتەی کوێر:** Tale of Blind Angel ئاپیینناسر ئاپیروئەفسانە لە ناو جوولەکە، لە ناو حەسیدییەکانی «خاخام مۆردەخای چرنۆبیل»، ڕەب ئەلیاکیم، بازرگانی گەورە و کۆکەرەوەی کەلوپەلی ئادینی دەگمەن و گرانبایی بوو. ڕەب ئەلیاکیم ئەوەندە دارا بوو تەنانەت تۆماری تەوراتی هەبوو کە لە ناو دیواری ژوورەکەی لە ناو کەشتییەکەیدا دانرابوو.

کاتێک کە ڕەب مۆردەخای چوو بۆ سەردانی و ڕەب ئەلیاکیم

شادمان بوو و بە شانازییەوەکەوتە پیشاندانی شمەکە گرانبایی‌یەکانی خۆی بە خاخام مۆردەخای. هەموو جارێک کە ڕەب مۆردەخای لە بینینی شتێکی تایبەت شادمان ئەبوو، ڕەب ئەلیاکیم ئەو شتەی ئەپێچایەوە و لە باوەڵێکدا دای ئەنا تا خاخام بتوانێ لەگەڵ خۆی بیبات.

ئەوەندەی پێنەچوو باوڵەکە پڕ بوو لە دەسڕی زیوین، دەسڕی گوڵدۆزی ماتزە matzah، قوتووی چالە challah و گەنجینەی گرانبایی ڕەب ئەلیاکیم؛ سەرەنجام خاخام هەڵسا و ویستی بڕوات.




سپاسی دەستئاوەڵەیی ڕەب ئەلیاکیمی کرد و لەم وەختەدا چاوی بە شەمدانێکی زیوینی ئەنتیکی مەنوورە (مەنوورە: menorah منورإه، شەمدانی پیرۆزی حەوت شاخەی جوولەکە کە لە کەنیسەی ئۆرشەلیم بەکار هێنراوە، لە لایەن زێڕینگەر بەزالێل دروست کراوە و لە زێوەی پەرستگەی کاتیی دانراوە. تەورات، سفری کۆڕەو یان دەرچوون ٣٧: ١٧ـ٢٤) کە یەکێک لە بەنرخترین دارایی‌یەکانی ڕەب ئەلیاکیم بوو. ماوەیەکی دوورودرێژ خاخام چاوی بڕییە ئەو مەنوورە و ڕەب ئەلیاکیم و هەموو ئەوانی تر بە ئاشکرا بینییان کە خاخام ئەو شەمدانەی ئەوێ، بەڵام ڕەب ئەلیاکیم نەیتوانی دڵی خۆت ڕازی بکات کە ئەو مەنوورە بدات بە خاخام، چونکە ئەوە میراتێکی پشتاوپشتی یەکجار بەبایەخ بوو لە لای.

سەرەنجام ئەوە خاخام مۆردەخای چرنۆبیل بوو کە بێدەنگی شکاند و وەکوو دیارییەکی تایبەت داوای مەنوورەکەی کرد. هەموو لە نزیکەوە سەیری ڕەب ئەلیاکیمیان ئەکرد، چونکە ئەیانزانی کە ئەو شەمدانە تا چ ادەیەک لەلای ئازیزە و ئەیان بینی لەگەڵ خۆی

کێشەیەتی. سەرەنجام ڕەب ئەلیاکیم فەرمانی بە کۆیلەکەی خۆی دا، مەنوورەکە لە دسرێکدا بپێچێتەوە. کە لەگەڵ باوڵ و دیارییەکانی تر گواستیانەوە بۆ فایتوونەکەی خاخام مۆردەخای.

کە گەیشتەوە ماڵەوە، خاخام مۆردەخای باوڵەکەی کردەوە و هەموو دیارییەکانی ڕەب ئەلیاکیمی دەرهێنا، جگە لە مەنوورەکە کە لە هەمار داینابوو. حەسیدیم یان سۆفییەکانی ئەیانویست بپرسن کە خاخام، بۆچی داوای ئەو مەنوورەی لە ڕەب ئەلیاکیم کردووە کەچی شاردوویەتیەوە و پیشانی کەسی نادا، بەڵام نەیانوێرا لێی بپرسن.

کات هات و کات چوو، ڕەب ئەلیاکیم لەم جیهانە ڕۆیشت و سەرەنجام شەمدانی مەنوورەی زیوینیش فەرامۆش بوو. دە ساڵ دواتر لە شەوی «حەنووکە Hanukkah» خاخام مۆردەخای مەنوورەکەی لە هەمار هێنایە دەرەوە و ئامادەی کرد بۆ هەڵکردن. لەو کاتەدا کە شەماڵەی ئاگر لەسەر شەمدانی زیوین ئەبریسکایەوە، خاخام مۆردەخای ئەم چیرۆکەی بۆ حەسیدیمەکانی گێڕایەوە.

ئەو وتی: «ئەم منەرەیە سەردامیەک هی ڕەببان یووسفی کوڕی داوید بووە کە زۆرتری ژیانی خۆی ساماندار بوو، بەڵام هەندێ جاریش تووشی تەنگانە ببوو. ڕەب ئەلیاکیم ساڵانی ساڵ بوو کە داخوازی ئەم مەنوورەکەی ئەکرد و ئەیویست بیکڕێ. ئێنجا گرنگ نییە چەندە پارەی ئەدا بۆ کڕینی، بەڵام ڕەببان یووسفی داوید ئامادە نەبوو بیفرۆشێ؛ چونکە ئەم چەندین بەرە لە یانەسای ئەواندا مابوویەوە. لەگەڵ ئەوەش، کاتێک کە هەژاری نائومێدی کرد، بۆ بارمتە چوو بۆ لای ڕەب ئەلیاکیم. وامێکی دڵفراوانی وەرگرت و مەنوورەکەی وەکوو بارمتە لە لای ڕەب ئەلیاکیم دانا. بەڵام کاتێک کە وەخت گەڕایەوە و ڕەببان یووسفی داوید نەیتوانی وامەکەی بداتەوە، ناچار بوو مەنوورەکە بدات بە ڕەب ئەلیاکیم لە جیاتی وامەکە.

ئێستە هەر وەک لە ڕەبای پینهاسی کورێتزمان بیستووە، بە هەر

کردەوەیەکی باش، فریشتەیەک لەدایک ئەبێ. بەڵام ئەگەر چاکەکە ناتەواو بێ، فریشتەکەش ناتەواو ئەبێ. کاتێک کە ڕەب ئەلیاکیم ئەو وامەی دا بە یووسفی داوید، کارێکی باشی ئەنجام دابوو و فریشتەیەک لەدایک ببوو؛ بەڵام لەبەر ئەوەی ئارمانجی ئەو سوڵان نەبوو، فریشتەکەی ڕەب ئەلیاکیم کوێر بوو.

خاخام مۆردەخای دیسان وتی: «پاش مردنی، ڕەب ئەلیاکیم برا بۆ دەرگانەی ئاسمانی. چاکە و خراپەی خرایە ناو تەرازوو و بەرامبەر هاتەوە. لەپڕ فریشتەی کوێر خۆی هەڵدایە تا تەرازووی ڕاست و بە قازانجی ڕەب ئەلیاکیم قورسی کرد. بە بینینی ئەم دۆخە، دادگای ئاسمانی بڕیاری دا ڕەب ئەلیاکیم ڕێگەی هەبێ بچێ بۆ بەهەشت، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕێگاکەی زۆر باریک بوو، فریشتەی کوێر کرا بە ڕابەری.

لەو کاتەوە، ڕەب ئەلیاکیم و فریشتەی کوێر سەرگەدانن و مینە (گیان، گیان)ی ئەو نەحەساوەتەوە. چونکە فریشتە کوێر نەیتوانیوە ڕێگەی بەهەشت بدۆزێتەوە و بەبێ هەندێ ئەدگاری شیانست مینەی بۆ سالانی دوورودرێژ سەرەردان ئەبێ. بەڵام ئەمشەو ڕووناکی ئەم مەنوورە بە هەموو جیهان گەیشتووە و ئەچێ بۆ جیهانی بانسەر و چاوی فریشتەش بینا ئەکات. ئێستە سەرەنجام، ئیتر فریشتە توانیوێتی، مینەی ڕەب ئەلیاکیم بیات بۆ شوێنی پشوودانی خۆی لە بەهەشت.

ئێستە ئەزانن بۆچی، ماوەیەک لەمەوبەر، من ئەو شەمدانەم لە ڕەب ئەلیاکیم وەرگرت. چونکە ئەمە لێوەشاوەیی ئەم دیارییە بوو کە بۆ چاککردنەوەی چاوی فریشتەکە پێویست بوو. من تا ئێستە هەرگیز بەکارم نەهێنابوو و چاوەڕوانی کاتی لەبار بووم. دوێشەو خەوم بە ڕەب ئەلیاکیم و فریشتەی نابیناوە بینی. بۆیە زانیم کە ئەو دوانە نزیکن و ئەمشە بە سەرکەوتنی بڵێسەی ئاگر، ئەوان ئەتوانن بپەڕێنەوە و ئەوەتا، ڕەب ئەلیاکیم لە بەر ڕووناکی پیرۆزی بەهەشتدا تەئەپەڕێ.

ئەم چیرۆکە لە پەرتووکی **کۆشکی جبرەیل** **Gabriels Palace** نووسینی **هاوارد شوارتز** **Howard Schwartz** وەرگیراوە.








**چیرۆکی لویزیانا :** Louisiana Story فیلم درامای ڕەش و سپی بەڵگەیی ئەمریکایی ١٩٤٨، دەرهێنانی ڕابێرت جەی. فلاهێرتی.











**چێژ :** taste ناو چەژە، چێشکە، تام، مەزە، سماق، هەستێکی تایبەتی کە بە هۆی ئەندامی چێژەوە هەستی پێئەکرێ. ع المذاق N smak د طعم.








**چی ڕوو دەدات لە ڕۆژئاوای کوردستان؟** هەلێکی مێژوویی و مەترسییەکی گەورە بۆ کورد، ئاگۆستی ٢٠٢٣ ـ توێژەر **ڕەنج نەوزاد**




◁ ئەوەی پێی دەوترێت ڕۆژهەڵاتی فورات، کە هەموو ڕۆژئاوای کوردستان و نیوەی دێرەزوور و ڕەقە و بەشێک لە حەلەب دەگرێتەوە، بەرەو ئەوە دەچێت کە ببێتە گۆڕەپانێکی ململانێی نێوان ئەمریکا و ڕووسیا و ئێران و تورکیا. ئەو ناوچەیە لە ئێستادا بە گرنگترین و هەستیارترین و پڕ ململانێترین ناوچە دادەنرێت لە پرسی سووریادا. ئەم ناوچەیە سنووری هەیە بە باکووری کوردستان و تورکیا، باشووری کوردستان و عیراق. ئەم ناوچەیە بە سەدان بنکە و خاڵی سەربازیی ئەمریکی، ڕووسی و ئێرانی و تورکی لێیە. زۆربەی زۆری هەرە زۆری ئەم ناوچەیە لە ژێر دەسەڵاتی کوردە.

◁ دەسەڵاتی هەسەدە لەم ناوچەیەدا دابەش دەبێتە سەر دوو زۆن: زۆنێکی ئەوەیە کە پێی دەوترێت باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا، ئەمە ناوچە سەرەکی و گەورەکەیە و حەسەکە و قامشلۆی لێیە. بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لێرەن. ئەم ناوچەیە پارێزراوە لە لایەن ئەمریکاوە. سنووری هەیە بە باشووری کوردستانەوە. چەند بنکەیەکی سەربازی ڕووسی و سووری لێیە لە چوارچێوەی ڕێککەوتن بۆ ڕێگرتن لە هێرشەکانی تورکیا، بەڵام فەرمانڕەوایی و بەڕێوەبردن لای هەسەدەیە. زۆنی دووەم ئەوەیە کە پێی دەوترێت باکووری ڕۆژئاوای سووریا، کە عفرینی لێیە. هەسەدە تا ئەمڕۆش لە تەل ڕەفعەت و منبج ئامادەیە و بەڕێوەیان دەبات، واتە جارێ نزیکە لە عفرینەوە. جیاوازی ئەم ناوچەیە ئەوەیە کە بنکەی سەربازی ڕووسی و ئێرانی لێیە، بەشار ئامادەیە. ئەمەش بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە: ١. کەمکردنەوەی هێزی ئەمریکا لە کاتی ترەمپ، ٢. بە هۆی هەڕەشەکانی تورکیا، هەسەدە ناچار بوو ڕێککەوتن

بکات لەگەڵ سووریا و ڕووسیا بۆ ڕێگرتن لە هێرشی تورکیا. ئەم زۆنە، ئەگەر ئەمریکا بۆی نەگەڕێتەوە، کە ئەگەر هەیە ئەمریکا بیەوێت کۆنترۆڵی بکاتەوە، ئەوا ناوچەیەکە پارێزراو نییە و هەموو کات ئەگەر هەیە لە کوردی بسەننەوە هاوشێوەی عفرین. جگە لە هەژموونی ئێران و سووریا و ڕووسیا لەم زۆنە، گرووپە سوونیە تیرۆریستییەکانی سەر بە تورکیاش ئامادەیەکی گەورەیان هەیە. لە هەمووی کێشەتر، ئەو ڕێگایەی کە ئەم دوو زۆنەی ڕۆژئاوای کوردستان بە یەکتر دەبەستێتەوە لە ژێر کۆنترۆڵی ئەسەد و ئێرانە، واتە لە زۆنی یەکەمەوە، بۆ ئەوەی بگەیتە زۆنی دووەم بۆ تەل ڕەفعەت و منبج، ناچار دەبێت بە ڕێگایەکدا بڕۆیت کە لە ژێر دەسەلاتی هەسەدە نییە.

◁ ئەم ناوچەیە {ڕۆژهەلاتی فورات} تاکە ناوچەی سوریایە بۆ ئەمریکا کە بتوانێت تیایدا بمێنێتەوە و لەبەردەم هەژموونی ڕووسی و ئێران بوەستێت. تاکە ناوچەیە کە ڕووسیا ناتوانێت کۆنترۆڵی بکات، بە بێ ئەو ناوچەیە، هەژموونی ڕووسیا بەسەر سوریادا ناتەواو دەبێت. لای تورکیا بە گەورەترین هەڕەشە دادەنرێت بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی، چونکە ئەگەرێکە بۆ لە دایکبوونی دووەم قەوارەی کوردی لەسەر سنوورەکانی. ئەم ناوچەیە بۆ ئێران لە چەندین ڕووەوە گرنگە: ١. فراوانکردن و تەواوکردنی هیلالی شیعییە، لە عیراقەوە بەو ناوچەیەدا بە ئاسانی دەگاتە دەریای سپی ناوەڕاست و سووریا و لوبنان. ٢. ئەگەری درووستبوونی دووەم قەوارەی کوردی لەوێ لە ژێر هەژموونی ئەمریکا، کە دوای ئەمە نۆرەی ڕۆژهەلاتی کوردستانە. ٣. جۆرێکە لە چاودێری و گەمارۆدانی تورکیا لە سووریاوە. ٤. سەرئێشە درووست کردن بۆ ئەمریکا و چەندین خاڵی گرنگی تر.

◁ پێش جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیا، بۆ ماوەیەک تا ڕادەیەک دۆخی ئەو ناوچەیە ئارام بوو. بەلام لەگەڵ هەڵگیرساندنی ئەو جەنگە پاش ماوەیەکی کەم ڕووسیا ناچار بوو بەشێک لە هێز و سوپاکەی بکشێنێتەوە لە سووریا

و بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی فورات، بۆ ناردنەوەیان بۆ گۆڕەپانی جەنگی ئۆکرانیا. لێرەوە وەرچەرخانێک درووست بوو. چونکە ئەو بۆشایەیی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی فورات درووستی کرد بە هۆی کشانەوەی بەشێک لە هێزەکەی، ئێران و پاسداران و گروپە شیعە تیرۆریستیەکانی ئێران پڕیان کردەوە. ڕووسیا لە شاری «تدمر» ودەوروبەری بە تەواوی کشایەوە، لە فرۆکەخانی «حماة» و لە زۆر ناوچەی شاری «القلمون» و باشووری سووریا کشایەوە و، پاسداران و گروپەکانی سەر بە پاسداران چوونە شوێنیان.

- لێرەوە ئەمریکا هەندێک هەنگاوی تری نا و وادیارە ڕامیاری گۆڕیووە سەبارەت بەو ناوچەیە. چونکە کاتێک سوپای ڕووسیا لەوێ بوون، ئەمریکا و ڕووسیا لەسەر بەرژەوەندییەکانی خۆیان ڕێککەوتبوون و هەردوولا کۆک بوون لەسەر هەندێک خاڵ، بەوەش ململانێی نێوانیان کۆنترۆڵکراو بوو. ئەو ڕێککەوتن و لەیەکتێگەیشتنانەی نێوان هەردوو دەوڵەت لە ڕێگەی فەرمانگە یا بنکەیەکی ڕێککەوتنی هاوبەشی ئەمریکا و ڕووسیا لە وڵاتی ئوردن بەڕێوە دەچوو. پاش جەنگەکەی ئۆکرانیا و تێکچوونی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ڕووسیا، ئەو فەرمانگە داخرا. لە ئێستادا ئێران کە شوێنی ڕووسیای گرتوەتەوە لەو ناوچانە، ڕێککەوتن و لەیەکتێگەیشتنی نییە لەگەڵ ئەمریکا و بەردەوام هێرش دەکات و سەرئێشە بۆ ئەمریکا درووست دەکات. لەمەدا ڕووسیا و سووریا پشتگیری دەکەن، یا بڕ دەنگن لێی.
- ئەم ڕووداوانە دەکرێت لە بەرژەوەندی کورد بن و هەلێکی مێژوویی بێت بۆ کورد. چونکە: ١. ماوەی چەند مانگێکە ئەمریکا بایەخێکی زیاتر دەداتەوە بەو ناوچەیە. لە ڕێگەی هەریمی کوردستانەوە، هێزێکی زیاتری بردوەتە ڕۆژئاوای کوردستان. ٢. چەکی بەهێزتر و زیاتری گواستوەتەوە بۆ ڕۆژئاوای کوردستان، لەوانە سیستەمی مووشەکیی هیمارس☜، کە ڕووسیای هەراسان کردوە لە ئۆکرانیا. ئەگەر هەیە

چەکدارانی هەسەدە ڕاهێنان بکەن لەسەر بەکارهێنانی ئەم مووشەکانە و بدرێن بە هەسەدە لە ئایندەدا. جگە لەوە چەندین جۆری چەکی نوێ براوەتە ناوچەکانی هەسەدە، کە دەکرێت هەسەدە ببنە خاوەنیان لە ئایندەدا. ٣. ئەمریکا دەزانێت ئێران، بە نوێنەرایەتی ڕووسیا و سووریا، دەیەوێت ئەمریکا لەو ناوچەیە دەربکات. وا دیارە ئەمریکا قبوڵی نییە هەژموونی ئێران و ڕووسیا زیاد بکات و هەژموونی ئەمریکا کەم بێت لە سووریا. ٤. گرنگترین پلانی ئەمریکا، کە هەندێک سەرچاوە و ڕاپۆرت ئاماژەی پێدەکەن بریتییە لە: ئەمریکا دەیەوێت بنکە سەربازییەکانی لە ڕۆژئاوای کوردستان و باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا ببەستێتەوە بە بنکە سەربازییەکەی خۆی «التنف» لە باشووری ڕۆژهەڵاتی سووریا. بەمەش هەموو سنووری سووریا لەگەڵ عیراق و ئوردن دەچێتە ژێر کۆنترۆڵی ئەمریکا. واتە بچڕانی هیلالی شیعی، بەوەش ئیتر ئێران ناتوانێت لە ڕێگەی عیراق وباشووری کوردستانەوە بچێتە ناو سووریا و لوبنان. بۆ ئەم مەبەستە ئەمریکا چەند مانگێکە هۆزە عەرەبە سوونەکانی سووریا لەو ناوچانە پڕ چەک دەکات، بۆ ئەوەی بتوانن شەڕی میلیشیا ئێرانییەکان بکەن و دووریان بخەنەوە لەسەر سنوور. سوونەی عیراق و دەوڵەتی ئوردن پشتگیری ئەم پلانە دەکەن. ئیسرائیلش تەواو پشتگیری دەکات کە هێزە ئاسمانییەکەی زۆربەی کات ئامادەیە لەو ناوچانە و بنکە سەربازییەکانی ئێران بوردومان دەکات. ڕووسیا و ئێران و تورکیا و سووریا دژی ئەم پلانەن. تورکیا پێی خۆش نییە ئێران ئەو سنوورانە کۆنترۆڵ بکات، بەڵام لە نێوان ئەوەی کورد کۆنترۆڵی بکات یا ئێران، بە دڵنیاییەوە ئێرانی دەیان جار پێ باشترە. تورکیا دەزانێت، لە سووریا، لە هەر شوێن ئەمریکا ئامادە بێت، هەسەدە بەهێز دەبێت.

◁ دەوترێت ئەمریکا بە نیازە هەسەدە و هۆزە عەرەبییەکان و هەندێک لە گروپە ئۆپۆزسیۆنەکان بۆ ئەم مەبەستە بەکاربهێنێت. بە پێی زانیاری من، کە پشت بەستووە بە چەندین لێدوان ڕاپۆرت و هەواڵی ئینگلیزی

و ناوخۆی سووریا، لەگەڵ چەند کوردێکی ڕۆژئاوا کە ئاگاداری وردەکاری دۆخەکەن، هەسەدە ماوەیەک ڕازی نەبووە کە بەشدار بێت لەو پلانەی ئەمریکا، ئەوەش بە هۆی فشارەکانی ئێران کە لە ڕێگەی یەکەکەوە دستوویەتییە سەر هەسەدە. دەکرێت ئەوەش هۆکارێک بێت کە ئەمریکا دەیەوێت بۆ ئەو مەبەستە زیاتر پشت بە هۆزە عەرەبییەکان ببەستێت. هەندێک لەو هۆزە عەرەبانە سەر بە هەسەدەن، یا پەیوەندییان باشە بە هەسەدەوە، ئەوەش خاڵێکی گرنگە.

- دەوترێت بە پێی ئەو پلانە، ئەمریکا دەیەوێت ناوچەی ژێر دەسەڵاتی هەسەدە زیاتر بکات، تا دەگاتە باشووری ڕۆژهەڵاتی سووریا سەر سنووری ئوردن. ئەمە ڕاستەوخۆ لێدانێکی جیوپۆلەتیکییە لە ئێران و خەونە گڵاوەکەی. هەسەدە بە فشاری یەکەکە، پێیوایە نابێت هەموو هێلکەکانی بخاتە ناو سەبەتەی ئەمریکا، لە ئەگەری کشانەوەی ئەمریکا دەبێت دەرەفەتێک بمێنێتەوە بۆ دانوستان لەگەڵ سووریا و ئێران و ڕووسیا. ئەمە لە ڕوویەکەوە لۆژیکییە، بەڵام لە ڕوویەکی ترەوە لەوانەیە لە دەستدانی هەلێک بێت کە دووبارە نابێتەوە. ڕوون و ئاشکرایە، بێ ئەمریکا ڕۆژئاوای کوردستان ناتوانێت بۆ یەک هەناسەش بەردەوام بێت. نەگونجاوە بەرەی ڕووسیا و سووریا و ئێران و تورکیا ڕێ بدەن ڕۆژئاوای کوردستان بەردەوام بێت بۆ یەک ڕۆژیش. بۆیە هەر چەن خوێندنەوە و ئاوەزمەندی لە ڕامیاریدا گرنگە، بەڵام هەندێک کات لە بڕیاری ڕامیاری لەم جۆرە دۆخانەدا، لۆژیکی قومار هەیە، دەبێت یەکجار بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بدرێت و بە تەواوی هەسەدە خۆی بداتە پاڵ ئەمریکا. ئەمەش بنەمایەکی لۆژیکی تێدایە، ڕۆژئاوا ئەمریکا درووستی کردوە و دەیپارێزێت، هەر بە هۆی ئەمریکاوەش بەردەوام دەبێت.

- لە ئێستادا ئێران پلان و بەرنامەی تەواوی هەیە بەردەوام بێت لە هێرش و فشارەکانی بۆ سەر ئەمریکا لەو ناوچەیەدا، ڕووسیا لەم دۆخەدا دەیەوێت لە ڕێگەی ئێرانەوە ململانێی ئەمریکا بکات لە سووریا بە

هۆی سەرقاڵبوونی خۆی بە شەڕی ئۆکرانیاوە. ئەمریکاش لەسەر زاری بایدن، ماوەیەک پێش ئێستا وتی بەردەوام دەبین لەو ناوچانە. بە پێی پێدراوەکانیش، ئەمریکا هێز و چەکی زیاتر ڕەوانەی ئەو ناوچەیە دەکات و بەنیازە بنکەیەکی سەربازی نوێ بکاتەوە، ئامادە و تەیارکراو بە چەکی نوێ و پێشکەوتوو. شایەنی باسە، بە پێی داتاکانی (جسور للدراسات) کە یەکێکە لە دەزگا هەرە باشەکان بۆ لێکۆڵینەوە و خستنەڕووی داتا لەسەر دابەشبوونی هێزەکان لە سوریا، تا ناوەڕاستی ئەمساڵ، ئێران ٥٧٠ بنکە و خاڵی سەربازی هەیە لە ناو سووریا. ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەوروبەری ٣٠ بنکە و خاڵی سەربازییان هەیە. بەڵام لە ڕووی کوالێتیەوە ئەو ٣٠ بنکە و خاڵە سەربازییەی ئەمریکا زۆر کاریگەرتر و بەهێزترە لەو ٥٧٠ بنکە و خاڵە سەربازییەی ئێران، کە زۆربەشی زیاتر سەرقاڵی بازرگانی بە هێنانی هۆشبەر و سیغە و بەدڕەوشتین. هاوکات تورکیا و گروپە سوونییە تیرۆریستییەکانی سەر بە تورکیا ١٣٥ بنکە و خاڵی سەربازییان لە سوریادا هەیە. ڕووسیا لە ئێستادا ١٠٥ بنکە و خاڵی سەربازی هەیە، کە پێشتر زیاتر بوو. زیادبوونی بنکە سەربازییەکانی ئێران و کەمبوونەوەی بنکە سەربازییەکانی ڕووسیا، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە هەیە.

- بە گشتی زیادبوونی ململانێی ئەمریکا لەگەڵ ڕووسیا و ئێران لە ڕۆژئاوای کوردستان و سووریا دەکرێت لە بەرژەوەندی کورد بێت، وەک زۆربەی کات ناسەقامگیری لە ناوچەکە و جەنگ و ململانێ و شەڕی نێوان دەوڵەتەکان سوودی بۆ کورد هەبووە. لە هاوکێشەی سووریا خاڵێک کە زۆر گرنگە، لێدان لە بەرژەوەندی ئێران و ڕووسیا، تا ڕادەیەکی زۆر هاوکاتە بە لێدان لە بەژەوەندییەکانی تورکیاش. چونکە بەرامبەر بە ڕۆژئاوای کوردستان، ئاشکرا بەرەیەکی دووژمن هەن کە بریتییە لە ڕووسیا ـ تورکیا ـ ئێران ـ سووریا کە هەر چواریان ئامانجیان سڕینەوەی ڕۆژئاوای کوردستانە. لەبەرامبەدا ئەمریکا هەیە و، ئاشکرایە کورد

کەوتوەتە بەرەی ئەمریکا، ئەمریکا بەرژەوەندی لەوەدایە ڕۆژئاوای کوردستان بمێنێتەوە چونکە بە واتای هەژموونی ئەمریکایە بەرامبەر ئەو بەرە چوار قۆڵییە قێزەونە ستەمکارە. ئایا کورد پێویستە چی بکات لە ڕۆژئاوای کوردستان:

١. هەسەدە و ڕۆژئاڤا بیەوێت یا نا، تازە لە بەرەی ئەمریکایە و ئەو بەرە چوار قۆڵییە جگە لە سڕینەوەی ڕۆژئاڤا و چەککردنی هەسەدە بە هیچی تر دڵتێر و ڕازی نابن. تا ئەمرۆش کە ناتوانن ئەو ئامانجەیان بهێننە دی، تەنیا لەبەر هاوکاری و ئامادەیی ئەمریکایە لە ڕۆژئاوا. بۆیە هەسەدە پێویستە، بەڵکوو ناچاریشە، هەموو هێلکەکانی خۆی بخاتە سەبەتەی ئەمریکا. ئەگەر ئەمریکا کشایەوە، ئەوا ئەگەر هەسەدە بە تەواوی لەگەڵ ئەمریکا بێت یا نا، ئەگەر هەندێک لە هێلکەکانیشی بخاتە سەبەتەی ئێران و سووریا و ڕووسیا، ئەوا هەر ڕۆژئاڤا دەسڕنەوە ئەو بەرەیە. بە کورتی دەرەتانی گەڕانەوە (خط الرجعة) نەماوە. بۆیە نابێت هیچ گلەیی و گومانێک لای ئەمریکا درووست بێت کە هەسەدە سۆزێک یا پەیوەندییەکی شاراوەی هەیە لەگەڵ بەرەی ئێران و سووریا و ڕووسیا، کە بەرەی تورکیاشە لەو هاوکێشەیەدا.

٢. بە ڕێککەوتن لەگەڵ یەکەکە، بە فەرمی و بە واقعی، سەربەخۆیی تەواو بدرێت بە هەسەدە و هەژموونی یەکەکە بۆ ماوەیەکی کاتی نەمێنێت. ئەستەمە یەکەکە لە ئێستادا بتوانێت دژی ئێران بێت. لەم دۆخەشدا ئەستەمە ڕۆژئاڤا ئەگەر بەرژەوەندی خۆی بوێت، دژی ئێران نەبێت. دەرکردنی یەکەکە لەو هاوکێشەیەدا زۆر گرنگ و پێویستە. ئەوەی کە ڕۆژئاڤا دەپارێزێت سەد لە سەد ئەمریکایە، بێ ئەمریکا یەکەکە ناتوانێت ١٠ خولەک ڕۆژاڤا بپارێزێت بەرامبەر بەو بەرە بەهێز و دڕندە و قێزەونە دژە کوردە. یەکەکە دەبێت بزانێت، گوێڕایەڵی کردنی تەواوی هەسەدە بۆ ئەمریکا، دژایەتی هەسەدە بۆ ئێران، لەم هاوکێشەیەدا لێدانێکی کەمەرشکێنە لە تورکیا. هەر وەک چۆن دژایەتی نەکردنی ئێران،

گوێڕایەڵی نەکردنی ئەمریکا لە لایەن هەسەدەوە، لەم هاوکێشەیەدا گەورەترین خزمەتە بە تورکیا.

٣. هەسەدە دەبێت هەموو هەوڵێک بدات لەگەڵ ئەمریکا هەندێک ڕێککەوتن و لەیەک تێگەیشتن بکات، وەک: داوا بکەن و هەوڵبدەن کە ئەمریکا ڕاهێنان بە چەکدارانی هەسەدە بکات لەسەر بەکارهێنانی ئەو چەکە نوێ و پێشکەوتووانە؛ ئەو چەکانە هەمووی یا بەشێکی بدرێن بە هەسەدە؛ ئەمریکا تەنیا بنکە سەربازی و شوێنەکانی خۆی نەپارێزێت، بەڵکو کۆی ڕۆژئاڤا و ناوچەی ژێر دەسەڵاتی هەسەدە بپارێزێت؛ هەسەدە داوا بکات کە بنکە سەربازییەکانی ڕووسیا و ئەسەد و ئێران لە بەشێکی ڕۆژهەڵاتی فورات و ڕۆژئاوای کوردستان بدرێنەوە بە ئەمریکا و هەسەدە؛ درووستکردنی ڕێگایەک بۆ بەستنەوەی ناوچەکانی حەسەکە و قامشلۆ، زۆنە سەرەکییەکەی هەسەدە، بە زۆنی تەل ڕەفعەت و منبج، ئەوەش بە دوورخستنەوەی ئێران و سووریا دەبێت؛ هەسەدە هەوڵبدات کە ئەمریکا بە ناڕاستەوخۆ هاوکاری بکات بۆ هێرش کردنە سەر گروپە تیرۆریستیەکانی تورکیا، بە تایبەت ئازادکردنی عفرین ئامانجێکی گەورەیە.

٤. لەبەرامبەر ئەو داواکاری و دەستکەوتانەی کە هەسەدە لە ئەمریکای دەوێت، پێویستە هەسەدەش چەند شتێک بداتە ئەمریکا: گوێڕایەڵی تەواوی ئەمریکا؛ ئامادەیی شەڕکردن لەگەڵ گروپە تیرۆریستییەکانی سەر بە ئێران؛ هەسەدە بە ڕوونی ئامادەیی خۆی دەرببڕێت بۆ جێبەجێ کردنی پلانەکەی ئەمریکا کە دەیەوێت بنکە سەربازییەکانی خۆی لە ڕۆژئاوای کوردستان و باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا ببەستێتەوە بە بنکە سەربازییەکەی «التنف» لە باشووری ڕۆژهەڵاتی سووریا. دواجار ئەمە لە سوودی هەسەدە و کوردە، ڕووبەرێکی گەورە دەچێتە ژێر دەسەڵاتی هەسەدە، دەبنە خاوەن هەژموونی و باڵادەستی لە ناوچەیەکی گرنگ کە عیراق و سووریا و ئوردن بەیەکتر دەبەستێتەوە،

جگە لەوەی گورزێکی جیۆپۆلەتیکی گەورەیە لە پرۆژەی هیلالی شیعی و خەونی لەناوبردنی ڕۆژئاڤاش لە لایەن تورکیاوە دەیان جار قووڕستر دەکات.

٥. لەم کاتەدا و تا دۆخەکە یەک لا دەبێتەوە بۆ بەرژەوەندی کورد، هەسەدە بە هیچ جۆرێک نابێت ڕێگە بدات بە درووستبوونی هیچ حیزب و ڕێکخراو و گروپێکی سیاسی لە ڕۆژئاڤا و ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆی. بە هەموو شێوەیەک سەرهەڵدانی هەر گروپ و ڕێکخراو و میدیایەکی ئۆپۆزسیۆن دەبێت قەدەغە بکرێت و ئەگەر پێویستی کرد سەرکوت بکرێت. چونکە درووستبوونی دووەم حیزب یا گروپی ڕامیاری کوردی لە ڕۆژاڤا، واتە سەرهەڵدانی دوخمانی و جاشایەتی. ئەو کات ئەو گروپە پەنا دەباتە بەر تورکیا و هەسەدەش پەنا دەباتە بەر ئێران بۆ ئەوەی خۆیان لە یەکتر بپارێزن، تورکیا و ئێرانیش زۆر شارەزاترن لە ئەمریکا لەوەی چۆن ململانێی دوو گروپی کوردی بقۆزنەوە بۆ لێدان لە کورد و بۆ بەرژەوەندی خۆیان.

٦. ئەو هۆزە عەرەبی و گروپە ئۆپۆزسیۆنانەی کە ئەمریکا ئامادەیان دەکات و پڕ چەکیان دەکات، پێویستە هەسەدە هەژموونی بەسەریاندا هەبێت و هەوڵبدات هەر هەموویان بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی. چونکە هەمووان سەر بە ئەمریکان، ئاشکرایە هەسەدە گرنگترین و بەهێزترین گروپی سەر بە ئەمریکایە لە سووریا. پێویستە هەسەدە وا بکات کە ئەمریکا لە ڕێگەی هەسەدەوە ئەو گروپانە ئاڕاستە بکات و پڕ چەکیان بکات. دواجار ئەو گروپ و هۆزانە عەرەبن، واتە وەک بەشار و ئەردۆگان دووژمنی ڕۆژئاوان. واتە ئەگەر ئێران و ئەسەد دووربخرێنەوە لەو ناوچانە، ئەو کات هەر ئەو هۆزانە دەیانەوێت ڕۆژئاوا بسڕنەوە. بۆیە لە ئێستاوە پێویستە بزانن ئەو هۆز و گروپانە دەبێت لە ژێر دەسەڵاتی هەسەدە بن، هەر کات هەڵگەڕانەوە، هەسەدە بەهێزتر بێت و بتوانێت بەرگری لە کوردستان بکات.

٧. هاوکێشەی سووریا و ڕۆژهەڵاتی فورات بە جۆرێکە، جگە لە هێز هیچی تر ڕۆڵی تیا نییە. بۆیە لەم دۆخەدا کە دەکرێت ئەمریکا پێویستی بە هەسەدە هەبێت، هەسەدە دەتوانێت ئەو هەلە بقۆزێتەوە بۆ دروستکردنی سەرئێشە و هێرشی بەردەوام بۆ سەر تورکیا و گروپە تیرۆریستییەکانی سەر بە تورکیا لەو ناوچانەی کە تورکیا داگیری کردوون. ڕاگرتنی هاوسەنگی و دیپلۆماسی و هەوڵدان کە وا خۆت دەربخەیت مرۆڤ دۆست و ئاشتیخوازی، لەم جۆرە هاوکێشانەدا نەک سوودی نییە بەڵکوو زیانی گەورەی هەیە. لەم جۆرە هاوکێشانەدا تەنیا ئەوە گرنگە کە هەموو لایەنەکان بزانن توانای شەڕکردنت چەندە و دەتوانی چەندێک زیان بدەیت لە نەیارەکان، چەندێک تواناکە زیاتر بوو، ئەوەندە زیاتر دەستکەوت بەدەست دێت.

٨. هەسەدە هەموو هەوڵێک بدات کە ئەمریکا جگە لە هەسەدە بەدیل و دۆستی تری نەبێت لە سووریا. واتە ئەمریکا دڵنیابێت لەوەی بەبێ هەسەدە، هیچ گروپێکی تر ناتوانێت بەرژەوەندییەکانی بپارێزێت لەو ناوچەیەدا.



**چیڤیلاری:** Civillari ناوی‌تایبەت دێکامێرۆن-بەرگی٢ لە چەپەڵترین گەڕەکەکانی فلۆرانس بوو، ئاوەڕۆی ناوشار ئەڕژایە ئەوێ و هەرچی زبڵە فڕێ ئەدرایە ئەوێ.

**چیلکەی گوێچکە:** cotton swab پزیشکی ناو چیلکەیەکی باریکە تۆزێ لۆکە لە هەردوو سەرەکەی سەرەکەی ئاڵێنراوە زیاتر بۆ خاوێنکردنەوەی گوێ بەکار ئەهێنرێ.

**چیلکەی لۆکە:** swab پزیشکی ناو لۆکەیەکی مژەرە بە سەرێکی چیلکەیەکەوە لە نەشتەرگەری بۆ پاککردنەوە و بۆ گرتنی نموونەی لیک و چڵم و خوێن بۆ تاقیکردنەوە بەکار ئەهێنرێ.



**چیمانی:** baggage گەشتوگوزار ناو هەگبە، جەنتای گەشت. ع حقیبة N bagasje د چمدان سفر.



**چیمەنتۆ:** نژیارقانی ناو یان چەمەنتۆ cemento بێژەی ئیتالیایی وشەی cement لە زمانی ئینگلیزیدا؛ هەروەها ئەو لیتە خەستە چەسپئاساى لە نێوان چیمەندا هەیە و وەکوو سمێنت وایە لە کوردیدا پێی ئەوترێ

**چیمەنتۆ.** [ع] اسمنت [N] sement [د] سیمان.








**چیناوی:❶** layered **ناوی چاوگ** بەتوێ، لالەسەرلا، توێدار، چینچین. [ع] مطبق [N] lagdelt [د] چین چین، لایە بندی شدە.

**چیناوی:❷** fabric **ناو** جۆرە کووتاڵێکی ئاوریشمیی جوانی ڕەنگاوڕەنگە ژنان ئەیکەن بە کالاً. ← **کالاً:** cloth, piece_goods کەلوپەلی پۆشین.

**چینچیلا:** chinchilla **گیاندار** گیاندارێکی قرتێنەرە، لە سمۆرە بچووکترە، پێستی ئەکرێ بە فەرو. [ع] شینشیلا [N] chinchilla [د] چینچیلا.



**چینچیلیۆنە :** Cinciglione ناوی تایبەت مەیخۆرێکی بەناوبانگی سەردەمی بۆکاچیۆ بووە کە لە پەرتووکی قالاّو Il Corbaccio یشدا ناوی هێناوە.

**چینچیلیۆنە و سکۆلایۆ :** Cinciglione and Scolaio ناوی تایبەت (دێکامێرۆن)دوو مەیخۆری بەناوبانگی سەردەمی بۆکاچیۆ بوون.

**چینخ :** pyorrhea نەخۆشی ناو بڕینی پووک و پێست. ع التهاب اللثة N pyorrhea د پیورە.

**چین، سۆسیالیت یان کاپیتالیست :** China, Socialist or Capitalist

رامیاری یەکێک لە بانگەشە هەرە دژی چینییەکانی ڕۆژئاوا بۆ ناوزڕاندنی چین ئەوەیە، کە «چین پاڵی بە سۆسیالزمەوە ناوە و کاپیتالیزمی وەرگرتووە و گونجاندوویەتی. ◄ ئەمەش ئەگەڕێننەوە بۆ ئەو بەرنامەی «ریفۆرم و کرانەوە»، کە دێنگ شیاو پینگی هەمیشە کۆمۆنیست لە ١٩٧٨ـەوە دەستی پێکرد. لە کاتێکدا ئەوە ڕاست نییە و، سەرەڕای ئەوەی چین کۆمپانیای تایبەتی و بازاڕی پارەی هەیە، بەلاّم سیستەمی سۆسیالیستی چین بە جوانی کار ئەکات و، ئالّترناتیڤە بۆ کاپیتالیزمی وەک ئەمریکا. ◄ دێنگ شیاو پینگ بەوەی زانی چین زۆر پاشکەوتووە و پێویستی بە هێزێکی ئافرێنەر و پێشکەوتوو هەیە بیبات بەرەوە پیشەسازی. چینی ١٩٤٩ی هەرە هەژاری سەرەتای شۆڕش، لە ڕوانگەی ئابوورییەوە تا ٢٠٢٢ لە ئەمریکاش خێراتر گەشەی سەندووە. ◄ ئەمەش لەسەر بناغەی تێکۆشانی پارتی و لە ١٩٧٨ـەوە، «ریفۆرم و کرانەوە»، کە ئەیوت پێویست ناکات سەد و سفر کار بکەین و وەکوو سۆڤیەت هەر هەموو ئابووری بکەین بە دەوڵەتی، بەڵکوو لە ئێستەدا ئەوەندە بەسە تەنها بەشە ستراتیجییەکان دەوڵەتی بن. دێنگ شیاو پینگ جەخت لەسەر ڕاستبوونی سۆسیالیزم دەکات و دەڵێ: «بە گوێرەی ئەوەی سۆسیالیزم لە کاپیتالزم پێشکەوتووترە، وڵاتانی سۆسیالیست ئەبێ بتوانن خێراتر لە وڵاتانی کاپیتالیستی گەشە بکەن. ڕەخنەی لە ڕوانگەی دەستەی چوارکەسی دەگرت و، دەیوت ئۆلّترا

سۆسیالیستیە و ڕێگە لەوە ئەگرێ چین بەرەو گەشەی پیشەسازی زیاتر بڕوات.»

◀ چین سۆسیالیزمی وەلا نەنا. تا ٢٠١٧ مەزنترین ئابووری جیهان بوو و، هەتا ئێستەش گرنگترین توخمەکانی ئابووری وەکوو بانکەکان، هەموو زەوییەکان، کارگەکان، پەیوەندی، کارەبا، هاتوچۆ، خانووبەرە بە دەست دەوڵەتەوەیە. ◀ بە گوێرەی ڕاپۆرتی بانکی جیهانی، چین ٨٠٠ ملیۆن کەسی لە برسێتی ڕزگار کرد؛ ئەمە مەزنترین خەباتی دژی نەدارییە لە مێژوودا. ئەم کارە مەزنە بە سۆسیالیزم و بەرنامەی وەک «هەودەکی مەل»ی بیرمەندی وەک چێن یۆن، ئەکرێ نەک بە کاپیتالیسم، وەک لە وڵاتە کاپیتالیستە هەژارەکاندا ئەی بینین. ◀ ئابووری مەلی ناو قەفەس birdcage economy بیرۆکەی بیرمەندی کۆمۆنیست **چێن یۆن**، ئەڵێ با بازاڕ هەبێت و وڵاتی پێ بیووژێنرێتەوە، هەودەک و قەفەس گەورە و چکۆلە دەکرێتەوە، بەڵام ئەو بازاڕ و ئەو مەلە لە بن دەسەڵاتی دەوڵەتدا هەمیشە لە قەفەس دایە و هەرگیز ڕێگەی پێنادرێ لە قەفەس بچێتە دەرەوە.



هێلنما ١



هێلنما ٢



◀ پێش ١٩٨٠ جی پی دی پێڕ کاپیتا GPD per capita چین لە وڵاتانی کاپیتالیستی وەکوو هایتی، سوودان، هێندۆراس، فیلیپین و هێند لە خوارتر بوو، کەچی ئەمڕۆ چەندین جار لە هیی ئەو وڵاتانە گەورەترە.

◀ گەشەی پیشەسازی چین چەندین جار لە وڵاتانی کاپیتالیست زیاتر بووە، ئەگەر چین کاپیتالیستە و کاپیتالێزم ئاوەها گەشەی بە چین داوە، ئەی بۆ ئەو کارەی لە هایتی، سوودان، هێندوراس، فیلیپین و هێند و سەدانی تر بۆ نەکراوە؟ ☜ بڕوانە (هێڵنمای ٣)

◀ پارتی کۆمۆنیست بە سۆسیالیزمی چینی و شێوازی چینی، چین بەڕێوە ئەبات. ئەوەی هەیە بازاڕی ئابووری سۆسیالیستییە، بۆ بەدیهێنانی بەرهەمهێنانێکی چۆنایەتی بەرز. بازاڕ و کاپیتالیستی ناو قەفەس بۆ خزمەتی چینی کرێکارە، نەک بۆ خزمەتی کاپیتالیزم؛ دەسەڵات بەدەستی کرێکارەوەیە، نەک کاپیتالیست وەک ئەمریکا. مەلی ناو قەفەس هەڵەیەک بکات لەناو هەمان قەفەسدا پەڕ و باڵیشی ئەکەن و لە فڕەی ئەخەن. نموونە ملیاردێری وەک «جەک ما». ◀ ئەوەی پارەی خستووەتە گەڕ لە بازاڕی پاڕی چینی، لە دەساڵی ڕابوردوودا، بگرە زیانیشی کردووە. ◀ Nasdaq لە ٢٠٠٨ەوە ٧٠٠٠٪ هەڵکشاوە، حەوت هەزار لە سەد! بەڵام بازاڕی پاڕی چین ئەوا ٢٠ ساڵە وەک مەنداو وەستاوە. واتە سەرمایەداری چینی هیچ کاریگەری لەسەر دەسەڵات و ڕامیاری وڵات نییە، لەکاتێکدا لە ئەمریکا ئەوە سەرمایەدارانی بۆرسەن کە سەرککۆمار و بەرنامەی ئابووری دائەنێن.



◀ لە سەدا نەوەدی داهاتی کۆمپانیا ئەمریکاییەکان لە کڕینەوەی پاڕەکانی خۆیانەوەیە. بازاڕی پاڕ، لە چین ئەو خزمەتگوزاریەی نییە، چونکە ئامانج گەشەپێدانی ئابووری ڕاستەقینە و گرنگی پێدان و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی هاووڵاتیانە. بازاڕی پاڕی ئەمریکا ٦٠٪ بازاڕی جیهان و هینی چین تەنها ٢,٥٪ی بازاڕی پاڕی جیهانە. ◀ چین شێوازی کاری جڕ بەکار ئەهێنێ، کە پشتگیری لە پیشەسازیکردن دەکات نەک سەرمایەگوزاری دارایی؛ یارمەتی گەشەکردنی کرێکاری شینی پسپۆڕی پیشەسازی ئەدات، نەک کرێکاری سپی فەرمانبەری بانک و بازاڕی پاڕ. ◀ ئاراستەی گشتی بە سوودی بەرزکردنەوەی داهاتی کرێکارە لە سەرووی سەرمایەوە، نەخوازە سەرمایەی تایبەت. ◀ ئەمانە پێمان دەڵێن، ڕاستە چین وەک نموونەی سۆقیەت نییە، بەڵام چین سۆسیالیستە، سۆسیالیستە و کاپیتالیست نییە، لەگەڵ دەیان خاڵی تری وەکوو دابینکردنی ژیانی لەبار و بیمە و ئاسایش بۆ هاوڵاتیان؛ نەبوونی ١,٥٪ دانیشتوان لە زیندان، نەبوونی برسێتی و خانووبەکوڵ، و هتد... کۆمۆنیزم کۆمەڵێک دروشمی وشک نییە، بڕوایە بە پیرۆزی مرۆڤ و، تێکۆشانە بۆ یەکسانی و دادگەری کۆمەڵایەتی.

https://www.youtube.com/watch?v=M4__sGE&t=IBd_300s

⇦ **هەوودەک:** cage ناو ڕکە، قەفەس. ع قفص N bur د قفس.

⇦ **ئابووری هەوودەک مەل:** birdcage economy بیرۆکەی بیرمەندی کۆمۆنیست چێن یۆن، ئەڵێ با بازاڕ هەبێت و وڵاتی پێ بیووژێنرێتەوە، هەودەک و قەفەس گەورە و چکۆلە دەکرێتەوە، بەڵام ئەو بازاڕ و ئەو مەلە لە بن دەسەڵاتی دەوڵەتدا هەمیشە لە قەفەس دایە و هەرگیز ڕێگەی پێنادرێ لە قەفەس بچێتە دەرەوە.

⇦ **هێڵنما:** curve پیرکاری ناو فەرمان هێڵنمای ناو خشتەی بەراوەردی هێڵکاری؛ چەماوە، هێڵی چەمیو؛ چەماوی، چەم، نووچی، داهاتنەوە، کەوانی، کەچی. ع منحنی N kurve د منحنی.







**چینک :** forelock **ناو** پرچی سەر لاجانگ. **ع** ناصیة **N** forlokk **د** زلف.
☜ لاجانگ



**چینکۆ :** forelock **ئاشپەزی** **کەلوپەل** **ناو** میناکراو، کەلوپەلی گەڵوێزکراوی ئاشپەزخانە وەکوو قابلەمە و تیانە و زەرک و گۆشپاق و تاس **ڕیشەناسی** چینکۆ: [چین + کۆ] = [چین + کۆمپانی] بە واتای ئاسنی گەوێزکراوی بەرهەمی کۆمپانیای چین، مارکی (چینکۆ CHINCO)ی پێوە بوو و، لەبەر ئەوە بە چینکۆ ناوی دەرکردبوو. **ع** مطلي بالمينا **N** emaljert **د** میناکاری شدە.



**چینۆ دا پیستۆیا:** Cino da Pistoia {١٢٧٠ـ١٣٣٧} هونەر هۆنەر و مافناسی ئیتالیایی.




**چینی:** porcelain سێرامیک ناو پۆرسلێن، دەفری چینی، کەرەستەی چینی، سێرامیکی ڕوون و سپی و شووشەیی. ع فخار، خزف صيني N porselen د ظروف چینی. ☜ سواڵەت ☜ سێرامیک



**چیۆتاتسا:** It Ciutazza ناونیتکە دێکامێرۆن بریتییە لە ناوی [Ciuta+azza] کە ناوەکە {Ciuta} خۆی واتایەکی نزمی هەیە و پاشگری {azza} ئەوەندەی تر واتاکەی ناشیرین ئەکات، زیاتر واتای ئاژەڵە، شاخدار و بێ شاخ، وەک گوێرەکە و هەمیش وەک کەروێشک.

{Letter haa}

ح

**حاشاهەڵنەگر :** undeniable ئاوەڵناو شتێکە نەتوانرێ ڕەت بکرێتەوە یان مشتومڕ لە دژی بکرێت. ع لا ینکر N unektelig د غیر قابل انکار.

**حللێر :** stork بالندە ناو لەقلەق، باڵدارێکی سپی و ڕەشی زۆر لنگ و دەندووک درێژە لە ناو ئاوایی لانە ئەکا، گۆشتی ناخورێ، گەرمێن و کوێستان ئەکا. ع طائر اللقلق N stork د لک لک.





**حوججەت :** pressure هونەر حونجەت، بەهێز و قووەت، تەوژم؛ هێزی فیزیکی بەردەوام لە دژ یان بە قازانجی تەنێک.

لەلایەن شتێکەوە کە بەرکەوتنی لەگەڵدا هەیە لەسەر شتێک یان دژی شتێک بەکاردەهێنرێت.. ع الضغط N press د فشار.

**حوسەینا :** هونەر لە هۆنەرانی چوارینەبێژی نەزۆر کۆنی باشووری خوراسان کە زۆربەی چوارینەکانی بۆ دڵدارەکەی بەناوی دلارام وتووە. شیعرەکانی دەماودەم گەڕاوە.

**حونجەت :** pressure هونەر حوججەت، بەهێز و قووەت، تەوژم. ع الضغط

N press د فشار.

**حونجەی جادوو:** echo Incantation, magic spell ئایینناسی شێوەزانست یان نووشتەی جادوو، گوتەیەکی داڕێژراوە بۆ کارتێکردن لەسەر کەس یان شتێک داڕێژراوە. ئەم گوتەیە بە «گازە» ئەوتریٚ یان وەک بەستە ئەچڕدریٚ. ع تعويذة سحرية N magisk trolldom د ورد جادو ن: هەجی مەجی، لا تەلەجی. ← **گازە:** psalm ناوی چاوگ کەبار، پاڕانەوە لە دەرگانەی خودا، سەلاٚ، ڕازونیاز. ع مناجاة N salme د مناجات.




**حەبقووق:** Habakkuk ئایینناسی ناوی تایبەت لە پەیامبەرانی تەوراتە کە نزیکەی ٧٠٠ ساڵ پێش زایین ژیاوە. پاسەوانی پەرەستگەی مەزنی جوولەکە بووە لە ئورشەلیم. هەشتەمین پەیامبەری خاوەن پەرتووکە لە کۆی دوانزە پەیامبەری خاوەن پەرتووک.




**حەپۆل:** goon دارەت هێمایی ئاوەڵناو گێل، بێئاوەڕ، گەمژە، ئاوەزسووک، هاوی، دەبەنگ، سەربەتاڵ، مووژەڵ، هێڕ، کەسێک کە بە ئاسانی سوودی

لێ وەربگیرێت، بە تایبەت بە فریودان یان بەتاوانبار دانانی سەبارەت بە کارێک؛ هەروەها بێئاوەزی سەربەتاڵی مەترسیداریش ئەگرێتەوە. ع الأبلە N dum, tåpelig د احمق.




**حەجمان:** tolerance, persistence ئاوەڵناو بەرگە، تاقەت، گریک، توان، پێوەستان؛ ئۆقرەگرتن، هەدادان. ع حلم N standhaftighet د تحمل.

**حەزناڵە:** moan of pleasure ناوی لێکدراو هاوارکردن و ناڵین بە حەز و خۆشیەوە لە کاتی شادمانی یان لە کاتی دڵداریکردندا. ع أنین من المتعة N stønn av glede د ناله لذت.



**حەزیا:** ناو شامار، ئەژدیها، حەفیان، زەها.

**حەسەنی سەباح:** Hassn Sabah ئاییناسر کەسایەتر {١٠٥٠ـ١١٢٤}
لە بنەماڵەی حمیری یەمەنی، کوڕی جەعفەری حەمیری کووفەیی، دامەزرێنەری دەسەڵاتی ئسیماعیلییەی شێعە. ☜ سەباح.









**حەشار:** bunker ناو بۆسە، جێگەی خۆ تێدا شاردنەوە.

**حەشارگە:** bunker ناوی لێکدراو کووزک، پەناگا و شوێنی خۆشاردنەوە لە مەترسی. ع القبو N tilfluktsrom, bunker د پناهگاه.






**حەشارگەی ڕەش:** Black site چاوەڕێ ئاساییتر ناوی لێکدراو ناوەندی دەستبەسەرکردنی نهێنین کە لە لایەن دەوڵەتێکەوە بەڕێوە دەبرێن، بۆ ڕاگرتنی ئەو زیندانیانەی بە تاوانێک تۆمەتبار نەکراون، بەڵام مەترسیان لێ ئەکرێت و بەبێ ڕێکاری ڕێسایی یان فەرمانی دادگا زیندانی دەکرێن. زۆرجار ڕەفتاری خراپیان لەگەڵ دەکرێت و دەکوژرێن و هیچ چەشنەدەستەبەری کەسی و دارایی نایانگرێتەوە. زۆر فیلم و زنجیرە لەسەر حەشارگەی ڕەش دروستکراوە. ع موقع أسود N svarte nettsteder د سایت سیاه.









**حەفت ئەورەنگ:** Big Dipper ئەستێرەناسی ناو حەوتەوانە، حەوبرالە، حەوت ئەستێرەی گەشن، چواریان بەرامبەر و سیانیان بەر و دوا لە شێوەی هرچ، نزیک بستووی باکووری. ع بنات النعش N stor dipper د صورت فلکی هفت برادران.






**حەفترەنگیلە:** Bee eater باڵندە ناو حەورەنگیلە، کەندەسمە، ڕەنگرێژە، باڵدارێکی ڕەنگاوڕەنگە، تۆرەمەی کەندەسمە یا کەندەسمان ئەو مەلانە ئەگرێتەوە کە باریکەلەن، باڵیان درێژ و نووک تیژە و کلکیان درێژە. دندووکیان باریک و تا ڕادەیەک خوارە، نێر و مێیان یەک جۆرە و لە کوناندا هێلانە ساز دەکەن، زۆرتر زەرگەتە و هەنگ دەخۆن، هەر بەم بۆنەوە بە هەنگچنەش ئەناسرێن. ⇦ ڕەنگاڵە، ڕەنگرژە، ڕەنگرێژە، قاژقاژ، مێشخۆرە، مێشخۆرکە، واوەخورە، هەنگچنە، هەنگەچینە، هەنگەخۆرکە، هەنگەخۆرە ع ورواریة N Bietere د زنبورخوار.





**حەفتەبیجار:** ناو حەفت ڕەنگە، حەوترینگە؛ جۆرێک ترشی. ⇦
**ترشیاتی حەفتەبیجار:** heftbicar pickle ناو ترشیاتی حەوت ڕەنگیلە، جۆرێک ترشی تێکەڵیە لە زۆر جۆر تەرەکاڵ و سەوزی ساز

ئەکرێ.



**حەفتەی سوور:** خۆپیشاندان ڕاپەڕین و مانگرتن و خۆپیشاندانە کرێکارییەکانی ڕۆژانی ٧ تا ١٣ای جوونی ١٩١٤ کە لە چەند شاری ئیتالیا ڕووی دا.



**حەفیان:** serpent گیاندار ئەفسانە ناو شامار، ئەژدیها، حەزیا، زەها. ع ثعبان كبير N slange د دیومار.




**حەلاج:** فەیلەسووف ناو مەنسووری حەلج، لە عارفانی سەدەی سێیەمی

کۆچی، نۆیەمی زاینیە. لە گرنگترین سۆفیەکانی سەردەمی خۆی بووە و لەکاتی کێشەری عیرفانی دا «انا الحق»ی وتووە و لە لایەن پێشڕەوانی دینەوە سەرەتا بە «کفربێژ» و پاشان بە قەرمەتی ☜ **قەرمەتی** یان ئیسماعیلی (☜ **سەباح**)، تاوانبار کرا. پاش هەشت ساڵان بڕیاری کوشتنی درا؛ لە بەغدا، بەردەباران کرا، بەڵام نەمرد، لووت و گوێیان کرد، بەڵام هەر خەریکی نزا کردن بوو تا زمانیان بڕی کە ئاسمان رووی گرژ کرد و ئاوی دەچلە هەڵسا. کاتێکە سووتانیان و خۆڵەمێشەکەیان کردە ناو ئاوەکە، ئاوی راساو دامرکایەوە. ئەوسا کە حەلاجیان ئەبرد بۆ کوشتن لێی پرسرا ڕاستی، واتە حەق چییە کە تۆ ئەڵێی «اناالحق»؟ حەللاج لە وەڵامدا وتی: ئەمڕۆ و بەیانی و دووبەیانی خۆتان ئەیبینن؛ ئەمڕۆ کوشتیان، بەیانی سووتاندیان و دووبەیانی خۆڵەمێشەکەیان دا بە دەم باوە. :

مەنسووری حەللاج نەهەنگی زەریا
لە لۆکەی جەستە گیانی کرد ڕەها
ئەو ڕۆژەی کە ئەو ئەیوت ئەنەلحەق
مەنسوور لەکوێ بوو؟ خوا بوو خوا
و. سیامەند شاسواری



**حەلوەلا:** pressure ناو ناوی‌فەرمان پەلەپەل و تەنگانە، دارەتی نەهاتی و تەنگدەستی، شپرزە و بێدەرەتان، گوشار و هەڵپە و هەراوزەنا. ٤
الضغط N press د عجلە، تگنا هەنبانە بۆرینە

: ئەو سەردەمە ئەوەی مارکسی نەبوایە، حاڵی بە دەست تۆمەتی کۆنەپەرستێتی و دواکەوتووییەوە حەلوەلا بوو. {حەکیم کاکەوەیس}

: نازانم هاندەرم بۆ ئەم حەلوەلا هەمیشەییە، کامەیانە؟ {ئەنوەر سوڵتانی}

: ئەگەر وشکەساڵ بووایە و باران نەبارایە، ئەوا تووشی حەلوەلا دەبوون و قەرزوقۆڵەی دنیایان دەکرد... {ئەمجەد شاکەلی}

: وەقتی نوێژی سەر جەنازەی بۆ شەهیدی عیشق دۆست

مەوج ئەدا ئەم ئاسمانە لە دەنگی (اَلصَّلا)
تا نەبووری تۆ لە سەر، ڕێ ناخەیە مەیدانی عیشق
سەر لە پێشی پێ، دەبێ لەم ڕێگە دابنێێ (اَوَّلا)
(مەحوی) ئەمشەوئەووپەری شێوەی لەخەو دیبێ، دەبێ
بۆیە ئەمڕۆ (مەولەوی) کەوتۆتە حاڵی حەلوەلا

مەحوی بۆ مەرگی مەولەوی

**حەلیم:** خۆراک ناو خواردنێکە لە گەنم و گۆشت، کاتی کوڵان بەردەوام لێکی ئەدەن تا ئەو کاتەی گۆشت و ساوەر تێکەڵ ئەبێ و خەست ئەبێتەوە. کاتی خواردن ڕۆن و دارچینی ئەکەن بە سەردیدا. حەلیمی شاری سنە بەناوبانگە و هەندێ چێشتخانەی تایبەت لە مەنجەڵی مەزندا لێی ئەنێن و بە کەوچکێکی گەورەی دار بە ئەندازەی خاکەنازێک مای ئەهێننەوە.





**حەمبەل:** baldric ناو تاقمی ڕاست و چەپی فیشەکدان، قەردێلەی سەرشانی، فیشەکبەند، فیشەکلغ N baldric ع حمالة، حمالة السیف د حمایل.





**حەنووکە:** Hanukkah بۆنەیئاییند یان جەژنی ڕووناکی، جەژنی کۆنی هشت ڕۆژەی جوولەکەیە کە هاوکاتە لەگەڵ کریسمەسی فەلە. ئەم جەژنە بیرخەرەوەی پەرجوویەکە کە کاتێ کە جەنگ لەگەڵ یۆنان، تەنها چرای سینەگۆگی مەکابی، کە بەشی تەنها یەک ڕۆژ ڕۆنی تێدا ماوە، هەشت ڕۆژ ئەگرێ.






**حەنەک:** satire ناو ساتایر، گەپجاڕی، تەوزە، تەوس، توولەکی، گاڵتە. ع هجاء، هجو N satire د فکاهە، طنز.

**حەنەکنووس:** فکاهی نویس.

**حەنەکبازی:** mock ناوی لێکدراو پاسقاڵی، تیتاڵبازی، گاڵتەبازی، شۆخی، قۆشمەیی، قسەخۆشی. ع سخرة N håne د مسخره کردن.

**حەنەکی تاریک:** dark humor ویژە حەنەک گاڵتەی شێتانە، گاڵتە و تووڵەکی سەبارەت بە هەندێ لەو شتانەی نابێ پێیان پێ بکەنین، وەکوو مەرگ و نەخۆشی و چارەڕەشی. ڕەنگە پارمەتییەک بێت بۆ ئەوەی خەم و پەژارە بڕەوێتەوە هەرچەند ڕیسکەکەیشی کەم نییە. ع الفکاهیة السوداء N mørke humorvitser د طنز تاریک.










**حەوا:** space ناو ئاسمان، ناوچەیەکی بەربەرین و ئازادی بێکۆتایی لەدووی یەک. ع الفراغ N himmel د فضاء ← **گەشێوەش:** vacuum ئاوەڵناو حەوایەکی دەراندەر چۆڵ لە هەموو چەشنە ماک و هێسن، بۆشایی، قاڵایی. ع خلاء N vakuum د خلاء.




**حەوت بەهارات:** seven spice ئاشپەزی چێژ یان بەهاراتی حەلەب

تێکەڵەیەکی بەناوبانگی شاری حەڵەبە. ٤ سبع بهارات N syv krydder د هفت ادویه.

حەوت بەهارات لەم چێژەمەنیانەی خوارەوە پێکهاتووە، کە بە بڕی جیاواز ئامادە ئەکرێن و پێکەوە ئەهاڕدرێن:

١. بیبەری شیرین ٣٠ گرەم
٢. بیبەری ڕەش ٢٠ گرەم
٣. گوێزی هیندی ٢٠ گرەم
٤. دەنکی هێل ٢٠ گرەم
٥. دارچین ٢٠ گرەم
٦. زەنجەفیل ٢٠ گرەم
٧. مێخەک ١٠ گرەم



**حەوتخان:** حەوت قۆناغ، حەوت مەزڵ.

**حەوتخانی ڕۆستەم:** ڕۆستەم گەشتێک ئەکات بە حەوت قۆناغدا تێئەپەڕێ یەک سەختتر لەوی تر.

**حەوت گوناهی کوشندە:** Seven deadly sins ئایینناسی لە ئایینی فەلەدا حەوت تاوانن کە سزای دۆزەخیان هەیە: هەوەس Lust، زگلەوەڕێنی

Gluttony، چاوچنۆکی Greed، تەمەڵی Sloth، تووڕەیی Wrath، ئێرەیی Envy و دفرە Pride ع سبع خطايا مميتة N Syv dødelige synder د هفت گناه کبیره.






**حەوتەوانەی کەڵان:** ursa major {the great bear} گەردووونناسی ئەفسانە
حەفت ئەورەنگ، ورچی گەورە، تەرمی ماخوڕ، ڕوخسارێکی ئاسمانییە ئەفسانەکانی ئەگەڕێتەوە بۆ پێش مێژوو، یەکێکە لەو ٤٨ ڕوخسارە گەردوونییەی سەدەی دووەمی زایینی لە لایەن بەتلەمیۆسەوە پێڕست کراوە، ئەمڕۆ سێیەمین ڕوخساری گەورەیە لە ٨٨ ڕوخساری ئاسمانی سەردەم. ع الدب الاكبر N Store bjørn د دب بزرگ.

**ماخڕ:** قارەمانێکی ئەفسانەیی کوردەوارییە، کاتێک ئەمریٚ ئەستێرەکانی ئاسمان تەرمەکەی هەڵئەگرن و ئەبنە کۆمەڵە ئەستێرەی ورچی گەورە و، بە کوردی پێی ئەگوترێت تەرمی ماخوڕ. ماقۆڕ ناوی مێیینەی بەرازە کە بەچکەی لەگەڵ بێت. ئاری خورشید






**حەوتەوانەی گچکە:** ursa minor {The Little Bear} گەردووناسی ئەفسانە

حەفت ئەورەنگ، ورچی بچووک. د دب کوچک، N ursa minor {Den} lille bjørnen ع الدب الاصغر.







**حەوت هونەر:**[1] Seven Arts هونەر ناو ئەگەر وەزارە و وێناکردن هۆکاری بەدیهێنانی هونەری بن، چەندە وەزارەی هونەرمەند بەهێزتر بێ داهێنەرترە. هەڵبەت وا نییە کە هونەرمەند بیر و ئاوەز و تێگەیشتنی خۆی بەکار نەهێنێ، بەڵام هەستی ئەو لە بواری هونەریدا چالاکترە. هونەر تا ئەم دواییانە کرابوو بە حەوت بەشەوە، بەڵام ئێستە بووە بە هەشت هونەر:

١. music مووزیک وەکوو ژەندن و چرین و ئۆپێرا و سەمفۆنی و...
٢. Architecture تڕیارڤانی و دیزاینی ڕووکاری فیزیکی و تەلارسازی و ...
٣. painting شێوەکاری وەکوو، وێنەگەری و وێنەگری و خۆشنووسی و...
٤. plastic قاڵبکاری و ڕازاندنەوە، پەیکەرتاشی و مۆدە...
٥. literature وێژە وکوو دەق و هۆنراوە و شانۆنامە و فیلمنامە و...
٦. theater هونەری نواندن وەکوو شانۆ و دەکلەمە، سەما و سیرک و...
٧. cinema سینەما وەکوو ئەکتەری و دەرهێنان و...
٨. gaming هونەری تازە و هەشتەمیش داڕێژان و دروستکردنی گەمەی ڤیدیۆیی و کەمپیوتەری و ڤیرچوال ڕیالیتی و...













**حەوت هونەر :❷** Seven Arts هونەر ناو ناوی گۆڤارێکی مانگانە بوو لە ١٩١٦ تا ١٩١٧ لە ئەمریکا بڵاو کرایەوە.







**حەوشەمەڕ :** corral ناوی لێکدراو پەچەی سەرئاوەڵەی پەز، خەلان، شوێنی کار و بەرخ. ع آغل N cote د آغل.





**حەیدەرخان:** Haydar Khan Amo_oghli رامیار ئایدیۆلۆگ کۆمۆنیست کەلیدەر

حەیدەر عەموو ئۆغلۆ، حەیدەری تاریوێردی، ساڵی ١٨٨٠ زاینی لە شاری سەڵماس لە کوردستان لەدایک بووە. لە گورجستان بووە بە ئەندازیار، ئەندامی پارتی سۆسیال دیموکراتی رووسیە و، هاوڕێ و هاوخەباتی لنین بوو. دامەزرێنەری یەکەم پارتی کومونیستی ئێرانە لە جوونی ١٩٢٠ زاینی‌دا. حەیدەرخان توانی لەگەڵ میرزا کووچک خانی جەنگەڵی رێ بکەوێ و لە ماوەی حەوت مانگی کۆتایی بزووتنەوەی جەنگەڵ، نەک هەر خۆی، بەڵکوو بە چەک و تەقەمەنی یارمەتی بزووتنەوەی جەنگەڵی دا. کێشەی نێوان سەرکردایەتی بزووتنەوەی جەنگەڵ، بوو بە هۆی کوژرانی. ئەم پەرتووکانە سەبارەت بە حەیدەرخان و راپەرینی جەنگەڵ و ئەو خولەی بەناو ئێران ڕووداوەکان پیشان ئەدەن:

١. حیدرخان عمو اوغلی، اسماعیل رائین.

٢. چکیدە انقلاب، حیدرخان عمو اوغلی، رحیم رضازادە ملک.

٣. حیدرخان عمو اوغلی در گذرگاە طوفانها، رحیم رئیس نیا.

٤. خاطرات حیدرخان عمو اوغلی، بە کوشش ناصرالدین حسن زادە.










**حەیزەران:**[١] bamboo ناو خەیزەران، قامیش، زەل، جۆرەدارێکی گەرمەسێری نەرمی قەفقەفە وەک قامیش بەڵام ئەم پتەوە.

**زەلان:** cane forest ناوی جێگا قامیشەڵان. ٤ غابة القصب والخيزران N

stokkskog, bambus [د] نیستان، نی زار.



**حەیزەران:**❷ swagger stick [ناو] داردەست، قامچی یان چێوتالیمی دەستی ئەفسەران، حەیزەرانێکی ناسکە، دەسکەکەی بە سیرمەی چەرم چنراوە، دوو گەڵا چەرمی ناسک، یان گەڵایەکی دوولۆ، یان ڕیشکەی ئاورێشم وا بە نووکەکەیەوە، هەروەها جۆری هەیە لە دارێکی باریک ساز کراوە. ◀ دارەدەستی سوار یان لە گۆچان کورتتری وەک هێمای دەسەڵاتی ئەفسەرانە. بەکارهێنانی ئەگەڕێتەوە بۆ گۆچانی دارتری، کە سێنتۆریۆنە ڕۆمییەکان، واتە ئەفسەرانی پایەبەرز بە نیشانەی پلە و پایە هەڵیان ئەگرت. [ع] عصا التباهي [N] swagger stokk [د] چوب دستی، چوب تعلیم. ☜ شاکۆن ☜ مەنتەشا

⇦ **سێنتۆریۆن:** centurion [ناو] سەرتیپ{لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان}، سەدبەر، سەرسەد، سەدگێڕ؛ ڕێبەری سەد سەربازی سپای ڕۆمای کۆن. [ع] قائد المئة [N] centurion [د] سنتوریون.



{Letter x}

خ

**خاپوور:❶** ruin ئاوەڵناو وێران، کاول. ن:

ئاسمانم پڕ لە هەوری بێسنووری ماتەمە
چۆڵ و خاپوور و کەساسە، وەک شەوە ڕۆژگاری من
هیوا باباجیانی

**خاپوور:❷** xapûr ناو ناوی چەمێکە ئەکەوێتە ڕۆژئاوای کوردستان.








**خاپوورکراو:** ruined ناوی چاوگ وێرانکراو، کاولکراو.

**خاپێنراو:** deluded ئاوەڵناوی بەرکار فێڵ لێکراو، باوەڕپێکراو بە شتێک کە ڕاست نییە. ع مخدوع N lurt د توهم زده E defrauded.

⇦ **خۆدزینەوە:** elude چاوگی تێنەپەڕ هەڵاتن یان خۆدەربازکردن لە (مەترسی دوژمن، یان ڕاوەدوونەر)، بە شێوەیەکی گشتی لێهاتووانە یان فێڵبازانە. ع یتملص N unnslippe د فرار کردن.

**خاپینۆک:** trompeuse لە (خاپاندن) ناوی فەرمان لەخشتەبەر، فریودەر، گومڕاکەر، بەلاڕێدابەر. ع مکار، محیل N villedende د مکار، محیل.

**خاپێنەر:** seducer لە {خاپاندن} ناوی فەرمان کڵاوباز، فریودەر. ع المُغوي N forfører د اغواگر.

**هونەرمەندی خاپێنەر:** pickup artist بزووتنەوە دەروونناسی ئەندامێکی بزووتنەوەی هونەرمەندانی خاپێنەرە، کە مەبەستیان هەڵفریواندنی ژنان و سەرکەوتنی سێکسییە بەسەریاندا، لە ڕێگەی تێگەیشتنێکی بنەڕەتی لە دەروونناسی ژنان بە شێوەی هەمەلایەنە و بێترس. وەک خۆیان ئەڵێن ژن وەک ئاکۆردیۆنە، دەبێت بزانیت چ دوگمەیەکی دابگریت. بەڵام لە کۆتاییدا خۆی لە سێ خاڵدا ئەبینێتەوە: خۆگرتن، باشار، وروژاندن! ◄ ئەم بزووتنەوە بە پەرتووکی ئێریک وێبێر بە ناوی «چۆن کچان بەرز بکەینەوە؟» لە ١٩٧٠دا دەستی پێکرد و لەگەڵ دەروونناسانی وەک ئاڵبێرت ئەلیس و مامۆستایانی تر پەرەی سەند. ◄ بەشدارانی ئەم بزووتنەوەیە بە زۆری ئەوانەن کە زەبری دەروونیان بەر کەوتووە و ناسازی کەسایەتییان هەیە. ع فنان الإغواء N pickup artist د هنرمند مخزنی.




**خاتر:** consciousness ناو وریایی، نەست، بیر و هۆش، دڵ: {خاترجەم}؛ لەبەر، بۆ ڕێز لە تۆ: {خاتری تۆ بێ} ع عقل و شعور N bevissthet د احساس درونی.

**خاتوو ئاناستازیا:** Anastasia دامودەزگا ویژە میدیا یان Madame Anastasie یان Scissors of Anastasia بە واتای سانسۆری چامەنی بە گشتی و، لێرەدا گەڕان ـ٧ واتە دەزگای سانسۆری فەڕانسە، ناتۆرەیەک بوو

لە سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەم لەسەر دەزگای سانسۆری فەڕانسە دانرابوو.






**خاتوو تالین:** de Tallien کەسایەتر ناوی تایبەت هاوسەری یەکێک لە ئەندامانی کونڤانسیۆن.

**خاتوو دو پراسلێن:** ناوی تایبەت هاوسەری Gabriel de Choiseul دووکی پراسلێن کە ساڵی ١٨٢٤ بە دەستی مێردەکەی کوژرا و مێردەکەشی خۆی کوشت.

**خاتوو دو لافاییێت:** Madame de La Fayette نووسەر (١٦٣٤ـ١٦٩٣) ڕۆماننووسی فەڕانسەیی و نووسەری شازادە دو کلێڤ، یەکەم ڕۆمانی مێژوویی فەڕانسە، کە یەکێکە لە ڕۆمانە وێژەییەکانی سەرەتای ڕۆماننووسی.






**خاتوو پرودۆم:** Prudhomme پێرسۆنا کەسایەتی شانۆگەری شکۆ و ڕووخان، جەنابی ژۆزێف پروودۆم، نووسینی هانری مۆنیيه.








**خاتوو داربۆڤیل:** Sophie d'Arbouville ڕۆماننووس (١٨١٠-١٨٥٠) ژنێکی ڕۆماننووس و دۆستی نزیکی سەنت بێڤ بوو.





**خاتوو دو باری:** Jeanne Bécu, comtesse du Barry گراوی نازیلە (١٧٤٣-١٧٩٣) گراوی و نازیلەی لویی پانزە، لە بەرکەوتووەکانی ڕژیمی تێرۆری سەردەمی شۆڕشی مەزن.



**خاتوو دو بوانی:** Comtesse de Boigne نووسەر ڕووناکبیر {١٧٨١ـ١٨٦٦} نووسەر و ئاریستۆکراتی فەڕانسەیی. کۆڕێکی لە پاشایەتیی جولای بەڕێوە ئەبرد و بیرەوەرییەکانی لە ١٩٠٧دا بڵاو بوویەوە.






**خاتوو دو تێب:** Mme. de Thèbes فاڵبین شێوەزانست {١٨٦٥ـ١٩١٦} ژنێکی دەستبین و فاڵگرەوەی بەناوبانگ بووە.

**خاتوو دو سەبران:** de Sabran نازناو گراویی فیلیپ دورلیان.

**خاتوو دو شاتێلە:** Émilie du Châtelet فەیلەسووف بیرکار فەیلەسووف، بیرکار و فیزیکزان و نووسەری فەڕانسەیی، دۆستی ڤۆڵتێر بوو و پێکەوە هەوڵیاندا دەسەڵات و کلیسا لێک جیا بکەنەوە. نامیلکەی پرنسیپای نیوتۆنی وەرگێڕا بۆ فەڕانسە و فورموولای «وزەی جووڵانی تەنێک ئەکاتە تۆڵایی لێکی خێرایی» دارماڵ کرد و فورموولای {$e=mv^2$}ی پێشکەش کرد، کە تیۆری ئاینشتەین پشتگیری ئەکات و خزمەتێکی مەزن بوو بە جیهانی زانست.






**خاتوو دو گرینیان:** کەساپەتر گەڕان-٥ کچی خاتوو دو سێڤینە بوو. خاتوو دو سێڤینە ڕەخنە لە کچەکەی ئەگرێ بۆچی نووسیویەتی «جەنابی باوکت» و بۆ نەینووسیوە «باوەگەورەمە»، جا ئەمیش {خاتوو دو گرینیان} ئەڵێ بۆ نووسیوتە «دایکت» و نەتنووسیوە «دایەگەورەمە»!

**خاتوو ژیراردین:** Delphine de Girardin نووسەر ١٨ی برۆمێر {١٨٠٤ـ١٨٥٥} نووسەر، هاوسەری ئیمیل ژیراردین. {تێبینی مارکس}

**خاتوو گراندی:** Mrs. Grundy نازناو خاتوو گراندی ناوێکی هێمایيە بۆ کەسێکی زۆر دەمارگرژ کە وێنای ستەمکارییە. هەمیشە ئاگای لە خۆیەتی و لەوە ئەترسێ خەڵکی چۆن بیری لەسەر ئەکەنەوە و ئەم ناسازییە بە «گراندیزمە»یش ناوبراوە. کەسایەتی خاتوو گراندی لە شانۆی کۆمیدی پێنج پەردەیی تۆماس مۆرتۆن لە ساڵی ١٧٩٨ بە ناوی Speed the Plough سەریهەڵداوە و لە هەموو وێژەی ئینگلیزی زماندا بەدی ئەکرێ.








**خاتوونە:** trout ماسر ناو ماسییە کەشینە، ماسییەکی بچوکی لچ ئەستوورە لە تیرەی ماسی ئازاد یان سەلەموون، خاڵی سووری پێوەیە، لە ئاوی شیریندا ئەژی، گۆشتێکی خۆراکی بەچێژ و بەهایەی چاکی هەیە.
ع سمک السلمون المرقّط N ørret د قزل ئالا.





**خاتوونێک لە زرێبار:** Lady in the Lake فیلم فیلمی کاراگایی ئەمریکایی ١٩٤٧ دەرهێنانی ڕابێرت مۆنتگمەری.








**خاچ:** Cross ئاپیناسر ناو واتە ئەو دارە ڕاست و چەپەی لە ڕۆمای کۆن وەک قەنارە بۆ کوشتنی تاوانکاران بەکار ئەهێنرا؛ واتە ئەو دارەی کە ڕۆژی هەینی پیرۆز، لە تەپەی گۆلگەتا Golgotha بە عەرەبی جەلجەتا، بە واتای «گردی کەللەسەر» و بە لاتین Calvus Mons مەسایا عیسایان پێدا هەڵواسی و فەلەکان لە زێڕ و زیو دروستی ئەکەن و بۆ پیرۆزی لە ملی ئەکەن. ع الصلیب N Kryss د صلیب.

دریژە خاچ، واتە چەلیپا کە ئەویش وشەیەکی {ئارامی}یە و عەرەب کردوویانە بە {صلیب}؛ کورد و فەلەی کورد خاچیان لە ئەرمەنی وەرگرتووە و، لە لای ئەسفەهانیش ئەو وشە باوە، چونکە شارۆچکەی ئەرمەنی **جولفای** لێیە کە لکاوە بە شارەوە و ساڵی جارێک لە کلیسا خاچەکەی عیسا ئەشۆن. هەروەها وتراوە کە وشەی {خاج} بۆ ناوی داری {خاچ، خاج} ئەگەرێتەوە، کە لە زمانی کوردییدا ناوی دارەکە بەم شێوانە هەیە:

دریژە خارچ، قاچ، قارچ، قارس، هەڵیگەڕاوەتەوە بووە بە قەسر، هەروەها کاژ، کاچ دواتر وشەکە گۆڕاوە بۆ ناژ، ناز، نازوو، ناچ، ناڕوو ناجوو، نەوز، نەوژ، کاژ E cross

☞ شۆمۆن ☞ گۆلگۆتا ☞ ڤیا دۆلۆرۆزا.

   

**خاچ تێڕوانین:** Angry look, scowl ناوی فەرمان ڕاستەوخۆ و بە مۆڕەوە تێڕوانین. ع نظرة غاضبة N Sint utseende د نگاه خشم آلود.

  

**خاچەپرس:** puzzles پەروەردە گەمە وێنـەمەتەڵ، بۆڕێن، پەردەک، فیشاردە، هەڵهێن. ع لغز N puslespill {پوشلەسپیل} د معما.

**بۆتک:** ڕاو ناو شێوازێکی تەپک دانانەوەیە تایبەتە بە ڕاوەماسی و لە شێوەی پازڵ یان خاچەپرسە کە ماسی ئەکەوێتە ناوی و ناتوانێ دەرچێت.



**خاچەگرێ:** reef knot ناو گرێ ڕێوی، جۆرە گرێیەکە دوو جار قوڵفە ئەکرێ. ع عقدة شراعية N revknute د گره صخره‌ای.







**خاراو:** experienced ئاوەڵناو کارکەردەی بە ئەزموون، ڕاهاتوو لەگەڵ کار، دنیا دیدە، بەرگەگری سەختی. ع متمرس N opplevde د مجرب.

**خوازۆک:** سەرسواڵکەر، ئەو کەسەی داوای زۆر شت دەکات.

**خازەڵۆک:** beggar ناو گەدا، سواڵکەر، پارسەک. ع شحاذ N tigger د گدا.

**خاسۆک:** charlatan, Fraudulent ناو گزیکار، گەرباز، تەشقەڵە، شارلاتان. ع محتال N sjarlatan د متقلب.









**خاشلەمە:** Khashlama ئاشپەزی خۆراک یان کاشلەمە، ئاوگۆشتی نموونەیی ئەرمەنی‌یە بە گۆشتی مەڕ ساز ئەکرێ، زۆر بەچێژ و بەلەزەتە. ع خاشلامة N Khashlama د خشلما E Hashlam.





**خاشەبڕکردن:**❶ چاوگی تێپەڕ ئاسەواربڕین، بڕینەوە، بنبڕکردن، تیابردن، تووناکردن، تەفروتووناکردن، ڕیشەبڕکردن، سەربەگۆماکردن، قڕکردن، سەرتیابردن، فەوتاندن، قڕتێخستن، قەڵاچۆکردن، لەناوبردن، نەهێڵان، نەهێشتن، دوابڕین

**خاشەبڕکردن:**❷ چاوگی تێپەڕ کوشتن، تۆپاندن، خێکردن، گیان ئەستاندن، گیان کێشان، ساردکردنەوە، سەردۆکردن، شوارای، کڕکردن، کوشتن، گیانکێشان، بنبڕکردن.

**خافڵ:** unaware ئاوەڵناو بێئاگا، ئاگا لێ نەبوو N uvitende ع غیر مدرک د غافل.

**خافڵگیر:** surprise ئاوەڵناو ناخافڵگیراو، ناخودئاگا گیراو، بێئاگاگیراو، لەنکاو گیراو N overraskelse ع مفاجأة N overraskelse د غافلگیر.
⇐ **هێدمە:** surprise ناو سەرسامی، سەرمەندی، سوورپرایز.

**خاک و پاک:**❶ ناوی لێکدراو ئاشت و تۆراو.

**خاک و پاک:**❷ ناوی لێکدراو خاک بوون دارەتی تۆران و پێکەوە نەدوان، پاک بوون دارەتی ئاشتی و پێکەوە دوانە. ⇐ خاکی کرد لەگەڵی: لێی تۆرا و قسەی لەگەڵ دابڕی.

**خاکەڕا:** humble ئاوەڵناو مرۆڤی ملبەکوێن، بێدەمار، بێفیز، خاکی. ع متواضع N ydmyk د متواضع.

**خاکەڕایی:** humbleness ناوی چاوگ ناووناو ملبەکوێن بوون، بێ دەماری. ع تواضع N ydmykhet د تواضع.

**خاکەسار:** humble ئاوەڵناوی لێکدراو بێدەمار، بێفیز، خاکەڕا، ملکەچ، بەلەنگاز. ع متواضع N ydmyk د متواضع.

**خاکەساری:** misery ئاوەڵناوی لێکدراو ناوی واتا بەلەنگازی، بێبەختی، کڵۆڵی، ناخۆشی. ع بؤس و تعاسة N elendighet د سیاهروزی.

**خاڵخاڵێن:** stippling ناو پۆینتیلیزم، هونەر یان ڕەوتی وێنەکێشان، نیگارکێشان، یان نەخشاندن بە بەکارهێنانی خاڵی گەورە یان بچووک. ع تنقیط، رسم بالنقط N pointillisme, tegning med prikker د نقاشی نقطەچین. E pointillism ن: بەکارهێنانی مینیاتۆریستانەی خاڵ.





**خاڵایی:** flank ناو کەلەکە، لاکەلەکە، خاڵیگە، قەبرغە، لاتەراد. ع جناح N flanke د پهلو.

**خاڵپرس:** question mark زمانەوانی نیشانەی پرسیارکردن (؟) ع علامة استفهام N spørsmålstegn د علامت سئوال.

**خاڵگەی فشار:** pressure point شێوەزانست ناوی لێکدراو لە خاڵگە گومانا‌ویەکانی لەشی مرۆڤ لە پزیشکی نەریتی چینی، پزیشکی ئایۆرڤێدی هیندی و سیدهاکان و هونەری جەنگییەوە سەرچاوەی گرتووە. مەبەست هەندێ خاڵگەی تایبەتە، ئەگەر بێت و بە شێوەیەکی تایبەت فشار بدرێن، ڕەنگە کاردانەوەیەکی بەرچاوی لێ بکەوێتەوە. وەک دەماری لامل، کە ئەگەر بسپۆڕانە فشار بدرێت، مرۆڤ ئەبووریتەوە. ⇦ ع نقاط الضغط N

trykkpunkt [د] نقاط فشار.









**خاڵگەی هاوئاست:** equilibrium_profile [ناوولێکدراو] هاوسەنگ، هاوشان، هاوتەخت، شانبەشان. ⇦ **خاڵگەی هاوئاستی ڕووبار:** equilibrium profile of river [جوگرافیا] [شێوەڕستە] دارەت و هەلومەرجێکە کە ڕەوتی ڕۆیشتنی ئاوی بەستێنی ڕووبار زۆر خاوە و لە ئاستێکی یەکباودا پلەبەندی کراوە.





**خاڵۆ ڤانیا:** Uncle Vanya [شانۆ] شانۆگەری بەرهەمی ئانتۆن چیخۆف، نووسەری ڕووس، ساڵی ١٨٩٨ بڵاو کرایەوە. ساڵێک دواتر لە شانۆی هونەری مۆسکۆ برایە سەر شانۆ. شانۆگەرییەکە بەم وشانە کۆتایی دێت کە سۆنیا ئەیانڵێت: «تۆ لە ژیان خۆشیت نەبینی... بەڵام ڕاوەستە خاڵۆ ڤانیا، ڕاوەستە... ئێمە ئاسوودە ئەبین... ئاسوودە ئەبین...» ☜ چیخۆف.











**خاڵی:** empty ناو قاڵا، ئاواق، بەتاڵ، بێناوک، بێناوەڕۆک، والا. ع شاغر N ledig د خالی.

**خاڵی سفری زەوی:** سەربازی فیزیک بووبەر لە ڕوانگەی تەقینەوەی ناوکی و بۆمبا گەورەکانی تر، دەستەواژەی خاڵی سفری زەوی یان خاڵی سفری ڕووبەر، خاڵێکە لە ڕووبەری زەوی لە نزیکی تەقینەوە. ئەگەر تەقینەوە لە سەروو زەویدا بێ، سفری زەوی ڕێک لە بن تەقینەوەکەیە و هەندێ جار «ناوەندی گوشاری خوێن»یشی پێ ئەوترێ. خاڵی سفری زەوی لە پەیوەند لەگەڵ بوومەلەرزە، درم و کارەساتەکانی تریش سوودی لێ وەرئەگیرێ تا دژوارترین شوێنی کاولی دیاری بکات. «خاڵی سفری زەوی» لەگەڵ «خاڵی سفر» جیاوازە، چونکە دووەمیان بۆی هەیە لە هەوا، لەناو ئاو یان لە بن زەوی ڕوو بدات.



**خاڵێکردنەوە:** abreaction دەروونناسی چاوگی دووڵۆ دەرهاویشتنی هەژان، دەربڕین و ئازادکردنی دەرئەنجامی هەستێکی هەژاوی پێشتر سەرکوتکراو، کە لە ڕێگەی زیندووکردنەوەی ئەو ئەزموونەی بووەتە

هۆی ئەو هەژانە، بەدەست دێت {بە شێوەیەکی گشتی لە ڕێگەی هیپنۆتیزم یان پێشنیارەوە}. ع التنفیس N avvik د برون‌ریزش هیجان.

**خاڵێگە:** flank ناو کەلەکە، لاکەلەکە، خالاییی، قەبرغە، لاتەراد. ع جناح N flanke د پهلو.

**خاڵی لاواز:** liability دەستەواژە مایەی دەردەسەری، ئۆباڵی گەردن، کەسێکە نهێنی ئەزانێ و مەترسی ئەوە هەیە بیدرکێنێ. ع مصدر للخطر N risikokilde د وبال گردن.

**خاڵی نیشان:** crosshairs, reticle ناو جووتێک وایەر یان هێڵی ورد کە بە گۆشەی ڕاست لە فۆکۆسی ئامێرێکی بینایی یان تیشکی یان سیرەی تفەنگ، بە مەبەستی دۆزینەوەی شوێن، نیشانەگیری یان ئەندازەگرتنی دووری سوودی لێ وەرئەگیرێ.

ن: تفەنگەکەم بەرزکردەوە و ئاسکەکەم خستە ناو خاڵی نیشانە.




**خاڵی وەرچەرخان:** milestone هێمایر ناو خاڵی گۆڕان، کردارێک یان ڕووداوێک کە گۆڕانکاری یان قۆناغێکی بەرچاو لە گەشەکردندا دیاری دەکات. ع معالم في الطریق N milepæl د نقطە عطف. ن: وتارەکە وەک خاڵێکی گرنگ لە پەیوەندییە ڕەگەزییەکاندا ستایشی دەکرێت». ⇐ **ڕێگەژمێر:** milestone ناو هەروەها بەوبەردانەئەوترێ لە کەناری جادەکاند کە کیلۆمەتری شاری داهاتووی لەسەر نووسراوە.










**خان:❶** ناو نازناوی پیاوی دەسەڵاتدار.

**خان:❷** ناوی جێگا کاروانسەرا، مۆتێل، لە کۆندا شوێنی لادان و حەوانەوەی ڕێبوار و وڵساتەکەی بوو.

**خانمان بە گوڵی کامیلیاوە:** Les Dames aux camelias فیلم فیلمی سینەمایی ١٩٥٣ دەرهێنانی ڕەیمۆند بێرنار، ژێوەرگرتن لە ڕۆمانی دۆمای کوڕ.








**خانمانی جەنگەڵی بۆلۆنی:** Les Dames du Bois de Boulogne فیلم فیلمی سینەمایی فەڕانسەیی ١٩٤٥ی دەرهێنانی ڕابێرت برێسۆن.







**خانوو:** نژیارقانر ناو تەلار و کۆشک و ئەورماڵ و باڵەخانە و جێگای حەوانەوەی مەردوم:

- **سەرخان و ژێرخان:** نژیارقانر قاتی سەرەوە سەرخانە و، قاتی بنەوە ژێرخان.
- **کاریتە:** ناو نیرگە.
- **کۆڵەکە:** ناو دیرەگ، دنگە، دینگە، ئەستوند، زمە.
- **باندڕ:** ناو گورگە، دەسکی دارەڕا.
- **ڕاژە:** ناو کاریتەی باریک.
- **دەستەک:** ناو داری دارەڕا.
- **باریسە:** ناو ترەب، سەرەکۆترە، پارچەدارێکی شەشپاڵووی لاکێشەیە، ئەخرێتە نێوان کاریتە و کۆڵەکەوە.
- **بێلا:** ناو هەیوان، باڵکۆن.
- **پەردوو:** ناو خێزەرە و هەلاش، پەرچ و خزر و چیخە.
- **پەرچ:** ناو هەلاش.
- **خێزەرە:** ناو چیلکە و داری باریکی سەر قامیشبەندی.
- **چیخ:** ناو قامیش.
- **بەردەکۆڵەکە:** ناوی لێکدراو بەرد یان داری بن کۆڵەکە.
- **پەڵتە:** ناو بەرد یان داری نێوان کۆڵەکە و بەردەکەی.
- **ئەزارە:** ناو پەڵتە و بەردەکۆڵەکە پێکەوە.



**خانووی گەڕۆک:** Motorcaravan گەشت ناو یان mobile home یان camping car یان Winnebago ترێلێرێکی گەورە یان پێکهاتەیەکی پێش دروستکراوە کە ئەتوانرێت بگوازرێتەوە، جا بە هۆی مەکینەی سەربەخۆی خۆی یان بە هۆی دەزگایەکی ترەوە، بۆ گەڕان، یان لە جێگەیەکی تایبەتدا دابنرێ و وەک شوێنی ژیانی هەمیشەیی بەکاربهێنرێت. ع منزل متنقل N bobil د خانە سیار. ⇦ **وینەبێگۆ:** Winnebago ڕەچەڵەک بەڕێنگ هۆزێکی مەزنی نەتەوەی یەکەمن لە ئەمریکا، زمان و مێژوو و کۆمەڵگەی تایبەتی خۆیان هەیە. یەکێک لە مەزنترین کارگەکانی دروستکردنی خانووی گەڕۆک لە ئەمریکا ناونراوە وینەبێگۆ و، یەکێک لە واتاکانی وشەی وینەبێگۆ لە ئەمریکای باکوور خانووی گەڕۆک ئەگرێتەوە و بە فراوانی بەکار ئەهێنرێ؛ شیاوە لە زمانی کوردیش بە خانووی گەڕۆک بوترێ وینەبێگۆ، چونکە هەم ناوی هۆزێکی ماف زەوتکراوە و هەم یەکێک لە مەزنترین کارگەکانی بەرهەمهێنەری خانووی گەڕۆک.







**خانە:** پاشگر نموونەی خانە وەکوو پاشگر:

ئابدارخانە، ئاترخانە، ئاسنگەرخانە، ئاشپەزخانە، ئاودەسخانە، باڵوێزخانە، بەندیخانە، پۆستخانە، پۆستەخانە، پەرتووکخانە، تۆپخانە، جبەخانە، جەمخانە، چاخانە، چاپخانە، چایخانە، چێشتخانە، خمخانە، دەباغخانە، دەرمانخانە، ڕەنگرەزخانە، زۆرخانە، زەنگخانە، سەرشۆرخانە، سەرویێخانە، سەنگەکیخانە، فرۆکەخانە، قاپشۆرخانە، قاحیەخانە،

قاوەخانە، قورقوشمخانە، قومارخانە، کەبابخانە، گرتووخانە، مردەشۆرخانە، مەیخانە، وشترخانە، میوانخانە، مۆزەخانە، نوێژخانە: chapel، وەزیرخانە، نامەخانە، نانەواخانە، هێسرخانە...

**خانەبێزار:** gadabout ناوی لێکدراو لە ماڵ خۆی بێزار. ع متسکع N gadabout د سرگردان. ← gadabout بەرزەنگ مارکەی وەکوو کارگەی ئۆتۆمۆبیل و مۆتۆڕسیکلت سازیە.









**خانەدان:❶** family ناو بنەماڵە، خێزانی گەورە. ع عائلە N familie د دودمان.

**خانەدان:❷** dynasty ناو شانشینی، هێڵێکی فەرمانڕەوای بۆماوەیی وڵاتێک. ع سلالە N familie د سلسلە.

**خانەدان:❸** gentleman ناو مرۆڤی شیاوی بنەچەدار، جەناب، بەگزادە، سالار، بەڕێز. ع رجل نبیل N herre د آقا.

**خانەزاد:** ئاوەڵناو نۆکەر و کارەکەر کە لە ماڵی خودان لەدایک بووبێ.

**خانەزانی:** cytology زیندەوەرزانی سیتۆلۆجی، ئەو لقەی بایۆلۆجییە کە کار لەسەر سازە و کرداری خانە گیایی و گیادارەکاندا ئەکات. ع علم الخلیة N cytologi د سلول شناسی.









**خانەگا:❶** hostel ناوی جێگا هاستڵ، پانسیۆن، ناوخۆیی، ناوخۆیی خوێندکاران، شێوازێکی کەمبایی، کورتخایەنی، بە کرێگرتنی شوێنی ژیان و خواردن. دریژە یەکەم خانەگا، ساڵی ١٩١٢ لە کۆشکی ئاڵتێنای ئاڵمان لە لایەن ڕیچارد شێرمانەوە بەدی هێنرا. دریژە لە ئورووپا نزیکەی ١٠,٠٠٠ خانەگا هەیە N vandrerhjem ع نزل للطلاب والشباب د خوابگاه، شبانه روزی.





**خانەگا:❷** monastery ئاییناسر ناو دەروێشدان، سۆفیگە، تەکیە، شوێن و بارەگای خواپەرستیی. ع دیرصومعة N kloster د صومعه.

**خانەگای پارما:** The Charterhouse of Parma ڕۆمان دوا بەرهەمی ستاندال، ڕۆمانێکە لە کەوشەنی هونەر و ژیان و تراویلکەی دووڕەدەستی شانازییەکانی ناپۆلیۆن، ڕەهات و مەرسەلا، ڕێنسانس و ئەوینی قووڵ و بیۆینە بە ئیتالیای سەردەمی خۆی، لە ساڵی ١٨٣٩دا بڵاو کرایەوە. ◁ چەندین جار کراوە بە فیلم و زنجیرە:

◁ **خانەگای پارما:** The Charterhouse of Parma فیلمی سینەمایی ١٩٤٨، دەرهێنانی کریستیەن ژاک.

◁ **خانەگای پارما:** The Charterhouse of Parma زنجیرەی تەلەڤیزیۆنی ١٩٨٢، دەرهێنانی مەورۆ بۆلۆنینی.

◁ **خانەگای پارما:** La certosa di Parma زنجیرەی تەلەڤیزیۆنی ئیتالیایی ٢٠١٢، دەرهێنانی سینزیا تۆرینی.












**خانەگومان:** skeptical دەروونناسی ڕەفتار دڵپیس، بیرخراپ، دڵچەپەڵ، دڵکرمێ، بیرلار، کەسێک کە بە ئاسانی بڕوا نابێ. ع متشکک N skeptisk د شکاک.

**خانەی بیانییەکان:** House of Strangers فیلم فیلمی ئەمریکایی ١٩٤٩، دەرهێنانی جۆزێف مەنکیەویچ. ژێوەرگرتن لە ڕۆمانی جێرۆم وەیدمان بە ناوی «**من لەوە زیاتر ناچم بۆ ئەوێ**».








**خاو:**❶ ناو پرز و کوڵکەی شاڵ و مافوورە.

**خاو:**❷ ناو کاڵ، نەکوڵاو.

**خاو:**❸ کەرەستە ناو کەرەستەی سەرەتایی وەکوو پەترۆڵی پاڵفتەنەکراو.

**خاواق:** exclamation {!} ڕێزمان ناو نیشانەی سەرسووڕمان، نیشانەی واوەمانی ئەندێشە.

**خاوبەستن:**❶ چاوگی تێنەپەڕ خاوکردن و بە هەڵەدا بردن

**خاوبەستن:**❷ چاوگی تێنەپەڕ کڵاو سەرنان، فێڵلێکردن، هەڵخەڵەتاندن.

↤ خاوی تۆیان بەستووە.

**خاودار:** ئاوەڵناو کوڵکن، کوڵکەدار.

**خاوە:❶** extortion ناو سەرانەی بە ناڕەوا لە مەردم بسێنرێ، سەرانەی زۆردار و کەڵەگا. ع ابتزاز N utpressing د اخاذی.

**خاوە:❷** ناو پیتاکی میری.

**خاوە:❸** ناو کەرانە، قەرەبوی ماڵە پەشیمانی.

**خاوە:❹** ناو لکی تازەی لە لق ڕواو.

**خاوەخاو:** procrastination ناوی چاوگ بڕوبیانوو، خنەخن، خۆبوێری لە کار، خۆگێڵکەری، دەسیدەسی، ساوەساو، کەمتەرخەمی، گوێنەدان، پاوەپاکردن، خۆدزینەوە، سستکاری. ع مماطلة N utsettelse د تعلل.

**خاوەنی:** possessive ڕەفتار ئاوەڵناو خۆلکاندن بە کەسێکەوە، خۆ بە خاوەن زانین ✪: ئەوەندەی چەند جارێک لەگەڵ کوڕەکەم چووە دەرەوە، خۆی بە خاوەنی ئەزانی. ع تملکي N besittende د تملکی. ↤

**جێناوی خاوەنی:** Possessivpronomen ڕێزمان ئاوەڵناو پەیوەندی بەو ناو و جێناوانەوە هەیە کە خاوەندێتی ئەگەیەنن. ع صيغة الملكية N besittende د مضاف اليه.

**خاوێنکاری:** sanitation بەهداشت پاقژکردنەوەی ژینگە و بە تایبەت ئاوی خواردنەوە، هێمایر بەڵام بۆ خاوێنسازی و شوێن ونکردنی تاوانیش بەکار ئەهێنرێ.

↤ **گەماربەری:** disinfection بەهداشت خاوێنکردنەوە بە دەرمان بۆ لەناوبردنی باکتریا. ع طهر N desinfeksjon د ضدعفونی کردن.

↤ **پاستۆریزە:** pasteurize بەهداشت ڕەوت پاڵاوتن پرۆسەی خاوکردنەوەی پەرەسەندنی میکرۆب و باکتریا لە بەرهەمی وەکوو شیر و شەراب، لە ڕێگەی گەرمکردن و تیشکەوە کە بە شانازی لویی پاستۆری فەرانسەیی

ناونراوە.

**چەوماڵ:** ناوی فەرمان دۆڵەساو، خاوێنکردنەوەی لیتە و هەرگی بیر و کارێز.




**خاویار:** sturgeon گیاندار ماسی ماسییەکی گەورەی پووڵەکەدارە، لە زەریا و چەمی یووڕۆئاسیا ئەژی، بۆ خاویار و گۆشتەکەی بەهای بازرگانی هەیە. [ع] ماهی خاویار [N] størje [د] خاویار.



**خایلە:** ئاوەڵناو بە بیردا هاتن، دڵەڕاوکێ، دڵ داچڵەکان، ڕاشەکانی کتوپڕی، بیری خراپ بە مێشکدا هاتن: دڵی خایلەی کرد.

**خراپ:** bad ئاوەڵناو بەد، بەدفەڕ، بەدکار، بەزەر، پیس، تووش، جەڵەب، جینگن، چەپەڵ، چەپەڵکار، خراپەکار، دشت، دەسپیس، دەسڕەش، دەسچەپەڵ، زیانەخرۆ، شەنی، ناپاک، ناپیرۆز، ناخار، ناڕاست، نەڕند، ناپسند، نەباش، ناحەز [N] dårlig [ع] سیئة [د] بد.

**خراپبوون:** deterioration چاوگی تێنەپەڕ خراپتربوون، داچوون، شێرزەبوون، لەبارکەوتن، دانەدواوە، قنانەوە، ناخۆشی، تێکچوون، شێوان. [ع] تدهور [N] forverres [د] رو بە وخامت رفتن.

**خراپکاری:** misdeed ناو ناووەناو تاوانکاری، کردەوەی خراپەکارانە یان نارێسایی. ع خطأ، جریمة N ugjerning د بدکرداری.

**خرت:**❶ two_year goat ناو نێری، بزنە نێری دووسالآن.

**خرت:**❷ round ناو گرد، گردەڵ، خرۆڵە، خڕی وەک تۆپی چکۆڵە. ع کروي N rund د گرد و چنبری.



**خرچە:** acur cucumber ڕووەک ناو خرچان، میوەیەکی تەڕەکاڵە لە خێزانی ترۆزی و کالیار، تامێکی خۆشی نەشیرینی هەیە، کاتی خواردن خرمەی دێ، بە کاڵی ئەخورێ و ئەشکرێ بە ترشی. ⇠ **کالیار:** acur cucumber ڕووەک ناو ترۆزی زل و ترش کە بۆ تۆو هەڵئەگیرێ، تامێکی مێخۆشی کەمترش و شیرینی هەیە.



**خرش:** alternative ناو ئاوەڵناو پیارە، متە، زڕ، نەبەڕاستی، بەدەڵ، ئاڵترناتیڤ، مت N alternativ ع البدیل د بدل.

**خرمژن:** ناوی چاوگ [خرمە+ ژن دەنگەوشە = دەنگی خرمە] دەنگی لەرانەوە

و خرمەی کرمەک و بەرموور و ژێرچەنە؛ دەنگی خرمەی چەک و ڕەخت.

ڕێکتر لە گەڕی ڕەشبەڵەک

خۆشتر لە خرمژنی کرمەک

هێمن







**خرمەخرم:** clattering دەنگەوشە دەنگێکی بەردەوامی خرتە و خرت وەک خرمەی خواردن، یان ئەوەی شتە ڕەقەکان بکەونە خوارەوە یان بدەن بە یەکتردا. ع کرکبة N klaprende د تۆ تۆ.

**خرۆش:** fervor ناو تانەزرۆیی، گوڕوتین، جۆشوخرۆش. ع حماس N inderlighet د حماس.

**خرۆشاو:** shouting ئاوەڵناوی فرمان خورۆشاو، هەڕاو و بە گرمە و نەڕە، جەماوەری لە پەشێوی لێکهاڵاو و تێکەڵاوبووگ. ع صراخ N roper د خروشان.





**خرێنە:** ❶ molar tooth ناو خرێ، ددانی ئاش. ع الأسنان المولِ N

molar tann د دندان آسیا.

**خرێنه:❷** floater ناو دارەتێکە چاو ڕەشایی بچووک ئەبینێ وەکوو پەڵەی بچووک و تاڵ و هێڵ و تەونی جاڵجاڵۆوکە وان. خرێنە هەندێ جار نیشانەی نەخۆشییە.

**خرێنه:❸** thread ناو گشتەکی سێ یان چوار هەودا. ع خیط N tråd د نخ ← **گشتەک:** spinning thread ناو بەنی گشت، بەنی چەن لۆی بادراو، بەنی کلاش چنین، بەنی پینەچی، بەنی ڕایەڵەی تەون و مافوورە. ع خیط الغزل N spinnende tråd د نخ تابیدە. ←
**مەچیر:** ناو هەودا، داوەبەن، تاڵ.



**خرۆکە:** globule ناو خرۆکەی خوێن؛ تکە، تنۆک، دڵۆپ؛ گۆی چکۆلانە، گۆێزە، تۆپی بچووک. ع الكرية كرة صغيرة، كرية دم N kule د گلبول، قطره.



**خزانی فرۆیدی:** Freudian slip دەروونناسی تەتەڵەکردنی زمان یان خزانی

دەست، بۆ وتن یان نووسینی شتێک لەبری شتێکی تر کە بە هۆی ناخودئاگاوە لە مێشکدا ڕەنگی داوەتەوە. ع الانزلاق الفرويدي N Freudiansk slip د لغزش فرویدی.







**خزمگەرێتی:** nepotism ئایدیۆلۆجی کارگێڕی دەستەگەری ناو نێپۆتیزم یان خزمگەریەتی بریتیە لە بەپێشخستنی خزم و دۆستە نزیکەکان بە هۆی پەیوەندیان بە بەرپرسەوە، نەوەک بە هۆی لێهاتوویی‌یان. زۆربەی کات ئەم زاراوەیە واتایەکی نەخوازراو و نەرێنی ئەگەیەنێت. بۆ نموونە ئەگەر بەڕێوەبەرێک هەڵسا بە دامەزراندنی فەرمانبەرێک یان بە بەرزکردنەوەی پلەکەی بە هۆی پەیوەندی خزمایەتی لە بری فەرمانبەرێکی تر کە لەو کەسە لێهاتووتر بێت، بەڵام پەیوەندی خزمایەتی لەگەڵ بەڕێوەبەرەکە نەبێت، ئەو کاتە بەڕێوەبەرەکە بە خزمگەریەتی تاوانبار ئەبێت. هەندێک لە زانایانی بواری زیندەوەرزانی ئاماژەیان بەوەکردووە کە بوونی «ئارەزوو بۆ خزمگەریەتی» ئارەزوویەکی زگماکیە لە مرۆڤدا و شێوەیەکە لە شێوەکانی بەپێشخستنی خزمایەتی. ع محسوبية N nepotisme د خویشاوندسالاری یا پارتی بازی.






**خزن:** mausoleum ئاپینناسر ناو مەزالیۆم، گۆڕی پیر و مەشایخ، گۆڕی پیرۆز و پاکیزە، شوێنی ناشتنی خانەدان و بنەماڵەیەک. ☜ مەزالیۆم







**خشتکار:** bricklayer کیمیا وەستای خشتکاری، کرێکاری خانووبەرە. ٤ کبناء N Murer د آجرکارر.

**خشتەی خولی:** Periodic Table کیمیا خشتەی خولگەیی یان خشتەی مەندەلیڤ، پێکدێت لە خشتەی ١١٨ توخمی کیمیایی زانراو کە بە شێوازێکی سەرنجراکێش ڕیزکراون بە پێی گەردیلە ژمارە و تایبەتمەندییەکانیانەوە. توخمەکان ڕیزکراون بە پێی بەرزبوونەوەی گەردیلە ژمارە (Atomic Number) کە پێکهاتووە لە ژمارەی پرۆتۆنەکانی ناو ناوکی گەردیلە.

خشتەی خولی، بە هۆی ئەوەی کە زانای ڕووسی دیمیتری مەندلیەڤ یەکەمجار هەستا بە ڕیزکردنی توخمەکان و تەنانەت توانی لەبەر ڕۆشنایی ڕەوشتی توخمەکان، هەندێ توخم دیاری بکات کە تا ئەو کاتە نەدۆزرابوونەوە، بە خشتەی مەندەلیڤیش ناو ئەبرێ. ☜ گۆڕانی خشەی خولی.





**خشتەی پیتاگۆرس:** Pythagorean table بیرکاری یان خشتەی لێکدان multiplication table خشتەیەکە کە بەرەنجامی لێکدانی دوو ژمارەمان پیشان ئەدات. ع جدول الضرب N Pythagoras bord د جدول ضرب.






| | 2 | 3 | 4 | 5 | 6 | 7 | 8 | 9 | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 2 | 4 | 6 | 8 | 10 | 12 | 14 | 16 | 18 | 2 |
| 3 | 6 | 9 | 12 | 15 | 18 | 21 | 24 | 27 | 3 |
| 4 | 8 | 12 | 16 | 20 | 24 | 28 | 32 | 36 | 4 |
| 5 | 10 | 15 | 20 | 25 | 30 | 35 | 40 | 45 | 5 |
| 6 | 12 | 18 | 24 | 30 | 36 | 42 | 48 | 54 | 6 |
| 7 | 14 | 21 | 28 | 35 | 42 | 49 | 56 | 63 | 7 |
| 8 | 16 | 24 | 32 | 40 | 48 | 56 | 64 | 72 | 8 |
| 9 | 18 | 27 | 36 | 45 | 54 | 63 | 72 | 81 | 9 |
| | 2 | 3 | 4 | 5 | 6 | 7 | 8 | 9 | |



**خشتەی مەندەلیف:** Periodic Table کیمیا ☜ خشتەی خولی.

**خشکەیی:❶** stealth ناوی فەرمان هێواشکاری، کاری بە بێدەنگوهەرا، بەخشپەیی، بڕچرکەیی: شێر کاتی ڕاو بەخشکەیی خۆی ئەجووڵێنێ: بێدەنگی و خشکەیی پشیلەی برسی. ع بطء N skjult د آهستگی.

**خشکەیی:❷** stealth هێمایر ئامراژە ئاوەڵناو بە دزییەوە کارکردن، نهێنیکاری، شاردنەوە، لەبنەوەکاری (بە تایبەت فڕۆکە): فڕۆکەی خشکەیی بە تەکنەلۆجییەک سازکراوە کە ڕادار و سۆنار بە ئاسانی نایدۆزنەوە: بۆمباوێژێکی خشکەیی. ع مختفي N skjult د اختفا، مخفیکاری.
☜ خوشین ☜ سۆنار ☜ ڕادار








**خشڵ:**❶ jewellery ناو زێڕ و زیو و پمەکی بەهادار و سامان و مایەی دارایی. ع مجوهرات N smykker د جواهرات.



**خشڵ:**❷ ornaments ناو زەمبەر، پمەک، ئەو ڕنگاڵ و خەمڵ و زیوەر و پڵپلانەی بۆ ڕازاندنەوە بەکار ئەهێنرێن، وەکوو ئەو شتانەی هەڵئەواسرێ بە درەختی کریسمەسدا. ع الحلي، زخرفة N ornaments د زیور آلات.



**خشڵۆکە:** trinket ناو خشڵ و زیوی بچکۆلانە و کەمبایی، خشڵی خرش. ع حلیة رخیصة N pyntegjenstand د جواهر بدلی و کم بها.

**خشڵی ژنان:** women's jewelry ڕازاندنەوە خشڵ، چاچکی، پمەک، زێڕ و زیوە ، ڕنگاڵ و خەمڵ و زەمبەر هەرچەند ناوی گشتین بۆ کەرەستەی ڕازاندنەوەی ژنان، بەڵام جۆریان زۆرە و هەر کامە ناوی تایبەت بە خۆیان هەیە. ئەمە هەندێکیانە:

◄ **بازنی لیرە:** coin bangle خشڵ ناو بازنەی لیرە، بازنێکی لە لیرە

و نیولیره سازکراوە، ئەکرێتە مەچەک. [ع] الإسورة العملة [N] myntarmring [د] النگوی لیره.









◄ **پشتێنی قورسە:** [خشڵ] [ناو] پشتێنێکی گرانبایە لە کۆمەڵێک قورسەی سویسی Swiss bullion سۆڵانی ٩٩٩,٩ لەسەد پێکهاتووە، کە بەرگیان گیراوە یان خراونەتە ناو قاپوور یان چوارچێوەی پشتدارەوە {بۆ بەرگری لە سوان و خورانی زێڕی سۆڵان} و، بە زنجیر و زریزە لێک بەستراون. ◄ دیزاینی سیامەند شاسواری. ◄ پشتێنی قورسەی ئاسایی ١٠٤ سەنتیمەترە و ژمارەی قورسەکان لە ٨ دانە پێنج گرەمی، ٦ دانە دە گرەمی، ٢ دانە بیست گرەمی و یەک دانە ٥٠ گرەمی پێک هاتووە، سەرجەم نزیکەی ٢٥٠ گرەمە.





◄ **پشتێنی لیرە:** Lira belt [خشڵ] [ناو] پشتێنێکە لە لیرەی بە ئاڵقە و زریزەی زێڕ پێکەوە بەستراو. [ع] حزام الليرة [N] Lira belte [د] کمربند سکه طلا.








◀ **پلێپلە:** ornament pendant خشڵ ناو زێڕەسکەی ورد لە زنجیردا بۆ خشڵ. ع قلادة زخرفة N ornament anheng د زیور آویزە.

◀ **پەرەنگ:** earring pendant ناو لەرزانەی گوارە. ع قلادة القرط N ørering anheng د آویز گوشوارە.

◀ **تاسکڵاو:** weman helmet پۆشاک ناو جۆرێ کڵاوی ژنانەی لوولەکییە کە خشڵ و پلێپلەی پیاهەڵواسراوە.

◀ **حیڵ و مێخەک:** ڕازاندنەوە ناو شۆرەملێکی دێرین و تایبەتی ڕۆژانی بووکێنییە. بە زۆر شێوەی جۆراوجۆر دروست ئەکرێ، بەڵام شێوەی سەرەکی هەموو جۆرەکان ئەچێتەوە سەر ئەوەی لە کۆندا بە حیڵ و مێخەک دروست ئەکرا.








◀ **دوگمە و دۆڵاب:** ڕازاندنەوە ناو گیرە یان دەرزی سنجاخێکە لە شێوەی خشڵ دروست کراوە بۆ بەستنی هێلەک و سوخمە و سەڵتە بەکار دێت.






◀ **سەرپەرچەم:** راززاندنەوە ناو یان گێڵگێڵە، پارچە خشڵێکی نەخشداری ڕازاوەیە ئەدرێ لە بەرسەر. هەروەها ئەکرێتە ملیش کە لەو دارەتەدا پێی ئەوترێ گەردانە.







◀ **سینەبەند:** pectoral جلوبەرگ ناو یان سینەپۆشی قەشە و کاردیناڵ.
ع الصليب الصدري N brystkors د صلیب سینە.







◀ **شۆڕەمل:** خشڵ ناو ملوانکەی درێژ، گەردانە، گوڵوەن، ملەوەن.





◄ **کرمەک**: under chin jewel خشڵ ناو پارچە خشڵێکی نەخشدارە لێرەوە نیولیرەی پیا هەڵواسراوە، بۆ ژێر چەنە بەکار دێت و، لە هەردوو لای سەر توند ئەکرێت. ◄ قەیتانێکی ئاوریشمی ئەستووری تایبەتی بەسالآچووانە، لە دوو جەمسەرەوە دەلکی بە تاسکلاوەوە و توند ڕادەگیرێ. هەندێ جار بۆ جوانی ڕیزە مووروو یا زەنگیانە یا بیجادەی تێدەکرێ. دەستڕۆیشتووان لە تەختێکی زێڕی بێپەرەنگ یا زنجیر کەلک وەردەگرن. تایبەتمەندیی ژێرچەنە ئەوەیە کە پەرەنگی نییە. ◄ خشڵێکی درێژۆکەی، لە مۆروو دەهۆنرێتەوە یان لە زیو دروست دەکرێ، سەرەکەی چەنگالێکی پێوە توندە لە کلاو گیردەبێ. ع مجوهرات تحت الذقن N under hakesmykker د جواهرات زیر چانە.

ن: ڕەبی لێت موبارەک بێت گوڵ و گوارە و ژێرچەنە. {گۆرانی حەسەن زیرەک}





◄ **کلکەوانە**: ring ناو ئەنگوستیلە، موستیلە، مستیلە. ئاڵقە یان بازنێکی

پەنجەیە بە زۆری نقێمی شووشە و ڕووژەی لە سەرە. ع خاتم N ringe د انگشتر.





◀ **گوڵوەن :** opera necklaces خشڕ ناو ملوانکە، خشڵی ئەستۆ، گەردانەی سینەبەند. ع قلادة طويلة N langt kjede د گردنبند دراز.





◀ **گوڵی سینە :** brooch pins خشڕ ناو گوڵێکی زێڕ یان زیو یان دەستکردە ئەدرێ لە سینە بۆ ڕازاندنەوە. ع دبابيس بروش N brosjepinner د سنجاق سینە.





◀ **گوڵی قژ:** barrette ئارایشت ناو گیرەی قژ، گوڵی سەر، کەرەستەیەکی ڕازانەوەی ئافرەتانە ئەدرێ لە بسک بۆ جوانی و بۆ ڕاگرتنی قژ. ع مشبک للشعر N barrette د سنجاق سر.



◀ **گوڵی یەخە:** boutonniere ئارایشت گوڵی یەخەی جاکەتی پیاوان، گوڵی دەستکردە یانیش گوڵی زێڕ و زیو. ع العروة N boutonniere د بوتونیر.



◀ **گەردانە:** necklaces خشڵ ناو ملوانکە، گەردنبەند، سینەرێزێکی ڕازاوەیە لە نێوان گەردن و سینەدا، یان هەمان سەریەرچەمە کە ئەکرێتە مل.

☜ سەریەرچەم ☜ گێڵگێلە

◀ **گێلگێلە:** خشڵ ناو سەریەرچەم، شتری، ڕیزە گۆ و ڕیزە گوڵینگەی تێکخراو بۆ سەروکلاو یان سەروشەدەی ژنان. ☜ سەریەرچەم



◀ **لاگیره:** خشڵ ناو دوو پارچە خشڵی ڕازاوەیە بۆ لای سەر، ئەدرێ لەمبەر و ئەوبەری سەر.







◀ **لێزگه:** خشڵ ناو لیزگە، ملوانکە یان بازنەی مت و مورووە، ڕووبان، تیلماسک.






◀ **ملوەن:** opera necklaces ناو ملوانکەی تێکەڵ، خشڵی ئەستۆ، شۆڕەمل، لێکدراوی گەردانە و شۆڕەمل پێکەوە. ع قلادة طويلة N langt kjede د گردنبند دراز.

ن: ملوەن لە ملدا، نووشتە وەبن باڵ

لاکە بەم لاوە، بووم بە کۆی زووخاڵ

◀ **ملەشیلان:** ناو لە کۆندا لە شیلان دروست کراوە، شۆڕەملێکی ڕازاوەیە بە یاقووتی سوور و گێلگێلەی زێڕ و قوبەی بەهاداری بەردی سوورەوە.



**خشی :** centipede دەعبا ناو هەزاریا، دەعبایەکی نێچیرڤانە جەستەیەکی درێژی بەندبەندی هەیە کە زۆربەیان جووتێک قاچیان هەیە. ع حریش، المئينية N skolopender د هزار پا.



**خلانە :** ناو تەرە، قوڵکەی میوە تێداڕاگرتن. د چاله مخصوص نگهداری میوە و ترەبار.

**خلۆرک :** ناو تەرزەی ورد، گلێرکە د تگرگ ریز.

**خلمەت:** ❶ service ناوی فەرمان ڕاژە، خزمەت، خەڵمەت. ع خدمة N service د خدمت.

**خلمەت:** ❷ used ئاوەڵناو نیمداشت، لە کۆن و تازەییدا ناونجی، شتێک کە تازە نییە و پێشتر هەبووە و بەکار هێنراوە. ع تستخدم N Brukt د مستعمل.

**خلە :** ناو دەنگی تێپەڕینی شلەمەنی لەناو بۆشاییدا د صدای عبور مایع از جسم مُتَخلخل.

**خلیچ:** ڕووەک ناو درەختی کەستانە، شابەڕوو. ع کستناء د شاه بلوط E bay_tree، chestnut.



**خلیچک:** ڕەفتار ناو شل و شەوێڵ، نەبەگە، خاو، خۆنەگرتوو د سست، شل و ول.

**خلیسک:** ❶ slippery ئاوەڵناو ڕێگەی لووس، جێگە شەمتین، شوێنی خز؛ لیچق. ع زلق N glatt د لیز.

**خلیسک:** ❷ green onion ناو فیسقە، پیازی ورد بۆ چاندن. تەرەپیازی نێرکدار. ◄ جیاوازی تەڕوپیاز و خلیسک لەوە دایە کە تەڕەپیاز نێرک ناکات و خلیسک نێرک یان سەلکی هەیە. ⇦ **تەڕەپیاز:** scallion ناو پیازی شین، پیازی تەڕی گەڵا سەوزی سەلک بچووک، بە تایبەت پیازی بەهارە، لەگەڵ کنیواڵ و سیرمۆکە بۆ کەلانە یەکاویەکە. ع بصل أخضر N løkskjell د پیازچە.



**خڵافاندن:** diversion چاوگی تێپەڕ شتی کات پێ بردنەسەر، خۆخەریککردن و خەریککردنی دگەر، سەرنجڕاکێشان بۆ فریودان، خڵافاندن، خستنەلاوە (بە تایبەتی پارە بۆ مەبەستی نابەجێ) ع انحراف N omkjøring د انحراف.

**خڵتە:** sediment ناو بەڵخ، لیتە. ع رواسب N sediment د ڕسوب، دردی **تێبینی:** هەروەها ئەو لیتە خستە چەسپئاسای لە نێوان چیمەندا هەیە و وەکوو سمێنت وایە لە کوردیدا پێی ئەوترێ **چیمەنتۆ**.



**خم:** indigo ڕەنگەوشە ناو هەش، گیایەکە لیلەڕەنگێ، لە شیرە و گەڵاکەی ڕەنگی خم یان چوویت بەرهەم دێ کە بەنی پێ شین ئەکەن. ع النیلي N indigo د نیل.



**خمگەر:** dyer ناوبکەر ڕەنگرێژ، وەستای ڕەنگرێژ، وەستای ڕەنگکردنی

بەن و کووتاڵ. ع صباغ N fargestoff د رنگرز.



**خنکاندن:❶** smother چاوگی تێپەڕ دامرکاندنەوە، بێدەنگکردن، لەدڵدا قەتیسمان N kvele ع خنق د خفه کردن.

**خنکاندن:❷** strangulation چاوگی تێپەڕ کوشتن یان بێهۆشکردن لە ڕێگەی گووشینی مل بە دەست یان تەناف. ع الخنق N kvelning د اختناق.

← **خەفەکردن:** smothering چاوگی تێپەڕ کوشتن یان بێهۆشکردنی کەسێک بە داپۆشینی لووت و دەمی. ع اختناق N kvelende د خفه کردن.

← **خنکاندن و خەفەکردن:** strangulation and smothering بەراوورد یەکەم کوشتنە بە ملگووشین و، دووەم کوشتنە بە لووت و دەم داپۆشین.

**خنینەوە:** softly laugh چاوگی تێپەڕ نەرمەخەنە، پێکەنینی لەسەرخۆ، بەنەرمی بەدەم کەسێکەوە پێکەنین. ع ضحكة ناعمة N myk latter د خنده آرام.

**خەنینەوە:** cackle, chuckle چاوگی دووڵو تریقانەوە، پێکەنینی بەقەو. پێکەنین بە کوڵ کە بە دەنگی بەرز. ع قهقهة N klukkle د قهقهه زدن.

**خۆبانی:** disappointment ناوی چاوگ نائومێدی، نائومێد بوون، دڵسارد بوونەوە، دەستخەڕۆیی. ع تثبیط، احباط N skuffelse د سرخوردگی.

← **نائومێدکراو:** disappointed ئاوەڵناوی بەرکار د سرخورده.

**خۆبژیوی:** self_sustainability و self_sufficiency ناوی لێکدراو بریتییە لە دارەتێک کە نیاز بە یارمەتی و پشتیوانی و هاوکاری دەرەکی نەبێت و، چەشنێکە لە سەربەخۆیی دارماڵی کەسی یان کۆمەڵ و لە پێوەری گەورەدا بە دارەتێکی ئابووری ئەوتۆ کە هیچ پەیوەندییەکی بازرگانی لەگەڵ جیهانی دەرەوە نەبێ. خۆبژوێنی لە سەدەکانی ١٧ و ١٨ وەک ئامانجی مرکانتالیستەکان وابوو، بەڵام بە گەشەکردنی زانستی ئابووری خرایە لاوە، بە تایبەت کە ڕیکاردۆ سەلماندی بازرگانی و ئاڵوگۆڕ ئەبێتە هۆی سوودمەندی و ئاسوودەیی هەردوو لایەن. ع الاكتفاء الذاتي N selvforsyning د خودکفایی.







**خۆبەخش:** ❶ volunteer کۆمەڵایەتی ناوی لێکدراو خۆشتەرخواز، بەشداریکردن لە ئەنجامی کارێکدا بە شێوەی ئازاد و بێبەرامبەر N frivillig ع تطوع د داوطلب.

**خۆبەخش:** ❷ self_sacrified ناوی لێکدراو لێبوردە، خۆبەختکەوور، پاڵەوانگیان، خۆدەپێناونەر، گوێ بەخۆ نەدەر و زاڵکردنی ویستی دگەر بەسەر خۆدا N selvoppofrelse ع التضحية بالنفس د ایثارگر.

**خۆپاراستن:** self_preservation چاوگی ئێنەیی بەرگری لەخۆ. ع حماية الذات

N selvforsvar د صیانت نفس E self_defense.

**خۆپارێزی:** austerity ئابووری هێماپێر ناوی چاوگ باریککردنەوەی ئابووری، سکگووشین، دەستپێوەگرتن، شێوازێکە لە زانستی ئابووریدا کە دەوڵەتەکان بۆ دابەزاندنی تێچووەکان و بەرەنگاری کەمی بووجە، هەندێ ڕاژەی کۆمەڵایەتی لائەبەن یان کەم ئەکەنەوە، هەندێ جاریش بە زیادکردنی باج یان وامی دەرەکی ئەو کارە ئەنجام ئەدرێ. ع تقشف N innstramminger د ریاضت اقتصادی.




**خۆپیشاندانی پارکی ترێپتۆ:** Treptow مێژوو بوویەر خۆپیشاندانی ساڵی ١٩١١ لە دژی ڕامیاری سەربازی ئاڵمان و پەلاماری بەندەری ئاگادیر، خۆپیشاندانێکی مەزن بوو لە لایەن پارتی سۆسیال دیمۆکراتەوە لە پارکی ترێپتۆی بەرلین بەرپا کرا.



**خۆت و بەختت:** lottery ناوی لێکدراو لاتاری، لۆتۆ. ع یانصیب N lotteri د بخت آزمایی.

**خۆتسپا:** chutzpah ناو لە وشەی (ḥuṣpāh (חֻצְפָּה))ی عیبری بە واتای چەتوون، بێشۆ، نەبەرد. وەک ئاوەڵناو بۆ جەربەزە و بوێری هەم بۆ باری چاکە و هەم خراپە بەکار دێت. بەڵام هەرچەند واتای بنەڕەتی وشەکە زۆر نەرێنییە، کەچی لە زمان و وێژە و هونەری حەوتەمی ئەمریکایی واتایەکی فراوانی بوێری و شیانستی و لێهاتووی وەرگرتووە.










**خۆتەنی:** immanence ناو بڕوا بەوەی کە خوا جیهانی ئەستوویی ئەگرێتەوە، جیهانی مینەوی ئەچێتە دەروونی جیهانی ئەستوورییەوە.

G ئازادی

**خۆتەی دەمپان:** lampreys ناو جۆرێک مارماسییەکە دەمێکی پان و وەک بۆری هەیە.




**خۆتێکدەری:** self_destructive دەروونناسی ناسازی ڕەفتار ڕەفتارێکە ئازار بە کەسەکە ئەگەیەنێ. خۆتێکدەری ئەتوانێ لە دابڕان لە کەسانی دیکەوە دەست پێبکات تا زیانگەیاندن بە جەستەی خۆ و ڕەفتاری وەک

قوماركردن. ڕەفتاری خۆتێكدەر كاتێكە كە مرۆڤ زیانی جەستەیی یان سۆزداری بە خۆی بگەیەنێت. ع التدمير الذاتِي N selvdestruktiv د خودآسيب‌رسانی.










**خۆحەن:** straight ئاوەڵناو ئاوەڵكار لە حاندی خۆوە، لە ئاستی خۆوە بەرەو پێشەوە، ڕێک و ڕاست. ع مستقِيم N rett د مستقِيم.

**خۆخلافاندن:** بۆ lingering چاوگی تێنەپەڕ خاوەخاو كردن و خۆ بە شتێكەوە خەریک كردن. ع تطوِيل N dvelende د دیر كردن.

**خۆدزەرەوە:** ئاوەڵناو بەپێچوپەنا، ئاڵۆز، خۆدزینەوە بە وەلاّمدانەوەی ناڕاستەوخۆ. ع مراوِغ N unnvikende د گریزان.

**خۆ بەدووورگرتن:** refrain چاوگی تێپەڕ خۆپاراستن لە درێژەدان بە كارێک. ع يمتنِع N avstå د خودداری. ❓: ئایە ئەركیان ئەوەیە تەنها خۆیان لە خراپ بەكارهێنانی ئەو دەسەڵاتە بەدوور بگرن؟

**خۆدەرخەر:** ostentatious ئاوەڵناو خۆبەزل پیشاندان بە لەبەركردنی جلوبەرگی تایبەت و بە خۆدا هەڵواسینی نیشانە و مەدالیا و خشڵ جۆراوجۆر. ع متباه N prangende د متظاهر. ☜ ناسازی كەسایەتی نمایشی






**خودهەراسی :** Autophobia دەروونناسی ناسازی ترسێکی نەخۆشانە لە خود و تەنهایی و گۆشەگیری و هەستکردن بە فرێدران و پشتگوێخران، کە مایەی دڵەڕاوکەیە. تووشبوان خۆ بە لاواز ئەزانن و تا کاتێک لە ڕووی جەستەییەوە بەهێز نەبن ناتوانن بەرەنگاری کێشەکانیان ببنەوە. ع رهاب الانفراد N Autofobi د تنهایی هراسی.

**خۆرا :** ئاوەڵناو بۆ خواردن شیاو.

**خۆراکی :** edibles بژێو چاوگکردار ئەوەی شیاوی خواردن و مایەی ژیان بێت. ع الصالحة للأکل N spiselige varer د خوراکی.

**خۆراکی گیان :** ghazairoo ناوی لێکدراو گواستنەوەی {غذاء الروح} عەرەبی یان {غذای روح} دەرییە بۆ ئینگلیزی و بە بێژەی ئینگلیزی {گەزایروو}. یەکێک لەو وشانەیە لە پەلامار و پەیوەندی ئەمریکاییەکان بۆ ئەفغانستان وەرگێراوە و بە هەمان شێوەش لە زمانی ئینگلیزی بەکاری ئەهێنن. ع غذاء الروح N sjelemat د غذای روح E soul food.

**خۆرامان :** ئاوەڵناو ناوی فەرمان خەرامان، هاتنی بە لەنجە و لار، وەک ئەوەی خۆر هاتبێ.

**خۆرانگاز :** sun_struck, sunburn دارەت ناوی لێکدراو [خۆر+ئانگاز {ئەنگاز}] تاوبردوو، خۆرگەستوو، تاوەگاز. ع ضربة شمس N sunburn د آفتاب زده.



**خۆر دیسانەوە هەڵدێ :** Il sole sorge ancora فیلم فیلمی جەنگی

نیۆڕیالیستی ئیتالیایی ١٩٤٦، دەرهێنانی ئاڵدۆ ڤێرگانۆ Aldo Vergano.








**خۆرهەڵات:** Sunrise سینەما فیلم فیلمی سینەمایی بێدەنگی ١٩٢٧ی ئەمریکایی، دەرهێنانی ف.دبلیۆ. مۆرناو.









**خۆری نیوەشەو:** Midnight sun ناوی لێکدراو دیاردەیەکی سروشتییە لە هاوینی بستووی باکووردا ڕوو ئەدات، کە خۆر بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێری ڕەبەق بە بەردەوامی بە ئاسمانەوەیە و ڕوون و ئاشکرا دیارە. لەم ناوچانە وەکوو نەرویج و فەنلاند شەش مانگ شەوە و شە مانگ ڕۆژ.
ع شمس منتصف اللیل N Midnattssol د خورشید نیمه شب ☞ چەمبەری هێتمی.





**خۆڕا ❶:** stubborn ناوەڵناو لاسار، کەسێک کە بە قسەی خۆی ئەکا. [ع] عنید [N] sta [د] لجباز.

**خۆڕا ❷:** ناوەڵناو لە دوای وشەی «لە»، ئەبێ بە «لەخۆڕا»، بە واتای بێخود، بەلاش.

**خۆڕاگر:** tenacious ناوەڵناو وازی بە توندی دەست بە شتێکەوە گرتن؛ چەسپاندن یان پابەندبوون لە نزیکەوە [ع] عنید [N] utholdende [د] سەرسخت.

**خۆڕاگری:** self_sacrifice ناوی چاوگ لەخۆبوردوویی، خۆبەختکردن، بەرخۆدان، بوردباری و کۆڵنەدان لە بن گوشار و دارەتی دژواردا. [ع] تحمل، التضحیة بالنفس [N] selvoppofrelse [د] تحمل، ایثار [E] forbearance.






**خۆڕانان:** self_manifestation چاوگی تێپەڕ خۆدەرخستن و خۆ گێڤکردنەوە. [ع] التظاهر بالنفس [N] selvmanifestasjon [د] خودنمایی.

**خۆڕێزی:** self_esteem دەروونناسی ناوی لێکدراو خودباقەری، ڕێزگرتنی خود، ڕێزبەخۆیی، خۆئەولەهی، مەزناهیی هاوسەنگ، بە واتای تاودانەوەی هەڵسەنگاندن یان بەراوەردی کەسێک لە بەهاکانی خۆیەتی. [ع] الثقة بالنفس [N] Selvtillit [د] حرمت نفس. دریژە خۆڕێزی، بڕوا و بۆچوونێکە کە تاکەکەس سەبارەت بە بایەخ و گرنگی خۆی هەیەتی. خۆڕێزی ئەتوانرێ بە هۆکاری جۆراوجۆر پێناسە بکرێ، بۆ وێنە کەسێک کە بڕوابەخۆیە، لای وایە:

- مرۆڤ پیرۆز و ئازادە و بە هۆی ئەم پیرۆزبوونەوە ناکرێ بیکەین بە سەرگەردی برِوای خەڵکی تر و، کەس ناتوانێ ئەو ئازادییەی لێ بسێنێ و رِێزی بشکێنێ.
- هەموو مرۆڤەکان جیاوازن؛ من منم و تۆ تۆ! دداننان و پەژێرەکردنی تاکایەتی و کەسایەتی سەربەخۆ لە کەسانی تر. کەوشەنی من کەوشەنی سەربەخۆی منە. کەس بۆی نییە دەستدرێژی بکاتە سەر.
- هەموو بەرابەرن و لە نێوان کەسانی جیاواز یان رِەگەز و هۆزی جۆراوجۆردا هیچ نابەرابەرییەک نییە.
- هەموو یەکسانن و سەرەرِای جیاوازی، ژن و پیاو رِەش و سوور و زەرد و سپی و بچووک و گەورە هاوسان و هاوشانن؛
- هۆکاری تر دۆساتیەتی و هەستی رِەزامەندییە لەوەی کە هەم و لەوەی کە هەمە، لە هیچ شتێکی خۆم شەرمەزار نیم. نە لە تۆ کەمترم نە زیاترم، نە سەرترم نە خوارترم.
- من بایەخم هەیە، من بەهام هەیە، من رِەسیدم هەیە، بە هەمان شێوە کە تۆ هەتە و هەموان هەیانە. کاتی من گرنگە، کاتی تۆ گرنگە.
- من خۆم بە باش ئەزانم و تۆیش بە باش ئەزانم. زۆربەی هەرە زۆری مرۆڤ ئەیانەوی باشترین ئەو کارە ئەنجام بدەن کە لە توانایان دایە؛ کە واتە هەر هەمووومان باشین.
- من خۆم خۆش ئەوێ بە شیاوی خۆشویستن ئەزانم، بە هەمان شێوە کە تۆیش و هەموو کەسانی ترم خۆش ئەوێ و بە شیاوی خۆشویستنیان ئەزانم. واتە پەیوەندی ئێمە هەر هەمووی دۆستانەیە و، بەرەنجامەکەی خودخۆشەویستییە.
- من لەوەی کە هەم بە هیچ شێوەیەک هەست بە شەرمەزاری ناکەم، ئەگەر کورتم ئەگەر درێژ، گەنجم یان پیر، ئەمەم یان ئەوە، ئەوە منم.
- من لە جەماوەر سڵ ناکەمەوە و، نابنە هۆی ترس و دڵەرِاوکەی من،

من سۆشیال فۆبیا یان ترس لە جەماوەرم نییە. تۆ باشی و من باش، بەروە هاوکاری هەنگاو ئەنێین.

دریژە کەسانێک کە بە ئەندازەی پێویست بڕوایان بە خۆیان نییە، لە ژیاندا تووشی کێشەی فراوان ئەبن. هەموو مرۆڤێک پێویستی بە خۆڕێزی هەیە. خۆڕێزی نیشانەی ئەو ڕێزەیە کە خەڵکی بۆمانی دائەنێن.

- خۆڕێزی یەکێک لە هۆکارەکانی ڕەفتاری مرۆڤە. لە ڕاستیدا بەرداشت و دادوەری هەرکەس سەبارەت بە خۆی دیاریکەری چۆنێتی هەڵوێستیانە سەبارەت بە مڕاوە جۆراوجۆرەکان. کەسی کەم بڕوابەخۆ، ڕەنگە تووشی گۆشەگیری یان ڕقئەستووری و هەڵشاخانەوە و ڕەفتاری دژی کۆمەڵگە ببێت.
- خۆڕێزی کۆمەڵەی ئەندێشە و هەست و سۆز و ئەزموونەکانە کە لە ڕەوتی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەدی دێن. کۆمەڵەی ئەو هەزاران بەرداشت و هەڵسەندگاندن و ئەزموونەی هەر کەسێک لە خۆی هەیەتی، ئەبێتە هۆی ئەوەی سەبارەت بە خۆی هەستی باش و بەنرخبوون یان پێچەوانەی هەبێ ☜ متمانەبەخۆیی ☜ وێنەی خود












**خۆسزادان:** self_punishment ئایینناسی دەروونناسی چاوگی تێپەڕ خۆئازاردان، تۆبە و خۆسزادان لە ئەنجامی هەستکردن بە پەشیمانی، کە زیاتر لە بۆچوونی ئایینییەوە سەرچاوە ئەگرێ؛ تۆبەکردن بە خۆئەشکەنجەدانەوە،

پارێزی سەخت و چلەکێشان. ع العقاب الذاتي N selvstraff د خود تنبیهی.





**خۆشامایی:** insinuating هێمایر فەرمان مەرایی، ڕووبینی، ڕیا، ڕیابازی، ماستاوکردن. ع تملق N insinuerende د چاپلوسی، تملق.

**خۆشاو:** compote ناو {لە فەرانسەی کۆنی composte} کەمپوت، میوەی کولاوە بە تۆزێ شەکر و گولاو و هێلەوە، ڕینگاڵەکەی تراوە و وەکوو لاچەڕ خەست ناکرێتەوە؛ میوەی کولاوی کۆنسێرڤکراو. ع کومبوت N kompott د کمپوت.

⇠ خۆشاوی باوی کوردی زیاتر بە هەرمێ کرۆسک و قەیسی و بەهێ و مێوژە ساز ئەکرێ. ⇠ **کرۆسک:** wild pear هەرمێ کێویلە. ع الکمثری البریة N vill pære د گلابی وحشی.

☜ ڕینگاڵ: ئاوی میوە،

☜ خۆشاو: میوەی کولاو لە ناو ئاو،

☜ لاچەڕ: میوەی کولاو لە ناو شەکر.

☜ دۆشاو: شیلەی خەستی وەکوو میوە و هەنگوین.








**خۆشبەختی:** happiness هەست ئاوەڵناو بەختەوەری، دارەتی هەستکردن یان پیشاندانی چێژ یان ئۆخژنە. باشارکردنی ساتبەساتی خودئاگایە، خۆشبەختی ئەو «**کات**»ـەیە کە تەناهیی لە مێشکدا هەیە و بە ڕێکوپێکی کار ئەکات؛ لێرەوە دەرئەکەوێ کە خۆشبەختی دارەتە نەک ئاوەڵناو. بە گوتەیەکی تر خۆشبەختی ئەدگارێکی درێژخایەن، سەقامگیر یان تایبەتمەندی کەسیی نییە، بەلکو دارەتێکی تێپەڕتر و بگۆڕتری هەیە N Lykke ع سعادة د خوشبختی.

**خۆشبەز:** ڕند و دەلال و زەری، جوانچاک و خۆشیک و لاو و ئاکارشیرین، ئاژەڵی ڕاهێنراو. ن: ئەسپی ڕاهاتووی ڕەفتار شیاو.





**خۆشدەماخ:** euphoria دارەت ناو دڵخۆش، نەشە، هۆشبراو؛ هەست و دارەتی وروژاو و دڵخۆشی چڕی سروشتی؛ یان سەرخۆشی هێسنی هۆشبەر وەکوو مەی و تریاک و کۆکایین و حەشیش. ع نشوة N eufori د نشئە، مشاط.

**خۆشدیمەن:** picturesque دۆخ ئاوەڵناو جوان، دانسقە، ناوازە؛ دیمەنی سەرنجڕاکێش، بە تایبەت بە شێوەیەکی سەیر یان دڵڕفێن. ع رائع N pittoreske د زیبای مانتعارف.





**خۆشکۆیی :** self_glorification دەروونناسی ناوی لێکدراو خۆ بە گەورە دانان، شانازی بەخۆوە کردن N selvforherligelse ع تمجيد الذات د تفاخر.
➜ **مەزنایەتی :** glorification ناو گەورەیی N forherligelse ع د تمجيد. ➜ **خۆشکۆیی نەتەوەیی :** national self_glorification پێداهەڵگوتن و باڵادەستگرتنی نەتەوەیی N nasjonal selvforherligelse ع تمجيد الذات الوطنية د تمجيد ملى.

**خۆشمرۆ :** chivalrous ناوی لێکدراو جوامێر، کەڵەمێر، ڕەند، مێرخاس، خاوەن گەدی چاکە (وەکوو بەخشندەیی و خێرخوازی و بوێری و...) ع شهم N ridderlig د جوانمرد.

**خۆشمەند :** frolicsome ئاوەڵناو مردمی دڵخۆشی شادمان، دڵشاد. ➜ [لەسەر کێشی هۆشمەند، دڵمەند، سەرمەند، سیامەند] ع مسرور N fornøyd د شادمان.

**خۆشەویستی دەرباری :** courtly love داب‌ونەریت نەریتێکی سەدەی ناونجی زۆر ئاسایی خۆشەویستی لە نێوان سوارچاک و خاتوونی هاوسەری ئاغاکەی. بۆ یەکەمجار لە بەستە و گۆرانییە باوەکانی ترۆبادۆری باشووری فەرانسە ڕەنگی دایەوە و بە شێوەیەکی بەرفراوان لە وێژەی ئورووپای ئەو سەردەمەدا بەکارهێنرا، وەک ڕۆمیۆ و ژوولیەت. وازی خۆشەویستی سوارچاک بۆ خانمەکەی، وەک خولیایەکی بەرز و شیانست سەیر ئەکرا و پەیوەندییەکی درێژەدار بوو.







**خۆگر :** durable ئاوەڵناو تۆکمە، بەرگەگر، بەهێز، بەرگ سەخت. توانای

بەرگەگرتنی لەبەرکردن، فشار، یان تێکچوونی هەبێ. [ع] متین، صالة [N] varig [د] متحمل، مقاوم.

**خۆگێلکردن:** remiss, evading [فەرمان] خۆبواردن یان دوورکەوتنەوە، بە تایبەت بە زیرەکی یان فێڵکردن. [ع] التهرب [N] unndra seg [د] طفره رفتن.

**خۆگێل نواندن:** charade [فەرمان] خۆبەگەوج نواندن، خۆبەگەوج پیشاندان؛ خۆنمایشکردنێکی بێواتا کە مەبەست لێی دروستکردنی ڕواڵەتێکی جوان یان ڕێزدارە. [ع] التظاهر بالغباء [N] unndra seg [د] تظاهر بە احمق بودن.

**خۆماک:** instinct [ناوی لێکدراو] خۆڕسک، ڕێژارە، ڕشتارە، ڕەمەک، تەژی بوون بە چۆنێتی بە تایبەت تامەزرۆ، هۆشمەندی گیانەوەران [پێناسە:] مێکانیزمێکی خودکاری ناگائای زاڵی هەمەچەشنی ڕوو لە ئامانجی سەپێنراوە کە لە ئاژەڵدا هەیە و لە مرۆڤدا نییە و، یان نەماوە. لە مرۆڤدا تەنها پاڵنەر هەیە و ئەویش هۆکاری ئەنجامدانی چالاکی و بەرەوپێشەوە چوونە. [ڕیشەناسی] [خۆ + ماک] ماک بە واتای ڕەسەن و سۆلان و خۆ بنەما و ڕەچەڵەک و ڕێژارەیە، واتە خۆی بنەمای خۆیەتی و ئەو شتەیە لە بناغە و بنەمادا هەیە؛ خۆڕسکە و، ئەو شتەیە کە بۆماوەییە و لە تۆرەمەیەکە بەوی تر ئەگات. [ع] غریزە [N] instinkt [د] غریزە.

**خۆماکی مەرگ:** Mortido [دەروونناسی] [ئاوەڵناوی لێکدراو] مۆرتیدۆ، ڕێژارەی کەڵکەڵەی تامەزرۆیی مەرگ. [ع] غریزة الموت [N] Mortado [د] غریزە مرگ [E] Mortido.







**خۆمانی:** intimacy ناو دۆستایەتی نزیک، خۆیبوون، نزیکایەتی. ع الفة N fortrolighet د صمیمیت.

**خۆنشوو:** Khonshu ئایین‌وئەفسانە ناوی تایبەت یان Khonsu یان Coptic خوای مانگە لای مەسریانی دێرس. ناوەکەی بە واتای گەشتیارە و ئەمەش ڕەنگە بە هۆی گەشتی شەوانەی مانگەوە بێ. خۆنشوو لە بەدیهاتنی ژیانی هەموو گیانداران یان بوونەوەرانی زیندوودا نەخشی هەبووە. لە مەڵبەندی تێبەی Thebes لەگەڵ «مووت»ی دایک و «ئاموون»ی باوک شێوەی بنەماڵەی «سیانی» بەدیهێنا.




**خۆوێناندن:** دەروونناسی ناوی لێکدراو وێناکردنی خۆ لە بەرچاودا. ع الخیال الذاتي N selvfantasi د تخیل خود.

**وێناندن:** imagine دەروونناسی چاوگی تێپەڕ وێناکردن، هێنانە بەرچاو و ئەندێش. ع تصور N forestill deg د تصور کردن.

**خۆنەخۆشخەر:** malingerer ئاوەڵناو کەسێکە بە درۆ خۆی ئەدات لە نەخۆشی. ع متمارض N malingerer د تمارض کننده.

ن: هێشتا لێی نەکەوتبوو، خۆی گەیاندە دارەتی جاو. واتە دارەتی مردن.



**خۆیا :** axiom ئاوەڵناو دیار، ئاشکرا، سوڵان، ڕاستی ڕاشکاو، بنچینەی گفتوگۆ و لێدوان، دەرکەوتن و نواندنی بیچم و کەسم. ع بدیهة N aksiom د اصل.

**خۆیان :** دانەوێڵە ناو کا و گەنمی تێکەڵ پێش شەن کردن.

**خواجانە :** ناوی‌چاوگ دوو سەکۆ لە هەر دوو بەری دەروازە.



**خواجە :** ناو پیاوی خەسێنراو، پیاوی گون دەرهاتگ.

**خواری دابەشین :** skewness of distribution دەستەواژە لاری و لاوازی و ناهاوسەنگی دابەشکردن.

**خوازبێنیکراو :** distrib ئاوەڵناو داریکراو، پێبەخشراو. ع مقترح N foreslått د خواستگاری شده.

**خوازە ❶:** metaphor پێزمان ناو شێوەی دەربڕین یان بەکارهێنانی چەمک و دەستەواژەیەک لەبری یەکی دی کە زۆر لەیەک ئەچن. ع استعارة N metafor د استعاره.

**خوازە ❷:** problem ناوی‌بکەر پەرسای، پرسگر، بەرگەر، دۆز، واسەی، واشتەنە، گرفت، گێچەڵ، گێرەوکێشە ع مشکلة N problem د مسئله.

**خواستنەوە :** loan ناو شتێک وەک برە پارە کە قەرز دەکرێت و چاوەڕوان دەکرێت بە سوودەوە بدرێتەوە. ع استعارة N låne د

وام. G قانوونی

**خوایە بەزەیی:** Miserere ئایینناسی نزا دێکامێرۆن ١ نزای پەرتووکی سالم ٥١ {Psalm} کە بە «خوایە بەزەیی» دەست پێئەکا، گازەی داوودی پەیامبەرە و پاڕانەوەیە بۆ بەزەیی خوا، چونکە داوود شەیدای بەسشابا: Bathsheba هاوسەری ئووریای حیتی لە سەردارانی خۆی ئەبێ، کاتێک ئەزانێ بەسشابا سکی پڕ بووە، تێئەکۆشێ ئووریا دوور بخاتەوە، بەڵام بۆی ناکرێ، ناچار ئەیکوژێ و بەسشابا لە خۆی مارە ئەبڕێ. سلێمانی نەبی کوڕی ئەم بەسشابایە. تەورات: {ساموێل ١١:٦ـ١٣ و شاهانی یەکەم ١٨:} قەشەکەی لەمەڕ ئێمەش هەمان تاوانی داوودی ئەنجام داوە.








**خود:** self دەروونناسی ئاو خود بە واتایەک هەمان من یان ئێگۆیە؛ هەمان هەستی دەروونی کە پێمان دەڵێت ئێمە لە کەسانی دیکە جیاین. هەمان هەستی ناوەوە کە پێناسەیەکی دیاریکراوی نییە، بەڵام هەستێک هەیە لە وەڵامی ئەوەی کە، منێک هەیە و ئەو منە چیە؟ هەر لە سەرەتای منداڵییەوە هەستێکی ئەبستڕاکت گەشە دەکات. منداڵەکە لە تەمەنێکەوە دەڵێت «من». هەر لەو تەمەنەوەیە کە ئەزموونی خودئاگایی دەکات. واتە بە ئاگادارییەوە خودی خۆی لە کەسانی تر جیا ئەکاتەوە. توانای ناسینی ئەندامەکانی جەستەی پەیدا دەکات. ئەزانێ ئەندامەکانی جەستەی دایک یان چاودێرەکەی لە «خود»ی منداڵەکە جیاوازن. هەروەها وردە وردە دەتوانێت لەوە تێبگات کە

خودی ناوەوەی جیاوازە لەوانی تر. واتە بۆ نموونە کاتێک ئەو سەیری دیمەنێک دەکات، کەسێکی تر کە ڕووبەڕووی ئەو وەستاوە ئەو دیمەنە نابینێت. ◀ مرۆڤ بە سیستەمی هەستکردن و تێگەیشتنی، لە شێوەی بینینی دەروونیدا، لە ڕۆژەڤی فیزیکیدا لە خود تێدەگات. هەرچەندە کەسەکە تێدەگات خود چییە، بەڵام دەبێت لە چوارچێوەی پەیوەندیدا لێی تێبگات. ◀ لە پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تردایە مرۆڤ دەتوانێت هەم لە خود و هەم لە ئاوەزی کەسانی دیکە تێبگات. ئەو ئاوەزەی پێمان دەڵێت ئێمە لە کەسانی تر جیاین. ع الذات N selv د خود.

☜ من









**خودان:** owner ناو ڕاوەندار، خێو، خاوەن. ع مالک N eier د صاحب.

**خوداناپەرەستی:** Atheism ئایدیۆلۆجی خودانەناسی، نکۆڵی هەبوونی خودا.

**خودانکردن:** پەروەردە پەروەردە و سەرپەرشتی و پێگەیاندن، بار هێنان، بەخێوکردن.

**خودانی دو گامبیا:** Sire de Gambais نازناو یان Lord of Gambais دو گامبیا، کە ئەکەوێتە ناوچەی سەن ئێواز Seine_et_Oise قەڵایەکی جوانی سەدەی هەڤدەیە. ئەم قەڵایە کەمتر بەم هۆیەوە و زیاتر لەبەر ئەو مرۆڤکوژییانەی لاندرۆی سمێڵ شین لەوێ کردوویەتی بەناوبانگە.

بێژێ: هـ. گ. سینەما چییە ☜ مۆسیۆ ڤێردۆ






**خودبێزاری:** self_loathing ناوی لێکدراو هەستی ڕق لە خۆبوون و خۆ بە تاوانبار زانین. ع selv avsky N self_loathing د خود بیزاری.

**خودپەرستی:** selfishness ڕەفتار ناو دارەتی لەخۆ باییبوون. ع انانیة N egoisme د خودخواهی.

**خودپەسەند:** self_righteous دەروونناسی هەست ئاوەڵناو خۆبەڕاستزان، دڵنیابوونی بێبنەما لەوەی کە مرۆڤ لە زۆر ڕوانگەی ڕەوشتی و زانین و ڕاستگۆیی و شتی ترەوە لە کەسانی تر باڵاترە. ◄ خودپەسەندی لە نیشانەکانی مرۆڤی نارسیسیتە، نارسیسیتی خودپەسەند، بە پاراستن و دانانی خۆی وەک کەسێکی باڵادەستی ڕەوشتبەرز، پلەی نارسیسیتی خۆی وەردەگرێت. نارسیسیتی خودپەسەند بە توندی پابەندە بە ڕێساوە و حوکم لەسەر کەسانی دیکە دەدات کە پابەند نین بە پێوەرەکانی ئەوەوە. ع استقامة النفس N selvrettferdig د خودحق پنداری.

⇐ **دەروونناسی و ئایین:** psychology and religion دەروونناسی تۆژینەوەی دەروونناسی ١٩٣٨، نووسینی کارل گۆستاف یۆنگ C. G. YUNG وەرگێڕانی فەرمان ڕۆستەمی.








**خودسەری:** vanity ناوی چاوگ تێهەڵچوون لە ئیشوکار بەبێ پرس و لێکدانەوە، کار بە ئارەزووی خۆکردن، گوێ نەدان بە قسەی کەس، لاساری. ع هباء N forfengelighet د بادسری ☜ بێفەڕی.

**خودهاوسانی:** identification ناو ناسینەوە، هەستی دەروونی خۆ بە کەسایەتییەکی تر دانان. ع تطبيق الهوية N identifikasjon د همذات پنداری.

**خودی:** subjective ئاوەڵناو شتێکە باندۆر یان چێژ یان بۆچوونی هەستێکی کەسی لەسەر بێ. ع ذاتی N subjektiv د ذهنی.

⇐ **بابەتی:** Objective ئاوەڵناو شتێکە باندۆر یان چێژ یان بۆچوونی هەستێکی کەسی لەسەر نەبێ. ع موضوعي N objektiv د عینی.









**خورافات:** superstitions بڕوا شێوەزانست ناو ناوی تایبەت بڕوا و ڕێزدانان بۆ بوونەوەری بانسروشتی و دیاردەی ڕووپووچی دوور لە ئاوەز و بیرسا و زانست. ع خرافة N overtro د خرافات پیشەناسی ئێتیمۆلۆژی خورافات: لە عەرەبستان، لە سەردەمی «جاهلیەت» پیاوێک هەبووە بە ناوی «خورافە» لە خێڵی «بەنی عوزرە»(بني عذرة)، بۆ ماوەیەک ون ئەبێت و پاشان دەرئەکەوێتەوە و ئەڵێ جنۆکە دزیویانە و شتی سەمەرەی لێ ئەگێڕانەوە کە جێگەی بڕوا نەبوون. ئەبێ بە باو هەرکەس قسەی ڕووپووچی بکردایەت ئەیانوت قسەکانی وەک قسەی «خورافە» وایە؛ بەم شێوەیە «خورافات» ئەبێ بە ئەفسانە و بڕوا بە شتی بێواتا.



**خورپە :** کاری تێپەڕ داچڵەکینی دڵ، ڕاتڵەکانی دڵ، ئاگاییەکە بەدڵدا دێ، بە باش و خراپ ن: هات بە دڵمدا، داویە لە دڵم. وەک هەستی شەشەمی ئاگایی دەرئاسا و بەدەر لە پێنج هەستەکەی تر.

**خورشیدی :** Khorshidi religion ئایینناسر دین ئاییینی خورشیدی، لە «**گوڤارا باشور** ژمارە ١٨» هاتووە:

«ئاییینی خورشیدی شەهادەت هێنانە بە «**خورشید**»ی خوشکەزای شێخ ئەحمەدی بارزان کە لە بەهاری ساڵی ١٩٦٨ لە گوندی **شری** کردی بە جێگری خۆی (هەرچەند کە خۆی چەند کوڕی هەبوو و بە تایبەت شێخ عوسمان کە ئەویست ببێ بە جێگری). «ل جەم خورشیدی یا، پێکهاتەکا نە لازمە دهەمبەر ناسین و زکرێ خودێ وسوفیگەرێ، بەڵکو ڕەوحانیەتی کرۆکێ موریدایەتیا خورشیدیا دکەتە **شەهادەت بۆ مورادێ وان** (وەک خودان و خورشید).

◂ پێکهاتێن ئایدولوجی ل جەم خورشیدی یا، خۆیا دکەت کۆ هەلگرتنا (فەرزا) خالەکا بنەڕەتی یە ل بیروباوەرێن وان و، ئەڤ خالە ژی بەرگەکێ فەلسەفی ل خۆ وەردکەت، و زالکرنا فەلسەفێیە لسەر ئایینی، ئەڤە ژی ب قوینانخ قوینانخ بریڤەچوویە وهەتا کۆ ل **نەهێلانا** فەرزێت بەرچاڤیت ئێسلامێ دا کۆم بوویە (نڤێژ، ڕۆژیگرتن، حەج، زەکات، **...**)»

**خورشیدی :** مۆزیک قامێکی کوردییە ن: لەبەر نازی چاو بازان (مەقامی خورشیدی) عەلی مەردان.




**خورۆشاو:** shouting ئاوەڵناوی فرمان خرۆشاو، هەڕاو و بە گرمە و نەڕە، جەماوەری لە پەشێوی لێکهاڵاو و تێکەڵاوبووگ. ع صراخ N roper د خروشان.

 

**خوڕڕەمدین:**[١] بابەکی خوڕڕەمدین، سەدەی نۆی زاینی، لە ناوچەی ئەردەبیل، سەرکردەی شۆڕشی رزگاریخوازانەی دژی عەباسیەکان بوو کە ماوەی بیست ساڵان بەردەوام بوو. خوڕڕەمدینان بە **بەرگسوور** بە ناوبانگن بەو جۆرەی کە پەیڕەوانی ئەبوومسلیمی خوراسانی بە بەرگ رەش ناسراون. ئایینی خوڕڕەمدینان کە خۆی بە واتای بەهدینە، ئاوێتەیەکی زەردەشتی و مەزدەکی بووە.









**خوڕڕەمدینان:**[2] Khurramites مێژوو بەڵگە ناو سەبارەت بە کوردبوونی بزووتنەوەی خوڕڕەمیە یان بەهدینان، بە سەرۆکایەتی بابەک و درێژەی بزووتنەوەی ئەبوو موسلیمی خۆراسانی، پەرتووکی مێژوویی بولدانی یەعقووبی «بلدان یعقوبی» نووسینی ئیبن وازیحی یەعقووبی بەغدادی «أحمد بن أبيِ یعقوب إسحاق بن جعفر بن وهب بن واضح الیعقوبيِ بغداديِ»، مێژوونووسی موسڵمانی سەدەی نۆیەم، واتە ١١٠٠ پێش ئێستە نووسیوێتی: گوندەکانی «بەڕڕان» و «میرێن» و «قامدان» کوردن و بزووتنەوەی خوڕڕەمدینان لێرەوە سەریان هەڵداوە، ئەکەوێتە نێوان ئەسفەهان و ئەهوازەوە، هەروەها گوندی «فەهمان». {لاپەڕە ٨٨ بە زمانی عەرەبی}. ع خرمیة N Khurramittene د جنبش خرمدینان.







**خوشین:** crawl چاوگی تێنەپەڕ کار خزین و ڕێکردنی مار، ڕێکردنی خشۆک؛ کشانی ئەستێرە. ع زحف N krype د خزیدن.




**خولانەوە:** چاوگی تێنەپەڕ خولانەوە، خولانەوەی شتێکە بەگردی خۆیدا. هەر تەنێک چەقی خۆی هەبوو و، خولا بەدەوری خۆیدا ئەوە خولانەوەیە؛ زەوی بەگردی خۆیدا ئەخولێتەوە، بەگردی خۆریشدا ئەسووڕێتەوە ← سووڕانەوە، سووڕانەوەی شتێک، کەسێکە بەگردی شتێکی تردا؛ هەر تەنێک چەقی خالێکی دیاری کراو بوو و سووڕا بە دەوریدا، ئەوە سورانەوەیە؛ ئەوتریٚ: بڕۆ بیخولێنەرەوە، ئەگینا بەگردی تۆدا ئەسووڕێمەوە (پێشنیازی ئەکبەر حەسەن و هێمن دامید).




**خولگە:** orbit ناو تەوەری سووڕانەوە. ع مدار N bane د مدار.

**خولە:** roving ئاوەڵناو ڕۆیشتنی کتوپڕ و خێرا لە سووچێکەوە بۆ سووچێکی تر. ع تنقل N vandrende د پرسە زدن.

**خولە خەوخۆش:** Gros_Jean وێژە فۆلکلۆر ژانی لۆزەندەر یان simple Jack جەکی ساویلکە، لە چیرۆکی ١٠ ای پەرتووکی حەوتەمی چیرۆکەکانی

لافونتێن بە ناوی شێرفرۆش و کووزووی شێر: «جا جەماوەر خۆتی ئەوێم، ئەمکەن بە شا و تاج لەسەر سەرم دائەنێن، ئینجا لەپڕ ڕووداوێک ئەمهێنێتەوە بە خۆمدا و، ئەبمە بە هەمان خولە خەوخۆش کە بووم.»










**خولیا :** preoccupation واژ ناو تامەزرۆیی، کەڵکەڵە، گێنگڵ، هەوەس و ئارەزووی فراوان، گیرۆدەیی. ع انهماک N opptatthet د وسوسە E Obsession.

**خولیایی ناچاری :** Obsessive compulsive disorders دەروونناسی ناسازی کەسایەتی وازوازی ناچاری، یان OCD ناسازییەکی ئاوەزی کردەیی دەروونییە کە نەخۆش هەست بەوە ئەکات هەندێ کاری تایبەت چەندین جار ئەنجام بدات و هێشتاش دڵی ئۆخەی لێناکەوێ؛ وەک دەستشۆردن یان خاوێنکردنەوە، دڵنیابوون لە قفڵبوونی دەرگا. ئەم خولیا و ڕاڕاییە بە ڕادەیەک پەرە ئەسێنێ کە کار ئەکاتە سەر ژیانی کەسەکە.












**خولی دیرکتوار:** Directoire ڕامیاری دامودەزگا ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی پێنج کەسی بەپێی دەستووری ساڵی سێیەمی شۆڕشی مەزنی فەڕانسە، لە ١٧٩٥ تا ١٧٩٩. شێوازی دیرکتوار لە هونەری ڕازاندنەوە و پۆشاکدا لە فەڕانسە و بەشێکی ئورووپادا ڕەنگی دایەوە.





**خوم:** ناو خم، هەش، گیایەکە لیلەڕەنگ، لە شیرە و گەڵاکەی ڕەنگی خم یان چوویت بەرهەم دێ کە بەنی پێ شین ئەکەن.





**خومار:** hangover ناو بەرکار کەسێک کە دوای نەشەبوون و سەرخۆشی سەری ئێشێ. ع دوار من اثر الخمرة N bakrus د خمار.

**خومخوم:**❶ دەنگەوشە دەنگی ئاو کە بە ڕووبار و جۆگەدا ئەڕوا.

**خومخوم:**❷ ئاوەڵناو شۆخ و شەنگ.

**خوناو:** dew دیاردە ناو ئاونگ، خوسار، شەونم. ع ندی، نداوة N dugg د شبنم. ⇦ **سیخوار:** hoarfrost دیاردە ناو کورشە، زوقم و بەفرۆکە و بەستەلۆک. ع أجش N rimfrost د سرماریزە.







**خوناوە:** drizzle ناو فەرمان نمە، خوناوکە، خوناڤ، وردەبارانی نەرم و هێدی. ع تمطر رذاذا N duskregn د نم نم باران. ⇦ **خوسار:** rime ناو خوناوەیەکی وەکوو خوێیە، بە شەوی سارد، چڵی درەخت و زەوی سپی ئەکات و بە ڕۆژ ئەتوێتەوە. ع جلید N rim د جلید.










**خوە:** xiwe ناو خوەھ، لێزک، ئارەق. تراوێکی زەلاڵ و سوێرە لە لووی ئارەقرێژی پێستی گواندارا ئەدەڵێ.

**خوێچەش:** taste ناو ناوی فەرمان چەشکە، چەشتنی خواردن لە کاتی لێناندا بۆ زانینی ئەندازەی خوێ و ئاڵەتەکەی. هەرچەند ئەوتریٚ زمان زۆر لەوە هەستیارترە و چێژی زیاتر و جۆراوجۆرتر هەست پێ ئەکات.

ع المذاق N smak د چێشتن.




**خوێژنگ:** sponger ناو کارا مشەخۆری بنسێبەرێ، پارسەک، خۆگنخێن، خۆگیر، خۆڵەکاربوێر، خەرسەک، خەمسار، خەمسارد، چەلووس، خاویلکە، خۆبوێرلەکار. ع الطفيلي، متسول N sponger د مفت خور.

**خوێکردن بە کلکی مەلدا:** Salting a Bird's Tail پەند پەندی پێشینان، لە زۆر زووەوە هەیە و هەر نەبێ لە سەدەی شانزەهەمەوە ئاماژەی پێ دراوە. ئەتوانی مەل بگری بەوەی کە خوێ بکەی بە کلکیدا، چونکە **خوێ** باربەڕەنی هەیە و مەلەکە تەلەسم ئەکا؛ بەڵام لە ڕاستیدا واتاکەی ئەوەیە کە، ئەگەر بتوانی ئەوەندە لە مەل نزیک ببیتەوە کە خوێ بکەی بە کلکیدا، ئەشتوانی بیگری و نەهێڵی لە دەستت دەرچێ.




**خوێنبایی:** blood money دابونەریت ناو ئەو برە پارە یان کاڵای کە ئەیدەن بۆ ئەوەی گیراو یان بارمتەیەک وەربگرنەوە. ع فدية N blod_penger د فديه E ransom.






**خوێنبەربوون:** hemorrhage پزیشکی چاوگی تێپەڕ خوێنبڕان، خوێن لێهاتنێکی زۆر، هاتنی خوێن لە خوێنبەرێکی هەڵدڕاو، بە تایبەت کاتێک برینەکە گەورە و خوێنەکە زۆر بێت. ع نزف N blødning د خونریزی.






**خوێنبەردان:** blood_letting پزیشکی چاوگی تێپەڕ خوێنگرتن لە ڕێگەی نەشتەر لێدانەوە N blodslipp ع د فصد.

**خوێندنەوە بۆ هەموان:** Lectures pour tous گۆڤار گۆڤارێکی وێنەداری فەرەنسیی بوو کە ڤیکتۆر تیسۆت لە ١٨٩٨ دایمەزراند و تا ١٩٤٠ درێژەی هەبوو.







**خوێنمژان:** Vampires فیلم یان ڤەمپایر، فیلمی سینەمایی ١٩١٥ی فەڕانسەیی، دەرهێنانی لویی فۆیاد.

**خوێنجمان:** دەروونناسی هێمایی ناوی‌لێکدراو [خوێن +جمان.{جوولآن}] تەوژمی خوێن، وەکوو دارەتی ئەرێنی، کە لە سەرەتای وەرزی بەهاردا هەموو سرووشت ئەجمێ و ئەگەشێتەوە؛ لە دارەتی نەرێنیدا بە واتای گوشاری خوێن و بە شێوەی هێمایی ئەبێتە هۆی هەڵچوون و غەزرانی دەروونی. ⇦ **جمان:** move, pulsate, assemble چاوگی تێنەپەر فەرمان بزووتن، جوولآن؛ تێکئالآن. ⇦ **جمین:** wave, mobilize چاوگی تێپەر وەک هۆکارە بۆ وەزین و ئالوگۆڕ. G وەهبی ئەدمۆندز

**خوێندکار:** student ناو کەسێک کە خوێندنی بالآ لە ناوەندی وەکوو زانکۆ و زانستگە دەخوێنێت. ع طالب N student د دانشجو.

⇦ **فێرخواز:** student ناو فێرخاز، زانخواز، زانگر، شاگرد، هیخاز، کەسێک کە لە فێرگەی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی دەخوێنێت. ع طالب N elev د دانش آموز.

**خوێندنی بالآ:** Higher Education پەروەردە خوێندنی بالآ خوێندن لە زانکۆ و لە ڕادەی پسپۆڕی. ع الدراسات العليا N Høyere utdanning د تحصيلات عالى.

**خوێنناسی:** hematology زیندەوەرزانی خوێنزانی، هێماتۆلۆجی، ئەو لقەی بایۆلۆجییە کار لەسەر فیزیۆلۆجی خوێن ئەکات. ع دراسة فسيولوجيا الدم N hematologi د خون شناسی.








**خوێی بۆندار:** smelling salts کیمیا پزیشکی ناوی لێکدراو یان خوێی بۆنخۆش یان ئامۆنیۆمی بۆندار، هێسنێکی کیمیاییە کە لە پزیشکیدا بۆ هاندانی وشیاریی سوودی لێ وەرئەگیرێ.





**خوودە:** helmet ئەولەهەر ناو هێلمت، کلاّوئاسن، کلاّوزرێی پاراستنی سەر. ع خوذة N hjelm د کلاه ایمنی.





**خوودەی زێڕین:** Casque d'or فیلم فیلمی مێژوویی ١٩٥٢ی فەرەنسەیی، دەرهێنانی ژاک بێکەر. تراجیدیای بێلە ئێپۆک Belle Époque.







**خەباتگێڕ:** militant ئاوەڵناو شۆڕشگێڕ و هێرشبەر بۆ پشتگیریکردن لە دۆزی ڕامیاری یان کۆمەڵایەتی و، بە شێوەیەکی گشتی لایەنگری شێوازی توندڕەو، توندوتیژ، یان بەرەنگاربوونەوە؛ بە چەکدار و شەڕەنگێزیش واتا کراوە: **کرێکاری خەباتگێڕ:** Militant Labour ڕێکخستن پارتی کرێکاری لە ئیرلەندا کە کلێر دالی Clare Daly خەباتگێڕ لە دامەزرێنەرانی بوو و، پاشتر ناوەکەیان گۆڕی بە پارتی سۆسیالیست .









**خەباتی کۆمەڵایەتی:** Guerre Sociale ڕۆژنامە خەبات ڕۆژنامەی چاپی پاریس، کە گۆستاڤ ئەرڤە بەڕێوەی ئەبرد.

**خەپرەکردن:** mingle چاوگی تێنەپەڕ لێک ئاڵان و بەناو یەکدا هاتن و چوونی مەڕ و بزن، کاتێکە بە هۆی دیاردەیەکی سروشتی وەکوو با و تۆز و برووسکە و وردە بارانەوە قەڵس ئەبن. ع خلط N blande seg د درهم آمیختن.





**خەرابات:** ویژە ئایینناسی لە وێژەی سۆفیگەریدا وشەی خەرابات، واتایەکی باڵای هەیە و ئەماژەی بۆ یەکبوونە، ئەو شوێنەی وا عارف تێیدا خەریکی

گەڕانە و بۆ پلەی باڵای ون بوون، کاڵبوونەوە، نەمانی هەموو نەخش و ڕواڵەتە ڕواڵەتی و نا خوداییەکان تێ ئەکۆشێ. لە فەرهەنگەکان‌دا ئەم واتانەی بۆ نووسراوە: مەستێ بێ ئاگا، سەرخۆشی بادە، مەستێ مەست، مەیخانە، دنیای کەلاوە، کاولستان، دنیای بێوەفا. لە زمانەکانی تردا زیاتر بە واتای مەیخانە هاتووە. ع خمارة N taverna د خرابان E tavern ⇦ هۆنەرە مەزنە کلاسیکیەکانی کورد شارەزای فەلسەفە و چەمکی خەرابات بوون و لە شیعرەکانیان‌دا باسی خەراباتیان کردووە:

ئەحمەد موختار جاف:

لەعەشقی خووبرووویان مەنعی من هەرگیز مەکە واعیز
بە دەستی خۆم نییە بەخوا ئەمە دەردێکی زگماکە
بەڵێ بازاڕی دەهرە وا یەکێ سۆفی یەکێ شێخە
یەکێ جێگەی خەراباتە، یەکێ بێهۆشی تریاکە

دیسان ئەحمەد موختار جاف:

زاهید وەرە ناو بەزمی حەریفانی خەرابات
لادە لە ڕیا و سەرزەنشی قۆڕ و خەرافات
یەک جورعە بنۆشە لە مەیی بێ غەش و گوڵڕەنگ
ئەسڵەن مەکە تۆ بەو پڕوپوچانە موبالات

مەحوی:

شوکر هۆشیارە مەحوی، تێدەگا دنیا خەراباتە
کە بەدەستی بکا ئەهلی، خراپەی بۆچی لێ دەگرم

دیسان مەحوی:

شوکری حەق بەر دەری هەر فەقرە ئیقامەتگاهم
بەر دەر و باری نە سوڵتان و نە شا نیمە مەلاژ
بەڵکە لەو ڕێیەوە من پەی بەمە عیمرانی بەقا

مەحویا غەیری خەراباتی فەنا نیمە مەلاژ

شامی کرماشانی:

خەرابـــەم کـــرد خەرابـــات خەیاڵـــت
وە دەس چود عەقڵ و ئیمانم، وڵم کە
وە بـــادەی تەڵخ جـــام زندەگـــانی
دەمێ مەست و غەزەڵ خوانم، وڵم کە

لە شیعری فارسیدا، حافزی شیرازی یەکێکە لەو کەسانەی خەرابات و هەموو رەهەند و لایەنەکانی ئەم دیاردە عیرفانیە پێکەوە ئەنوێنێتەوە:

یادی ئەو یارە پیاڵەی هەڵئەدا لە بەزمی یاران
یادی ئەو بەزمە من و یار و، خوا بەڵام لامان بوو
یادی ئەو کاتە خەرابات نشین بووم و مەستە
ئەو شتەی لێرە لە مزگەوت کەمە لامە، لامان بوو

دیسان حافز:

من بە یادی لێوی ئەو چوومە خەرابات دوێشەو
دیم هەشی مەی دڵی پڕ خوێن و لە ژێر پێی گڵ بوو

   

**خەرتۆک:** scraps, scrap کشتوکاڵ ناو خەرتەک، پاشەرۆک، میوەی بەجێماو لە دوای باخ ڕنین؛ پاشماوەی خواردەمەنی، ئاسنەواڵەی پاشماوەی

ئامێر. ع قصاصات، خرده N utklipp, utklipp د ضایعات، باطله.






**خەرمان:** harvest کشتوکاڵ ناو بێدەر، بەرهەمی کۆکراوەی گەنم یان جۆ یان برنج. ع حصاد N innhøsting د خرمن. ☜ خەرمانی سوور

⇐ لە قولەوە بۆ خەرمان بە گوێرەی ناوچەکان جیاوازە، وەکوو:

ن: **قول، گەشتانە، مەلۆ، باخە، لۆدە، بار، گیشە، خەرمان.**

یان:

ن: **گۆلمە، سواڵە، مەلۆ، باخە، شەنە. شەماڵ، شارا، خەرمان.**






**خەرمانە:** aura شێوەزانست بانسرووشتی {بانئاسایی paranormal} هاڵاوێکی وەکوو هەوری شینبەر و ناوێزە کە بە هۆی جەستەی گیاندار یان شتەوە بەدی دێ. لە کەشتی مینەوی تازە و شێوەزانست {Pseudoscience} و بانسروشتدا، ئەوتریێ مەیدانێکی وزەی پەرتەوی ڕەنگنامەیە کە لە لایەن هەندێ کەس یان لایەنەوە بڵاو ئەبێتەوە و بە هێسنی نابەرهەست

دائەنرێ. ⇦ تاقیکردنەوەی زانستیانەی ئەو کەسانەی کە بە خۆیان ئەڵێن خێرە و سایکیک و مێدۆم، کە وتوویانە خەرمانە ئەبینن، لە ١٠٠٪ شکستێ هێناوە و دەرکەوتووە هەر هەموویان درۆ ئەکەن. ع هالة N aura د هالە.












**خەرمان سوور:** ناو خەرمانی سوور، کۆی دانی لە کا جیاکراوە.

**خەرمانەی خۆر:** solar corona شێوەزانست بانسروشتی کەشناسی یان تاجی هەتاو بەرگەهەوای دەرەوەی ئەستێرەکەمانە. جۆن لینکەر Jon Linker سەرۆکی زانستی پێشبینیکردن دەڵێت: «وەک بای هەتاو درێژدەبێتەوە بۆ بۆشایی نێوان هەسارەکان». ئەم بایە بە هۆی گەرما و گێژاوی موگناتیسی لە خۆردا دەجوڵێت و دەچێتە دەرەوە بۆ لێوارەکانی کۆمەڵەی هەتاوی. تێبینی: نیمچە زانای قۆڵبڕ ئەم دیاردە سوودمەندە سروشتییە بەکار ئەهێنن بۆ کڵاوبازی و ساویلکە ڕووتکردنەوە. ع التاج الشمسي N solkrone د تاج خورشیدی.






**خەروار:** یەکەی کێشان ناو کێشێکە بەرامبەر بە سێسەد کیلۆ.

**خەرۆ:** پێرسۆنا دارەت کەسایەتی نمایشی لەخۆ بایی، دفرە، خۆدەرخەر. ⇐ دەستخەرۆ: فریودراو، فێڵ لێکراو.

**خەرۆبوون:** چاوگی تێنەپەڕ لەخۆ بایی بوون، لەخۆ دەرچوون.

**خەرەند:** ditch ناو ئەولەمەر کەندەک، قووڵکەی درێژی لە زەمین هەڵکەندراو N grop ع د خندق.



**خەرەنگێز:** باڵندە ناو مێشەکەرانە، مۆزەشینە، مێشێکی کەسکی درشتە بە ئاژەڵی بەرزەوە ئەدات.

**خەزراندن:** infuriate چاوگی تێپەڕ تووڕەکردن، قەڵس و بێزارکردن. ع تغضب N gjøre rasende د خشمگین کردن.

**خەزیمۆک:** daisy ڕووەک گوڵە مرواری، بەیبۆن، ڕووەکێکی بچووکی مێرگوزارە، گوڵی پڕ زەردی هەیە بە تیرێژی سپییەوە، بۆیە هۆی ئافراندنی چەندەها گوڵی ڕازێنەرەوە. ع زهرة اللؤلؤ N tusenfryd د گل مروارید.



**خەزیمە کێویلە :** lavender **ڕووەک** **دەرمان** شارێحانە، پەلک، ئەسپەرە ڕۆمی، دەوەنێکی هەمیشە سەوزە لە تیرەی نەعنا،گەڵای باریک و گوڵەکانی مەیلەوبەنەوشی بەرەو سوور ـ بەنەوشە. لە کۆنەوە بۆ بەرامە و بخوور سوودی لێ وەرگیراوە. ع الخزامِ N lavendel د اسطوخودوس.




**خەسارناسی :** pathology **پاسۆلۆژی** **تاقیگە** پاسۆلۆجی، نەخۆشیناسی، هۆزانی، زانستی دۆزینەوەی هۆکارەکانی نەخۆشین بە یارمەتی تاقیگە، بە تایبەت ئەو بەشەی کە پەیوەندی بە تاقیکردنەوەی هۆنە و شانەکانی جەستە لە تاقیگە هەیە بە مەبەستی تۆژینەوەی لە لایەن پزشکی دادەوە د آسیب شناسی N patologi ع علم الأمراض.

**درۆزنی پاسۆلۆجیک :** pathological liar **دەروونناسی** درۆزنێکی نەخۆش، بە هۆی دارەتی دەروونییەوە ناتوانێت درۆکردن باشار بکات. ◄ ئەم کەسانە چاوئەبڕنە ناوچاوی بەرامبەرەکەیان و بە ئاسانی درۆ ئەکەن، چونکە بۆی هەیە، باوەڕیان بەو شتانە هەبێت کە دەیڵێن یان ئەوەندە ڕاهاتوون بە درۆکردن کە بتوانن بە ئاسانی چاویان بپارێزن لەکاتێکدا درۆ ئەکەن و ناڕاستی دەڵێن. ع كذاب مرضِ N patologisk løgner د دروغگوی مریض. pathology

**دەروونهۆزانی:** psychopathology دەروونناسی خەسارناسی ناوی لێکدراو
سایکۆپاسۆلۆجی، دەروونەخۆشیناسی، لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر نەخۆشییە دەروونی یان تێکچوونەکان؛ تایبەتمەندییەکانی تەندروستی دەروونی جەماوەر کە بەکۆمەڵ لەبەرچاو دەگیرێن.






**خەسرەو:** پادشا یان خەسرەوی نەوشیروانی دادگەر لە پادشایانی بە دەسەڵاتی ساسانی سەدەی شەشەمی زاینی. ع کسرى الأول N Khosrau I د خسرو انوشیروان ☜ ئەنووشە.






**خەسەتوورەکە:** labneh ناوی لێکدراو ماستی لە کیسەکراوی ئاوەچنکراو، تا ئەو ڕادەی وەک پەنیری کرێمی لێ بێت. زۆر جار بەهاراتی سوێر و گیای بۆنداری تێئەکرێ. ع لبنة N labneh د لبنه، ماست کیسە.





**خەشایارشا:** Ahasuerus شا خەشایارشای مادی، کوڕ و جێگری داریووشی مادی بە یۆنانی زیرەکسیس Xerxes سێیەم پادشای ماد، لە ٤٨٦ تا ٤٦٥ پێش زایین فەرمانڕەوایی کردووە، لە تەورات یان پەیمانی کۆن لە پەرتووکی ئێستێر و دانیاڵ و ئەزرا، وەکوو پادشای مادی ٣٢ جار ناوی هاتووە کە پاشایەتیی ١٢٧ ساتراپی کردووە لە هیندەوە تا حەبەشە. لە «پەرتووکی تۆبیت» بە ئەخشوورش یان هەوەخشەتەرەی مادی بە واتای پادشای باش دانراوە، کە نەینەوای گرت ☜ پەرتووکی تۆبیت.




**خەفەکردن:** smothering چاوگی تێپەڕ کوشتن یان بێهۆشکردنی کەسێک بە داپۆشینی لووت و دەمی. ع اختناق N kvelende د خفه کردن.

**خنکاندن:** strangulation چاوگی تێپەڕ کوشتن یان بێهۆشکردن لە ڕێگەی

گووشینی مل بە دەست یان تەناف. ع الخنق N kvelning د اختناق.

← **خنکاندن و خەفەکردن:** strangulation and smothering بەراورد
یەکەم کوشتنە بە قورگگووشین و، دووەم کوشتنە بە لووت و دەم داپۆشین.

**خەفتیان:❶** ئاوەڵناوی لێکدراو ساردە پایز.

**خەفتیان:❷** ناو چلەی زستان کە تۆوی تێدا ناڕوێ.





**خەفەخان:** hyperventilation دارەت ناوی لێکدراو هەناسەبڕکێ، دارەتی تاسان و هەناسەسواربوون بە هۆی نەخۆشینی وەکوو کۆکەڕەشە، یان دارەتی دەروونی ناخۆش بە هۆی پەژارە و ترسەوە. ع حالة فرط تهوية N hyperventilering د هایپرونتیلاسیون.
ن: خەفەخانم گرتبوو، هەناسەم دەرنەئەهات.









**خەفەی گوێز:** ناوی لێکدراو پێش پرۆسەی پاقلیر کردن، گوێزەکان ئەدەنە خەفە، واتە لە شوێنێکی کپ سەری ئەگیرێ، دوای یەک دوو ڕۆژ

ئامادەی پاقلیر کردن ئەبن.

**خەلان:** ئـاو کۆز، پەچەی مەڕ، خەڵ، سەرگێڕ، شوێنی کار و بەرخ، هەوێز، هەوێس.





**خەلەسان:❶** چاوگی تێنەپەڕ خەلەسین، وشک بوونی بەرگی دەرەوەی پیاز، بە جۆرێک کە پارێزگاری لە پیازەکە ئەکات و تا ماوەیەکی درێژتر بەرگەئەگرێ.

**خەلەسان:❷** immunity چاوگی تێنەپەڕ پارێز پەیداکردن، پارێزراوبوون. ⇦ نەخۆشێک کە لە بەرامبەر نەخۆشینەکەیدا توانای بەرگری پەیدا ئەکات و ئیتر تووشی ئەو نەخۆشییە نابێتەوە. ع مناعة، حصانة N immunitet د مصونیت. ⇦ تانەترسێ ناخەلەسێ: واتە تا کێشە نەبینێ و ئەزموون کەڵەکە نەکات، نابێتە مرووڤێکی خۆڕاگر.

**خەلەساو:❶** immune ئاوەڵناو [لە چاوگی خەلەسان] پارێز پەیداکردوو، بەهێز بوو لە بەرامبەر پەلاماردا. ⇦ نەخۆشێک کە لەبەرامبەر نەخۆشینەکەیدا توانای بەرگری پەیدا ئەکا و ئیتر تووشی ئەو نەخۆشییە نابێتەوە. ع منیع N immun د مصون.

**خەلەساو:❷** invulnerable ئاوەڵناو نەبەز، کەسێک کە ئازاری پێناگا، دەشکاننەهاتوو. ع منیع N usårlig د رویین تن.

**خەڵاتی سەنت ئەندرەی:** Cordon of Saint Andrew ڕێزلێنان خەڵات نیشانێکی ڕووسیە کە پێتەری گەورە ساڵی ١٦٩٨ دایمەزراند.



**خەڵخاڵ:** جوگرافیا مێژوو داگیرکردن کە تا کۆتایی رژێمی پەهلەوی پێی ئەوترا هێرۆئاوا، لە شارەکانی پارێزگای ئەردەوێڵە کە زنجیرە چیای تاڵش لە دەریای مازەندەران جیای ئەکاتە، دانیشتوانی بە زمانی ئازەری و تاتی و کوردی قسە ئەکەن، بە تایبەتی شارۆچکەی لەمبەر و گوندەکانی دەوروبەری کە هەموویان کوردن.




**خەڵتانە:** toothpick plant ڕووەک ناو ددانئاژن، چیلکەی ددان خاوێنکردنەوە، گیایەکی دەشتی بۆن خۆشی لاسک ناسکە، وشکی ئەکەنەوە بۆ ددان ئاژنین. ع نبات المسواک N tannsticker plant د خلال داندن طبیعی.



**خەڵکی کنتاکی:** The Kentuckian فیلم فیلمی وێستێرنی ئەمریکایی ١٩٥٥، دەرهێنانی بێرت لەنکەستەر.




**خەڵووز:** Charcoal ناو ڕەژوو، زوخاڵ، کۆمر، هێسنێکی سووک و تورت و ڕەشە، لە نیوە سووتانی دار یان ئەندامەکانی تری ڕووەک و ئاژەڵ ئەمێنێتەوە، کە زۆربەیان گۆڕدراون بۆ کاربۆن. ئەم کاربۆنە ناپاکە لە سەتا ٨٥ بۆ ٩٨ کاربۆن پێکدێت. ع فحم نباتی N Trekull د زغال.




**خەم:** ❶ ئاوەڵناو کەسەر، پەژارە، کەلیلان. ⟵ **تاڵاو:** زۆنگ؛ خەم و پەژارەی

زۆر.

**خەم:**❷ ناو ران. ⟸ رانی راست، لنگی راست.

**خەم:**❸ ئاوەڵناو چەم، چەماو، پێچ.

**خەمبارە:** شتێک کە پڕ بێ لە خەم. ⟸ خەمبار کەسێکە باری خەم بێ و خەمبارە، شتێکە وەکوو هۆنراوە و پەخشان دەربارەی خەم و کەلیلان.

**خەمرک:** oasis ناو مێرگ و کانی ناو بیابان. ع N oase د واحە.






**خەمسار:** indifference ناو خەمساری، بێگەم، گوێنەدەر، گەلالایی، سەرسووک. ع لا مبالاة N likegyldighet د بی تفاوتی. ⟸ **ئەوین و خەمساری:** love and indifference.

**خەمشە:** ئاناتۆمی ناو کوز، ئەندامی زاوزێی مێینە.

**خەملاندن:** estimate چاوگی تێپەڕ مەزەندەکردن، قرساندن، هەڵسەنگاندن، پێوانەکردن. ع تخمین N anslag د تخمین زدن E conjecture, surmise ⟸ خەملاندن و مەزەندەکردن و قرساندن و پێوانەکردن و هەڵسەنگاندن، هەموی بریاری تێدایە؛ خەملاندن و قرساندن و مەزەندەکردن زور ورد نین، بەلکو بە نزیکەیین، پێوانەکردن پێش هەموو پرۆسەیەک ئەبێ ئەنجام بدرێ، بەلام هەڵسەنگاندن بریاری یەک لا کەرەوی تیدایە.

**خەملاو:** estimated کاری تێپەڕ {خەملاندن چاوگی تێپەڕ} گۆترەبڕ، بەراوردیی. ع التقدیریة N estimert د تخمینی E surmised.

**خەملێن:** maturation چاوگی تێنەپەڕ ڕسکان و پێگەیشتن و دارماڵبوون.

**خەمۆکی:** depression دەروونناسی ناوی فەرمان یان چڕووسان، دارەتێکی بێوازی و بێزاری گشتییە بۆ هەستان بە کار و چالاکی، ڕەگ و ڕیشەی لە ڕوانگە ناڕاستەقینەی بەکارنەهێنانی ئاوەز و زانست دایە، بە ناسازی دائەنرێ و بۆی هەیە کار بکاتە سەر بیر و ڕەفتار و هەست و شادمانی مرۆڤ. چڕووسان، جگە لە تەندروستی لە بواری وەکوو ئابووری {چڕووسانی گەورە، چڕووسانی درێژ، بازارکزی، بێبازاڕی، بێکاری، قاتوقڕی}، زیندەوەرزانی {جوولەناسی، فیزیۆلۆژی} و، زانستی زەمینیدا {جیۆلۆجی، کەشوهەوا، نزمایی و چالایی و نووین} بەدی ئەکرێ. ع الاکتئاب N Depresjon د افسردگی. ⟸ **ناسازی:** disorder دارەتێکی گێژی و شێرزەیی N uorden ع فوضی د اختلال.




**خەمۆک:** depressed ئاوەڵناو چڕووساو، دۆشداماو، مەرس، دڵتەنگ، دڵمەردە، زویر، کەسێک کە تووشی ناسازی چڕووسان depression بووە N deprimert ع مکتئب د افسردە.

**خەنازیر:** scrofula ناو کوانی زل کە لە مل دێ، دمەڵی گەورە. ع ملک الجان N scrofula د خنازیر. هێمایر ناونیتکە کەسانی ملئەستوور کە ملیان هێند ئەستوورە ئەڵێی خەنازیریان گرتووە.



**خەنجەری مالاّیی:** Malayan kris ناو خەنجەرێکی قۆرتداری مارئاسایە.
ع خنجر الملایو N Malayansk Kris د خنجر مالایی.



**خەنە:** henna ڕووەک ڕەنگ ئاوەڵکار ڕەنگێکی سوورە لە گەڵای وشککراو و هاڕدراوی دارۆچکەی خەنە ئامادە دەکرێت. بوومی باکووری ئەفریقا و ئاسیا و ئوسترالیایە، لە ڕوانگەی پیشەسازی ڕەنگ و ڕەنگسازییەوە زۆر گرنگە. لانیکەم لە سەردەمی میسری کۆنەوە وەکو ڕەنگی قژ و نەخشاندنی پێستی دەست و پا و نینۆک بەکار هاتووە. ع حناء N henna د حنا.




**خەنەبەندان:** ناوی لێکدراو خەنە بەندان ئەو شەوەیە بۆ بەیانیەکەی بووکی تێدا ئەگوێزرێتەوە و لە ماڵی بووکێ سازدەکرێت؛ ئەگلەنجەش ئاهەنگێکە کە لەماڵی زاوا بەڕێوە ئەچێ.

**خەنەبەردیلە:** moss ناوی لێکدراو کەڕاو، کەزی، گیایەکی بچووکە بەبێ ڕیشەی ڕاستەقینە، لە شوێنی شێدار ئەڕۆی. ع طحلب N mose د گل سنگ.

**کەزیکانی:** algae ناوی لێکدراو قەوزەی کانی و ڕووبار و مەنداو، قەوزەی زەریا. ع مستنقع N alger د جلبک.





**خەنەفە :** snuff کیمیا ناو پۆدری تووتن یان هۆشبەریتر کە لە جیاتی کێشان لە ڕێگەی لووتەوە هەڵئەمژێنرێن. ناس و نێسوار و کووکایین هەموو خەنەفن. ع شم N snus د انفیە.







**خەنەیی :** fawn ڕەنگەوشە ناو ڕەنگی سەوزی ڕوونی مەیلەو قاوەیی وەک گەردی درەختی خەنە. ع لون تزلف N fawn د رنگ حنایی.

**خەنە :** Hanna ڕووەک ناو درەختێکی بچووکە گوڵی سپی بۆنخۆشی هەیە، لە گەردەکەی خەنە دروست ئەکەن بۆ ڕەنگکردنی قژی سەر و پێست بەکار دێت. ع حنا N Hanna د حنا.

**خەنیم :** opponent ناو هاوتای کەسێک لە زۆرەبان و ڕکابەرایەتی و پێشبڕکێدا. ع الخصم N opponent د حریف.

**خەوارە :** ناو لە داوی خەو کەوتن. ← **شەوارە :** ناو لە داوی ڕووناکی کەوتن.

**خەواندنی هایپنۆتیک :** Hypnotic induction دەروونناسی زانست شێوەزانست

کردارێکە لە لایەن کەسێکەوە ئەنجام ئەدرێ، کە توانای هیپنۆتیزمی هەیە. ئەم کارە ڕەنگە لە ڕێگەی بینین یان بیستنەوە ئەنجام بدرێ. توانای کەسانی هایپنوسیست جیاوازە، بۆی هەیە یەکێک توانای دە جار زیاتر بێ لە کەسێک کە ئەویش هەمان بەهرەی هەیە. ⇦ تێلەپاتی و تێلەپاتس تەنها بیر و ئەندێشە ئەخوێننەوە، بەڵام هایپنۆتیکس ڕۆژەڤ و ڕاستەقینە ئەگۆڕن و بەو شێوەی خۆیان ئەیانەوێ دای ئەڕێژنەوە، ئەو سازە و ڕواڵەتەی پێکهاتووەتەوە وا ئەکات ئەوە ببینن کە هایپنۆتیک ئەیەوێت: فیلم فیلمی سینەمایی هایپنۆتیک ١٩٢٣: فیلم فیلمی سینەمایی هایپنۆتیک ٢١ ١٩ ☜ هایپنۆتیکس










**خەوتوو:** recumbent ئاپیینناسر ناو یان ڕاکشاو، لە سەدەکانی ناونجیدا پەیکەری مردووەکەیان لە دارەتی خەوتوو و گەنج و شەنگ و تەنانەت نیوەڕووت ئەتاشی و ئەم پەیکەرانە کە هەندێکیان لە شاکارەکانی پەیکەرتاشیی جیهانن، ناویان ڕاکشاو {بە فەرانسە gisant} بوو، لە سەر گۆڕی مردووەکە دائەنران. ع ڕاقد N liggende د دراز کشیدە.




**خەور :** turbid ئاوەڵناو لێڵ، تەماوی. [ع] كدر [N] grumsete [د] كدر.

**خەوگەڕ :** somnambulist, sleepwalker ناوی لێکدراو سامنامبوٚلیست، ئەو کەسەی لە خەودا ئەڕوا بەرێدا [د] خوابگرد. [ع] السائر النائم، المسرنم السائر أثناء النوم [N] søvngjenger [د] خواب گرد ☜ شەوگەڕ.





**خەون :** dream ناو ناوی فەرمان هۆرم، وێژنگ، کۆمەڵەی ئەو ئەندێشە و وێنە و هەستانەی کاتی خەوتن بە مێشکی کەسێکدا تێ ئەپەڕێ. [ع] رؤيا، حلم [N] drøm [د] رؤيا ❂: ئەو خەونە تۆ بە تەنها ئەیبینی تەنها خەونە، ئەو خەونەی پێکەوە ئەی بینین ڕاستەقینەیە. جان لێنۆن

**خەونامە :** Dream Interpretation شێوەزانست پەرتووکی لێکدانەوەی هۆرم و خەون تێبینی: تۆژینەوە و لێدوانی سایکۆلۆژی لە بوار و لەسەر بناغەی زانستییە و لەگەڵ بڕواداری بانروسشتی خەونامە و خەولێکدانەوە جیاوازە [N] Drømmetolkning [ع] تفسير الأحلام [د] تعبير خواب.












**خەونی زێڕینی شارڵ کۆنت:** Charles V of France ئارەزوو (١٣٣٨ـ١٣٨٠) یان شارلی پێنجەم، پادشای ئیسپانیا و ئیمپراتۆری ئاڵمان (١٥٠٠ـ١٥٠٨) ئارەزووی داگیرکردنی هەموو ئورووپای هەبوو.





**خەونی زێڕینی ناپۆلیۆن:** ئارەزوو ناپۆلیۆن ئەیویست ئیمپراتۆرێتی کۆنی ڕۆما زیندوو بکاتەوە و دەسەڵاتێکی یەکگرتووی فەرانسە و ڕۆژئاوی ئاڵمان و ئیتالیا و میسر پێک بهێنێ.

**خەونی یاقووب:** ئاییناسی ئەفسانە تەورات، سفری ئافراندن، بەشی ٢٨، بەندی ١٢تا ١٤: یاقووب لە ڕەوتی هەڵاتنی لە دەستی عیسۆی برا لفەدوانەکەی، خەون ئەبینی بە پەیژەیەکەوە کە لە عەرزەوە گەیشتوەتە ئاسمانی حەوتەمەین یان بەردەرگای بەهەشت، کە فریشتە و پەریان هاتووچۆی پێدا ئەکەن و لەوسەری پەیژەکە **یەهوە** دانیشتوە کە بەڵێن بە ڕۆڵەکانی یاقوب ئەدات بیانکات بە خاوەنی سەرزەمینی **کەنعان**. یاقوب ئەو شوێنەی خەوەکەی لێ بینیوە ناوی ناوە **ماڵی ئیل** یان **خانەی خودا**. ☜ پەیژەی یاقووب



**خێرا :** swift ناو ئاوەڵناو ئاوەڵکار بلەز، بەپەلە، ڕێوڕا، کتوپڕ، گوڕ، لەزگین، کولۆگورج و دەسبەجێ. ع مفاجیء، سریع N fort د فوری، سریع.

**خێرتە :** ناو زەوی بەیاری هەرگیز نەکێڵراو.

**خێزەرە :** ناو چیلکە و چەواڵێکە لەسەر قامیشبەندی خانووەوە دائەنرێ؛ داری باریکە بەپڕی بەسەر تەژەدا ڕایەڵ ئەکرێن. **تەژە:** [1] ناو کۆڵەکە، ستوون، ئەستوندک، داری دارەڕا، داری ڕایەڵی سەربان.

**موور :** ناو داری ئەستوور و دەستەک.

**خێسە :** squint, glare ناو مۆڕە، بە گۆشەی چاو ڕوانین بە تووڕەیی.



**خێشاندن :** چاوگی تێنەپەڕ تەمەڵی کردن، دواخستن، وەدەرنگ خستن.

**خێڵەوخوار :** ناوی لێکدراو کاتێکە کە خێڵاتی پایزان لە کوێستانەوە ئەچن بۆ گەرمیان.

**خێڵەوژوور :** ناوی لێکدراو کاتێکە کە خێڵاتی لە هاویندا ئەچن بۆ کوێستان.



**خێو:❶** nightmare, incubus دارەت شێوەزانست ناو ئارختەک، بەختەک، جنۆکە، درنج، دێوەزمە، تارمایی مردوان، شەوە، مۆتەکە، مێردەزمە دارەتی سەنگینی و هەناسە سواربوون لە خەودا کە مرۆڤ هەست ئەکا شتێکی قورس سواری سینگی بووە؛ دێو، یان ئەهریمەنێکی نێر کە گوایە ئەچێتە خەوی ژنان، پەلاماریان ئەدا و سەرجێییان لەگەڵ ئەکا؛ [ع] کابوس [N] inkubus [د] کابوس.

**ن:** خێوی ئاگر؛ خێوی زەریا.

**خێو:❷** deity ناو خودان، خێوەند، خاوەند. ⇦ لە ئەفسانەدا خێوی ئاگر؛ ماخوای زەریا و کانی و ئاوان. [ع] اله أو آلاهة [N] guddom [د] الهه.



**خێورانەوە:** چاوگی تێنەپەڕ تَوانەوە، سوێ بوونەوەی دڵ، ئەم دارەتە پەیوەندی بە باری دەروونی مرۆڤەوە هەیە، نەک ئازاری جەستەیی.

**خیا:❶** دەنگەوشە ناوبکەر یخ.

**خیا:❷** دەنگەوشە یخدانی وشتر.

**خیرە:** fortune teller ناوبکەر فاڵگرەوە، فاڵبێژ، فالاوێژ، دەستگرەوە، دەستبین، ئەوەی کە بە هۆی ژیگ یان هەڵدانی زاری تایبەت یان وردەبەرد ئەیەوێ ڕازی سەربەمۆر ئاشکرا بکات و داهاتووی کەسێک پێشبینی بکات. [ع] رمال [N] spåkone [د] رمال.





**خیزەخیز :** grunting دەنگەوشە ئاوەڵناوی لێکدراو دەنگی بە ئەسپایی ئاژەڵ بە تایبەت بەراز، خزەخزی سینگ؛ سووتانەوەی بۆری هەوا، کۆکە و خیزە.
ع الشخیر N grynting د غرغر کردن.

**خیشەسەر :** spiteful ئاوەڵناوی لێکدراو بوغزن، کیناوی، غەزراو، کینەلەدڵ، لەنجۆ، خیلەسەر، ڕقئەستوور، سەرقورس، قینلەدڵ، کەللەڕەق ع حاقد N ondskapsfull د کینەتوز.

**خیشەسەری :** malice ناوی چاوگ ملهوڕی، تەڕەیی، ویستی تۆڵەسەندنەوە.
ع حقد N ondskapsfullhet د کینەتوزی.

**خیشەملە :** Bully ئاوەڵناوی لێکدراو ملهوڕ، تەڕە، تەڕەی ملقەوی، سەرسەری، کەڵەش، ملئەستوور. ع تنمر N bully د قلدر.

{Letter d}



**دابڕ :** decimal point **ناو** خاڵ یان هێڵێکی لارە {.} یان {/} بۆ جیاکردنەوەی کەرتی دەیی بەکار دێت. **ع** العلامة العشریة **N** desimal tegn **د** ممیز.

**دابڕ :** comma **ڕێزمان** **ناو** کاما، ڤیرگول، نیشانەی ڕاوەستانی کورتە لە میانەی ڕستەدا، بەم نیشانەیە {،} پیشان ئەدرێ. **ع** فاصلة، فارزة **N** komma **د** کوما، ویرگول.

**دابڕ :** **ناوی چاوگ** دابڕاو، کەرت، لەت، پەرەم.

**دابڕان :** severance **ترقر** **چاوگی ئێنەپەڕ** لێکجیاکردنەوە، دوورخستنەوە، کۆتاییهێنان بە پەیوەندی یان خزمایەتی و هاوپەیوەندییەک. **ع** قطع **N** sluttvederlag **د** قطع. ⟵ **سینەما** **دەروونناسی** ئاڵقەیەکی تلەڤیزیۆنی دەروونناسی هەژێنەری ٢٠٢٢کە، نووسینی دەن ئێریکسن Dan Erickson و بەدیهێنانی ئێلزابێس مێریوێزێر Elizabeth Meriwether.









**دابڕانێ :** tug of war **گەمە** **ناوی چاوگ** کێبەرکێ لە گوریس کێشاندا. **ع** شد الحبل **N** tautrekking **د** مسابقە طناب کشی.





**دابڕی دوای واو:** comma after conjunction waw ڕێزمان ڕێنووس دابڕی دوای واوی ئامرازی پەیوەندی، بەو پێیەی واو وشەیەکی سەربەخۆی ئامرازی پەیوەندییە، «دابڕ»ی ئەو ڕستەی واوی لەگەڵە ئەبێ لە دوای واو بنووسرێ، ئەگینا ئەگەر پێش واو بێت، ئەبێت لەسەر دابڕەکە ڕابوەستین و ئەمە (و) لە دارەتی ئامرازی پەیوەندی ئەکاتە دەرەوە و، ڕستە بە (و) دەست پێدەکات و ئەوە ڕاست نییە، بۆیە ئەبێت بنووسرێت:

ن: زەردەخەنەیەکە ئەگاتە چاوەکان و، سیلەی چاو چرچ ئەکات.

نابێت بنووسرێت:

ن: زەردەخەنەیەکە ئەگاتە چاوەکان، و سیلەی چاو چرچ ئەکات.

**دابزان:** social convention ناوی‌بکەر شارەزای داب و نەریتی کۆمەڵایەتی.
ع مؤدب N høflig د مبادی آداب، مؤدب.











**دابزانی:** social conventioning داب‌ونەریت ناوی چاوگ پەیمانا جڤاکی، شارەزابوون لە داب و دەستووری کۆمەڵایەتی. ع الاتفاقيات الاجتماعية N sosial konvensjon د آداب اجتماعی.

**دابەزاندن:** demotion چاوگی تێنەپەڕ دابەزاندنی پلە، ترۆکردن. ع خفض الرتبة N degradering د تنزل رتبە E demote.

**بەرزکردنەوە:** promotion چاوگی تێنەپەڕ بەرزکردنەوەی پلەی کەسێک بۆ ئاستێکی بەرزتر. ع ترفيع N forfremmelse د ترفيع.

**ن:** پلەی ترۆ: بەرزکردنەوەی پلە بۆ دابەزاندن. هەندێجار گیر ئەکەن بەدەست کەسێکەوە، لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی پلەوە دووری ئەخەنەوە و بەو شێوەیە ترۆی ئەکەن.

**داگرتن:** demount ناو هێنانەخوارەوەی وەک مەکینە. ع انتزع شيئا N demontere د پیادە کردن.






**دابەزینی سەربەرەوژێر:** diminuendo ناوی لێکدراو دابەزینی لەسەرخۆ.

**دابین:** insurance ناو دامەزراو دابین، پاراستن، دڵنیایی، دەستەبەرێکە لە لایەن کۆمپانیای تایبەتی یان نوێنەرایەتی دەسەڵات، بۆ بژاردنەوەی زیانی ڕووداو و نەخۆشی و مەرگ، لە بەرامبەر بڕێک پارەدا کە وەکوو ئەندامانە ئەدرێ بە کۆمپانیای دابین. ع تأمين N Forsikring د بیمە. **دابیننامە:** Contact insurance بەڵگە پەیمانانامەی دڵنیایی لە نێوان دابینیار و دابینکار.

**دا پراتۆ:** da Prato ئامرازی پەیوەندی ئیتالیایی واتە خەڵکی شاری داپڕاتۆ،

سمر بە داڕاتۆ.

**داپچڕان:** awe ناوی فەرمان دەم دانەوە؛ زار داپچڕان، «چاو» زەق بوونەوە. ع رهبة N ærefrykt د بهت زدگی.

❗: هیچ ئاگای لێ نەبوو بە چ شێوەیەک زاری داپچڕاوە و چاوی ئەبڵەق بووە!



**داپلۆخان:** scald چاوگی تێپەڕ تکۆقکردن و پێست داماڵین بە هۆی سووتان بە ئاوی کوڵاتوو. ع تحرق N skålde د سوختن با آب گرم.




**داتا:** data ئای تی ناو دەیتا، دراو، زانیاری دراو. ع البيانات N data د معلومات، داده ها.

**بنکەدراوە:** database ئای تی ناو کۆمەڵە داتایەکی پێکهاپەیە، بە شێوەیەک لە کەمپیوتەردا هەڵگیراوە، کە ئەتوانین بە شێوازی جۆراوجۆر دایبەزێنین و سوودی لێوەرگرن و بەکاری بهێنین. ع قاعدة البيانات N database د پایگاه داده.









**داتاکۆرتە:** Datakortet ئای تی بڕوانامە بە نەرویجی، یان بە ئینگلیزی ECDL یان European Computer Driving Licence کە بڕوانامەی ئورووپایی بەکارهێنانی کەمپیوتەر، بڕوانامەیەکی جیهانی بەکارهێنانی کەمپیوتەرە کە لە ١٤٨ وڵات برەوی هەیە. داتاکۆرتە ٧ یەکەی سەربەخۆیە:

- پاراستن بۆ بەکارهێنەرانی ئای تی
- بنەماکانی ئای تی سیستەمی ویدەوز Windows OS
- تێپکاری وەکوو مایکرۆسافت وۆرد Microsoft Word
- پەڕەی هەژمار spreadsheets وەکوو ئەکسێڵ
- داتابانس Databases وەکوو مایکرۆسافت ئەکسس
- پێشکەشکردن وەکوو مایکرۆسافت پاوەرپۆینت
- بەکارهێنانی ئیمەیڵ و ئینتێرنێت










**داتۆرە:** datura ڕووەک هۆشبەر ناو گیایەکی بوومی باکووری کیشوەری ئەمریکایە، ئەلکولی ژەهراوی یان هۆشبەری هەیە، مرۆڤ تووشی ساویر و ئیلۆژن ئەکا. ☜ پیزڵ ☜ تاتۆرە





**داتەکاو:** دارەت هێمایر بریتی لە والابوونی کیسە و شەڵتە بە هۆی ڕاوەشاندنەوە و لە هەمان مایەدا واتە لەڕ و لاواز بوون و گۆشت بە لەشەوە نەمان و هەڵوەرین.

**داتەمریاو:** confident ئاوەڵناو {تەمراندن} هەدار، بوردبار، ئەهوەن، بێنفرەھ، خۆڕاگر، بەرگەگر، سەماس. ع متحفظ N selvsikker د خوددار.

**داچڵەکان:** flinch چاوگی تێنەپەڕ ڕاچڵەکان، ڕاشەکان، جوڵەیەکی خێرا و دەمارگیرانە وەک کاردانەوەیەکی ناخودئاگا و خۆڕسک بەرامبەر بە ترس، ئازار، یان هێدمە و سەرسوڕمان. ع هزة N riste د تکان خوردن.
ن: ئەوە چی بوو، بۆ داچڵەکای؟ ن: لە تۆزانەوەی دەنگی داچڵەکا: لە کاریگەری ترشەڵۆکی گەرووی لەسەر دەنگی داچڵەکا.

**داچوون:** چاوگی تێنەپەڕ بەرەخوارچوون، دانەوین، ئاوابوون، داقوپان.

**داچڵەکان:** horrifying چاوگی تێنەپەڕ ڕاچڵەکان، هێدمە، داترووسکان، سەرسووڕمان، ڕاچڵەکین لە ترسان یان لە هەواڵی سەمەرە، هێدمەگرتن.
ع أذهل، اندهاش N forskrekket د مبهوت شدن.

**داچڵەکان:** چاوگی تێنەپەڕ کەسێکە ناخودئاگا سەرسام ئەبێت. ئەبڵەقبوون.

**داچڵەکاندن:** چاوگی تێپەڕ سەرسامکردنی کەسێک بە ووست. ئەبڵەقکردن.

**داچوون:** erosion چاوگی تێنەپەڕ داچوونی زەوی، داخوران، داکڕاندن،

کراندن، ڕووتاندنەوە، ساورانەوە، داکران، کران، ڕامالٚین، داشۆران؛ **پێناسە:** داچوون کاتێکە بەردەکان بە هۆی هێزی سروشتی وەک با یان ئاوەوە دەشکێن. وەرینی زەوی دوو جۆری سەرەکی هەیە: کیمیایی و فیزیایی. داچوونی کیمیایی کاتێک ڕوو دەدات کە پێکهاتەی کیمیایی بەردێک دەگۆڕێت، وەک کاتێک ئاسن ڕەنگ ئەهێنێ یان کاتێک قسلٚ بە هۆی کاربۆنەبوونەوە دەتوێتەوە. ع التعریة N erosjon د فرسایش. ☜ شۆرانەوە






**داخۆیان:** statement **ناوی فەرمان** ڕاگەیاندن، ڕوونکردنەوە، نووسراوی پێودان و ڕێوشوێن بۆ جەماوەر. ع تصریح N uttalelse د بیانیە.

**داخواز:❶** requisition **دادگا** **ناو** داوا، داخوازی فەرمی. ع طلب N rekvisisjon د درخواست.

**داخواز:❷** demand **ئالٚوگۆڕ** **ناو** بڕێک کالٚای ئابووری کە لەسەر بناغەی نرخی دیاریکراو ئەکڕدرێن، ئەو بڕەی کالٚایەکی تایبەتە لەناو دەستەیەک تایبەت لە دەستەیەک بەهای تایبەتدا ئەکڕدرێن. ع الطلب N kreve د تقاضا.







**داخواز و پێدا:** supply and demand ئابووری ئالۆگۆڕ شێوازێکی ئابوورییە کە بەهای کاڵا لەسەر بناغەی پێدا لە بازاڕی کێبەرکێدا هەڵئەسەنگێنن. زۆری داخواز نرخی پێدا بەرز ئەکاتەوە و بە پێچەوانە. ع عرض و طلب د عرضه و تقاضا. ⇦ پێدا.












**داد:**❶ whine ئـاو سکاڵا، گازندە، هاوار، هەڵڵا. ع أنين N sutre د فغان.

**داد:**❷ Justice ئـاو ڕەوایی، بڕیاری ڕەوا، ع عدالة N Rettferdighet د عدالت **پێناسە:** یەکەم پێناسەی داد و دادوەری هیی ئەرەستووە و ئەڵێ: داد، دانی مافی هەر کەسێکە پێی. بەڵام ئەو مافە کێ دیاری ئەکات؟ ئەگەر مافی یەکێک بە ١٠ و کەسێکی تر بە ٥ و هینی من بە ٣ دانرا، ئەوە چ مافێکە و چ داد و چ دادپەروەرییەکە؟ بۆیە مرۆڤی ئەمرۆ، وەک مارکس ئەڵێ: مرۆڤی ئازادە، کە ئەو ئازاییە، ئازادی ئابووری ئەهێنێتە ئاراوە و ئەویش ئازادی ڕامیاری و لە ئەنجامدا دادی کۆمەڵایەتی ئەکات بە بەرەنجامی گەشەکردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، کەوابوو پێناسەی **داد** ئەبێ بە: دانی بەشی هەر کەسێک پێی. واتە ئەوەی لەم سروشت و جیهان و گەردوونەدا هەیە بە شێوەی یەکسان بۆ هەرکەسێک لە بەرچاو بگیرێ و هەر کەسێک بەشی خۆی پێ بدرێ.

**دادبین:** auditors کارگێڕانی دادگا ئاوەڵناووفرمان دەستەی دادگا، ئەو کەسانەی کاتی دادگاییکردن ئامادە ئەبن: دادوەر و پاوەرانی، دادیار یان دادستێن، کۆنووس و پاسەوانی ناو دادگا. ع المدققين N

revisorer [د] دستە دادرسی.

**دادبینکردن:** procure چاوگی تێپەڕ فەراهەمکردنی شتێک بە تایبەت بە وریایی و بە هەوڵدان. [ع] بِشتري [N] anskaffer [د] تهیە کردن [E] provide.

**دادبینی:** ناوی چاوگ دادپرسی، ڕەوتی دادگاییکردن.

**دادخواز:** Esq ناو مافناس، مافخواز، کورتکراوەی Esquire و ئەم نازناوە بە شێوەیەکی گشتی ئاماژەیە بۆ ئەوەی کەسێک کە هەم خوێندنی ڕێسای تەواو کردووە و هەم لە تاقیکردنەوەی پارێزەرایەتی دەرچووە. J.D کورتکراوەی دکتۆرای ماف Juris Doctor ـە و، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کەسێکی مافناس خوێندنی ڕێسای تەواو کردووە و بڕوانامەی J.D ی بەدەستهێناوە.






**دادان:١** چاوگی تێپەڕ تاشینی پێنووس. «پێنووسەکەی دادا.»

**دادان:٢** teach چاوگی تێپەڕ فێرکردن. ⇦ «وانە دادان». [ع] تعلیم [N] undervisning [د] تعلیم.

**دادان:٣** showing چاوگی تێپەڕ پیشاندان، فێرکردن. ⇦ «سەرمەشق دادان». [ع] تعلم [N] viser [د] آموختن.

**دادان:٤** چاوگی تێپەڕ سەرەتا دامەزراندن. ⇦ «تۆ گۆرەوییەکەم بۆ دادە من ئەیچنم».

**دادان:٥** repair چاوگی تێپەڕ کون و کەلێن بە تۆپەڵەقوڕ گرتن «دیوارەکەم

دادا».

**دادان:**[٦] starting كاری تێنەپەڕ دەستپێکردنی بارش. ⇦ «باران دای دا».

**دادان:**[٧] seepage كاری تێنەپەڕ دەلاَندن «گوزەکە دای داوە». ع تسرب N sivning د تراوێن.

**دادان:**[٨] closing ئاوەڵناو بەردانەوەی پەردە، دادانەوەی پەردە. ⇦ «پەردەکەم دادایەوە.»

**دادان:**[٩] putting چاوگی تێپەڕ دەست لەسەر زەوی نان. ⇦ «هەردوو دەستی دادابوو.» ع وضع N sette د نهادن.

**دادایزم:** Dadaism هونەر هونەری ئازاد، هونەری قۆڕ، بزووتنەوەیەکی هونەری بوو بە ئاشکرا ڕەنگی ڕامیاری هەبوو؛ کاردانەوەیەک بوو دژ بە کوشتاری بێواتای جەنگی جیهانی یەکەم. لە بنەڕەتدا جەنگی لە دژی جەنگ ڕاگەیاند و، بە جۆرێک لە قسەی بێواتا دژی ئاژاوەی ڕێکخراو بوویەوە.











**دادخواز:** appellant ئاوەڵناو ناو (لە دادگەی پێداچوونەوە) کەسێکە بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری دادگەی سەرەتایی داخوازەکەی ئەبات بۆ دادگەی بالاّتر. ع المستأنف N ankende part د تجدیدنظر خواه.

**دادخوازی گشتی:** Prosecutor داد پیشە ناو دادیار، داواکاری گشتی، پارێزەری قانوون و کۆمەڵ. ع النائب العام N Aktor د

دادستان. ⇦ دادوەر: Judge سەرۆکی دادگا. ⇦ دادیاری لێکۆڵەر: investigating magistrate دادوەری لێپرسین. ع قاضيِ التحقيق N undersøkelsesdommer د دادستان تحقيق.

**دادستان:** Prosector ناو دادیاری گشتی، پارێزەری قانوون و کۆمەڵ. ع المدعيِ العام N Aktor د دادستان. ☜ دادیار

**دادکار:** ناوی فەرمان دادپەروەر، دادگەر، ئەو کەسەی دادگەرانە کار ئەکات.

**دادگای بیرکۆڵین:** Inquisition of religious ئایینناسی بیرکۆڵین دەستدرێژی بیرکۆڵین، لێکۆڵینەوەی بە زۆر و ئەشکەنجەی کەسان بە تاوانی ئەوەی








**دادگەی تاوان:** riminal court داد. ع محكمة جنائية N strafferett د دادگاه جنائی.

**دادگای نێونەتەوەیی لاهای:** International Court of Justice داد دامودەزگا یان ICJ ـ The Hague یان بە فەرەنسە Cour de La Haye دادگای نێونەتەوەیی داد، یەکێکە لە بەشەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان. بیرۆکەی دادگای جیهانی ساڵی ١٨٩٩ هاتە ئاراوە، ساڵی ١٩٠٧ گەڵاڵەی دادگای جیهانی دارێژرا، ساڵی ١٩٣٠ لە لایەن کۆمەڵەی نەتەوەکان بە ناوی «دادگای هەمیشەیی نێونەتەوەیی» پێکهات؛ جارێکی تر پاش هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی نەتەوەکان، ساڵی ١٩٤٦ لە لایەن کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتووەکان بە ناوی «دادگای نێونەتەوەیی داد» پاش جەنگی جیهانی دووەم، بەدی هاتەوە. ناوەندەکەی لە شاری **هاگ** یان **لاهەی** هۆڵەند دایە. ع محكمة لاهايِ الدولية N Internasjonal domstol د

دادگاە بین المللی لاهە.





**دادگای هانا:** Appeal Court [داد] [دامودەزگا] دادگای هانابردن، بە هەر دادگایەک ئەوترێ کە دەسەڵاتی پێداچوونەوە بە بڕیاری دادگاکانی خوارەوەی خۆی هەیە [د] دادگاەاستیناف [N] lagmannsrett [ع] محكمة استئناف.

**دادگایی ناڕەوا بە ڕەخنەوە:** prejudice ...with mistrial [دادوەری] کاتێکە کەسێک بە هەڵە ئەگیرێ و لە دادگا ئەسەلمێ بەڵگەی دادیار ساختە، یان ناڕاست، یان کەفەڵە یان لە ڕەوتی دادگاییدا لەناو چووە. لەو دارەتەدا دادگا گیراوی تاوانبار بەر ئەدات و ڕەخنە لەسەر دادیار تۆمار ئەکات، یەکەم بۆ قەرەبووکردنەوەی تاوانبار، دووەم جەخت لەسەر ئەوەی جارێکی تر ناتوانن لەسەر ئەو تاوانە دادگایی بکەن.

← **دادگایی ناڕەوا:** mistrial دادگایی بەدڕی ڕێوشوێنی دادگەری، دادگایی بێبایەخ، دادگایی بێئەنجام و بە بڕیارنەگەیشتوو؛ کاتێک کە دەستەی سوێندخۆران ناگەنە یەک و ناتوانن بڕیار بدەن.

← **ڕەخنە:** prejudice [دادوەری] کاتێک دەرئەکەوێ باڵگەکان ساختە، یان ناڕاست، یان کەفەڵە یان لە ڕەوتی دادگاییدا لەناو چووە. دادگا گیراوی بڕیاری بێتاوانی ئەدات و ئەگەر بڕیارەکە بە ڕەخنەوە بێت، ئەوا ناتوانن جارێکی تر بەردراو، لەسەر ئەو تاوانە دادگایی بکەنەوە. [ع] إجحاف، انتقاد [N] fordommer [د] غرض، انتقاد.

**کفەڵ:** vacuous, frollow, hollow دارەت هێمایر ئاوەڵناو بۆش و بێبایی، بێناوەرۆک، ناپەسەند، کەمبەها؛ میوەی بڕئاو، قانگ، تووری کفەڵ. ع فارغة، متدفقة، جوفاء N tomrom, rulling, hul د پوک، توخالی.

**دادلی نیکۆلز:** Dudley Nichols شانۆنووس دەرهێنەر (١٨٩٥ـ١٩٦٠) شانۆنووس و دەرهێنەری ئەمریکایی، براوەی خەڵاتی ئۆسکار.




**دادمەندی:** judiciary ناو دادگەری، دادپەروەری، دادخوازی، دەسەڵاتی دامودەزگای دادوەری وڵاتێک؛ دادوەرەکان بەکۆمەڵ ن: سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری. ع القضاء N domstolene د دادگری ☜ شادمەندی

**دادنووس:** Authenticator, Notary دادگا ناو کەسێک کە دەسەڵاتی ئەنجامدانی کاروباری ڕێسایی هەیە، بە تایبەت لە بواری مۆر و واژۆ کردن و پشتڕاستکردنەوەی گرێبەست و ڕێککەوتننامە و بەڵگەنامەی قانوونی. ع کاتب عدل N Notarius د محضر.



**داد و بێداد:** Justice and injustice ئامۆژە ناکۆک دادگەری و نادادگەری. ع العدل والظلم N Rettferdighet og urettferdighet د عدات و بیعدالتی. ⟵ ئەرەستوو: {نادادگەری تەنها ئەوە نییە کە لەگەڵ هەلومەرجی بەرابەر، نابەرابەر ڕەفتار بکرێ، بەڵکو نادادگەری لەوەشدایە کە لەگەڵ هەلومەرجی نابەرابەر بە شێوەی بەرابەر ڕەفتار بکرێ. ⟵ مارکس: داد تەنها ڕێسایی نییە، بەڵکو ئەو ڕێسایانەن کە لە کۆمەڵگەیەکی دادگەرەوە سەرچاوە ئەگرن. ئەو ئەدگارەش تەنها ئابووری یان کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو ماهەکی ئابووری کۆمەڵایەتی هەیە.}

**داد و تۆڵەی یەزدان لە بەدواداچوونی تاواندا:** تابلۆ شێوەکاری

تابلۆی پرۆدۆن Pierre-Joseph Proudhon (١٨٠٩-١٨٦٥) ڕامیار و شێوەکار و یەکەم ئانارشیستی فەڕانسەییە، کە زۆر لەو دیمەنە ئەچێ کە پرووست لە بەرگی سێیەمی گەڕان بۆ کاتی لەدەستچووودا باسی ئەکات.



**دادوەر:** judge داد پیشە ناو سەرۆکی دادگا؛ بەرپرسێکی گشتی کە بۆ بڕیاردان لەسەر پەروەندەکان لە دادگای ڕێسا دەستنیشان دەکرێت. ع قاضي N dømme د قاضی.

**دادوەری:** judicial دادوەری ناو گونجاو یان سەبارەت بە دادگا و دادپەروەری. ع القضائية N rettslig د قضایی.

**دادیار:** Deputy Prosecutor ناو جێگری دادستان، جێگری پارێزەری قانوون و کۆمەڵ. ع نائب المدعي العام N Anklagerfullmektig د معاون دادستان.

**دادیاری گشتی:** Public prosecutor ناو دادستان، پارێزەری ڕێسا و کۆمەڵ. ع المدعي العام N Aktor د دادستان. ☜ دادیار

**دادوەری بەرلین:** وێژە داد ئەفسانە بووبەر فرانسوا ئاندریۆ {Françoise Andereau} لە چیرۆکە شیعرێکدا ئەگێڕێتەوە: «لە ئەفسانەدا هاتووە فرێدریکی دووەم، شای ئاڵمان، ئاشەوانێکی بانگ کرد بۆ دادگا، چونکە ئاشەکەی بەرجەوەنی ئەوی کوێر ئەکرد. بەڵام دادوەرانی بەرلینی مافیان دا بە ئاشەوانەکە.»




**دادوەرینامە:** rap sheet دادگا یان criminal record تۆماری تاوان، پێڕستی تۆمارکراوی گیران و تاوانە پاڵدراو و سزادراوەکانی کەسێکە لە لای دامودەزگای دادپەروەری. ع سجل جنائي N kriminelt rulleblad د سابقە کیفری.






**دادوەری یەکخستنەوە:** restorative justice **ڕێسا** **سیستەم** سیستەمێکی دادوەرییە لەسەر بناغەی هاندانی تاوانکاران بۆ چاکبوونەوە، لە ڕێگەی ئاشتکردنەوەی تاوانکار و تاوانلێکراو و هەروەها گشتی کۆمەڵگە. ☜ ناوبژیوان







**دادوییە:** Ibn al_Muqaffa **ئابیینناسر** **ئایدیۆلۆگ** ڕووزبێهـ کوڕی دادوییە ناسراو بە ئیبنی موقەفەع لە نوێنەرانی بیرکردنەوەی زانستیە لە سەدەی هەشتی زاینی، خەباتی ئەکرد بۆ سەرکەوتنی زانست و مرۆڤ دژی خوڕافاتی دینی، کە ئامێرێکی گرنگە بۆ یەخسیر کردنی گیان و بیری جەماوەر، گومانی لە هەموو ئاین و ئاینزاکان هەبوو. هەر ئەم ئازادیخوازی و جەربەزیەی لە دەربڕینی بیر و باوەڕدا بووە هۆی ئەوەی مەنسووری عەباسی بەناوی کافر و زەندەقە، فەرمانی کوشتنی بدات.
ع عبد الله بن المقفع N Ibn al_Muqaffa د ابن مقفع.



**دادیار:** Prosecutor داد پیشە ناو تۆێژەر، دادخوازی گشتی، داواکاری گشتی، پارێزەری قانوون و کۆمەڵ. ع النائب العام N Aktor د دادستان

⇐ دادوەر: Judge سەرۆکی دادگا.

⇐ دادیاری لێکۆڵەر: investigating magistrate دادوەری لێپرسین. ع قاضِي التَحقيق N undersøkelsesdommer د دادستان تَحقيق.

**دارا:** شا مێژوو ناوی تایبەت (٣٨٠ـ٣٣٠) یان دارای دارایان، داریووشی سێیەم، کوڕی داراب، نەوەی داریووشی دووەم، دوا پادشای ماد، سەدەی چواری زاینی. ☜ داریووش.



**دارایی و دابین:** procurator ئابووری بەڕێوەبەرێتی دارایی بۆ پەیداکردن و دابینکردنی کەرەستە و پێداویستی.

**دارتاینان:** Charles de Batz de Castelmore d'Artagnan سوارچاک کەسایەتی (١٦١١ـ١٦٧٣) سوارچاک و سەریەلی پاسەوانانی لویی چواردە.

**دارد:** damn جنێو ناوی فەرمان سەرسووڕمان ئاوەڵناو ئاوەڵکار بە واتای قوزەڵقورت، دەرد، ژان، ژەهری مار، نەفرەت کە زیاتر منداڵ بە یەکدی ئەڵێن. ع اللعنة N Jammen د لعنتی.

ن: ناوی فەرمان داردت لێبێ وەک لووسیفر.

ن: سەرسووڕمان داردت لێبێ، لەبیرت بردمەوە.

ن: ئاوەڵناو ئەو دارد لێدراوە بکوژێنەوە.

ن: ئاوەڵکار ئەوەندە داردلێدراوی گەمژە مەبە.

**دارماڵ:** totally ئاوەڵکار دەراندەر، سەرپاک، بەرهەڤ، بەجارەکی، پێکڕا، بەیەکجاری، بێکەماسی، دارماڵ، بەتەقایی، پڕاوپڕ، خشت، سەرلەبەر. ع کاملا N fullt د بطور کامل E utterly.

**دارانەوە❶:** faint چاوگی تێنەپەڕ بوورانەوە، لەسەرخۆ چوون، دڵ لەخۆ چوون، بەلادا هاتن، داهێزران؛ هەستکردن بە لاوازی و سەرگێژخواردن و نزیکبوونەوە لە بێهۆشی. ع اغمی علیە N svime av د غش کردن.

← **دارایەوە:** خەلسە گرتی، بوورایەوە، داهێزرا، لەسەرخۆی چوو.

**دارانەوە❷:** trance چاوگی تێنەپەڕ حاڵ لێهاتن، جەزمەگرتن، دارەتێکی نیوەوشیارە، جەستە ئارامشی هەیە و مێشک وریا و بێدارە و، لە ڕێگەی وەڵام نەدانەوە بە هاندەری دەرەکی دەرئەکەوێ. بە زۆری لە ڕێگەی هیپنۆتیزم، چلەکێشان Muraqabah، مێدیۆم یان جەزمەگرتنەوە بەدی دێ. ع غشیة N transe د خلسە. ← **دارایەوە:** چاوگی دوولو خەلسە گرتی. ☜ حاڵ لێهاتن.

**دارایی پوختە:** equity = net assets ئابووری بەهای دارایی و سامانی کۆمپانیایەک بە کەمکردنەوەی وامەکانی. بەم جۆرە هەژمار ئەکرێت: «{کۆی سەرمایە و سامانی نەگۆڕ + کۆی سەرمایە و سامانی ئێستا} — {کۆی وامەکانی ئێستا + کۆی وامی درێژخایەن}». ع صافي الموجودات N netto eiendeler د دارایی خالص.

⇦ **وامی خانوو:** home equity loan




**دارماڵ بەرجەستە:** full relief دەستەواژە تەکنیکی نەخشاندنی وێنەی سێ ڕەهەندی.

**دارنتاڵ:** جوگرافیا ناوی جێگا لە گەڕەکەکانی شاری ڕۆوان Rohan لە ناوچەی بریتنی فەرانسە.

**داروازی:** ناوی لێکدراو سەمای یاریکردن بە دار.



**داروپەردوو:** debris ناوی لێکدراو لاوار، بەرد و دار و هەڵاشی خانووە ڕووخاو. ع حطام N rester د آوار.






**داربازە:** stretcher ناوی لێکدراو دارەتەرم، دەستەوەرە، بڕانکاردی نەخۆش گواستنەوە. ع نقالة N båre د برانکار.

**داربەن:**❶ ڕووەک ناو دارەڕای خانوو.

**داربەن:**❷ ash trees ڕووەک ناو [ناوی زانستی] Fraxinus excelsior داری قەزوان، درەختێکی گوڵدارە لە تیرەی نەعناساتان، بوومی ئورووپایە و لە باکووری کوردستانەوە تا ڕۆژهەڵاتی قەفقاز و ئەلبورز ئەڕوێ. ع أشجار الدردار N asketrær د زبان گنجشک.






**دارەبەن:**[٣] camel device ڕووەک ناو گیاز، دارەبەند، دارەبەستی سەر پشتی وشتر. ع جهاز N kamel enhet د جیهاز. ⇐ ئەو کاتەی ئۆتۆمۆبیل نەبوو، بووک و جیازی بووک بە هۆی دارەبەنی سەرپشتی ولْسات گوازراوەتەوە.



**دارەت:**[١] status, state of ناو دۆخ، ژیوار، شەرا، مەرە، دەراوا، بوار، بار و دۆخێکی تایبەت کە لە کاتێکی دیاریکراو لە کەسێک یان شتێکدا هەیە. ⇐ ن: ئەو دارەتەی بەسەرمە هاتبوو ن: لە دارەتێکدا بووم. ع حالة N tilstand د حالت. ⇐ دارەت لە زۆر سەرچاوەی وەکوو {**فەرهەنگی خاڵ، فەرهەنگی ئەستێرەگەشە، فەرهەنگی ناهید، فەرهەنگی کاوە، فەرهەنگی کوردەواری، فەرهەنگی کوردی ئینگلیزی شارەزوور ـ شەفیق قەزاز، فەرهەنگی کوردستان، فەرهەنگی ڕێژگە**} هاتووە و بە زۆری واتای «حالت»یان بۆ داناوە. G خاڵ G ئەستێرە گەشە G ناهید G کاوە G کوردەواری G شارەزوور G کوردستان G ڕێژگە

**دارەت:**[٢] property ناو بە واتای پلە و پایە و باری کۆمەلایەتی بە تەلار و سامان و دارایشەوە هاتووە. ⇐ ن: لە پەخشانی سدیق گۆڕاندا ئەڵێ:

«لە گشت دارەتی دنیایێ، نە تەلار و نە پلە و پۆست، هیچم ناوێ» لە هەموو پلەوپایەی ئەم جیهانە هیچم ناوێ.

**تێبینی:** لە دەقی وەرگێڕدراوی کوردی ڕۆمانی «گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو»، وشەی دارەت ١٧٨٩ جار بە هەردوو واتای ١و ٢، لە دۆخ و باری جیاواز لە ناو ڕستەی جیاوازدا بەکار هاتووە:

- بۆ ئەوەی گوڵەکان دارەتێکی سروشتی تر پەیدا بکەن
- بە دارەتێکی بێبەزەییانەی بێئاگا وتی:
- بەڵام نەبزاوتنی بەر لە قسەکەی بە هەمان دارەتی بلوورین،
- چاوەکانت دەربەڕیبوون و لەو هەموو بینەرە تەنها تۆ ئەم دارەتەت هەبووە!
- ئەتوانم بڵێم من تا ڕادەیەک لە دارەتی تێئەگەم.
- ئەویش بە دارەتی مرۆڤێکی تازەپیاکەوتوو،
- بە دارەتێک وەک بۆچوونی ڕێبوارانی بەڕادەی بڕیاری دادگا لە لا گرنگ بێ،
- لە بەرامبەر کەسی بندەست دارەتێکی توند و خۆگرانەی بەخۆوە ئەگرت،
- یان بە دارەتێکی ناسەلار نیگای لێبدزێتەوە،
- تەنانەت لە سەرەتاییترین دارەتیدا،
- دارەتێکی بەرگریکەرانەی هەبوو...

**دارەت:٣** condition بار، بارودۆخ، ڕەوش، دۆخی شتێک سەبارەت بە دەرکەوتن، چۆنایەتی، یان شێوەی ڕێکخستنی کارکردنی. [ع] حالة [N] betingelse [د] حالت، وضعیت.



**دارەتگۆڕان:** mood swing دەروونناسی نەخۆشی ئەزموونکردنی سەنگەڵا یان بەرزونزمبوونەوەی هەستەکان بۆ ماوەیەکی زۆر، بە گۆڕانی باری

دەروونی یان **دارەتگۆڕان** ناسراوە. نیشانەکانی بریتین لە نزمبوونەوەی باری دەروونی زۆر بۆ ماوەیەکی درێژخایەنی زیاتر لە دوو هەفتە، هەستکردن بە هەوراز و نشێو و نەزانینی ئەوەی بۆچی هەست بە شێوازێکی دیاریکراو ئەکات.









**دارەتەرم:** stretcher [ناو] ئامراز دارەبازە، دەستەوەرە، برانکاردی نەخۆش گواستنەوە. [ع] نقالة [N] båre [د] برانکار. ⇐ **تەرم:** corpse جەندەک، لاشە، جەستەی مردوو بە تایبەت مرۆڤ، بە هیی ئاژەڵ ئەوترێ کەلاک. [ع] جثة [N] lik [د] جسد. ⇐ خودی وشەی تەرم هەرچەند بە واتای لاشە بەکار ئەهێنرێ، بەڵام تەرم دوو داری درێژ و دوو داری کورتە بە شێوەی لاکێشەیی و بە گوریس لێک توند ئەکرێن و لبادی لە سەر دائەنرێت. واتە بە واتای دارەتەرم و تابووتە. لە کوردیدا لەش گیانی زیندوو و لاشە گیانی مردووە. لە زمانی ئاڵمانیشدا: «لایشە» dei Leische بۆ کەسێکی مردوو بەکار دێت مامۆستا جەعفەر: {تەرمەکەیم بەردی مەردەشۆرخانە ـ با گرەوامـ پۆری قۆمـ و بێگانە) واتە: تەرمەکەم بەرنە مەردەشۆرخانە ـ شینم بۆ بکەن خزم و بێگانە، تەرم لەم نموونەیدا بە واتای جەندەک و لاشە هاتووە ⇐ **سەرتەرم:** pall [ناوی لێکدراو] یان بە فەرەنسیی poêle پەردەیەک کە ئەیدەن بەسەر تابووتدا و کەسانێک گوڵینگەکانی بە دەستەوە ئەگرن. هەروەها کۆنتر، لە کاتی مارەبڕینی کاسۆلیکی، باو بووە پەردەیەکی هەر بەو ناوەیان بەسەر سەری بووک و زاواوە

ڕائەگرت.

  

**داری سیسەم:** ڕووەک کەلوپەل ناو کشیشەم، درەختێکی گەورەیە وەک گوێز و بەڕوو لە پاکستانەوە تا بووتان ئەڕوێ، دارەکەی سەخت و تۆکمەیە و بۆ گرۆقەری و مۆبل و چڕیا بەکار دێ. میوەکەیشی بۆ دەرمان بەکار ئەهێنرێ

وشەی سیسەم، بە واتای قەرەوێڵە لە زمانی کوردیدا، لەوەوە هاتووە کە قەرەوێڵە لە داری سیسەم دروستکراوە E Rosewood.

  

**داریل:** cask ناو دەرم، کەموڵ، بەرمیلی تەختەی گەورە، کوویەی داری سەرگیراو، کوویەی شەراب د بشکە چووبین N tønne ع برمیل خشبی.

  

**داریووش:** Darius ئیمپراتۆری ماد شا ناوی تایبەت داریووشی مەزن، لە پادشایانی بە دەسەڵاتی ماد. سەدەی شەشەمی پێش میلاد. ناوی ئیمپراتۆر داریووش چووەتە زمانی وەکوو یۆنانی و وەکوو ناوی کوڕانە بەکار دێت. فارس، بە پادشای هەخامەنشی ناوی ئەبا، لە کاتێکا خۆیان دان بەوەدا ئەنێن کە هەخامنشی درێژەی مادە. باپیرەی داریووش ناوی هەخامەنش یەکێک لە سەدان سەرداری ماد بوو. بەڵگە بۆ ماد بوونی داریووش، یەکێک لە کۆنترین سەرچاوەکان، **تەوراتە**. لە تەوراتدا زیاتر لە (٣٠) جار ناوی ماد و داریووش هاتووە و، تەنها جارێکیش باسی هەخامەنشی تیا نییە، کە ساختەی مێژوونووسە دزەکانی ڕەزا و حەمەڕەزای پالانییەوە، ساز کراوە. بە تایبەت لە لایەن دانیاڵی پەیامبەرەوە کە خۆی کاربەدەست بووە لە دامووداژگای داریووش دا. تەورات، پەرتووکی دانیاڵ نەبی، بەشی ٦، بڕگەی ٣١ ئەڵێ:«**داریووشی مادی** ئەوسا کە سێ بیست و دوو ساڵ تەمەنی بوو، خاکی کەلدانی گرت و بوو بە پادشای ئەوێ.» هەمان سەرچاوە بەشی ٩، بڕگەی ١ ئەڵێ: «لە یەکەم ساڵی دەسەڵاتی داریووشی کووڕی ئەهاسووریۆس لە **تۆوی مادەکان**، کە بوو بە پادشای خاکی کەلدانیان.» جا ئەگەر داریووش فارسە، بۆ پێی ناڵێن لە تۆوی فارس؟ هەمان سەرچاوە، بەشی ١١، بڕگەی ١ ئەڵێ: «**داریووشی مادی** و...» ئەگەر حکوومەتێک لە ئارادا بووایەت بە ناوی هەخامەنشی دیارە پێویست نەبوو بڵێن داریووشی مادی، چونکە وەک فارس ئەڵێ ئەوە سەد و ئەوەندە ساڵە ماد تیاچووە، بۆ ئەبێ بنووسن ماد و مادی. ئەویش کەسانێک کە خۆیان ڕاستەوخۆ کاریان بۆ داریووش کردووە و زانیویانە کاریان بۆ کێ کردووە و ئەو کەسە ماد بووە نەک شتێکی تر. هەروەها ئەوەش ئەزانین پادشاکان و حکوومەتەکان چەندە سوورن لەسەر ناو و نیشان و بنەچەی خۆیان.

Bible_King_James_Version, Daniel’s Prayer for His People 5

And Darius the Median took the kingdom, being about threescore and two years old.

Bible_King_James_Version, Daniel's Prayer for His People 9

In the first year of Darius the son of Ahasuerus, of the seed of the Medes, which was made king over the realm of the Chaldeans ;

Bible_King_James_Version, Daniel's Prayer for His People 11

Also I in the first year of Darius the Mede, even I, stood to confirm and to strengthen him.



**داڕشتە :** alloy ناو ئالیاژ، تێکەڵەی چەند کانزا N legering ع أشابة د آلیاژ ☜ تووتیا. ⇐ **داڕشتگە :** foundry, casting شوێنکار ناوی جێگا کارگە یان شوێنکاری داڕشتن و لە قاڵبدانی کانزا و ئاسنەواڵە. ع مسبک N støperi د ڕیختەگری. ☜ داڕشتگە



Foundries Services



**دارِشتگە:** foundry, casting شوێنکار ناوی جێگا کارگە یان شوێنکاری دارِشتن و لە قاڵبدانی کانزا و ئاسنەواڵە. ع مسبک N støperi د ریختەگری.

**دارِمان:** tumble چاوگی تێنەپەر ڕووخان، ڕووخانی، لەبڕ، یان بەسەردا ڕووخان. ع انهار N falle د سقوط، ریزش.

**دارِمانی خودایان:** Götter Dämmerung موزیک ئۆپێرا بەشی چوارەمی ئۆپێرای ئاڵقەی نیبلۆنگ The Ring of the Nibelungی ڕیچارد ڤاگنەرە.



**دارێژە:❶** template ڕێزمان ئاوەڵناو ناو قاڵبی یان ئامادە، بریتییە لە فۆرم یان نەخشێک لە پێشەوە ئامادەکراو، کە وەک ڕابەر و ڕێنمایی بۆ دروستکردنی شتێک بەکاردەهێنرێت، بە تایبەت لە بەرنامەکانی کەمپیوتەردا. وەک: دیزاینی ماڵپەر. دروستکردنی بەڵگەنامە. پەرتووک و گۆڤار و ڕۆژنامە بە بەرنامەی وەک InDesign، کێشانی نەخشەی خانوو و کەرەستەی مێکانیکی بە AutoCAD.

**دارێژە:❷** template پیشەسازی ئاوەڵناو ناو پارچەیەکی شێوەدار لە کانزا، دار، کارت، پلاستیک، یان ئەستووی تر کە وەک نەخشێک بۆ پرۆسەی وەک ڕەنگکردن، بڕین، شێوەدانان، یان کونکردن بەکاردەهێنرێت. ع قالب N mal د قالب، الگو.




**داژدار:** ❶ fan لایەنگری ناوویکەر لاگر، لایەنگر، پشتیوان، پارێزەر د هوادار، جانبدار N fan ع انصار، معجب.

**داژدار:** ❷ owner خاوەنداری ناو خاوەن، کەسێک کە خاوەنی داژدە بێ N eieren ع صاحب د مالک.

**داژدە:** property خاوەنداری ناو ڕاوەن، سامان، شت یان کۆمەڵێک شت کە لە چاوی ڕێسادا هیی کەسێک بێ. داژدە ئەتوانێ هێسن بێ ئەتوانێ ناهێسن بێ. ع ملکیة N eiendom د ملک E chattel.

ن: ڕاوەن و خاوەن: property and owner ع د ملک و مالک.

**داژدار:** خاوەنی سامان و داژدە، داژدار ئەتوانێ کەسێک یان چەند کەس یان کۆمپانیایەک بێ. ع ملکیة N eiendom د ملک.

**داستان:** ویژە چیرۆکی پاڵەوانی و مێژوویی E epic ع ملحمە د حماسە.

**داستایڤسکی** دەروونناسی ڕۆمانی فرەدەنگی: ویژە تۆژینەوە هەڵسەنگاندنێکی فرەلایەنەی دەروونناسانەیە لە ڕۆمانی فرەدەنگی، ڕۆمانی پۆلیفۆنی، ڕۆمانی پەیوەندی نێوان وەگێڕ و پێرسۆناژ، ئەو ڕۆمانەی دەنگی کارەکتەر بە شەپۆلی دەنگی وەگێڕ نوقم نابێت؛ تێکۆشانێکی بەرپرسانەیە لەمەڕ بەسەرهاتی ژیان، هونەر و ئەندێشەی داستایڤسکی بۆ ناساندنی بەرفراوانی بیر و ئەندێشەی ئەو بلیمەتە مەزنە و؛ دیاردەی دەروونناسانەی دڕندەی هەناوی مرۆڤ، گەشەکردنی دوولایەنە و پێکهێنانی بالانس، تیپ و پۆلەکانی کەسایەتی ناو ڕۆمانەکان لە

ڕەوتێکی درێژخایەن و ئەهوەندا، نووسینی هێدین {هادی محەممەدی}، ٢٠٢٣، چاپی مادیار.

☜ فرەدەنگی لە موزیک/وێژە ☜ ڕۆمانی فرەدەنگی







**داسنی :** ئایینناسی ئێزەدی، ئایینێکی کۆنی کوردەوارییە.

**داسووکە :** ناو قەڵاس، دەسک، گوڵە گەنم کە لە دەمی داس دائەکەوێ.



**داسەکنان :** stagnation چاوگی تێنەپەڕ کزی، وەسیان، ناسازی و بێتوانایی {بە تایبەت ئابووری} لە خولێکی دیاریکراودا بە هەستی نائومێدییەوە.
ع الركود N nedgangen د ركود.

**داسەکنانی ئابووری :** economic downturn ئابووری کزبوون و وەسیانی ئابووری N økonomisk nedgang ع الإنكماش الاقتصادي

د رکود اقتصادی،

**تێبینی:** هەڵبەت نووسەری جیاوازی ئینگلیزینووس، وشەی جیاوازیان بۆ داسەکنان بەکار هێناوە و ئەم وشانە تا ڕادەیەک بە هەمان واتان: {recession, slowdown, decline, slump, doldrums, contraction, slowing, slow_down, depression, crisis, deterioration, deceleration, adversity, drop, decrease, regression, setback, fall, deflation, sluggishness}.




**داشتن:** maintenance داشت ناوی‌لێکدراو دێران، ئاودێران، ئاودان؛ ڕاگرتن و نیگاداری، داشت. ع ادخار، ذخیره N vedlikehold د آبیاری، نگەداری.

**داشدیار:** housekeeper ناوی‌لێکدراو بناوان، کەسێک کە ئاگای لە ماڵ ئەبێ. ع مدبرة المنزل N husholder د خانەنگهدار.

**داشقە:** chariot ناو گالیسکە، جۆرێکە لە ئەرەبانەی دوو چورخی یەک یان دوو ئەسپە، لە لایەن گالیسکەوانێکەوە لێدەخورێت، بەزۆری ئەسپ بەکار دەهێنرێت بۆ دابینکردنی هێزی پاڵنەری خێرا. داشقە کەرەستەیەکی گرنگی وەرزش و پێشبڕکێ و تەتەری بووە. ڕیشەناسی لە ئینگلیزی ناوەڕات، لە فەرانسە، لە carrus ی لاتین بە واتای چەرخ. ع عربة N vogn د ارابە.





**داڤینچی:** Leonardo da Vinci زانا هونەرمەند ستراتیجیست (١٤٥٢ـ١٥١٩) پسپۆڕی توێکاری، زانای جەنگ و ستراتژی، وێنەکێش، پەیکەرتاش، بیناساز، گیاناس، مۆزیکزان و نووسەری بەناوبانگی ئیتالیایی. لیۆناردۆ زیاتر وەک نموونەی سەرەتایی ڕێنێسانس ئەناسن، کەسێک وا هەستی سەرنجوردی ڕاگیرنەکراوی تەنها بە هێزی ئافرێنەری دائەمرکایەوە. بە یەکێک لە گەورەترین شێوەکاران ئەناسرێت، بەڵام بە دڵنیایەوە تاکە مرۆڤێکە تا ئێستا، کە ئەو هەمموو بەهرەی جۆربەجۆرەی هەبووە. زیاترین ناوبانگی لیۆناردۆ بۆ کێشانی دوایین شێو و مۆنالیزا بووە.








**داڤیۆ:** Gabriel Davioud نژیارقان (١٨٢٤ـ١٨٨١) مێهرازی توانای فەڕانسەیی، ساڵی ١٨٧٨ کۆشکیترۆکادرۆی بۆ پیشانگەی جیهانی پاریس دروست کرد.




**داکا پۆ:** da capo موزیک ئیتالیایی، بە واتای سەرلەنوێ، پاتە بیێتەوە. لە موزیکدا بە واتای ئەوەیە لە سەرەتاوە تا ئەو شوێنەی کە ئەم نیشانەی لێ دانراوە، پاتە بیێتەوە. بە چەشنێک پەیڕەویکردنە لە قانوونی چەلاوچەلی.




**داکردن:**[١] چاوگی تێنەپەڕ کردنە ژوورەوەی ئاژەڵ و پاتاڵ ن: پاتاڵەکانم داکرد.

**داکردن:**[٢] چاوگی تێنەپەڕ دابارینی باران ن: تاچووینە دەرەوە، باران دای کرد.

**داکردن:**[٣] چاوگی تێنەپەڕ خەلە کردنە ناو چاڵ ن: لە سێ شوێن خەڵەیان داکرد.

**داگرتبێ:** concealed ئاوەڵناو شاردبێتەوە. ⇦ **خۆداگرتن:** چاوگی تێپەڕ خۆ شاردنەوە. ن: خۆی داگرتبوو: لە ترسان خۆی شاردبوویەوە یان چووبوویە بۆسەوە، بۆ ئەوەی نێچیرەکەی نەترساندبێ.

**داگرتن:**[١] demount چاوگی تێپەڕ هێنانەخوارەوەی کاڵا، داگرتنی مەکینە، داگرتنی گوێز. ع انتزع شیئا N demontere د پیادە کردن. ⇦ **دابەزاندن:** demotion ناو دابەزاندنی پلە، تڕۆکردن، هێنانەخوارەوە. ع خفض الرتبة N degradering د تنزل رتبە.

**داگرتن:**[٢] download ئای تی داگرتنی زانیاریی، پەڕگە، دراوە لە کۆمپیوتەرێکی ناو ڕایەڵەیەکەوە بۆ ناو ئەو سیستەمەی کە کاری لەسەر دەکەین، وەکو داگرتنی فیلمێک لە ئینتەرنێتەوە. داگرتنی بەرنامە و زانیاریی لە

کۆمپیوتەری بەردەستی خۆمان بۆ سەر ئامێرێکی دەرەکیی، وەکو داگرتنی نەرمەوالآیەک بۆ سەر ڕۆبۆتێک.




**داگرتنەوە:** taxidermy چاوگی تێپەڕ چاوگی دووڵۆ تەکسیدرمی، پڕکردنەوەی پێستی ئاژەڵ و ڕازاندنەوەیان وەکوو ئاژەڵی ڕاستەقینە. ع التحنيط N taksidermi د تاکسیدرمی، پوست آرایی.




**داگلاس فێربنکس:** Douglas Fairbanks دەرهێنەر {١٨٨٣ـ ١٩٣٩} دەرهێنەر و ئەکتەری ئەمریکایی.

**دالی:** Salvador Dali شێوەکار پەیکەرتاش سینەماگەر {١٩٠٤ـ ١٩٨٩} سالڤادۆر دۆمینگۆ فلیپی جاکینتۆ دۆمینیچی ئی دالی دی پوبۆل ناسراو بە سالڤادۆر دالی {ئیسپانیایی Salvador Domingo Felipe Jacinto Dalí} شێوەکاری سووررِیالیست، یەکێکە لەبەناوبانگترین نیگارکێشەکانی سەدەی بیستەم. لە هونەری وێنەی سووررِیالیدا دەستێکی باڵای هەبوو، ١٩٣١ تابلۆی ئازگاری یادەوەری The Persistence of Memory

کێشا و لە کۆتایی سیەکاندا ناوبانگێکی بەربڵاوی دەرکرد و لە نیویۆرک نیشتەجێ بوو. ساڵی ١٩٤٨ گەڕایەوە بۆ کاتالۆنیا و چووە ناو هونەری کلاسیکی ئایینیەوە و ژمارەیەک وێنەی ئایینی کێشا وەکوو {خاچ ـ ١٩٥٤}. دالی بڕوای زانستیشی سووریالی بوو وەکوو {سۆفیگەری ئەتۆمی} و {ئەندازەی ئێزەدی} و {لۆگارتیمی مارپێچی}. دالی لە بواری سینەمایشدا کاری کرد و هاوکاری لەگەڵ هیچکاکیش هەبوو.







**دالاخان:** Dalakhan ناو هێلانەی هەڵۆ، جوگرافیا ناوی جێگا شاخێکە لە ناوچەی سەنقوری کولیایی باشووری کوردستان، لە نێوان سنە و کرماشان.





**دامرکاندن:** repression چاوگی تێنەپەڕ کردەوەی ڕامکردنی کەسێک یان شتێک بە زۆر. ⇦ **سەرکوت:** suppression ناوی لێکدراو سەرکوتکردنی چالاکی یان بڵاوکردنەوە.

**دامرکاوە:** dormant ئاوەڵناو {ئاژەڵێک} کە ئەرکی جەستەیی ئاسایی بۆ

ماوەیەک هەڵپەسێردراوە یان خاو بووەتەوە؛ لە خەوێکی قووڵدایە یان وەک ئەوەی لە خەوێکی قووڵدا بێت؛ هەرشتێکی ناچالاک و ناکارامە. ع في سبات عميق N sovende د خوابیدە، ساکت. : ئارەزووی دامرکاوی بۆ نووسینی چیرۆکی تەمار سەی هەڵهێناوەتەوە. : گڕکانی دامرکاوە.








**دامەزراو:** facility دامەزراو خزمەتگوزاری ناو شوێن، ناوەند، یان کۆمەڵە ئامێرێک کە بۆ مەبەستێکی دیاریکراو دابین کراوە. ع منشاء N anlegget د موسسە. ⇦ **پەیمانگە:** institute دامەزراو خوێندنی باڵا ناو ناوەند یان رێکخراوێک کە ئامانج یان هۆکاری دیاریکراو یان هاوبەشی هەبێت، بە تایبەت فاکتەری زانستی، پەروەردەیی، یان کۆمەڵایەتی. ئەم ناوە رەنگە بۆ ناوەندی تۆژینەوە و لێکۆڵینەوە بەکار بهێنرێ کە سەر بە زانکۆکانن. ع معهد N institutt د موسسە، آنستیتو.

**دامەزراوەی سمیسۆنیەن:** Smithsonian Institution مۆزەخانە فێرگە لە ١٠ی ئاگۆستی ١٨٤٦ «بۆ پێشکەوتن و بڵاوکردنەوەی زانست» دامەزراوە، ئەم دامەزراوەیە بۆ رێزلێنان لە جەیمس سمیسۆن، زانای بەریتانی و دامەزرێنەر وا ناونراوە. ◄ ئەم دامەزراوەیە دەکەوێتە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ١٣٧ ملیۆن کەلوپەلی کۆ کردەتەوە. ◄ ١٥٦ مۆزەخانە لە ئەمریکا سەر بە ئەم دامەزراوەیەن و ناوەندەکەی دەکەوێتە شاری واشنگتن دی سی.





**دامەزراوی کاراگایی:** firm of inquiry agents دامەزراو پیسپۆڕی یان وەک ئەمڕۆ ئەڵێن Detective Agency، واتە بنکەی پشکنین و لێکۆڵینەوە کە (کار ئاگان)واتە پیۆڕن و ئەزانن چۆن تۆژینەوە بکەن.

**دامەزراوەییکردن:** Institutionalisation کۆمەڵناسی ڕامیاری لە کۆمەڵناسیدا، بریتییە لە ڕەوتی چەسپاندنی هەندێک چەمک (بۆ نموونە باوەڕ، نۆرم، ڕۆڵی کۆمەڵایەتی، بەها، یان نەخشەی ڕەفتار) لەناو ڕێکخراوێک، سیستەمێکی کۆمەڵایەتی، یان کۆمەڵگایەکدا وەک کۆیەک. پابەندبوونی تاک یان دەستەی دیاریکراو بە دامەزراوەیەکەوە، وەک دامەزراوەی چاودێری دەروونی یان کۆمەڵایەتی. بە واتای ڕامیاری بۆ دامەزراندن یان ڕێکخستنی دامەزراوە حکومییەکان یان دەزگا تایبەتەکان کە بەرپرسیارن لە سەرپەرشتیکردن یان جێبەجێکردنی ڕامیاری، بۆ نموونە لە بواری خۆشگوزەرانی یان گەشەپێدان. لە سەردەمی شۆڕشی پیشەسازی لە ئەورووپادا، زۆرێک لە وڵاتان بە قۆناغێکی «دامەزراوەیی»دا تێپەڕین، کە فراوانبوون و پەرەسەندنێکی بەرچاوی ڕۆڵی حکومەت لەناو کۆمەڵگای بەخۆیەوە بینی، بەتایبەتی لەو بوارانەی کە پێشتر بە بەشی تایبەت دائەنران. هەروەها بەدامەزراوەییکردن وەک بەشێکی گرنگی پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن لە وڵاتانی تازەپێگەیشتودا سەیر ئەکرێت، لەوانەش فراوانکردن و ڕێکخستنی باشتری پێکهاتەکانی حکومەت.












**داناار:** crystallization ئاو کیمیا ڕوخسان، تێکەڵاونەبووی دەنکەدەنکەی داوەستاو. ع تبلور N krystallisering د تبلور ☚: برنجی داناردانار، پێشتەکە داناار ببوو د دانەدانە شدن ☜ ڕوخسان ☜ ڕەخسان.

**داناردانار:** ئاوەڵناو زبر؛ لێک جیابوون و دەنک دەنک بوون ☚: کاغەزی زبر.

**دانامە:** gray ئاوەڵناو مووی ڕەش و سپی، ماش و برنجی، مێش. ع رمادي N grå د خاکستری.

**دانان بووڤێرت:** Dagnan_Bouveret شێوەکار (١٨٥٢_١٩٢٩) شێوەکاری ناتۆرالیستی فەرانسەیی.




**دانایید:** Danaid ئاییروئەفسانە لە ئەفسانەی یۆنانیدا، داناییدەکان، کچانی داناوس، بە تاوانی کوشتنی مێردەکانیان، سزا دران بەوەی کە بەردەوام گۆزەی کون پڕ بکەن لە ئاو.



**دانتۆن:** George Jacques Danton خەباتگێڕ (١٧٥٩ـ١٧٩٤) کەسایەتی بەرجەستەی شۆڕشی بۆرژوایی فەڕانسە لە کۆتایی سەدەی هەژدە. سەرۆکی باڵی ڕاستی ژاکۆبون.








**دانتێ ئەلیگێری:** Dante Alighieri هونەر نووسەر {١٢٦٥ـ١٣٢١} هۆنەر و نووسەری ڕامیاری ئیتالیایی، لە گرنگترین هۆنەرانی کۆتایی سەدەی ناونجی و خاوەنی هۆنراوەی دڵداری زۆر، وەک کۆمیدیای یەزدانی {دۆزەخ و بەرزەخ و بەهەشت} و ژیانی نوێ.




**دانتێل:** dentelle تەنین ناو تۆڕی دانتێل، تۆڕی ئۆیە، کووتاڵێکی تۆڕی نەخش وردە بە زۆری لێوارێکی ددانەداری هەیە؛ هەندێ جار بە زڕوزەنگیانە ڕازاوەتەوە. ع شریط زینة N Dekorativt bånd د توری E lace, net, embroidery.



**دانجن :** dungeon ناو بە واتای «زیندانێکی تاریک لە سەیزاندا»، لە وشەی فەرانسیی donjon ـەوە هاتووە، کە وشەی ئینگلیزی donjon، بە واتای «کەلووی ناو قەڵا»ی دروست کردووە. Dungeon بۆ یەکەمجار لە سەدەی ١٤دا لە زمانی ئینگلیزیدا بەکارهات بۆ کەلووی بەهێزی ناووەی قەڵا.








**دانسقە :** well_set_up ئاوەڵناو کەموێنە، نایاب، بەرکەتی، دەستان، ناوازە، گردوکۆ. ع نادر N godt oppsett د نایاب E rare.

**دانشێف :** Les Danicheff شانۆ شانۆگەری کۆمیدی ئەلکساندر دۆمای کوڕ، ١٨٧٦.




**دانکە :** ناوی لێکدراو هاوڵەی ئاژەڵ کە جەرگی دائەرزێنێ.

**دانوسان :** negotiation چاوگی تێنەپەڕ [دان+و+ستان] وتووێژ، گفتوگۆ،

دانوستاندن، دانیشتن بۆ گفتگۆی ڕێککەوتن لەسەر دان و ستاندنی دوو لایەنە. ع تفاوض، مفاوضة N forhandling د مذاکره.

**دانەکیرێ:** ناوی لێکدراو ددانەکیرێ، دانەچیرە.

**دانەوە:** amortize فەرمان ئەمۆرتایز. N amortisere د مستهلک کردن.

١} دانەوەی تێچووی سەرەتایی ڕاوەن و سامان لە ماوەیەکدا. نـ: خاوەن کەشتییەکە نەیتوانی تێچووی سەرمایەی کەشتییەکە بداتەوە.

٢} دانەوەی وام بە دەسەندە و پارەدانی بەردەوام. نـ: لە سەداهەشتای داهاتەکەی بۆ دانەوەی وامی گشتی بەکارهێنراوە.

٣} گوستنەوەی ڕاوەنی وەکوو زەوی بۆ کۆمپانیایەک. نـ: زەوییەکان بەبێ مۆڵەت ئەدرێنەوە یان ئەمۆرتایز ئەکرێن.

**دانیشتن:❶** séance شێوەزانست چاوگی تێنەپەڕ کۆبوونەوەی پەیوەندیکردن لەگەڵ گیانی مردوو، بە تایبەت لە ڕێگەی دەزگا یان کەسانی مێدیۆمی کلاوبازەوە، لە کەشێکی تایبەتی شانۆیی و ساختەدا. ڕیشەناسی لە séance فەرانسەیی کۆتایی سەدەی ١٨، لە فەرانسەیی کۆنی seoir لە sedere ی لاتین بە واتای دانیشتن sit. ع جلسة N seanse د جلسه. ☜ گیانبانگکردن.

**دانیشتن:❷** séance فیلم فیلمی سینەمایی ٢٠٢٤، ١٩٢١، ٢٠١٨، ٢٠١١، ٢٠٠٠، ١٩٦٤.









**دانیشاندن:** چاوگی تێنەپەڕ نیشاندن، کڕینەوەی ئافرەتی لەشفرۆش و

کردنی بە سووتڵی یان مارەبڕینی.

**دانیەل دو ڕۆپ:** Daniel de Rops فەیلەسووف یان Daniel_Rops {١٩٠١ـ١٩٦١} نووسەر و فەیلەسووفی فەڕانسەیی.








**دانیەل گاردنر:** Daniel Gardner شێوەکار {١٧٥٠ـ١٨٠٥} پۆرترێتکاری بەریتانیایی، هەندێک لە ڕەخنەگران بە شێوەکارێکی مەزنی دائەنێن.








**داواکار:** suitor داـوونەریت داواخواز، داخواز، ویستەر، خوازۆک، بخواز؛ پیاوێک کە بەدوای پەیوەندی لەگەڵ ژنێکی دیاریکراودا دەگەڕێت، بە ئامانجی هاوسەرگیری. ع الخاطب N frier د خواستگار.

**داواخواز:** pretender ناوی‌لێکدراو کەسێک کە داواکاری نازناو یان پۆستێک دەکات یان ئاواتەخوازە. ع المدعی N pretender د مدعی.

**داواکراو:** claimed داوەدوری داخوازی ڕاستی شتێکە بەبێ ئەوەی بەڵگە و پەروەندەی گونجاوی هەبێ. ع مدعی، مزعوم N hevdet د مدعی.

**داوالێکراو:** defendant داوەدوری دادلێکراو، داخوازلێکراو، تاک، کۆمپانیا،

یان دامەزراوێک کە لە دادگای ڕێسادا سکاڵای لەسەر تۆمارکراوە یان تۆمەتبار کراوە. ع مدعی علیه N anklagede د مدعی علیه، مدافع.

**دا و دا:** ڕێزمان ڕێنووس شێوەی نووسینی دا(پاشگر) و دا(فرمان)؛ پاشگر یان ئامرازەکانی (دا، ڕا، وە، ەوە) ئەبێ بلکێن بە وشەکانی پێشیانەوە، وەکو:

دا: لە ماڵدا چاوم پێی کەوت.

ڕا: لە کوێڕا هاتی؟

وە: لە کوێوە بۆ کوێ؟

ـەوە: لە بنەڕەتەوە وا نەبوو.

فرمانی (دا)

وشەی (دا) کە ڕابوردووی (دان، دایین)ـە جیاوازی هەیە لەگەڵ پاشگری (دا) و، ئەبێ بە جیا بنووسرێت:

لە ماڵدا نامەکەم پێ دا.

لە کوردستان لاوان گوێیان بە دوژمن نەدا.

هەوڵی زۆریان دا.

بەڵێنم دا سبەی بیبینم.

سەرەنجام وەڵامی دایەوە.

زانستپەروەرانی کورد

**داوەشان:** degenerate چاوگی تێنەپەڕ دارزان و لەبەریەک هەڵتەکان، لەدەستدانی تایبەتمەندی جەستەیی و سروشتی: لەشی داوەشاوە ناتوانێ هیچ بکات. ع تفسخ N degenerert د فاسد شدن.

**داوود:** David ئاپیناسر داوید، بە گوێرەی پەرتووکی سەردەمی دێرس، دووەم پادشای نیوە ئەفسانەیی بەنی ئیسرایل (کۆتایی سەدەی ١١ تا

نزیکەی ٩٥٠ی پ.ز†)، داوود سەرەتا ئەفسەری سپا بوو و، پاشان کچی شاول پاشای هێنا، بەڵام پاش ماوەیەک گومانی لێکرا و هەڵات بۆ بیابانەکانی باشووری فەلەستین. پاش کوژرانی شاول، بوو بە پادشای جوولەکە و هۆزەکانی+ جوولەکەی یەکخست، مەڵبەندی کەنعان و ئۆرشەلیمی خستە بن دەسەڵاتی خۆیەوە و ٤٠ ساڵ پاشایەتی کرد. داوود پادشایەکی سەرەڕۆ بوو کە بۆ یەکەم جار نەتەوەکەی خۆی ناچار کرد کرنۆشی بۆ ببەن. وێژەی جوولەکە و عیسایی داوود بە دیندارێکی هێور ئەناسێنن کە بە دەنگێکی زەڵاڵ نوێژ و نزای ئەکرد. گوایە پەرتووکی سرووده ئایینییەکانی زەبوور یان سالم Psalm ئەو نووسیوێتی، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی بۆ سەلماندنی نییە. بە گوێرەی ئینجیل داوود بە پشتیوانی ساموێلی پەیامبەر بوو بە پادشا.






**داوید:** Jacques_Louis David **شێوەکار** ژاک_لویی داوید (١٧٤٨_١٨٢٥) شێوەکاری نیۆکلاسیکی فەڕانسەیی.




**داوید دانژێ:** David d'Angers پەیکەرتاش (١٧٨٨ـ١٨٥٦) پەیکەرتاشی فەرەنسەیی.




**داوود و گۆلیات:** David and Goliath ئایینناسی گۆلیات یان گەلاٌیاس لە قورئاندا بە جالووت ناوی هاتووە، بە پێی دەقی تەورات، فەلەستینی و جوولەکە لە بەرامبەر یەکدا ڕاوەستان و گۆلیاتی فەلەستینی کە زۆر زل و زەبەلاح بوو، هاتە پێشەوە و کەوتە هاشوهووش و لە دوای ئەوەی ماوەی چل ڕۆژ ئەمکارەی پاتە کردەوە، داوود لێی چووە پێشەوە و بە قەڵماسک بەردێکی دا لە ناوچاوی و کوشتی (پەرتووکی پیرۆز، چاخی کۆن، سامۆیل، پەرتووکی یەکەم، بەشی ١٧).



**داوودی پیر:** گەمە لە یاری پەڕەدا ناوی چوار پەڕەی شا بەمجۆرەیە: شای دڵی ڕەش pique ناوی داوودە David، شای دڵ پێی ئەوترێ شارلمانی Charlemagne، شای خشت ژولیۆس سیزار Julius Caesar، شای گشنیژ ئەسکەندەری گەورەیە Alexander the Great.




**داوڵ:①** scarecrow هێمایر پەیکەرۆچکەیەکی مرووڤئاسایە بۆ ترساندنی باڵندە لە دەخڵ و دانی تازە چێنراو و گەشەکردوو؛ بەرتەلاش، پیرپەرۆ، چاتۆڵ، داڵۆ، داڵەهۆ، داوار، داهۆڵ، قەیلۆک، لۆیک، مەترەس، ووەڵە، هەراسە. ع قزاعة N fugleskremsel د مترسک.

**پەیکەرەداوڵ:** effigy ئاو کۆتەڵ، پەیکەر، بووکەپەرۆ، بووکەڵە، پەرۆیینە، داوڵ. ن:

بەو زولفی مێروە قەت مەکە مەنعم لە شەهدی
تەیرێکە دڵ زەعیف و دەترسێ لە داوڵێ
سەیفی قازی

نارەوەوە لە داوڵ و تارمایی
زۆرم دیوە بوولێڵ و تاریکایی
دێنم بەو شەوگارە ڕەشە دوایی

دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم، دەڕۆم تا ترۆپکی ڕزگار بوون
هێمن

**تێبینی:** لە وێنەی لای ڕاستدا وا دەرئەکەوێ مەل و باڵندەش بەوەی زانیوە کە تەنها مرۆڤ مەترسیدارە و ئەبێ لێی بڕەوێتەوە، ئەگینا لە پەیکەی مانگا و ئاژەڵی تر ناترسێ!






**داوەڵ:** ٢ homme de paille ڕێسا کارگێڕی {١٨ی برۆمێر}لە فەرانسە، مەبەست هیچکارەیە، کەسێک کە ناوەکەی لەبری کەسێکی دیکە بەکار ئەهێنن. سێپتەمبەری ١٨٣٥ ڕێسایەکی زۆر دژواری چاپەمەنی دابەزی کە هەموو ژمارەیەک ئەبوا ناو و واژۆی سەرنووسەری ڕۆژنامەکەی لەسەر بوایەت. لەبەر ئەوەش کە زۆربەی بەڕێوەبەران لە زینداندا بوون، کەسێکی تر ناوی ئەنووسرا و واژۆی ئەکرد کە هیچکارە بوو. ئەوە کەسەی کە هەموو شتەکان بە ڕواڵەت بە ناوی ئەوە و لە ڕاستییشدا وا نییە، پێی ئەوترێ homme de paille کە بە واتای داوەڵە.




**داهات:** revenue ئابووری داهات، زیاتر هی کۆمپانیا و دامەزراوی مەزن و

ولاّتان N inntekter ع ایرادات د درآمد.




**داهاتانە:** tax ئابووری جۆرێکە لە باج و سەرانە، پیتاکی داهاتی کارکردن. ع ضريبة N avgift د ماليات.

**داهۆڵ:** داوەڵ د مترسک ☜ داوەڵ.

**داهێزان:** debilitating چاوگی تێنەپەڕ سست و بێواز بوون، وزە لێ بڕای، شەکەتی و ماندووێتی، لەشگرانبوون بە هۆی تا یان گەرماوە. ع منهكة N svekkende د ضعيف شدن.

**داهێزان:** malaise چاوگی تێنەپەڕ هەستێکی گشتی وەڕەزی، نەخۆشی، یان نائارامی کە ئەستەمە هۆکاری وردی دەستنیشان بکرێت.

**داهێزراو:** debilitated ئاوەڵناو {داهێزران چاوگی تێنەپەڕ} سست و بێواز، وزە لێ بڕاو، شەکەت و ماندووی سالاّن، لەشگرانبوون بە هۆی تا یان گەرماوە. ع وهن N svekket د سست شده.

**داهێنراو:** invented ئاوەڵناو مۆدەی کەمخایەن، داهێنراوی کەمبڕشت.




**داهێنان:** invention چاوگی تێپەڕ وەدی هێنانی شتی نفت و نوێ. ع

اختراع، بدعة N oppfinnels د اختراع.

**هاندەری داهێنان:** heuristic ئاوەڵناوی لێکدراو ئەوەی کەسێک بتوانێ شتێک بدۆزێتەوە یان فێر بێ؛ ڕەوت و شێوازێکی داهێنان.

بیندرش یان گیرەی کاغەز داهێنانی نەرویجە.

**ترووسکەی بلیمەت:** Flash of Genius فیلم فیلمێکی ناوازەی ٢٠٠٨، سەبارەت بە بلیمەتێکی داهێنەر و دزانی میلیاردەر. ☜ گیرەی کاغەز




**داهێنەری:** Ingenuity ناوی چاوگ بەهۆشی، چارەدۆزی، کارزانی، داهێنان، شارەزایی، دەستڕەنگینی، هونەرمەندی، وەستایی. ◀ بەو پێیەی کە هۆش، توانای هەمەچەشنەی سازان و خۆڕێکخستنە، داهێنەری، توانای داهێنانە لە ڕێگەی بەکارهێنانی یادەوەرییەکانی ناو یادگە بە شێوەیەکی تازە و بە جۆرێک کە پێشتر بوونی نەبووە. ع براعة N Oppfinnsomhet د نبوغ، ابتكار.




**دایاخ:** tålmodighet patience ناو پشوو، سەبر. ع صبر N صبر د tålmodighet صبر.

**دایان دو پواتییه:** Diane de Poitiers گراوی نازیله {١٤٩٩_١٥٦٦} نازیلەی هانری دووەم.




**دایانا ڤێرنەن:** Diana Vernon مێژوو پێرسۆنا کیژی شەنگی ڕۆمانی مێژوویی ڤاڵتەر سکات لە ١٨١٧ کە ڕاب ڕۆی شەیدای ئەبێ.




**دایک:** Mother فیلم درامای سۆڤێتی ١٩٢٦، دەرهێنانی پۆدۆڤکین. ژێوەرگرتن لە ڕۆمانی دایک نووسینی ماکسیم گۆرکی. کەریمی حیسامی ڕۆمانەکەی وەرگێڕاوە بۆ کوردی. بێرتۆلت برێشت کردوویە بە شانۆنامە.









**دایک ئازیزترین:** Mommie Dearest بەڵگە یادەوەری فیلم بیرەوەری و ڕازدرکاندنی کریستینا کرافۆرد، شیرکچی «جوان کرافۆرد»ی هونەرپیشە، لە ساڵی ١٩٧٨دا بڵاو کرایەوە. نووسەر بەسەرهاتی کچێک ئەگێڕێتەوە کە دایکێکی ئەلکولی ناساز گەورەی کردووە و لای وایە کەسی وەها بۆ دایک ناشێ. ئەم پەرتووکە دەنگوهەرای زۆری لێکەوتەوە. ساڵی ١٩٨١ بە بەشداری فەی داناوەی کرا بە فیلم.







**دایک و باوکی سامناک:** Les Parents terribles فیلم فیلمی سینەمایی ١٩٤٨ دەرهێنانی ژان کۆکتۆ.







**دایەگەورەی مناڵپارێز:** adopted grandmother کۆمەڵناسی. ع جدة بالتبني N adoptert bestemor د مادربزرگ خواندە.

**دایکی خوا:** Ancilla Domini ئایینناسی بووبەر وەڵامی مریەمی پاکیزەیە بەو فریشەی کە مژدەی هەڵبژاردنی بۆ هێناوە وەکوو دایکی دەرژی عیسا، کە ئەڵێ: acce Ancilla Domini ئاماژەیە بە تابلۆیەک بەم ناوە،

بەرهەمی دانتە گابریەل ڕوستی Dante Gabriel Rossetti (١٨٢٨-١٨٨٢) شێوەکاری ئینگلیزی.




**دایگرۆتایپ:** daguerreotype وێنەگری وێنەیەک کە بە شێوازێکی کۆنی پەڕەیەکی زیوین بە جیوە و هەڵمی یۆد گیرابێ.



**دایە سمیتا:** mater semita نازناو گەڕان-٦ واتە دایکی سامی. ڕەنگە بیرخستنەوەیەک پێویست بێ کە: سەن-لوو لە کاتی پرسی درەیفوس لایەنگری لێئەکرد و ئەیانوت ڕەنگە ڕەگی جوولەکەی هەبێ، لەولاشەوە ژیلبێرت ماوەیەک خۆی بە کچی فۆرشۆڤیل ئەناساند و ئەیشاردەوە کە کچی سوانی جوولەکەیە، بەڵام ئێستە کە ئەیویست شوو بە سەن-لوو بکا، دیسانەوە ئاماژەی بە بنەچەی جوولەکەی باوکی ئەدا؛ واتە نان بە نرخی ڕۆژ ئەخوات.

**دخۆ:** alderman پلەی کۆمەڵایەتی ناو کوێخا، قێخا، بەرپرسی کاروباری کۆمەڵایەتی گوند. ع عمدة N rådmann د کدخدا.

**دادنپێدانان:❷** Confessions ئایینناسی چاوگی تێنەپەڕ بیرەوەری ژان ژاک ڕۆسۆ بیرمەندی سویسییە کە بەبێ شاردنەوە هەموو ژیانی خۆی ئەگێڕێتەوە. ڕۆسۆ هەرچەند خوایەرست بوو بەڵام بەرهەمەکانی لە ڕوانگەی کڵێسەی کاسۆلیکەوە بە دائەنرێ، چونکە ئەو نە لە دەقە دینییەکاندا، بەڵکو لە سروشتدا بۆ خوا ئەگەڕێ.

**دادنپێدانان:❷** Confessions پەرتووک بەرهەمی ژان ژاک ڕۆسۆ.

**دادن لەچیرەوەهێنان:** bruxism چاوگی تێنەپەڕ ددان چیڕ کردنەوە، لێک ساوینی ددانەکانە بە زۆری لە خەودا و هەندێ جار بە ڕۆژیش ڕوو ئەدا د دندان قروچە N bruksisme ع صريف الأسنان.



**دادنۆکی ئۆش:** Dent d'Oche جوگرافیا کوێستان کوێستانێکە لە فەرانسە، لەسەر سنووری سویس بەرامبەر بە شاری لۆزان، بەرزترین لووتکەی ٢٢٢٢ مەتر بەرزە.



**دراکنفووتر:** drachenfutter داب‌ونەریت دیاری دیاری دڵهێنانەوەجێ، وشەیەکی ئاڵمانییە، بە واتای دانی دیاری بە کەسێک و بە تایبەت بە هاوسەرێک، کە لە خاوەن دیارییەکە زیز و تووڕەیە؛ کە بەرامبەرەکەی، بەو واتایە، لە ئینگلیزی و زمانە ئورووپاییەکانی تردا نییە، بۆیە هەمان وشە ئاڵمانییەکە بەکار ئەهێنن، مەبەست لە دیارییەکە بتوانێ دڵی زیزبوو ئاشت بکاتەوە. ⇦ واتای ئاسایی وشەکە «خواردنی ئەژدیها= Dragon food»یە.








**درامای مایسەنی:** Mycenaean drama مێژوو هۆز ئەماژە بە ژیانی دراماتیکی مایسەنییەکانە، هیی هەزارەی دووەمی پ. ز. یۆنان کە نژیارڤانی و درامای شیعری و شەرابخستن و فەلسەفە لەوان کەوتووەتەوە.




**دراو:**❶ Draw یەکەی پارە یەکەی پارەی کوردستان. ٤ عملة کردستان

The currency [E] واحد پول کردستان [د] Valutaen til Kurdistan [N] .of Kurdistan




**دراو:**[٢] currency دراو ئابووری ئاو یەکەی دراو، سیستەمێکی پارە بۆ بەکارهێنانی گشتی لە وڵاتێکی تایبەت. [ع] عملة [N] valuta [د] ارز.

**دراو:**[٣] currency ئابووری بانکداری لە ئابووریدا یەکەی پارە یان دراوە، دەتوانێت ئاماژە بۆ دراوێکی دیاریکراو بکات، وەک دراوی دۆلاری ئەمریکی، دیناری عێراقی یان تمەنی ئێرانی، یاخود ئاماژە بۆ سکە و دراوی کاغەز هیی دراوێکی دیاریکراو، کە لە ڕوانگە فیزیکییەوە مەبەست ڕێژەی ئەو دراوەیە بەدەست جەماوەرەوەیە. بەشی دووەمی ڕێژەی پارەی وڵاتێک پێکهاتووە لەو پارەی کە لە بانکدا هەڵگیراون.




**دراوە:** Data ئابووری ئای تی دراوە یان داتا هەر زانیارییەک ئەگرێتەوە، کە

شێوازێکی دیاریکراوی هەبێت، دراوەکان بە شێوەی ژمارە، دەق، وێنە، هتد دەنوێنرێن و کەمپیوتەر بە بیت و بایت مامەڵەیان لەگەڵدا ئەکات.




**دراوی:** monetary ئابووری ئای تی پەیوەندیدار بە پارە یان دراوەوە: دامەزراوی جیهانی دراوی International monetary fund: ئەو بەڵگەنامانە بەهایەکی دراوی زۆر کەمیان هەیە. ع نقدي N monetære د پولی.

**دراوی هێمایی:** cryptocurrency ئابووری ئای تی هێمادراو، سەرمایەیەکی دیجیتاڵە، درێژراوە تا بۆ پارێزراوکردنی گواستنەوەکانی وەکوو ناوەندێکی ئاڵوگۆڕ Medium of exchange کار بکات. دراوی هێمایی، بە شێوازی ناچەقبەستوو بەڕێوە ئەچن و، لەم ڕووەوە لە بەرامبەر بانکداری چەقبەستوودا ئەوەستن. هێمادراو لە دەهەی ١٩٨٠ سەری هەڵدا. یەکەم هێمادراوی ناچەقبەستوو «**بیت کۆین**»ـە، کە ساڵی ٢٠٠٩ لە لایەن کەسێک بە ناوی خوازراوی **ساتۆشی ناکامۆتۆ** دامەزرا و کەوتە کار. لەو دەمەوە زۆر هێمادراوی تر سازکراون. ع عملة معماة N Kryptovaluta د رمزارز.






**درژ:❶** ئاوەڵناو تووڕە، گرژ، لێکهاڵاو.

**درژ:❷** دارەت ئاوەڵناو مات و کڕ.

**درشتنمایی:** close_up سینەما وێنە، فیلم، یان ڤیدیۆیەک لە مەودای نزیکەوە گیرابێ و بابەتەکە بە قەبارەیەکی گەورە پیشان بدات.

**درکاندن:** revelations ناوی چاوگ ڕازدرکاندن، ئاشکراکردن، دەملەقی، سرووش. ع کشف N åpenbaring د افشاگری.

**درکە:❶** kenning ناو وشە، جووتەوشە، چەندوشە، کینایە، گوتنی سەرەتایەک لە نهێنی دەستەواژە یان ڕستەیەکە، بێژەر بە جۆرێک بە کاری ئەهێنێت کە مەبەستی واتای ڕواڵەتی ئەو قسە نەبێت و ئامانجی لەو قسە واتا نهێنییەکەی بێت. کینایە دوو واتای هەیە: نزیک و دوور. بوێژ جۆرێک بە کاری ئەهێنێ کە بەردەنگ لە واتا نزیکەکەوە ئەندێشەی بەرەو واتا دوورەکە بڕوات. ← لە کینایەدا، واتای ڕواڵەتی پردێکە بۆ گەیشتن بە واتا و مەبەستی ڕاستەقینەی نووسەر. ع کنایە N kenning د کنایە.

← **خوێنگەرمە:** هێمایەر واتا قۆشمە و ڕووگەش و قسەخۆشە ← هێمایەر اگر لە ماڵیدا ناکرێتەوە: واتا هەژار و نەدارە.

**درکە:❷** pun زمانەوانی ڕێسای هۆنین ناو هاوهۆنی، ناوی هێمایی شتێک لە هۆنراوەدا. ع جناس N Ordspill د جناس. ☜ هاوهۆنی :نمونە:

موتمەئین خاتر و ئەیمەن مەبە هەرگیز لە شەڕی
نەفسی ئەممارە، کە ئەمە مارە لەگەڵ تۆ شەڕییە
«نالی»

**درم:** نەخۆشی گیرۆ ئاهۆ، پەتا، گیرۆ، نەخۆشی گیرۆ، قەگر. ع مسری N epidemi د مسری E contagioso, epidemic.

**درۆ:** lie دەروونناسی ڕەفتار ناو قڕا، مایەی هەڵفریواندن یا لەخشتەبردن، گوتەیەکە پێچەوانەی ڕۆژە و ڕاستی. درۆ داخواز و گوتەیەکی ناڕاستە مرۆڤ بە ئەنقەست

وەک ڕاستی دەری دەبڕێت. ع كذب N løgn د دروغ.

**درۆزن:** liar ئاوەڵناو درۆکەر، کەسێکە زۆر درۆ بکات؛ ئەو کەسانەن پێچەوانەی ڕۆژەڤ و ڕاستی ئەدوێن، جا بە هەر مەبەستێک. ع كذاب N løgner د دروغگو.

**جۆرەکانی درۆزن:** liar دەروونناسی درۆزن کراون بە سێ جۆرەوە:

- درۆزنی سروشتی،
- درۆزنی خۆماک،
- درۆزنی ناچار.

**درۆزنی سروشتی:** natural liar دەروونناسی نەخۆشی باوترین جۆری درۆزنە. درۆزنانی سروشتی ئەو کەسانەن سەرکەوتوانە و بە لێهاتوویی زۆرەوە دەتوانن بە ئاسانی درۆ بکەن. باوەڕ بە درۆکانی خۆیان ناکەن، تەنها لە درۆکردندا شارەزا و وەستان. ع كذاب طبيعي N naturlig løgner د دروغگوی طبیعی.

**درۆزنی خۆماک:** pathological liar دەروونناسی نەخۆشی درۆزنێکی نەخۆشە بە بەردەوامی و زۆرجار بەبێ مەبەست و قازانجێکی ڕوون درۆ دەکات. ڕێ ئەکەوێ بۆ هەڵفریواندنی ئەوانی دیکەش درۆ بکات. هەروەها درۆکردنی خۆماک زیاتر پەرچەکرداری ناخودئاگایە، واتە مرۆڤ درۆ دەکات بەبێ ئەوەی تەنانەت هەستی پێبکات. ◀ درۆزنێکی نەخۆشە، بە هۆی دارەتی دەروونییەوە ناتوانێت درۆکردن باشار بکات. ◀ ئەم کەسانە چاوئەبڕنە ناوچاوی بەرامبەرەکەیان و بە ئاسانی درۆ ئەکەن، چونکە بۆی هەیە، باوەڕیان بەو شتانە هەبێت کە دەیڵێن یان ئەوەندە ڕاهاتوون بە درۆکردن کە بتوانن بە ئاسانی چاویان بپارێزن لەکاتێکدا درۆ ئەکەن و ناڕاستی دەڵێن. ع كذاب مرضي N patologisk løgner د دروغگوی بیمارگونە.

**درۆزنی ناچار:** compulsive liar دەروونناسی نەخۆشی وەک هەموو نەخۆشییەکی ناچاری، جۆرێک لە دڵەڕاوکێ وروژێنراوە، بە درۆکردن وەک ڕەفتاری ناچاری دڵەڕاوکێکەی لانیکەم بۆ ساتێک ئارام دەبێتەوە. ◀ هەر بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی دەتوانێت ئەم ناچارییە بۆ درۆکردن بەدی بهێنێ. نموونەیەک:

«پرسیار لە کەسێک دەکرێ لە بارەی تیپی دڵخوازەیەوە، ئەویش نیگەران ئەبێ و ئەترسێ وەڵامەکەی پەسەند نەبێت. بۆیە بە درۆیەک وەڵام ئەداتەوە بۆ ئەوەی دڵەڕاوکێکەی کەم بکاتەوە.» لەو ساتەدا کەمێک ئاسوودەیی بەدەست دەهێنێت، بەڵام دواتر لە درۆکە پەشیمان دەبیتەوە. ع کذاب القهري N tvangsløgner د دروغگوی اجباری.

⇽ **جیاوازی:** ◀◀ درۆزنی خۆماک دۆدە و هەڵفریوێنەرەن و بە گشتی درۆ دەکەن بۆ ئەوەی بە مەبەستی تایبەتی خۆیان بگەن، هیچیش لایان گرنگ نییە زیان و ئازار بە کێ دەگەیەنن، درۆکانیان زۆر دراماتیک، ئاڵۆز و دارماڵە. ◀◀ بە پێچەوانەی درۆزنی ناچار کە بە گشتی جیاوازی ڕاست لە هەڵە دەزانێت، درۆزنی خۆماک بە هەستێکی درۆینەی ڕۆژەڤ و ڕاستەقینەوە دەژی. ◀◀ بە لەبەرچاوگرتنی پاڵنەرە جیاوازەکانیان ـ درۆزنی خۆماک بە ئامانجی خوسپەرستانە و درۆزنی ناچار تەنها بۆ هەست بە ئاسوودەیی و ئارامش درۆ دەکات ـ جیاوازی نێوان درۆزنی خۆماک و درۆزنی ناچار زۆرجار لە شێواز و چۆنیەتی درۆکردنیان دەرئەکەوێ.




⇽ **درۆزنی ناچار:** compulsive liar دەروونناسی نەخۆشی خوو ڕەفتار بەردەوام و وەک ڕاهاتن درۆ دەکات. درۆکردنی ناچاری لە منداڵیدا گەشە دەکات، بەڵام نەک وەک زەبر و تراوما یان جینێتیک و بۆماوەیی، بەڵکوو وەک **خوو** پەرە ئەستێنێ، چونکە منداڵ بۆی دەرئەکەوێ درۆکردن ئاسانترە لە وتنی ڕاستی. منداڵ ئاسانتر لە پشت درۆوە خۆی ئەشارێتەوە تا ڕووبەڕووی دەرئەنجامی کارەکانی ئەبێتەوە. درۆزنی ناچاری زۆر بەدفەڕ و فێڵباز نییە (وەک درۆزنی نەخۆش). بەڵکو بەپێی خوو درۆ دەکات

کە وەڵامێکی ئۆتۆماتیکییە و، زاڵبوون بەسەریدا ئەستەمە و دەتوانێت زیان بە پەیوەندییەکانی بگەیەنێت. ◀ وەک هەموو نەخۆشییەکی ناچاری، جۆرێک لە دڵەڕاوکێ ورووژێنراوە، بە درۆکردن وەک ڕەفتاری ناچاری دڵەڕاوکێکەی لانیکەم بۆ ساتێک ئارام دەبێتەوە. ◀ هەر بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی دەتوانێت ئەم ناچارییە بۆ درۆکردن بەدی بهێنێ. نموونەیەک: «پرسیار لە کەسێک دەکرێ لە بارەی تیپی دڵخوازەیەوە، ئەویش نیگەران ئەبێ و ئەترسێ وەڵامەکەی پەسەند نەبێت. بۆیە بە درۆیەک وەڵام ئەداتەوە بۆ ئەوەی دڵەڕاوکێکەی کەم بکاتەوە.» لەو ساتەدا کەمێک ئاسوودەیی بەدەست دەهێنیت، بەڵام دواتر لە درۆکە پەشیمان دەبیتەوە. [ع] كذاب القَهري [N] tvangsløgner [د] دروغگوی اجباری.













**درۆپ:** [ناو] drop دڵۆپ {بە هەولێری دروٚپ} [ع] قطرة [N] miste [د] قطره.





**درۆزن:** Le Menteur پێرسۆنا گەڕان-٣ شانۆگەری پییێر کۆرنی، ١٦٤٣ پەسنی پاریس لە پەردەی دووەم دایە.







**درۆمۆنت:** Édouard Drumont ڕۆژنامەنووس (١٨٤٤ـ١٩١٧) ڕۆژنامەگەر و خاوەنی ڕۆژنامەی ئانتی سمیتیکی لالیبر پارۆل La Libre Parole بە واتای ئازادی گوتار E Free Speech.








**درۆید:** Druid ئایینناسی پیناپەتر ناو ئەندامی توێژی ڕووناکبیر و پسپۆڕ لە لای سێلتەکانی ئیرلەند و گۆڵ و بەریتانیا. دەممەوەر و هۆنەر و پیشەگەر خراونەتە ڕیزی درۆیدەکانەوە، هەرچەند ناسراوترینی درۆیدەکان پایەدارانی ئایینی بوون.






**دروشم:❶** style ناو بیچم، کەسم، ڕۆشنی. ع اسلوب N Stil د شێوە.

**دروشم:❷** slogan دەستەواژە دەستەواژەیەکی سەرنجڕاکێش و هەرمەنی کە لە بانگەشە و پڕۆپاگەندەدا بەکاری ئەهێنن. ع شعار N slagord د شعار E motto.

: هەڕنە پێش، نەچنە پاش ~ ببنە کورد، نەبنە جاش

**دروشە:** category پۆلێن ناو پێڕە، سەردە، کاتێگۆری، گۆتە، شەقڵ، پۆل یان دابەشکراوی کەسان یان ئەو شتانەی تایبەتمەندی هاوبەشیان هەیە. ع الفئة N Kategori د دەستەبندی.

**درووزی:** Druze کوردایەتی ناو کوردەکانی لوبنان لە چیای گوڵان. کەمال جونبەلات ڕامیاری بەناوبانگ لە سەرۆکانی ناسراوی کوردی دروزی لوبنان بوو؛ پاش ئەو، کوڕەکەی وەلید، بوو بە جێگرەوە و بە سەرۆکی پارتی سۆسیالیستی پێشکەوتنخواز. وەلید جونبەلات لە دامەزرێنەرانی کونگرەی نەتەوەیی کورد لە بەلجیک بوو.

**ئاڵای درووزی:** Druze ناو ئاڵایەکی پێنج ڕەنگی سەوز و سوور و زەرد و شین و سپییە،

**ئەستێرەی درووزی:** Druze ناو ئەستێرەی پێنج پەڕی پێنج ڕەنگی نیشانەی درووزییەکانە وەک ڕەنگی ئاڵاکەیان.

**ئایینی درووزی:** Druze ناو



**درەختی چێوپەمە:** cork_tree ڕووەک درەخت یان cork oak درەختێکی ئاسیایی لە تیرەی مزرەمەنی وەکوو لیمۆ و نارنج و پرتەقاڵ و مسکی، پێستێکی زۆر سووک و لخێز و لۆکەئاساى هەیە، کە پارچەی بە ئەندازەی جۆراوجۆری لۆلەکی لێ دروست ئەکرێ و بۆ داخستنی سەری بوتڵ و هەندێ شتی لەو چەشنە سوودی لێ وەرئەگیرێ. ع شجرة الفلین N kork_tre د درخت چوب پنبە ☜ چێوپەمە.







**درەختی ژەقنەبووت:** Zaqqum ئایین وئەفسانە ڕووەک درەختێکە بەرەکەی وەکوو ژەهری مار تاڵە و بە {شجرة الزقوم} چوێنراوە کە لە قورئاندا ئەماژەی پێ دراوە، لە دۆزەخ ئەڕوێ و ئاگر نایسووتێنێ و بەرێکی تاڵی وەک کەکرەی هەیە بۆ ئەشکەنجەی کافر و نافەرمانان. ◄ ژەقنەمووت، هەندێ جار بە {snapdragon} یان {Snapdragon flower skull} واتا کراوە، بەڵام وا نیە. واتە درەختی ژەقنەبووت، {snapdragon} و {Snapdragon flower skull} نیە. چونکە ئەمانە جۆرەکانی گوڵە مەیموونە یان زارەگا یان سەرە ئەژدیهان، هەروەک خودی عەرەبەکان لە واتای ئینگلیزییەکەی {شجرة الزقوم} لە ویکیپێدیا نووسیویانە: {Zaqqum}. ع شجرة الزقوم N Zaqqum د درخت زقوم. ☜ گوڵە مەیموونە.




**درەختی ژیان و درەختی زانایی :** ئایین‌وئەفسانە له سفری ئافراندن، له پێنج سفری تەوراتدا هاتووە کە یەهوە یان ئافەریدگار، دوو باخی ئافراند: باخی ئەدەن لە بەری ڕۆژهەڵات، کە بەرەگەی سنووردار بوو، باخی دووەمیش ئەم زەوییەی ئێمە. لە باخی ئەدەن یان بەهەشت، درەختی ژیانی ڕواند کە خواردنی میوەکەی ئەبووە هۆی ژیانی وەرجاوەند. لە باخەکەی تریش درەختی زانایی ڕواند کە خواردنی میوەکەی ئەبوو بە هۆی ژیانی بەرتەسک، کە ئەنجامەکەی مردن بوو. مار ئەیویست میوەی درەختی ژیان بدا بە حەوا، بەڵام یەهوە پێشی کەوت و حەوای لە ئەدەن دەرکرد و نەفرینی لە مار کرد هەتا ماوە لەسەر سک بخوشێ. بەڵام حەوا کە میوەی درەختی زانایی، واتە ناسینی چاکە و خراپەی خوارد، ژانی مناڵبوون گرتی و ژیانی وەرجاوەندی لە دەست دا.

مەبەستی مارکس ئەوەیە کە فراکسیۆن لە بەری درەختی زانایی کە ڕەنج و ئازار و مەرگ بوو، بەهرەمەند بوو، نەک لە بەری درەختی ژیان، کە

مانی هەمیشەییە.











**درەختی سیسەم :** Rosewood, sheesham tree ڕووەک درەخت داری شیشەم، دەرختێکی گەورەیە وەک گوێز و بەڕوو، لە پاکستانەوە تا بووتان ئەڕوێ، دارەکەی سەخت و تۆکمەیە و بۆ گرۆقەری و مۆبل و چەرپا بەکار دێ. میوەکەیشی بۆ دەرمان بەکار ئەهێنرێ N sheesham_treet ع شجرة شیشام د درخت شیشم. ⇦ سیسەم بە واتای قەرەوێڵە لە زمانی کوردیدا، لەوەوە هاتووە کە لە داری سیسەم دروستکراوە.



**درەختی گوڵە ئاورێشم :** Albizia lebbeck ڕووەک درەخت درەختێکی

باڵابەرزی ١٨ تا ٣٠ مەترە، تیرەی قەدی نیومەترەوە، گوڵی زەردی کاڵە و وەکوو هێشووی گوڵینگئاسایە، لە زۆربەی ناوچە نیوەگەرمەکان ئەڕوێ. ع لبخ N Albizia lebbeck د درخت گل ابریشم.








**درەسدەن:** Dresden جوگرافیا بەندەر پایتەختی مەڵبەندی ساکسۆنی لە ڕۆژهەلاتی ئالمان.






**درەفش:** sign هێما درەوش، نیشانە، ئاماژە، هێما. ع اشارة، رمز N skilt د علامت، مظهر ن: درەفشی کاویان، درەفشی کاوە.






**دروەوشانەوە:** incandescence دارەت ناو تیشک بلاوکردنەوەی شتێکی وەکوو خۆر یان گلۆپی بەهێز. ع الوهج N gjenskinn د درخشش، تشعشع E shimmering.

**دروەوشاوە:** incandescence دۆخ ناو دۆخی تەنێکی گەرم کە تیشک ئەداتەوە یان ڕووناکی بلاو ئەکاتەوە. ع ساطع N glødelampe د ساطع.









**درەیزێر:** Theodore Dreiser ڕۆماننووس (١٨٧١ـ١٩٤٥) ڕۆماننووس و ڕۆژنامەگەری ئەمریکایی فێرگەی ناتۆرالیزم.












**درێخ:** regret فەرمان ناو ئەفسووس، تاسە، ئەسەف. ع أسف N angre د افسوس.

**درێخی:** negligence ناوی چاوگ گوێنەدان و گرنگی پێنەدان، پشتگوێ خستن؛ نادەربەستی، لامسەرلایی، شلگرتن، سستی، بەهێندنەگرتن، بەتەنگەوەنەبوون، پێڕانەگەیشتن، هۆشپێنەدان، بەهیچگرتن، نائاگاداری،

وریانەبوون، ناهۆشیاری، سەرچڵی؛ ◀ درێخی خووی چاوپۆشی لە هەستان بە ئەرکە گرنگەکانە، بەزۆری بە گرنگیدان بە چالاکییە پلە نزم و چێژبەخش و ئاسانترەکانە. جیاوازە لە تەمبەڵی کە بریتییە لە ئامادەنەبوون بۆ ڕاپەڕاندن. درێخی ئەتوانێت تواناکان سنووردار بکات و پیشەی مرۆڤ بخاتە بەر مەترسیەوە. ع غفلة N forsømmelse د غفلت، بی توجهی.








**درێژژەنیار:** Longplayer مۆزیک ئاوازدانان ئاوازێکی خۆدرێژکەرەوەیە لە لایەن ئاوازدانەر و مۆزیکژەنی بەریتانی Jem Finer دیزاین کراوە بۆ ئەوەی بۆ ماوەی هەزار ساڵ بەردەوام بێت. لە نیوەی شەوی یەکەمی جانیوەری ٢٠٠٠ دەستی بە یاریکردن کرد و ئەگەر هەموو شتێک بەو شێوەیەی کە پلانی بۆ دانراوە بەڕێوە بچێت، تا ٣١ی دیسامبری ٢٩٩٩ بەبێ دووبارەکردنەوە بۆ ماوەی هەزار ساڵ بەردەوام دەبێت.

◁ ئەتوانرێت درێژژەنیار لەسەر هەر فۆرماتێک یاری پێبکرێت، تەنانەت ئەوانەی کە هێشتا دانەهێنراون و بەم شێوەیە نەبەستراوە بە هیچ جۆرێک لە تەکنەلۆژیاوە. وەک ڕاسپاردەیەکی فەرمی لە لایەن ڕێکخراوی هونەری ئارتانجێلەوە دەستی پێکرد و لە ئێستادا لە لایەن دامەزراوەی لۆنگپلەیەر تراستەوە بەڕێوەدەبرێت و، لە فانۆسی زەریایی بۆو کریک Bow Creek لە کەناری باکووری ڕووباری تەیمز دانراوە.







**درێژکردنەوە:** prolong فەرمان زیادکردنی ماوەی شتەیەک. ع اطالة N forlenge د طولانی کردن.

**درێژە:** sequel ناو بەرهەمێکی بڵاوکراوە، پەخشکراو، یان تۆمارکراو کە درێژە بە چیرۆکەکەی ئەدات یان پەرە بە تەوەری چیرۆکێکی پێشووتر ئەدات. ع تتمة N oppfølger د دنباله.




**درێژی:** length ناوی چاوگ ڕادەی شتێک لە کۆتاییەوە بۆ کۆتایی؛ گەورەتر لە دوو ڕەهەند، یان گەورەترین ڕەهەند لە سێ ڕەهەندی جەستەیەک.

**پانی:** breadth ناوی چاوگ پانایی، مەودای پێوانەکردنی شتێک لە لایەکەوە بۆ لایەکی تر. ع عرض، سعة N bredde د پهنا.

**دراپ:** drop فەرمان فڕێدان، وازلێهێنان. ع هبوط N slippe د ڕهاکردن.

**دڕدۆنگ:** hesitant ئاوەڵناو دوودڵ، بەگومان، خانەگومان، دڕدۆنگ، دڵکرمێ، دووشک. ع متردد N nølende د مردد.

**درگە:** strait, fjord جوگرافیا زەریاناسی ناو لەپاو، دەربەند، ئاودڕی زەریایی، باریکە دۆڵاوی زەریایی کە دوو وشکانی لێک جیا ئەکاتەوە. ع زقاق بحری، مضیق N fjord د بغاز، تنگە، آبدره.



**دڕکەزی:** thistle ڕووەک ناو زینە، زی، دڕکێکە ئەیکەن بە پەرژین. ع
شۆک N tistel د خاربن، خار مریم.





**دڕندە:** ferocious زیندەوەر ئەفسانە ناو تێروو، هەڵدڕ، لاور، کێوی، دەعبای سەمەرە، ئاژەڵی دەستەمۆنەکراو، هێماپر پڕمەترسی، توندوتیژ. ع
وحش، شرسة N glupsk د وحشی، هیولا E fierce, feral, monster, brute, vicious.












**دڕنی:❶** rough ئاوەڵناو زبر و دڕکدار، ڕووش و ڕەگەڕەگە و گرنج گرنج. ع
خشن N ujevn د خشن، زمخت. ن: تۆسی یان دڕکەخەنجەر echinops گیایەکی دڕنییە.




**درِنی:❷** ئاوەڵناو ڕووش و ڕەگەڕەگە، گرنج گرنج.

**درِنی:❸** بۆگەن ئاوەڵناو بۆنی گرانی لەش.

**درِنی:❹** بۆگەن ئاوەڵناو بۆنی تەگە لەکاتی تێبەردان‌دا.

**درِنی:❺** بۆگەن ئاوەڵناو بۆنی ماسی.

**دزانی پاسکیل:** Ladri di Biciclette فیلم سینەماچییە یان The Bicycle Thief درامای نیۆڕیالیستی سینەمایی ١٩٤٨ی خولی زێڕینی سینەمای ئیتالیا، دەرهێنانی ڤیتۆریۆ دی سیکا.




**دزدەسەک:** Thief spy زمانگێڕ ناونیشکە ناو دایکەدزە، دەسکیس، سیخوڕ و هەیتەی دز. ع لص جاسوس N Tyvspion د شریک دزد.

**دزراو و وەرگیراو:** ماف مافدزی زمان ئێتیمۆلۆژی ئەو وشانەی ئەبرێ بۆ زمانێکی تر و لە فەرهەنگەکاندا ئاماژە بە سەرچاوەی وشەکە ئەکرێ کە لە چ زمانێکەوە وەرگیراون ئەوانە وەشەی **وەرگیراون** و ئەو وشانەی ئەبرێن بۆ زمانێکی تر و لە فەرهەنگەکاندا ئاماژە بە سەرچاوەی وشەکە ناکرێ و ناوترێ لە چ زمانێکەوە وەرگیراون، ئەوانە وەشەی **دزراون** ن: ڕفحە یان ڕف وشەیەکی کوردی پەهلەوییە و براوە بۆ عەرەبی و ناڵێن ئەوە کوردییە، واتە دزیویانە و ئەچێتە ڕێزی ئەو هەزاران شتانەی ترەوە داگیرکەران لە کوردیان دزیوە.

**دزگین:❶** ڕامکردن ناو دەستەجڵەو، دەسکەوسار، هەوسار.

**دزگین:❷** ugly ئاوەڵناو دزێو، نەشیاو، مەراش. ع بشع N stygg د زشت.

**دزۆلیەر:** Antoinette Deshoulières هۆنەر (١٦٣٨_١٦٩٤) ئانتوانێت، هۆنەری فەرانسەیی، بە هۆی نامە و هۆنراوەکانییەوە ناودارە و لە لایەن هاوچاخەکانییەوە بە **میووزی** دەیەم ناسرابوو.







**دزە:** infiltrate ناو بە شێوەی نهێنی و پێوار چوونە ژوورەوە. [ع] تسلل [N] infiltrere [د] نفوذ.

**دزەپێکراو:** leaked ئاوەڵناوی بەرکار ئاشکرابوونی نهێنییەک کە کەسانێک بە شوێنیەوەن، کەوتنەدەرەوە[ع] تسریت [N] Lekk [د] لو رفتە.

**دزەکردن:** percolate چاوگی تێنەپەڕ دەڵاندن، داچۆڕان، شلە یان گاز کە وردە وردە لە ڕوویەکی کونکونەوە دائەچۆڕێ، جا بۆ پاڵاوتن یا بە هۆی خراپ بوونەوە. هێمایەر بە مێشکدا تێپەڕین. [ع] ترشح، نفذ إلی [N] perkolere [د] تراوش کردن، نفوذ کردن.





**دزێو:** repugnant ئاوەڵناو دشت، نالەبار، ناشیرین، بێزەزا، بەوزەڕە، گەناژە.

ع قبیح، بشع N motbydelig د قبیح، ناپسند.

**دژ:** fortress کۆشک ناو قەڵات، بورج، بورگ، کەڵات، سەنگەرێکی سەربازی مەزن، بە تایبەت شارێکی بە کەلوو و شوورە، کە بۆ پادگانێکی سەربازی لەبار بێت. ع قلعة N festning د قلعة.






**دژایەتی:** contrast ناوی چاوگ بەرهەڵستی، بوونی دوو شت کە کۆنەبنەوە. ع معارضة N kontrast د مخالفت، تقابل.

**دژبان:** ناوی چاوگ دژدار، کەڵاتەوان، چاودێری قەڵا.

**دژتێز:** antithesis ناوی لێکدراو ئانتی تێز، ئەو شتەیە کە تێزی پێشتر یان دژ بە خۆی هەڵ ئەوەشێنێتەوە. دوو شتی دژ بە یەک بە ناچار هەوڵی تیابردنی یەکدی ئەدەن. دژتێز، دژ و نەیاری تێزە و لە بەرەنجامی جەنگی ئەو دوانە سەنتێز بەدی دێ، کە پێکەوە سێ بنەماکەی دیالکتیکن.

**دژخیم:** ئاوەڵناوی لێکدراو مرۆی ڕەفتار دشت و دزێو، ئەشکەنجەگەر، ناقۆڵای ترسناک. ⇐ خیم: بناغە، ڕەگەز، ڕەچەڵەک.

**دژدار:** ناوی چاوگ دژبان، کەڵاتەوان، چاودێری قەڵا.

**دژوون:**❶ dirty ئاوەڵناو چڵکن، گەمار، قرێژ، چڵکن و پیس، بەچڵک. ع متسخ N skitne د کثیف ⇐ **بژوون:** neat ئاوەڵناو بژوین، بێڕیا، پاک و خاوێن، بێگەزاڵ، سادلا. ع بسیط N ryddig د بی آلایش.

**دژوون:**❷ curse ناو دژوێن، جوێن، دژمێن، وتەی بێڕێزی. ع لعن N forbannelse د فحش. ن:

تێنن بەر چاقان دژوون و لێدان
شەماق و قامچی، کاوچووک و زندان
جگەرخوێن

**دژەژەهر:** antidote ناوی‌لێکدراو پاناسیا. ع مضاد سمي N motgift د پادزهر.

**دژەوەستاو:** reactive ئاوەڵناو بەرپەرچ دەرەوە، وەڵام دەرەوە. ع متفاعل N reaktive د انفعالی.

**دژەدەنگۆ:** anti rumour ناوی‌لێکدراو بەرزکردنەوەی هۆشیاری لە دژی هەواڵی ساختە و پڕلانگێڕی دوژمنکارانە. ع اشاعة مضادة N anti rykte د ضد شایعه.

**دژهۆن:** sophist گفتوگۆ ناوی‌لێکدراو زمانباز، کەسێک کە کاتی گفتوگۆ وشەی پێچەوانە و دژبەیەک بەکار ئەهێنێ. ع السفسطائي N sofist د سفسطەگر.

**دژهۆنی:** ❶ oxymoron گفتوگۆ ناوی‌چاوگ ئۆکسیمۆران، کۆکردنەوە و بەکارهێنانی دوو پێچەوانەی بەرواڵەت ناکۆک و دژبەیەک لە کاتی وتووێژدا. ع سفسطة ـ كلام متناقض N oksymoron د استعمال کلمات مرکب ضد و نقیض. ◄ نموونە لە وێژەی جیهانی:

✿: من مرۆڤێکی بە قووڵی ساکارم! ــــ ئەندی وارهۆڵ

✿: جوان لەبیرمە کە لەبیرم کردووە! ــــ کلارا بارتۆن

✿: بۆ نموونە: لە خۆشییەکی ماخۆلەیی! ــــ لۆرد بایرۆن، دۆن خوان

✿: ڕێزی ئەو لەسەر لەسەر بێڕوومەتی وەستابوو! ــــ ئەلفرێد، لۆرد تێنیسۆن

✿: جیابوونەوە چ پەژارەیەکی شیرینە! ــــ ویلیام شکسپیر، ڕۆمیۆ و جولیەت

✿: ئەی ئەوینی شەڕانگێز! ئەی ئەی نەفرەتی ئەویندار! ــــ ویلیام شکسپیر

✿: پیرۆزێکی نەفرەتلێکراو، خراپەکارێکی بەڕێز! ــــ ویلیام شکسپیر

**دژهۆنی:**❷ oxymoron وێژە هۆنراوە ناوی چاوگ کۆکردنەوەی دوو پێچەوانەیە لە هەڵبەستێکدا، هەروەها antithesis لە سروشت و فیزیکدا یان counterpoint لە موزیکدا. دژهۆنی، شێوازێکی هۆنینەوەی هۆنراوەیە کە دژ و یەکباوە و بریتییە لە بەکارهێنانی وشەی دژبەیەک لە پەخشان و دەق و هۆنراوە، وەکوو ڕەش و سپی یان سارد و گەرم و، بڵند و نەوی. ئەم شێوازە هەروەها لە مەبەست و واتادا هەمانە و دوان لە دژ و ناکۆک دژهۆنییە، وەک ئەم نموونەی خوارەوە، کە لە چوارینەیەکی بچووکدا مەزنترین ناکۆکی ژیانی مرۆڤ واتە بەربەرەکانێی کات و ژیانی هێناوە، کات ئەو تەنها هۆکارەی گۆڕین و گۆڕان و، بە زەقی بەربەرەکانێ و ئالینگاری ژیان پیشان ئەدا کە دەرەقەتی کات نایەت و هەڵۆی پیری جیهاندیدە بەویەڕی ڕاستگۆیی و ڕۆژەڤناسییە ددان بە ڕاستەقینەی ژیاندا ئەنێ کە چار ناچارە و خۆی لە کۆتایی خولێکی دیالکتیکی گەردوونیی سووڕان و گەڕانەوە بۆ هێسن ئەبینێ و بە پەژارەوە چاوەڕوانی دەعەجانینە. ع طباق، نقیض N oksymoron د طباق ادبی. G هەنبانە بۆرینە G خاڵ ☜ هاوهۆنی ✿:

خەتات فەرموو کە خۆشە چین و ماچین
کە ناچین، لێرە خۆشە چینی ماچین
برۆت هەر چین و پەرچەم چین لەسەر چین
ئەمەندە چینە، قوربان، پێم بڵێ چین؟!
شکافێکە کڵاڤەی نافی زوڵفت
دەرێژێ میسک و عەنبەر لێرە تا چین
لەسەر بەرگی گوڵێکی باغی حوسنت
هەزار، گوڵچینی بێبەرگ و نەوا چین!
ئەتۆ میهری و مەهروویان ستارەن
لە خزمەت شەوقی تۆدا شەوچرا چین؟!

هەموو زەڕڕاتی میهری ڕووتە با قین
خوداماں بۆ بەقایە لێرە لاچین!
بلێ **نالی** بە ئەربابی وەفا: بێن
هەموو موحتاجی خاک و بێل و پاچین
نــالی

ن: تکا، دوایین دڵۆپی هەستی لاویم
نەما، تینی دەروونی ئاگراویم
لەسەر لووتکەی تەمەن چاوی دەگێڕێ
هەڵۆی پیری خەیاڵی حەسرەتاویم
حەسەن شافێعی
















**دش**: sister in law **ناو** خوشکی مێرد، خوشکی زاوا.

**هێوەر**: brother in law **ناو** زای مێرد.

sister in law: دش و خوشکی ژن و ژنی برا و ژنبرای ژن و ئاوالْبووکە.

brother in law: هێوەر و برای ژن و برای مێرد و مێردی خوشک و ئاوالْزاوایە.

**دشت:** hideous ئاوەڵناو زۆر دزێو، کرێت، کەسن، دشت، نالەبار، ناشیرین، بێڕەزا، بەوزەرە، گەنارە. ع قبیح، بشع N skrekkelig د قبیح، ناپسند.

**دفرە:❶** pride ناوی چاوگ شانازی، لووتبەرزی، خەرۆیی، بڕوابەخۆیی. ع فخر N stolthet د مغرور.

**دفرە:❷** vanity ئاوەڵناو لەخۆبایی، لووتبەرز، خەرۆ، غوروور: کەسێکی دفرەیە. ع فخور N stolt د مغرور.

**دکتور:** ڕامیاری ئامارە کەلێپەر ئەمارەیە بە دکتور **تەقی ئەرانی** کە ١٩٠٣ی زاینی لە تەورێز لەدایک بووە. ئەرانی دکتۆرای شیمی لە ئالْمان وەرگرتووە، کۆمۆنیست، ئەندامی یەکەم حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە سەرۆکایەتی حەیدەر عەموو ئوغلوو، ئەندامی بەرجەستەی گرووپێک بوو کە ساڵی ١٩٣٦ لە تاران گیران و زیندانی کران. ئەو کەسانە هەرچەند پێش گرتنیان پەیوەندیان پێکەوە نەبوو، بەڵام لە زیندان بە گرووپی پەنجا و سێ کەس ناوبانگیان دەرکرد. گۆڤاری دنیا یەکێکە لە بەرهەمەکانی خەباتی ئایدیۆلۆژیکی ئەرانی. ڕۆژانی دە تا پانزەی ڕێبەندانی ساڵی ١٣١٨ی کۆچی بەرامبەر بە مانگی یەکی ١٩٣٩ی زاینی ئەرانی نەخۆش کەوت و ڕۆژی پانزە بە شێوەیەکی گوماناوی لە زیندان کۆچی دوایی کرد. ئەرانی دەرمانخوارد کرابوو و ڕێگە بە دکتوری زیندان نەدرا تیماری بکات. **بوزورگی عەلەوی** هاوڕێی ئەرانی پەرتووکێکی بەناوی «پەنجا و سێ کەس» نووسیوە. **شاملوو**، شیعرێکی درێژی بەناوی «چامەیەک بۆ مرۆڤی مانگی ڕێبەندان» لە پەسنی ئەرانیدا هۆنیوەتەوە:

ئەوەی کە بۆ کەوایەک لەبەردا و سیان لەناو باوڵ

ئەوەی کە بۆ پارووییەک لە دەم  و سیان بە دەستەوە
ئەوەی کە بۆ خانوویەک لە شار و سیان لە گوند
ئاوا بکات لە کەوا و نان و خانووی مێژوویەک
کە تۆ کردت ڕەزاخان،
ناوی مرۆڤ نییە،
نا، ناوی مرۆڤ نییە، مرۆڤ نییە.

ئەحمەدی شاملو













**دکتۆر تەقی خۆ:** Le Medecin malgre lui شانۆ گۆتە شانۆگەری سێ

پەردەیی ١٦٦٦ نووسینی مۆلیێر، کراوە بە فیلم.







**دکتۆر جەکیل و جەنابی هاید:** Dr. Jekyll and Mr. Hyde فیلم
فیلمی ترسناکی ساڵی ١٩٣١ دەرهێنانی ڕۆبین مامۆلیان هەروەها فیلمی ترسناکی ١٩٤١ لە دەرهێنانی ڤیکتۆر فلێمینگ.








**دگەر:** foreign ئاوەڵناو بێگانە، نامۆ، غەوارە، نامەحرەم. ع اجنبي N fremmed د بیگانە، نامحرم.

**دگەرشێوە:** metamorphosis زیندەوەرزانی ناو دەعەجانین، شێوەگۆڕان، پەرەسەندن، وەک گۆڕانی کەوچکە قوڵە بۆ بۆق ع مسخ N metamorfose metamorfose د مسخ، دگردیسی.






**دلۆڤان:** kind, affectionate ئاوەڵناو بەبەزەیی، دڵنەرم، میهرەبان، بەسۆز. ع عطوف، حنون N snill, kjærlig د مهربان.

**دلۆڤانی:** empathize ناوی چاوگ هاودڵی، توانای تێگەیشتن و بەشکردنی هەست لەگەڵ کەسانی تردا. ع التعاطف N empati د یەکدلی.

**دلهان:** albino ناو کەز، کەسی برۆ و برژانک سپی کە چاوی لەبەر خۆر هەڵنایەت. ع الأمهق N albino د زال.

**دڵئێشاو:** vexed ئاوەڵناو ئاراو، تۆراو، ڕەنجاو، زیز، زویر، دڵتەنگ، دڵجەخار، دڵشکیاگ، گەهراو. ع غاضب N irritert د رنجیدە، آزردە.

**دڵئێشاو و دڵشکاو:** voxed and mad پەراوەرد زیز و تووڕە، تۆزی زیزبوون یان تووڕەبوونی ڕاستەقینە.

**دڵاوا:** merciful ئاوەڵناو بەخشندە، دەسکراوە. ع سخی N barmhjertig د سخی.

**دڵاوەدان:** sagacious ئاوەڵناو بەهۆش، وریا، زۆرزان. ع ذکی N sagkyndig د حکیمانە.

**دڵبژۆک:** eager ئاوەڵناو خۆش ئیشتیا، تامەزرۆ. ع متحمص N ivrig د آرزومند.

**دڵبژۆکی:** ناوی چاوگ خولیا، ئیشتیا، تامەزرۆیی، عەزرەت، حەز، هەڵچوون.

**دڵ بۆ سووتاندن:** patronising هەڵفریواندن چاوگی تێپەڕ هەڵخراندن، دواندن بە سۆزەوە بۆ چەسپاندنی مەزنایەتی یان بۆ فریودان و خۆ بە گەورە پیشاندان. ع التواضع (کذب) N nedlatende د تواضع (دروغین).



**دڵبەسۆ:** thoughtful ئاوەڵناو پەرۆشدار، پەرۆش، داشکاو، پەژارەمەند N omtenksomhet ع د متاثر.

**دڵبەندی:** affiliation ناوی چاوگ هۆگری، متوو، دڵبەندی ڕێکخراوەیی. ع الانتماء N tilhøright د پیوستگی.

**دڵپەرت:** gloomy ئاوەڵناو دڵپەشێو، گیرۆدە، سەرسڕ ع کئیب N dystert د دلمشغول.

**دڵچەرێن:** attachment ناوی فەرمان خوشگوزەران N vedlegg ع د عیاش.

**دڵخۆشکەر:** gratifying ئاوەڵناو مایەی شادمانی و شانازی، هۆی خۆشی. ع ممتع N gledelig د خوشحال کننده.

**دڵخۆشکەرە:** placebo پزیشکی دەروونناسی دەروونچەسنەپی پلاسیبۆ، شێوەدەرمان، دڵخۆشکەرە، هێمنکەرەوە، بە واتای «چاک ئەبمەوە» هێسن یان بەناو دەرمانێکە هیچ بایەخی دەرمانی نییە و تەنها بۆ دڵنەوایی و دڵخۆشکردن ئەدرێ بە نەخۆش. ئەگەر نەخۆش نکۆڵی بێت و خۆی بە نەخۆش بزانێ، شێوەدەرمانی پلاسیبۆ ئەتوانێ لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە یارمەتی چاکبوونەوەی بدات، ئەگەر نەزانێ ئەو شێوەدەرمانەی ئەیخوات پلاسیبۆیە. ع علاج وهمي N Placeboeffekt د دارو نما.







**دڵخواز:** arbitrary ئاوەڵناو خۆبەخش، ئارەزوومەندانە. ع اجباري N vilkårlig د اجباری E optional.

**دڵداری ئۆلمپی:** ئایین‌وئەفسانە ناژناو لە میسۆلۆژی یۆنانیدا مەبەست ئامفیترێۆن Amphitryon ئەویندار و هاوسەری ئالکمەنە، کە دایکی هێرکول بوو.






**دڵدز:** mistress ناوی‌فەرمان گراوی، واشت، ماشقە، ژنێک کە پەیوەندی دڵداریی لەگەڵ پیاوی ژندار هەیە. ع معشوقة N elskerinne د معشوقە.

**دڵسۆزی:** sympathy ناوی‌چاوگ یان هاوەدردی، تێگەیشتن و کاردانەوەی مرۆیی سەبارەت بە پەرێشانی یان پێداویستی مرۆڤ یان بوونەوەرێکی تر. دڵسۆزی و هاوسۆزی دوو دیاردەی جیاوازن. هاوسۆزی تێگەیشتن و هاوبەشی هەستە لەگەڵ کەسێکی تر، بەڵام دڵسۆزی پێویستی بە هاوبەشی هەستی یەکسان نییە و گرنگیدانە بە خۆشی و ناخۆشی دگەر. لە دڵسۆزیدا یارمەتی کەسێکی تر ئەدین، هاوسۆزی واتە خۆ لە جێگەی دگەر دانان. ع تعاطف N Sympati د همدردی E compassion.

**هاوسۆزی:** empathy یان هاوهەستی، تێگەیشتن لە هەست‌وئەندێشەی دگەر بە توانایی بینینی ڕوانگەی ئەوان و خۆ لە جێگەی ئەوان دانان. ع تقمص وجداني N Empati د همدلی.














**دڵشاد :** happy ئاوەڵناو شادمان، کەسێکە هەست بە چێژ و خۆشی و شادی ئەکات. ع سعيد N lykkelig د خوشحال.

**دڵشادی :** gloat ئاوەڵناو ناوی چاوگ دهەست بە شادمانی و خۆی کردن. ع ابتهج N gloat د خوشحالی. تێبینی: gloat واتای نەرێنیشی هەیە وەک شادمانی لە نسکۆ و نەگبەتی دگەر.

**دڵشکاو :** disgruntled ئاوەڵناو دڵگران، دڵمەند،برک، ڕەنجاو، زویر، سەرگران، نارازی، تووڕە، نەیار. ع ساخط N misfornøyd د ناراضی.

**دڵفراوان :** indulgent ناوی لێکدراو بەخشندە، گوناهپۆش، وازی چاکە و میهرەبانی بەرامبەر بە کەسێک. ن: هاوڕێی دڵسۆز. ع متسامح N overbærende د خطاپوش.

**دڵکاو :** convinced ئاوەڵناو بۆین، قایل، دڵتێر، دڵنیا، ڕازی، ڕەزامەند، بە تەواوەتی دڵنیابوون لە شتێک. ع قانع، قائل، متقاعد N overbevist د قانع، قائل، متقاعد. ⇦ **convince :** پێ سەلماندن، دڵنیاکردن. ⇦
**دڵشکاو :** disgruntled ئاوەڵناو دڵگران، دڵمەند، نارازی، تووڕە، نەیار. ع ساخط N misfornøyd د ناراضی.

**دڵکرمۆڵ :** suspicious ئاوەڵناو دڵ کرمی، بەدگومان. ع مثير للشك N mistenkelig د مشکوک.

**دڵگر :** pleasant ئاوەڵناو جوان، خۆش، ڕازاوە، سازگار، سەرسەوز، گەشاوە N hyggelig ع ممتع د باصفا.

**دڵگران :** saddened فەرمان بەداخەوە بوون لە کارێک، خەفەتخۆر N trist ع متاسف د متاسف.

**دڵگرانی :** Dissatisfaction ناوی چاوگ دڵڕەنجاوی، دڵشکاوی، زیزبوون، ڕەنجان، نابەدڵی N Utilfredshet ع عدم الرضا د ناخشنودی.

**دڵگری :** pleasing ناوی چاوگ ڕازاوەیی، سازگاریی، سەرسەوزی، گەشاوەیی N behage ع ممتع د صفا.

**دڵگەشێن:** pleasant **ئاوەڵناو** دڵخۆشکەر، بەردڵ، پەسەند، دڵگر، دڵواز، مایەی شادی و گەشانەوەی دارەت و کەشی دەروون. [ع] جذاب، سائغ [N] hyggelig [د] خوشایند. ⇐ **بێزارکەر:** vexatious **ئاوەڵناو** پەستکەر، دڵڕەنجێن. [ع] غیر مریح [N] irriterende [د] ناخوشایند.

**دڵماى:** unhappy, uneasy **ئاوەڵناو** دڵگیر، دڵگران، دڵمەند، زویر، لالووت، لووتەلا، نابەدڵ. [ع] شقِی [N] urolig [د] ناراضی.

**دڵمەند:** disapproval **ناو** دڵگران، دڵێشاو، دڵشکاو، دڵڕەنجاو، لالووت، تۆریاو. [ع] تعیس [N] misbilligelse [ع] تعیس [د] ناخشنود، ناراضی.

**دڵناسک:** touchy **ناوی چاوگ** زۆر هەستیار، گرینۆک. [ع] حساس [N] følsom [د] حساس.

**دڵناسکی:** sensitivity **ناوی چاوگ** خەم و کەسەرێ کە بە هۆی دیتنی ئازاری خەڵکی ترەوە دڵ دائەگرێ. [ع] حساسیة [N] følsomhet [د] حساسیت.

**دڵنەخواز:** undesired, unwanted **ئاوەڵناو** کارێک کە ئەنجامی ئەدەین بەبێ ئەوەی حەزمان لێی بێ، جا لە ڕووی نەزانی یان ناچاری. [ع] غیر سار [N] uønsket [د] ناخواستە.

**دڵنەوایی:** solace **ناوی فەرمان** دەزەیی، دڵسۆزی، دڵنەرمی، دڵنەوائی، دلۆڤانی، هاودەردی، ئاشتکردنەوەی دڵی یەکێک کە زویر بووبێ. [ع] سلی [N] trøst [د] تسکین، شفقت.




**دڵنیا:** confident **ئاوەڵناو** متمانەبەخۆ، هێسا، بێپەروا، جەربەزە. [ع] واثق [N] selvsikker [د] مطمئن. ☜ بڕوابەخۆ

**دڵنیایی:** certainty ناوی چاوگ ئەرخایەنی، بێگومانی، بێدڕدۆنگی، بەڕاست زانینی مسۆگەر. ع السیاقات N السیاقات د یقین، اطمینان، قطعیت.

**دڵۆپ:** drop ناو تنۆک، بڕێکی زۆر بچووکی شلەمەنی. ع قطرة N slippe د قطرە. ن: لە ترێقیدا بوو بە دڵۆپێک ئاو.




**دڵۆپەر:** dropper کەرەستە ناو بۆرییەکی بچووکە سەرێکی پیازۆکەیەکی لاستیک و سەرەکەی تری کونێکی بچووکی هەیە، بۆ ژماردنی دڵۆپی دەرمان و شلەی تر بەکار ئەهێنرێ. ع قطارة N dråpeteller د قطرەچکان.

**دڵۆپێنەر:** distiller ئامێر دەزگای دڵۆپێنەری خاوێنکردنەوەی ئاو یان ئارەقگرتن یان شەراب سازکردن.

لە کەمپیوتەردا نەرمەواڵەیەکە بۆ بچووککردنەوەی ئەندازەی فایل و وەرگێڕان بەکار دێت، وەک پرۆگرامی {Adobe Distiller} کە فایلی {PostScript} ئەگۆڕێ بە {Adobe PDF}. ع المقطر N destilleri د تقطیر کنندە.



**دڵودەمار:** cardiovascular میتابۆلیزم ئاوەڵناو پەیوەندیدار بە دڵ و دەمارەکان و شێوەی کارکردنیان. ع القلب والأوعية الدموية N kardiovaskulær د قلبی عروقی.

**دڵەڕاوکێی سەرەکی:** basic anxiety دەروونناسی ناوی لێکدراو زاراوەیەکە تیۆریستی دەروونشیکار کارین هۆرنی بەکاری دەهێنا. ئەو پێی وابوو نەخۆشی دەمار لە ئەنجامی دڵەڕاوکێی سەرەکی یان بنەڕەتییەوە سەرچاوە ئەگرێت کە بە هۆی پەیوەندی نێوان کەسەکانەوە دروست ئەبێت.

**دڵەکپێ:** heart attack ناوی فەرمان جەڵتەی دڵ، وەستانی کتوپڕی دڵ. ع نوبة قلبية N hjerteinfarkt د سکتە قلبی.

**دڵی ستۆن:** Heart of Stone فیلم فیلمی سینەمایی ٢٠٢٣، دەرهێنانی تام هارپر، نووسینی گرێگ ڕاکا و ئالیسۆن شروودر، هونەرمەندی گال گادۆت، ماتیاس شوەیگۆفر Matthias Schweighöfer.

مژار **ڕاشل ستۆن** لە ڕاستیدا کار بۆ **چارتەر** ئەکات، کە تۆڕێکی سیخوڕی جیهانییە و هەموو جووڵە و چالاکییەکانی لە لایەن **کەمپیوتەرێکی کوانتۆمەوە** بەڕێوە ئەبرێت کە بە **دڵ** ناسراوە. **دڵ**، ئامێرێکی هێندە بەهێزە کە بە دڵنیاییەوە توانای پێشبینیکردنی نزیکەی هەموو شتێکی هەیە و، بەم شێوەیە ئەیسەلمێنێت کەمپیوتەرێکی کوانتۆم **جیهانگۆڕێکی** ڕاستەقینەیە لە داهاتوویەکی نزیکدا.



**دمەڵ:** abscess ناو دووملّ، کوان، چڵککردنی بن پێست، نێرکێکی هەیە پاش گەیشتن ئەو نێرکر ئەتەقێ و کیمەکەی ئەرژێتە دەرەوە. ع خراج N abscess د دمل.



**دنەدان:** prodding چاوگی تێپەڕ تیژکردنەوە، پاڵپێوەنان. ع حث، تشجیع N pirrende د برانگیختن.

**دنیس پاسکی:** Le chancelier Étienne-Denis Pasquier رامیار ئەندامی کۆڕ (١٧٦٧ ـ ١٨٦٢) ڕامیار، سەرۆکی نووسینگەی پیر و ئەندامی ئاکادیمی، دۆستی خاتوو دو بوانی بوو.




**دۆ:❶** buttermilk خواردنەوە شیرەمرنی ئاقەماست، دەویک، هالیر، شلەیەکی مزری گازدار و، خواردنەوەیەکی خۆشە کە پاش ژەندنی مەشکە و جیاکردنەوەی کەرە لە ماست ئەمێنێتەوە. ع لبن، لبن رایب N kjernemelk د دوغ. ⇐ **گۆڕاو:** thick buttermilk دۆی خەست.

⇐ **شیری بی چەوری :** skim milk شێرێک کە هەموو چەورییەکەی گیرابێت، بۆی هەیە بۆی هەیە تەنها ٠,١ چەوری تێدابێت. [ع] حلیب مقشود [N] skummet melk [د] شیر خامه گرفته ورقیق.



**دۆ:❷** fungal mildew [چاوگی تێپەڕ] دۆدەردان، دۆکردن، کەڕوویەکی قارچکییە ئەدات لە درەخت و میوە و تەرەکاڵ و وەکوو پەڵەیەکی سپی پێیانەوە دیار ئەبێت. هەروەها پەڵەی سپی ڕەقەڵەبەستوو بە هۆی وشکبوونەوەی لیزکەوە کە بە جلەوە دیار ئەبێت. [ع] العفن الفطري [N] soppmugg [د] سفید ک قارچی.




**دۆبرۆی :** Louis Dubreuilh سۆسیالیست [سکرتێری ئینتەرناسیۆنال] (١٩٦٢-١٩٢٤) سۆسیالیست و سکرتێری گشتی «ئینتەرناسیۆنال» لە فەرانسە.

**دۆبلوون :** doubloon [دراوی زێڕ] [ناو] سکەی زێڕی کۆنی ئیسپانیا بەرامبەر بە ٢ ئێسکۆدۆ، یان ٣٢ ڕیاڵ و، کێشەکەی ٦,٨٦ گرەم بووە. لە

١٣٩١ەوە بە دوو ئێسکۆدۆ ناسراوە.



**دۆپۆل:** Alphonse Henri d'Hautpoul {١٧٨٩ـ١٨٦٥} ژنراڵی فەرانسەیی، لۆژێتمیست و پاشان بۆناپارتیست. ساڵانی ١٨٤٩ تا ١٨٥١ نوێنەری ئەنجوومەنی ڕێسادانان، ١٨٤٩ تا ١٨٥٠ وەزیری جەنگ بوو.






**دۆپەن:** André Dupin {١٧٨٣ـ١٨٦٥} مافناس و ڕامیار، ئۆرلیانیست، نوێنەری ئەنجوومەنی نەتەوەیی و سەرۆکی ئەنجوومەنی ڕێسادانان، پاشان بوو بە بۆناپارتیست.





**دۆج :** Doge دادوەری یەکەم لە کۆماری ڤێنیزیا و جێنۆڤا.

**دۆخەوا :** دۆکوڵیو، سووپی لووشە، ئاشێکە بە لووشە و سوورەبنە، لەگەڵ ماست و برنج و لەتکەنۆک لێئەنرێ. بۆ ئەوەی ماستەکە نەبڕووسقێ لەسەرەتاوە تا هاتنە کوڵی ماستەکە ئەبێ مای بهێنرێتەوە.

**ماهێنانەوە :** ما ـ هێنانەوە، لێکدانی دۆکوڵیو و دۆکەشکە لەسەر ئاگر تا دێتە کوڵ، بۆ ئەوەی نەبزڕێ. ☜ لووشە





**دۆخی مرۆیی :** La Condition humaine رۆمان یان Man's Fate ڕۆمانی ١٩٣٣ی نوسینی ئاندرێ مالرۆ، براوەی خەڵاتی گۆنکۆر، بەسەرهاتی شکستی سەرهەڵدانی ١٩٢٧ی کۆمۆنیستەکانی شانگهایە.









**دۆدە :** clever ناو زیتەڵە، فرەزان، فێڵباز، قۆشمە، قەرەقوش، گزەون، پیرەپنتۆ. ع شاطر N smart د زبل.

**دۆدەردان :** fungal mildew چاوگی تێپەڕ دۆکردن، کەڕوویەکی قارچکییە

ئەدات لە درەخت و میوە و تەرەکاڵ و وەکوو پەڵەیەکی سپی پێیانەوە دیار ئەبێت. هەروەها پەڵەی سپی ڕەقەڵەبەستوو بە هۆی وشکبوونەوەی لێزکەوە کە بە جلەوە دیار ئەبێت. ع العفن الفطري N soppmugg د سفیدک قارچی.

**دۆرپێچی سەربازی:** state of siege دۆرپێچکرنا سەربازی، بەرگری هاتوچۆ. ع حظر التجول، منع التجول N beleiringstilstand د حکومت نظامی.

**ئادینامەی دۆرپێچ:** curfew ئادینامەی دیاریکردنی کاتی هاتوچۆ، بە زۆری لە شەودا.




**دۆرژە:** Dorje ناو لە ئایینی بوودایی، هێمای ڤاجرایە Vajra کە یەکێک لە سێ ڕێباز یان ئایینزای بوودایییەکان.




**دۆرمادار:** environment ناو دەقەر، دۆر، فەراگەرد، کشتوکەنار، دەوروبەر، ناوچە، پەراپەر، ئەو نەواقەی کە مرۆڤ یان ئاژەڵ یان گیا

تێیدا ئەژێ N Miljø ع بیئة د محیط ⇦ **چێوە:** perimeter ناو
پەراوێزی بازنە N omkrets ع محیط د محیط.

**دۆز:** problem ناوبکەر پرسگری بیرکاری کە بتوانرێ پیشان بدرێ، لێک بدرێتەوە و ڕەنگە بە شێوازی بیرکای سیکار بکرێ، پەرسای، پرسگر، بەرگەڕ، واسەی، واشتەنە ع مشکلة N problem د مسئلە.

**دۆژ:** distance ناو نێوان، دۆمەی، ماوە، مەودا، دووری، دووراقە، وەرهەنگ N avstand ع مسافة د فاصلە.




**دۆژەنگ:** ناو جرجی ناوچەوان کە لە ڕۆ هەستاندا پەیدا دەبێ، چرچ و لۆچی ناوچاو، گنجی تەوێڵ و برۆ.

**دۆست:** friend ناو هاوڕێ، هەڤاڵ، کەسێکە پەیوەندی دوولایەنەی بەرامبەری هەیە لە چوارچێوەی بەهێزترین پەیوەندی نێوان کەساندا و لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا، دۆست مایەی پشتگەرمی و داڵدەی ڕۆژی تەنگانەیە. ع صدیق N venn د دوست ن:

هەرچەند نیمە کۆشک و تەلار خۆمی پێوە با بدەم
نیمەسامان و نیمەماڵ، هەژاری پێ سەرپۆش بکەم
ئەوەی هەمە بارەتەقای ڕاوەنی ئەم جیهانەن و
چەند دۆستێکن، بە هەموو داژدەی جیهانیان نادەم

**دۆس پاسۆس:** John Dos Passos ڕۆماننووس هونەرمەند (١٨٩٦ـ١٩٧٠) ڕۆماننووس و هونەرمەندی ئەمریکایی، نووسەری سیانەی ئەمریکا .U.S.A. trilogy












**دۆستانه :** amicable ئاوەڵناو ڕووخۆشانه، هاوالانه، ئاشتخوازانه. ع سلمیِ، متحاب N vennskapelig د دوستانه E amicably.

**دۆستانی بەگوڕ :** The Passionate Friends فیلم فیلمی سینەمایی بەریتانیایی ١٩٤٩ی دەرهێنانی دەیڤید لین.







**دۆستایڤێسکی :** Fyodor Dostoevsky نووسەر (١٨٢١ـ١٨٨١) ڕۆمان و کورتەچیرۆکنووس و ڕۆژنامەڤانی ڕووسی. هەناوبینی و کۆڵینەوەی کەلێنی دەروونی پێرسۆناکانی شێوازی تایبەتی نووسەره. سووررڕیالیستەکان مانیڤێستی خۆیان لەسەر بناغەی نووسینەکانی ئەو دارِشتووە.







**دۆش :** forlorn داروت ئاوەڵناو دڕ، مات، کز. ع بائس N forlatt د مات، درمانده.

**دۆشان پۆپۆڤیچ :** Duchan Popovitch رامیار رامکار رامیاری سەربیایی و باڵوێزی ئەم وڵاتە لە پیتربۆرگ لە ساڵی ١٩٠٧.

**دۆشاو :** syrup خۆراک ناو شلەیەکی شیرینی خەستە بە کوڵاندنی میوەی وەکوو ترێ و تفێ و تەماتە، یان تواندنەوەی شەکر لە ئاوی کوڵاودا دروست ئەکرێت، زۆرجار بۆ پاراستنی میوە بەکار دێت لە شێوەی لاچەڕدا. ع عصیر N sirup د عصاره. ☜ لاچەڕ




**دۆشاوی تەماتە :** tomato paste خۆراک ناو لە ڕێگەی کوڵاندنی ئارامی تەماتە بۆ ماوەی چەندین کاتژمێر تا خەست ئەبێتەوە. دۆشاوی تەماتە چێژی شیرین و توندی وەکوو تەماتەی وشکی هەیە؛ دۆشاوی تەماتە بۆ خەستکردنەوەی سۆس و بەتامکردنی سووپ و خۆرشت بەکار ئەبرێ؛ یەک کەوچکی بەسە و بە ئاو شل ئەکرێتەوە. ع معجون الطماطم N tomatpuré د رب گوجه.

⇦ **ئاوی تەماتە :** tomato juice خواردنەوە بە کوڵاندنی کورتی تەماتە بە مەبەستی نەرمکردن و پاڵفتەکردن؛ چێژێکی نەرمی تەماتەی تازەی هەیە؛ کەرەستەی سەرەکی سۆسی پیتزا و ساڵسا و مارینارایە، بەڵام لەبەر تراوی ناتوانێ جێگەی دۆشاوی تەماتە بگرێتەوە. ع عصیر الطماطم N tomat juice د آب گوجه.

⇦ **کەچەپ :** ketchup چێژەمەنی [ لە kê_chiap چینی بە واتای ماسی بەترش]

سۆسی سوور، ئاوی تەماتەیە لەگەڵ سرکە، شەکەر، خوێ، بیباری شیرین، پیاز و کەرەوز. ع کاتشب N کاتشب د کچاپ.

**مارینارا :** Marinara Sauce چێژەمەنی سۆسێکە بە تەماتە و سیر و پیاز و گیای بۆنخۆش ساز ئەکرێ، ئەکرێ زەیتوون و بەهارات و یەک تۆز سرکە یان شەرابیشی تێبکرێ ع صلصة المارينارا N marinara saus د سس مارینارا.





**دۆشدامان :** چاوگی تێنەپەر دڕدامان، مات و کز بوون.

**دۆشداماو :** بەرکار دڕداماو، کزومات.

**دۆشەکڵە :** کەلوپەل ناو مەندەر، دۆشەکی بچکۆلانە.







**دۆڤژەنکۆ :** Alexander Dovzhenko نووسەر دەرهێنەر (١٨٩٤ـ ١٩٥٦) نووسەر و دەرهێنەر و فیلمسازی ئۆکراین سۆڤیەتی.








**دۆڤیل:** Deauville جوگرافیا بەندەر بەندەرێکە لە کەنار زەریای مانش لە باکووری فەڕانسە. {پێشتر باسی ئەوە کرا کە هۆگێت، کچی خاتوو باتنکۆڕ، کە نەخۆشی دەردەباریکەی مۆغەرەی هەیە، لە بووژانگەی بەرک Berck_sur_Mer، لە نزیک دۆڤیل لە کەنار زەریای مانش خەوێنراوە.}

**دۆگانا:** dogana ئابووری ئالۆگۆڕ ناو ئیتالیایی، فەڕانسەییەکەی douane یە و لە عەرەبی بووە بە دیوانە، بە واتای گومریک، بەڕێوەبەرێتی دیاریکردن و وەرگرتنی تاریفە و باجی کاڵا E customs د گمرک.








**دۆگم:** Dogma ناو بڕوای وشک و کوێرانە بە شتێک، وەک دەمارگیریی ئایینی. ← دۆگماتیزم: dogmatism ئەندێشەیەکی نادیالکتیکی، بانسروشتییە کە بەبێ کەمترین ڕەخنە بڕوایەک وەرئەگرێ. دۆگماتیزم فەلسەفەیەکە لەسەر بناغەی بڕوای مسۆگەر، بڕوایەک کە پێی وایە کێشەکانی مێتافیزیک لە ڕێگەی زانستەوە چارەسەر ئەکات.

**دۆگماتیزم:** dogmatism فەلسەفە بۆچوون ناو شێوازی ئەندێشەگەری

ناڕەخنەگرانە، نامێژوویی و بانسروشتی کە بڕوای بە بنەمای نەگۆڕ هەیە، بەبێ ڕەچاوکردنی بەڵگە و بۆچوونی ئەوانی تر و هەڵسەنگاندنی بە پێوەری زانستی تازە.










**دۆڵ:** ❶ ناو دۆڵی دەسک، دەفری گەنم کوتان بۆ ساوار.







**دۆڵ:** ❷ ناو گەلی، شیو، دەرە.

**دۆڵ:** ❸ ناو کیسەی چەرمین بۆ ئاو، بۆ دۆ.

**دۆڵ:** ❹ ناو پارچە زەوی تەخت و ڕاست.

**دۆڵ:** ❺ موزیک ناو دەهۆڵ.

**دۆڵ:** ❻ glide فەرمان خلۆر، گلار.

**دۆڵ:** ❼ کشتوکاڵ ناو گاسنی سەرچەماو.

**دۆڵ:** ❽ هاندان فەرمان وشەی دنەی مناڵی ساوا بۆ مێزکردن. ⇐ دۆڵ،

دۆڵ کورم دۆڵ.

**دۆڵ:**[٩] ناو سوێنە، تەغار، کەدێنە.





**دۆڵاڤ:** ئاوبارە، پلوسکی ئاوبەر.

**دۆڵچە:** سوێنەی بچووک، زیاتر بۆ هەڵگۆزینی ئاو لە بیر.





**دۆلکە:** pitcher کەرەستە ناو کەپوولە، کیل، گۆزەڵە، دەفری سەر ئاواڵەی لێوداری گڵین یان شووشە بۆ ئاو. ع جرە N vannmugge د پارچ. ⇐ pitcher لە ئینگلیزی هەروەها بە پاریزانی هاوێژەری تۆپ لە یاری بەیس باڵ ئەوترێت.







**دۆڵسینا:** Dulcinea ڤیژە پێرسۆن دڵبەری دۆن کیشوت یان دۆن کیهۆتە Don Quixote لە ڕۆمانە بەناوبانگەکەی میگل دو سێرڤانتس Miguel de Cervantes.



**دۆڵکەڵەکس:** Dulcolax دەرمان ناو دۆڵکۆڵەکس، دەرمانی قەبزی ڕیخۆڵە، ناوی بازرگانی دەرمانێکی هاندەری شلکەرەوە و زیادکردنی جوڵەی ڕیخۆڵەیە. ع دولکولاکس N Dulcolax د دولکولاکس.




**دۆڵمەی گەڵا:** sarma خۆراک ناو قونتک، سارمە. ع محشي ورق عنب N kålruller د دلمه برگ مو. G هەنبانە بۆرینە





**دۆڵەساو:** بەهداشت فەرمان چەوماڵ، خاوێنکردنەوەی کارێز.

**دۆڵەک:** دووگیان گەمە هێمایر ناو دوو گیان، خاوەنی دوو گیان، بە کەسێک ئەوترێ وەک بلێی دوو گیانی هەبێ و بتوانێ دوو جار بژی. کاتێک دوو دەستە یاری ئەکەن، بۆ نموونە هەلووکێن یان قەلەمباریێ، ئەگەر دەستەیەک یاریزانێکی کەمتر بێ، یەکیان ئەبێ بە دۆڵەک، واتە ئەگەر سووتا، ناچێتە دەرەوە، هەر ئەمێنێ و بە گیانەکەی تری یاری ئەکات.





**دۆڵی نادیار:** uncanny valley ئای تی گەمە کاتێک، بە تایبەت لە بواری گەمەی ڤیدیۆییدا، ئەمانەوێ کەسایەتییەکی شێوەمرۆڤ دروست بکەین، مێشکی مرۆڤ بە ئاسانی ئەو شتە وەرناگرێ و ڕەتی ئەکاتەوە مەگەر ئەوەی زۆر دارماڵ و بێخەوش بێت، بە تایبەت لێکچوونی «چاوەکان» کە کاریگەری زۆریان هەیە. واتە چەندە کەسایەتی لە ئێمە نزیکتر بێت زیاتر ڕامان ئەکێشی یاری بکەین و ئەوە پێی ئەوترێ دۆڵی نادیار. واتە دۆڵی نادیار زاراوەیەکە بۆ وەسپکردنی پەیوەندی نێوان دەرکەوتنی مرۆڤی هاوشێوەی شتێکی ڕۆبۆتیک و ئەو وەڵامە

سۆزدارییەی کە ئەی ورووژێنێت. لەم دیاردەدا مرۆڤەکان هەست بە نائارامی یان تەنانەت بێزاری ئەکەن لە وەڵامی ئامێرد یان ڕۆبۆتە مرۆڤئاساکاندا کە زۆر ڕاستەقینەن. ☜ پارێزەری لینکۆڵنسوار دریژە لەم زنجیرەیەدا ئاماژە بە دۆڵی نادیار و شێوازی کارکردنی ئەدرێ.





**دۆما :** Duma کۆمەڵناسی دامودەزگا ئەنجومەنی ڕێساداناني ڕووسیە.





**دۆمەرگ :** Gaston Doumergue ڕامیار سەرۆکوەزیر (١٨٦٣ـ١٩٣٧)گاستۆن دۆمەرگ، ڕامیاری فەرەنسەیی، ساڵی ١٩١٤ بوو بە سەرۆکوەزیران و پاشان وەزیری دەرەوە.






**دۆمییه:** Daumier كاريكاتۆريست (١٨٠٨ـ١٨٧٩) هونەرمەندی کاریکاتۆریستی فەڕانسەیی.






**دوا پشوو:** Dernières Vacances فیلم فیلمی ١٩٤٨ دەرهێنانی لینار.







**دۆنا:** ingenious بەهرەمەندی ئاوەڵناو زۆر زانا، زۆر لێزان، بەهرەمەند، فەرزانە. ع عبقری N genialt د مبتکر.

**دۆنات:** donuts شیرینی ناو شیرینییەکی خواردنی ناوژەمە، وەکوو کەیکێکی بچووکە بە بیچمی جۆراوجۆردا دروست ئەکرێ، بەڵام بە زۆری خڕێکی بازنەیی ناوکونە، بە ڕادەیەک کە لە زۆر وڵاتی وەکوو نەرویج پێی ئەوترێ بازنەی جەژن، لە هەندێ وڵاتان برەوێکی زۆری هەیە. ع کعکة مقلیة N smultringer د دونات F beignets.






**دۆنادۆن:** reincarnation ئایینناسر بانسرووشت گیان گۆڕینەوە، بڕوا بە ڕابوونەوە و ئاڵوگۆڕی گیان لەبەرگێکی تردا. [ع] التناسخ [N] reinkarnasjon [د] تناسخ ← **سەمسارا:** Samsara ئایینناسر بانسرووشت سووڕی مەرگ و ژیانەوەی دووبارە کە ژیان لە جیهانی هێسندا بەوەوە بەستراوە؛ سەمسارا زاراوەیەکی سانسکریتە بە واتای «جووڵەی بەردەوام» یان «سووڕی بەردەوام»، لە بوودایزمدا بە واتای سووڕی لەدایکبوون و نەمان و مەرگ دێت، بەو واتایەی کە هەموو مرۆڤ لە جیهاندا بەشدارن و تەنها لە ڕێگەی ڕەوشەنگەرییەوە ئەتوانن لێی ڕزگار بین. سەمسارا ئاوێتەی ڕەنج و ئازارە و وەکوو خاڵی بەرامبەر بە نیروانا دائەنرێ.






**دۆنا سۆل:** Dona Sol پێرسۆنا کەسایەتیی شانۆگەری ئەرنانی Hernani ڤیکتۆر هۆگۆ، کاتێک زەماوەندی دۆناسۆل و ئەرنانی ئەگاتە کۆتایی و میوانەکان ئەڕۆن، دەنگی کەڕەنا وا لە ئەرنانی ئەکات خۆی بکوژێ.







**دۆن کیهۆتە ❶:** Don Quixote فیلم پێرسۆنا فیلمی سینەمایی ١٩٧٢ی

ئەمریکایی، دەرهێنان و هونەرمەندی ئۆرسن وێڵز، ژێوەرگیراو لە ڕۆمانی بەناوبانگی میگل دو سێرڤانتس Miguel de Cervantes.

◁ **دۆن کیهۆتەکەی ئۆرسن وێڵز:**[٢] Don Quijote de Orson Welles فیلم پێرسۆنا فیلمی سینەمایی ١٩٩٢ی ئیسپانیایی، دەرهێنانی ئۆرسن وێڵز، ژێوەرگیراو لە ڕۆمانی بەناوبانگی میگل دو سێرڤانتس Miguel de Cervantes.

◁ **دۆن کیهۆتە:**[٣] Don Quixote فیلم پێرسۆنا فیلمی سینەمایی ٢٠٠٠ی ئەمریکایی، دەرهێنانی پیتەر یەیتس، هەنەرمەندی جان لیسگۆ و ئێلیزابێت ڕۆسۆلینی، ژێوەرگیراو لە ڕۆمانی بەناوبانگی میگل دو سێرڤانتس Miguel de Cervantes.

◁ **دۆن کیهۆتە:**[٤] Don Quixote فیلم پێرسۆنا فیلمی سینەمایی ٢٠١٥ی ئەمریکایی، دەرهێنانی دەیڤید بییر، ژێوەرگیراو لە ڕۆمانی بەناوبانگی میگل دو سێرڤانتس Miguel de Cervantes.

◁ **ئەو کابرای دۆن کیهۆتەی کوشت:**[٥] The Man Who Killed Don Quixote فیلم پێرسۆنا فیلمی سینەمایی ٢٠١٨ی ئەمریکایی، دەرهێنانی تێری گیلیام، ژێوەرگیراو لە ڕۆمانی بەناوبانگی میگل دو سێرڤانتس Miguel de Cervantes.









**دۆنگی:** هەست ناو هەست، زی، هشەک، سەهە ع د حس، احساس E sense ⇦ دڕدۆنگی: دوودڵی، هەستی گوماناوی.

**دوائاگاداری :** ultimatum ئاگاداركردنەوە ئۆڵتیماتۆم، دوامۆڵەت.

**دوا دەرفەت :** La Derniere Chance فیلم فیلمی جەنگی ١٩٤٥ی ئۆتریش سویس، دەرهێنانی لیۆپۆڵد لیندبەرگ Leopold Lindtberg.




**دواكەوت :** contango دارەیی ئابووری دارەتێكە كە بەهای وەستاوی پارەكانی كۆمپانیایەک لە داهاتوودا ئەكەوێتە بن بەهای ئێستەیەوە. ع التأجيل N contango د بە تعويق انداختن.




**دواكەوتن :** tardiness چاوگی تێپەڕ پاشكەوتن، نەگەیشتن لە كاتی خۆیدا جا بە هەر هۆیەكی شیاو و نەشیاو. ع تأخير N sengang د تاخیر.

**دوامۆڵەتی ئاڵمان بە بەلجیكا :** ئاگاداركردنەوە ڕێكەوتی ٢ی ئاگۆستی ١٩١٤، دەوڵەتی ئاڵمان دوامۆڵەتێكی نارد بۆ دەوڵەتی بەلجیكا سەبارەت بەوەی كە سپای ئاڵمان ئەبێ بتوانێ ئازادانە بە ناو خاكی بەلجیكدا تێپەڕێ. دەوڵەتی بەلجیكا لێبڕاوانە ڕەتی كردەوە و داوای یارمەتی لە بەریتانیا كرد. بە دوای ئەمەدا بوو كە بەریتانیا بە فەرمی چووە ناو جەنگەوە.

**دوانبێژ :** commentator بێژەر ناوی فەرمان ڕاڤەكار. ⟵ هەواڵبێژی فووتباڵ

د مفسر N commentator ع معلّق.

**دوانزە ئیمام:** ئایینناسی ئاینزناسی شێعەی دوانزە ئیمامی بڕوایان بە دوانزە ئیمام هەیە کە ئەمانەن: ١ـ عەلی ٢ـ حەسەن ٣ـ حسێن ٤ـ سەجاد ٥ـ محەممەد باقر ٦ـ جەعفەری سادق ٧ـ مووسای کازم ٨ـ ڕەزا ٩ـ محەممەد تەقی ١٠ـ هادی ١١ـ حەسەنی عەسکەری، ١٢حوجەت کوڕی حەسەن د شیعە اثناعشری ☜ چواردە مەعسووم.

**دوانگە:** rostrum, tribune میدیا ناو تریبوون، پێڕک، کورسی وتاردان، شوێنی وتاردان، شوێنی وتاردانی مەلا. ع المنبر N tribune د منبر.







**دوانیە ڕۆسۆ:** Douanier Rousseau شێوەکار (١٨٤٤ـ١٩١٠) شێوەکاری پۆست ئێکسپرشنیستی فەڕانسەیی. تابلۆکانی سادە و وردەکارانە کێشراون.








**دواومۆنت:** Douaumont جوگرافیا سەربازی گوندێکی بچووکی سەر بە شاری

ڤێردۆنی فەڕانسە، لە ماوەی سواڕی ڤێردۆن، قەڵاتە سەربازییەکەی چەند جار لە نێوان لایەنە دژەکاندا دەستاودەستێ کرد.



**دوبچێک :** Alexander Dubek رامیار ئەلێکساندەر (١٩٢١ـ ١٩٩٢) ڕامیاری دیاری چیکۆسلۆڤاکیا بوو. لە ساڵی ١٩٦٨ تا ١٩٦٩ وەک سکرتێری یەکەمی سەرۆکایەتی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی چیکۆسلۆڤاکیا (سەرکردەی دیفاکتۆی پارتی کۆمۆنیستی چیکۆسلۆڤاکیا) کاری کرد. ◀ لە ڕەوتی بەهاری پراگدا هەوڵی چاکسازی لە حکومەتی کۆمۆنیستی دا، بەڵام دوای لەشکرکێشی پەیمانی وارشۆ لە ئاگۆستی ١٩٦٩دا ناچار کرا دەست لەکار بکێشێتەوە و، بۆ ماوەی بیست ساڵ لە ماڵەکەی خۆی دەستبەسەر کرا. ◀ ساڵی ١٩٨٩ گەڕایەوە بۆ کایەی ڕامیاری و هەڵبژێردرا بۆ سەرۆکی پارلمانی فیدرالی چیکۆسلۆڤاکیا، کە ساڵی ١٩٩٢ بۆیان دەرکەوت ناتوانن بەیەکەوە بژین و، بوویەوە بە دوو وڵاتی سەربەخۆی کۆماری چیک و کۆماری سلۆڤاکیا.

**بێگانەیەک لە مندا :** نۆڤێللای دووەمی سیانەی جەگەن، پێرسۆنای سەرکییەکەی کچێکی خەڵکی چیکۆسلۆڤکییە، باوکی لە یارانی دوبچێک و دایکی بەناوبانگترین گۆرانیبێژی ئەو وڵاتەیە، کە هەڵدێ بۆ لەندەن و لەوێوە پای ئەکەوێتە ئێران. ☜ سیانەی جەگەن.








**دو برۆکڤیل:** Charles de Broqueville ڕامیار سەرۆکوەزیر (١٨٦٠ـ١٩٤٠)
ڕامیار و سەرۆکوەزیرانی بەلجیکا لە ١٩١٢ تا ١٩١٧.







**دوبۆف:** Edouard_Marie_Guillaume Dubufe شێوەکار (١٨٥٣ـ١٩٠٩)
شێوەکاری پۆرترێتی فەڕانسەیی.






**دو بوانی:** Adèle d'Osmond de Boigne نووسەر ئاریستۆکرات (١٧٨١ـ١٨٦٦)
خاتوونێکی لیبراڵی ئاریستۆکرات و نووسەری فەڕانسەیی بوو. ١٧٩٠

لەگەڵ بنەماڵە تەرەکرا. ١٨٠٤ گەڕانەوە و دوای هەتنەوە سەرکاری بۆربۆنەکان ناوبانگی دەرکرد.










**دو بۆرنیە:** Henri de Bornier هۆنەر درامانووس {١٨٢٥ـ١٩٠١} هۆنەر و دراماتیستی فەڕانسەیی.









**دو بوسێ:** Jacques_Bénigne Bossuet کاردینال لەلە گەران بەرگ ۳ {١٦٢٧ـ١٧٠٦} کاردینالی کلیسای مۆ Meaux، لەلەی کوڕی لویی چواردە، بۆ خۆی ئاریستۆکرات نەبوو، بەڵام جەنابی دو گورمانت بە پەیڕەوی لە نەریتێکی سەدەی حەڤدە لە فەڕانسە، بە دانانی {de} لە پێشی کەوشەنی کاردیناڵنشینەکەی، دارەتێکی ئاریستۆکراتیی پێئەدات.



**دو بیرز:** De Beers کۆمپانیا بەرژەنگ ڕووژە کۆمپانیای ڕووژەیە، ساڵی ١٨٨٨ لە لایەن سێسیل ڕوودێزەوە دامەزرا، سەرمایەکەی خۆی لە پێنج میلیارد دۆلار ئەدا و، هەتا ئێستەش لە گەورەترین کارتێلەکانی ڕووژەیە لە جیهاندا. ناوەندەکەی لە لۆگزامبۆرگە.






**دو پاتی دو کلام:** du Paty de Clam کەسایەتر لەو یەکەم کەسانەی بە توندی درەیفوسی تاوانبار ئەکرد. گەڕان بۆ کاتر لەدەستچوو

**دوت:** ناو کچ، یار، خۆشەویست.

**دوتای:** Édouard Detaille شێوەکار (١٨٤٨ـ ١٩١٢) شێوەکاری ئاکادمیستی دیمەنی سەربازی، لە تابلۆی زیندەخەوندا سەربازەکان باپیرانی خۆیان لە کۆماری یەکەمی فەڕانسە لە خەودا بە سەر سەریانەوە ئەبینن.





**دوخشارپەسەند:** fastidious ناوی لێکدراو دژوارپەسەند، دێرپەسەند. ع شدید الحساسية N kresen د مشکل پسند.

**دوخمان:** traitor ناو بێفەڕ، غاین و بێئەمەگ، ناپاک. ع خائن العهد N forræder د خائن.

**دوخمانی:** betrayal, treason ناوی چاوگ ناپاکی و بێئەمەگی دژ بە نیشتمان و بڕوا و دەستە و هاوڕێ. ع خيانة N Forræderi د خیانت.

**دودان:** Ximénès Doudan ڕۆژنامەوان (١٨٠٠ـ ١٨٧٢) زیمێنێس دودەن، ڕۆژنامەڤانی فەڕانسەیی.

**دودۆنا:** Dodona ئایین‌وئەفسانە جوگرافیا شارێکی کەونارا لە یۆنان، پەرستگەی زیۆسی لێبووە، لە تەنیشتییەوە جەنگەڵێک هەبووە کە پیران و کاهینان وڕەی بایان لە ناو دارەکاندا بە دەنگی خوا زانیوە و لە سەر بناغەی ئەوە پێشگۆییان کردووە.



**دو دێفا:** Marie Anne, marquise du Deffand ئاریستۆکرات نووسەر ڕۆشنبیر خاوەن کۆڕ (١٦٩٧ـ١٧٨٠) مارکیز دو دێفا، ئاریستۆکراتی نووسەر و خاوەن کۆڕی دیدەنگە و پشتیوانیی هونەر، کۆڕەکەی مەکۆی ڕووناکبیران بوو لە پاریس.




**دوراکین:** پێرسۆنا کەساێەتی ڕۆمانێکە بە ناوی Le Général Dourakine، نووسینی کۆنتێس دو سگۆر Comtesse de Segur، پیرێکی قەڵەوەیە، جار پێئەکەنێ و جار تووڕە ئەبێ.





**دورک:** وێژە ناو شەپۆڕنامە، شینامە د مرثیە.

**دورگە:** island جوگرافیا ناو ئاد، وشکانییەک کە هەر چوار دەوری ئاو بێ؛ هێمایێ کەس یان شتێک کە دەوری گیرابێت، بە تایبەت لە ڕووی گۆشەگیری و دابڕان، یان بە جۆرێک لە جۆرەکان ئابڵۆقە درابێت. ع
جزیرة N øy د جزیرە.



**دورگەکانی ئوقیانووسیە:** Oceania Islands جوگرافیا یان دورگەکانی پاسیفیک، ٢٠ تا ٣٠ هەزار دوورگە لە ئوقیانووسی ئارام. بەشی هەرە زۆری لە خولگەی قرژاڵ بە ئەوشنیا یان ئوقیانووسیە ناسراوە.



**دورگەکانی پاسیفیک:** Pacific Islands جوگرافیا یان دورگەکانی ئوقیانووسیە، ٢٠ تا ٣٠ هەزار دوورگە لە ئوقیانووسی ئارام. بەشی هەرە زۆری لە خولگەی قرژاڵ بە ئەوشنیا یان ئوقیانووسیە ناسراوە.

**دورگەی ڕەی:** Île de Ré جوگرافیا بە E Isle of Rhé دوورگەیەکە لە ڕۆژئاوای فەڕانسە، لەسەر ئوقیانووسی ئەتڵەس، نزیک بەندەری لارۆشێل.

**دو ڕمووزا:** Charles de Rémusat ڕامیار نووسەر (١٧٩٧ـ١٨٧٥) ڕامیار و نووسەری فەڕانسەیی.






**دوزەنە:** سیستەم ناو سیستەم، ڕژێم، کۆئەندام، سەرجەم دامودەزگای ڕامیاری و کۆمەڵایەتی. ⇦ دوزەنەی سەرمایەداری.

**دوژمنایەتی:** animosity ناوی چاوگ دوژمنی، نەیاری، ڕقوکینە، قینەبەرایەتی، ڕقەبەرایەتی. ع العداء، حقد N fiendtlighet د خصومت، دشمنی.

**دوژمنکام:** ئاوەڵناو بە کامی دوژمن، کەسێکە لاواز بوونێ و بار و دۆخی بەدڵی دوژمن بێ.

**دو سالڤاندی:** Narcisse de Salvandy ڕامیار {١٧٩٥ـ١٨٥٦} ڕامیاری فەڕانسەیی.



**دووسەرەماسوولکە:** biceps تۆپکاری ناو دووسەر بازوو، ماسوولکەی دووسەر، ماسوولکەی دووسەری پشتەوەی ڕان یان هێی بازوو. ع العضلة ذات الرأسین N biceps د دوسر بازو، عضله دوسر.




**دو سیمیان:** Pauline de Simiane ئاریستۆکرات گەڕان-٢ {١٦٧٤ـ١٧٣٧}

پاولا، کچەزای مەدام دو سێڤینە.

**دوشاتێل:** Charles Duchatel ڕامیار وەزیر (١٨٠٣ـ١٨٦٧) کۆنت، ڕامیار، ئۆرلیانیست، وەزیری ناوخۆ لە ساڵانی ١٨٣٩ و ١٨٤٠.




**دوشێس دوپراسلێن:** Duchesse de Praslin ئاریستۆکرات گەڕان-٢ (١٨٠٧ـ١٨٤٧) کە پێشتر ناوی فانی سێباستیان دێلا پۆرتا، کچی ژنراڵ هۆڕاس سێباستیان بوو، ساڵی ١٨٤٧ بە دەستی مێردەکەی، فیلیپ دو شوازۆل دووکی پراسلێن کوژرا، بۆیە خاتوو دو ڤیلپاریزی دڵی بۆی ئەسووتێ.





**دوشێس دو ساگان:** Anna Gould ئاریستۆکرات دوشێس (١٨٧٥ـ١٩٦١) هاوسەری دووک دو ساگان.

**دوشێس دو شاتووروو:** یان Marie Anne de Mailly گراوی گەنجترینی پێنج خوشکانی نێسل کە چواریان بوون بە گراوی لویی پانزەی فەرەنسە.




**دوشێس مۆنپانسیە:** Marie Louise Élisabeth d'Orléans ئاریستۆکرات

ڕۆشنبیر {١٦٢٧ـ١٦٩٣} ناسراو بە گراند مەدمۆزێل کچی گاستۆن دۆرلیان، لە شۆڕشی فرۆند ڕۆڵی چالاکی هەبوو.




**دوشێس دو مونمۆرانسی:** Duchesse de Montmorency ئاریستۆکرات

دوشێـر ماری فلیس ئورسینی {١٦٠١ـ١٦٦٦} هاوسەری هانری دو مونمۆرانسی کە ساڵی ١٦٣٢ بە تاوانی لایەنگری لە گاستۆن دۆرلیان دژی لویی سیانزە ملیان پەڕاند. پاش ئەم ڕووداوە دوشێس دو مونمۆرانسی بوو بە تەرکەدنیا.




**دوشێس دۆرلیان:** Duchesse d'orléans شا لویی فیلیپ لە ڕێکەوتی ٢٤ی فێبریوەریی ١٨٤٨ بە قازانجی نەوەکەی، کۆنت پاریس، لە پاشایەتی کشایەوە. دایکی ئەم کوڕەش، دوشێس دۆرلیان، خۆی بە بریکاری پاشایەتی ئەزانی.





**دوفل:** informer زمانگیر ناو زمانگێڕ، دووزمان. ع نمام N angiver د خبرچین.

**دو فلۆت:** Paul de Flotte سۆسیالیست ئەفسەر (١٨١٧ـ١٨٦٠) ئەفسەری هێزی زەریایی فەرانسە. دێموکرات و سۆسیالیست، لایەنگری بلانکی، بەشداری چالاکی ڕووداوەکانی ١٥ی مەی و ڕاپەڕینی جونی ١٨٤٨ لە پاریس، نوێنەری ئەنجوومەنی ڕێسادانان.






**دوکاز:** Decazes وەزیر لیبراڵ (١٧٨٠ـ١٨٦٠) وەزیری لویی هەژدە، بە لیبراڵ ناسرابوو.

**دوکاستری:** de Castries ئاریستۆکرات (١٧٥٦ـ١٨٤٢) کەسایەتیی ئاریستۆکرات.

**دوکام:** Alexandre_Gabriel Decamps شێوەکار ڕۆژهەڵاتدۆست (١٨٠٣_١٨٦٠) شێوەکاری فەڕانسەیی لەگەڵ یوژن دولاکرۆا Eugène Delacroix لە بەرجەستەترین نوێنەرانی ڕۆژهەڵاتدۆستیی ڕۆمانتیک لە شێوەکاریی فەڕانسەدان.

 

**دوک دو بروولی:** Victor de Broglie وەزیر سەرۆکوەزیر (١٧٨٥_١٨٧٠) وەزیری دەرەوە و سەرەک وەزیرانی فەڕانسە (١٨٣٢ تا ١٨٣٦).




**دوک دو بریی:** Duc de Berri شازادە (١٧٧٨_١٨٢) کوڕی دووەمی شارڵی دەهەم، ساڵی ١٨٢٠کوژرا.

  

**دوک دو پاسکی:** Étienne_Denis Pasquier نووسەر ڕامیار (١٧٦٧ـ ١٨٦٢) نووسەر و ڕامیار.







**دوک دو بۆرگونی:** Duc de Bourgogne شازادەی جێگر شازادەی جێگری فەڕانسە، نەوەی لویی چواردە و باوکی لویی پانزە، کە خۆی بە لویی فەڕانسە Louis of France ناسراوە.



**دوک دو گیز:**[1] Henri I. de Lorraine, duc de Guise شا کاسۆلیکر توندڕەو (١٥٥٠ـ١٥٨٨) لە کەسانی جەنگی کاسۆلیک و پرۆتستانی فەڕانسە، وەکوو سەرکردەی کاسۆلیکی توندڕەو داوای پاشایەتیی کرد، بەڵام هانری سێیەم بانگی کرد بۆ کۆشکەکەی خۆی لە شاری بلوا و کوشتی.



**دوک دو گیز:**[2] Henry II, Duke of Guise ١٨ای برۆمێر {١٦١٤ـ١٦٦٤} لە ڕابەرانی بزووتنەوەی فرۆند.





**دوک دو نۆوای:** Paul de Noailles ڕامکار مێژوونووس {١٨٠٢ـ١٨٨٥} دیپلۆمات و مێژوونووسی فەڕانسەیی، دۆست و پشتیوانی سەنت بێڤ بوو.



**دوکلێڤ و ڕێنە:** Princesse de Clèves ویژە بەراوورد ڕۆمانی دولافایت (١٦٣٤ـ١٦٩٣) بەرداشتێکی کلاسیک و ئاریستۆکراتی ئەوینە، لە کاتێکدا کە ڕێنەی René شاتۆبریان (١٧٦٨ـ١٨٤٨) وەک یەکێک لە باشترین نموونەی ئەوینی ڕۆمانتیک ناسراوە.







**دوگمەی سەردەست:** cufflink خشڵ ناو ئاڵقەی سەر قۆڵی کراس کە پێوەی نەدووراوە و بە زۆری بۆ جوانییە. [ع] زر الكم [N] mansjettknapp [د] دکمە سردست. ⇦ cuff هەم بە واتای ١) سەرقۆڵی کراس و هەم ٢) دەرەلنگی هەڵکراوی پانتۆڵ و هەم ٣) کەلەپچە.











**دوگوای ترۆیەن:** René Duguay_Trouin (١٦٧٣ـ١٧٣٦) کەشتیەوان و ژنراڵی فەرەنسەیی، لە قارەمانانی جەنگەکانی لویی چواردە دژی ئینگلیز و هولەندا.




**دو لێپیناس:** Jeanne Julie Éléonore de Lespinasse {١٧٣٢ـ١٧٧٦} شایەنەی مەدام دو دیڤا بوو و پاش جیابوونەوە خۆی هۆڵێکی گرنگی دامەزراند.







**دوما :** Alexandre Dumas, fils نووسەر {١٨٢٤ـ١٨٩٥} دومای کوڕ، کوڕی ئەلێکساندر دومای باوک، نووسەر و شانۆنامەنووسی فەڕانسەیی.




**دون:** wrinkle ناو چرچ و گنجی ڕوخسار. ع تجعد N rynke د چین و چروک صورت. ⇐ **دۆن:** around ئاوەڵکار فەراگەرد، دۆر، دۆرمادار. ع حَـول N rundt د پیرامون.

**دوند:** peak ناو پرۆم، پۆیکە، ترۆپک، دهار، زەنگوڵ، سەرکاوان، لووتکەی کێو. ع قمة N fjelltopp د قلە کوە. ☜ تیرەگەشان ☜ زەرد و ماھ



**دو نێرڤاڵ:** Gerard de Nerval نووسەر (١٨٠٨ـ١٨٥٥) نووسەری فەڕانسەیی.

**دوێرد:** scissors دواردی، مەگریجەنی، تۆرتۆ، قەیچی. ع مقص N saks د قیچی.



**دوێل:** Duel جەنگی تەن بە تەن، بە زۆری بە دەمانچە و بەپێی ڕێسایەکی دیاریکراو، بۆ قەرەبووکردنەوەی سووکایەتی یان کڕینەوەی ڕوومەت.

دوێل دیاردەیەکی ئورووپایییە، هەرچەند وێنەی تری لە وڵاتانی تریشدا هەبووە. دوێل ئەمڕۆکە لە زۆربەی وڵاتاندا ناقانوونییە.



**دوێل لەبەر تاو:** Duel in the Sun فیلم فیلمی وێستێرنی دەرووناسی ١٩٤٦ی ئەمریکایی، دەرهێنانی کینگ ڤیدۆر.









**دووباد:**[1] ڕێسی دوولۆی دووجار بادراو، ڕێسی دوولۆنە، ئەستوور، هەورێشمی دووباد.



**دووباد:**[2] بریتییە لە مەردوومی قەڵەوی داڕێژراو.

**دووبارە چوونەوە ژوورەوە:** reentry سەرلەنوێ چوونەوەژوورەوە،

گەڕانەوەی کەشتی هەوایی بۆ ناو هەوای زەوی. ع اعادة الدخول N gå inn på nytt د ورود مجدد.




**دووباو :** دووبەر، دووباد، چنراوی دووبەر (بەر بە واتای ڕوو: بەر و پشت) ی ناوازە کە پشتەکەشی وەکوو ڕوو چنراوە، تەنراوێکە ڕیسەکەی دوولۆنە بێ: ئەمە فاسۆنە دووبادە. ⇦ **خاولی دووباو :** خاولییەک کە پشتەکەشی وەک ڕوو یان وەک بەرەکەی چنراوە.



**دووبەختی :** risk ناو دووبەختەکی، فرمانێکە کە ئەنجامی بگونجێ باش یا خراپ بێ. ع مخاطرة N fare د ڕیسک. ☜ مەترسی

**دووتای :** Édouard Detaille ☜ دوتای.

**دووتەپڵە :** timpani ئاگادارکردنەوە موزیک جەنگ کۆس، کۆست، نەقارە لە دەهۆڵ بچووکترە و بە دوو قایش لێئەدرێ. دەروێشەکان لە کۆڕی زکردا بەکاری دێنن، لە پارشێودا بۆ هەڵساندنی مەردم بەکارئەهێنرێ، لە سەردەمی کۆن لە کاتی شەڕدا کەسێک لە سەر ئەسپ لەبەردەمی خۆی دایئەنا و بە کوتانی کۆس یان دووتەپڵە یان دەهۆڵ ورەی جەنگاوەرانی بەرز ئەکردەوە N pauker ع تیمباني د کوس

**کوستکەوتن:** شینگێڕی لە هەمان ووشەی **کۆست** بە واتای دووتەپڵە و نەقارە هاتووە. کۆستکەوتن واتە کۆستی لایەنێکی شەڕەکە لە لایەن دڕبەرانەوە، لە کوتان و وەردان بە جەنگاوەران ئەکەوێ و، لەشکرەکە تووشی شکست ئەبێ رەسووڵ محەممەدی.

**ن:** سەبارەت بە دوانزە سوارەی مەریوان ئەڵێن: دوانزە سوارەی مەریوان بە کەڵکوەرگرتن لە دووتەپڵە و جۆرە «فیڵ» واتە تاکتیکێک لەو شەڕەدا سەرکەوتوون، بەمجۆرە کە ئەو دوازدە کەسە هەموویان دووتەپڵەیان پێبووە و هاوکات لێیانداوە و لە دوانزە قوڵی جیاجیاوە بەرەو سپای دوژمن چوون. دوژمنیش کە گوێی لەو دەنگانە بووە، وایزانیوە ئەو هێزە لە هیی ئەوان زیاترە و توانای ڕووبەڕووبوونەوەیانی نییە، ئیتر وەری سەربازەکانیان شکاوە و ویستوویانە پاشەکشە بکەن. هەندێکیان لە ڕێگەدا بە هەڵە چوون و کەوتوونەتە زرێبار و خنکاون، هەندێکیان بە هەڵە داویانە لە خۆیان و هتد. سەباح نیکخا

**نەقارەلێدان:** لاتاوهاویشتن دووتەپڵە لێدان و لەگەڵی دروشمدان و هەڵگوتن لە دژی سەرۆک هۆز یان سەرکردەی دوژمن:

فلانە کەس) خان، تاڵەبەن لە شـان

کەمەنکێشی کەن بۆ شەغرە کێشان

واتە ئەوەی لە شانی فلان خان دایە چەک و ڕەخت نییە، لای ئیمە وەک تاڵێک بەن وایە) یەحیا دەوەنداری).





**سوارۆ:** هاندان ئەوە جۆرێک لە ڕیدم بووە کە بە دوو تەپڵ کە لەسەر پشتی ئەسپ توندکراوە، شەڕکەری کورد لە سوپادا لێی داوە بە مەبەستی بەرزکردنەوەی وورەی شەرکەرەکان. ئەو جۆرە ڕیدمە بە {سوارۆ} ناوی هاتووە و نزیکی ١٥٠ ساڵ لەوەمەبەر وێنەی ئەو جۆرە تەپڵ لێدەرە لە ناو سوپای کوردیدا کێشراوە کە بە دوو دار لێیان دەدا {سۆران حەمەڕەش}.



**دووتەپڵە و ئافرەتی ژەنیاری کورد:** مێژوو بەڵگە لە پەرتووکی دەستنووسی **خورشید و خاوەر**، سەرەتای سەدەی حەڤدەهەم، یەکێکە لە تابلۆ هەرە کۆنەکان کە لە مێژووی هونەری نیگارکێشانی کوردیدا بایەخێکی گەورەی هەیە، لەم تابلۆیەدا خورشید و خاوەر لە دەستی ڕاستی سەرەوە دانیشتوون، سێ کچیش موزیکیان بۆ ئەژەنن، یەکەمیان لەسەرەوە زەنگۆڵ ئەژەنێت، دووەمیان لەخوارەوە لە دەستی ڕاست دووتەپڵە، سێیەمیش کەمانچە ئەژەنێت، ئەم تابلۆیە بەشداری ژنانی کورد پیشان ئەدات لە بواری موزیکی کوردیدا مێژووی گۆرانی و موزیکی کوردی، خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە: د. فەرهاد پیربال، ل١٩٤



**دوودان:** Doudan Ximénès ڕۆژنامەوان (١٨٠٠ـ ١٨٧٢) ڕۆژنامەگەری فەرەنسەیی ☜ دودان.

**دوودڵ:** dubious ئاوەڵناو گومانکردوو، گوماندار، نادڵنیا، دڕدۆنگ، دڵپیس، خانەگومان. ع مشکوک N tvilsom د مشکوک.

**دوودێران:** Duderan کۆمەڵناسی هـۆز هۆزێکە لە کوردەکانی بۆتان.

**دوورک:** نـاو گۆڵە، زمانەی قفڵی دارین.

**دوورکوژ:** هێمایی ئاوەڵناو لە دوور جوانی لە نزیک دشت ن: دوورکوژی نزیک خەسار.

**دووربینی:** foresight هۆشمەندی ناوی چاوگ ڕاستبینی، ئایندەبینی N framsyn ع بصیرت د بصیرت، آیندەنگری.

**دوورزەن:** long_range چەک ناوی لێکدراو دوورهاوێژ، نیشانەشکێن، تفەنگ و تۆپ و هەر چەشنە چەکێک لە دوورە بپێکێ N lang rekkevidde ع lang rekkevidde N بعید المدی د دوور برد.

**دووڕوو:** sanctimonious ئاوەڵناو خۆڕانەر، ڕواڵەتباز، ڕواڵەتی، ڕووبین، ڕیاباز، قەڵب، حەفتڕوو. ع متظاهر بالورع N demonstrant د متظاهر.

**دووڕەنگ و هەمەڕەنگ:** orthochromatic and panchromatic سینەماجیبە فرەڕەنگ.




**دووسەدە بێدەنگی:** Two Centuries of Silence مێژوو ڕەخنە دانیێدانان
نووسینی عەبدولحوسێن زەرینکووب، دەربارەی مێژووی (ئێران) لە دوو سەدەی یەکەمی دوای دەسەڵاتداری عەرەبی موسڵمان، بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٥٧دا بڵاوکرایەوە.

ن: «... کاتێک بۆ درێژەدان بە خوێندن لە فەرانسە بووم، تووشی پرسێک

کۆمەڵایەتی بووم لە پاریس کە لە لام زۆر سەیر و گاڵتەجاڕ و دزێو بوو. پرسگرەکە ئەگەڕێتەوە بۆ خولی داگیرکرانی فەڕانسە لە لایەن هێزەکانی ئەڵمانیای هیتلەرییەوە لە جەنگی جیهانی دووەمدا، کە بە هۆی دەستدرێژی بێسنوور بۆ سەر ژنانی فەڕانسەیی، نەوەیەکی دوورەگەی (ئەڵمانی ـ فەڕانسەیی) لەدایک بوو، کە لە باوکی دەستدرێژکەری ئاڵمانی و دایکی دەستدرێژیکراوە سەری فەڕانسەیی بەدی هاتبوون. ئەم نەوەیە بەردەوام بوو و دانیشتووانێکی زۆری پێکهێنا بوو. لە ماوەی مانەوەم لە پاریس، ڕۆژانە ئەمبینی کە ئەم بەناو زۆڵەزا و بەرهەمی دەستدرێژیانە، نەک هەر شوورەیی لە ڕابردوو و بنەچەی خۆیان ناکەن، بەڵکوو وەک نیشانەی شانازی بۆ باوکە دەستدرێژکارە ئەڵمانییەکانیان، پارت و ڕێکخراو و دەستەیان پێکهێناوە، و پشتێنی ڕەش ئەبەستن، کە لۆگۆی ئێس ئێس یان هەمان خاچەشکاوەکەی نازی لەسەر بوو و، شانازییان بە زۆڵبوونی خۆیانەوە ئەکرد!

- ◁ ئینجا لەکاتێکدا گەشتیارانی هەموو جیهان بۆ بینینی پاریس و ئیفل و شانزەلیزە ڕیز ببوون، ئەم زۆڵەکانە یەکیشیان ئیفلی نەبینیبوو و لە جیاتی ئەوە بە کۆمەڵ ئەچوون بۆ بینینی بەرلین و باڤاریا و میونیک و ڕێزلێنان لە هیتلەر و باوکە دەستدرێژکەرەکەیان؛ ناوی مناڵەکانیان ئەنا هیتلەر و نۆکەری هیتلەر و کەنیزی هیتلەر و زۆر شانازییان بە ڕابوردووی خۆیانەوە ئەکرد.
- ◁ ئەم شانازییە بە پێشینەی زۆڵبوون بۆ منی «زەڕینکووب»ی ئێرانی جێگەی سەرسووڕمان بوو.
- ◀ تا گەڕامەوە بۆ زێدی خۆم، ئێران، کە لە لوتکەی شۆڕشدا بوو. دواتر بۆچوونم سەبارەت بە فەڕانسەییەکان بە تەواوی گۆڕا و، بەوەم زانی کە ئێمەش لەوان کەمتر نین. چونکە «کاتێک عەرەبە موسڵمانەکان هێرشیان کردە سەر ئێران و بە هەموو شێوەیەک دەستدرێژییان کردە سەر دایک و خوشکمان، ئێمەش بە شانازی ئەو خولە و ئەو

دەستدرێژییانە ناوی خۆمان گۆڕی بە عەلی و حەسەن و حسێن و کە ناموسی ئێرانییەکانیان پێشێل کردبوو... لەوە زیاتریش ناوی خۆمان نا غولامعەلی و غولامحەسەن و غولامحسێن (ناوی خۆم)... تەنانەت نیوەی دانیشتوانی ئێران، لە کاتێکدا هیچکام لە شوێنە گەشتیارییەکانی ولاتەکەیان نەبینیوە، کەچی دەیان جار سەردانی کەربەلا و نەجەف و مەککە و مەدینە لە بەرنامەیان دایە.

◀ ئەوانەی زۆڵەزای دەستدرێژی پیاوێکی عەرەبن بۆ سەر ژنێکی ئێرانی و عەرەبی ئێرانین، شانازی بە زۆڵبوونی خۆیانەوە ئەکەن و بە نیشانەی زۆڵبوون پشتوێنی سەوز ئەبەستن و مێزەری ڕەش یان سەوز ئەنێن بە سەریانەوە و بە خۆیان ئەڵێن «سەید»! جەماوەریش خەلاتیان ئەکەن و لەوەریان بۆ دابین ئەکەن.

◀ لێرەدا بوو منی **غولامحسێن** لە خەوی غەفڵەت داچڵەکام و ئەو لاتاو و جنێوانەی دابووم بە فەڕانسەییە زۆڵەکان، گێڕامەوە بۆ خۆم و هاوولاتیانی ولاتەکەم!

□ تێبینی: ئەبوا ئەوەیشی بوتایەت: کەچی خۆیشم هەر بە «غولامحسێن»ی «غولام»ی «حسێن» مامەوە، جەربەزەی ئەوەم نەکرد لانیکەم ناوەکەی خۆم بگۆڕم و ئیتر «غولام» نەبم.









**دووسەروا :** double rhyme ڕێزمان هۆنراوە پەخشان و ئاخاوتەی بە سەروا، هۆنراوەی دووسەروا ئەوەیە کە سەروای ناوەڕاستی هەیە. واتە

هۆنەر، دێڕێک هۆنراوە ئەکات بە چوار بەشەوە و لە کۆتایی سێ بەشدا ئەو وشانە ئەهێنێ کە پێکەوە سەروای هاوتەریبن، ئەمە جگە لە سەروای ئاسایی. ع سجع، قافیة مزدوجة N dobbelt rim د سجع

ن:

ئەی تازە جەوان پیرم و ئوفتادە و کەوتووم
تا ماوە حەیاتم
دەستێ بدەرە دەستی شکستەم کە لە دەس چووم
قوربانی وەفاتم
«نالی»

ن: خۆشەویستی

خۆشەویستی، تاڵەکان شیرین ئەکا
خۆشەویستی ژاڵەکان هەنگین ئەکا
خۆشەویستی درک و داڵ و بەردەڵان
چەشنی گوڵزاری «ئیرەم» ڕەنگین ئەکا
خۆشەویستی ژان ئەکاتە ژینی گەش
خۆشەویستی شێر ئەخاتە باڵی مەش
خۆشەویستی مردوو ئەژیێنێتەوە
خۆشەویستی کرک ئەبووژێنێتەوە
خۆشەویستی بەرد ئەکاتە مێو و ڕۆن
دوژمن و ناخۆ دەکاتە خزم و خۆن
خۆشەویستی بێ... قەفەس وەک گوڵشەنە
گوڵشەنی بێ خۆشەویستی، ڕووتەنە
خۆشەویستی کز دەکا هەر چی خەمە

خۆشەویستیی پڕ دەکا هەر چی کەمە
خۆشەویستیی خەمڵ ئەکا دیمەی دزێو
خۆشەویستیی، چەو دەکاتە زێڕ و زێو
خۆشەویستیی نایەڵێ پەشکێ گومان
خۆشەویستیی، مار دێنێتە زمان
خۆشەویستیی قین ئەکاتە ئەشقی قاڵ
خۆشەویستیی تین ئەخاتە ماڵ و حاڵ
خۆشەویستیی بێسنوور و کەوشەنە
بەرهەمی زانست و ئەندێشەی زنە
خۆشەویستیی هاوەڵی سەربەستیە
ماکی ئینسان و سروشت و هەستیە

حەسەن شافێعی

**ن:**

چراغ وەنەوشە چنوور چەنی گوڵ،
عەزم رای ویساڵ تۆشان هانە دڵ.
چنوور جە سەر کۆ وەنەوشە جە چەم،
گوڵ جە گوڵستان وەهەم بیەن جەم.
واتشان بە من بەندەی فلانی،
چۆن حاڵ زانەنی بەحاڵ مەزانی.
بونە ڕای ئەڵڵا بکەرە کارێ،
بیاومێ بە وەسڵ ئەو دڵبەر جارێ.
چراغ یە هەرسێم بەستەن بە دەستە،
چ دەستە، دەستەی زگاران بەستە.

بێسارانی

**ن:**

کوردێ کە فارسی لە لای شەکەر بێ
تورکی و عەرەبی بۆی تاجی سەر بێ
لە گەنجی وێژەی خۆی بێ خەبەر بێ
دابێ بێگانەی لە لا هونەر بێ
کوانێ نیشتمان پێویستی پێیە
با ون بێ و بڕوا و هژمە و نۆکەربێ

حەسەن شافێعی

**دوورکوژ:** sniper [تیرەندازی دووربینێک] دوورئەنگێو، ئەنگاوتە، نیشانەشکێن، دوورپێک، تیرئەندازی پسپۆڕ، بە تفەنگی نیشانەپێکی تایبەتی لە شوێنێکی نهێنی و لە دوورەوە ئەدا لە نیشانە، دوورکوژ لە بەشی پیادەی سپادا کار ئەکات و بە گوێرەی لێزانی لە خۆشاردنەوە و چوونە پشت بەرەی دوژمن و خۆباشارکردن، ناسینەوەی کەرەستەی جەنگی، ژمارەی هێزی دوژمن و لێدانی نیشانەی گرنگ، سوودی زۆری هەیە [N] snikskytter [ع] قناص [د] تک تیرانداز

**دوورزەن:** long_range [چەک] دوورهاوێژ، تفەنگ و تۆپ و هەر چەشنە چەکێک لە دوورە بپێکێ [N] lang rekkevidde [ع] بعید المدی [د] دوور برد.










**دوورگەی هۆرم:** Ile du Rêve مۆزیک ئۆپێرا بەستە ئۆپێرای سێ پەردەیی، هۆنراوەی پیەر لۆتی، موزیکی ڕێنالدۆ هان، ١٨٩٧.




**دوورەپەرێز:** secluded دەروونناسی ناوی لێکدراو خۆبوێر، گۆشەگیر، کلاکەوتوو. ع معزول N tilbaketrukket د گوشەگیر. ← **کەسی دوورەپەرێز**
Isolationist کەسێکی گۆشەگیر و دابڕاوە کە ژیانی لە کۆمەڵ بینیوە و خۆی لە کۆمەڵ و کۆمەڵگە دوور ئەکاتەوە، ڕەنگە بە ٢٥ نیشانە ئەناسرێتەوە N Isolasjonist ع العزلة د عزلت طلب.

**دوورەپەرێزی:** aloofness ناوی چاوگ خۆبوێری، گۆشەگیری، کلاکەوتن. ع العزلة N tilbaketrukket د کنارەجوئی.

**دووڕوو:** sanctimonious ئاوەڵناو حەفتڕەنگ، دووبڵ، دووڕاز، ڕووبین، فرەڕوو، ناڕاست. ع منافق N hellig fasade د منافق.

← **sanctimonious** هەروەها بەواتای پیرۆز و پیرۆزی درۆیینیش هاتووە و، **sanctimony** بە واتای سەرکەوتن و پیرۆزییە.

**دووڕێیان:** two_way هاتووچۆ ناوی لێکدراو سەری دوو ڕێگە کە ئەگەنەوە یەک، ئەو شوێنەی ڕێگەیەک ئەبێ بە دوو ڕێگە و هەرکامی بە لایەکدا ئەڕوا. ع طریقتان N toveis د دوراهی. ← **چوارڕێیان:** intersection

هاتنوچۆ ناو چوارڕێ، جەمسەری دوو ڕێگەی تێکپەڕیو. ع تقاطع N
kryss د تقاطع.





**دووشەممان:** Causeries du Lundi پەرتووک کۆمەڵە وتار وتارەکانی سەنت بێڤ کە بە ناونیشانی گەپی دووشەممان لە ١٨٤٩ تا ١٨٦٩ لە چەند ڕۆژنامەی فەڕانسەدا بڵاو ئەکرانەوە. ئەم نووسینانە لە دووتوێی ١٥ بەرگ و ١٣ بەرگی پاشکۆدا چاپ کراون و هەر لە سەردەمی لاتینی ئۆگۆستۆسەوە تا سەدەی نۆزدە، وتاری وێژەیی و باسی وێژەوانی ئەگرێتە خۆی. پرووست ڕەخنەیەکی لەسەر ئەم وتارانە نووسیوە بە ناوی «دژی سەنت بێڤ» کە پاش دۆزینەوەی لە ١٩٥٤دا چاپ کراوە.



**دووفاق:** ambivalent ئاوەڵناو دوولایەنە، شتێک کە واتای دوولایەنەی هەبێ؛ شتی دووپەل، بیرۆکەی دژبەیەک. هێمایر دوودڵ، بەگومان، بیرەبیرە. ع مشاعر متناقضة، ذو وجهتي نظر N ambivalent د دمدمی، دارای دو جنبه.

**فاق:** ① nock قەڵشی بنی تیری هەمان، قەڵشی پەرەمووچ و پێنووسی قامیش

**فاق:** ② حاچە واتە دوولک

**فاق:** ③ قەڵەش

**فاق:** ④ جۆرێ کووتاڵی ڕەش بۆ چارشێوی ژنان

**فاق:** ⑤ لکی دار

**فاق:** ⑥ جۆرێ داوی باڵدار گرتن

**فاق:** ⑦ چەمان، چەمینەوە. :

سۆفی لە فەقر و فاقە وەکوو فاقە فاقی دا
تەزبێحی دام و دانەیە ڕیشی دووفاقی فاق
«نالی»



**دوو کەسایەتیی:** dual personality دەروونناسی جوتکەسیەتی.

**دووکەڵخان:** smoking_room ژووری جەگەرە ژووری تایبەت بە جگەرە و قەننە و نێرگەلەکێشان.



**دووکەڵکێش:** smokestack ژینگە ناو قۆڵەکوورە، یان شوێنی دەرچوونی دووکەڵی کارگە و کوورە. ع مدخنة N røykstabel د دودکش.









**دووکەڵکێشی جنۆکە:** fairy chimney دیاردە ناوی‌لێکدراو یان کەرەنای پەری، یان تەختی دێو ئەو بەردانەن کە دەوریان گڵەسوورە و قسڵ بووە و لە رەوتی رۆژگاردا خۆڵ و قسڵیان لێ شۆڕاوەتەوە و وەکوو کۆڵەکەیەکی بەردینی سامناک ماونەتەوە، بە زۆری بەردێکی گەورەی تەخت لە سەر ئەم کۆڵەکانەیە و رواڵەتێکی وەکوو قارچکی پێ ئەدا. ع مدخنة جنية N jordpyramider د دودکش جن.









**دووگوردی:** severe ئاوەڵناو ناوی لێکدراو ڕەق، پتەو، تۆکمە، ناوڕێی بەخۆ، مرۆی تێکسمڕاوی پتەو N alvorlig ع قاس صلب د سفت.

**دوولست:** Maurice Le Sage d'Hulst کاردینال نووسەر (١٨٤١ـ١٨٩٦) کاردیناڵ و نووسەر و دامەزرێنەری ئێنستیتۆی کاسۆلیکی پاریس.



**دوولک:** ناو دووداچە، دوولق.

**دوومان:** دارەت ناو تەم و مژی سەر کێوان، توومان.

**دوومەڵان:** truffle ڕووەک ناو دومەڵان. جۆرە قارچکێکی بەهاری خڕی گەرمیانییە لە زەوی هەڵدەتۆقێ. ع الكمأة N trøffel د دنبلان.

وەهبی ئەدمۆندز ☜ ترافڵ ن:

دوومەڵان بۆیە پێی دەڵێن زۆڵە
بەبێ تۆو دەڕوێ لەو دەشتە چۆڵە
پەندەکانی پیرەمێرد





**دووەم یەکشەممەی مانگی مەی ١٨٥٢:** مێژوو بوویەر ڕێسا لەم مانگەدا بڕیار بوو ماوەی دەسەڵاتدارێتیی سەرۆککۆمار لویی بۆناپارت تەواو بێ. بەپێی دەستووری تازەی ساڵی ١٨٤٨ی فەڕانسە، هەڵبژاردنی تازەی سەرۆککۆمار ئەبوایە چوار ساڵ جارێک لە دووەم یەکشەممەی مای مەیدا ئەنجام بدرایە.

**دووهەست:** ambivalent دەروونناسی ئاوەڵناوی لێکدراو دوودڵ بەرامبەر بە مرۆڤ، شت یان کردارێک (وەک ویستن و نەویستن لە هەمان کاتدا)، دوو هەستی دژبەیەک.




**دەبار:** alimony ناو دەباری بژیو، ئەو پارەی بە گوێرەی بڕیاری دادگا لە پاش جیابوونەوە لە لایەن هاوسەرێکەوە ئەدرێ بە یەکی تر، وکوو مەزاخی ژیانی هاوسەر و منداڵ. ع النفقة N underholdsbidrag د نفقە. گووگڵ دەستی کانی هەنبانە بۆرینە

**دەبلیۆ. دی. هاوێلز:** William Dean Hawells ڕۆماننووس (١٨٣٧ـ١٩٢٠) ویلیەم دین هاوێلز، ڕۆماننووسی ڕیالیست و ڕەخنەگری ئەمریکایی، خاوەنی ٢٧ ڕۆمان و ٤٠ کورتەچیرۆک.



**دەبووسی:** Claude Debussy ئاوازدانەر (١٨٦٢ـ١٩١٨) یان دێبووسی، ئاوازدانەری ئیمپرشنیستی فەرەنسەیی، لە کاریگەرترین موزیکزانانی سەدەی بیستەمە ☜ پێلیاس و مێلیزاند.










**دەبەنگ:** asswipe دەروونناسی ناو کەسێکی گەمژە، بێزارکەر، یان قێزەون و کەروگەج. ع الأحمق اهبل N drittsekk د احمق.

**دەبەنگی:** Asshole No More دەروونناسی تۆژینەوە ناو تۆژینەوەی گرنگ و ناوازەی دەروونناسانەی سامناکترین کەسایەتی و نەخۆشین بە ناوی دەبەنگی، نووسینی دکتۆر زاڤیەر کرێمێنت Xavier Crement, M.D، سیامەند شاسواری ٢٠٢١ لە ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوە.

◁ دەبەنگی لە زووەوە هەیە و لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا بەشێکی فراوانی وزەی کۆمەڵگە دەبات بۆ خۆی و زیانی گەورەی پێ دەگەیەنێت، بەبێ ئەوەی هیچ سوودێکی هەبێت. ئەم پەرتووکە دەیسەلمێنێت (دەبەنگی) نەخۆشینە، لەگەڵ پیشاندانی دەیان جۆر کەسایەتی دەبەنگ و دژواری هەڵکردن لەگەڵیان، پیشانی دەدات دەبەنگی وەک زۆربەی نەخۆشینەکان چارەسەردەکرێت. ئەمە بۆ یەکەمجار د. زاڤیەر کرێمێنت سەلماندی کە هەم نەخۆشینە و هەم چارەسەردەکرێت.

◁ لەم پەرتووکە دەبەنگی پێناسە دەکرێت و ناوەرۆک و گوشار و ڕادەی هەڵدەسەنگێنرێت.

◁ هەروەها جۆرەکانی دەبەنگی یەکبەیەک شی دەکرێتەوە و سەبارەت بە چۆنییەتی هەڵسوکەوت لەگەڵیان زانیاری وەردەگرین، وەک: دەبەنگی ڕەمەکی، دەبەنگی بازرگان، دەبەنگی ئازاد، دەبەنگی بەرماڵبەکۆڵ، دەبەنگی چاخی نوێ، دەبەنگی بیرۆکرات، دەبەنگی لانەواز، دەبەنگی گازندۆک.

◁ پاشان دەچێتە سەر دەبەنگی لە کۆمەڵگە و دامودەزگاکانی: بازرگانی وەک دەبەنگی، دەسەڵات وەک دەبەنگی، ئایین وەک دەبەنگی، خوێندنەوە و نووسین وەک دەبەنگی، تا دەگاتە دەبەنگی میدیا وەکوو درمێکی ڕاستەقینەی هەمەگیر.

◁ ئەوسا بەشی ژیان لەگەڵ دەبەنگەکان دەست پێ دەکات، کە بە چ شێوەیەک دەبێت: کار لەگەڵ دەبەنگ بکەین، دۆستایەتی لەگەڵ دەبەنگ بکەین، چی بکەین ئەگەر هاوسەرەکەمان بە دەبەنگ دەرچوو، یان لەگەڵ دۆست و هاوکاری دەبەنگی زگماک بە چ شێوەیەک هەڵسوکەوت بکەین. هەروەها منداڵەکانی دایک و باوکی دەبەنگ ئەبێ بە چ جۆرێک بجووڵێنەوە!

◀ لە کۆتاییدا بە سوود وەرگرتن لەو هەموو زانیارییە بەنرخە، ڕێگەی ڕزگاری لە دەبەنگی دێتە ئاراوە، پێمان دەڵێت پلەکانی چارەسەر کامانەن و ئەو کەرەستانەی ئەتوانین بەکاریان بهێنین چین و چۆنن.

□ کۆتاییەکەشی دەڵێت: ئەگەر بە دەبەنگی خۆت زانیوە، یان پەیوەندیت بە دەبەنگێکەوە هەیە، یان هاوڕێیەکت دەبەنگە، دانەیەک لە پەرتووکی دەبەنگی پێ بدە.












**دە پەرجووی تەورات:** ئایینناسی ئەفسانە دە پەرجووی نووسراو لە تەوراتدا هەیە کە ڕەنگە کاری یوفۆ UFO یان غەوارەی دەرەکی بووبێت. زۆر کەس لایان وایە ئەگەر تەورات بە هەتەر وەربگیرێ ئەتوانرێ بە زۆر شێوە لێک بدرێتەوە. زۆر لە ئەستێرەناسانی کەونارا لایان وابووە نووسەرانی تەورات ئاشناییان لەگەڵ یوفۆ UFO و غەوارەی دەرەکی هەبووە؛ تەنانەت خودی چیرۆکەکانی تەورات بووە بە سەرچاوەی زۆربەی بڕوا و بۆچوونەکانیان. ئەگەر تەنها ئەم پرسیارە لە خۆمان بکەین: «ئایە بە ڕاستی دا و باپیرانی ئێمە ئاشناییان لەگەڵ بوونەوەری هۆشمەندی وا هەبووە کە لە جیهانێکی جگە لە خۆمان بووبێتن؟» ڕێگە بەوە ئەدا چەند خاڵێک لەمانە بخرێتە بەر تۆژینەوە. وەکوو ئەم دە نموونەی لە تەوراتدا هاتووە:

- یەکەم: ☜ پەیژەی یاقووب؛
- دووەم: ☜ سفری ئافراندن؛
- سێیەم: ☜ سفری کۆرەو؛
- چوارەم: ☜ چوونی ئەلیاس بۆ ئاسمان؛
- پێنجەم: ☜ پەرییەکانی سوددوم و گومراه؛
- شەشەم: ☜ کوڕانی خوا؛
- حەوتەم: ☜ زەکەریا و تۆماری باڵندە؛
- هەشتەم: ☜ قاشکردنی زەریای سوور؛
- نۆهەم: ☜ فڕفڕۆکەی ئەزکیال؛
- دەهەم: ☜ بوون و ژیان و مردنی عیسا.

**دەتۆش:** ئایینوئەفسانە ڕۆژژمێر ناو مانگی پاکان و هۆشمەندان؛ ماخوای شادی و سەما و هەڵپەڕکێ؛

بەواتای ئافەریدگار و بەدیهێنەر لە ئەدگارەکانی ئەهورامەزدایە، ناوی

فریشتەیەکە کە ڕاپەڕاندنی چاکە و کاروباری مانگی دەتۆش و ڕۆژی دەتۆش بۆ میتر و دەتۆش بە ئاهر لە ئەستۆی ئەوە؛

لەدایکبوانی مانگی دەتۆش، لێهاتوو و کارزانن، تۆڵەئەستێنن، سادەپۆشن، ئارام و کردەن، ئەزموونناس و نهێنپارێزن، نەمرچ بەڵام بیرتیژن، بیسەری باش و هسەندێ جاریش لاسارن؛

ناوی ڕۆژی بیستوچواری هەر مانگێکی خوردشیدییە، ناوی مانگی دەیەمی ساڵی خورشیدییە کە لەو ماوەیەدا هەتاو وا لە کەلووی گیسک Capricorn دا، یەکەم مانگی زستانە، دەتۆشگان جەژنی ڕۆژی بیستوسێی دەتۆشە؛

دەتۆش بەفرانبارە و سەرەتای سەرما:

مانگ دەهەمش مانگ «دەتۆش»ـەن

هەر کەسێ پاک بۆ ئەو خاوەن هۆشەن

☜ وەهمەن






**دەچڵە** : Tigris کوردستان ناو ڕووباری دێجلە، یەکێک لە دوو ڕووباری گەورەی کوردستانە لە تێکەڵبوونی دە چڵ پێک دێت. باکوورەوە سەرچاوە ئەگرێ و و پاش تێپەرین بە هەموو کوردستاندا و پاشان تکریت و سامەرا و بەغدا ئەرژێتە کەنداوەوە. کۆنترین شارستانییەتەکان لە کەنار دەچڵە و فرەهاتەوە سەریان هەڵداوە. دەچڵەی کوردی واتای ناوەکەی بە خۆیەتی، هەرچەند ئەیبەنەوە بۆ سۆمەری بە واتای «ڕووباری بەلەز»

کە ئەویش هەر کوردییە. ◀ دەجلە و فرەهات هەردووکیان لە لایەن دیکتاتۆرە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە تووشی مەترسی هاتووم و هەوڵدان بۆ پاراستنی میراتی ڕووبارەکە بەردەوامن و شوێنەوارناس و چالاکوانانی ناوخۆیی کاردەکەن بۆ پاراستنی داهاتووی ڕووبارەکە.










**دەجال:** Antichrist ئایینناسی کەسی ئایینی لای مسوڵمان کەسێکی مەلاق و درۆزنە بەر لە هاتنی مەهدی پەیدا ئەبێ و زۆربەی مەردم فریوی ئەخۆن و لە گردی کۆ ئەبنەوە. ⇦ **عیسای نەناس:** Antichrist کەسی ئایینی یان دژی عیسا، کە فەلەکان لایان وایە بەر لە کۆتایی جیهان پەیدا ئەبێ. دەجالی درۆزن هەمان عیسای نەناسە کە لە ئسلامدا پەدا بووە. ⇦

**یاماکولا:** Yamaloka کەسی ئایینی سانسکریت، بە واتای کەوشەن یان شوێنی ژیانی «یاما»یە کە ئێزەدی مەرگە و لە ئاڤێستاییشدا بە شێوەی «یيمە و جەم» هاتووە، بە شوێنێک ئەوترێ کە تەنها ڕاستی تێدایە. ⇦ **ئۆسیریس:** Osiris کەسی ئایینی لە ئەفسانەی مەسری

کەونارا ئێزەدی جیهانی ژێرزەمینی و ژیانی پاش مردنە، گیانەکان بەر لەوەی بتوانن لە جیهانی تردا بژین، ئەبێ بە بەردەمی ئۆسیرسدا تێپەڕن، چونکە تەنها ئەو ئەتوانێ وەرجاوەندی ببەخشێ.






**دەخەس :** self_contained ئاوەڵناو دەروونداز، نهێنبڕ، بڕوابەخۆ. ع متحفظ N selvstendig د تودار.

**دەخەسی :** tolerant ئاوەڵناوی‌گوزارە خۆڕاگر، دەروونداز، بوردبار. ع متسامح N tolerant د متحمل، بردبار.

**دەدەری :** stray ئاوەڵناوی‌لێکدراو سەربەردە، جیوەلەک، لەشفرۆش، یارەمەز، ماڵانگەڕ، بەرەڵڵا. ع ضالة، طائشة N bortkommen د هرجایی.

**دەراسا :** miracle ئاپیێنناسەر ناو پەرجوو، نووازە، مووزات. ع معجزه N mirakel د معجزه.

**دەراڵۆز :** ramification ناو [دەر+ ئاڵۆز] دەرەنجامی ئاڵۆز، دەرئەنجامی کردارێک یان ڕووداوێک، بە تایبەت کاتێک ئاڵۆز بێت یان پێشوازی لێ نەکرێت. ع تشعب، نتیجة صعبة N Vanskelig resultat, forgreninger د انشعاب، انجام سخت ن: هەر گۆڕانکارییەک بە دڵنیاییەوە کاریگەری ڕێسایی ئەبێت.

**دەراڵەت :** caress ئاوەڵناوی‌لێکدراو ناز، دڵخۆشی، نازونووز، چەم و خەم، بە ئارامی و لە ڕووی خۆشەویستییەوە نەوازش کردن. ع عناق N kjærtegn

د نوازش. G وشەنامە

**دەراندەر:** totally ئاوەڵکار پێکڕا، بتەقایی، سەرانسەر، سەرپاک، سەرتاپا، سەرلەبەر، بەرهەڤ، بەجارەکی، بەیەکجاری، بێکەماسی، دارماڵ، خشت. ع تماما N fullt د کاملا.

**دەراندەر:❷** across ئاوەڵکار ئامرازی پەیوەندی ئەمسەراوسەر، ئەمسەر تا ئەوسەر. ع عبر N gjennom د از این سو بان سو.

ن: ئاوەڵکار دەراندەری شەقامەکە پەڕیمەوە.

ن: ئامرازی پەیوەندی دەراندەر مەلەی کردبوو.

**دەراندەر:❸** limitless ئاوەڵناو ڕەها، بێسنوور. ع لا حدود لها N grenseløs د بی حد و مرز.

**دەرهەست:** abstract ناو ئاوەڵناو ئاوەڵکار دابڕاو، ناخۆیا، ئەبستڕەکت، داماڵراو، ناپتەو. ع تجریدي N abstrakt د انتزاعی.

**دەراو:❶** tone ناوی فەرمان شێواز و چۆنیەتی ئاخافتن؛ دەنگێک بە بەرزی و نزمی تایبەتەوە؛ شێوەی دەربڕینی بابەتێک. ع نبرة N tone د لحن.

ن: نامەکەی دەراوێکی دۆستانەی هەبوو.

ن: بە دەراوێکی تووڕە وتی.

ن: بە دەراوێکی ڕاماو و دەنگێکی نزم پاتەی کردەوە.

**دەراوی:** tonall, tonally ئاوەڵناو ئاوازی، هی ئاواز، پەیوەندیدار بە شێواز و چۆنیەتی ئاواز.

☜ ئایدیۆلێکت.

**دەراو:❷** accent شێوەگۆ زاراو، شێوازی ئاخافتن و گۆکردنی: بێژە، دەموبێژ، زمانێک بە تایبەت هی نەتەوە یان ناوچە یان چینێکی کۆمەڵایەتی. ن:

کاتێک بە ئینگلیزی قسە ئەکات دەراوی زۆر ناخۆشە!

سوورەی ئەمریکایی دەراوێکی کوردی زۆر خۆشی هەیە!

**دەربارەی ماکی شتەکان:** de Rerum Natura هۆنراوە چامەی لۆکریتۆس، کە تێئەکۆشی جیهان بە زاراوەی زانستی پێناسە بکات.

**دەربازبوو:** sweating water ڕووەکناسی فەرمان دەردراو، دەڵێنراو، هەڵمی ئاوی ڕۆژانە پێستی مرۆڤ، ڕووەک یان گەڵایەک لە ڕێگەی ستۆماتاوە ئەیداتە دەرەوە. ع ماء التعرق N svette vann د تعریق آب. ☜ ستۆماتا



**دەربازگە ❶:** loophole ڕێسا ناو فەرمان دەرەتان، کەلێن، بریتییە لە ناڕوونی یان ناتەواوییەک لە سیستەمێکدا، وەک ڕێسا یان دەستەبەرێکی ئاسایش، کە ئەتوانرێت بەکار بهێنرێت بۆ دەربازبوون یان بە شێوەیەکی تر دوورکەوتنەوە لە مەبەست، بە جۆرێکی ئامارەپێکراو یان بە ڕوونی، لە سیستەمەکەدا. لە بنەڕەتدا وشەکە بە واتای فاق، یان پەنجەرەیەکی تەسکە لە دیوارێکدا کە سەربازی تیرهاوێژ ئەتوانێت لە ڕێگەیەوە تەقە لە دوژمن بکات.

ن: دایکت ڕێسایەک دائەنێ و ئەڵێ: بۆت نییە زیاتر نان بخۆیت.

◁ تۆیش سەیری من ئەکەیت. من نانەکە هەڵئەگرم و ئەیدەمە بە تۆ.

◁ تۆیش ئەیخۆیت.

◁ ئایە تۆ ڕێسات شکاندووە؟

◁ نا.

◀ ئەوە **دەربازگە**یە.

**دەربازگە ❸:** loophole هێمایر فیلم فیلمی سینەمایی ٢٠٢٣، دەرهێنانی جۆردەن سترافەر. ڕەوتێکی تاریک و نیوە وەڕزارەیی و دۆسیەی دەستدرێژی سێکسی ڕاستەقینە بە قازانجی سپی پێستی ئەمریکایی.

**دەربازگە ❹:** loophole هێمایر فیلم فیلمی سینەمایی ٢٠١٩، دەرهێنانی جێنی ئایڤێرس. کۆمەڵگەی هاوسەنگ و پێشبڕکێ لەگەڵ کات و دەم.

**دەربازگە ❹:** loophole هێمایر فیلم فیلمی سینەمایی ١٩٨١، دەرهێنانی جان کوێستێد، هونەرمەندی ئاڵبێرت فینی، مارتین شین.










**دەربازگە ❺:** path of escape, asylum ئاسایتر ناو دەرەتان، ڕێگەی هەڵاتن و خۆپەڕاندنەوە لە دۆخی دژوار و نالەبار. ع طريق الهروب N rømningsvei د گریزگاه.

**دەربازگە ❻:** secret هێمایر ناوولێکدراو ڕاز و نهێنی و شاراوە، شوێن و ڕێگەی ڕزگار بوون لە ڕێگەی نهێنی پارێزییەوە. ع سر N hemmelig د راز.

**دەردان:** secretion پزیشکی ڕووەکی چاوگی تێپەڕ {هۆرمۆن، تەڕاو، جەوی} ڕەوتی دەڵاندنی شانە، گلاند یان ئەندامێک لە پرۆسەی کردەوەیەکی تایبەت لە زیندەوەردا N sekresjon ع افراز د ترشح.

**دەردانی بەڵغم:** expectoration پزیشکی ناوولێکدراو ڕەوتی دەڵاندنی بەڵغەم. ع إفراز البلغم N sputum sekresjon د ترشح خلط.

⇦ **دەردان:** secretion {هۆرمۆن، تەڕاو، جەوی} ڕەوتی دەڵاندنی شانە،

گلاند یان ئەندامێک لە پڕۆسەی کردەوەیەکی تایبەت لە زیندەوەردا N sekresjon ع افراز د ترشح.

**دەربارە:** about ئاوەڵکار ئامرازی پەیوەندی سەبارەت، لەمەڕ، لەبارە، لەباوەت. ع حول N om د درباره.

**دەرباز:❶** emancipated ماففناسی ناو دەرهێنانی منداڵ لە بن دەسەڵاتی دایک و باوک، ڕزگارکراو. ع متحررة N frijort د از قید رها شده.

**دەرباز:❷** outlet ناو ڕۆچن، دەرەتان، ڕێگەی دەرچوون، سەردەر، هەڵاتگە. ع مفر، منفذ N uttak د مفر، منفذ.

**دەربایس:** interested ئاوەڵناو پەرۆش، گرنگی. ع مهتم N interessert د علاقه مند ن: دەربایس نایەت: لای گرنگ نییە.

**دەربڕین:** enunciate چاوگی تێپەڕ بێژە، بێژەکردن، بەڕەوانی ئاشکراکردن، ڕوونکردنەوە و ڕاقەکردن بە شێوەی گونجاو لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەت. ع نطق N bekjentgjort د تلفظ.




**دەربیچە:** vent ناو ڕۆژن، ڕۆچنە، کولاوکە، ڕۆژنە، دەلاقە. ع فتحة N vent د دریچە. ⇦ کلاوڕۆژنەی سەربان.



**دەرچە:**❶ outlet کەرەستە ناو [دەر+چە{چوون}] ڕێگەی دەرچوون و دەربازبوون، دەرە، دەراو، دەروو، کونی بچووک، کەلێن. ع مخرج N uttak د مجرای خروج. G ئاناهیتا

**دەرچە:**❷ valve کەرەستە ناو دەمەوانە، زمانە، سەردەقک، دەرگرتە، دەرخۆنە. ع صمام N ventil د زبانە. G ئاناهیتا




**دەرچە:**❸ valvule کەرەستە ناو زمانەی بچووک، دەمەوانەی بچووک.

**دەرچە:**❹ port ئای تی تۆڕی کەمپیوتەری ناو یان دەرگە، لە تۆڕی کەمپیوتەردا دەرچە یان دەروازە خاڵی کۆتایی پەیوەندییە. لە ئاستی نەرمەکاڵادا، لەناو سیستەمی کارپێکردندا، دەروازە بریتییە لە بنیاتێکی لۆژیکی کە پرۆسەیەکی دیاریکراو یان جۆرێک لە خزمەتگوزاری تۆڕ دەستنیشان دەکات. دەرچەیەک بۆ هەر پرۆتۆکۆڵێکی گواستنەوە و یەکگرتن کەلەڵ ناونیشان بە ژمارەیەکی واژۆنەکراوی ١٦ بیتی دەناسرێتەوە، کە بە ژمارەی دەرچە ناسراوە. ژمارەی دەرچە هەمیشە پەیوەستە بە ناونیشانی IP ی هۆستێک و جۆری پرۆتۆکۆڵی گواستنەوە کە بۆ پەیوەندی

بەکاردێت و، ناونیشانی تۆڕی مەبەست یان سەرچاوەی ناردەیەک تەواو دەکات. ژمارەی دەرچەی تایبەت بۆ ناسینەوەی خزمەتگوزارییە تایبەتەکان تەرخان کراوە بۆ ئەوەی پاکەتەداتایەکی گەیشتوو بە ئاسانی بنێردرێت بۆ بەرنامەیەکی کارپێکراو. G کوردستانیکا G تکنۆلۆژیا






## دەرچەی کەمپیوتەر و نیشانەکانی: ports name and sign ئای تر

تۆڕی کەمپیۆتەری ناو یان دەرگە گرنگەکان و نیشانەکانی:




**یوو ئێس بی:** ئای تر پەیوەندی تێپەڕگەی زنجیرە بەستی گشتی Universal Serial Bus، جۆرە ستاندردێکی تێپەڕگەیە بۆ هە موو جۆرە ئامێرێکی خێرایی ـ خوار و خێرایی ـ مامناوەندی.

یوو ئێس بی حەوت جۆری باوی هەیە:

جۆری A یان ئاسایی ئەدری لە کەمپیوتەر،

جۆری B ئەدرێ لە چاپگەر،
جۆری Mini—A و Mini—B ئەدرێ لە کامێرا، ئامێری مووزیک و ڕەقواڵە
جۆری Micro—AB و Micro—B ئەدرێ لە تەلەفۆن
جۆری C ئەدرێ لە تەلەفۆن
یوو ئێس بی لە ڕووی خێرایی ناردن و وەرگرتنی زانیارییەوە چەند جۆرە:
یوو ئێس بی ١,١ تا خێرایی ١٢ مێگا بایت لە چرکەدا،
یوو ئێس بی ٢,٠ تا خێرایی ٤٨٠ مێگا بایت لە چرکەدا،
یوو ئێس بی ٣,٠ تا خێرایی ٥ گیگا بایت لە چرکەدا،
یوو ئێس بی ٣,١ تا خێرایی ١٠ گیگا بایت لە چرکەدا،




**ئی ساتا:** eSATA هاوپێچی تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی زنجیرەدەرەکی، ساڵی ٢٠٠٤ ستاندارد کراوە، جۆرێک لە SATA دابین ئەکات کە مەبەست لێی پەیوەندی دەرەکییە. پەیوەستکەرەکانی eSATA بە

شێوەیەکی جیاواز لە SATA ستاندارد کلیل ئەکرێن، و هیچ هێزێک لە ڕێگەی گوزەر یان کێبڵەکانی eSATA ناگوازرێتەوە، واتە پێویستی بە سەرچاوەی کارەبای تایبەت بە خۆی هەیە.




**فایروایر:** FireWire وەشانی کەمپیوتەری «ئەپڵ» ـەلەجۆرە ستانداردێکەوە ، بۆ پەیوەستکردنی ئامێرەکان بە پێڕمێرە کەسییەکانەوە.




**دەرچەی دەنگ:** Mini_Jacks & S/PDIF جەکی بچووک ڕاستەوخۆیە، بەڵام S/PDIF فۆرماتێکی پەیوەندی دیجیتاڵی سۆنی/فیلیپسە، زیاتر بە

ڕووکارێکی بینەری ناوئەبرێت، و کێبڵی TOSlink بەکارئەهێنێت.




⇚ **دەرچەی پەیوەندی:** Network ports دوو جۆری RJ45 کە هێڵی ئینتەرنێتە و بۆ خێرایی تا ١٠٠٠ مێگابیتە و RJ11 بۆ مۆدێمە.




⇚ **دەرچەی ڤیدیۆ:** Video ports ئەم جۆرانەی هەیە:

VGA Port: کورتکراوەی Video Graphic Array پەیکانی ڤیدیۆی گرافیک.

باوترین پەیوەندی بۆ مۆنیتەری دەرەکی، بەڵام مەرج نییە زۆرترین پەسەندکراو بێت چونکە هەڵگری سیگناڵی ئەنالۆگە.

S_Video: ڤیدیۆی جیاواز (نەک ڤیدیۆی سوپەر) داتای ڤیدیۆکە وەک دوو سیگناڵی جیاواز هەڵئەگرێت، لومێن (ڕووناکی) و کرۆم (ڕەنگ).

HDMI: ڕووکارێکی مالتیمیدیای ڕوونی بەرز ڕووکارێکی دەنگی/ڤیدیۆیی بچووکە بۆ گواستنەوەی زانیارییە دیجیتاڵییە پاڵەپەستۆنەکراوەکان.HDMI (لە ئێستادا گەیشتووەتە وەشانی ١,٤) بەڵام بۆ گواستنەوەی هەموو شەپۆلی دەنگی ئەبێ بگاتە وەشانی ٥,١.

DVI: ڕووکاری ڤیدیۆی دیجیتاڵی، ستاندادرێکی ڕووکاری ڤیدیۆییە کە بۆ دابینکردنی کواڵیتی بینینی زۆر بەرز لەسەر ئامێرەکانی نمایشی دیجیتاڵی وەکوو ڕووبەری کەمپیوتەری LCD پانێڵی تەخت و پرۆژێکتۆری دیجیتاڵی دروستکراوە. دەنگ لە ڕێگەی پەیوەندی DVIەوە هەڵ ئەگیرێت بە مەرجێک هەردوو کۆتاییەکە پشتگیری دەنگ بکەن و لە ڕێگەی کێبڵی DVI ١+٢٤ (یان DVI بۆ HDMI)ەوە پەیوەست بن.

Mini_DVI: ئەم پەیوەستکەرە لە کەمپیوتەرەکانی ئەپڵ وەک بەدیلێکی دیجیتاڵی بۆ پەیوەستکەری Mini_VGA بەکاردێت.

Micro_DVI: ئەم دەروازەیە دەرچەیەکی پەیوەندی ڤیدیۆییە کە لە لایەن هەندێک لە کەمپیوتەرە لاپتۆپەکانی ئەپڵ ماکبۆک ئەیرەوە بەکار ئەهێنرێت کە لە نێوان مانگەکانی یەکەم_ تشرینی یەکەمی ٢٠٠٨دا بەرهەم هێنراون.



**دەرچەی کارەبا :** Power connectors چەند جۆری هەیە:

C5 / C6 تا ٢,٥ سێ جوکڵە ئامپێر بەڕێ ئەکات،

C7 / C8 تا ٢,٥ دوو جوکڵە ئامپێر بەڕێ ئەکات،

C13/C14 کارەبای بگۆڕ تا ١٠ ئامپێر بەڕێ ئەکات،




**دەرچەی سکازی :** SCSI connectors دەرچەی سیستەمی کەمپیوتەری بچووک {SCSI}: جۆرێکە لە پەیوەندی هاوتەریب کە بۆ بەستنەوەی جۆرە جیاوازەکانی ئامێری لاوەکی بەکار دێت. پەیوەندیدەرێکە ئەتوانێت زۆرێک لە ئامێرەکان لە یەک کاتدا بەیەکەوە ببەستێتەوە وەک ڕەقەواڵە و چاپگەر و دیڤیدی و هتد.



⇚ **دەرچەکان:** وێنەی دەرچەکانی پەیوەندی لە سەر کەمپیوتەر:




**دەرچەی گاز:** throttle **میکانیک** **ناوی لێکدراو** ئامێرێکە کە کۆنترۆڵی ڕادەی سووتەمەنی یان وزە دەکات بۆ بزوێنەرێک. ٤ صمام خانق N Gasspedal د دریچه گاز.







**دەردەباریکە:** tuberculosis نەخۆشی گیرۆ ناو ژانەزراف، ئازاری سی، یەکێکە لە نەخۆشییە بەکتریاییەکان، کە هۆکاری نەخۆشییەکە بەکتریای مایکۆباکتێریوم توبێرکۆلۆسیس (Mycobacterium tubercu_losis)، ئەو ناوچەیەیە کە نەخۆشییەکە زۆربەی جاران کاری تێدەکاتە سەر مرۆڤ بریتییە لە سییەکان و ئێسکەکان. نەخۆشییەکە بە هۆی کۆکەوە ئەگوازرێتەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر. ع مرض السل N tuberkulose د بیماری سل.





**دەردەریخۆڵە:** bowel disease ناو کۆمەڵێک نەخۆشییە کە ئەبنە هۆی ئەستووربوونی دیواری ڕیخۆڵە و باریکبوونەوەی. ع داء الامعاء N tarmsykdom د بیماری رودە.

**دەردەست:** accessible ئاوەڵناو ئامادە، لە بەردەستدا، شتێک کە دەست پێی ئەگات. ع متواجد N tilgjengelig د دست یافتنی.

**دەردەکۆپانە:** tetanus ناو نەخۆشییەکی باکتریایی بەئازارە، ئەبێتە هۆی ڕەقبوون و گەڕبوونی ماسوولکەکان، لە چەناکەوە دەست پێئەکات بۆ خوارەوە N stivkrampe ع د کزاز.

**دەردەم:** ئاوەڵکار بلەز، دەرجا، دەرکات، دە سبەجێ، کرژ، گورج.

**دەردەمیران:** gout نەخۆشی ناوی لێکدراو نەخۆشی میرانە، میرانە، جمگەئێشە، هەوکردن و ئاوسانی جمگە بە هۆی بوونی ترشی میزەوە {یوریک ئەسید} لە خوێندا، خواردنی زۆری گۆشتی سوور، نەشتەرگەری جمگە، برسێتی، ئەلکول، کەمبوونی ئاوی لەش، قەڵەوی لە هۆکارەکانی میرانەن. ع نقرس N Gikt د نقرس.







**دەرزیلۆکە:** ناو گیادەرزیلە، چەنوولێ، دەنووکی لەقلەق.

**دەرزیلە:** safety Pin ناو دەرزی سنجاخ، دەرزی زمانەدار، دەرزی کلاوچنین، دەرزی شت پێ قایم کردن کە دائەخرێ؛ دەرزیلۆکە. ع دبوس أمان N sikkerhetsnål د سنجاق.







**دەرشکێن:** battering ram ئامێر چەک سەربازی ناو [ دەر + شکێن ] کوتک، سەرقورس، ڕمێکی ئەستوورە بۆ شکاندنی دەروازە و کونکردنی دیوار بەکار ئەهێنرا. ئەمڕۆکە ئاسنێکی لۆلەکی سەرقورسە بۆ شکاندنی دەرگا و کونکردنی دیوار. ع مدق N rambukk د دژکوب.

**دەر:** door, gate ناو دەرک، دەرگا، دەروازە. G خاڵ G هەنبانە بۆرینە G کانی G دەستی G وەهبی ئەدمۆندز G ئاناهیتا G کاوە



**دەرکار:** facade ناو شێما، نموود، نما، ڕووکاری دەرەوە. ع مظهر زائف N utsikt د نمای خارجی.

**دەرکردن:** eviction چاوگی تێنەپەڕ کرداری دەرکردنی کەسێک، بە تایبەت کرێچی لە ڕاوەنێک؛ یان دەرکردنی فەرمانبەر لە کارەکەی. ع الإخلاء N utkastelse د اخراج. ☜ لێخستن

**دەرکەنار:**❶ private person ناوی فەرمان کەسێک لە ناو خۆیدا بێ، گۆشەگیر و دوورەپەرێز. ع منزوی N privat person د منزوی، خصوصی.

**دەرکەنار:**❷ asymptote ئەندازە ناو لە ئەندازەی شیکارانەدا، دەرکەنار یان لێنەکەوت، بۆ چەماوەیەک، بریتییە لە ڕاستەهێڵێک کە دوورییەکەی تا چەماوە بۆ ئەو بەهایانەی بەرەو بێسنوور ئەڕۆن لە سفر نزیک ئەبێتەوە. لە هەندێک لە بوارەکانی بیرکاریدا وەکوو ئەندازەی جەبری، لێنەکەوت بەم شێوە پێناسە ئەکرێت، هێڵێکە کە کاتێک بەهاکان بێسنوور زیاد ئەکرێن وەکوو هێڵی لێکەوت لە چەماوەکە نیزیک ئەبێتەوە. سێ جۆر

لێنەکەوت هەن، ئاسۆیی، ستوونی، لارە.






**دەرکەوتن:** panache چاوگی ئێنەبیەر بڕوابەخۆیی لە خۆدەرخستن و خۆنواندن لە بواری جیاواز و بە ڕواڵەتی جیاوازەوە. ع البناش حزمة زينية N panache د خودنمایی.

**دەرکەوتە ❶:** phenomenon ناو دیاردە، ڕۆژەڤ یان دۆخێک کە ڕوودانی بوویەرێک پیشان ئەدا، بە تایبەت نموونەیەک کە جێگەی پرسیارە یان ڕاڤەکردنی دژوارە. ع ظاهرة N fenomen د پدیده.

**دەرکەوتە ❷:** facet ناو ڕوو، ڕواڵەت، ڕووبەر، ڕوخسار؛ لایەکی شتێکی فرەلایەنە، بە تایبەت گەوهەرێکی بڕاو. ع وجه N fasett د وجه.

**دەرکەوتە ❸:** syndrome پزیشکی ناو سیندرۆم، دەستەیەک نیشانەیە کە پێکەوە دەرئەکەون و هێمای نەخۆشییەکی تایبەتیش نین. ع اعراض N syndrom د سندروم.

**دەرگای چەپەر، چ پێوەبێ، چ لێوە بێ:** پەند ناوی لێکدراو دەرگای بە شووڵی قامیش و ژاڵەی لە تەیمان شاشتر، بەرگەی هیچ ناگرێ و بوون و نەبوونی زۆر جیاوازی نییە. ☜ تەیمان

**دەرگای خزن:** the funeral gate ویژە هۆنراوە ناوی لێکدراو هۆنراوەی ڤیکتۆر هۆگۆ.

**دەرگای گەردان:** revolving do or ئاسانکاری ناوی لێکدراو خولێن، دەرگای

خولاوە، جۆرێک دەرگای دوو یان چوار بەشی تەلاری گەورەیە کە لە تەوەرێکدا ئەخولێتەوە. ع الباب الدوار N svingdør د درب گردان.







**دەرگووشی پشک:❶** cat's cradle گۆتە فیشاردەی پشیلە، تەونی دەزوو، شانەدانی پشیلە، یارییەکی منداڵانە بە تاڕێک دەزوو کە لە هەردوو سەرەکەی بەستراوە و لە نێوان پەنجەکانی دوو کەسدا دەستادەست ئەکات. ع لعبة الغزل N kattens vugge د نخ بازی.









**دەرگووشی پشک:❷** cat's cradle ڕۆمان یان لانکی پشیلە چوارەمین ڕۆمانی نووسەری ئەمریکایی کورت ڤۆنێگوتە Kurt Vonnegut، کە ناوەکەی لە یاری منالان وەرگرتووە. بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٦٣دا بلاوکرایەوە. ناواخنی ڕۆمانەکە سەبارەت بە زانست و تەکنەلۆجیا و ئایین دەکات و، لە هەمان کاتدا گاڵتە بە پێشبڕکێی چەک و چەندین چەمکی دیکە دەکات. زانکۆی شیکاگۆ ساڵی ١٩٤٧ تێزی دکتۆرای ڤۆنێگوتی ڕەت کردەوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٧١ بڕوانامەی شانازی لە ئەنترۆپۆلۆژیدا لەبەر ئەم ڕۆمانە پێ بەخشی.










**دەرماڵ:** threshold هاتوچۆ ناو دەریزان، بەردەرگانە، ئاستانە، باڵشمە، چوارچێوەیەکی دار، ئاسن یان بەرد بۆ چوونە ژوورەوەی ناو هۆدە هێمایر دەرگانەی چوونەژوورەوەی جیهانی نهێنی دۆست یان هاوسەر یان پێکهاتەیەک، ئەوسا کە نیێنییەکان ئەدرکێن و پەردەیان لەسەر هەڵئەدرێتەوە. ع عتبة N terskel د آستانە.






**دەرماڵە:** allowance ئالیکاری ناو باربوو و یارانەی مووچە و مووچەخۆر و خوێندکار کە لە لایەن دەسەڵات و خاوەنکارەوە ئەدرێ. ع مخصص N godtgjørelse د کمک هزینە.





**دەرماڵەی خوێندن:** scholarship ئالیکاری خوێندن ناوی‌یاوگ ئەو بڕە پارەی کە دەسەڵات وەکوو باربوو و یارمەتی بیبەرامبەر ئەیدا بە خوێندکار ع الزمالات الدراسیة N stipend د کمک هزینه تحصیلی.






**دەرمان:**❶ medisin, treatment پزیشکی ئوستووی تاقیکراوە لە شێوەی حەب و کەپسول، سیرۆم و ئەمپول کە بۆ چارەسەری نەخۆشی بەکاردێن. ع الدواء N medisin د دوا.

**دەرمان:**❷ treatment پزیشکی چارەسەر، پێڕاگەیشتنی پزیشک و نەخۆشخانە بۆ چاککردنەوەی نەخۆش. ع علاج، معالجة N behandling د علاج، معالجه.

**دەرمانساز:** pharmacist پزیشکی بکەر پسپۆڕی سازکردن و ئامادەکردنی دەرمان. ع صيدلاني N farmasøyt د داروساز.

**دەرمانگە:** clinic یان clinique پزیشکی ناو نەخۆشخانەی بچووک یان، بەشێک لە نەخۆشخانە کە بۆ چارەسەری خێرا و ڕاوێژ لەگەڵ پزیشکی پسپۆڕ بەکار ئەهێنرێ. ع عيادة N klinikk د درمانگاه.

**دەرمانگەر:** therapist دەروونناسی پسپۆڕ و شارەزای جۆرێکی تایبەت لە چارەسەری وەک دەروونی، توێژینەوەی کۆمەڵایەتی، ڕاوێژکاری. ع معالج نفسي N terapeut د درمانگر.

**دەرمانناسی:** pharmacology پزیشکی ناو فارماکۆلۆژی، بریتییە لە لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر کاریگەرییەکانی دەرمان و هێسنە کیمیاییەکان

لەسەر زیندەوەرە زیندووەکان و پێناسەکردنی بەرفراوانی دەرمان و، ناسینی کاریگەری ئەستووی کیمیایی، سروشتی یان دەستکرد، لەسەر سیستەمی بایۆلۆجی. ع علم العقاقير N farmakologi د فارماکولوژی.











**دەرمەندە:** disabled, crock ئاوەڵناو پەککەوتە، کۆڵەوار، کەمئەندامێک کە پێوەی دیار نییە. ع معاق N funksjonshemmet د علیل.

**دەروون:** psyche دەروونناسی ناو بە واتای ئەندێشە و هەست و نەست، یان خودئاگا و ناخودئاگا هاتووە. ◄ دەروون، گیانە و کاردانەوەی لەسەر کەسایەتی و ئەدگار و ڕەفتاری هەموو کەس هەیە. ◄ دەروون هەمان خود و ئێگۆیە و کار و چالاکی مێشکە و لە دارەتی وەستان و نەبوونی مێشک، ئەویش نییە. ریشەناسی لە بنەچەدا لە یۆنانییەوە هاتووە بە واتای «گیان» {ψυχή - پسوخە} بە واتای «هەناسە» یان «گیان» دێت. و کاتێکیش لەگەڵ {λογος-لۆگۆس} بە واتای «خوێندنی» تێکەڵ ئەبێت، واتای زانستی دەروونناسی psychology پێک ئەهێنێت. ع نفس {علم النفس} N psyche د روان {روانشناسی}.

تێبینی: دەروون لە ڕوانگەی ئایینەوە بە soul و ghost و ڕوح و ڕوح محرکة و نفس ڕوح دانراوە، بەڵام ئەم وشانە هیچکامیان چەمک و مژاری زانستی نین و هەر هەمووی تەنها لە ڕوانگەی ئایینی‌یەوە پێناسە ئەکرێن و لە چوارچێوەی زانستدا نین و ناگونجێن؛ ئەمەش لە بەر ئەوەی جیهان لە سێ ڕوانگەوە لێک ئەدرێتەوە: ئایینی، فەلسەفی و زانستی و، هەرکام کەوشەنی تایبەتی خۆیان هەیە. واتە ئەگەر دیارەیەک ئایینی یە

ئیتر زانستی نییە.

**دەروونگەردان:** psychedelic drugs دەروونناسی ناوی لێکدراو هێسنی هۆشبەر، کۆمەڵێک پێکهاتەی کیمیایین کاریگەرییان لەسەر مێشک و کۆئەندامی دەمار هەیە، لەبەر ئەوەی هۆشیاری و باری دەروونی مرۆڤ دەگۆڕن، لە پۆلی هۆشبەرەکاندا دادەنرێن. ع المخدرات N psykedeliske stoffer د داروهای روانگردان.

**دەروونناس:** alienist دەروونناسی یان پزیشکی دەروونی یان ئاوەزی. ع طبیب عقلِي او نفسانيِ N alienist د روانشناس. ☜ دەروونپزیشک

**دەروونناسی:** psychology دەروونناسی دەروونزانی، لقێکی ئەکادیمی و کردارییە کە خوێندنی زانستی کردارەکانی مێشک و هەڵسوکەوت لەخۆ ئەگرێت. دەروونناسی ئامانجی یەکەمی ئەوەیە لە تاک و گروپ تێ بگات بە دانانی سەرەتای گشتی و هەروەها توێژینەوەی تایبەت لەسەر تاکیش. لەم بوارەدا کەسی پیشەگەر یان توێژەرەوەی ئەم بوارە کە بە دەروونناس ئەناسرێن و ئەکرێ پۆلێن بکرێن بۆ شارەزای کۆمەڵایەتی، هەڵسوکەوت یان تێگەیشتن. ڕیشەناسی ← وشەی سایکۆلۆجی لە بنەچەدا لە یۆنانییەوە هاتووە بە واتای «خوێندنی گیان» دێت {ψυχή ـ پسوخە} بە واتای «هەناسە» یان «گیان» دێت و {λογος ـ لۆگۆس}یش بە واتای «خوێندنی»، «توێژینەوە» و یان پاشگری «ناسی» کوردی دێت. ع علم النفس N psykologi د روانشناسی.

⇦ **لقەکانی دەروونناسی** زۆرن، ئەمە چەند دانەیان:

- دەروونناسی پزیشکی {clinical psychology} دەروونپزیشکی
- دەروونناسی هزرییەکان {cognitive psychology} دەروونهزرناسی
- دەروونناسی گەشە {development psychology} دەروونگەشەناسی
- دەروونناسی کۆمەڵایەتی {social psychology} دەروونکۆمەڵناسی
- دەروونناسی دادوەری {forensic psychology}

- دەروونناسی پەروەردەیی {educational psychology}
- دەروونناسی تەندروست {health psychology}
- دەروونناسی ڕەنگ {color psychology}
- دەروونناسی دەمار {neuro psychology}
- دەروونناسی گونجان {Adjustment psychology}









**دەروونناسی کۆمەڵایەتی:** social psycholog دەروونناسی لە بیرکردنەوە و هەست و ڕەفتار لە ژێر کاریگەری بوونی ڕاستەقینە، ئەندێشەیی، یان ئاماژەپێکراوی کارێنەرەکان دەکۆڵێتەوە. [ع] عالم نفس إجتماعي [N] sosialpsykolog [د] ڕوانشناس اجتماعی.

**دەروونناسیی کۆمەڵایەتی:** social psychology دەروونناسی لە داینامیکی نێوان کەسی و دەستەیی و ئاڵنگاری کۆمەڵایەتی دەکات، وەکوو دەمارگیری، لایەنگری ناڕاستەوخۆ، کەڵەگایی، چالاکیی تاوانکاری و بەکارهێنانی ئەستووە هۆشبەرەکان ئەکۆڵێتەوە. لێکۆڵینەوە لە کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو هۆکارانە دەکات کە کاریگەرییان لەسەرە، وەک ڕەفتاری گرووپی، هەڵوێست، تێڕوانینی گشتی و سەرکردایەتی. [ع] علم النفس الاجتماعي [N] sosial psykologi [د] ڕوانشناسی اجتماعی.











**دەنکی کونجی:** sesame seeds دەنک ناو ڕێژەیەکی بەرزی فیبری هەیە بۆ هەرسکردنی باش سوودمەندە.

**کونجی:** sesame ڕووەک ناو کونجەو، ڕووەکێکی ساڵانەی دەوەنی بەرزە، لە ناوچە گەرم و ژێرگەرمەکانی جیهان ئەڕوێ، کە بە هۆی دەنکی دەوڵەمەند بە ڕۆن و چەوری دەچێنرێت. ع سمسم N sesam د کنجد.

**ڕۆنی کونجی:** sesame oil ڕۆن ناو ڕۆنێکی ڕووەکی خۆراکییە لە دەنکی کونجی ئەگیرێ. یەکێکە لە سەرەتاییترین ڕۆنە ناسراوەکانی بنەمای دێرسی بەرهەم. بەرهەمهێنانی مۆدێرنی بەکۆمەڵ لە سەرانسەری جیهاندا سنووردارە، بە هۆی پرۆسەی ناکارامەی دروێنەکردنی دەستی کە پێویستە بۆ دەرهێنانی ڕۆن.




**دەرنەچواندن:** reject, refuse, flunk پەروەردە چاوگی تێنەپەڕ ڕەتکردنەوە لە تاقیکردنەوە و ئەزموون. ع رفض، رفوضة N avvisning د رد کردن.

**دەروازەی شامپەرە:** porte Champerret یادەوەری ناو یەکێک لە دەروازەکانی چوونە ناو پاریس لای باکووری ڕۆژئاواوە.



**دەروو:**❶ ناو دەرچە، ڕەهۆڵ و ڕێچکەی دەرباز بوون

**دەروو:**❷ ناو دەرگای خێر و خۆشی **ن:** لە ساڵی پارەوە دەروویان بۆ کراوەتەوە.

**دەروونپزیشک:** psychiatrist پزیشکی دەروونناسی ناو پزیشکی دەروونی، کە هەم پزیشکە و هەم دەروونناس.

psychiatric: تایبەت بە دەروونپزیشکی.

**دەروونپزیشکی:** psychiatry پزیشکی دەروونناسی ناو یان زانستی ڕەفتار، بەشێکی پسپۆڕانەیە لە پزیشکی کە خەریکی چاودێری، دەرمان، خوێندن، تاووتوێ، بەرگری و لێدوان لە سەر پەشێوییە دەروونیەکانی مرۆڤ ئەکات. ڕیشەناسی لە ڕووی وشەناسیەوە پێک هاتوە لە:

[psyche + iatry] [گیان + «چارەسەری پزیشکی»]،

کە ئەویش لە iātrikos وەرگیراوە و بە واتای «پزیشکی»یە.

دەروونپزیشکی و دەروونناسی دوو بەشن کە لای جەماوەر واتاکەیان لێک هەڵە ئەبێ، لەکاتێکدا بە تەواوەتی لێک جیاوازن:

**دەروونپزیشک** Psychiatrist دکتۆری پزیشکییە و هەروەها لە دەروونناسیشدا پسپۆڕە و لە ڕاستیدا سەر بە کۆمەڵەی پزیشکانە و تەنها دەروونپزیشکان ئەتوانن ڕەچەتەی دەرمان بۆ نەخۆش بنووسن.

**دەروونناس** Psychologist یان Psycholog بەڵام، لانیکەم ئەبێ مەستری هەبێ لە دەروونناسیدا و ئەگەر دکتۆرای هەبێ وەک پسپۆڕ بە «دەروونناسی تاقیگەیی» Clinical Psychologist ئەناسرێ.

دەروونناسی تاقیگەیی، لە بواری

- هەڵسەنگاندن و دۆزینەوەی نەخۆشی؛
- دەرمان و چارەسەر؛
- ڕاوێژ؛

- فێرکاریی و چاودێری کاری دەروونناسەکان؛
- تۆژینەوە و بەڕێوەبەرێتی‌دا کار ئەکەن ☜ دەروونناسی.






دەروونجەستەیی: psychosomatic پزیشکی دەروونناسی ئاوەڵناو ئەو نەخۆشییە جەستەییانەن کە وان لە بن کاریگەری ئەندێشەدا و لە دژوارترین دارەتدا لە لایەن ئاوەز و ئەندێشەوە بەدی دێن. ئازارێک و ناسازییەک کە نەخۆشی نییە و لە نەخۆشییەکی جەستەییەوە سەرچاوەی نەگرتووە، وەکوو ئاژاوەی دەروونی یان دەمارگرژی، تووڕەیی و غەزران. نەخۆشی شێوەجەستەیی بنەمایەکی جەستەیی ناسراویان نییە، بەڵام نەخۆشی دەروونجەستەیی، بنەمای جەستەییان هەیە، بۆ وێنە نەخۆش هەست ئەکات دڵی ئێشێ، بەبێ ئەوەی بە ڕاستی نەخۆشی دڵی هەبێ، بەڵام لە بن کاریگەری ناسازی دەروونیدا هەست ئەکات دڵی ئێشێ. ع نفسیة جسدیة N psykosomatisk د ڕەوان تنی.










**دەرووندار:** self_contained ئاوەڵناو ڕازپۆش، نهێنپارێز، ڕازدار، دەخەس. [ع] متحفظ [N] selvstendig [د] تودار.

**دەروونەدەر:** ئاوەڵناو دەربەدەر، ئاوارە.

**دەروونەدەری پەراوەژوو:** هێمایی شێوەڕستە ئاوارەی خاوەن جێگە، خاوەن جێگەی بێپایە، دامەزراوی جێنەگرتوو، جێگرتووی دانەمەزراو.

**دەروونگرژیی:** psychoses، psychosis دەروونناسی ناو دارەتێکی تێکچوونی توندی دەروونی کە ئەندێشە و سۆز تووشی کێشە و ئاڵۆسکان ئەبن و پەیوەندی کەس لەگەڵ جیهانی دەرەوە دائەبڕدرێ. [ع] إضطراب عقلي [N] psykose [د] روان پریشی





**دەروونناساز:** psychopath دەروونناسی سایکۆپەس، کەسێکە لە هەستی هاوسۆزی بێبەشە، کەسایەتی خودناوەندی دژە کۆمەڵی هەیە، وازی تاوانکردنی هەیە و لە کردەی خۆی ژێوان نییە. [ع] مضطرب العقل [N] psykopat [د] بیمار روانی. ☜ باوێشک

ئەگەر کۆمەڵێک باوێشک بدەن و یەکێک باوێشکی نەیەت، ئەوە نیشانەی نەبوونی هاوسۆزییە لەو کەسەدا و بۆی هەیە دەروونناساز واتە سایکۆپەس بێت.







**دەروونناسی:** Psychiatry زانست دەروونناسی بریتییە لە کۆڵینەوە لە ئاوەزی مرۆڤ و کاریگەری لەسەر ڕەفتارەکانی. بە واتایەکی تر، دەروونناسی لە کاریگەری هۆکارە ژینگەییەکان، فشارە کۆمەڵایەتییەکان، بارودۆخی خێزان و... لەسەر بیرکردنەوە و کردار و هەستەکانی مرۆڤ ئەکۆڵێتەوە.

◄ دەروونناسی زانستی ڕەفتار و شیکارکردنەوەی زانستیانەی ئەندێشەی مرۆڤ و هەڵسوکەوتەکانییەتی کە کار ئەکەنە سەر ڕەفتار لە بوارێکی تایبەتدا.

◄ دیارترین بەکارهێنانی دەروونناسی، بواری تەندروستی دەروونییە، کە تێیدا دەروونناسەکان بنەما و توێژینەوە و دۆزینەوە کلینیکیەکان بەکار ئەهێنن بۆ یارمەتیدانی کارێنەران لە ڕەفتاری دروست و زاڵبوون بەسەر ناسازی و نەخۆشی دەروونییەکاندا. ع علم النفس N psykologi د روانشناسی ☜ دەروونیزیشکی ☜ جۆرەکانی دەروونناسی




**دەروونناسی و جۆرەکانی:** Psychiatry ناوی ٣٦ جۆری دەروونناسی:

١. دەروونناسی بایۆلۆجی: Biopsychology ع علم النفس البيولوجي N Biopsykologi د روانشناسی زیستی.

٢. دەروونناسی بەراوردکاری: Comparative psychology ع علم النفس المقارن N Komparativ psykologi د روانشناسی تطبیقی.

٣. دەروونناسی بەکاربەر: Consumer psychology ع علم نفس المستهلك N Forbrukerpsykologi د روانشناسی مصرف کننده.

٤. دەروونناسی پزیشکی دادوەری: Forensic psychology [ع] علم النفس الشرعي [N] Rettsmedisinsk psykologi [د] روانشناسی قانونی.

٥. دەروونناسی پەروەردەیی: Educational psychology [ع] علم النفس التربوي [N] Pedagogisk psykologi [د] روانشناسی آموزشی.

٦. دەروونناسی پەرەسەندن: Evolutionary psychology [ع] علم النفس التَطوري [N] Evolusjonspsykologi [د] روانشناسی تَکاملی.

٧. دەروونناسی پیشەسازی ـ ڕێکخراوی: Industrial_organizational psycholog [ع] علم النفس الصناعيِ التَنظيمي [N] Industriell_organisasjonspsykologi [د] روانشناسی صنعتی ـ سازمانی.

٨. دەروونناسی توێژینەوە: Research psychology [ع] علم نفس البحث [N] Forskningspsykologi [د] روانشناسی تَحقیق.

٩. دەروونناسی تەندروستی: Health psychology [ع] علم نفس الصحة [N] helsepsykologi [د] روانشناسی سلامت.

١٠. دەروونناسی دەروونپێوانی: Psychometric psychology [ع] علم النفس السيكومتري [N] Psykometrisk psykologi [د] روانشناسی روانسنجی.

١١. دەروونناسی دەمار: Neuropsychology [ع] علم النفس العصبي [N] Nevropsykologi [د] روانشناسی اعصاب.

١٢. دەروونناسی ڕاوێژکاری: Counseling Psychology [ع] علم النفس الإرشادي [N] Rådgivningspsykologi [د] روانشناسی مشاوره.

١٣. دەروونناسی ڕەخنەیی: Critical psychology [ع] علم النفس النقدي [N] Kritisk psykologi [د] روانشناسی انتقادی.

١٤. دەروونناسی ڕەفتاری: Behavioral psychology [ع] علم النفس السلوكي [N] Atferdspsykologi [د] روانشناسی رفتاری.

١٥. دەروونناسی ڕەوشت: Moral psychology [ع] علم النفس الأخلاقي [N] Moralpsykologi [د] روانشناسی اخلاق.

١٦. دەروونناسی ژینگە: Environmental psychology [ع] علم نفس بيئي [N] Miljøpsykologi [د] روانشناسی محیطی.

١٧. دەروونناسی سەربازی: Military psychology [ع] علم النفس العسكري [N] Militær psykologi [د] روانشناسی نظامی.

١٨. دەروونناسی فێرگە: School psychology [ع] علم نفس المدرسة [N] Skolepsykologi [د] روانشناسی مدرسه.

١٩. دەروونناسی کۆگنێتیڤ: Cognitive psychology [ع] علم النفس المعرفي [N] Kognitiv psykologi [د] روانشناسی شناختی.

٢٠. دەروونناسی کۆمەڵایەتی: Social psychology [ع] علم النفس الاجتماعي [N] sosial psykologi [د] روانشناسی اجتماعی.

٢١. دەروونناسی کۆمەڵگا: Community psychology [ع] علم نفس المجتمع [N] Samfunnspsykologi [د] روانشناسی جامعه.

٢٢. دەروونناسی کەسایەتی: Personality psychology [ع] علم نفس الشخصية [N] personlighetspsykologi [د] روانشناسی شخصیت.

٢٣. دەروونناسی گشتی: General Psychology [ع] علم النفس العام [N] Generell psykologi [د] روانشناسی عمومی.

٢٤. دەروونناسی گەشەکردن: Developmental psychology [ع] علم النفس التنموي [N] Utviklingspsykologi [د] روانشناسی رشد.

٢٥. دەروونناسی منداڵان: Child Psychology [ع] علم نفس الطفل [N] Barnepsykologi [د] روانشناسی کودک.

٢٦. دەروونناسی نۆرینگە: Clinical psychology [ع] علم النفس السريري [N] Klinisk psykologi [د] روانشناسی بالینی.

### پێناسەی ٢٦ جۆر دەروونناسی:

١. دەروونناسی بایۆلۆجی: Biopsychology یان بایۆسایکۆلۆجی بریتییە لە

لێکۆڵینەوە لە هۆکارە بایۆلۆژییەکان کە ڕەنگە کاریگەری لەسەر مێشک و ڕەفتاری مرۆڤ هەبێت. ئەم شێوە لێکۆڵینەوە بۆ ئەوەیە بزانن ئایا چ هۆکاری بایۆلۆژی کاریگەری لەسەر هەست و بیرکردنەوە و کردارەکانی مرۆڤ هەیە. هەروەها ئەم بوارەی دەروونناسی باس لەوە ئەکات کە چۆن تێکچوونی مێشک و نەخۆشی، کاریگەرییان لەسەر ڕەفتارەکان هەیە. بەم زانیاریانە توێژەران ئەتوانن کار بکەن بۆ دۆزینەوەی ڕێگاکانی خۆپاراستن و چارەسەرکردنی جەڵتەی مێشک. ع
علم النفس البيولوجي N Biopsykologi د ڕوانشناسی زیستی.












٢. دەروونناسی بەراوردکاری: Comparative psychology کار لەگەڵ لێکچوون و جیاوازییەکانی نێوان هەڵسوکەوتی مرۆڤ و هاوتا ئاژەڵەکانیان ئەکات. ئەوانەی لە دەروونناسی گونجاندندا کارئەکەن، لەوانەیە چاودێری چۆنیەتی ڕەفتار و وەڵامدانەوەی ئاژەڵەکان بکەن بۆ بارودۆخ یان هاندەری تایبەت، و ئەم ئەنجامانە بەکاربهێنن بۆ باشتر تێگەیشتن لە هەڵسوکەوتی مرۆڤ ع
علم النفس المقارن N Komparativ psykologi د ڕوانشناسی تطبیقی.











٣. دەروونناسی بەکاربەر: Consumer psychology دەروونناسی بەکاربەر یان بڕێنەرەوە بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە ڕەفتاری بەکاربەر. دەروونناسی بەکاربەر

ئەتوانێت یارمەتی ڕێکخراوەکان بدات بۆ دیاریکردنی ئامانجەکانیان، چی کاریگەری لەسەر ڕەفتاری کڕینیان هەیە، چۆن بڕیاری کڕین ئەدەن و هەڵوێستیان سەبارەت بە بەرهەمێک یان خزمەتگوزارییەکی دیاریکراو چییە. دەروونناسانی بەکاربەران ڕاپرسی توێژینەوەی بازاڕ ئەنجام ئەدەن، گروپی فۆکۆس پێکئەهێنن و چاودێری بەکاربەران دەکەن. [ع] علم نفس المستهلک [N] Forbrukerpsykologi [د] روانشناسی مصرف کننده.












٤. دەروونناسی پزیشکی دادوەری: Forensic psychology دەروونناسانی پزیشکی دادوەری لە نزیکەوە کار لەگەڵ جێبەجێکردنی ڕێسا و دەزگاکانی تر ئەکەن، کە ڕەنگە بەشێک بن لە سیستەمی دادوەری تاوانکاری. ئەم بوارە بریتییە لە تێگەیشتنی زیاتر لە تاوانباران و ڕەفتارەکانیان، کارکردن لەگەڵ ئەو منداڵانەی وەک گۆڤان لە دۆخێکی تاوانکاریدا یان لە کەیسێکدا خزمەت ئەکەن، هەڵسەنگاندنی شوێنی تاوانێک بۆ دیاریکردنی ئەوەی کە تاوانبار ڕەنگە بە چ شێوەیەک لە شوێنی ڕووداوەکە ڕۆیشتبێت. هەروەها لەوانەیە دەروونناسێکی پزیشکی دادوەری چارەسەر پێشکەش بە قوربانیانی تاوان بکات. [ع] علم النفس الشرعِ [N] Rettsmedisinsk psykologi [د] روانشناسی قانونی.











٥. دەروونناسی پەروەردەیی: Educational psychology yan دەروونناسی ئەکادیمی هەوڵئەدات بەدواداچوون بۆ کێشەکانی فێربوونی خوێندکاران بکات. ئامرازەکانی ئەم بوارە بریتین لە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی زیرەکی و بەهرە، چاوپێکەوتن لەگەڵ دایک و باوک و مامۆستا، هەروەها تاکەکان خۆیان. لەم چوارچێوەیەدا پێشکەوتنی ئەکادیمی تاکەکان، خێزان، لایەنی کاریگەری پرسە و سۆزداری و بۆنە کۆمەڵایەتییەکانی تاکەکان هەڵ ئەسەنگێندرێت. ئەوانەی لە دەروونناسی پەروەردەدا کارئەکەن، لەوانەیە تەکنیکەکانی فێرکردن بۆ هەندێک گرووپی خوێندکاران دابین بکەن، وەک ئەوانەی کەمئەندامی فێربوونیان هەیە و ئەوانەی کە دارەتی نائاسایی لە فێربووندا نیشان دەدەن. دەروونناسانی پەروەردەیی توێژینەوە لەوە ئەکەن کە توخمە زانستی و کۆمەڵایەتییەکان بە چ شێوەیەک کاریگەرییان لەسەر فێربوون هەیە. ع علم النفس التربوي N Pedagogisk psykologi د روانشناسی آموزشی.




٦. دەروونناسی پەرەسەندن: Evolutionary psychology دەروونناسی پەرەسەندن بریتییە لە لێکۆڵینەوەی کارلێکی نێوان هەڵسوکەوتی مرۆڤ و پەرەسەندن و چۆن مرۆڤ ناچار بووە بیرکردنەوەی دەروونی خۆی ڕێکبخات بۆ ئەوەی گرنگی بۆ پرۆسەی پەرەسەندن بدات. ڕەنگە دەروونناسێکی پەرەسەندن سەیری تواناى گونجاندنی مرۆڤ بکات و، ئەوەی کە چی ڕێگەی پێداوین بۆ هەزاران ساڵ بژین؟ علم النفس التطوري N Evolusjonspsykologi د روانشناسی تکاملی.



٧. دەروونناسی پیشەسازی ـ ڕێکخراوی: Industrial_organizational psycholog
کە دەروونناسی بازرگانیشی پێ ئەوترێ، لە شوێنی کاردا ڕوو ئەدات. یارمەتی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان ئەدات لە بوارەکانی دامەزراندن و تەکنیکەکانی بەڕێوەبردن و شێوازەکانی ڕاهێناندا. لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوە ئەکات کە چۆن کارمەندان هەست بە کاریگەری یان پاڵنەر ئەکەن لە شوێنی کارەکەیان، چۆن خاوەنکارەکان ئەتوانن بەرهەمهێنانی پۆلەکەیان زیاد بکەن، دۆزینەوەی ئەو ڕێگایانەی کە کۆمپانیاکان ئەتوانن کارمەندەکانیان بهێڵنەوە و ڕەزامەندی لە کارەکەیان زیاد بکەن.

زۆرێک لە بازرگانییەکان دەروونناسانی پیشەسازی ـ ڕێکخراو بەکارئەهێنن بۆ پەرەپێدانی تاقیکردنەوەکان، وەک ئامرازێکی پسپۆڕی چاودێری بۆ پۆستە تایبەتەکان لەناو کۆمپانیاکاندا کاربکەن. ع علم النفس الصناعي التنظيمي N Industriell_organisasjonspsykologi د روانشناسی صنعتی ـ سازمانی.




٨. دەروونناسی توێژینەوە: Research psychology دەروونناسی توێژینەوە کە پێی ئەوترێت دەروونناسی ئەزموونی، بریتییە لە ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر بابەتێک یان کۆمەڵێک کەس. توێژینەوە دەروونناسەکان بە شێوەیەکی گشتی دۆزینەوەکانیان بڵاوئەکەنەوە و ئەنجامەکانیان لەگەڵ کەسانی دیکەی بوارەکەدا هاوبەش ئەکەن، هەموو ئەم هەوڵانە بۆ پێشکەشکردنی زانیاری بەنرخە، کە پاشەکەوتی زانیاری پیشەسازی فراوانتر ئەکات. ع علم نفس البحث N Forskningspsykologi د روانشناسی تحقیق.












٩. دەروونناسی تەندروستی: Health psychology دەروونناسی تەندروستی بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە تەندروستی دەروونی و جەستەیی و چۆنیەتی کارلێکی ئەو دووانە لەسەر بنەمای چەندین هۆکار، وەک ڕەفتار و بایۆلۆجی و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان. ڕەنگە دەروونناسانی تەندروستی لێکۆڵینەوە بکەن کە چۆن ئەتوانن ئەم هۆکارانە بەکاربهێنن بۆ باشترکردنی تەندروستی گشتی تاکێک یان نەخۆشییەکی تایبەت کە لەوانەیە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکات. ئەوانەی لە بواری دەروونناسی تەندروستیدا کارئەکەن، نەخۆشەکانیان پەروەردە ئەکەن بۆ ئەوەی بتوانن تەندروست بمێننەوە. ئەوان چارەسەر پێشکەش ئەکەن و کەسانی دیکە فێر ئەکەن چۆن ڕووبەڕووی هەندێک بارودۆخ ببنەوە [ع] علم نفس الصحة [N] helsepsykologi [د] ڕوانشناسی سلامت.












١٠. دەروونناسی دەروونپێوانی: Psychometric psychology بواری دەروونناسی سایکۆمێتری گرنگی بە پەرەپێدانی تاقیکردنەوە دەروونییەکان و پارمەتیدانی بەڕێوەبردنیان بۆ کەس یان گرووپە تایبەتەکان ئەدات. ئەم تاقیکردنەوانە ئەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ تێگەیشتن لە کارمەندان، کڕیاران، نەخۆشان یان منداڵان. [ع] علم النفس السيكومتري [N] Psykometrisk

psykologi [د] دەروونناسی ڕوانسنجی.












.١١ دەروونناسی دەمار: Neuropsychology بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە مێشک و چۆنێتی کاریگەری لەسەر ڕەفتار و بیرکردنەوە دەروونیەکانمان. دەروونناسانی دەمار لەوانەیە لەگەڵ ئەو نەخۆشانە کار بکەن کە تووشی بریندار بوون یان نەخۆشی مێشک بوون، وەک جەڵتەی مێشک یان بیرچوونەوە، بۆ ئەوەی تێبگەن کە بە چ شێوەیەک کاریگەری لەسەر ڕەفتاریان هەیە. هەروەها لەوانەیە لەگەڵ پسپۆڕانی تری چاوەدێری تەندروستی کار بکەن بۆ پەرەپێدانی پلانی چارەسەرکردن. [ع] علم النفس العصبي [N] Nevropsykologi [د] دەروونناسی اعصاب.












.١٢ دەروونناسی ڕاوێژکاری: Counseling Psychology جۆرێکە لە دەروونناسی کە یارمەتی مرۆڤ ئەدات (لە هەر تەمەنێکدا بێت) بۆ باشترکردنی تەندروستی و زیادکردنی تواناکانیان بۆ ژیانێکی باشتر. دەروونناسانی ڕاوێژکاری یارمەتی ئەو کەسانە ئەدەن کە کێشەی تەندروستی دەروونییان هەیە و هەوڵی چارەسەرکردنی قەیرانەکان ئەدەن. [ع] علم

النفس الإرشادي N Rådgivningspsykologi د روانشناسی مشاوره.




١٣. دەروونناسی ڕەخنەیی: Critical psychology دەروونناسی ڕەخنەیی بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە خودی زانستی دەروونناسی. دەروونناسە ڕەخنەگرەکان سەیری چۆنیەتی گۆڕانکاری و پەرەسەندنی پراکتیکی دەروونناسی دەکەن بەدرێژایی ڕەوتی سروشتی کات و هەوڵئەدەن هەر ڕەوتێکی پەیوەندیدار دەستنیشان بکەن کە ڕەنگە سوودی بۆ بوارەکە هەبێت. ع علم النفس النقدي N Kritisk psykologi د روانشناسی انتقادی.




١٤. دەروونناسی ڕەفتاری: Behavioral psychology ئامانجی دەروونناسی ڕەفتاری تێگەیشتنە لە بنەڕەتیترین شێوەی ڕەفتاری مرۆڤ. مەبەستی دەروونناسانی ڕەفتاری تێگەیشتنە لە هۆکاری ڕەفتارەکانی مرۆڤ و ئەوەی کە ئاوەز چۆن پەیوەندی بە ڕەفتارەوە هەیە. ئەم جۆرە لە دەروونناسی ڕەنگە باشترکردنی ڕەفتارە نەرێنییەکانی وەک ئالوودەبوون لەخۆ ئەگرێت. ع علم النفس السلوكي N Atferdspsykologi د روانشناسی رفتاری.



١٥. **دەروونناسی ڕەوشت:** Moral psychology بوارێکی توێژینەوەیە لە فەلسەفە و دەروونناسیدا. هەندێک زاراوەی «دەروونناسی ڕەوشت» بە واتایەکی تارادەیەک بەرتەسک بەکار ئەهێنن، واتە تەنها بۆ ئاماژەکردن بە لێکۆڵینەوە لە پەروەردەی ڕەوشت. بەڵام هەندێکی تر لایان وایە ئەم زاراوەیە ئەبێ بە شێوەیەکی فراوانتر بەکار بهێنرێ، بۆ ئەوەی هەهەموو ئەو بابەتانە بگرێتەوە کە بە شێوەیەک ئامێتەی ڕەوشت و دەروونناسی و فەلسەفەی دەروونین. هەندێک لە تەوەرە سەرەکییەکانی ئەم کەوشەنە بریتین لە: بڕیاردانی ڕەوشتی، پازەی ڕەوشتی، هەستیاریی ڕەوشتی، بەرپرسیارێتی ڕەوشتی، پاڵنەری ڕەوشتی، ناسنامەی ڕەوشتی، کردەوەی ڕەوشتی، پەروەردەی ڕەوشتی، فرەچەشنی ڕەوشتی، کەسایەتی ڕەوشتی (بەتایبەت ئەو لانەی پەیوەندی بە ڕەوشتی کەبارەوە هەیە). خۆبەخشی، خۆپەرستی دەروونی، بەختەوەری ڕەوشتی، دووربینی ڕەوشتی، وروژاندنی ڕەوشتی، دووربینی سۆزداری، ناکۆکیی ڕەوشتی. ع علم النفس الأخلاقي N Moralpsykologi د روانشناسی اخلاق.










١٦. **دەروونناسی ژینگە:** Environmental psychology دەروونناسی ژینگە بریتییە لە لێکۆڵینەوەی پەیوەندی نێوان ژینگەکان و ئەو کەسانەی کە لەناویاندا ئەژین و کارلێک ئەکەن. هەروەها دەروونناسانی ژینگە ئەیانەوێت لەوە تێبگەن کە چۆن ڕەفتاری مرۆڤ کاریگەری لەسەر ئەو ژینگەیە هەیە کە تێیدا ئەژین، لەم داڕەتەدا ژینگەیەک ئەتوانێت سروشتی یان قۆناغبەندی بێت. زۆرێک لە دەروونناسانی ژینگە لەوانەیە لەگەڵ دەزگاکانی حکومەت

کۆببنەوە بۆ یارمەتیدانی پەرەپێدانی پلان و ڕامیاری پەیوەست بە ژینگە ع علم نفس بيئي N Miljøpsykologi د ڕوانشناسی محیطی.




١٧. دەروونناسی سەربازی: Military psychology دەروونناسە سەربازییەکان لە شوێنە سەربازییەکان و لەگەڵ کارمەندانی سەربازی کار ئەکەن بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری وەک چارەسەرکردنی نەخۆشییە دەروونییەکان. هەروەها لەوانەیە سەربازەکان لەگەڵ ژیانی شارستانی بگونجێنن و، یارمەتی ئەو کەسانە بدەن لە ماوەی سەربازید بتوانن باشتر بەرگەی فشاری دەروونیدا بگرن. زۆرێک لە دەروونناسە سەربازییەکان یارمەتی پەرەپێدانی ستراتیژییەکانی سەقامگیربوون ئەدەن و کۆمەکی سەرکردەکان ئەکەن چۆن پاڵنەر بۆ سەربازەکان بەدی بهێنن و لەگەڵ ئەو کەسانەدا کار ئەکەن کە لەوانەیە تووشی ناسازی سۆزداری ببن. ع علم النفس العسكري N Militær psykologi د ڕوانشناسی نظامی.




١٨. دەروونناسی فێرگە: School psychology دەروونناسانی فێرگە لە شوێنی فێرگەکاندا کار ئەکەن بۆ یارمەتیدانی منداڵان. لەوانەیە ئەو پرسانەی کە پەیوەندییان بە ژینگەی کۆمەڵایەتی و ئەکادیمی و ڕەفتارەکانەوە هەیە هەڵسەنگێنن و چارەسەریان بکەن. دەروونناسانی فێرگە

پلان دائەڕێژن شانبەشانی مامۆستایان، دایک و باوک و فەرمانبەرانی کارگێڕی تر بۆ چارەسەرکردنی هەر دۆخێک کە خوێندکارێک تێی کەوتبێ و کێشەی تایبەتی پەیدا کردبێ. یەکێک لە ئامانجەکانی دەروونناسی فێرگە بریتییە لە دروستکردنی ژینگەیەکی فێرکردن و پەروەردە کە سوودمەند و بەرهەمدار بێت بۆ هەمووان. ع علم نفس المدرسة N Skolepsykologi د روانشناسی مدرسه.




١٩. دەروونناسی کۆگنێتیڤ: Cognitive psychology دەروونناسی ناسین، دەروونناسی ڕیشەناسی و پەیوەندیدار زانستێکە لە ڕەوتی زانیاری لە مێشکدا، وەک سەرنج، تێگەیشتن، یادگە، زمان، شیکارکردنی پرسگر، داهێنان و پازە ئەتوێژێتەوە و بریتییە لە تێگەیشتن لە چۆنیەتی بیرکردنەوەی مرۆڤەکان. ڕەنگە لێکۆڵینەوە لەوە بکەن کە چۆن مرۆڤەکان بڕیار ئەدەن و کێشەکان چارەسەر ئەکەن، بەڵام ئەتوانن بەدواداچوون بۆ بابەتەکانی دیکەی وەک گەشەکردنی زمان، یادەوەری و تێگەیشتن بکەن. دەروونناسی ناسین هەروەها لێکۆڵینەوە لە کەمتواناییِ فێربوون ئەکات. زیاتر لەوەی جەخت لەسەر واز و نیاز و ورووژان بکات، لەسەر ئەوە ئەوەستێ کە مرۆڤ بە چ شێوەیەک زانیاری بەدەست ئەهێنێ و لێکی ئەداتەوە و لە چارەسەری کێشەکاندا سوودی لێ وەرئەگرێ. بەپێچەوانەی دەروونناسی ئاسایی جەخت لەسەر وروژان و هەستیاری و ناکۆکییەکان ناکات، بەڵکوو لەسەر بناغەی ڕەوتی ئەو ئەندێشانەیە کە ئاگامان لێیان هەیە یان بە ئاسانی ئەتوانین لێیان ئاگادار ببین. ئەم شێوازە دژی تیۆری فێربوون ئەوەستێتەوە، کە ژینگەی دەرەکی بە

هۆکاری سەرەکی ڕەفتار دائەنێ. ڕوانگەی کۆگنێتیڤ بیر و شێوازەکانی چارەسەری ئێستەی لا گرنگە تا مێژووی کەسی. [ع] علم النفس المعرفي [N] Kognitiv psykologi [د] ڕوانشناسی شناختی.












٢٠. دەروونناسی کۆمەڵایەتی: Social psychology دەروونناسی کۆمەڵایەتی بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و چۆنێتی کاریگەری و کاریگەری دوولایەنەی نێوان گرووپەکان. هەروەها تێگەیشتن لە چۆنیەتی هەڵسوکەوتی ئەوانە ئەگرێتەوە لە دۆخە کۆمەڵایەتییە تایبەتەکاندان. دەروونناسێکی کۆمەڵایەتی لەوانەیە هەڵوێست و شێوازی پەیوەندیکردن و جۆرەکانی تری ڕەفتار وەک شەرەنگێزی هەڵسەنگێنێت. [ع] علم النفس الاجتماعي [N] sosial psykologi [د] ڕوانشناسی اجتماعی.












٢١. دەروونناسی کۆمەڵگا: Community psychology دەروونناسانی کۆمەڵگا لێکۆڵینەوە لە پرسە تەندروستییەکان ئەکەن بۆ پەروەردەکردنی کۆمەڵگا و دروستکردنی بەرنامە تا یارمەتیدەر ئەبن لە ڕێگریکردن لە کێشەکان. دەروونناسە کۆمەڵایەتییەکان لە فێرگە، ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان، ڕێکخراوە خێرخوازییەکان و دەزگاکانی حکومەتدا ئەبینرێن. یەکێک لە

سەرنجە سەرەکییەکانی دەروونناسی کۆمەڵگا باشترکردنی کۆمەڵگا و ئەو کەسانەیە کە تێیدا ئەژین. ع علم نفس المجتمع N Samfunnspsykologi د روانشناسی جامعە.












٤٢. دەروونناسی کەسایەتی: Personality psychology دەروونناسی کەسایەتی بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە کەسایەتی تاک و چۆن ئەتوانێت کاریگەری لەسەر ڕەفتارەکانی هەبێت. لەوانەیە ئەم دەروونناسانە هەوڵ بدەن لەوە تێبگەن کە چ هۆکارێک، ئەگەر هەبێت، کاریگەری لەسەر ئەو کەسایەتیانە هەیە کە هەمانە؛ چۆن کەسایەتیمان ڕەنگە کاریگەری لەسەر تواناکانی بڕیاردانمان هەبێت و، ئەگەر تایبەتمەندی کەسایەتی هەبێت کە پەیوەست بێت بە تێکچوونی تایبەتەوە ع علم نفس الشخصية N personlighetspsykologi د روانشناسی شخصیت.












٤٣. دەروونناسی گشتی: General Psychology وەک بنەمایەک بۆ دروستکردنی یەکگرتوویی لە نێوان پسپۆڕییە جیاوازەکانی دەروونناسیدا پێناسە ئەکرێ، کە چەندین ڕوانگە لە بەشە لاوەکییەکان لە توێژینەوە و تیۆری و پراکتیکدا تێکەڵ ئەبن. وەک لێکۆڵینەوەیەک لە بنەما و شێوازە بنەڕەتییەکانی دەروونناسی، دەروونناسی گشتی هەموو بوارەکانی

دیکەی دەروونناسی ئەگرێتەوە.

هەروەها دەروونناسی گشتی ئەتوانێت لێکۆڵینەوە لە زانستە ڕەفتارییەکان لەخۆ بگرێت. زانستە ڕەفتارەکان کار لەسەر کردار و ڕەفتارەکانی مرۆڤ لە بواری دەروونناسیدا ئەکەن. [ع] علم النفس العام [N] Generell psykologi [د] ڕوانشناسی عمومی.




٢٤. دەروونناسی گەشەکردن: Developmental psychology دەروونناسی گەشەکردن سەرنج ئەخاتە سەر تەمەنی مرۆڤ و ئەو ڕەفتار و زمان و کەمئەندامیانەی کە لەوانەیە لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیاندا سەر هەڵ بدەن. لە کاتێکدا ڕەنگە هەندێک لە دەروونناسانی گەشەکردن سەرنجیان لەسەر قۆناغێکی دیاریکراوی ژیان بێت، وەک منداڵی یان هەرزەکاری، هەندێکی تریش لێکۆڵینەوە لە هەموو تەمەن ئەکەن. دەروونناسانی گەشەکردن چەندین ئەرک ئەنجام ئەدەن، لە دەستنیشانکردنی دواکەوتنی گەشەکردن لە منداڵاندا تا لێکۆڵینەوە لە پرسەکانی پیربوون. [ع] علم النفس التنموي [N] Utviklingspsykologi [د] ڕوانشناسی رشد.




٢٥. دەروونناسی منداڵان: Child Psychology یارمەتی دایک و باوک ئەدات

کە منداڵەکەیان و پێداویستییەکانی باش بناسن. بۆ ئەم مەبەستەش ئەم لقەی دەروونناسی لە هەموو ڕەفتارە هۆشیار و نائاگاکانی منداڵ ئەکۆڵێتەوە و هەڵیان ئەسەنگێنێت. بە باشتر تێگەیشتن لە هەست و کەسایەتی منداڵ، دایک و باوک ئەتوانن یارمەتی و ڕێنمایی کاریگەرتر پێشکەش بکەن. یەکێک لە سوودەکانی وەرگرتنی یارمەتی لە دەروونناسی منداڵان ناسینەوەی بەهرە و لێهاتووییەکانی منداڵە، نەک بۆ سوودوەرگرتن و خۆبادانی دایک و باوک، بەڵکوو بۆ خستنە سەر ڕێگەی ڕاستی منداڵ لە پێناوی پەروەردەیەکی دروست و داهاتوویەکی گەش بۆ خودی منداڵەکە. ع علم نفس الطفل N Barnepsykologi د روانشناسی کودک.

**٣٦. دەروونناسی نۆرینگە:** Clinical psychology دەروونناسی نۆرینگە کە پێی ئەوترێت دەروونناسی یان دەروونناسی نائاسایی، بریتییە لە لێکۆڵینەوە و چارەسەرکردنی نەخۆشییە دەروونییەکان. دەروونناسی نۆرینگە پلانی چارەسەرکردن بۆ نەخۆشەکان دابین ئەکەن.

دەروونناسی نۆرینگە بوارێکی بەکارهێنراوی بەرفراوانە کە پزیشکان لە زۆر شوێندا کارئەکەن، لەوانە نەخۆشخانەکان، نۆرینگەکانی تەندروستی دەروونی و تەنانەت نۆرینگە تایبەتەکانیش. ڕەنگە دەروونناسە نۆرینگەییەکان پسپۆڕ بن لە دیموگرافیایەکی دیاریکراودا، وەک پێشمەرگە دێرینەکان یان بەساڵاچوان، یان هەندێک جۆری نەخۆشی دەروونی، وەک تێکچوونی بەکارهێنانی هێسنە هۆشبەرەکان. ع علم النفس السريري N Klinisk psykologi د روانشناسی بالینی.















**دەروونناسی سێ ڕەهەندی:** three_dimensional psychology.

**دەروونناسی لە کاتدا:** psychology in time.

**دەروونەخۆشناسانە:** psychopathological.

**دەروونەخۆشیناسی:** psychopathology.

**دەروونەخۆزانی:** psychopathology دەروونناسی خەسارناسی سایکۆپاسۆلۆجی، دەروونەخۆشیناسی، لێکۆڵینەوەی زانستێ لەسەر نەخۆشییە دەروونی یان تێکچوونەکان؛ تایبەتمەندییەکانی تەندروستێ دەروونی جەماوەر کە بەکۆمەڵ لەبەرچاو دەگیرێن. ع علم النفس المرضي N psykopatologi د آسیب شناسی روانی.








**دەرووی ئەهریمەن:** Devil's Doorway فیلم فیلمی وێستێرنی ١٩٥٠ی ئەمریکایی، دەرهێنانی ئانتۆنی مان.








**دەرقەت:** resistance ناو باشار، پێوەستان، دەرووەست، دەسەڵات، شیان، تاوی بەرهەڵستێ. ع صمود، صمود N motstand د تاب مقاومت، ایستادگی.

: ئەوەندەی زانی دەرەقەت نایەت، بۆی تێیتەقاند.

: ئەوە نەبێت هیچ شتێک دەرەقەت ئەو گەرمایە نایەت.

**دەرەک:** ❶ ناو دۆزەخ، دۆزە، جێگەی نەزانراو. :

گوێ لە واعیز مەگرە، شەو تەک و تەنها وەرە لام

ڕۆژی مەحشەر بە مە گەر بم خەنە دۆزەخ بە **دەرەک**

حاجی قادر

**دەرەک:** ❷ gendarmerie ناو جەندەرمە، پۆلیسی دەرەوەی شار؛ جەندرمە هێزێکی سەربازییە کە ئەرکی جێبەجێکردنی ڕێسای لە نێو خەڵکی شارستانیدا هەیە. ڕیشەناسی زاراوەی جەندارم هێ سەدەکانی ناوەڕاستی فەرانسەیە ولە gens d'armes وەرگیراوە، بە واتای «پیاوە چەکدارەکان»، یان «پۆلیسی گوندنشین». ع الدرک N gendarmeri د ژاندارمری.

**دەرەکی شاهانەی مەراکۆ:** The Royal Moroccan Gendarmerie یان جەندرمەی شاهانەی مەراکو، هێزی جەندرمەی نیشتمانی شانشینی مەراکۆیە، لە ژێر دەسەڵاتی هاوبەشی سەرۆکی حکومەت و بەرپرسی بەڕێوەبردنی هێزی بەرگری نیشتمانی و وەزیرخانەی ناوخۆ و وەزیری دادا بەڕێوە ئەچێ. ع الدرک الملكي المغربي N Det kongelige marokkanske gendarmeriet د ژاندارمری سلطنتی مراکش.



**دەرەلنگ:** پۆشاک ناو دەلینگ، ئەو بەشە لە شەرواڵ کە بەلەکی یا

دائەپۆشیٚ.



**دەرەنگ:** clang دەنگەوشە ناو دەنگێکی کانزایی بەرز، دەنگدانەوە یان زنجیرەیەک دەنگ. ع قعقعة، صوت الكركي N klang د جرنگ E clanging.

**دەرهەست:** abstract ئاییننانسر دابراو، ناخۆیا، ئەبسترەکت، داماڵراو، ناپێتەو. ع تجريدي N abstrakt د انتزاعی.

**دەرهێڵ:** offline ئاوەڵکار ئاوەڵکار بەستراوە بە کەمپیوتەرەوە، بەڵام پەیوەندی بە هێڵێکی تۆڕی دەرەکی ئینترنێت و ئینترانێتەوە نییە. ⇦ **سەرهێڵ:** online ئاوەڵکار پەیوەندی بە هێڵێکی تۆڕی دەرەکییەوە هەیە. ع عبر الانترنت N på nett د برخط ⇦ **ژێرهێڵ:** underline ناو هێڵێک کە بەژێر شتێکدا ئەکێشریٚ وەک وشە یان ڕستە بۆ جەخت و دیاریکردن.




**دەریزان:** threshold ناو بەردەرگانە، ئاستانە، ئاستانەی دەرگا،

باڵشمە، چوارچێوەیەکی دار، ئاسن و بەرد بۆ چوونە ژوورەوەی ناو هۆدە **هێمایی** دەرگانەی چوونەژوورەوەی جیهانی نهێنی دۆست یان هاوسەر یان پێکهاتەیەک، ئەوسا کە نیێنییەکان ئەدرکێن و پەردەیان لەسەر هەڵئەدرێتەوە. ع عتبة N terskel د آستانە.




**دەزگا:** apparatus **بەڕێوەبەرایەتی** **ناو** ئامێرد، ئامێر، ئاپەراتۆس، دامودەزگا، تاقیگە. ع جهاز ادوات N apparater د دستگاه، آلت، جهاز. **تێبینی:** ئاپەراتۆس هەم دەزگایە و هەم دامودەزگایەکی تایەتی.

**ن:** ئاپەراتۆس ستۆدیۆیەکی دیزاینی نێوان ڕشتەییە لە نیویۆرک، لە پەیوەندییەکانی نێوان ڕووناکی و مۆبیلیات و کەرەستەکانی تری ژینگە دەکۆڵێتەوە.






**دەزۆ:** maiden **ئاوەڵناو** کچ، کێژێک کە پیاوی نەبینیوە، دەستلێنەدراو. ع عذراء N jomfru د باکرە.

**دەسارت:** mountebank دەسبژێ بازرگانی و کار و کەسابەتی بە فێڵ و دەهۆ N kvakksalveri ع دجل N mountebank د شارلاتانی، کسب حرام.

**دەساژۆ:** tamed ئاوەڵناو دەسمۆ، ڕام، کەوی، کەدی؛ ئاژەڵێک دەستەمۆ بووبێ و سڵ نەکاتەوە؛ دەست پیا هێنراو. ع ترویض N temmet د رام شده، دست مالیده.

**دەسبازی:** dalliance ناوی چاوگ هەوەسبازی، کایە، ڕابواردن، لاسلێدان، عیشقبازی، کەیف(کردن). ع مداعبة غزل N dalliance د مغازله، لاس زنی، هوسرانی.

**دەسبەجێ:** pronto ئاوەڵکار زوو، خێرا، کولۆگورج، ئازا. ع مبکرا N tidlig د زود. ن: پیتزا پرۆنتۆ دەسبەجی ئامادەیە!

**دەسبەسەر:** detention ناوی لێکدراو گرتنی کاتی تاوانبار و گومانلێکراو بۆ ماوەیەکی کاتی بۆ لێکۆڵینەوە و ڕوونبوونەوەی گرتن یان بەردان. ع احتجاز N fengsling د بازداشت E impounded.

← **گرتنگە:** Detention Center ناوی جێگا شوێنی گرتنی کاتی. ع مرکز التوقیف N Gjensittingssenter د بازداشگاه.

← **زیندان:** prison ناوی جێگا شوێنێکە بۆ ڕاگرتنی تاوانکار (مجرم) کە دادگا بڕیاری لەسەر داوە و سزای بۆ بڕیوەتەوە و بە تاوانکاری داناوە.

← **دەسبەسەر کردن:** impound ناوی لێکدراو دەسبەسەر ڕاگرتن، گرتن. ع حجز N beslaglegge د توقیف کردن، بازداشت.

**دەسپێچەنە:**❶ ناوی چاوگ ئەو برە خوریەی کە تەشیرێس لە جمگەی مەچەکی ئەهاڵێنێ، بۆ ئەوەی ئاسانتر بتوانێ تەشی بڕێسێ.

**دەسپێچەنە:**❷ ناو دەسرازە، ئەو پارچە پەڕۆ و ناسکە گوریسەی منداڵی لە ناو بێشکەدا پێ ئەبەستنەوە. ← کەسێک بیویستایەت پەسنی خۆی بکات و لە گورجوگۆڵی و هەقگری خۆی بدوایەت ئەیوت: «دایکم

دەسپێچەنەمی شل نەبەستگە!»





**دەسپێک:** initial ئاوەڵناو سەرەتای هەر شتێک. ⟵ **دەسپێکی ناو:** initial پیتی یەکەم ناو و ناسناو کە وەکوو پشتڕاستکردنەوەی واژۆ لە هەندێ لاپەڕەی پەروەندەیەکدا ئەنووسرێ.

**دەستئاوەڵا:** big_hearted ئاوەڵناو دەست کراوە، بەخشندە. ع کریم N storhjertet د سخاوتمند.
☜ ئاوەڵا ☜ دەستقووچاو ☜ دەستبڵاو








**دەستاژۆکەر:** conqueror ناوی فەرمان پەلاماردەر، هێرشکەر، داگیرکەر. ع محتل N erobrer د تسخیرکننده. ⟵ هێزی دەستاژۆکردن: conquering power.

**دەستایین:** cult ناو تیرەی ئایینی، پەرستە، پەیرەوانی کۆمەڵێکی توندڕەوی ئایینێکی ساختە یان ڕێکخستەی تێکەڵەیەک لە ئایینە گەورەکان، دواکەوتەی کەسایەتییەکی دیاری سەرهێز و فەرەوە. ع

مجموعة اجتماعية N gruppe د فرقە.

**دەستایینگەری:** cultism ڕێباز ناو تیرەباوەڕی، دەستایین باوەڕی. ع الطائفية N kultisme د فرقەگرایی.

**دەستبار:** two person lift ناوێکدراو دەسبار، هاوکاری، دووکەس دەست پێک بگرن و بارێک باوێنە سەر دەستان بۆ بارکردن. ع رفع شخصين N to personers heis د حمل دو نفرە.






**دەستبڵاو:** spend_thrift ناوێکدراو دەسشاش، ڕابوێر، باڵانی، کەسێکی تەخشانویەخشانکەر، هەڵەخەرج، کەسێکی پارە بەفیڕۆدەر. ع مبذر N bruke_sparsommelighet د ولخرج E lavish.

**دەستپێوەگر:** frugal ناوێکدراو پەزمەندە، ئابوور، کەمدەمر، لێزانی ئابووری بۆ دەستپوەگرتن لە بواری پارە و خۆراکدا. ع مقتصد N nøysom د مقتصد. ⇦ **ئەنوختە:** پاشەکەوت.












**دەستپێشخەری:**[1] initiative ناوی چاوگ پێشهەنگاوی، توانای هەڵسەنگاندن

و دەستپێکردنی کارەکان بە شێوەی سەربەخۆ N initiativ ع مبادرة د ابتکار عمل.

**دەستپێشخەری:**❷ ناوی چاوگ پێش کەسێک کەوتن لە ئەنجامی کارێکدا.
(من دەستپێشخەریم کرد لە بەخێرهێناندا).

**دەستپێشخەری:**❸ démarche ناوی چاوگ لە démarcher ـی فەڕانسەیی بە واتای هەنگاونان بۆ ئەنجامی کارێک، هەنگاوێکی ڕامیاری یان دەستپێشخەری و دەست پێش خستن لە بواری ئابووریدا.








**دەستپێک:** inaugural پەروەردە ئاوەڵناو دەسپێکی، سەرەتایی، سەرەتای دامەزراوە، چالاکی، یان ماوەی کارکردن. یەکەم دەسپێشخەری. ع الافتتاحي N innvielse د افتتاحیە، افتتاحی.

**دەستپێوەگرتن:** austerity پارێز چاوگی ئێپەڕ باریککردنەوەی ئابووری، سکگووشین، دەستپێوەگرتن، شێوازێکە لە زانستی ئابووریدا کە دەوڵەتەکان بۆ دابەزاندنی تێچووەکان و بەرەنگاری کەمیی بووجە، هەندێ ڕاژە و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی کەم ئەکەنەوە یان بە یەکجاری لائەبەن، هەندێ جاریش بە زیادکردنی باج یان وامی دەرەکی ئەو کارە ئەنجام ئەدرێ. ع تقشف N innstramminger د ریاضت اقتصادی.





**دەسپیسی:** embezzling تاوان ئاوەڵناو دزینی پارەی ئەمانت و نەشیاو. ع اختلاس N underslag د اختلاس.

**دەستخاڵە:** ئامێر ناو دەسکاڵە، جۆرێک داس.



**دەستدان:** competence, jurisdiction دادوەری ناوی‌لێکدراو شارەزایی دادوەری، دەستدان لە بواری ماف و دادوەری. ع اختصاص N kompetanse د خبرگی. G قانوونی

**تانەدان لە دەستدان:** disclaim the competence of the courti دادوەری نەمانی ڕەوایی دادگا. ع دفع بعد الاختصاص N fraskrive seg rettens kompetanse د سلب صلاحیت دادگاه. G قانوونی

**دەستدان بەپێی جێگا:** competence of a court ratione loci دادوەری ناوی‌لێکدراو تایبەتمەندی جێگەیی. ع اختصاص مكاني N kompetansen til en domstol ratione loci د اختصاص مکانی. G قانوونی

**دەستدانی ڕەها:** competence of a court ratione materiae دادوەری ناوی‌لێکدراو تایبەتمەندی لێهاتوویی دادگا. ع اختصاص مطلق N kompetansen til en domstol ratione materiae د اختصاص

مطلق. G قانوونی

⇦ **دەستدانی ڕێژەیی:** competence of a court ratione personae دادوەری ناوی لێکدراو تایبەتمەندی ڕێژەییانە. ع اختصاص نسبِي N kompetansen til en domstol ratione materiae د اختصاص نسبی.
G قانوونی

⇦ **کێشەی دەستدان:** conflict of jurisdiction دادوەری ناوی لێکدراو ململانێی دەسەڵاتی دادوەری. ع تنازع الاختصاص N jurisdiksjonskonflikt د تعارض دادگاهها. G قانوونی

**دەستڕاست:** The Gun fighter فیلم فیلمی وێستێرنی ١٩٥٠ی ئەمریکایی، دەرهێنانی هانری کینگ.






**دەستروسک:** clever ئاوەڵناو [دەست+تروسک] چالاک، گورجوگۆڵ، لۆتەر، ترووسک، قۆچاخ، بەچنگ.

**دەستڕەنگین:** handyman ناوی لێکدراو مرۆڤی هونەرمەندی بەهرەمەند لە چاککردنەوەی کەلوپەلی ناوماڵ و نۆژەنکردنەوەی کاری بچووک. ع عامل يدوي N altmuligmann د خوش دست.

**دەستسوور:** red_handed ئاوەڵناو گومانلێکراو، تاوانبارکراو، تۆمەتبار، شانئارداوی؛ مەبەست گرتنی کەسێکە لە کاتی ئەنجامی تاواندا. ع متلبس بالجريمة N på fersken د متهم. ☜ تاوانبار و تاوانکار

**دەسقووچاو:** stingy ئەدگار ئاوەڵناو ڕژد، دۆزەنە، چەکووس، چاونەزێر،

کەسێکە دڵی نایەت پارە بدات یان بەکار بهێنێ. ع خسیس N snål د خسیس. ☜ دەستئاوەڵا

ن: مێش بکەوێتە ناو دۆکەی، ئەیمژێ جا فڕێی ئەدات.

**دەستلێنەدراو:** ناوی‌لێکدراو شتێک ناتوانی دەستی لێبدەی E intangible.

**دەستم لێ مەدە:** Noli me tangere ئاییناسر «دەستم لێ مەدە.» یەکەم قسەی عیسایە بە مریەمی مەگدەلین، لە **ئینجیلی کوردی، یۆحەننا، بەشی ٢٠:١٧**دا هاتووە: «مەم گرە! هێشتا نەڕۆیشتووم بۆ لای باوک، بەڵام بڕۆ بۆ لای براکانم و پێیان بڵێ: من دەچم بۆ لای باوکم و باوکتان، خودام و خوداتان!».



**دەستنیشانکردن:** diagnosis چاوگی تێپەڕ ئێشناسی، نەخۆشیناسی، زانستی ناسینەوەی نەخۆشی. ع تشخیص N diagnose د تشخیص.

**دەستوور:**❶ behest ناو فەرمان، شێواز و ڕێپیشاندان، ئایین و پیودانگ، داب و ڕێچکە. ع توصیە N beordre د دستور.

**دەستوور:**❷ Constitution ڕێسا ناو کۆمەڵەی بنەما بنەڕەتییە ڕامیارییەکان یان پێشینەی دامەزراو کە بە هۆیەوە دەوڵەتێک یان ڕێکخراوێک بەڕێوە ئەبرێت ڕیشەناسی [دەست+ ـە+ وەر= دەستەبەر] دەست پێگەیە و وەر، خودانە. دەستەوەر ← دەستەبەر { ضامن} بووە و گۆڕاوە بە دەستوور. شێوەیەک لە کۆنسۆنانت میووتەیشێنی تیا ئەبینرێت. ع دستور N

grunnlov د قانوون اساسی.

**دەستووری:** Constitutional ڕێسا ناوی چاوگ کۆمەڵێک بیر و بۆچوونە لەسەر بناغەی بەندێکی گشتی کە قانوونیبوونی دەسەڵات بەستراوە بە کۆمەڵێک ڕێسای بنەڕەتییەوە. ڕژێمی دەستووریی باشارکراو و لە بەرامبەر ڕژێمی سەرەڕۆ absolute دا دێ. ع دستورية N Konstitusjonelle د مشروطە.

**دەستە:** faction ناو لق، تاقم لە ناو پارت و ڕێکخراو. ع فصيل N gruppe د فرقە. ⇐ **دووبەرەکی:** faction ناو لێ جیابوونەوە. ⇐ **دەستەگەری:** factionalism ناوی چاوگ.

**دەستەبەری بانکی:** Letter of guarantee ئابووری بەڵگەنامە یان نامەی گارانتی، بەڵگەنامەیەکی پشتیوانییە لە لایەن بانکەوە ئەدرێ، کە بە هۆیەوە بانک بەرپرس ئەبێ لەوەی پارەی ئەو کاڵا یان خزمەتە بژێرێ کە سەبارەت بە کۆمپانییەک ئەنجام ئەدرێ، ئەگەر خودی کۆمپانیاکە نەیتوانی ئەو پارەیە بدات. ع خطاب ضمان N garantibrev د ضمانت نامە بانکی.







**دەستەجڵەو:** ناوی لێکدراو یەتی لەغاوی وڵسات.

**دەستەچیلە:** kindling ناوی لێکدراو پووش، پووشوو، پووشکە، قانگەڵاشک، بناورە، چیلکە، چاوگە، ئاورگرە، کەرەستەی ئاگرکردنەوە. ع مادة

الحریق [N] tenning [د] آتش زنه.




**دەستەک:❶** roof wood [ناو] ئاڵوودار، داری دارەڕا، ئەو دارانەی لە خانوو داپۆشیندا دەکەونە سەر کاریتە. [ع] خشب السقف [N] takved [د] چوب سقف بر دیرک.

**دەستەک:❷** small irrigation runnel [ناو] [ناو] ریزە دێڕاوی ئاوداشتن، جۆرە جۆگەلەیەکی هەڵدراوەیە هێندێ سەوزی لەم بەر و ئەو بەری دەڕوێنرێ.

**دەستەک:❸** registry [ناو] پەڕاو، تێنووسی گەورە، پەڕاوی تۆماری زانیاری. [ع] کتاب التسجیل [N] registerbok [د] دفتر ثبت.



**دەستەکەوشە :** [ناوی لێکدراو] دەستەمستە، دەستگیرەی ئاموور لە کاتی جووتکردن‌دا هێزی ئەخەنە سەر بۆ ئەوەی گاسن باشتر ڕۆ بچێ و هەم فەرمانی ئاراستەی جووتە.






**دەستەڵە :** pitcher **ناو** گۆزەڵە، گۆزەی بچووک، دۆلکە، کەبوولە، کیل، دەفری سەر ئاواڵەی لێوداری گڵین یان شووشە بۆ ئاو. ٤ جرە N vannmugge د پارچ. ⟵ pitcher لە ئینگلیزی هەروەها بە یاریزانی هاوێژەری تۆپ لە یاری بەیس باڵ ئەوترێت.

    

**دەستەمۆ :** domesticated, tamed [ دەست+ ـە+ ئامۆ {ئامۆتن} ] فێرکراو، مالّیکراو. ن: وەک ئاژەلّی دەستەمۆیە، دەریشی بکەی، ناڕوات. [ع] المستأنسة، ترويض [N] domestisert [د] اهلی شده.

**ئامۆتن :** learn چاوگی تێنەپەڕ فێرکردن، بارهێنان. [ع] لیتعلم [N] lære [د] آموختن.

**دەستەندە :** negligible ئاوەڵناو خێر و بەخششی بچووک و کەمبایی، بڕێکی کەم و بچووک. [ع] تافه، قليل [N] triviell [د] ناچیز.

ن: گوتی: ئێوارە بازاڕێ وەرە ماچت دەمێ، نەمویست
هەڵۆی کوێستانی کوردستانم و ناژیم بە **دەستەندە**
هێمن

ن: بە تەشــی ڕێسی بە دەردیسەری ~ مالّی کۆ کردۆ بۆ ئاخری عەمری
پیرێژنێکی لات پیری کەفتەکار ~ قابیل خزمەتە ونەکە **دەستەندەخوار**
هیچ خەمت نەبێ گشتمان قەتارین ~ هەموو بەو دەردەی تۆ گرفتارین
مەلا ڕەسووڵی قەرە

ن: هەرچەنە تا ئێستاش ١٣٩ گوند هەر بە **دەستەندە** و ژەم و دەم ئاوی خواردنیان بۆ دەڕوات.
کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان

ن: دەرمان زۆر کەمە و بە **دەستەندە**.

ن: ڕامیارییەک کە لە سەر بنەمای برسیکردنی خەڵک بۆ بە **دەستەندە** خواردن و دواجار ملکەچ کردن داڕێژراوە.

**دەستەندەخۆر:** venal ئاوەڵناو ئەو کەسەی بە بەرتیلێکی سووکەڵە و کەمبایی خۆی ئەفرۆشێ، مرۆڤی چرووکی چاوبرسی، بەردەماوخۆر، چڵکاوخۆر، بەرتیلخۆری هەرزانبایی. ع مرتشی N venal د مرتشی.

**دەستەوا:** barter transaction ناوی لێکدراو وام، قەرد، بە قەرز وەرگرتن، شت بە شتێ وەک خۆی گۆڕینەوە؛ بەراوەردکاریی. ع صفقة المقایضة N byttehandel د بدهی، معامله پایاپای.

**دەستەوارە:** armful ناوی لێکدراو باری دوودەست، باوەشێک، ئەوەندەی مرۆڤ دەتوانێت بە هەردوو دەست ڕای بگرێت. ع مل ء الذراعین N armfull د یک بغل.

ن: دەستەوارەیەک نانی هێنا، بەشی سێ ڕۆژی ئەکرد.



**دەستەواژە:** phrase ڕێزمان ناو هەقۆک، فرەیز، یەکەیەکی زمانییە لە یەک وشە زیاتر پێک هاتبێ و چەمکێک بگەیەنێ. ع العبارة N uttrykk د عبارت. ☜ قاچێک بشکێنە

ن: شارگڕ، فەرمانی تەڕ، خاڵی سفری زەوی، لەپڕێکدا.

ن: هیوای سەرکەوتن: Break a legg ⟵ ئاسایی Good luck

ن: خەوم ئەهات: I nodded off ⟵ ئاسایی I fell asleep

ن: من شادمانم: I'm over the moon ⟵ ئاسایی I'm happy

ن: زۆر سەرم قاڵە: I'm swamped ⟵ ئاسایی I'm very busy

ن: لە کۆڵم بەرەوە: Give me a break ⟵ ئاسایی Live me alone

**دەستەوشار:** hand_pressed ناوی‌لێکدراو بەدەست گوشراو، میوەیەک کە بە دەست ئاوەکەی بگرن ناوی‌لێکدراو ع مضغوط بالید N håndpresset د دست افشار.

**دەستەوەرە:** hod ناوی‌لێکدراو [دەست+ ئە+ بەر+ ئە] ناوەی قورکێشان، دەفرێکی تەختەیە بۆ قوڕ و خۆڵ گواستنەوە. ع دلو أو حوض البنائین N hod د ناوه.



**دەستهەڵگرتن:** resignation ناوی‌لێکدراو وازهێنان، کارکەناری. دەست لەکارکێشانەوە. ع استقالة N oppsigelse د استعفا.

**دەستەی دووکەکان:** ناوی‌لێکدراو گەڕان_٧ ئەو بەشەی ئەندامانی ئاکادیمیای فەڕانسە کە پێگەی ئاریستۆکراتییان هەبوو.

**دەستێوەردان:** intervene چاوگی‌تێپەڕ بەشداریکردن لە شتێکدا بۆ ئەوەی ڕێگری لە ئەنجامی کارێک بکرێ یان ڕێرەوی ڕووداوەکان بگۆڕێ؛ خۆتێهەڵقورتاندنم. ع التدخل N gripe د مداخله E interfer.

ن: هەڵسوکەوت لە دەرەوەی دەسەڵات، دەستێوەردانە لە ناکۆکیەکەدا.

**دەستێوەردەر:** interventionist ناوی‌لێکدراو ناوی‌کارا لایەنگری بەشداریکردن لە شتێکدا بۆ ئەوەی ڕێگری لە ئەنجامی کارێک بکرێ یان ڕێرەوی ڕووداوەکان بگۆڕێ؛ لایەنگری دەستوەردان لە کاروباری وڵاتانی تر؛ خۆتێهەڵقورتێنەر. ع متداخلة N intervensjonist د مداخله جو.

**دەستی:** handheld ئاوەڵناو ئامێری دیزاینکراو بۆ ئەوەی بەدەستەوە بگیرێ و کاری پێ بکرێ. ع محمول باليد N håndholdt د دستی.

ن: کەمپیوتەری دەستی، تەلەفۆنی دەستی، یاری دەستی.




**دەسخەڕۆ:** deceived ئاوەڵکار خەڵەتاو، فریودراو. ع مخدوع N bedratt د فریب خورده.

**دەس درووس:** ❶ ئاوەڵکراو دەس ساز، دەستکرد.

**دەس درووس:** ❷ ئاوەڵناو مرۆڤی دەستپاک و بەویژدان.

**دەسرۆکە:** پۆشاک ناو چارۆکە؛ دەسرێ بچووک.





**دەس سرەواندن:** چاوگی تێنەپەڕ راوستان لە کار، دەست لەکارکێشانەوە.

⇐ **تێسرەواندن:** چاوگی تێنەپەڕ وەشاندن، لێدان.

⇐ **سرەواندن:** چاوگی تێپەڕ لێدن، وەشاندن.

⇐ **تێسرەواندن:** چاوگی تێپەڕ لە یەکێکدان، وەشاندن.

**تێسرەوان:** چاوگی تێپەڕ تێسرمان.

**دەسری ڤێرۆنیکا:** veil of Veronica ئایینناسی کاتێ بردنی عیسا بەرەو خاچ، ژنێک بە ناوی ڤێرۆنیکا، دەسرێک ئەدا بە عیسا تا لێژکی ڕوخساری بسڕێتەوە. وەک ئەگێڕنەوە و لە باوەڕی ئایینی فەلەدا هەیە، نەخشی ڕوخساری عیسا بە دەسرەکەوە ئەمێنێتەوە.

**دەسک:** ناو ئەو گوڵە گەنم و جۆیەی لە دەمی داس هەڵئەوەرێ، قەڵاس، داسووکە ڕێزەفەق دەسکچن، دەسک چنینەوە، دەسکەوان.

**دەسکەوان:**❶ mortar and pestle ئامێر ناو سندۆڵ، ئاوەن و دەستە، دەسکاوەن، دەسک و ئاونگ، ئاوەن و دەسکەوان، هاوەن، هەوەنگ. دەفرێکی قووڵی شێوە کوپە لە هێسنی ڕەق دروستکراوە، دەنکی ڕەقی وەکوو قاوە و چێژەمەنی تێدا ورد ئەکرێ و ئەهاڕدرێ، بە تایبەتی لە ئاشپەزخانە و دەرمانسازیدا بەکاردێت و، کراوە بە بەرژەنگی دەرمانخانە. ع هاون، مدقة يد الهاون N mørtel د هاون E pounder.




**دەسکەوان:**❷ ناوی لێکدراو قەڵاسچن، ئەو کەسانەی بەدوای درووێنەواندا گوڵە گەنم یان جۆی لەداس بەجێماو، واتە دەسک یان داسووکە کۆئەکەنەوە.

**دەسکورت:** penurious ئاوەڵناو ئاتاج، ئەرامەندە، بەلەنگاز، بێئەنوا، تێماو، بریتییە لە مەردومی نەدار. ع فقير N penurious د دەست تنگ، بیچارە.

**دەسکیس:** informer ناو دایکەدزە، پاپی، دزدەسەک، سیخوڕ و هەیتەی دز. ع مخبر N angiver د خبر رسان.

**دەسکیسی:** espionage ناوی چاوگ سیخوڕی، بەدی، پاپی، زمانگێڕ، نهێنبەر. ع تجسس N spionasje د جاسوسی.

**دەستگیرۆیی:** subsidy ناوی لێکدراو یارانە، باربوو، یارمەتی دەسەڵات بە بەرهەمهێنەر و بەکارهێنەرانی کاڵای بنەڕەتی و خزمەتگوزاریی گشتی وەکوو نانەوا و تاکسی، بۆ بەرگری لە بەرزبوونەوەی نرخی ئەو کاڵا و خزمەتگوزارییانە. ⇦ پێویستە ئماژە بەوە بدرێ کە لە وڵاتانی جیهانی سێیەم، دەسەڵاتی سەرەڕۆ و دز، یارانە بۆ چاولەبەرکردنی هاوڵاتی بەکار ئەهێنێ، نەک بۆ یارمەتیدانیان. ع دعم مالي N subsidie د یارانە، مساعده مالی.










**دەستەی سپارتی:** Spartan group دامەزراو بە دەستەی ڕێکخراوی تۆکمە و خاوەن بڕوا ئەوترێ. زۆر کۆمپانیا و خزمەتگوزاری بانک و ئینترنێت کە کاریان پاراستنی ئابووری و سەربازییە، ئاماژە بە هێزی سەربازی سپارتای دێرسی ٤٠٠ پ.ز ناوی خۆیان ناوە گرووپی سپارتی.

**دەسکەلا:** mercenary ناو دارەدەست، وەشکەر، کارساز، کەسێکی دارەدەست بۆ مەبەستی خۆیان بەکاری ئەهێنن. ع عمیل N leiesoldat د الت دست.

**دەسکەوت:** achievement ناوی‌لێکدراو بەدەستهاتوو؛ کارێک کە بە هەوڵ و بوێری و لێهاتوویی سەرکەوتوانە ئەنجام دەدرێت. ع انجاز، تحصیل N oppnåelse د دستاورد.

**دەسگرۆیی:** ناوی‌فەرمان بابوو، یارمەتیدان.

**دەسە:** دوو لا کە ئەکاتە دە دانە گوێز لە ناو دوو لیی دەست. **هەزار:** گەورەترین پێوانە بۆ گوێز ژماردن کە ئەکاتە سەد دەستە.

**دەسەڵاتی ڤیشی:** Vichy government کۆمەڵناسی یان فەرەنسەی ڤیشی بە حکوومەتی فەرەنسەی مارشاڵ پێتەن لە ساڵانی نێوان ١٩٤٠ تا ١٩٤٤ واتە ئەو ساڵانەی کە ئەم وڵاتە لە لایەن دەوڵەتی ئاڵمانی هیتلەریەوە داگیر کرابوو ئەوتری، کە ملکەچ و دەسکەلای ئاڵمانی داگیرکەر بوو.








**دەسەندە:❶** tipping ناو بەخشش. ع البقشیش N tipping د انعام دادن.

**دەسەندە:❷** installment ناو قەرزدانەوە بە بەش بەش. ع القسط N avdrag د اقساط.

**دەسەندە:❸** small bribe ناو بەرتیلی سووکەڵە و کەمبایی. ع رشوة صغیرة N liten bestikkelse د رشوه کوچک.

**دەسەندەخۆر:** venal ناوی لێکدراو ئەو کەسەی بە بەرتیلێکی سووکەڵە و کەمبایی خۆی ئەفرۆشێ، مرۆڤی چرووکی چاوبرسی. ع مرتشی N venal د مرتشی.

**دەشۆ:** scurrile ئاوەڵناو دەمهەراش، تێنەوەستاو. ع فحاش N skurre د فحاش.

**دەعبا:** insect زیندەوەرزانی زندی، مێروو، جرووجانەوەر، گیانەوەرێکی بچووکی لە گەناوەر گەورەترە، بە زۆری شەش قاچ ودوو باڵی هەیە. ع حشرة N insekt د حشرە. ⟵ گەناوەر ئەکاتە bug.



**دەعەجانین:** metamorphosis چاوگی تێنەپەڕ دگەرشێوە، شێوەگۆڕان، پەرەسەندن لە بیچمێکی گەوهەرییەوە بۆ بیچمێکی تر، وەک گۆڕانی کەوچکە قوڵە بۆ بۆق. ع مسخ N metamorfose د مسخ، دگردیسی.




**دەعەجانینی جادوویی:** transmogrify ناوی فەرمان ترانس مۆگریفای، گۆڕان بە شێوەیەکی هەڕەند یان ئەفسووناوی. ع تحول الشکل N

transmogrifi [د] دگرپیکری.










**دەغەزار:** [ناوەڵناو] گیاندار و درەختێ لاواز و لەڕ.

**دەفری باڵندە:** UFO [زانست] یوفۆ، ئەرابەی باڵندە، جۆرە کەشتییەکی باڵندەی سەمەرەیە، لە هەندێ وڵات، ئەڵێن، بینیویانە و زۆر کەس پێیان وایە لە جیهانێکی غەوارەی دەرەکییە هاتوون. زۆر فیلمی سینەمایی و بەڵگەیی سەبارەت بە یوفۆ ساز کراوە. بەڵام لە ڕوانگەی زانستییەوە، تا ئێستە بوونیان لە سەر زەوی نەسەلمێنراوە. بۆی هەیە وڵاتانی جیاواز پرۆژەی زانستی لەو بابەتەیان هەبێت. [ع] جسم غامض [N] UFO [د] بشقاب پرنده.











**دەفری یەکجار:** disposable [ناوی لێکدراو] یەکجاری، قاپ و ئامان و شمەکی وەها کە بۆ یەک جار بەکارهێنان دروست کراوە و پاش بەکارهێنان، فڕێ ئەدری. [ع] للاستعمال لمرة واحدة [N] Engang [د] یک بار مصرف.




**دە فەرمان:** Ten Commandments ناوی لێکدراو لە تەوراتدا هاتووە کە مووسا لە سەر کێوی سینا لە نیمچەدوورگەی سینا لە باکووری ڕۆژهەڵاتی میسر هەڵبژێررا بۆ پەیامبەری و خوا بەردی دە فەرمان یان دە قانوونی پێ دا.




**دەقبەردای:** The Dropout ناوی چاوگ کەسێک کە وازی لەکارێک هێنابێ، بە تایبەت خوێندکاری زانکۆ کە پێش ئەوەی خوێندنەکەی تەواو بکات، زانکۆ جێ ئەهێڵێ زنجیرە The Dropout یان دەقبەردای، زنجیرەیەکی زانستی تلەڤیزیۆنییە کە بەسەرهاتی کچێکی دەقبەردایە. ع متسرب N frafallet د ترک تحصیل کردە. ☜ گوڵی ژیان ☜ بازنەی یەکبڕ



**دەقەر:** Environment ناو دۆرمادار، دۆر، فەراگەرد، کشتوکەنار، دەوروبەر، ناوچە، پەراوێز، ئەو نەواقەی کە مرۆڤ یان ئاژەڵ یان گیا تێیدا ئەژی N Miljø ع بیئة د محیط ← **چێوە:** perimeter ناو پەراوێزی بازنە N omkrets ع محیط د محیط.

**دەق:❶** stiff ناو یەخە و کووتاڵی کەتیرەلێدراو یان ناواخنداری ساف و بێ چرچ و لۆچ. ع صلب N stiv د آهار زدە.



**دەق:❷** Text ویژە شێواز ناو شێوازێکی زمانە کە هیچ پێوەرێکی ئەندازەیی ستراکچەری نییە. گوتن و قسەکردنی ئاسایی ئەگرێتەوە و پەیڕەوی تەنها لە پێکهاتەی رێزمانی ئەکا، نەک شێوازی ئاواز و کێش و سەروا، وەک لە نەریتی هۆنراوەدا هەیە. ئاخاوتنی رۆژانە بە شێوازی دەق دەرئەبڕدرێ، مرۆڤ بیر ئەکاتەوە و بە شێوازی دەق ئەینووسێ.

**دەق:❸** Text ویژە ناو پەرتووک یان هەر بەرهەمێکی نووسراو یان چاپکراو، لە روانگەی ناوەرۆکەوە، نەک قەبارەی فیزیکی ئەو بەرهەمە. ٢} بەشی سەرەکی پەرتووک یان هەر نووسراوێکی تر، جیاواز لەیادداشت و پەراوێز و پاشکۆ و وێنەکانی.

**دەقاق:** کیمیا ناو ئاش، گیراوەی نشاستە و کەتیرە یان جەوی کە ئەدرێ لە کووتاڵ یان کاغەز، رەپ و لووسی ئەکا.



**دەقاودەق:** literally ئاوەڵکار واتایی، کتومت، بە واتای ڕاستەقینەی وشە. ع حرفیا N bokstavelig د عینا، بە معنای واقعی کلمە.

☜ وشەبەوشە: verbatim

← **هێمایی:** figurative ئاوەڵناو نیشانەیی، سەمبۆلیک، بەکارهێنان بەواتایەکی جیاواز لە واتای سەرەکی، کەشی ئینترنێت بە کەشی هێمایی دائەنرێ ع مجازی N figurativ د مجازی E figuratively.

**دەقاوێزانی:** intertextuality زمانەوانی بەدیهاتنی واتای دەقە لە لایەن دەقێکی ترەوە. ئەمە ئەتوانێ ببێتە هۆی وەرگرتن و چەرخەگۆڕانی دەقێکی تر، یان ڕاسپاردنی خوێنەر بۆ دەقێکی تر. زاراوەی Intertextuality کە بە کوردی دەقاوێزانی لە جێ دانراوە، لە کاتی داهێنانی لە لایەن ژولیا کریستیڤا Julia Kristeva لە ١٩٦٦ـەوە زۆر جار گۆڕاوە و بە قەرز وەرگیراوە.

دەقاوێزانی بە واتای بەدیهاتنی دەقێکی نوێیە لەسەر بناغەی دەقی هاوچەرخ یان دەقی کۆنە، بە شێوەیەک کە دەقە تازەکە ببێ بە چڕبوونەوەی کۆمەڵێک دەق، تا ئەو ڕادەیەی سنووری نێوانیان کاڵ ببێتەوە و پێکهاتەکەی ببێ بە فۆرمێکی نوێ، بە شێوەیەک، کە لە دەقە پێشووەکە جگە لە هێسنەکەی نەمێنێتەوە و، ناوەرۆکەکەی لە دەقە نوێکەدا بشاردرێتەوە و تەنها کەسانی پسپۆڕ توانای ناسینەوەیان هەبێ.

یەکێک لە هەستیارترین و هەتەرترین مژارەکانی کەوشەنی ڕەخنەی دەق، پەیوەندی دەقاوێزانییە. مەبەست لە پەیوەندی دەقاوێزانی ئەوەیە کە هەموو دەقێک بە شێوەیەک ئەڕوانی بەسەر دەقی پێشوودا و کاتێک دەقێک ئەخرێتە بەرتوێژینەوە، سەرنجدان لەو پەیوەندییەی کە ئەم دەقانە پێکەوە هەیانە، گرنگە. بەردی بناغەیی تیۆری دەقاوێزانی ئەوەیە کە هیچ دەقێک بەبێ دەقی پێشوو ناگونجێ و دەقەکان بەردەوام لەسەر بناغەی دەقەکانی پێشوو بەدی دێنەوە.

دەقاوێزانی، سێ پاکڵەی سەرەکی هەیە: دەقی شاراوە، دەقی هەنووکە و پەیوەندی دەقاوێزانی. گواستنەوەی بڕە یان واتا لە دەقی شاراوە بۆ دەقی هەنووکە پێی ئەوترێ پەیوەندی دەقاوێزانی و، گرنگترین پاکڵەی تیۆری دەقاوێزانییە لە شیکردنەوەی دەقەکاندا. بەدیهێنانەوەی دەقی شاراوە لە دەقی هەنووکەیی بە سێ شێوەیە کە بە سێ ڕێسای دەقاوێزانی ئەناسرێن: ڕەتکردنەوەی بەشیی، ڕەتکردنەوەی هاوتەریب و ڕەتکردنەوەی دارماڵ.

گرنگترین ئامانجی دەقاوێزانی دۆزینەوەی نیشانە و شوێنەواری ئەرێنی دەقەکان لەسەر دەقێکە؛ چونکە دەقاوێزانی، تۆژینەوە و لێکۆڵینەوەی پەیوەندی نێوان دەقی هەنووکەیی و دەقەکانی ترە، بۆ یارمەتیدانی خوێنەر لە تێگەیشتنی قووڵتر و باشتری دەقێک د بَیناَمَتنیِّت N intertekstualitet ع التَّنَاصُّ، أو التعالق النصي.




**دەقل:** ئاوەڵناو تەم تمان، تەمتەمان، زەوی ڕەق.

**دەقی واڵا:** open text وێژە زمانەوانی ناوی لێکدراو یانیش دەقی ئاوێتە، ژانرێکی نوێی وێژەیی و شێوازێکی نووسینە کە کۆی هۆنراوە و چیرۆک و دەق و پەخشان و شانۆنامە و تەوزە و بگرە زیاتریش... خۆی تێدا دەرئەخا، هۆنەر و نووسەر ئەتوانی ئەسپی خۆی لە هەموو بوارەکاندا تاو بدا، ڕەنگە بەرهەمەکە لە ژانرێک یان دواندا زیاتر خۆی دەربخات، بۆیشی هەیە هیچکام لەوانە ژانری سەرەکی نەبن، هەرچەند پشکێکی گەورەش بۆ خۆیان تەرخان بکەن. یەکەم کەس ئومبێرتۆ ئێکۆ Umberto Eco ـی

ئیتالیایی لە ساڵی ١٩٦٢ـەوە کەوتە جیاکردنەوەی ئەندێشەکانی خۆی لە دەقی «کراوە»دا و زۆر وتاری لەم بارەیەوە نووسی، وەکوو Opera aperta کە وەرگێڕانی ئینگلیزییەکەی The Open Work یان بەرهەمی والّایە؛ لێرە دایە کە ئێکۆ ئەڵێ: «دەقی داخراو تێگەیشتنی خۆبەخۆی مرۆڤ بەرتەسک ئەکاتەوە، لەکاتێکدا ئەو دەقانەی کە لە نێوان ئەندێشە و کۆمەڵ و ژیاندا (دەقی والّا) چالاکترن، بەناوەرۆکتر و باشترن» åpen tekst N د نثر مفتوح. ع النص المفتوح.








**دەکلەمە :** declaim, recite ویژە ناوی فەرمان هونەری وتاردان و هۆنراوە خوێندنەوە بەگوڕوتین و وەک سروود وتن. ع تلاوة N lese opp د دکلمه.

**دەگ :** mast ناو کاریتە یان دیرەکی چارۆکەی کەشتی.




**دەگمەن:** seldom ئاوەڵناو ناوازە، نادر، کەم وێنە. ع نادرا N sjeldent د نادر. ن: بە دەگمەن بیرۆکەیەکی باشە. It's seldom a good idea

**ناوێزە:** special ئاوەڵناو هەڵاوێردراو، جەبە، جیاواز و تایبەتی نەک ئاسایی. ع شاذ N sjelden د استثنائی، شاذ.

**دەگە:** کار فیڵ، گزی.

**دەگەلێدان:** چاوگێتێیەر لە پشتەوە خەنجەر لێدان، فێڵکردنی ناجوامێرانە.

**دەلاقە:** vent ناو ڕۆژن، ڕۆچنە، کولاوکە، ڕۆژنە، دەربیچە. ع فتحة N vent د دریچە. کلاوڕۆژنەی سەربان.



**دەلاقەی دڵ:** peer of windows هێمایر ناوی لێکدراو دەستەواژە دەلاقەی ڕووژە، ڕۆۆژەگەرانی شارەزا بۆ تاشینی ڕووژە پێویستیان بە خاڵێکی دەسپێک هەیە تا ئەڵماسەکە بەجوانی بتاشن، ئەگینا بۆی هەیە ڕووژە درز ببات و پارچەپارچە ببێ. بۆیە ماوەیەکی باش لە شوێنە لێڵەکانی ڕووژەی خاو ورد ئەبنەوە تا دەلاقەیەک بدۆزنە کە دڵی ڕووژەی لێوە دیارە. ◀ ڕوانین و لێوردبوونەوەی هونەرمەندانە بۆ دۆزینەوەی دڵی ڕووژە، کارێکی دژوار و شیانستە لە پیشەی ڕووژە تاشیندا و تەنها ڕووژەگەری بەهرەمەند پێی ئەوێرێ و پێی هەڵئەستێ و پێی ئەوەستێ. ع نوافذ الأقران N peer_vinduer د پنجرە تعمق E raw diamond windows.







**دەلال :** endearing وەسپ ئاوەڵناو لەدڵنزیک، ڕیکەڵە، بەردڵ، بەردڵکەوتوو، شیرین، خوێنشیرین، خۆشەویست. [ع] التحبیب [N] kjærlig [د] دوست داشتنی.

**دەلمە :** mantle پۆشاک ناو باڵاپۆشی پێش ئاوەڵە، جبە، عابا. [ع] عباءة [N] mantel [د] شنل، مانتو.




**دەلوقەل :** sordid ئاوەڵناو سلسار، بێشەرم و حەیا، بەزمگێڕ، بێشۆ [د] وقح [N] kjipt [د] بی شرم.

**دەلی :** insane ئاوەڵناو سادار، دەلوو، شێت، دێوانە. [ع] مجنون [N] sinnsyk [د] دیوانە.

**دەڵاندن :** percolate چاوگی تێپەڕ دزەکردن، داچۆڕان، شلە یان گاز کە

وردە وردە لە ڕوویەکی کونکونەوە دائەچۆڕێ، جا بۆ پاڵاوتن یا بە هۆی خراپ بوونەوە. [ع] ترشح، نفذ إلى [N] perkolere [د] تراوش کردن، نفوذ کردن.





**دەڵپ:** loose [ئاوەڵناو] فرەوان، هێڵ و هەراو، گەورەتر لە ئەندازەی پێویست. [ع] فضفاض [N] løs [د] گل و گشاد.






**دەڵەدزی:** pilfering [ناووفەرمان] دزینی بڕێکی کەم. [ع] سرقة صغيرة [N] små tyveri [د] کش رفتن.

**دەڵەک:** stoat, weasel [گیاندار] [ناو] خەز، قاقوم، جۆرێ گیانداری خەزدارە پێستە تووک نەرمەکەی ئەکرێ بە فەروو. [ع] قاقم [N] stoat [د] قاقم.




**دەماخ:** ناو مێشک.

**دەماخپرواو:** ناوی لێکدراو پەست بوو، زۆر وەڕەز و جاڕس.

**دەمارزانی:** neurology زیندەوەرزانی نۆرۆلۆجی، ئەو لقەی پزیشکی یان بایۆلۆجییە کە کار لەگەڵ ئەناتۆمی و ئەرک و تێکچوونی ئۆرگانیکی دەمارەکان و سیستەمی دەماریدا ئەکات. ع علم الاعصاب N nevrologi د عصب شناسی.

**دەمارگرژی:** stress دەروونناسی ناوی فەرمان ناوی چاوگ پەرێشانی، فشار، گوشار. N understreke ع ضغط عصبی د فشار عصبی

دەرەکییە: کاردانەوەیە بەرامبەر بە فشار و هۆکارە دەرەکییەکان کە ناتوانین باشاریان بکەین. ⟵ چوینەتە سەر پۆلی تاقیکاری.

ناوەکییە: دارەتێکی دەروونی ناخۆشە لە وەڵامی هاندەری گوشارهێنەردا ڕوودەدات. ⟵ بیر لە تاقیکردنەوەی حەفتەی داهاتوو ئەکەینەوە.

**گرژی:** tension ناوی چاوگ توندی، جەڕان، دارەتی جەڕان و کشان و گرژبوونی دەماری؛ پاڵەپەستۆی کارەبا؛ هێزی هەڵم یان گاز؛ هێزی جەڕان یان ڕاکێشان. ع توتر N spenninger د تنش.




**دەمامک:** mask ناو . ع کمامة N maske د ماسک.

**دەمامکی مەرگی سوور:** The Mask of the Red Death کورتە چیرۆکێکی ئێدگار ئالان پۆ، نووسەری ئەمریکاییە کە بە هۆی بەکارهێنانی مەرگ و خوێن و کەسایەتی بانسروشتی و... بە نموونەیەکی بەرجەستەی

وێژەی گۆتیک دانراوە. سەبارەت بە هەراسی مەرگە، درمێک پەیدا ئەبێ و هەموو کەس ئەکوژێ، شازادە پڕۆسپێری و کۆمەڵێک خانەدان لە کۆشێکێک خۆیان حەشار ئەدەن، بەڵام مەرگی سوور لەوێش دەرئەکەوێ و ئەوانیش لەناو ئەبات. ع قناع الموت الأحمر N Den røde dødens maske د نقاب مرگ سرخ. ☞ ئێدگار ئالان پۆ












**دەمبڕ :** کەرەستە ناو چەقۆی پینەچی، گۆترە.

**دەمبەپێکەنین :** شێوەڕستە ئاوەڵناو ڕووخۆش، دەقکەنۆک.

**دەمبەست :** gag کەرەستە ناو کەرەستە یان ئامێرێکە بۆ بەستنی دەم و ڕێگەگرتن لە ئاخاوتن. ع کمم N gag د دهان بند. ☞ دەمبێن.






**دەمبەگلەیی :** gnarly ئاوەڵناو دەمبەبۆڵە، جووکن، گازندۆک. ع متذمر N knurrende د غرغرو.

**دەمبێن :** muzzle ناو دەمبەست، دەمامکی دەمی گا و ئەسپ کاتی گێرە کردن، دەمامکی دەمی سەگ و ورچ بۆ ئەوەی گاز نەگرن؛ ئینجا

هەرچەند گازگرتنی مرۆڤ لە هەموو درندەیەک سامناکترە، بەڵام وا پێئەچێ دەمبێنی تازەی بۆ ئەوەیە گازی لێ نەگرن. ع کمم N munnbind د پوزبند، دهان بند.

وا لە ژێر جەنجەڕی زۆردار

لەشی چەوساوە

خرمەی پێشەی ڕان و

چەڵمەی سینگە، کەچی

شەقڵی بێدەنگی وەها زاڵە، وەکوو

دەمی «هۆزان» لە دەمبێنندا بێ

دەمی «هۆ زان» لە دەمبێنندا بێ!

سیامەند مامیر شاسواری





**دەم تەڕی کاسە وشک:** پەند کینایە شێوەڕستە بە کەسانێک ئەوترێت کە بە گفت و لفت و ڕواڵەتیان، نان بدە و زۆر میوان دۆستن، بەلاَم لەڕاستیدا میوان دۆست نین، دەست قونجاو و کاسە خاڵین.

**دەمخەندە:** flourish ناوی لێکدراو خەندە و پێکەنینی زۆر کورت.




**دەمچەپڵە:** talkative ئاوەڵناوی فرمان فرەوێژ، کەسێ کە خێرا قسە ئەکات و دەم بە یەکدا ئەدات. ع ذلق اللسان N snakkesalig د پرگو.

**دەمڕاست:❶** alderman پلە ناوی لێکدراو ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی، ڕاوێژکار، جێگەبڕوا. ع عضو مجلس محلي N rådmann د عضو انجمن شهر.

**دەمڕاست:❷** trustworthy ئاوەڵناوی فرمان دلیار، ڕاستگۆ، ڕاستاڵ، ڕاستبێژ، قسەڕاست، مرۆڤی جێگە بڕوا. ع موثوق، جدير بالثقة N troverdig د قابل اعتماد.

**دەمژمێرا بەهدینی:** گەردوونناسی ئایین ڕۆژژمێر ڕۆژژمێەی زەردەشتی، ڕۆژژمێری ئاڤێستایی سەردەمی ماد تا ساسانیان، ساڵ ٣٦٥ ڕۆژ و ١٢ مانگی ٣٠ ڕۆژە و پێنج ڕۆژی زیادە بە ناوی پەنجەی دەسپێک Epahomene و، لە سەردەمی کوردانی ساسانی ناوی نەورۆزەگچکە و ڕۆژانی جەژن و سەیران و پشوو بوو. ڕۆژانی نەورۆزەگچکە وەرگیراو لە گاتاکان، ئەمانە بوو:

◀ ١. هەنوودگە ٢. شتۆدگە ٣. سپەنتمەدگە ٤. هەوەخشەتەرگە ٥.

هێشتووئەشتگە.







**دەمسوور:** pugnacious, importunate, tenacity ناوی فەرمان شەڕانی، جینگن، جنگز، جەنگخواز، پلەندەر، شەڕواز ٢} بوێر ٣} پێداگر لە سەر کار. ع مشاکس، سمج N stridig د ستیزە جو، ستیهندە.

**دەمسووریی:** pertinacity ناوی چاوگ قیرسیچمەیی. ع عناد N pertinaitet د سماجت.

**دەمکردن:** brew ئاشپەزی چاوگی تێپەڕ پێشاندنی خواردن بە ئاگری زۆر کەم و هەڵمی درێژماوە، وەکوو پلاو، پاش کولاندن و ئاوکێشکردن، لەسەر ئاگری کەم دائەنرێ و سەری کپ ئەکرێ بۆ ئەوەی خۆی بکێشێ و بکرێتەوە. ع غلي، تخمیر N brygge د دم کردن.

- **دەمکردنی قاوە:** دروستکردنی قاوە بە کردنی ئاوی کولاتوو بە سەریدا.
- **دەمکردنی چای:** دروستکردنی چای بە کردنی ئاوی کولاتوو بە سەریدا، چ لە پیاڵە و چ لە قۆریدا.
- **دەمکردنی بیرە:** دروستکردنی بیرە بە خووساندن و کولاندن و هەڵماندن.






**دەمکوتکردن:** outdo ڕەفتار چاوگی تێپەڕ تەرێقکردنەوە، بێدەنگکردن، ڕووشکاندن، ڕوومەردەی، لەڕووبردن، هەسدانەوە. ع تغالب N overgå د رو کم کردن.

**دەمکوڵ:** small mouth ئاوەڵناو دەم بچکۆلانە، دەمقوڵە. ع فم صغير N liten munn د عنچە دهان.

شەوە لەو سەوزەزارە لەو دەم ئاوە
مەکۆی خەم لاچووە دەمکوڵ چماوە؟
مەکەوە لاچۆ دەمانبینن بیانوون
بەیانە دەم بنێ دەم، دەم نەماوە
«هەژار»



**دەمنۆش:** tisane خواردنەوە گیاکوڵیو، چای گژوگیای بۆنخۆش. ع شاي الاعشاب N urtete د چای گیاهی.




**دەمنە:** cigarette holder کەرەستە ناو دار جگەرە، مۆدنە. ع حامل

سجائر N sigaretthholder د چوب سیگار.



**دەمودەس :** on time ئاوەڵکاری لێکدراو دەمودەست، گورجوگۆڵ، گەرماوگەرم.
ریشەناسی [دەم ئاوەڵکار+ و ئامرازی پەیوەندی+ دەست ناو] دەم بە واتای کات و دەست(ی لکێنراو) بە [و] ی ئامرازی پەیوەندی پێکەوە لکاون و واتایەکی تازەیان پێکهێناوە کە ئەکاتە دەسبەجێ، بەفرکە، بلەز، یەکەوجار، کتوپڕ. ع في الوقت N på tide د در وقت K serwext.
G خاڵ G شێخانی

**دەمووکانە :** mistletoe ڕووەک ناو گیایەکە لە تیرەی هەڵاڵە، گوڵەکەی بەنەوش و سپی هێشوویە. ع N د .



**دەمە❶:** ناو مووشەدەمەی ئاسنگەر.

**دەمە❷:** ناو کزەبات ساردی سەرکێوان لە زستاندا.

**دەمەترەک :** ripe walnut ناوی لێکدراو گوێزی پێگەیشتوو و دەم کەمکوڵ کراوە. ع الجوز الناضج N moden valnøtt د گردوی رسیده.

تێبینی: وشەی دەمەترەک بۆ بەروبووی تری وەکوو بادەم و پەستە و فندق و

کەڕۆ و هتد بەکار دێت.



**دەمەدەم:** platitude ناوی‌فەرمان قسەوتنەوە، بێتامی (گوتە)، تێبینی یان لێدوانێک، بە تایبەت ئەو لێدوانەی کە ناوەڕۆکێکی ڕەوشتی هەبێت، کە زۆر بەکارهێنراوە بۆ ئەوەی سەرنجڕاکێش یان مایەی بیرکردنەوە بێت. ع التفاهة N floskler د بی ادبی.

ن: من دەمەدەمی تۆم ناوێ، پێویستم بە ئەمەگداری تۆ هەیە.

**دەمەزەرد:** repair ناوی‌فەرمان نۆژەنکردنەوە، بیرازکردنەوەی کردنەوەی داس و مەڵغان بە یارمەتی کوورەی ئاسنگەر و کوتانەوە. ع صیانة N reparere د مرمت.



**دەمەسات:** ئاوەڵکار ساتەوەخت، دەمێکی تێپەڕ و کەم ماوە، سات و دەمێک. ع لحظة N øyeblikk د لحظه.

**دەمەقاڵە:** altercation ناو مشتومڕ، شەڕەقسە، دەمەقڕێ ع شجار

N krangel د مشاجره.





**دەمەکی:** provisional ئاوەڵناو کاتی، بۆ هەنووکە، بەرووەخت، جارێ بۆ ئێستا؛ بۆ ماوەیەکی دیاریکراو. ع مؤقّت N provisorisk د موقّتی.








**دەمەلاسکێ:** mimicry ناو فەرمان لاساییکردنەوە، پاسکانی N mimikk ع تقلید د ادا درآوردن، شکلک درآوردن E travesty.






**دەمەوانە:** valve ئامێر گەیاندن ناو دەرچە، پێکهاتەیەکی میکانیکییە بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕۆیشتنی شلەمەنی، گاز، یان هێسنی تر لە ڕێگەی بۆری یان ڕێڕەوێکی ترەوە. ◄ باوترین جۆرەکانی دەمەوانە بریتین لە

دەرچەی تۆپ، دەرچەی دەروازە، دەرچەی گلۆب و دەرچەی پەپوولە کە هەریەکەیان بەپێی دیزاین و بەکارهێنانی مەبەستدار بە شێوەیەکی جیاواز کاردەکەن. ◀ دەمەوانە بەدەست، کارەبا، هایدرۆلیک یان ئۆتۆماتیک کار دەکات. ◀ هەندێک دەمەوانە لە ناوەوەیە و خۆی کار داکات، هەندێکی تر لە دەرەوەیە و دەتوانرێ کەم و زۆر بکرێت. ع
صمام، سداد N ventil د شیر فلکە.




**دەمەوەڕ :** eloquent ناوی‌فەرمان چەنەوەڕ، زمانڕەوان، زمانپاراو، قسەڕەوان، ڕەوانبێژ، تەڕدەم، قسەڕەنگین، قسەخۆش، لەبلەبان، کەسێک کە لە وەڵامدانەوەی بوێرانە و ڕەخنەی ئاشکرا نەپرینگێتەوە. ع تڕتار، لغوی، مجادل N veltalende د فصیح E articulate. ◀ **دەمەوەڕ** ئەرێنی و **دەمەوەڕ** نەرێنییە. ⇦ **دەمەوەڕ و شیانست :** pen word زمانەوانی د لفظ قلم. هەنبانە بۆرینە ئەستێرە گەشە ☜ هەڵەوەڕ

**دەمەوەڕ :** heckler دابنەناسر ناوی‌فەرمان زۆربڵێ، دەمپیس، پڕچەنە، چەقن، چەقەچناوە، چەنەدرێژ، دەمهەڵە، دەقدڕیاگ، دەلوو، زماندرێژ، جفرەبێژ،

فرەواچ، فرەوەڕ، فرەوێژ، نووزەدرێژ، هەرزەبێژ، هەرزەواچ. ع ثرثار، مقاطع N hekler د پڕخاشگر.

**دەمەوەری:** elocution زمانزان ناوی چاوگ هونەری دەربڕین، زمانپاراوی، خۆشڕاوێژی، شێوەی دەربڕین بە شارەزایی شێوازی دربڕینی زاراوە و بنزاراوەکانی زمانێکی تایبەت. ع خطاب طريقة الإلقاء N elokusjon د سخنور.




**دەمەوەران:** Catechumens ئایینناسی زمانەوانی پەروەردە کڵێسای وتاربێژان، ئەوانەی بۆ وتاردانی دەمی پەروەردە ئەکرێن، زمانڕەوان، زمانپاراو ع كنيسة الموعوظين N katekumenolje د واعظان.

**دەمهەراش:** babbler دابنەناسی ناوی فەرمان دەمەوەڕ، پڕبێژ، پڕچەنە، چەقن، چەقەچناوە، چەنەدرێژ، دمهەڵە، دەڤدریا، دەلوو، زماندرێژ، جفرەبێژ، فرەواچ، فرەوەڕ، فرەوێژ، نووزەدرێژ، هەرزەبێژ، هەرزەواچ؛ ◄ دەمهەراش کەسێکە بە پرسیار و پلار، یان قسەی زل کەسانی دیکە هەراسان دەکات و هەوڵ دەدات سەریان لێ بشێوێنێ. زۆرجار بەو هاوارکردن دروشمی هیوابڕ لە نمایشێک یان بۆنەیەکدا کار ئەکەنە سەر یاری و یاریزان و بەشداران. ع ثرثار، مجادل N babler د ژاژخای E heckler, articulate. G هەنبانە بۆرینە G ئەستێرە گەشە ☜ هەڵەوەڕ

**دەمهەراشی:** revelations ناوی چاوگ ڕازدرکاندن، ئاشکراکردن، دەملەقی، سرووش. ع كشف N åpenbaring د افشاگری.

**دەندە :** gear **ناو** شمەک و هێسنی خڕ و لۆلەکی گرنج و ددانە و ڕەزووەدار؛
◄ دەند {جێگەی گاسن لە ئامووردا؛ زمانەی ئێرەق}، دەندەل {دەندەی پەراسوو}، دەندەلووک {مێخەکی دەندانەدار}، دەندەلووشک {دڕووی دەندانەدار}.



**دەندی :** Vincent d'Indy **ئاوازدانەر** {١٨٥١ـ١٩٣١} ئاوازدانەری فەڕانسەیی.






**دەنفێر ـ ڕۆشرۆ :** Denfert_Rochereau **ناوی جێگا** بە ئینگلیزی Lion of Belfort گۆڕەپانێکی جەماوەرییە لە گەڕەکی چورادەی پاریس.



**دەنک و سەرڕشتە:** rosary ناو مووروو و سەرڕشتەی تەزبێح. ع
مسبحة وخرز N rosenkrans د تسبیح و مهره.






**دەنگ:** sound فیزیک شەپۆل ئاوەڵناو ئاوەڵکار سەدا، ژن، ژەن، ئەو لەرینەوانەی بە هەوا یان ناوەندێکی تردا ئەڕۆن و کاتێک بەر پەردەی گوێی مرۆڤ یان ئاژەڵێک ئەکەون، ئەبیسترێن. واتە هۆکاری بوون و بەدیهاتنی دەنگ جووڵە و لەرەیە. ← پێناسە: لە فیزیکدا دەنگ بریتیە لە لەرزینێک کە وەک شەپۆلێکی دەنگی بڵاودەبێتەوە، لە ڕێگەی ناوەندێکی گواستنەوە وەک گازی، شلە یان ڕەق. لە فیزیۆلۆژی و دەروونناسی مرۆڤدا دەنگ بریتییە لە وەرگرتنی ئەم جۆرە شەپۆلانە و تێگەیشتنیان لە لایەن مێشکەوە. تەنیا ئەو شەپۆلە دەنگیانەی کە فرێکوێنسیەکانیان لە نێوان نزیکەی ٢٠ هێرتز و ٢٠ کیلۆهێرتز دایە و، مەودای فرێکوێنسی دەنگییە، هەستێکی بیستن لە مرۆڤدا ئەهێننە ئاراوە. لە هەوادا لە پەستانی بەرگەهەوادا atmospher، ئەوانە نوێنەرایەتی شەپۆلی دەنگ ئەکەن کە درێژی شەپۆلەکانیان ١٧ مەتر بۆ ١,٧ سانتیمەترە. شەپۆلی دەنگی لە سەرووی ٢٠ کیلۆهێرتزەوە بە سۆنەر ناسراوە و بۆ مرۆڤ نابیسترێت. شەپۆلەکانی دەنگ لە خوار ٢٠ هێرتزەوە بە ژێر دەنگ ناسراون. جۆرە جیاوازەکانی ئاژەڵ مەودای بیستنیان جیاوازە ع صوت N lyd د صدا. ← **ژن:** sound فیزیک شەپۆل دەنگەوشە پاشگر ژەن، دەنگ لە ژەندن و ژەنین بە واتای هەژاندن و لەرینەوە کە هۆکاری بەدیهاتنی

دەنگە، وەک پاشگر بەکاردێ و دەنگەوشە پێک ئەهێنێ:

**ئۆخژن:** ناوی چاوگ [ئۆخ+ ژن] دەنگەوشە = دەنگی ئۆخەی

**خرمژن:** ناوی چاوگ [خرم+ ژن] دەنگەوشە = دەنگی خرمە

**شەقژن:** ناوی چاوگ [شەق+ ژن] دەنگەوشە = دەنگی شەقە

**شریخژن:** ناوی چاوگ [شریخ+ ژن] دەنگەوشە = دەنگی شریخە

**قرمژن:** ناوی چاوگ [قرم+ ژن] دەنگەوشە = دەنگی قرمە

**کۆڕژن:** ناوی چاوگ [کۆڕ+ ژن] دەنگەوشە = دەنگی حیلە

**هاڕژن:** ناوی چاوگ [هاڕ+ ژن] دەنگەوشە = دەنگی هاڕە

**دەنگبڕ:** silencer ئامێرێکە بەکار ئەهێنرێ بۆ بێدەنگ کردنی دەمانچە یان تفەنگ لە کاتی تەقاندندا N lyddemper ع کاتم الصوت د صدا خفە کن E suppressor.








**دەنگدار:** audible هێمایر ئاوەڵناو دەنگی ڕەسا و گەیەنەر، هێمایر هەروەها کەسی ناودار و ناسراو و توانا. ع مسموع N hørbar د شنیدنی.

ن: جارێکی تر پەیوەندی بە کەسی ناودارەوە مەکە!

Don't you ever call an audible again!

**دەنگدانەوە:** resonance دەنگەوشە ناو پێژن، سەدا، زایەڵە، دەنگی پڕ.

**دەنگدۆز:** tune ناو فەرمان (لەسەر کێشی هەنگدۆز) کۆک، کلیلی کۆکی ئامێری موزیک، قۆپچەی گەڕان بۆ شەپۆلێکی تایبەت لە ڕادیۆدا، دەسکەبەردان. ع زر الطلب N stemme د کوک.









**دەنگدەرەوە:** Resonator ئامێر ئامێری زرنگانەوە، ئامێرێکە زایەڵەی دەنگ گەورە ئەکاتەوە، بە تایبەت بەشی بۆشی ئامێرێکی موزیک، لە بواری تری وەکوو ئێکسۆزی ئۆتۆمۆبیل سوودی هەیە. ع مرنان N Resonator د طنين انداز ☜ دیاپازۆن.








**دەنگگیران:** hoarse ئاییناسر دەنگ نووسان یان گڕبوون بە هۆی قورگئێشە یان هاوارکردنی زۆرەوە. ع أجش الصوت N hes د گرفتگی صدا. ن: دەنگم گیراوە: I'm hoarse.

**دەنگی تەپڵ:** ڕێسای کۆمەڵایەتی یانەسای تیبۆ لە پاریس، کاتی داخستنی پارک و باخە گشتییەکان بە دەنگی تەپڵ ڕائەگەیەنن. ئەم دیاردەیە لە باخی لۆگزامبۆرگ، کە لە کۆنترین و جوانترین پارکەکانی پاریسە، هێشتاش ماوە.

**دەنگی دەروون:** Inner voice دارەت دەروونناسر یان internal monologue یان گفتوگۆی هەناو، دەنگی هوندور، دەنگێکی دەروونییە کە لە دارەتی

وشیاریدا گفتوبێژێکی دەروونی بەدی ئەهێنێ. ئەم مژارە بە تایبەت لە بەرنامەدارِشتن، بیرکردنەوە، خوێنانەدن، ئەندێشەی ڕەخنەگرانە، هەستیاری و خوێندەوە لە مێشکدا زۆر گرنگە، لە ئەنجامدا پەیوەندی بە هەندێ ناسازی دەروونی وەکوو خەمۆکی و چارەسەری وەکوو ڕەفتارناسی هەیە. [ع] تحدث مع الذات [N] intern monolog [د] صدای درون.




**دەنگی نیوەتۆن:** mezza_voce موزیک دەنگەووشە ئیتالیایی، مێتزاڤۆچە، نیوەتۆنی دەنگ، دەنگی ناونجی [E] Half power of voice.




**دەنووکمالَی:** preening بەهداشت ناو [دەنووک+مالِین] (وەک گسکمالَی)ڕەفتارێکی خۆپارێزی و بەهداشتە لە بالَندەدا هەیە، پەلەوەردەنووکی بەکار ئەهێنێ بۆ ڕێکخستنی پەڕەکانی، جیاکردنەوە و لە سەریەک دانانیان، خاوێنکردنەوە و دۆزین و تووڕدانی پێکولَ و گەناوەڕ. [ع] تنظیف [N] skjæring [د] تنظیف.






**دەنووکە :** plectrum ئامێر ناو پێژەن، ئەو بزمارەی تاری پێ لێئەدەن N plekter ع ریشة العازف د مضراب ☜ زەریاب.




**دەنی ڕووبن :** Dany Robin هونەرپیشە (١٩٢٧ـ ١٩٩٥) ئەکتەری فەڕانسەیی سنەما.

**دەنیم :** Denim پۆشاک بەرژەنگ ناو بە واتای «کووتاڵی نیم» لە «serge de Nîmes»ی فەڕانسەیی سەرەتای سەدەی حەڤدە، کە «Nîmes» شارێکە لە باشووری فەڕانسە و، سیرژ کووتاڵێکی کەتانی ئەستوور و تۆکمەیە کە «پۆ»کەی لە دوو یان زیاتر «تان» تێئەپەڕێ، پۆکەی شەفتووریە و بە جویت ڕەنگ ئەکرێ. جاکەت و پانتۆڵی لە دنیم دروستکراو پێی ئەوترێ **جین** Jean. جین سەرەتا جلی مەلەوانان بوو و لە ١٩٥٠ـەوە هەمەگیر بوو و هەموو کەس لەبەری ئەکات. ع الدنیم N Denim د جین. ⇦ **جینز :** Jeans پۆشاک بەرژەنگ ناو لە وشەی فەڕانسەیی bleu de Gênes بە واتای «شینی جێنۆوا» هاتووە. جێنۆوا Genoa ناوی شارێکە لە ئیتالیا و بە فەڕانسە ئەکاتە Gênes. جین، جاکەت و پانتۆڵی لە کەتانی دەنیم دروستکراوە. جینز ساڵی ١٨٧٣ لە

لایەن لویی شتراوس خاوەنی مارکی لیوایس Levis و دوو کەسی تر پاوەن کرا. ع جینز N Jeans د شلوار جین.







**دەوار:**❶ ناو پارەبەری یەکسم، وڵسات د ستور.

**دەوار:**❷ black tent as used by Kurdish nomads ناو ڕەشماڵ، کۆن د سیاه چادر.

**دەوار:**❸ ناو پارچەی ڕەشماڵ، پەلاسێکی پانی درێژی تەختە تەختەی لێکدراوە لە موو دەچنرێ کۆچەری هەڵی دەدەن و لەباتی خانوو دەچنە ناوی د پارچه سیاه چادر.




**دەوە:** stacking سووتەمەنی ناو کۆشکەلان، قەلاغ، تەپاڵەچن، تەپاڵەی پێڕراوی لەسەر یەک کەڵەکە کراو کە بە تەپاڵەی تر سواخ درابێ و لە کونێکی وەکوو گوڵبێنەوە تەپاڵەی لێ دەرئەهێنن، کە وشکە خۆشسووتە و تەڕوتووشی کاری لێنەکردووە.



**دەوەن:** bush ڕووەک ناو دەڤی، بنچک، گەوەڵە، پنچکی تۆزیٚ گەورە. ٤
دغل N busk د بوتە.



**دەوەن بە ئاش:** پەند گۆتە هێمایر کێشەی بێسوود، کێشەنانەوەی لە ختوخۆڕایی.

سەربردەی دەوەن بە ئاش دووکەس لە ڕێگەدا بەیەک ئەگەن، یەک لە ئاش

گەڕاوەتەوە و ئاردی پێیە، یەک گەنمی پێیە و بۆ ئاش ئەچێ. ئەوی ئەچێ بۆ ئاش ئەپرسێ:

ـ ئەرێ ئاش قەرەباڵخە؟ وەڵام وەرئەگرێ:

ـ ئەوەندەی لێیە بە سێ ڕۆژ بەرت ناکەوێ.

ـ کورە ئەوە بۆ تۆ وا بووە، من گوێ نادەمە کەس باراشی خۆم لێ ئەکەم.

ـ واتە ئەگەر منیشی لێ بوایەتم، نۆرەبڕێت لێ ئەکردم.

ـ جا تۆ کێت، تۆ بڵێی لە تۆ بترسم؟

ـ کە وایە، وا بزانە ئەو دەوەنە ئاشەکەیە، دەی بزانم ئەتوانی پێش من بکەوی

هەردووکیا، ئەم ئادر و ئەو گەنمە، ئەپڕژێنن بەسەر دەوەنەکەدا و بەبێ ئەوەی یەکیان ناسیبێ و هیچ دوژمنایەتییەکیان هەبووبێ، خۆیان تووشی کێشەی بێسوود ئەکەن و زیان بە خۆیان و بە یەکدی ئەگەیەنن.

**دەوەنی ئاگرین:** Burning bush ئاپیروئەفسانە دەوەنێکی ئاگرینە لە چیای هۆرەب Horeb لە سفری کۆڕەوە {٣:١ـ٤:١٧} وێنا کراوە، بە پێی سەربردەکە دەوەن ئەسووتێ بەڵام بڵێسەی نییە، واتە تەورات ئەم ناوەی بۆ ئەو شوێنە بەکار هێناوە کە مووسا لە لایەن **ئادۆنای** خوای جوولەکەوە دیاری کراوە کە ئیسرائیلییەکان لە میسر دەرباز بکات و بیانپەڕێنێتەوە بۆ کەنعان.





**دەوێڵ:** ناو سیرمە، شیپی قامچی، ڕیشاڵی چەرم. ⇐ سیرمەی بەستنی

ملی مەشکە، سیرمەی بنی کلاش E strap.



**دەوی:** ناو بنچک، منج، دەوەن.

**دەویت:** ناو گەواد، ماسکەش، وەشکەر، قەلتە.

**دەهۆ:** ❶ deception ناو ئۆین، تەفرە، جامبازی، ساختەکاری، فریو، گزە.
ع خدعة N deception د حیلە.

**دەهۆ:** ❷ The Cheat فیلم فیلمی ئەمریکایی بێدەنگی ١٩١٥ دەرهێنانی سێسیل ب. دۆمیل.




**دەهەزار کەس:** مێژوو ئاماژە ئاماژەیە بە پاشەکشێی دەهەزار سەربازی بەکرێگیراوی یۆنانی بۆ پشتیوانیکردنی کوورشی بچووک لە دژی براگەورەکەی ئەردەشێری دووەم لە پەرتووکی ئەناباسیس Anabasis نووسینی زەینەفۆن، لە حەوت پەرتووکدا، ساڵی ٤٠١ی پێش زایین لە ناوچەی کۆناکسا، کە کوورش ئەشکێ و ئەکوژرێ.










Retreat of the Ten Thousand at the Battle of Cunaxa, by Jean Adrien Guignet. Louvre

**دەی :** Day ئایینوئەفسانە ماخوا ئێتیمۆلۆژی یان «زەم»، لە ئەفسانەی ئۆروپایی ماخوای ڕۆژە، بەڵام لە میسۆلۆژی کوردیدا، ماخوای نەیژەنە و، بە ژەنینی نەی، واتە دووزەلە و جووزەلە خوای شادی و دیلان و هەڵپەڕکێ بووە. لەبەر ئەوەی لە سەرەتای وەرزی زمساندا لەدایک بووە، وەرزی زمسان لە ناوی ئەو وەرگیراوە و، یەکەم مانگی زمسان پێی ئەگوترێ: «دەی». هەروەها لە سۆنگەی ئەوەی کە «زەم» خوای شایی و دیلان و سەما بووە، وشەگەلی «زەما»(سەما) و زەماوەند لە «زەم»ـەوە وەرگیراوە. «زەم» یان «دەی» خوای «زاو و زێ» و منالبوونیش

بووە؛ لە کوریدا بە ژنیک کە منالْی ئەبێ، ئەڵێن «زەیسان». گرنگترین واتای دەی یا خود «دەیو» کە ماوەتەوە، ئەوەیە کە کورد لە ئاخاوتندا ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هانای ئەباتە بەر و هاواری لێ ئەکات. کاتێ کە چاوەڕێی ڕوودانی شتێک ئەکا و ئەڵێ: «دەی وا ڕوو بدات: دەی بە بێوەی بگاتە بەرەوە، دەی بەشکەم...»



**دەیتاکەش:** data cache ئای تی کەش لە کەمپیوتەردا ڕەقەواڵە یان نەرمەواڵەیەکە کە دەیتا یان زانیاری تێدا تۆمار کراوە بۆ بەکارهێنانی لە داهاتوودا و بە شێوەیەکی خێراتر. دەیتای هەڵگیراو لە کەشێکدا بۆی هەیە بەرەنجامی هەژمارکردنێکی پێشوو یان ڕایشتێکی ئەو زانیارییە بێ.




**دەی دێسەمبری** ١٨٤٨: مێژوو هەڵبژاردن لەم ڕۆژەدا لویی بۆناپارت بە گوێرەی هەڵبژاردنی گشتی بوو بە سەرۆککۆماری فەڕانسە.

**دەیری بنەدیکتی:** Benedictine monastery ئاییناسر ڕێباز یان Order of Saint Benedict کە ڕێبازێکی چاکسازیی مەسیحی بوو، لە سەدەی دە و یانزە، پەیڕەوانی سەنت بنەدیکت نرسیا، بڕوایان بە ملکەچی، بێدەنگی، خاکەڕایی و کۆڵنەدان هەیە. سەدەی ناونجی هەموو ئورووپای گرتەوە و نەک هەر کاری کردە سەر ئایینی عیسایی، فەرهەنگی ئورووپاییشی خستە بن کاریگەرییەوە.



**دەیری پارما:** The Charterhouse of Parma ڕۆمان دوا بەرهەمی ستاندالْ، ڕۆمانێکە لە کەوشەنی هونەر و ژیان و تراویلکەی دووڕەدەستی شانازییەکانی ناپۆلیۆن، ڕەهات و مەرسەلا، ڕێنسانس و ئەوینی قووڵ و بیۆێنە بە ئیتالیای سەردەمی خۆی، لە ساڵی ١٨٣٩دا بلاو کرایەوە. ◁ چەندین جار کراوە بە فیلم و زنجیرە.















**دەیڤید لین:** David Lean **دەرهێنەر** (١٩٠٨ـ١٩٩١) دەرهێنەری فیلمی ئینگلیزی وەکوو دکتۆر ژیڤاگۆ و مادلین و لۆرەنسی عەرەب.










**دێبووسی:** Claude Debussy **ئاوازدانەر** (١٨٦٢ـ١٩١٨) یان دەبووسی، ئاوازدانەری ئیمپرشنیستی فەڕانسەیی، لە کاریگەرترین موزیکزانانی سەدەی بیستەمە ☜ پێلیاس و مێلیزاند.








**دێبەر:** **کشتوکاڵ** ڕۆژە جووتێکە لە زەوی.

**دێ چڵوو:** **هەرەوەز** زبارە دێو، نەریتێکی هەرەوەزی کۆنی گوندنشینانە بریتیە لە کۆکردنەوەی گەڵای داری سروشتی لەناو لێڕی کوێستان بۆ وەرزی زستان وەک سەرچاوەی ژیانی مەڕوماڵات و مانگا.






**دێرس:** antediluvian [ئاوەڵناو] پێش تۆفان، کەونارا، دێرینە، دێریک، چاخی بەر لە تۆفانی نووح. [ع] عتیق [N] antediluvian [د] باستانی.
**تۆفانی نووح:** diluvian.









**دێرسناسی:** Paleontology [دێرسناسی] کۆنینە ناسی، لقێکی زانستە پەیوەندی بە ئاژەڵ و ڕووەکی بەردبووەوە هەیە.








**دێرسیم:** Dersim لە پارێزگاکانی کوردستانە، ئەکەوێتە باکورەوە، ناوەندەکەی مامەکییە، دانیشتووانی ٨٤،٣٦٦ کەسە و ڕێژەی چڕی

دانیشتووان ١٢ کیلۆمەتری دووجایە. دانیشتوانەکەی کوردی عەلەوین و بە شێوەزاری زازا قسە دەکەن و شارەکەیان بە دێرسیم ناودەبەن، لە شۆڕشی سەید ڕەزا دێرسیمەوە لە ساڵی ١٩٣٦ەوە ناوەندێکی بەهێزی بزووتنەوەی کوردایەتی بووە.

◁ لە ساڵانی ١٩٣٧ـ١٩٣٨ فاشیزمی داگیرکەری ئەتاتورک، هەزاران کوردی بێتاوانی لەم پارێزگایە جینۆساید کرد.







**دێرۆلێد:** Paul Déroulède نووسەر دامەزرێنەری ڕامیاری (١٨٤٦ـ١٩١٤)

نووسەر و ڕامیاری فەڕانسەیی، دامەزرێنەر و سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانپەروەرانی ناسیۆنالیست.



**دێرینەناسی:** palaeontology دێرینەناسی زانست پەلەنتۆلۆجی، لقێکی زیندەوەرزانی و زەویناسییە کە لە شوێنەواری بوونەوەرانی کەونارا ئەکۆڵێتەوە و لەسەر بناغەی پەیدابوون و تیاچوونی ئەو شوێنەوارانە، کە ناویان فۆسیلە، تەمەنی ڕێژەیی توێژەکانی زەوی و ژینگەی بوونەوەرانی دێرین دیاری ئەکات. ع علم المتحجرات N paleontologi د دیرینە شناسی.



**دێژاڤوو:** ❶ déjà vu دیاردە پێشتر بینراو. دیاردەی هەستکردنێکی بەهێزە بەوەی کە ڕووداوێک یان ئەزموونێکی هەنووکەیی، پێشتر بینراوە و لە ڕابردوودا ئەزموون کراوە، ئیدی ئەگەر بە ڕاستی ڕوویدا بێت یان نا.

◀ دەروونناس ئێدوارد برادفۆرد تیچنەر لە پەرتووکەکەیدا بەناوی A Textbook of Psychology کە لە ١٩٢٨ نووسیویەتی، ڕوونی دەکاتەوە کە **دێژاڤوو** ڕوو دەدات کاتێک کەسێک کە لە چاوتروووکانێکدا، یان بە لاچاو تەنێک یان بارودۆخێکی بینیووە، پێش ئەوەی کە مێشک تەواو بوویێت لە درووستکردنی تێگەیشتنێکی دارماڵ وشیارانەی ئەزموونەکە. ئەو نیمچە تێگەیشتنە دەبێتە هۆی دروستبوونی هەستی هەڵەی لەیەکچوون.

◀ توێژینەوەی زانستی ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە **دێژاڤوو** زانینی پێشینە یان پێشگوێی بێت، بەڵکو وەک تێکچوونێک لە دروستکردن لێکی دەداتەوە، کە وا دەکات هەلوومەرجێکی جیاواز درووست ببێت، کە تێیدا کەسێک هەست دەکات ئەزموونێک پێشتر کارا کراوە. ئەم ڕوونکردنەوەیە پاڵپشتکراوە بەو ڕاستییەی کە هەستی «وەبیرهێنانەوە» لەو کاتەدا گەلێک بەهێزە، بەڵام

بارودۆخەكانی ئەزموونی پێشوو {كەی، لەكوێ، و چۆن} نادڵنیان یان باوەڕ وایە كە ئاستەم بن. ٤ تەم رۆیتە N allerede sett د قبلا دیده شده.

**دێژاڤوو:**❷ Deja Vu فیلم فیلمی سینەمایی ٢٦، نووسینی بیل مارسیلی، دەرهێنانی تۆنی سكات و هونەرمەندی دێنزێڵ واشێنگتۆن، سەبارەت بە بۆمب نانەوە لە كەشتی و دیاردەی دێژاڤوو.

**دێژاڤوو:**❸ Deja Vu فیلم تۆ بڵێی هەموو شت ڕووی دابێت؟ نووسینی نووسەری پۆڵەندی ئەلەكساندەر چێزكەڤیچ، گەشتێكی سەرسوڕهێنەر بەناو شارستانییەتە ونبووەكان و كارەساتەكانی پێش مێژوودا.









**دێشانل:** Paul Deschanel ڕامیار ڕامیاری فەرەنسەیی، (١٨٥٥ـ١٩٢٢) لە ١٩١٢ تا ١٩٢٠ سەرۆكی پەرلەمان بوو.









**دێكۆپاژ:** Découpage سینەما بە واتای بڕین یان ئێدیت نییە، ئەگەر ئەم قۆناغەش بگرێتەوە؛ بە زۆری مەبەست لەم وشەیە تەشك یان پێكهاتەی كۆتایی فیلمە لەسەر كاغەز. تەشكێكە كە فیلم پاشان لەسەر

پەردەی ئەبینرێت؛ بەرامبەرە ئینگلیزییەکەی بە زۆری «فیلمنامەی تایبەت بۆ فیلمگرتن»ـە. ☜ میزانسن ☜ مۆنتاژ










**دێکۆڤیل:** بەرژەنگ لە ناوی Paul Decauville {١٨٤٦ـ ١٩٢٢} پیشەسازی فەرانسەیی بەرهەمهێنەری پێداویستیی شەمەندەفەرەوە هاتووە، بۆ نموونە ڕاهێڵی ئاسنی ٥٠٠ میلیمەتر و ٦٠٠ میلیمەتر.







**دێکۆڵتە:** decollete مۆد پۆشاک کراسێکی شان و سینگ ڕووتە.





**دێکادن:** decadent ڕێباز بە واتای لادەر، ئەندامی شێوازی سەر بە

بزووتنەوەی هونەری Aesthetic Movement لە کۆتایی سەدەی نۆزدە، واتە بڕوای بە هونەر بۆ هونەر هەبوو و بە پێویستی نەئەزانی هونەر ئامانجێکی کۆمەلایەتی یان ڕەوشتی هەبێ.





**دێکامێرۆن:** The Decameron **کۆمەلە چیرۆک** نووسینی جیۆڤانی بۆکاچیۆ، لە ١٠٠ چیرۆک پێکهاتووە، کە لە لایەن دەستەیەکی حەوت ژن و سێ پیاوی جوان لە ڤیلایەکی چەپەک لە دەرەوەی شاری فلۆرانس، بۆ خۆپاراستن لە پەتای مەرگی ڕەش کە شاری داگرتووە، خۆیان هاوێر کردووە لە ماوەی دە ڕۆژدا ئەگێڕدرێتەوە. پێئەچێ بۆکاچیۆ پاش ئاهۆی ١٦٤٨ دەستی کردبێ بە نووسینی دێکامێرۆن و تا ساڵی ١٣٥٣ تەواوی کردبێ. چیرۆکەکان لە هەیشۆ بۆ جەخاراوی {ئێرۆتیک تا ترازێک}ی تێدایە. چیرۆکی قۆشمە و گاڵتەی بەکردەوە و وانەی ژیان ئەوەندەی تر سەرنجراکێشیان کردووە. جگە لە بایەخ و ناوبانگی وێژەیی وەک بەڵگەنامەیەکی سازەی ژیان لە سەدەی چواردە وایە کە بە زمانی ئاسایی فلۆرێنت نووسراوە و زۆر لە نووسەرانی گەورە لە بەرهەمەکانی خۆیاندا سوودیان لێ وەرگرتووە.

دێکامێرۆن کە سەد چیرۆکی هەمەچەشنە و هەرکامەیان بۆ فیلمێکی سینەمایی دەست ئەدات، بە سەدان ژێوەرگرتنی لێکراوە، لە بواری شانۆ و پەخشان و هۆنراوە و گۆرانی و ئۆپێرا و سینەمادا:

**شەوانی دێکامێرۆن:** Decameron Nights فیلمی سینەمایی ١٩٥٣.

**دێکامێرۆن یەک:** The Decameron زنجیرەی تەلەڤیزیۆنی ١٩٧١.

**دێکامێرۆن یەک:** The Decameron فیلمی سینەمایی ١٩٧١.

**دێکامێرۆن دوو:** The Decameron فیلمی سینەمایی ١٩٧١.

**مەڵبەندی کیژان:** Virgin Territory فیلمی سینەمایی ٢٠٠٧.












**دێگا:** Edgar Degas شێوەکار (١٨٣٤ـ١٩١٧) شێوەکاری ئیمپرێشنیستی فەڕانسەیی.









**دێلاکروا:** Eugène Delacroix شێوەکار (١٧٩٨ـ١٨٦٣) لە بەرجەستەترین نوێنەرانی ڕۆمانتیک و ڕۆژهەڵاتدۆستی لە شێوەکاریی فەڕانسەدا.





**دێلانۆی:** Jean Delannoy هونەرپیشە (١٩٠٨ـ٢٠٠٨) هونەرپیشە، نووسەر و دەرهێنەری فەرەنسەیی.

**دێلفت:** Delft جوگرافیا شارێکە لە باشووری ڕۆژئاوای هۆڵەندا، کارگەی چینی و سێرامیکی بەناوبانگە. هونەرمەندی مەزن یووهانس ڤەرمێر لەم شارە لەدایک بووە.





**دێلفت و هارلم:** Delft and Haarlem جوگرافیا گەڕان ـ٦ دوو شارن لە هۆڵەندای وڵاتی گوڵ ☜ دێلفت ☜ هارلم.






**دێلفی:** Delphic Oracle ئاییروئەفسانە جوگرافیا دێلفی شارێک بووە لە یۆنانی کۆن لە لێژایی پارناسۆس و، ئۆراکڵی دێلفی لە میسۆلۆژی یۆنانی‌دا پاکیزە ژنێکی پەیامهێنەرە لە لایەن ئاپۆلۆوە بۆ ئەوانەی داوای ئامۆژگارییان کردووە و، پەیامەکەش بە زۆری ناڕوون و فرەواتایە، سەمبولی دێلفی ئەڵێ کە هەموو شت دژ بە یەکن و ئافراندنی پیاو و ژن بۆ ئەوەیە

بەرامبەر بە یەک بوەستن، نەک ڕوو لە یەک وەرگێڕن و بە ئاراستەی پێچەوانەدا لێک دوور بکەونەوە.



**دێلکاسە:** Théophile Delcassé ڕامیار وەزیر (١٨٥٢ـ١٩٢٣) ڕامیار. چەند جار بوو بە وەزیری دەرەوەی فەڕانسە. دارێژەری گەڵاڵەی پەیمانی «ڕێککەوتنی دۆستانە»ی نێوان فەڕانسە و ئینگلیز.









**دێڵەبەبا:** Estrous cycle زیندەوەرزانی ناوی لێکدراو دەڵەبەبا، هەست یان هەوەسی دێڵەسەگ بۆجووتبوون لەگەڵ گۆڵەسەگ، دێڵی نێرخواز، دێڵەبەبا.

ع دورة وداقية N Brunst د دوره فحلی ◀ **بەبابوون** یان چەرخەبەبا خولی چالاکی جنسی ئاژەڵە بۆ جووتبوون و جێبەجێکردنی سرووشتیترین داخوازی خۆرسک و سرووشتی کە زاوزێ و مانەوە و درێژەدان بە ژیانە. چەرخەبەبای نێر و مێ هەر ئاژەڵێک بە یەک ئەندازەیە، بەڵام درێژییەکەی بۆ هەر جوتێک بە گوێرەی جۆاوجۆری گیانداران هەم ناو هەم ئەندازەی دیاریکراوی هەیە، بۆ پشیلە «نەورۆ»یە و لە سەروبەری بەهار و نەورۆز دایە، هێی مەڕ وەرزێکە و هێی کەروێشک چەند وەرزە، بۆ سەگ بەهار و پایزە و نەهەنگ شەش مانگی بەرو و دوای نەورۆزە؛ ناوەکانیشیان وەک ئەمانەیە: بزنوەتەگە، پشیلەبەنەورۆ، دێڵەبەبا، مانگاوەکەڵ، ماینبەفاڵە، مەڕوەبەران.

**دێیانیرا :** Deinira میسۆلۆجی لە میسۆلۆجی یۆنانیدا ژنی دووەمی هێرکولێس بووە. نێسۆسی ئەسپادەم پێش مردنی چەند دڵۆپێک خوێنی بە دێیانیرا دا و وتی هەر کاتێک بیەوێ ئەتوانێت بەو دڵۆپانە خۆشەویستی هێراکلیس یان هێرکوول زیندوو بکاتەوە. کاتێک هێراکلیس گیرۆدەی ئیوڵا بوو، دێیانیرا بە خوێنەکە تەرگەکانی هێراکلیس پەڵە ئەکات. بەڵام خوێنەکە ژەهراوی بوو و بووە هۆی مردنی هێراکلیس. دێیانیرا لە تاسوخ و پەژارەی هێراکلس خۆی کوشت.



**دێماگۆگ :** demagogue دێماگۆگ ڕامیارێک کە لە ڕێگەی وورووژاندنی هەستی دەمارگری جەماوەرەوە پشتیوان بەدەست ئەهێنێ، نەک بە بیرسا و بەڵگەی ڕاستەقینە.

**دێمۆستین :** Demosthenes ڕامیار وتاربێژ (٣٨٤ـ ٣٢٢ پ.ز) ڕامیار و

وتاربێژی بەتوانای ئاسینایی، کە زمانی پسک بوو، کاتی وتاردان دەنکە زیخێکی ئەخستە بن زمانی بۆ ئەوەی بتوانێ بە ڕەوانی وتار بدات.




**دێمۆکریتۆس:** Democritus فەیلەسووف {٤٧٠ـ٣٧٠ پ.ز} فەیلەسوفی پێش سۆکراتی پلە یەکەم، بە هۆی بیرۆکەکانی سەبارەت بە پێکهاتەی ئەتۆمی سروشت ناسراوە. هیچکام لە نووسینەکانی نەماوە. : جیهان نەمەنە، ژیان تێگەیشتنە. جیهان گۆڕەپانە، ژیان تێپەڕینە: هاتیت، بینیت، ڕۆشتیت.









**دێمۆگرافی:** demography زانست زانستی سەرژمێری دانیشتوان، لێکۆڵینەوە لە هەژماری وەک لەدایکبوون، مردن، داهات، یان ڕووداوی نەخۆشی، کە گۆڕانی پێکهاتەی دانیشتوانی مرۆڤ پیشان دەدەن. ع الدیموغرافیا، علم السکان N demografi د جمعیت شناسی.













**دێمۆلن :** Camille Desmoulins راميار نووسەر ژاکۆبۆن ‹١٧٦٠ـ١٧٩٤› رامیار و نووسەری فەرەنسەیی، سەرۆکی شۆڕشی بورژوایی کۆتایی سەدەی هەژدەی فەرەنسە، ژاکۆبۆنی ڕاست.




**دێو ❶:** ogre ئەفسانە بوونەوەری ساماناکی مرۆڤخۆر. ع عملاق N boggy د دیو.

**دێو ❷:** leaf fodder ئاژەڵداری تفاق خێو، گەڵ، قۆریەگەڵ، بارگە، گەڵای داربەڕوو و مازووە کە لە پاییزاندا بە لقەوە دادەپاچرێ و لەنێو پەلی درەختدا هەڵئەگیرێ بۆ زستانی ئاژەڵ. ع ورقة العلف N fôrblad د برگ علوفه.




**دێوئاسا :** fiendish ئاوەڵناو ئەهریمەنی، زۆر بێبەزەییانە و دڵڕەقانە. ع شیطاني N djevelsk د شیطانی.








**دێوور:** return فەرمان زڤر، زڤڕین، گەڕانەوە. ع عاد، يعود N komme د tilbake برگشتن.

**دێوورژەن:** dust storm بوویەر سرووشتی ناو دۆرژنگ، تەپوتۆزی زۆر و زەبەند، گەردەلوولی تۆز وخۆڵ. ع عاصفة ترابية N støvstorm د توفان گرد و غبار.





**دێوورە:** پیشەوەر وردەواڵەفرۆش، چەرچی، چەمشار.

ن: کەوشەکانی دەماڵە، بۆسەر داوەتێ دەچی

(وردەواڵە) هەڵدەگرە، لەدوی دەبەم بە (چەرچی)

ن: ئەو دێوورە لە دوور هاتووە

هەگبەی بنیشت و وشکەتووە.

**دێوەزمە:** nightmare, incubus داوەت شێوەزانست ناو ئارختەک، بەختەک، جنۆکە، درنج، خێو، تارمایی مردوان، شەوە، مۆتەکە، غوولی بیابان، مێردەزمە داوەتی سەنگینی و هەناسە سواربوون لە خەودا کە مرۆڤ

هەست ئەکا شتێکی قورس سواری سینگی بووە؛ دێو، یان ئەهریمەنێکی نێر کە گوایە ئەچێتە خەوی ژنان، پەلاماریان ئەدا و سەرجێییان لەگەڵ ئەکا؛ ع کابوس N inkubus د کابوس. ⟵ خێوی ئاگر؛ خێوی زەریا.

**دێوانە:** ئەخۆشی هێمایی شێت، شەیدا و سەرگەردان، دەروێشێک کە عاشق و سەوداسەری پیری رێبازەکەی بێ ٢}؛ [دێو+انە] دێوئاسا.

**دێوم:** پاراستن پارێنک، پاشپارگێن، جووتە جۆگەلەی گردی رەشماڵ بۆ ئەوەی ئاو نەچێتە ناو رەشماڵەکە.

**دی ئێن ئەی دەستکرد:** synthetic DNA پزیشکی. ع DNA اصطناعي N syntetisk DNA د دی ان ای مصنوعی.

**دی ئێن ئەی کۆچبەر:** DNA migration پزیشکی گواستنەوەی لاوەکی دی ئێن ئەیە بە هۆی ئەوەی مرۆڤ رۆژانە ٤٠ تا ٥٠ ملیۆن خانەی پێستی بڵاو ئەکاتەوە، هەر لە گرتنی دەستگیرەی دەرگاوە بگرە تا رێستۆرانت و هەموو شوێنێک دی ئێن ئەی بڵاو ئەبێتەوە، ئەم خانانە وەستاو نین و بە ئاسانی ئەگوێزرێنەوە بۆ هەر کەسێکی تر دەست بدات لەو شتانە. ع الحمض النووي N DNA–migrering د دیانای مهاجر.

**دیابۆلۆ:** Diabolo ئەیستۆک لەیستۆکێکە لە دوو قۆچەک پێک هاتووە کە سەرەکانی لکاون بە یەکەوە و بە دوو داری هاوتەریب کە بە پەتێک بەستراون بەیەکەوە، یاری بە قۆچەکەکان ئەکەن و هەڵیئەدەن بە حەوادا. لەسەردەمی لویی چواردەدا باو بوو و ١٩٠٧ پەیدا بوویەوە.



**دیاپاژۆن:❶** diapason مۆزیک ئامێر لە لاتین، لە یۆنانی کۆن، ئامێرێکی کانزای دوو لقە بۆ تاقیکردنەوەی لەرە یان جووڵەی لەرانەوە یان کۆککردنی دەنگ سوودی لێ وەرئەگیرێ. ع معیار النغم N diapason د دیاپازون.

**⇦ دەنگدەرەوە:** Resonator ئامێر ئامێرێکە زایەڵەی دەنگ گەورە ئەکاتەوە، بە تایبەت بەشی بۆشی ئامێرێکی موزیک. ع مرنان N Resonator د طنین انداز.





**دیاپاژۆن:❷** diapason مۆزیک گۆڤار گۆڤارێکی مانگانەیە بە زمانی فەڕانسە، دەستەیەکی میدیای ئیتالیایی بڵاوی ئەکاتەوە. ئەم گۆڤارە لەمەڕ موزیکی کلاسیک و های-فایە و ساڵی ١٩٥٦ لە لایەن زۆر شێریر Georges Chérière دامەزرێنرا.












**دیار:** discernible ئاو بینراو، هەستپێکراو، سەرنجڕاکێش. ع یمکن تمییزە N merkbar د قابل تشخیص. ن: ئەو ڕیسواییە هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر پیشەکەی نەبوو.

**دیاردە:** phenomenon ئاو فینۆمێنا، دەرکەوتە، ڕۆژەڤ یان دۆخێک

کە ڕوودانی بوویەرێک پیشان ئەدا، بە تایبەت نموونەیەک کە جێگەی پرسیارە یان ڕاڤەکردنی دژوارە. ع ظاهرة N fenomen د پدیدە.

**دیاردەناسی:** phenomenology ناوی لێکدراو زانستی دیاردە، وەکوو شتێکی دوور لە سروشتی هەستی، وەک ئێدمۆند هوسێرلی فەیلەسووف ئەڵێ: دیاردەناسی پێزانینە بە بینراوەیی ئەو دیاردانەی کە دەسبەجێ تێیانئەگەین، بەبێ پەنابردنە بەر تیۆری زانستی یان فێرکاری لە پێشەوە.









**دیاردی:❶** دەنگەوشە وتەیەکە لە کاتی بەدی کردنی کەروێشک و بەدەورداهاتنیدا ڕاوکەر دەیڵێ لە ڕاو دەگوترێ. کاتێک نێچیر دەبینرێ، یەکێک دەڵێ: خوڵامی سەری ڕاوچیانم؛
ڕاوچیانی تر دەڵێن: دیاردی.

**دیاردی:❷** surveillance, guarding ناوی فەرمان دیدەوانی، کێشک، چاودێری، چاویاری. ع حراسة N vokting د نگهبانی.






**دیارکەردەی:** diagnosis پزیشکی ئێشناسی،ـ نەخۆشیناسی، ناسینەوەی نەخۆشی، دەستنیشانکردن. ع تشخیص N diagnose د تشخیص.

**دیافۆن:** diaphoneme ڕێزمان دەنگی هاوئاواز، لە زماننا‌سیدا بە یەکەیەکی دەنگناسی ئەوترێ کە ئەیەرژێتە سەر جۆرە جیاوازەکانی شێوەی دەربڕینی یەک، یان چەند دەنگێک لە یەک وشەدا لەسەر بناغەی شێوەزارە جیاوازەکان.

**دیپ:** Dieppe جوگرافیا بەندەر لە بەندەرەکانی باکووری فەرانسە، لە کەناری زەریای مانش.





**دیپلۆمات:** Diplomat رامیار رامکار کەسێکی خاوەن پلە و نوێنەری وڵاتێکە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەو وڵاتە بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری دیپلۆماتیک و پەیوەندی نێونەتەوەیی، لەگەڵ وڵات یان ڕێکخراوی تر. دیپلۆمات دەربڕی ڕوانگە و پارێزەری وڵاتی خۆیەتی لە گەشەپێدانی بازرگانی و زانست و پەیوەندی زانیاری. ڕامیار لە ناوخۆی وڵات کار ئەکات و دیپلۆمات نوێنەری ڕامیارییە لە دەرەوەی وڵات.

**⇦ ڕامیار:** رامیاری کەسێکە کە بەشدارە لە کاریگەرکردنی ڕامیاری گشتی و بڕیاردان. ئەمە ئەو کەسانە دەگرێتە کە پۆست و پلەی بڕیاردان و فەرمی حکوومیان هەیە و، هەروەها ئەو کەسانەش کە بەدووی ئەو پۆستانەوەن، ئیدی بە هەڵبژاردن یان بۆماوەیی یان کوودەتا یان دیاریکردن یان داگیرکردن یان بە هەر هۆکارێکی تر هاتبێتنە سەرکار

و ئەو پۆستەیان بەدەست هێنابێت.











**دیتبار :** visual [ئاوەڵناو] بینراوەیی. [ع] المرئیە [N] visuel [د] بصری.




**دیتنی ناکاو :** encounter [ناوی لێکدراو] بینینی کەسێک یان شتێک بە شێوەی چاوەڕوانەکراو. [ع] یواجە مفاجیء [N] møte støte [د] مواجهە.

**دیجیتالس :** digitalis [دەرمان] [پزیشکی] دەرمانێکە لە گەڵای وشکی کاسەگوڵ ئەگیرێ و ئەبێتە هۆی هاندانی ماسوولکەکانی دڵ، بەکارهێنانی نەشارەزا ئەبێتە هۆی وڕکردن و تەنانەت وەستانی دڵ. ☜ کاسەگوڵ.







**دیدگا :** perspective ناو ڕوانگە، ڕۆشنبینی، فراوانی دید، دوورنما؛ وێناکردنی دیاردە، بەرجەوەن. ع انطباع N perspektiv د دیدگاه.

**دیدۆن :** Henri Didon نووسەر شێوەزانست (١٨٤٠_١٩٠٠) نووسەر و نوخشانەبێژی دۆمێنیکەنی.







**دیدەنگە :** Tourist Attraction گەشتیاری ناوی جێگا شوێنی مێژوویی یان سەرنجڕاکێش کە زۆر سەردان و دیدەنی لێ ئەکرێ. ع جذب سیاحی N Turistattraksjon د جاذبە توریستی.

**دیدەنیار:❶** visitor گەشت ئایینناسی سەردانکەر، میوان، زیارەتکەر. ع زائر N besøkende د بازدید کننده، زیارت کننده.

**دیدەننامە :** pilgrimage guide ئایینناسی ڕابەری زیارەت،ڕابەری دیدەنیار و گەشتیارانی ئایینی کە ئەچن بۆ سەردانی شوێنی پیرۆز. ع دلیل الحج N pilegrimsguide د زیارتنامە.

**دیدەنیار:❷** The Pilgrim فیلم فیلمی ١٩٢٣ دەرهێنانی چارلی چاپلین.







**دیدەوان:** boy scout بزووتنەوە لاوان بە ئەندامی بزووتنەوەی جیهانی دیدەوانی ئەوتریّ کە بۆ یارمەتی و کۆمەک گەیاندن لە کاتی ناوێزەدا بەدی هاتووە. ◀ ئەم بزووتنەوەیە ساڵی ١٩٠٧ لە لایەن ڕابرت بادن پۆڵ Robert Baden-Powell لە ئینگلیز دامەزرا و بە خێرایی لە جیهاندا بڵاو بوویەوە.

◀ یەکێک لە ئامانجەکانی دیدەوانی ئەوەیە کە متمانەبەخۆیی لە مرۆڤدا بەهێز بکات و هەروەها گیانی هاریکاری و یارمەتیدانی کەسانی تر لە گەنجاندا پەرە پێبدا. ع کشاف N speidergutt د پیشاهنگ ☞ بزووتنەوەی دیدەوانی.








**دیدێرۆ:** Denis Diderot نووسەر (١٧١٣ـ١٧٨٤) نووسەر و فەیلەسووفی فەرانسەیی سەردەمی ڕەوشەنگەری، خاوەنی ئێنسایکلۆپێدیای ٢٨ بەرگی کە ٢٦ ساڵی تەمەنی خۆی بۆ تەرخان کرد. بەشێکی مەزنی ئێنسایکلۆپێدیا دژایەتی سەختی شیاوی دەسەڵات و شیانستی کلیسای کاسۆلیک ئەکات. بەرهەمە وێژەیی و ئایدۆلۆژی و فەلسەفییەکانی دیدرۆ بە هۆی دژایەتی ئایین، بەر لە چاپ دەستیان بەسەردا ئەگیرا یان سووتێنراون؛ زۆرێک لە نووسینەکانی دوای مردنی دۆزرانەوە و چاپ کران. ✪: دیدێرۆ پەی بەوە بردبوو کە: بیر گۆڕانی بەسەردا دێت، چونکە مرۆڤ ئەگۆڕێ.

☞ پارادۆکسی ئەکتەر ☞ نامە بۆ سۆفی ڤۆلان









**دیدی داخراو:** tunnel vision ڕوانگە ڕوانگەی تونێلی، بیبێنێکی کەموکووڕ و خەوشدار، ئەگەر بینەر لە ناوەندی مژارەکە نزیک نەبێ، چونکە داخراوی ناو ڕەهۆڵەکە ڕێگە لە بەرەگەی ڕوانینی فراوان ئەگرێ. [٤]
رؤية النفق [N] tunnelsyn [د] دید تونلی. : لە هەموو بابەتە تیۆریک و ڕەوشتییەکاند دیدێکی داخراوی هەیە.










**دیرکتوار:** Directoire ڕامیاری ئەنجومەن ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی پێنج کەسی بەپێی دەستووری ساڵی سێیەمی شۆڕشی مەزنی فەڕانسە، لە ١٧٩٥ تا ١٧٩٩. شێوازی دیرکتوار لە هونەری ڕازاندنەوە و پۆشاکدا لە فەڕانسە و بەشێکی ئورووپادا ڕەنگی دایەوە.



**دیرەگ:** mast کەرەستە ناو دەگ، نیرگە، کاریتە یان دیرەکی چارۆکەی کەشتی د دكل.



**دیرەگی پەترۆڵ:** oil platform پیشەسازی یان offshore drilling rig سازەیەک بە ئامێر و کەرەستەی پێویستەوە بۆ هەڵکەندن و دەرهێنانی پەترۆڵ. ع منصة نفط N oljeplattform د سکوی نفتی.



**دیرەگی ڕێژەن:** Greasy pole داب‌ونەریت بە فەڕانسەیی Mât de cocagne کۆڵەکەیەکی بەرز یان قەدی دارێک کە لە سەردەمانی زوو لە ئورووپا، لە جەژن و ئاهەنگە گشتییەکاندا، خواردنیان پێدا هەڵواسیوە و یەکێک لە بەرنامەکانی جەژنەکە ئەوە بوو کە هەرکەس گەیشتە ئەو سەرە یان زووتر گەیشت، لەو خواردنانە بخوات. ع عمود التغذية N greasy rod د ستون خوراکی.



**دیزە :** clay pot, creuset ناو کیتەڵە، کاشینکە، دەفری گڵی شێوی تێدا لێ ئەنرێ. ع قدر الطبخ N creuset, leirgryte د دیگ سفالی.



**دیزە بە دەرخۆنە :** پەند گۆتە هێمایر شاردنەوە و پەردەپۆشی کردنی ڕاز و نهێنی.

**دیزە بە کۆڵ :** هێمایر دەستەواژە بارقورس، خێزان زۆر، کەسێک کە لە ترسی سامانەکەی ناوێرێ زۆر کۆچ بکات.

**دیزەڵە :**❶ lumbar region ناوی بچووککراو قووڵایی بان سمت. ع حفرة الخصر N korsryggen د چال کمر.

⇠ **کلێنچە :** coccyx تویکاری ناو کلێژە، کلێنجک کۆتا ئێسکە لە بڕبڕەکانی پشتدا، ئێسکێکی سێگۆشەیە، لە سێ ئێسکی بچکوکتر پێکهاتووە، ئەکەوێتە ناو دیزەڵەوە. لە کاتی پێکان یاخود فشار خستنە سەر ئێسک و بەستەر و ماسولکەکانی فەراگەردی، تووشی ئازار دەبێت. ع

العصعص N halebein د دنبالچە.

**ئازاری کلێنچە:** coccyx pain نەخۆشی ناو ئازارێکە لە بەشی خوارەوەی بڕبڕەکانی پشتدا دروست دەبێت، کە کلێنچکەیە و، لەکاتی پێکان یاخود فشار خستنە سەر ئێسکەکە و بەستەر و ماسولکەکانی دەوروبەری، تووشی ئازار دەبێت. ئازارەکە چەند حەفتە یان چەند مانگ ئەخایەنێ و هۆکارەکانی فشاری کاری بەردەوام، پێکان و هەروەها، سکوزای دژوارە. ع ألم العصعص N halebenssmerter د درد دنبالچە.





**دیزەڵە:**❷ jug ناو پیتی، دیزی، دەفری سواڵەتی بچووک بۆ چێشتلێنان. ع الكوز N kanne د کوزە. ☜ پیتی





**دیژۆن:** Dijon جوگرافیا شارێکە لە ڕۆژهەڵاتی فەرانسە، خراوەتە سەر هێڵی ئاسنی سەرانسەری و لە شارە گەورەکانی فەرانسەیە.





**دیستۆپیا :** dystopia فەلسەفە ناوی لێکدراو کۆتایی سەدەی هەژدە، لە پێکهاتنی دوو وشەی {dys- 'bad' + utopia} بەدی هاتووە، بە واتای مەڵبەند یان فەرمانڕەواییەکی گریمانەیی لە ئایندەدا، کە هەموو شت تێیدا ناخۆش و نادادگەرانە بێ، وەک ڕژێمێکی تۆتالیتر و سەرەڕۆ. **نـ:** ڕۆمانی ١٩٤٨، جۆرج ئۆروێل.

**یۆتۆپیا :** utopia فەلسەفە ناوی لێکدراو بە واتای وڵاتی ئارەزوو، لە ناوەڕاستی سەدەی شانزە لەسەر بناغەی {'ou 'not' + topos 'place'}ی یۆنانی، ساڵی ١٥١٦ لە پەرتووکی Utopia، لە لایەن سێر تۆماس مۆرەوە بەکار هێنراوە}.










**دیسلیکسیا :** dyslexia نەخۆشی ناسازی و کێشەی فێربوونی خوێندنەوە یان لێکدانەوەی وشە و پیت و هێماکانی تر، هەرچەند کاریگەری لەسەر زیرەکی گشتی نییە.






**دی سیکا:** Vittorio de Sica دەرهێنەر (١٩٠١ـ ١٩٧٤) ڤیتۆریۆ، دەرهێنەر و هونەرپیشەی ئیتالیایی، براوەی خەڵاتی ئۆسکاری ١٩٥٧. لە پێشڕەوانی بزووتنەوەی نیۆڕیالیزمی سینەما.




**دیفتۆنگ:** (ˈdifˌTHôNG) diphthong ڕێزمان ئینگلیزی ناوەڕاست، لە diphtongueی فەڕانسە، لە لاتین و ئەویش لە diphthongos ی یۆنانی، بە واتای دوو جار، دەنگێکە کە لە ئامێتەبوونی دوو پیتەدەنگی پێکهاتووە و دەنگەکە سەرەتا بە بزوێنێک دەست پێئەکا و ئەچێ بۆ بزوێنێکی تر وەکو: (coin , loud , and side) لە زمانی ئینگلیزیدا. لە زمانی کوردیدا دیفتۆنگمان نییە و هەر بڕگەیەک تەنها یەک بزوێنی تێدایە.

تریفتۆنگ: (ˈtrifˌTHôNG) Triphthong ڕیشەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی شانزە، لە triphtongueی فەڕانسە، لەسەر کێشی diphthong کۆی سێ پیتە دەنگییە (جا پیت یان دەنگ) کە لە بڕگەیەکدا بێژە ئەکرێن وەکو: (oauth, eindhoven). لە زمانی کوردیدا تریفتۆنگمان نییە.










**دیکا :** Dike ئاییروئەفسانە یان دایک ماخوای داد و ڕەووشت، لە میسۆلۆژی یۆنانیدا. ع دایک N Dike د دایک.





**دیکایۆسینە :** Dikaiosyne ئاییین و ئەفسانە ماخوا سەر بە دایک یان دیکا ماخوای داد، گیانی دادگەری و ڕەوامەندی.




**دیکتاتۆری مەزن :** The Great Dictator فیلم فیلمی حەنەکی ئەمریکایی

١٩٤٠، لە نووسین و دەرهێنان و هونەرمەندی چارلی چاپلین.









**دیکێنز :** Charles Dickens رۆماننووس (١٨١٢ـ١٨٧٠). مەزنترین رۆماننووسی ئینگلیزی چاخی ڤیکتۆریا. لە شێکسپیر بەملاوە، کاریگەرترین نووسەر بووە لە زمانی ئینگلیزیدا.












**دیلمەر دەیڤز :** Delmer Daves دەرهێنەر (١٩٠٤ـ١٩٧٧) دەرهێنەری ئەمریکایی.










**دیلۆس :** Delos جوگرافیا ئەفسانە یەکێکە لە گرنگترین دورگە ئەفسانەیی و

مێژوویی و ئارکیۆلۆژییەکانی یۆنان کە بە زادگەی ئاپۆلۆن و ئارتمیس ناسراوە.



**دیلۆک:** ❶ داب‌ونەریت دیلانێ، هەڵپەڕکێ.

**دیلۆک:** ❷ Louis Delluc نووسەر (١٨٩٠ـ ١٩٢٤) فیلمنامەنووس و ڕەخنەگر و دەرهێنەری ئیمپڕشنیستی فەڕانسەیی.




**دیلەک:** intercession ناو مەهدەر، تکا، پاڕانەوە، لاڵانەوە بۆ کەسێک. ع N forbønn د شفاعت.

**دیلێما:** Dilemma بیرسا دووڕێیانی تەنگانە یان، دووڕێیانی ناچاری. ع قیاس أقرن N Dilemma د ذوالحدین. درێژە نموونەیەکی لۆجیکییە لە سێ پێشەکی پێک هاتووە؛ پێشەکی یەکەم دۆزی مەرجدار و پێشەکی دوو و سێ دۆزی مەرجداری لکاون، کە پێشەکییەکانیان بە

ڕیز دۆزی یەکەم و دۆزی دووەم، پرسگری جیایە. بەرئەنجامی ئەم پێشەکییانە، دۆزێکی مەرجی جیا بەدی ئەهێنێ کە هەر دۆز، بەرەنجامی دوو پێکهاتەی مەرجی لە پێشەکییەکان دایە:

- ئەو لە تاقیکردنەوەی زانکۆ دەرئەچێ، یان دەرناچێ.
- ئەو لە تاقیکردنەوەی زانکۆ دەرئەچێ، ئەچێ بۆ زانکۆ.
- ئەو لە تاقیکردنەوەی زانکۆ دەرناچێ، ئەچێ بۆ سەربازی.

واتە یان ئەچێ بۆ زانکۆ یان بۆ سەربازی.

نموونەیەکی تر:

- منالەکەیان کوڕە یان کچ.
- ئەگەر کوڕ بێ ناوی ئەنێن هیوا.
- ئەگەر کچ بێ ناوی ئەنێن مینا.

واتە ناوی منالەکەیان یان هیوا ئەبێ یان مینا.

**تریلێما :** Trilemma بیرسا سێ ڕێیانی ناچاری، سێ ڕێگەی نەگونجاو یان نەشیاون (یان وا دەرئەکەوێ). بۆ ڕاقەی تریلێما دوو شێوازی لۆجیکی هەیە: لە نێوان سێ ڕێگەی هەبوودا ئەبێ یەکیان هەڵبژێردرێت، ئەویش لە کاتێکدا تەنها دوانیان ئەگەری لوانی هەیە. ئەم زاراوەیە لە پرسگرێکی زۆر کۆنی تر، واتە هەڵبژاردن لە نێوان دوو یان چەند ئەگەردا هاتووە، کە سەرەتا ساڵی ١٦٧٢ و پاشان ١٧٢٥ بە شێوەی سەربەخۆ بەکار هاتووە.

ئێپیکۆر، تریلێما بۆ ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی خوای ڕەها بەکار ئەهێنێ، کە دەیڤید هیوم کورتی کردووەتەوە:

- ئەگەر خوا ناتوانێ بەر بە خراپە بگرێ، کەواتە توانا نییە.
- ئەگەر خوا نایەوێ بەر بە خراپە بگرێ، واتە ئەو باشە نییە.
- ئەگەر خوا ئەیەوێ و ئەتوانێ بەر بە خراپە بگرێ، ئەی بۆ خراپە هەیە؟

ـ ئەگەر خوا نایەوێ و ناتوانێ، ئەی بۆ پێی ئەڵێن خوا؟

Is God willing to prevent evil, but not able?

*Then he is not omnipotent.*

Is he able, but not willing?

*Then he is malevolent.*

Is he both able and willing?

*Then whence cometh evil?*

Is he neither able nor willing?

*Then why call him God?*

تریلێما لە گفتوگۆی فەلسەفیدا سەبارەت بە خراپە ئەوترێ و زیاتر دەمەوەرانی فەلە بەکاری ئەهێنن، واتە یەکێک لەم پێشەکیانەی خوارەوە ئەبێ ڕاست بێ:

ـ دێوانە: عیسا خوا نەبوو، بە هەڵە لای وابوو.

ـ درۆزن: عیسا خوا نەبوو، ئەیشیزانی، بەڵام هەر وتی.

ـ پەروەردگار: عیسا خوایە.












**دیم:** ناو ڕوخسار، ڕواڵەت، ڕوومەت. دیمانەت بەخێر: شادم بە بینینی ڕوخسارت. دیمەن: ئەو ڕووگە و ڕووبەرەی لە بەرەگەی ڕوانیندایە.

**دیمانە:**❶ ناو نۆبەرەکردن، بەواتای چێژکردن و خواردنی یەکەمجاری

میوە و بەروبووی وەرزی، هەر سەوزەوە میوەیەک لە یەک وەرزدا هەبێ، لە وەرزەکانی ترا بەسەر ئەچێ. بۆ نموونە ئەوترێ: دیمانەی ڕێواست کردووە؟

**دیمانە:❷** interview ناو فەرمان چاوپێکەوتن و گفتوگۆ، هەڤپەیڤین.
ع مقابلة N intervju د مصاحبە.

**دیمەن:** shot, vignette سینەما فیلمگرتنی بڕگەیەک.

**دیمەن ـ ئاوەژوو ـ دیمەن:** shot_reverse_shot سینەما

**دیمەنی بەراوەژوو:** reverse shot سینەما

**دیمێن:** Georges Demen فیلمساز {١٨٥٠ـ١٩١٧} داهێنەر و فیلمسازی فەرانسەیی.




**دین:❶** نەخۆشی شێت، دێوانە، لیوە.

**دین:❷** religion ئایینناسی ناو باوەڕداری و پەرستنی هێزێکی کۆنترۆڵکەری سەروو مرۆیی و بانسروشتی، بە تایبەت خودایەکی تاک یان کۆمەڵێک خوداوەند. ریشەناسی وشەی [ئادین] وشەیەکی کوردییە، براوە بۆ عەرەبی و کەرتی {ئا ـ}ی لێکراوەتەوە و بە شێوەی {دین} بەکار هێنراوە.

دواتریش دەنگی {د} بە {ی} گۆڕاوە و ئادین بووە بە ئایین. ع دین N religion د دین.



**دینا :** judgment ئایینناسی بڕیاری ئایینی سەبارەت بە کێشەیەکی دینی لە لایەن پێشەوایەکی دینییەوە. ع فتوی N dømmekraft د فتوا.

**دیناور :** muftis ئاوەڵناو پسپۆڕی ئیسلامی کە بۆی هەیە بڕیاردەری ئایینی دەربکات N muftis ع مفتی د مفتی

**دینگ :** ئامێر گراوە، دەسکی دەسکاونگ د پادنگ. ← دینگی چەڵتووک کوتان.



**دیۆجینۆس :** Diogenes فەیلەسووف (٤١٢ـ٣٢٣ پ.ز†) لە دامەزرێنەرانی فەلسەفەی سادەگەری لاقرتێ و لایەنگری ژیانی ئاسایی و سەگئا بووە. سەرمایەی ئەو لە ژیاندا گۆچانێک و دەلمەیەک و کووزوویەک بووە.





**دیۆنیسۆس:** Dionysus میسۆلۆجی یان Bacchus لە میسۆلۆجی یۆنانیدا سەرەتا خوای ئافرێنەری مرۆڤ و پاشان خوای شەرابە. لە یۆنان باکۆسیان ئەپەرست، بەلاّم ئەفسانەی هێرشی باکۆس یان دیۆنیزۆس بۆ هیند و ولاّتانی تری ئاسیا، پاش ئەوە هۆنرایەوە، کە ئەسکەندەر هێرشی کرد بۆ سەر ئاسیا، لە ئەفسانەی ڕۆمیدا کوڕی ژووپیترە. ☜ دیۆنیسۆسی تیرانۆس Dionysius I of Syracuse



**دیۆنیسۆسی تیرانۆس:** Dionysius I of Syracuse فەرمانڕەوای سەرەڕۆی سیراکۆس لە سێسیلیای ئیتالیای ئەمڕۆ. ماوەی سی ساڵ دەسەلاّتدار بوو و دژی کارتاژەکان جەنگا.




**دیوارەچن:** embankment پاریزگاری چاوگی تێپەڕ دیوارە، دیوارەخۆڵ، بەردچن، هەلّدراوە، لاگیرە، کۆماخۆلّی ئەمبەر و ئەوبەری ڕێگاوبان؛ دیواری کەنارینی زەریا و ڕووبار بۆ بەرگری لە تەوژمی شەپۆل، یان لافاو. ع السد N voll ع خاکریز، پشتە. ☜ پێلشکێن






**دیواندڕ:** ئاوەڵناو زۆر قسەزان.

**دیواندەر:** کون بوو لە هەر دوو دیوەوە.







**دیوانە:** ئابووری لە dogana ی ئیتالیایی، فەڕانسەییەکەی douane یە و لە عەرەبی بووە بە دیوانە، بە واتای گومریک، بەڕێوەبەرێتی دیاریکردن و وەرگرتنی تاریفە و باجی کاڵا E customs د گومرک. ⟵ **گومریک**

**و مەکۆس:** Customs and excise ئابووری دیوانە و باجی ناڕاستەوخۆ. ع الجمارک والضرائب N Toll og avgifter د گومرک و مالیات غیر مستقیم.









**ديۆلافوا:** Jane Dieulafoy نووسەر (١٨٥١ـ١٩١٦) نژیارڤان، گەڕیدە، ڕۆماننوس و ڕۆژنامەگەری فەڕانسەیی و ژنی مارسێل ئاگۆست دیۆفۆی.






**دیۆمەد:** Diomedes ئایین‌وئەفسانە لە ئەفسانەی یۆنانیدا ناوی شایەکە کە ئەو بێگانانەی ئەچوونە وڵاتەکەی، ئەیخستنە بەر ئەسپە مرۆڤخۆرەکانی، بەڵام سەرەنجام هێراکلێس ئەوی کرد بە خۆراکی ئەسپەکانی خۆی.



{Letter r}

ر

**ڕا:** ❶ تەگبیر: بیر و ڕا. ⇦ **ڕا:** ❷ شیان: ڕات ناکەوێ. ⇦ **ڕا:** ❸ ڕێگە. ⇦ **ڕا:** ❹ بۆچی: ئەڕا. ⇦ **ڕا:** ❺ جار، کەرەت، دەحفە: ئەم ڕا. ⇦ **ڕا:** ❻ ڕێ ڕازی بوون: ڕام لێ نییە. ⇦ **ڕا:** ❼ پێشگرێکە تەخت و ڕاست و بەبێ بەرزی و بەبێ ئەگەیەنێ: ڕادە، ڕاخە. ⇦ **ڕا:** ❽ بڵند: ڕابە. ⇦ **ڕا:** ❾ هەڵاتن، غاردان: ڕاکە. ⇦ **ڕا:** ❿ دەگەڵی، لەگەڵبوون: بە من ڕا. ⇦ **ڕا:** ⓫ لایەن: لە تۆ ڕا بۆ من. ⇦ **ڕا:** ⓬ چاودێری: لێی ڕاکەوتم بزام چ دەکا. ⇦ **ڕا:** ⓭ هێشتن: لای خۆتی ڕاگرە. ⇦ **ڕا:** ⓮ چەقین: دڕوێکمە دە پێ ڕا چووە. ⇦ **ڕا:** ⓯ ناوەوە: دەستم دەوە کونەدا ڕاکرد. ⇦ **ڕا:** ⓰ فێر بوون: ڕاهاتن.

**ڕاب ڕۆی:** Rob Roy MacGregor خەباتگێڕ قارەمانی ڕۆمانی مێژوویی ڤاڵتەر سکات لە ١٨١٧ کە شەیدای دایانا ڤێرنەنی Diana Vernon شەنگ ئەبێ.




**ڕابوونەوە:** Easter ئاپیینناسر جەژنی زیندووبوونەوەی عیسا؛ مەسیحییەکان لایان وایە عیسا پاش ئەوەی لە خاچ درا، زیندوو ئەبێتەوە و هەموو ساڵێک لە میۆنی ٢٢ی مارچ تا ٢٥ی ئاپریل جەژن ئەگرن، لە دابەکانی ئەم جەژنە ڕەنگکردنی هێلکەیە کە لە لایەن کەروێشکەوە لە ناو گوڵ و گیای حەوشە داشارادراوە، منالان ئەیدۆزنەوە و، ئەمازەی بە توانای مەسیحە کە ئەیتوانی ڕەنگی جلەکان بگۆڕێ N påske ع عید الفصح د عید پاک.





**ڕابەر:** guide جوگرافیا پێڕستی ڕێنموونی شار و وڵاتان د ڕاهنما N guide ع مرشد.

**ڕێبەر:** usher ناوی فەرمان شارەزای پێشڕەو، کەسی ڕابەر و پێشڕەو. د ڕاهنما N guide ع مرشد.










**ڕابەرنامە:** itinerary ناوی لێکدراو ڕابەری گەشت، نەخشەی گەشت،

بەرنامەی گەشت N reiserute ع مسار الرحلة د بەرنامە سفر.

**ڕابەری سویسری:** Swiss Guard گەڕان ـ١ بەو کەسانە ئەوترا کە بەڕێوەبردنی کلیسا لە ئەستۆی ئەوان بوو، واتە هەم ڕابەرانی ئاسایش و هەم زێرەڤانی کلیسا لە نێوان سویسییەکان هەڵئەبژێردرا.



**ڕابێرت ئانسۆن هاینلاین:** Robert Anson Heinlein (١٩٠٧ـ١٩٨٨) نووسەری تەمار ـ زانستی و یەکێک لە نووسەرانی بەرجەستەی ئەم ژانرە بوو. هاینلاین لە هێزی زەریایی ئەمریکا کاری ئەکرد و لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە.




**ڕابێژگە:** ناوی جێگا کۆڕی ڕاوێژ و تەگبیر لە کاریٚ کردن د مجلس استشارە.

**ڕابینسۆن کرۆزۆ:** Robinson Crusoe ڕۆمان بەناوبانگترین ڕۆمانی نووسەری ئینگلیزی دانیەڵ دیفۆیە. ساڵی ١٧١٩ بڵاو کرایەوە و بە سەرەتای ڕۆمانی بۆرژوازی دائەنریٚ. بەسەرهاتی کەسێکە کە ٢٨ ساڵ بە تەنها یان لەگە

کەسێکی تر کە ناوی ئەنێ «هەینی» لە دورگەیەک ئەژی.











**رابێرت برێسۆن:** Robert Bresson دەرهێنەر {١٩٠١ـ١٩٩٩} دەرهێنەر و فیلمنامەنووسی فەرانسەیی. ژان لوک گۆدار Jean_Luc Godard لەمەر بێرێسۆن وتوویەتی: «برێسۆن سینەمای فەرانسەیە، هەروەک داستۆێفسکی وێژەی رووس و مۆزارت موزیکی ئاڵمانە.»







**رابێرت سێیسیل:** Robert Cecil رامیار {١٨٦٤ـ١٩٥٨} رامیاری ئینگلیزی، نوێنەری پەرلەمان و پاشان وەزیری ئابووەی لە ١٩١٦ تا ١٩١٨.

**رابێرت فلاهێرتی:** Robert J. Flaherty دەرهێنەر {١٨٨٤ـ١٩٥١} دەرهێنەری ئەمریکایی کە یەکەم فیلمی بازرگانی سەرکەتووی لە ساڵی ١٩٢٢دا بلاّو کردەوە.








**رابێرت وین:** Robert Wiene دەرهێنەر (١٨٧٣ـ١٩٣٨) دەرهێنەری ئاڵمانی فیلمی بێدەنگ. لە فیلمە بەناوبانگەکانی کابینەی د. کالیگەرییە.












**رابێرت هێسن:** Robert Hessens دەرهێنەر (١٩١٢ـ٢٠٠٢) دەرهێنەری فەڕانسەیی.







**رابێلە:** Francis Rabelais نووسەر (١٤٨٣ـ١٥٥٣) فرەنسیس، نووسەری فەڕانسەیی مرۆڤگەرای ڕێنسانس.








**راپسۆدی:** rhapsody موزیک پارچە موزیک یان چامەیەکی داستانیی زۆر

هەستەکی.








**ڕاپەڕین:** ❶ uprising [ناو] شۆڕش، ڕابوونی گەل دژی دەسەڵات. [ع] الانتفاضة [N] oppstand [د] قیام.

**ڕاپەڕین:** ❷ [ناو] لەپڕ بڵند بوون، زوو هەستان.

**ڕاپەڕین:** ❸ [ناو] گورج دەس بەکار بوون.

**ڕاپەڕین:** ❹ [ناو] لە نەکاو لە خەو هەستان.

**ڕاپەڕین:** ❺ jump off [ناو] داچڵەکان، هەڵبەزین. [ع] اقفز من علی [N] hoppe av [د] از جا پریدن.







**ڕاپەڕینی شۆوانری:** Chouannerie [ڕامیاری] ڕاپەڕینی درێژخایەنی پاشاییخوازان بوو لە دژی شۆڕشی فەڕانسە و کۆنڤانسیۆن لە ساڵانی ١٧٩٣ تا ١٨٠٠. [ع] انتفاضة شوانيري [N] Chouannerie_opprøret [د] قیام شوانری.






**ڕاتڵەکاندن:** shake ناوی‌فەرمان ڕاوەشاندن بە توندی، ژەندن. ٤ هزە N riste د تکان دادن.







**ڕاتۆ:** Jean-Pierre Lamotte Rateau ڕامیار پارێزەر {١٨٠٠-١٨٨٧} پارێزەر، بۆناپارتیست، لە کۆماری دووەم، نوێنەری ئەنجوومەنی دەستووری و ئەنجوومەنی ڕێسادانان.







**ڕادان:** چاوگی تێپەڕ خاوێن کردنەوە. ⇦ گەوری ڕادان.

**ڕادەبەزێنی:** excess چاوگی تێپەڕ زیادەڕەوی، پێدرێژی، بێپارێزی، لە ئەندازەدەرچوون. ع إفراط N overskytende د افراط.

**ڕادەستکردنەوە:** extradition چاوگی تێپەڕ ناردنەوە، بەدەستەوەدان. ⇦ Extradition Act واتە ڕێسای ڕادەستکردنەوە، بریتییە لە ناردنەوەی تاوانبار یان تاوانکار لە لایەن وڵاتێکەوە بە وڵاتێکی تر، کە تاوانبار یان تاوانکار لەوێوە هاتووە. بەو پێیەی کە لەم بوارەدا ڕێسایەکی دیاریکراو نییە، وڵاتەکان پەیماننامەی تایبەتیان پێکەوە بەستووە و جۆرەکانی ڕادەستکردنەوەیان دیاری کردووە. لەم ڕێککەوتنانەدا تاوانبار یان تاوانکار، جگە لە تاوانباری ڕامیاری، ڕادەست ئەکرێنەوە. تاوانباری ڕامیاری بە پێی ڕێسای نێونەتەوەیی بە «پەنابەر» ئەناسرێن و لە مافی پەنابەریی بەهرەمەند ئەبن. ع قانون الطرد N Utlevering د قانون استرداد.







**ڕادیگۆ:** Raymond Radiguet هۆنەر (١٩٠٣ـ ١٩٢٣) هۆنەر و ڕۆماننووسی فەڕانسەیی کە تەنها بیست ساڵ ژیا.








**ڕاڕا :** obsesst ئاوەڵناو تاوتاو، هەردەبیر، وازوازی، دوودڵ، بیرەبیر، خولیایی، دڕدۆنگ، کەسی لە ڕادەبەدەر هەستیار بەرامبەر بە کەس یان شت. ع مهووس N besatt د وسواس E moody.

**خولیا :** obsession ئاوەڵناو وسواسی.

**ڕاڕفێن :** sudden thievery فەرمان کەسێ کە لەپڕ شت دەڕفێنێ، ئەوەی شت دەڕفێنێ. ع عطش مفاجء N plutselig tyveri د ربایندە ناگهانی.

**ڕاز :①** Mystery ڕازاوی شتێک کە تێگەیشتن یان ڕوونکردنەوە و ڕاقەکردنی دژوار یان نەگونجاو بێت، ئاشار، ئەوەشاریا، بنیەردە، بەرپێوار، پنی، پەنام، پەنامەکی، پەنهان، پێوار، حەشاردراو، خاقی، گومکریاک، داپۆشیاگ، سەرپۆشیاگ، شاراوە، شاریاگ، قەشارتی، نادیار، نەپەنی، نەدیار، نەدیو، نهێنی، ونیار، وەشێراو N Mysterium ع لغز د راز.

**ڕاز :②** موزیک ڕازا، ڕازەک، ڕاک، ڕاگا، ڕەج و ڕیز و ڕێژە، وشەیەکی هێندوئورووپاییە و پێئەچێ گۆڕدراوی یەک بن و، بە واتای گاڤ و ڕیزی موزیک بێ (هەروەک **ڕاگا** لە هێندیدا). Music row

**ڕاز :③** allegory ویژە هونەر ناو ئاشار، پێوار، شاریاگ، هەشار، سەربردەی ڕازاوی، شێوازێکی چیرۆک و هۆنراوە یان وێنە کە ئەتوانرێ بە شێوەیەکی جیاواز لێک بدرێتەوە کە واتایەکی شاراوەی ڕەوشتی، کۆمەڵایەتی، یان ڕامیاری دەربخات. ع رمزي N allegori د رمزی، نمادین E allegorical.









**ڕازاوە:** decorated ئاوەڵناو خەملیو، ئاراستە، ڕەنگین. پیشەناسی لە ڕەوزی ئاڤێستایی، بە واتای ڕێک و شیانست لە جەم یەک دانان. ع مزین N dekorert د تزئین شده E lavish.

**decorated** نژیارقانز شێواز قۆناغێکی تەلارسازی کلێسای گۆتیکی ئینگلیزی تایبەت بە سەدەی ١٤ایە، لەگەڵ زیادبوونی بەکارهێنانی ڕازاندنەوە و شوێنپێهەڵگرتنی ئەندازەیی و، هێڵی کێشراو و تۆڕ. ☜ ڕازێنراو



**ڕازاوی:** mystery ناو نەتەنی، شتێکە ڕوونکردنەوە یام تێگەیشتن لێی قورسە یان نەگونجاوە؛ ڕۆمان، شانۆنامە، یان فیلمێک کە باس لە تاوانێکی ئاڵۆز و سەرشێوێنەر ئەکات، بە تایبەت کوشتن. ع لغز N mysterium د رمز و راز.

**ڕازبێری پای:** Raspberry Pi ئای تی ناوی تایبەت یان ڕاسپیبێری پای، ڕیزێک کەمپیوتەری زۆر بچووکی قەبارە کارتی بانکی تاک ـ تەختەییە، لە بەریتانیا دروستکرا، لە لایەن دامەزراوەی «ڕاسپیبێری پای»یەوە بۆ پێشخستنی زانستی کەمپیوتەر لە خوێندنگاکان و ئەو وڵاتانەی لە گەشەکردندان، خرایە بەردەستی خوێندکاران.



**ڕازچیرۆک:** conte ویژه کورتەچیرۆک، چیرۆکێکی کورتی تەمار و ئەندێشەییە وەک جۆرێک لە پێکهاتەی وێژەیی، کە بڕوای تێناچێ. ع قصة قصيرة N conte د قصه کوتاه.

**ڕازدار:❶** dependable ناوی لێکدراو کەسێک کە ڕاز و نهێنی ئەپارێزی؛ کەسی ڕاستگۆ و بەفرسەندی شیاوی پشتپێبەستن. ع موثوق، جدير بالثقة N pålitelig د معتمد، امين.

**ڕازدار:❷** confessed priest ئایینناسی قەشەی کاسۆلیک کە ئایینداران لە بەردەمیدا چۆک دائەدەن و لە لای ئەو ددان بە گوناهەکانی خۆیاندا ئەنێن. ع کاهن معترف به N skriftefar prest د اقرارنیوش.



**ڕازدرکاندن:** disclosure, breach of secrecy ڕازپارێزی نهێنی درکاندن. ع الإفصاح، انتهاک السرية N avsløring, brudd på taushetsplikt د افشای راز، نقض رازداری.

**ڕازدرکێن:** weaselblower چالاکیان ناوی لێکدراو یان زانیاریدەر، بریتییە لە کەسێک، زۆرجار کارمەندێک، کە زانیاری دەربارەی چالاکییەکانی ناو ڕێکخراوێکی تایبەت یان گشتی ئاشکرا دەکات کە بە نارێسایی، نارەوشتی، ڕێگەنەدراو، ناپارێزراو یان ساختە دادەنرێن. ع کاشفة السر N varsler د افشاگر.










**رازونیاز:** psalm ناوی لێکدراو پاڕانەوە لە دەرگای خودا، سەڵا، کەبار، گازە. ع مناجاة N salme د مناجات.

**رازەنین:** effort کورتکراو کۆشش، تێکۆشان، هەوڵ، هەوڵی بەهێز و یەکلاکەرەوە. ع جهد، محاولة N innsats د تلاش، همت.

**رازێنراو:** garnish فەرمان ڕازاوە، دێکۆرکراو و نەخشێنراو. ع متزخرف N garnityr د دکور شدە.






**رازیار:** trustworthy ناوی لێکدراو هاودەمی نزیک، دۆستی ڕازدار، دۆست و یاری جێگە متمانە، کەسی ڕاستگۆ و بەفرسەندی شیاوی پشتپێبەستن. ع موثوق، جدیر بالثقة N troverdig د قابل اعتماد.

☜ شایەنە ☜ هەژمە

**رازیانە:** fennel ناو کەرەوی، گیایەکی بۆنخۆشی گوڵ زەردە، لە تیرەی جافری یان مەعدەنووس بە زۆری لە ئاشپەزی و دەرماندا سوودمەندە N fennikel ع الشمر، البسباس د ڕازیانە.






**ڕاژان:** sway چاوگی تێنەپەڕ فەرمان شەکە، تەکەتەککردن، پاشوپێشکردن، لەرینەوە، داشەکان، شەکانەوە؛ جوڵانە، جوڵانە کردن، ڕاوەشاندن. هێمایر کۆنترۆڵ، دەسەڵات، هێز، دەسڕۆیشتوویی، کاریگەری، باندۆر.
ع اهتز N svaie د تاب خوردن نوسان.

**ڕاژاندن:** wiggle چاوگی تێپەڕ بەرەوپێش و پاشەوە بزاوتن، لەراندن.
ع تهزهز N vrikke د تکان دادن به جلو و عقب.








**ڕاژە:** service خزمەتگوزاری ناو ناوی فەرمان خزمەت، خزمەتگوزاری، کردەی ئەنجامدانی کار بۆ کەسێک، خزمەتکردن لە ڕێگەی زانست و بەهرە و بەرهەمەوە. ع الخدمات N tjeneste د خدمت.

ڕاژەی کۆمەڵایەتی بێهزادی خۆشحاڵ لە ١٠٠ پەرتووک تێپەڕیوە.

**ڕاژەخواز:** client ناوەڵناوی فرمان بریگرتە، کارێنەر، کەسێک کە بۆ کارێک ئەچێتە شوێنێک، یان لای پسپۆڕێک. ع زبون N klient د ارباب رجوع.

◀ ڕاژەکار، ئەو کەسەیە خزمەتگوزاری پێشکەش ئەکات. ☞ ڕاژەکار







**ڕاژەکار:** server [ئاو تر] [ناو] سێرڤەر، بەرنامەیەکی کۆمپیوتەر، یان کۆمپیوتەرێکە دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە یان خزمەتگوزارییەکی ناوەندی لە تۆڕێکدا بەڕێوە دەبات. [ع] کمبیوتر الخادم [N] server [د] سرور

🔥: نەرمەکاڵاکە لەسەر چەندین سێرڤەری یونیکس کار دەکات. ☜ ڕاژەخواز








**ڕاژێر:** ❶ allegiance, allegiancer [ناو] ئەمەگداری بندەست، فەرمانبەری پەیمانبەستوو. [ع] الولاء، مبیع، موالی [N] troskapsmann [د] بیعت کننده.

⇐ **سەرسپێری:** allegiance پەیمانی فەرمانبەری، ئەمەگداریی بندەستانە، ڕاژێری. [ع] بیعة، ولاء [N] troskap [د] بیعت.

⇐ **ئالێجێنس:** [زنجیرە] زنجیرەی ئەمریکایی ٢٠١٥، شرۆڤەگەرێکی تازەکاری سی ئای ئێ بۆی دەرئەکەوێت هەموو ئەندامانی بنماڵەکەی سیخوڕی سۆڤیەتن.

**بەڵێن:** covenant ناو گفت، سۆز، ڕێککەوتن لەسەر بەرنامەیان چەند خاڵێکی دیاریکراو. ع عهد N pakt د میثاق.






**ڕاژێر:**❷ Vassal ناو جووتبەندەی پەیمانبەستوو و باجگوزاری شا یان خانێکی گەورە. ع تابع N Vassal د خراجگزار. درێژە پەیمانی نێوان خان و ڕاژێر بریتی بوو لە سەرسپێری ڕامیاری بۆ پێشکەشکردنی ڕاژەی سەربازی و ڕامیاری و دارایی بە خانێک، کە لە بۆنەی تایبەتی سەرسپێریدا ئەبەسترا.






**ڕاژێن:** variations موزیک کار هەڵسان و نیشتنەوە یان گۆڕان لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی تر لە موزیکدا.






**ڕاسا:❶** ناو هێڵی ڕاست و بێ پێچ و لاری، ڕاستەوخۆ.

**ڕاسا:❷** ناو شوێنی تەخت.

**ڕاسا:❸** ناو بەدەست گەفی کرد، هەڕەشەی لێکرد.

**ڕاساماڵ:** enough ئاوەڵکار بەسندە، سەرمڕ، ڕەسا، بە ئەندازەی پێویست. [ع] کافي [N] nok [د] کافی.

**ڕاسان:❶** Uprising چاوگی تێنەپەڕ ڕاپەڕین، هەستان. [ع] الانتفاضة [N] Oppstand [د] قیام.

**ڕاسان:❷** Revolt چاوگی تێنەپەڕ یان یاخیبوون شێوەیەکی ڕاپەڕینی ئانارشیستیە. ⇦ **گیانی ڕاسان:** Spirit of Revolt یان گیانی یاخیبوون دەربارەی بانگەشەی ئانارشیستی، نووسینی کرۆپۆتکین، ساڵی ١٩٠٥ بە زمانی ڕووسی بڵاوکرایەوە.












**ڕاسپاردە:❶** messenger ئاوەڵناوی بەرکار تەتەر، کەسێک کارێکی پێسپێردرابێ، ناردراو بۆ کارێک. [ع] رسول [N] budbringer [د] فرستادە.

**ڕاسپاردە:❷** will ناوی لێکدراو سپاردەنامە، ڕاسپێری، دوا گوتە و بڕیاری کەسێک پێش مردن. [ع] ارادة [N] vil [د] وصیت، وصیت نامە.

⇦ **ئەسپاردە:** letter of Recommendation پێشنیار و پشتگیری بۆ یارمەیدانی کەسێک، بۆ خوێندن و دامەزران و هتد. [N] anbefalingsbrev [ع] توصیة [د] توصیە نامە.




**ڕاسپاردە:** ٣ injunction دادوەری فەرمان فەرمانی ڕاسپاردە، فەرمانی ڕاسپاردەی دادگا، فەرمانێکی دادوەرییە ڕێگە لە ئەنجام یان درێژەدانی کارێک ئەگرێ، هەرەشە لە مافی ڕێسایی کەسێکی دیکە دەکات یان داگیرکاری دەکات، یان ناچاری کردەوەیەکی دیاریکراو ئەنجام بدات. بۆ نموونە قەرەبووکردنەوە بۆ کەسێکی زیان دیدە. ع أمر قضائي N kjennelse د دستور.








**ڕاسپای:** François Raspail کیمیاگەر سۆسیالیست (١٧٩٤ـ١٨٧٨) فرانسوا ڕاسپای، کیمیازان و پزیشک و سۆسیالیستی فەڕانسەیی.




**ڕاستاڵ:** trustworthy ئاوەڵناوی‌فرمان دلیار، دەمڕاست، ڕاستگۆ، ڕاستبێژ، قسەڕاست، مرۆڤی جێگە بڕوا. ع موثوق، جدیر بالثقة N troverdig د قابل اعتماد.

**ڕاستاندن:** confirmation ناو سەلماندن، پشتڕاستکردنەوە، پشتگری، کرداری پشتڕاستکردنەوەی شتێک یان دۆخێک. ع التصدیق N bekreftelse د تایید.

**ڕاستبێژی:** verisimilitude بیرسا ڕاستنمایی، لە فەلسەفەدا، ڕاستی {یان ڕاستی هاوشێوەیی} لای وایە هەندێک پرسگر لە ڕاستی نزیکترن تا هەندێ پرسگری تر. کێشەی ڕاستگۆیی کێشەی خستنەڕووی ئەوەیە کە چی پێویستە بۆ ئەوەی تیۆریەکی درۆینە لە ڕاستییەوە نزیکتر بێت لە تیۆریەکی درۆینەی دیکە ع نزاهة N troverdighet د حقیقت شناسی.

**ڕاستکردنەوە:** rectify چاوگی‌دووەم چاککردنەوە لە ڕێگەی کاری چاکە و قەرەبووکردنەوە. ع تصحیح N rette opp د اصلاح نمودن.

**ڕاستگۆ:** ❶ truthful ئاوەڵناوی‌فرمان سەرڕاست، درۆنەکەر، بەدوورلەدرۆ، دروستبێژ. ع صادق N sannferdig د راستگو.

**ڕاستگۆ:** ❷ trustworthy ئاوەڵناوی‌فرمان دلیار، دەمڕاست، ڕاستاڵ، ڕاستبێژ، قسەڕاست، مرۆڤی جێگە بڕوا. ع موثوق، جدیر بالثقة N troverdig د قابل اعتماد.

**ڕاستگۆیی:** ❶ sincerity, honesty ناوی‌چاوگ دروستبێژی، ڕاستاڵی ڕاستبێژی. ع الصدق N ærlighet د صداقت.

ن: «کەمێک ڕاستگۆیی مەترسیدارە، زۆری ڕاستگۆیی بەڵام بە تەواوەتی کوشندەیە.» ئۆسکار وایلد

**ڕاستگۆیی:** ❷ sincerity, honesty ناوی‌چاوگ ناوی‌لێکدراو دروستبێژی، ڕاستاڵی ڕاستبێژی. ع الصدق N ærlighet د صداقت.

ن: پەیمانداری و بوێری و ڕاستگۆیی لە بنەماکانی پێشکەوتنە لە بواری کار و لە کۆمەڵگەدا. commitment, courage and genuity

**ڕاستگۆیی:** ❸ integrity ناوی چاوگ پاکڕەوشتی، کردەوەی ڕاستگۆیانە و گونجاو لەگەڵ بنەما و بایەخی ڕەوشتی بەهێز.

**ڕاست گوتن:** چاوگی تێنەپەڕ باش قسەکردن، بەدروستی قسەکردن، دروست قسەکردن، دروست گوتن.

**ڕاستوڕەوان:** aboveboard هێمایر ئاوەڵناو بەئاشکرا، بێپێچوپەنا، ژوورین، بەیانەوە، ڕکوڕاس. ع علانیة N over bordet د پوست کندە، آشکار.

**ڕاستە:** ❶ ruler ناو تیلمەیەکی ڕاست یان گرۆقەرێک لە پلاستیک، دار، کانزا، یان هێسنی ڕەقی تر، بە شێوەیەکی گشتی بە ماوەیەکی ڕێکوپێک نیشانە ئەکرێت، بۆ کێشانی هێڵی ڕاست یان پێوانی مەودا.

**ڕاستە:** ❷ ناو دارێکی دوو لک بۆ ئەزموونی ڕاستی و خواری بەردانش

**ڕاستە:** ❸ mall ناو قەیسەری، بازاڕی سەر داپۆشراو.

**ڕاستە:** ❹ ناو جۆرێ هەڵپەرکێ، قاچی ڕاستی تێدا پێش دەخرێ و بەلای ڕاستدا سووڕدەخورێ.

**ڕاستە:** ❺ ناو ڕێگەی بێ پێچ ن: لە ڕاستەی سەرشەقام.

**ڕاستە:** ❻ right ناو بەرامبەری چەپ ن: دەستی ڕاستە.

**ڕاستە:** ❼ filet ناو گۆشتی پشتەمازە.

**ڕاستەقینە:** veritas ناو ڕاستی، ڕاستی مسۆگەر؛ دارەتی ڕاستبوون و مسۆگەری ڕۆژەڤ؛ ڕۆژەڤ دارەتی هەنووکەیە و ڕاستەقینە ڕۆژەڤ سەلماوە. ع حقیقة N sannhet د حقیقت E truth.

**ڕاسکین:** John Ruskin ڕەخنەگر (١٨١٩ـ١٩٠٠) لە پێشڕەوانی ئینگلیزی هونەری ڕەخنە لە خولی ڤیکتۆریادا.






**ڕاسین:** Jean Racine شانۆنووس (١٦٣٩ـ١٦٩٩) درامانووسی فەرەنسەیی. لەگەڵ مۆلییێر و کۆرنی بە سێ چوکڵەی درامانووسانی سەدەی حەڤدەی فەرەنسە دائەنرێن.




**ڕاسین و پرۆدۆن:** ئەفسانەناسی گەڕان-٣ مەبەست لە دوو لایەنەبوون و هەڤیازی بۆچوونەکانە، ئیفیگنیا Iphigénie کچی ئاگامنۆن و چیرۆکی قوربانیکردنەکەی بە چەندین جۆر کێشراوە و نووسراوە. جۆزێف پرۆدۆن خەنیمی ڕاسینی نووسەری فێدر، شانۆگەرییەکی هەیە بە ناوی فێدر و هیپۆلیت، کە ساڵی ١٦٧٧ هاوکات لەگەڵ فێدری ڕاسین بۆ یەکەم جار بردیە سەر شانۆ. ساڵی ١٧٧٩ ئۆپێرای ئیفگنیای Iphigénie گلۆک Gluck و شانۆی ئیفگنیای Iphigenia پیچینی Piccinni ساڵی ١٧٨١، لایەنگرانی کرد بە دوو بەرەی دۆستداری ئەم یان ئەو موزیک، هەر

وەک هەردوو فێدر لایەنگری خۆی هەبوو، لایەنگرانی پیچینی ئیتالیایی لایەنی بەستەیی و موزیکی کارەکە و لایەنگرانی گلۆکی ئاڵمانی دارەتی سروشتی گفتوگۆکان و هەڕانی چیرۆکەکەیان پێ جوانتر بوو.







**ڕاش هاشانا:** Rosh HaShanah بوویەر ئاییناسی ساڵی نوێی جولەکەکانە. ناوی ئینجیلی ئەم جەژنە «یۆم تێروا Yom Teruah» و لە یەکەم ڕۆژە پیرۆزە بەرزەکانی جولەکەکانە، وەک لە لێڤیەکان ٢٣:٢٣ـ٢٥ ڕاڤە کراوە و، لە کۆتایی هاوین/ سەرەتای پاییزی نیوەگۆی باکوور ڕوودەدەن.

**ڕاشکاو:** forthright ئاوەڵناو ناوی‌کارا کەسێک کە لە شێوازی گوتن و دەربڕیندا ڕاستەوخۆ و ڕاستگۆ و نەترسانە. [ع] بدون تردید، صریح [N] rett frem [د] صریح.

**ڕاشکاوانە:** forthright ئاوەڵناو شێوازی گوتن و دەربڕینی ڕاستەوخۆ و ڕاستگۆ و نەترسانە. [ع] بدون تردد [N] rett frem [د] با صراحت.

**ڕاشەکان:** flinch چاوگی تێنەپەڕ داچڵەکان، ڕاچڵەکان، جوڵەیەکی خێرا و دەمارگیرانە وەک کاردانەوەیەکی ناخودئاگا بەرامبەر بە ترس، ئازار، یان سەرسوڕمان. [ع] هزة [N] riste [د] تکان خوردن. ن: ئەوە چی بوو، بۆ ڕاشەکای؟

**ڕاشەن:** outfit ناو بڕیو، تۆێشووی گەشت، تۆشەبەرە. [ع] أمتعة السفر

N antrekk د زادراه.

**ڕاشل ئەوسا کە خوا:** ئۆپێرا گۆتە گەڕان-٢ لە ئۆپێرای یەکدەنگی هەرە بەناوبانگی La Juive «جوولەکە» دانانی فرۆمێنال ئالێڤی Fromental Halévy (١٧٩٩ـ١٨٦٢) ئاوازدانەری فەڕانسەیی.




**ڕافایل:** Raphael Santi (Raffaello Sanzio da Urbino) شێوەکار ڕافایل سانتی (١٤٨٣ـ١٥٢٠) شێوەکاری ئیتالیایی، میهرازی ڕێنسانس. بەرهەمەکانی بە هۆی ڕوونی و سانایی پێکهاتە و دەسکەوتی وێنایی نیۆپلۆتۆنیزم، نوێنەرەوەی مەزنایەتی مرۆڤە. ڕافایل، لەگەڵ مایکڵ ئانجێللۆ و لیۆناردۆ داڤینچی بە سێچوکڵەی ئوستادانی مەزنی ئەو خولە دائەنرێن. فرێسکۆی بەناوبانگی فێرگەی ئاسینا The School of Athens لە ڤاتیکان کە ٥x٧ مەترە و سێ ساڵ کاری لەسەر کراوە، لە بەرهەمە ناوازەکانی ڕافایلە.








1: Zeno of Citium – 2: Epicurus – 3: unknown (believed to be Raphael[15] or Federico II of Mantua?) – 4: Boethius or Anaximander or Empedocles? – 5: Averroes – 6: Pythagoras – 7: Alcibiades or Alexander the Great? – 8: Antisthenes or Xenophon or Timon? – 9: Hypatia,[16] or Raphael,[17] or Fornarina as a personification of Love[18] or Francesco Maria della Rovere? – 10: Aeschines or Xenophon? – 11: Parmenides? (Leonardo da Vinci) – 12: Socrates – 13: Heraclitus (Michelangelo) – 14: Plato (Leonardo da Vinci) – 15: Aristotle (Giuliano da Sangallo) – 16: Diogenes of Sinope – 17: Plotinus (Donatello?) – 18: Euclid or Archimedes with students (Bramante?) – 19: Strabo or Zoroaster? (Baldassare Castiglione) – 20: Ptolemy? – R: Apelles (Raphael) – 21: Protogenes (Il Sodoma, Perugino, or Timoteo Viti)

**ڕافایل و تۆبیاس:** Rafael and Tobias ئایینناسی تەورات چیرۆکی یارمەتیدانی جەوانێک بە ناوی تۆبیاس لە لایەن ڕافایلی فریشتەی دەرگانەی خوا، کە لە ئیسلامدا بە ئیسرافیل ناسراوە و یەکێکە لە چوار فریشتەی سەرەکی دەرگانەی خوا. ئەم سەربردەیە لەتەورات، لە پەرتووکی «تۆبیت» (٣:٢٥; ٥:٥)دا بەم شێوەیە هاتووە. تۆبیت پەیامبەری جوولەکانە، سارا‌گۆنی دووەم لە ٧٢١ی پێش زایین تەرەی کردووە، لە نەینەوا ئەژی. کوێر ئەبێت و کوڕەکەی تۆبیاس ئەبێ بچێتەوە بۆ وڵاتی ماد بۆ ئەوەی سامانەکەی بهێنێ. ژنێکی گەولاز لە وڵاتی ماد هەیە کە حەوت شووی کردووە و ئەهریمەنێک بە ناوی ئاسمۆدیۆس مێردەکانی کوشتوە. ڕافایلی فریشتە لە ئاسمانەوە هاتوەتە خوارەوە تا لە ڕواڵەتی مرۆڤیدا و لەو گەشتەدا یارمەتی تۆبیاس بدات. کە ئەگەنە وڵاتی ماد و پێ ئەخەنە چەمی دەجلەوە، ماسییەک پەلاماری تۆبیاس ئەدا، کە بە یارمەتی ڕافایل ماسییەکە ئەگرێ و دڵ و جەرگ و کیسەی زەرداوی وەکوو دەرمان بەکار ئەهێنێ بۆ ئەوەی ئاسمۆدسی ئەهریمەن دوور بخاتەوە، ژنە بخوازێ و چاوی باوکی چاک بکاتەوە. باوکی تۆبیاس پێی ئەڵێ لە نەینەوا بڕوات چونکە ئەو شارە کاول ئەبێ! ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندان وێنەی ئەم بەسەرهاتەیان نەخشاندووە.





**ڕاڤاشۆل:** ئانارشیست گەڕان-٣ Claudius Koenigstein ناسراو بە Ravachol

{١٨٥٩_١٨٩٢} ئانارشیستی فەڕانسەیی، کە بە تاوانی چەندین کوشتن و هەوڵی کوشتن لە سێدارە درا.







**ڕاڤە:❶** interpretation ڕێزمان ناو واتا شی کردنەوە، ڕاژە، ع شرح و تفسیر N tolkning د معنی و تفسیر کردن.

**ڕاڤە:❷** description ڕێزمان ناو ڕاژ، پەسن، وەسف، ع وصف N beskrivelse ع د وصف، توصیف.

**ڕاڤەک:** colander, strainer ناو شیرپالێو، برنجپالێو، پالێوەر. ع مصفاة N sil د صافی.






**ڕاڤێل:** Maurice Ravel ئاوازدانەر {١٨٧٥_١٩٣٧} ئاوازدانەری فەڕانسەیی.





**ڕاڤێنا:** Ravenna جوگرافیا بەندەر شارێکە لە نزیک کەناری زەریای ئادریاتیک لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئیتالیا، کە کلیسای زۆر لێبوە و جەژن و پرسەی هەرکام لە پاکیزانیان لە کلیسایەکدا گرتووە.





**ڕاڤیۆلی:** raviuoli خۆراک جۆرە نانە هەرشتەی بچووکە کە قیمە و پەنیر و سەوزی تیایە.





**ڕاکشاو:** ئاییناسر فەلەگەری یان خەوتوو، لە سەدەکانی ناونجیدا پەیکەری مردووەکەیان لە دارەتی خەوتوو و گەنج و شەنگ و تەنانەت نیوەڕووت ئەتاشی و ئەم پەیکەرانە کە هەندێکیان لە شاکارەکانی پەیکەرتاشیی جیهانن، ناویان ڕاکشاو (بە فەرەنسە gisant و بە ئینگلیزی recumbent) بوو، لە سەر گۆڕی مردووەکە دائەنران.




**ڕاکێشان:** haul فەرمان کێشان، کێشە، گواستنەوە بە هۆی فشارەوە، جێگۆڕکێ پێکردن بە گوشار و بەدڕزواری. ع سحب N hale د حمل و نقل با کشیدن.






**ڕاکێشەوبەردە:** drag&drop ئای تی لە ناوبەستی بەکارهێنەردا (GUI) دوو کرداری ڕاکێشان و فڕێدان لەسەر تەنەکان بە گرتنی تەنێک لە شوێنێکدا بە داگرتنی لای چەپی مشکەکە و بەردانەوەی لە شوێنێکی تردا بە لابردنی پەنجەت لەسەر دوگمەی چەپی مشکەکە، ڕوو ئەدات. نموونەی ئەم دوو کردارە هەڵگرتنی وێنەیەک لە ئینتەرنێتەوە بۆ ناو پەڕگەیەکی کراوەیە لە مایکرۆسافت وۆرددا.





**ڕاکینگ:** rocking کەلوپەل ناو کورسی جوڵانە، کورسی لانک، کورسی ڕاژێن. ع کرسيِ هزاز N gyngestol د صندلی گهواره ای.



**ڕاگنارۆک:** Ragnarok ئەفسانەی باکوور پیەسلان بە زمانی نەرویجی Ragnarøkkr لە ئەفسانەی سکاندیناڤی، سەرەنجامی ئێزەدان یان گۆتێردامرونگ جەنگی کۆتایی و فەرجامی کاری جیهانە. ئەم ڕووداوە جەنگێکی مەزنە کە کەسایەتییە سەرەکییەکانی سکانیدناڤیا وەکوو ئۆدن و تۆر و تیر و هایمدال و... لەناو ئەچن. ئێزەدان ناتوانن بەر بە هاتنی ڕاگنارۆک بگرن و وەک پێشگۆیی کرابوو، ئەبوا ڕوو بدات. گیانی دلێرانەی مەردمی باکوور لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیاچوونی ناچاریدا، تاودانەوەی هەستی ڕاهاتووی هۆزەکانی باکوور پیشان ئەدات سەبارەت بە چارەنووسی لە پێشەوە بڕیاردراو. ع راگناروک N Ragnarøkkr د راگناروک.



**ڕاگوزار:**❶ ئاوەڵناوی فرمان ڕێباز، ڕێگەی هاتووچۆ، بگار .

**ڕاگوزار:**❷ ناو ڕێبوار، کەسێک کە بە ڕێگەدا ئەڕوا.

**ڕاگەش:**❶ ئاوەڵناو قۆشمە، حەنەکچی، قسەخۆش.

**ڕاگەش:**❷ coquent ناو نازونوزکەر، بەلەنجەولار، بەناز، دەلال، دەراڵەت، نازاری، نازفرۆش، نازورەتەی، بەنازونووز. [ع] الغنج [N] koketter [د] عشوەگر.

**ڕاگەیاندن:** statement ناو چاوگی تێنەپەڕ بانگەواز، بڕیارنامە، جاڕنامە، ڕاگەیەندراو، ڕوونکردنەوە، گۆتە، دەربڕینی دیاریکراو و ڕوونی ویست و داخوازی لە وتار یان لە نووسیندا. [ع] بیان [N] uttalelse [د] بیانیە، منشور.

**بەکەمگرتن:** understatement شاردنەوەی ڕاستی، ڕاگەیاندنی شتێک بە کەمتر یان بچووکتر لەوەی کە لە ڕاستیدا هەیە. [ع] بخس [N] underdrivelse [د] دست کم گرفتن.



**ڕاگەیاندنی فەرمی:** proclamation دەربڕینی جەماوەری یان فەرمی، تایبەت بە بابەتێکی گرنگ [N] proklamasjon [د] [ع] اعلان.

**ڕاڵف واڵدۆ تراین:** Ralph Waldo Trine (١٨٦٦ـ١٩٥٨) فەیلەسووف، نووسەر و مامۆستای ئەمریکایی، پەرتووکی زۆری لەمەڕ ئەندێشەی نوێ، مێژوو و زانستی کۆمەڵایەتی و فەلسەفە نووسیوە.




**ڕام:** rum جۆرێ عارەقی دلۆپێنراوە لە شیلەی قامیشی شەکر یان ڕاستەوخۆ لە خودی قامیشەکە ئەیگرن. ئەم عارەقە بە زۆری لە وڵاتانی کاریبی و ئەمریکای لاتین بەرهەم ئەهێنرێ.



**ڕامان:** contemplation چاوگی تێنەپەڕ تێڕامان، بە قووڵی بیرلێکردنەوە، پێداچوونەخوار، چەنە وردوەبیەی، دووربۆچوون، ڕۆچوون، قووڵبوونەوە، قووڵخوێندنەوە، لێوردبوونەوە، وردبوونەوەی زۆر، هشاندن، دوورنواڕی. ع تعمق N kontemplasjon د تعمق ← دەروونگەرایی: introversion.

**ڕامبرانت:** Rembrandt Harmenszoon van Rijn شێوەکار ناوی تایبەت (١٦٠٦ـ ١٦٦٩) شێوەکار و ڕەنگساز و چاپگەری هۆڵەندی، لە هونەرمەندانی مەزنی سەردەمی زێڕینی هۆڵەندا، لە کۆی ٢٠٠٠ نیگار و تابلۆ و سیسەد کەندا، خاوەنی چەندین تابلۆی بەناوانگی جیهانییە.

- پۆرترەیتی ساسکیا ڤان یولنبرێگ

- تابلۆی Titus ی کە کوڕەکەی خۆی بوو
- زریانی سەر زەریای گالیلی {The Storm on the Sea of Galilee}
- ڕفاندنی ئوروپا {The Abduction of Europa}
- سێ خاچکراو، هەڵکەندراو {The Three Crosses, etching}
- سەیرکردنی شەوا {یان دیمەنێکی شەو}
- ئەسپسوارێکی پۆڵەندی






**ڕامکار:❶** coach ناو فێرکار، ڕاهێنەر، هێکار. ع مدرب N trener د مربی.

**ڕامکار:❷** diplomat ناو بەرپرسی کاروباری دەرەوە لە وڵاتێکی بێگانە. ← ع دبلوماسي N diplomat د دیپلمات. ☜ ڕامیار ☜ کاردار

**ڕامکە:** ناو مارکە، ڕاوکە، هێلکەیەک کە دانرابێ بۆ مریشک بۆ ئەوەی هێلکەی لە لاوە بکات.






**ڕامۆن مێرکادەر:** Ramón Mercader بکوژ ئەسەسن {١٩١٣ـ١٩٧٨} چەپی ڕووسی سەر بە ستالین، ساڵی ١٩٤٠ لە لایەن ئیستالینەوە نێردرا بۆ مێکزیکۆ و لەوێ بە سەهۆڵشکێن لیۆن ترۆتسکی کوشت. لە زمانی ئدا

مێرکادەر بەرامبەر بە ئەسەسن بەکار ئەهێنرێ.









**ڕامیار:** politician ناو کەسێکە کە بەشدارە لە کاریگەرکردنی ڕامیاری گشتی و بڕیاردان. ئەمە ئەو کەسانە دەگرێتە کە پۆستی بڕیاردان و حکوومیان هەیە، و هەروەها ئەو کەسانەش کە بەدووی ئەو پۆستانەوەن، ئیدی بە هەڵبژاردن یان بۆماوەیی یان کوودەتا یان دیاریکردن یان داگیرکردن یان هەر هۆکارێکی تر بێت، ڕامیار لە ناوخۆی وڵات کار ئەکات و دیپلۆمات نوێنەری ڕامیارییە لە دەرەوەی وڵات. ع سیاسی N politiker د سیاستمدار. ⇦ **ڕامکار:** diplomat ناو بەرپرسی کاروباری دەرەوە لە وڵاتێکی بێگانە. ⇦ ع دبلوماسي N diplomat د دیپلمات. ☜ کاردار










**ڕامیاری:** policy, politics, politicking ڕامیاری ناووێچاوگ ڕێباز و بنەمای پێڕەوی دەوڵەت، پارتی یان کەسێک. ڕامیاری هونەری شتی گونجاوە، هونەری بەدەستهێنانی گونجاوە... هونەری بەدەستهێنانی دووەم

باشترینە. ع سیاسة N politikk د سیاست.

**ڕامیاری هاوسەنگ:** Balance policy ناوی لێکدراو یان blowing hot and cold واتە بارستە و ڕامیاری سارد و گەرم، بارستەی هاوسەنگکردنی دوو لایەنە N Balansepolitikk ع سیاسة التوازن د سیاست موازنە.




**ڕاناڤالۆ:** Ranavalona III شاژن ناوی تایبەت (١٨٦١ـ١٩١٧) ڕاناڤالۆی سێیەم، دواشاژنی ماداگاسکار لە ١٨٨٣ تا ١٨٩٧، فەرانسەییەکان گرتیان و تەرەیان کرد بۆ جەزایر.



**ڕانان:**❶ کاری تێنەپەڕ پیشانی جەماوەر دان، نمایشکردن د بە نمایش گذاشتن. ع عرض، استعراض E presentation ⇦ ڕانانی چەواشە: شانۆگەری ساختە و بەدرۆ.




**ڕانان:**[٢] چاوگی تێپەڕ ڕاوکردن و دەسبەسەراگرتن، ڕاوەدوونان.

**ڕانانی چەواشە:** جەنگ تاکتیک شانۆگەری ساختە لە جەنگدا و، پیشاندانی ئەگەری هێرش بە دوژمن [د] وانمودکردن [N] finte [ع] هجوم مخادع [E] feint.




**ڕاناو:** Pronoun ڕێزمان ڕاناو جێناو، وشەیەکە جێگەی ناو یان دەستەیەک ناو ئەگرێتەوە. [ع] ضمیر [N] Pronomen [د] ضمیر.

**ڕاناو** لە **لە ڕووی پێکهاتەوە** سێ جۆرە:

**ڕاناوی سادە:** وەکوو بکەر لە ئەنجامی کاردا لە هەموو کاتەکان جگە لە ڕابوردوو و فرمانی تێپەڕدا:

ن: ئەز ئەچم بۆ فێرگە.

**ڕاناوی لێکدراو،**

**ڕاناوی داڕێژراو.**

ڕاناو له **له ڕووی واتاوه** جۆری زۆره:

**ڕاناوی کەسی سەربەخۆ:** من، تۆ، ئەو، ئێمە، ئێوە، ئەوان

ن: پێنووسەکەی من جوانه پێنووسەکەی ئێمە جوانه

**ڕاناوی کەسی لکاو:** م، ت، ی، مان، تان یان

**ڕاناوی ئامارژە:**

سەرچاوەی ئەم ڕاناوه بە ئامارژە دەرئەکەوێ و کەسێک یان شتێک یان شوێنێک یان ڕووداوێک پیشان ئەدا: ئەم و ئەو، ئەمانه و ئەوانه

ن: ئەو پەرتووکە بگرە و بیخوێنەرەوە.

**ڕاناوی خۆیی** reflexive pronoun:

ن: پێنووسەکەی خۆم جوانه ←…… پێنووسەکەی خۆمان جوانه

**ڕاناوی نیشانه**

ن: پێنووسی ئەمه جوانه ←…… پێنووسی ئەمانه جوانه

**ڕاناوی هەیی** یان خاوەنێتی: [ی+من، تۆ، ئەو، ئێمە، ئێوە، ئەوان]

ن: پەرتووکی من، کەوچکی تۆ، خانووی ئەو

**ڕاناوی هاوبەش،** هەمیشە یەک ڕواڵەتی هەیە: خود

**ڕاناوی نەرێنی**

**ڕاناوی چەندێتی**

یەکەم، هەشتەم، نویەم.

ن: کابرای یەکەم بە تەمای بوو، کەچی بە دووەم بڕا.

**ڕاناوی پرسیاری**

ئا، ئەرێ، چەند، چۆن، ئاخۆ، چاوا، چیۆ، داخۆ، کەنگێن:

ن: ئاخۆ ئەو ڕۆژە کەی بێ؟ داخۆ بێ بۆ لام؟

**ڕاناوی ڕامان**

سەرسووڕمان ئەگەیەنێ:

پەکوو، تەحا، دەک، ماڵتانە، ماڵەکەتێ، هەک.

ن: پەکوو چۆن هەڵئەپەڕی! ن: ماڵەکەتێ هەر نەمبینی!

**ڕاناوی نادیار**، بۆ کەس یان بڕێکی نادیارە:

یاو، کەس، هەموو، چی ن: کەس نەیزانی ئەڵێ چی!

پیاوێ، کەسێ، هەمووکەسێ ن: هەموو کەسێ ئەیزانی.

زۆر، فلان، کابرا، کام، کەم ن: زۆر کەمدوو بوو.

هیچ، هین، یەک ن: هیچ ئاگای لە خۆی نەبوو.

یەکێ، چەندێ ن: یەکێ لە دەرگا ئەدا.

**ڕاناوی پەیوەندی:** relative pronoun

ن: ئەو کچەی جلی شینی لەبەرە، دۆستی منە.

**ڕاناوی دوولایەنە:** reciprocal pronoun

ن: دەستی یەکدییان گرتبوو.

**ڕاناو** لە **لە ڕووی ئەرکەوە** پێنج جۆرە:

بکەر

بەرکاری ڕاستەوخۆ

بەرکاری ناڕاستەوخۆ

نیهاد

گوزارە

**ڕانوشتن:** چاوگی تێنەپەڕ ئامادەکردن، تەیارکردن.

**ڕانەر:** [ڕان+ ئەر] ڕەڤ، ڕەم، ڕەو، واتە ڕەوەندە و لە دارەتی ڕۆیشتندا

کە پاشگری [ئەر] ئەیکات بە کارا، لەم هۆنراوەدا واتای بەڕێوەبەر و بەدیهێنەر ئەگەیەنێ: ن:

دەتهەوێ چاوی لە تۆ بێ ڕانەری چاو و سەرت
پاشی مردن پڕ بەدڵ بێ دێبەری بەرگ و بەرت

«ڕاوچی»

**ڕاواندن:** چاوگی تێنەپەڕ وڕینەکردن، لەبەر خۆوە قسەی هەڵیت و پەڵیت کردن.

**ڕاوشکار:** group hunting ئاوەڵناوی فرمان ڕاوی بەکۆمەڵ. ع الصيد الجماعي N gruppejakt د شکار گروهی.







**ڕاوک:** strainer کەرەستە ناو ڕاقەک، پاڵوێنە، تۆڕی پاڵاوتنی شیر و شلەمەنی N sil ع مصفاة د صافی.








**ڕاوەباز:** hawking ڕاووشکار ناو ڕاوکردن بە هەڵۆ یان باز و شەهێنی ڕاهێنراو. ع الصيد بالصقور N hawking د صید با شاهین.

**بازەوان:** falconer ناوی‌بکەر کەسێک کە باز پەروەردە ئەکا و شارەزای ڕاوەبازە. ع الصقّار N falkonerer د قوش باز.








**ڕاوەدوو:** Chase ناوی‌چاوگ شوێننان. ع المطاردة د تعقیب It Caccia ن: فیلمی ئیتالیایی ڕاوەدووی باسۆر: Caccia tragica.

**ڕاوەدوونراو:** Pursued فیلم فیلمی وێستێرنی ١٩٤٧، دەرهێنانی ڕاوول والش.








**ڕاوەشێن:** whisks ئامێر ناو {لەسەر کێشی باوەشێن} ئامێری لێکدان و تێکەڵکردنی شلەمەنی وەکوو ماست و دۆ و ڕینگاڵ. ع خفقت N visp د هم زن.



**ڕاوەن:**❶ property ئابووری ناو دارایی، داڕدە، سامان، شت یان کۆمەڵێک شت کە لە چاوی ڕێسادا هی کەسێک بێ. داڕدە ئەتوانێ هێسن بێ ئەتوانێ ناهێسن بێ. ڕاوەندار خاوەنی سامان و داڕدەیە، ڕاوەندار ئەتوانێ کەسێک یان چەند کەس یان کۆمپانیایەک بێ. [ع] ملكية [N] eiendom [د] ملک. ☜ داڕدار.

ن: ڕاوەن و خاوەن: property and owner [ع] [د] ملک و مالک.

**ڕاوەن:**❷ holding ئابووری ناو پشک و سەرا و سامانە داراییەکانی تر کە لە دەستی کەسێک دایە و خاوەنیەتی. [ع] ملكية و عقار [N] eiendom [د] ملک و دارایی [E] tenement.

ن: هەڵگرتنی ڕاوەنی بازرگانی. ن: بەکرێدانی ڕاوەنی بازرگانی و تایبەتی.



**ڕاوەندار:** owner ناو خودانی ڕاوەن، خێو، خاوەن. [ع] مالک [N] eier [د] مالک، صاحب.

**ڕاوێژ:** consultation ناو ڕەوتی ڕاوێژ و گفتوگۆی فەرمی. [ع] استشارە [N] konsultasjon [د] مشاورە.

**ڕاوێژکار:**❶ Chancellor پلە ناوی‌چاوگ پلەیەکی باڵای فەرمییە لە هەندێ وڵات، وەک سەرۆکی حکوومەت، پەروەردە، ڕامیاری دەرەوە و سەرۆکی زانکۆ. لە ئاڵمان بەرامبەرە بە سەرۆک وەزیرانە.

**ڕاوێژکار:**❷ consiglieri پیشە مافیا ناوی‌چاوگ یان کانسلییێری پلەیەکی سەرکردایەتیە لە ناو ڕێکخراو و خێزانە مافیاکانی سێسیلیا و ئەمریکا.

وشەکە بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاوبوویەوە و بەکارهێنرا لەنێو ڕێکخراوە مافیەکان لەگەڵ دەرچوونی ڕۆمانی **تاتە** یان **باوکی گیانی** The Godfather لەساڵی ١٩٦٩ لەگەڵ فیلمەکەی لە ساڵی ١٩٧٢. لە ڕۆمانەکەدا، کانسلیێری ئەو کەسەیە کەوا وەک ڕاوێژکاری سەرکردەی خێزانەکە کار ئەکات و بەرپرسە لە بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی کۆبوونەوەکان لە نێوان ئەم و خێزانە مافیاییەکانی تردا. هەروەها دواتر لە فیلمی **ئەمە لێکدەرەوە** Analyze This و دواتریش لە زنجیرەی میلیارد Billions.









**ڕاوێژی پزیشکی:** medical consultation دادوەری ڕاوێژ ناو ڕاوێژکاری لەگەڵ پزیشک و پسپۆڕ سەبارەت بە کێشەی دادوەری. ع استشارە طبیة N medisinsk konsultasjon د مشاورە پزشکی.

**ڕاوێژی ڕێسایی:** legal advice دادوەری ڕاوێژ ناو ڕاوێژکاری لەگەڵ لایەن و پسپۆڕی قانوونی سەبارەت بە کێشەی دادوەری. ع استشارە قانونیة N juridisk råd د مشاورە حقوقی.

**ڕاوێندن:** Mobilisation چاوگی تێنەپەڕ دەست بە جووڵەکردن، ئامادەکردن بۆ جووڵەپێکردن، ئاراستەکردن، ڕێکخستن، لەشکرکردن. {قەدی کار: ڕاوێند؛ ڕەگی کار: ڕاوێن Mobilise}

**ڕاوێنداری:** ناوی چاوگ {ئەرکی کەسێک} ڕێکخستن و ئاراستەکردنی جووڵە و ڕۆیشتن.

**ڕاوێش:** ناوی چاوگ [ڕۆیشتن] فەرمان یان ڕێکخستنی جوولە و ڕۆیشتن.

**ڕاهاتوو:** habitual ئاوەڵناو ئاسایی، باو، ڕاهاتووی ئەنجامدانی کارێک هەمیشە یان وەک خوو. ع معتاد، فطري N vanlig د معمولی.

**ڕاهێشتن:** raid چاوگی تێنەپەڕ شەوشالاو، پەلاماری شەوانە، ڕاهێژاندن، چەپخوون. ع غارة N plyndringstokt د شبیخون.

**ڕاهێنانی دەربەست:** dress rehearsal شانۆ ناوی لێکدراو دوایڕۆقەی شانۆ کە شانۆکە لەسەرەتاوە تا کۆتایی نمایش ئەکەن.




**ڕاهێژاندن:** raid چاوگی تێنەپەڕ شەوشالاو، پەلاماری شەوانە، چەپخوون. ع غارة N plyndringstokt د شبیخون.

**ڕاهی:** ئاوەڵناوی فرمان ڕزگاربوون، ڕەهابوون.

**ڕایخ:** Reich ڕامیاری ناو یان غایش، وشەی ئاڵمانی بە واتای ئیمپراتۆری و وڵات، لێرەدا مەبەست «ڕایخی دووەم»ـە کە بیسمارک دایمەزراند و لە ١٨٧١ تا ١٩١٨ درێژەی هەبوو ◁ «ڕایخی یەکەم» ئیمپراتۆری پیرۆزی ڕۆمانی سەدری نۆهەمی زایینی و ◁ «ڕایخی سێیەم» ساڵی ١٩٣٣، لە لایەن پارتی ناسیۆنال سۆسیالیستی ئاڵمان بە سەرۆکایەتی هیتلەر دامەزرا.

**ڕایخی ١٠٠٠ ساڵە:** Thousand_year Riech زاراوەی ئەدۆلف هیتلەر بوو بۆ ڕژێمەکەی کە بە ڕایخی سێیەمیش ناسراوە. لە دوای ڕایخ / ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی پیرۆزی ٨٠٠ـ١٨٠٦ (٨٠٠ ساڵ) و ڕایخی دووەمی ساڵانی ١٨٧١ـ١٩١٨ (٤٧ ساڵ)، «ڕایخی ١٠٠٠ ساڵە»ی هیتلەر تەنها (١٢)ساڵ (١٩٣٣ـ١٩٤٥)ی خایاند.











**ڕایشت:❶** copy کارگێڕی ناوی چاوگ ڕایش، کۆپی، وەکۆک، ڕوونووس، لەبەرگیراو، لەبەر نووسراو. پەرتووکی لەبەرگیراو. ع نسخة طبق الأصل N kopiere د نسخە، رونوشت.

**ڕایشت:❷** tiraje وەشان چاپ تیراژ، ژمارەی کۆپی چاپکراوی پەرتووک و گۆڤار. ع رقم مطبوع N nummer skrevet ut د تیراژ. 🗣: ڕایشتی پەرتووکەکەی تەنها ٥٠٠٠ دانە بوو.




**ڕایشتگەر:** forger چاپ ساختەکاری ناوی فەرمان کۆپیکار، لەبەرگرەوە، ساختەکار د جعل کنندە N forfalskning ع مزور.

**ڕایشتاگ:** Reichstag ڕامیاری ناو پەرلمانی ئاڵمان لە ١٨٧١ تا ١٩١٨.



**ڕایشنبرگ:** Suzanne Reichenberg هونەرپیشە (١٨٥٣ـ١٩٢٤) سوزان، ئەکتەری بەناوبانگی کۆمیدیی فەڕانسز، شارەزای ڕۆڵی ژنی ساویلکە.





**ڕایشنهاڵ:** Reichenhall جوگرافیا شارۆچکەیەکە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی باڤاریای ئاڵمان.

**ڕایگرە:** pull over فەرمان کار ئۆتۆمۆبیلەکە لە کەنار ڕێگاکە ڕابگرە. ع قف بجانب الطريق N rekk over د کنار بزن.

**ڕایەڵە:**❶ network ئای تی ناو پۆل یان سیستەمێک لە کەسان یان شتە بەیەکەوە گرێدراوەکان. **ن:** تۆڕی بازرگانی. ع شبکة N nettwork د شبکە.









**ڕایەڵە:**❷ planes چینین ناو لایەرە، تەختە، تانی تان‌ویۆ.

**ڕاییکار:** کارگێڕ ناوی فەرمان ئەو فەرمانبەرەی کە کاری هاولاتی ڕایی ئەکا.
بەڕێوەبەرێتی ڕاییکاریی. ع تصریف الاعمال N Bedriftsledelse
د مدیریت کسب و کار E Business management.

**ڕیبێز:** rhubarb ڕووەکی ناو ڕێواس، ڕووەکێکی گەڵا گەورەی ئۆراسیا ڕەنگی سوور یان سەوزە و بە کاڵی و کوڵاوی و وەکوو ترشی ئەخورێ. ع راوند
N rabarbra د ریواس.







**ڕپڵاندن:** Pruning جوانکاری چاوگی تێنەپەڕ بەرتاوتن، دەوری دار هەڵیاچین و هەڵبەرتاوتن بۆ بەرزبوونەوەی تاقە دارێک.




**ڕتوو:❶** temperament ڕەفتار ناو ڕەوت و ڕەفتار، ماهەک و ناوەرۆکی کەس یان ئاژەڵ، بە تایبەت کە بە شێوەیەکی هەمیشەیی کار ئەکاتە سەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتیان. ع طبع N temperament د روحیە، خلق.

**ڕتوو:❷** temperament دەروونناسی ناو لە دەروونناسیدا دارەتی دەروونگەرا و دەرەوەگەرایە. لە مێژوودا ڕتوو وەک بەشێک لە چوار جۆری سەرلێشێواوی لە پزیشکی نەریتیدا دائەنرێت. ڕتوو کۆمەڵێک واز و تایبەتمەندی سروشتییە کە بنەمای ڕەفتاری مرۆڤ دیاری ئەکەن.

◁ لە توێژینەوەیەکدا کە لەسەر ١٤٠ کۆرپە ئەنجام دراوە، ئەلێکساندەر تۆماس و هاوکارەکانی بۆیان دەرکەوتووە، ئەوانە بەسەر سێ گرووپدا دابەش بوون کە بریتین لە ڕتووی دژوار، ڕتووی هێدی و ڕتووی ئاسان. بەڵگە هەیە کە ڕتوو تا ڕادەیەک کاریگەری بۆماوەیی هەیە، بەڵگەی بەهێزی تریش ئاماژە بە کارلێکی نێوان جینەکان و ژینگە ئەکەن لە گەشەکردنی ڕتووی منداڵدا، بە جۆرێک جیاوازی ڕتووی ئەو لفەدوانەی پێکەوە گەورە بوون زیاترە لە جیاوازی ڕتووی نێوان ئەو لفەدوانەی ێ لە تەمەنی کۆرپەدا هێلکەکانیان لێک جیاکرابوونەوە، کەمتر بوون. ⇦ **ڕەتوو و کەسایەتی:** temperament and personality دەروونناسی **ڕەتووی** مرۆڤ کە هەندێک جار بە وازی مرۆڤ ناوئەبرێت، لەو ئەدگارە جەستەیی و دەروونی و سۆزدارییانە پێکدێت کە زگماگە و پێوەی لەدایک بووە؛ لە بەرامبەردا **کەسایەتی** ئەو تایبەتمەندی و ئەدگارانە ئەگرێتەوە کە بە درێژایی ژیان بەدەست ئەهێنرێن، وەک: بیر و ئەندێشەکان، بەها و هەڵبژاردنەکان.









**ڕچە:** هاتووچۆ ناو کوێرەڕێ، ڕێگەی زۆر باریک، بزنەڕێ.

**ڕچەشکاندن:** هاتووچۆ چاوگی تێنەپەڕ بەفر بە پا کوتان بۆ ڕێگە کردنەوە.

**ڕچەشکێن:** trailblazer هاتووچۆ ناوی فەرمان پێشڕەو، داهێنەر، ئایندەبین N trailblazer ع ریادە، قیادە د پیشرو.






**ڕدال:** amorist ئەویندار ی ئاوەڵناو تەڕپیر، پیری هەوەسباز. ع ساتر N amorist د عاشق پیشە.

**ڕدۆز:** proof دوورین ناو ڕۆز، لە یەک دان و دروونی پارچەی کاڵا لە دوای بڕینی، ئامانەتی بەسەر یەکدا درەوانی جلک کە جلدروو ئەیکەن. ع اختبار N prøve د پرو خیاطی.





**ڕزگارکردنی کاپیتۆل:** freeing Capitol مێژوو بوویەر پەند گۆتە گردێکە لە ڕۆما، کە پەیکەری ژووپیتر و ژۆنۆن و هەندێ لە خوایانی تری لێیە. بەپێی گێڕانەوەی تەیت لایڤ Tite Live، مێژوونووسی ڕۆمی و نووسەری «مێژووی ڕۆما لە ڕۆژی دامەزراندنیەوە» ساڵی ٣٩٠ پ.ز

شەوێکیان کە سپای هۆزەکانی «گوڵ» هاتبوونە ناو شاری ڕۆماوە، ڕۆمییەکان بەشێکی گەورەی شاریان چۆڵ کردبوو و کشابوونەوە بۆ قەڵای کاپیتۆڵ. «گوڵەکان» لە بێدەنگیی شەودا بە ئەسپایی لە کاپیتۆڵ نزیک ئەبوونەوە. ئەوەندە بێدەنگ و بە خشکەیی ئەهاتن کە تەنانەت سەگەکانیش هەستیان پێ نەئەکردن. بەڵام لە سەر ڕێگە بە پۆلێک قاز گەیشتن، کە ڕۆمییەکان ئەم قازانەیان پێشکەش بە ژۆنۆن Jonon، ماخوای باران و ژنی ژووپیتر کردبوو و سەرەڕای کەمیی خۆراک و ئازووخە، خواردنی ئەوانەیان ئەگەیاند. بە نزیکبوونەوەی سەربازانی گوڵ، کتوپڕ قاز لە بێدەنگیی شەودا قاژەیان بەرز بوویەوە و ڕۆمییەکان بە هاتنی دوژمنیان زانی و بارانی تیر و بەردیان لە بەرزاییەوە بەسەر هێرشکەراندا باراند. گوڵەکان کشانەوە و کاپیتۆڵ ڕزگاری بوو و ڕۆمییەکان ئەو سەرکەوتنەیان بە بەخشندەیی ژۆنۆن لێک دایەوە. «قاژەی قاز کاپیتۆلی ڕزگار کرد» بوو بە پەندی پێشینان.






**ڕزگارکەر:** redemptive ماف کۆمەڵایەتی ئاوەڵناو دەرباز‌کەر و پەڕێنەرەوە لە گوناه یان تاوان، یان خراپە. بەدیهێنەری سەربەستی بۆ مافخوراو. ع تعویضي N forløsende د ڕستگاری بخش.

**ڕزگاری:** redemption ماف کۆمەڵایەتی ناوی چاوگ دەربازبوون و پەڕینەوە لە گوناه یان تاوان، یان خراپە N forløsning ع خلاص د ڕستگاری.








**ڕزگاریدەر:** Saviour ئایینناسی فەلەگەری مەبەست عیسا مەسیحە ⟵ لە پەرتووکی پیرۆزی عیبری وەکوو تەنەخ بە کەسێک ئەوترێ کە دێتەوە، یان ڕائەبێتەوە و نەتەوەی جوولەکە ڕزگار ئەکات؛ لە ئیسلام کراوە بە مەهدی؛ لە ئایینی فەلە ئەو کەسە بە عیسای مەسایا ئەزانرێ و چەندین فیلمی لەسەر ساز کراوە، مەهدی و مەسایا مرۆڤایەتی ڕزگار ئەکەن ☜ تەنەخ.








**ڕژان:** spill ناوی چاوگ لێڕژان، لێچوون، سەرڕێژبوون؛ بەربوونەوەی شلەمەنی لە دەفر یان زەرکێک بۆ خوارەوە. ع تسرب N søle د ریختن.



**ڕژێن:** gland ئاناتۆمی ناو ئاڵگ، گلاند، ئەندامێک لە جەستەی مرۆڤ یان ئاژەڵدا کە هێسنە کیمیاییە تایبەتەکان دەرئەدات بۆ بەکارهێنان لە جەستەدا یان بۆ دەردانی بۆ دەورووبەر. ع السدادة N kjertel د غدە. ☜ لوو




**ڕژێنی ناوەکی:** endocrine ئاناتۆمی ئاوەڵناو ئەو ڕژێنانەی ڕاستەوخۆ هورمۆن یان بەرهەمێتر ئەکەنە ناو خوێنەوە. ع الغدد الصماء N endokrine د غدد درون ریز.

**ڕژێنناس:** endocrinologist ئاناتۆمی پسپۆڕ ناو پزیشکی پسپۆڕی هەناو، چارەسەری ئەو کەسانە دەکات کە بە هۆی کێشەی ڕژێن و هۆرمۆنەکانی دروست دەبێت، وەک نەخۆشی شەکرە و وەستانی سووڕی مانگانە و کێشەی لووی تیرۆید. ڕژێنناسی منداڵان منداڵان چارەسەری ئەو منداڵانە دەکات دارەتیان بە هۆی کێشەی هۆرمۆن و ڕژێنەکانی ڕیخۆڵەوە دروست دەبن. ع طبیب الغدد الصماء N endokrinolog د متخصص غدد.

**ڕژێنناسی:** endocrinology ئاناتۆمی ناو لقی فیزیۆلۆژی و پزیشکی کە پەیوەندی بە ڕژێن و هۆرمۆنەکانی ناوپۆشی لەشەوە هەیە. ع علم الغدد N endokrinologi د درون ریزشناسی.



**ڕژیمی پەهلەوی:** ☜ سەردار سپا.

**ڕست:** ritual, rite ناو ئاوەڵناو بۆنە، ئاهەنگ، داب و بەرنامەی ئایینی؛ بۆنەیەکی ئایینی یان ڕێزلێنان کە پێکدێت لە زنجیرەیەک کردار و بەپێی پەیڕەو و فەرمانێکی دیاریکراو ئەنجام دەدرێت. ع طقوس N ritual, د rite مناسک.

ن: ناو ڕۆڵی ڕست لە کۆمەڵگە و لە ئاییندا.

ن: ئاوەڵناو ڕستی ناشتن، ڕستی شینگێڕی.

**ڕستەی ناواخن:** parentheses, obiter dictum ئاوەڵێکدراو ڕستەیەک کە بە شێوەی ڕاژە لە ناو گوتەدا ئەگوترێ، بەبێ ئەوەی لە باری ڕێزمانییەوە، لەگەڵ بابەتەکە پەیوەندی هەبێ؛ ئەم ڕستەیە ئەخرێتە نێوان دوو (ـ) هەنجەوە. ڕستەی ڕێژەیی، ڕستەی ناو کەوانە. ع کلمة معترضة N parentes, obiter dictum د جملە معترضە.

**ڕشتەی لاوەکی:** minor ئاوەڵێکدراو یان Sub_discipline هەندێ خوێندکار بە تایبەت ئەوانەی ڕشتەی زانستی ڕامیاری ئەخوێنن ئەتوانن جگە لە ڕشتەی سەرەکی هەندێ ڕشتەی لاوەکیش بخوێنن. ع N د .

**لاوەکی زانستی:** Poli_sci minor خوێندنی بالا زانکۆ ئاوەڵێکدراو پۆلی ـ سای لاوەکی یان Minor in Political Science ڕشتەیەکە ڕێگە بە خوێندکار ئەدات خولی جۆراوجۆر لە ڕشتە لاوەکییەکانی زانستی ڕامیاریدا هەڵبژێری، یان لە یەکێکیاندا درێژە بە خوێندن بدات.

**ڕفحە:** shelf ناو ڕف، ڕەفە، تاقەی زۆپ، شوێنێکی تەختە یان گەچ و چیمەنتۆیە وەکوو تاقێکی باریکۆلە بۆ دانانی شمەک و وەکوو جامخانە. ع N hylle د hylle ڕف.

ڕف زمانی کوردی پەهلەوییە و لە سوغدی و مانەویش بە هەمان شێوە هاتووە. لە ئەردەڵان ئەڵێن ڕفحە، کە شێوە دارماڵکەیەتی. G ڕامان

دزراوە بۆ عەرەبی ☜ ڕفەی ئازاد ☜ دزراو و وەرگیراو.





**ڕفوو:** darn چاککردنەوە ناو هڤێز، دوورینەوەی و چنینەوەی پسپۆڕانەی کوتاڵ یان مافوورەی گرانبایی کە تاڵکێش بووبێ یان سووتابێ بە شێوەیەک کە شوێنی دوورینەوە و چنینەوەی دیار نەبێ.




**ڕفەی ئازاد:** whatnot کەلوپەل ناو جامخانەیەکی چەند قاتی بێ جام یان بێ شووشەیە، شتی بچووک و جوانی تێدا دادەنرێ.



**ڕفێدە:** tandur pillow کەرەستە ناو مادەی نان پێوە دان، دۆشەکڵەیەکە نانی پێ بە تەندوورەوە ئەدەن د بالشتک نانوایی.



**ڕفێندراو:** abducted ناوی‌فەرمان شت یان کەسێک لەنکاو و بەکەڵەگایی بدزرێت، زیاتر بە مەبەستی تۆڵە و بەکارهێنان وەک بارمتە. ع مخطوف N bortført د ربوده شده. ← بارمتە: hostage.

**ڕکە:** cage ناو هەودەک، قەفەس. ع قفص N bur د قفس.



**ڕکابەری:** rivalry ناوی‌چاوگ پێشبڕکێ، خۆڕانان. ع التنافس منافسة N rivalisering د رقابت.

**ڕکەبەر:** competitor ناوی‌فەرمان ڕکابەر، کەمپەر، بەرامبەر لە پێشبڕکێدا، خۆڕانەر لە حاند یەکێ تر. ع منافس N konkurrent د رقیب.

**ڕکەبەری:** competition ناوی‌چاوگ بەربەرەکانێ، قینەبەری، بەرەنگاربوونەوە بە هۆی کێشە یان ناکۆکییەوە. ع منافسة N konkurranse د رقابت.





**ڕم:** ناو گوێزتەکێن، دارێ باریک و درێژ کە گوێزی پێ ئەتەکێنن.

**ڕمەوان:** walnut picker ناوی فەرمان شەنیار، ئەو کەسەی کە بە ڕم گوێز ئەتەکێنێ. شەنیار هەورامییە و بە کەسی بکەر ئێژن و، شەنیش ڕم یان شەنێکی دەسک درێژە.






**ڕند:** ئاوەڵناو جوان، شۆخ و شەنگ، خانومان.

**ڕنوو:** avalanche ناو کلیلە، ڕنیە بەفری هەرەس. ع انهیار ثلجِ N avalanche د بهمن.





**ڕۆباتێ:** pastry Rebattet ناوی جێگا شیرینیفرۆشییەکی بەناوبانگ بوو لە شەقامی فابۆر سەنت ئۆنۆرەی پاریس.






**ڕۆبنشتەین:** Anton Grigorevich Rubinstein ئاوازدانەر ئەنتۆن گریگۆریڤیچ (١٨٢٩ـ١٨٩٤)پیانۆژەن و ئاوازدانەری ڕووسی، دامەزرێنەری کونسێرڤاتۆری سەنت پترزبۆرگ.




**ڕۆبێر لۆ پیو:** Robert le pieux شا یان Robert II the Pious (٩٧٢ـ١٠٣١). لە ٩٨٦ تا ١٠٣١ پادشای فەرەنسە بوو.







**ڕۆبیان:** shrimp گیاندار لە پێست ڕەقانی ئاوزێیە وەکوو لابستر و قرژاڵ، سەرچاوەیەکی باشی خۆراکییە هەم بۆ گیانەوەرانی زەریا و هەم بۆ مرۆڤ، تەژی کالسیۆم و یۆد و پرۆتینە و هەروەها هەر دانەیەک ڕۆبیان بڕی ١٢٢ تا ٢٥١ میلی گرەم کۆلۆسترۆلی هەیە و بە هۆی کاریگەری لەسەر سیستەمی گەڕی خوێن بە خواردنێکی سازگار دائەنرێ. ٤
جمبری، برغوث البحر N reke د میگو.






**ڕۆبێرتۆ ڕۆسیلینی:** Roberto Rossellini دەرهێنەر نووسەر (١٩٠٦ـ ١٩٧٧) نووسەر و دەرهێنەری نیۆڕیالیستی ئیتالیایی.








**ڕۆبسپیەر:** Maximilien Robespierre ڕامیار شۆڕشگێر (١٧٥٨ـ ١٧٩٤) کەسایەتی بەرجەستەی شۆڕشی بورژوایی فەرانسە، سەرۆکی ژاکۆبۆنەکان، سەرۆکی دەوڵەتی شۆڕشگێڕی ساڵانی ١٧٩٣ـ ١٧٩٤.









**ڕۆبێنس:** Peter Paul Rubens شێوەکار باڕۆک {١٥٧٧ـ١٦٤٠} پیتەر ڕۆبێنس شێوەکاری فلەمەندی شێوازی باڕۆک، بە ڕادەی قەبەکردنەوە وردەکاری و بزاوتن لە تابلۆکانیدا پیشان ئەدا.





**ڕۆبێنس:** Rubens فیلم فیلمی سینەمایی ١٩٤٨، پۆڵ هێنسارت، هانری ستارک.











**ڕۆبیکۆن:** Rubicone ڕووناکبیر ناو زێیەکی کەناریی بچکۆلانەیە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتی ئیتالیا، ئەڕژێتە ناو زەریای ئادریاتیکەوە. ◄ چەمێکە کاتی خوێ ژۆلیۆس سیزار لێی پەڕیوەتەوە و، لەوێوە بە خاڵی نەگەڕانەوە ناوبانگی دەرکردووە. ✪: لە ڕۆبیکۆن پەڕییەوە: واتە سنووڕێکی بڕی گەڕانەوەی نییە.

⇦ **ڕۆبیکۆن:** rubicon software ئای تی ناوی کۆمپانیایەکی نەرمەواڵەیە.






**ڕۆترینگ:** Rotring بەرژەنگ مارکە کۆمپانیایەکی ئاڵمانی بەرهەمهێنانی ئامێری تەکنیکی وێنەکێشان و نووسین بوو. پێنووسێکی میکانیکی دروست کردبوو لە ئەندازەی بارێک و ئەستوور، بە جەوهەری چینی لەسەر کاغەزی چەور، بەتایبەت بۆ نەخشەکێشان، کە تا جێگیربوونی کەمپیوتەر، سەرەڕای هەموو ئامێرەکانی ئەو کارگەیە وشەی **ڕۆترینگ** بە واتای ئەو پێنووسە بەکار ئەبرا. وشەی **ڕاپید**یش لەبەر ڕەواننووسی و بێگرێیی جەوهەر لەسەر کاغەزی چەوری کاڵک بە هەمان واتا بەکار ئەهێنرا.




**ڕۆدس:** Rhodes ناوی جێگا دورگەیەکی یۆنانییە لە زەریای ناوین، نزیکی تورکیا.




**ڕۆدێلف ڤالێنتینۆ:** Rudolph Valentino هونەرپیشە (١٨٩٥ـ١٩٢٦) هونەرپیشەی ئیتالیایی فیلمی بێدەنگی هالیوود، ناسراو بە دڵداری لاتینی، داهێنەری سەمای ڤالێنتیۆ.







**رۆدین :** Auguste Rodin پەیکەرتاش (١٨٤٠ـ١٩١٨) پەیکەرتاشی فەڕانسەیی، خاوەنی پەیکەری بە ناوبانگی وەکوو «بیرمەند» و «ماچ».






**رۆزا لۆگزامبۆرگ :** Rosa Luxemburg خەباتگێر ڕامیار (١٨٧١ـ١٩١٩) سۆسیالیست و مارکسیستی خەباتگێڕی پۆڵۆنیا و لە بەڕێوەبەرانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی لە پۆڵۆنیا و ئاڵمان، لە دامەزرێنەرانی یەکێتی سپارتاکیست بوو، کە پاشتر لە ١٩١٨ بوو بە پارتی کۆمۆنیستی ئاڵمان. ڕابەری شۆڕشی ئاڵمان لە ١٩١٨دا بوو و زۆر پەرتووکی بەنرخی لەمەڕ سۆسیالیزم و مارکسیزم نووسیوە.










**ڕۆزە:** ئاوەڵناو گنج، چرچ و لۆچ.

**ڕۆژی زێڕین:** ئابیننانسر ناوی لێکدراو دیاری پاپایە کە سەدەهایە وەکو ڕێز و سۆزی باوکانە ئەیدا بە کەسانی بەرجەستە و کڵێسە و خزن و زێوە.



**ڕۆژاندن:** Update کاری تێپەڕ نوێکردن، ڕۆژانەکرن، مۆدێرن و هاوڕۆژکردن. ع تحدیث N Oppdater د بە روز رسانی. ڕۆژێنراوە، بیڕۆژێنە.

**ڕۆژباش:** good norning ناقدەر ناو بەیانی باش، دەربڕینی هیوای باش لە کاتی بەیەکگەیشتن و جیابوونەوە لە کاتی بەیانیاندا. ◄ بە گوێرەی کاتی ڕۆژ و شەو شێوەی ڕۆژباش دەگۆڕێ: نیوەڕۆباش، ئێوارەباش، شەوباش. ع صباح الخیر N god morgen د صبح بخیر. ن:

دەبا باش بێت لە کوردستان بەیانی ~ لە تیشکی خۆر، لە ڕووباری، لە کانی

لە شارستان، لە دێهاتی، لە خەڵکی ~ دەڵێم ڕۆژ باش لە کورد و کوردستانی

**کاتباش:** Hi, Hello ناقدەر ناو درووود، ڕۆژباشێکی گشتییە و تایبەت بە کاتێکی تایبەت نییە. ع مرحبا N hei د سلام.

**ڕۆژمێر:** calendar سیستەم گەردوونناسی سیستەمێکی ڕێکخەری ڕۆژەکانە،

بە ناوانی خولەکان کات بە ڕۆژ و حەفتە و مانگ و ساڵ ئەنجام ئەدرێ. مێژوو بریتییە لە دیاریکردنی ڕۆژێکی تایبەت و تاک لەم سیستەمەدا. ڕۆژژمێر تۆمارێکی فیزیکی ئەم سیستەمەیە، پێڕستی بوویەرەکانە. خولەکانی ڕۆژژمێرێک بە زۆری پەیوەندی بە سووڕی خۆر و مانگەوە هەیە، وەکوو ڕۆژژمێری مانگی، هەتاوی، یان زایینی.







**ڕۆژگەڕانەوە:** March equinox گەردووونناسی چاوگی دووڵو هاوسانیی بەهارە، یەکێک لە دوو چەقی پێکگەیشتنی ئیکواتۆری ئاسمان لەگەڵ خولگەی کەلووەکان و، ئەویش ئەو کاتەیە کە خۆر لە بگاری ڕواڵەتیی ساڵانەیدا ئەگاتە ئەوێ، و، شەو و ڕۆژ ئەبن بە یەک ئەندازە. ڕۆژگەڕانەوە لە سەرەتای بەهار و شەوگەڕانەوە لە سەرەتای پایزدا ڕوو ئەدا. ع اعتدال خریفي N marsjevndøgn د اعتدال خریفي. ☜ شەوگەڕانەوە.


UT date and time of equinoxes and solstices on Earth

| event | equinox | | solstice | | equinox | | solstice | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| month | March | | June | | September | | December | |
| year | day | time | day | time | day | time | day | time |
| 2013 | 20 | 11:02 | 21 | 05:04 | 22 | 20:44 | 21 | 17:11 |
| 2014 | 20 | 16:57 | 21 | 10:51 | 23 | 02:29 | 21 | 23:03 |
| 2015 | 20 | 22:45 | 21 | 16:38 | 23 | 08:21 | 22 | 04:48 |
| 2016 | 20 | 04:30 | 20 | 22:34 | 22 | 14:21 | 21 | 10:44 |
| 2017 | 20 | 10:28 | 21 | 04:24 | 22 | 20:02 | 21 | 16:28 |
| 2018 | 20 | 16:15 | 21 | 10:07 | 23 | 01:54 | 21 | 22:23 |
| 2019 | 20 | 21:58 | 21 | 15:54 | 23 | 07:50 | 22 | 04:19 |
| 2020 | 20 | 03:50 | 20 | 21:44 | 22 | 13:31 | 21 | 10:02 |
| 2021 | 20 | 09:37 | 21 | 03:32 | 22 | 19:21 | 21 | 15:59 |
| 2022 | 20 | 15:33 | 21 | 09:14 | 23 | 01:04 | 21 | 21:48 |
| 2023 | 20 | 21:24 | 21 | 14:58 | 23 | 06:50 | 22 | 03:27 |





**ڕۆژگیران:** solar eclipse ئەستێرەزانی ناو کاتێکە کە مانگ دەکەوێتە نێوان خۆر و زەوی، بەم شێوەیە سێبەری مانگ دەکەوێتە سەر بەشێک لە گۆی زەوی و تاریکی دەکات. ◄ ڕۆژگیران کاتێکە خۆر و مانگ و

زەوی بکەونە سەر یەک هێڵی ڕاست و لە یەک ڕیزدا بن، کە دیمەنێکی سەرنجڕاکێش پێشکەش بە هۆگرانی سروشت دەکات. ◀ لە ڕۆژگیرانی دارماڵدا ناوەڕاستی خۆر بە شێوەی بازنەیەکی ڕەش و دەوروبەرەکەی ڕووناک دەردەکەوێت. ◀ زۆرترین و درێژخایەنترین ڕۆژگیران زیاتر لە ٧ خوولەک و ٤٠ چرکە بەردەوام بووە. ☜ مانگگیران

**وێنە:** ١. ڕۆژگیران ١٩٩٩ فەڕانسە




**ڕۆژنامە:** newspaper **ڕۆژنامە** بڵاوکراوەی ڕۆژانە، زیاتر سەبارەت بە هەواڵ و نووچە. [ع] جریدە [N] avis [د] روزنامە [K] rojname.

**ڕۆژنامەگەری یەکەم پێشنووسی مێژوو:** A first rough draft of history **گۆتە** **گێڕاوە** بە چەند شێوەی تۆزێ جیاواز وتراوە، بەڵام مەبەستی هەموویان یەکە: **ڕۆژنامەگەری یەکەم پێشنووسی مێژووە!** چونکە ساتەکان، ڕەهاتەکان، ڕاستییەکان، وێنەکان تەنانەت لە کاتی ڕوودانی ڕووداوەکە، یان بە زۆری دەسبەجێ لە دوای ڕوودان تۆمار ئەکات. لەم ڕووەوە بە تێپەڕینی کات گرنگی پەیدا ئەکات، بە تایبەت ئەو کاتەی کە ڕووداوەکە شرۆڤە و شیکار ئەکرێ و ئەکەوێتە بەر لێدوان. ⇦ نووچە یەکەم پێشنووسی مێژووە! ☜ The Post



**ڕۆژنامەی دیبەیت:** Journal des Débats ڕۆژنامە ڕۆژنامەی لێدوانی ڕامیاری و وێژەیی، ١٧٨٩ لە پاریس دەستی پێ کرد، تۆزێ پاش شۆڕشی جونی ١٨٣٠، واتە لە ئۆگەستی ١٨٣٠ـەوە داکۆکیی لە بۆرژوازی دژی شۆڕش و پارتەکەی بە ناوی «پارتی ئاسایش» ئەکرد.

**ڕۆژنە:** vent ناو ڕۆژن، ڕۆچنە، کولاوکە، ڕۆژنە، دەربیچە، دەلاقە. ع فتحة N vent د دریچە. ن: کلاوڕۆژنەی سەربان.





**ڕۆژۆن:** Henry Roujon (١٨٥٣ـ ١٩١٤) نووسەر ڕۆماننووسی فەرانسەیی.






**ڕۆژڤ:** reality ڕیالیزم ناو کەتوار، جیهان یان دۆخی شتەکان بە هەمان شێوە کە هەن، لە بەرامبەر بیری ئایدیالیستی یان گریمانەیی لەمەڕ ئەوانە N virkelighet ع واقع د واقیعیت.

**ڕاستەقینە :** truth ڕیالیزم ناو ڕاستەڵ، ڕاساڵ، ڕاسەڵ، چۆنایەتی یان دارەتی ڕاست بوون، شتێک کە ڕاستبوونەکەی زانراوە یان سەلماوە N faktum ع حقيقة د حقيقت.

**هەلومەرج :** situation ڕیالیزم ناو ئەو دۆخەیە ئێستا هەمانە.

**ڕاستەڵ :** in fact ڕیالیزم ئاوەڵکار لە ڕۆژەڤدا. ع فِي الواقع N faktisk د في الواقع، واقعی.

**ڕاستەکی :** actually ڕیالیزم ئاوەڵناو لەڕاستیدا، بەئەنجامگەیشتوو. ع في الحقيقة N faktisk د در حقيقت.

**ڕۆژەڤ و ڕاستەقینە :** truth and reality ڕەوشت ڕۆژەڤ ئەوەیە کە لە دەرەوەی ویست و ئارەزووی ئێمە هەیە و سەبارەت بە باشی و نەباشییەکەی هیچ ناکرێ، وەلێم ڕاستەقینە ئەو ڕۆژەڤەیە کە سەلمێنراوە و بەئەنجامگەیشتووە و، سەلماندنەکەی بە واتای بەرەنجامی ململانێ تێز و ئانتی‌تێز و بەدیهاتنی سەنتێزێک لە ئاراستەی بەرەوپێشەوەچوون و گەشەکردندایە، ئەکرێ بوترێ ڕاستەقینە ئەو ڕێسایە کە بەسەر ڕۆژەڤدا زاڵە. وەک نموونە هێزی بزوێنەری مێژوو کە دەسەڵاتی بەسەر ڕووداوە مێژووییەکاندا هەیە، ڕاستەقینەیەکە لەمەڕ جیهان و بوون.








**ڕۆژە لینار :** Roger Leenhardt {١٩٠٣ـ١٩٨٥} فیلمساز دەرهێنەر سینەما جیبە

دەرهێنەر و ڕەخنەگر، فیلمساز و نووسەری فەڕانسەیی. ژێنارد مێنتۆری بازن و بەر لەو بەرپرسی بابەتی سینەمایی «Journal à plusieurs voix»

گۆڤاری ئێسپریت بوو. تێبینی: هیو گرەی









**رۆژهەڵاتی بەهەشت:** East of Eden فیلم فیلمی وێستێرنی ئەمریکایی ١٩٥٥، دەرهێنانی ئێلیا کازان، ژێوەرگرتن لە ڕۆمانی براوەی خەڵاتی نۆبێل جان ستەینبەک بە هەمان ناو.








**ڕۆژ هەڵدێ:** Le jour se lève فیلم فیلمی فەڕانسەیی ١٩٣٩ دەرهێنانی مارسێل کارنێ Marcel Carné.







**ڕۆژێکی ژیان:** Un Giorno nella vita فیلم A Day In the Life E فیلمی جەنگی ئیتالیایی ١٩٤٦، دەرهێنانی ئالێساندرۆ بلاسێتی.









**ڕۆژی بەرێ:** ئاییناسی ڕۆژی بێ سەرەتا، ڕۆژی یەکەم، ڕۆژی ئەزەڵ. ع اليوم الأول N pre_eksistens د روز ازل E pre_existence ⇦

**ڕۆژی پسات:** ئاییناسی پەسڵان، نیرڤانا، ڕۆژی پاشین. پسات، ڕۆژی کۆتایی هاتنی ئەم جیهانە و پێڕاگەیشتنی بەغان و ئێزەدان بە چاکە و خراپەی مرۆڤ.

**ڕۆژی پسات:** ئاییناسی پەسڵان، نیرڤانا، ڕۆژی پاشین، پسات، ڕۆژی کۆتایی هاتنی ئەم جیهانە و پێڕاگەیشتنی بەغان و ئێزەدان بە چاکە و خراپەی مرۆڤ. هەموو ئایینەکان بە شێوەیەک لە شێوەکان بڕوایان بە پسات و ڕابوونەوە هەیە و لەو ڕێگەیەوە پەیڕەوانی خۆیان ئاگادار و تەمێ ئەکەن لە ترسی ئەشکەنجەی ئەو دنیا ، لەم دنیادا خراپە مەکەن. ئەویش دیارە هیچی لێ سەوز نەبووە. ⇦ **ڕۆژی بەرێ:** ئاییناسی ڕۆژی بێ سەرەتا، ڕۆژی ئەزەڵ.






**ڕۆژی سەن شارلمانی:** Saint_Charlemagne ئایینناسی بۆنە جەژن
جەژنی ساڵانەی فێرگە و ناوەندییەکانی فەڕانسە بوو.




**ڕۆژی سی تیر ١٣٣١ :** مێژوو ڕەهات بەرامبەر بە ڕۆژی ٢١ جوونی ١٩٥٢، خۆپیشاندنانی سەرلەبەیانی لایەنگرانی سەرۆک وەزیرانی ئێران د. موسەدیق، بووە هۆی کوژرانی ١٨٠ کەس و خۆپیشاندنی سەد هەزار کەسی لایەنگرانی حیزبی توودە، پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ بە تێکڕا بووە هۆی ڕووخانی دەوڵەتی «قەواموسەڵتەنە» و هاتنەوە سەرکاری د. موسەدیق، کە پێنج ڕۆژ پێشتر وازی هێنابوو.







**ڕۆژی کرێکار:** May Day کۆمۆنیزم خەبات جیناییەتی یەکی ئەیار، ڕۆژی ئاهەنگگێڕانی پڕۆلتاریایە، بۆ گەیشتن بە ٨ کاتژمێر کاری ڕۆژانە، یەکەمجار لە ئۆستڕالیا ساڵی ١٨٥٦، پاشان کرێکارانی ئەمریکا ساڵی

١٨٨٦ هەمان بڕیاریان دا و لە ای مانگی مەی ٢٠٠٠٠٠ کەس بەشدارییان کرد. لە ئورووپاش کۆنگرەی ئینتەرناسیۆنالی ١٨٨٩ هەمان بڕیاری ٨ کاتژمێری پەسەند کرد و کۆنگرەی ١٨٩٠ ڕۆژی یەکی ئەیار یان یەکی مەی وەکوو بۆنە و ئاهەنگی پرۆلیتاریای جیهانی پەسەند کرد و تا سەرکەوتنی هەموو داخوازییەکانی کرێکاران، هەموو ساڵێک درێژەی ئەبێ و پاتە ئەبێتەوە.






**ڕۆژی مردوان:** Souls' Day ڕۆژی دووەمی نۆڤەمبەرە و هاڵۆمەس Hallowmas جۆرێکی تری ڕۆژی مردوانە کە شێکسپیر بەکاری هێناوە.




**ڕۆسا:** Paul Rotha فیلمساز (١٩٠٧ـ ١٩٨٤) فیلمسازی بەڵگەیی بەریتانیایی.






**ڕۆشنبین**: clairvoyant شێوەزانست کەسێک کە بانگەشەی ئەوە دەکات توانایەکی سەروو سروشتی هەیە بۆ هەستکردن بە دیاردە و بوویەر و ڕووداوەکان لە داهاتوو یان لە دەرەوەی سنووری هەستیاری ئاسایی.
◀◀ لە بواری مژاری شێوەزانستی پارا سایکۆلۆجی وەکوو بیرخوێندنەوە و خێرە و فاڵگرتنەوەدا، کەسانی داوباز هەموو جۆرە وشەی سەمەرە لە زمانە جیاوازەکانەوە وەرئەگرن و بەکاری ئەهێنن وەکوو توانای بانسروشتی مرۆیی ئەیناسێنن.

**ڕۆشنبیست**: clairaudient شێوەزانست لە بواری پاراسایکۆلۆژیدا، جۆرێکە لە تێگەیشتنی دەرەوەی هەست کە مرۆڤ زانیاری بەدەست دەهێنێت بە ئامرازی بیستنی پارانۆرماڵ. زۆرجار بە جۆرێک لە ڕۆشنبیری دادەنرێت. ڕیشەناسی [Clairaudience لە کۆتایی سەدەی ١٧، فەڕانسەیی clair {ڕوون} ⟵ audience بیسەر {بیستن}].

**ڕۆشنهەست**: clairsentient شێوەزانست توانای هەستەوەری و هەستکردن بە وزەی سۆزداری یان دەروونی کە پێنج هەستی ستاندارد ناتوانن هەستیان پێ بکەن و پەیان پێ ببەن. ع جلی، بین N klarfølende د روشن بین.

**هەستەوەر**: sentient ئاوەڵناو هەستیار. ع واع N selvbevisst د حساس.

◀◀ تێبینی: ڕۆشنبینی و ڕۆشنبیستی و ڕۆشنهەستی و ڕۆشنڕەوانی و وشەی لەمبابەتە، هەرچەند وشە و دەستەواژەی جوان و ڕازاوەن، بەڵام چونکە کۆمەڵێک کەسانی مێمڵ و دەسبڕ بە کەڵکوەرگرتنی نەشیاو لە زانست و لە ڕێگەی فێڵبازیی و ڕووتکردنەوەی مرۆڤی ساکار و ئاساییەوە بەکاریان ئەهێنن و خۆیانی پێ ئەژێەنن، بەداخەوە ئەچنە خانەی وشەی نەرێنی و شێوەزانستەوە، مەگەر ئەوەی نووسەر و توێژەر و زانیاری زیرەک و ڕاستگۆ لە بابەتەکانیاندا بەکاریان بهێنن، باری ئەرێنی پێبدەن و لەو دەسبڕانەی وەربگرنەوە.










**ڕۆشنگەری:** Enlightenment بزووتنەوە ڕەوشەنگەری کۆمەڵایەتی ناوی چاوگ

بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیری و فەلسەفی سەدەی حەڤدە و هەژدە بوو لە مێژووی ڕۆژهەڵاتدا، لە ئینگلیز و فەڕانسەوە دەستی پێکرد و هەموو ئورووپای گرتەوە. بووە هۆی شۆڕشی مەزن لە زانست و فەلسەفەدا و، بە شێوەی دارماڵ جیهانبینی سەدەناونجی سڕییەوە. ئامانجەکانی بریتی بوون لە **ئازادی**، **پێشکەوتن**، **سەلماندن**، **لێبوردەیی و کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی کلیسا**، واتە جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت. ڕەوشەنگەری بە پەرەپێدانی تاقیگەری، وردبینی زانستی، سادەکردنەوە و لێپێچانەوەی ئایین دیاری کرابوو.

دیدێرۆ، ڤۆلتێر، ڕۆسۆ، مۆنتێسکیۆ، کانت و ساد لە فەیلەسووفانی چاخی ڕەوشەنگەرین.

ڕەوشەنگەری، بزووتنەوەی ڕۆشنبیری پەیڕەوی دێکارتە وەکوو بناغەی سیستەمی ئیستاتیکا، ڕەوشت، دەسەڵات و بیرسایە، کە ڕێگە بە فەیلەسووفان ئەدات تا ڕاستەقینەی دیتراوەیی لە جیهاندا بەدەست بهێنن.

چاخی ڕەوشەنگەری، خولی بیرکردنەوەی ئازادە، لەسەر بنەمای: لەکورترین پێناسەدا واتە تێکشکاندنی کۆی کۆت و بەندەکانی بەردەم ئازادی و ڕاماڵینی کۆی بەربەستە مینەوی و خێڵەکی و کەس و سیستەمە ڕامیارییە بۆگەن و نادادپەروەرەکان.

واتە خودبوون و گەیشتن بە ماهەکی ئازادی و خۆناسین و مافی هاولاتیبوون، لەسەر بنەمای ئاوەزگەرایی و دادپەروەی سیستمی سکۆلاریزم. بەوەی لەسەر پرنسیپە لۆژیکییەکان مرۆڤ خۆی خاوەنی ئاراستەکردنی هەنگاو و بیر و ئایدیا و گوفتاری خۆی بێت. لە دەرەوەی پێگە و پیرۆزەکان و دیاردەکان وەک مرۆڤ بڕوانیتە هەرتاکێک و بگات بە ئاستی تێگەیشتن لە ئازادی و مافی تاکگەرایی. دواجار گومان و پرسیار و کرکاش و ملوموٚ بۆ وەلامە لۆژیکییە ئاوەزییەکان و، هیچ هێز و دەسەلاتێک نەتوانێت بەربەستی بۆ دروست بکات، کلۆلی بکات و بیکات بە بوونەوەرێکی ملکەچ و بێدەنگ لە گومان و پرسگر و کرکاش و گردیسەر.












**ڕۆڤیو :** Revue **شانۆ** **موزیک** **ڕەخنەییر** لە فەرانسەیی بە واتای گۆڤار، کەشکۆلی شانۆ، چەشنێک شانۆگەری ڕەخنەگرانەی تێکەڵەی سەرگەرمی و موزیک و سەما و دیکۆرە. ڕیشەی ئەم چەشنە مێلۆدراما ئەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدە، بەلام لە سالانی ١٩١٦ـ ١٩٣٢ گەشەیەکی فراوانی کرد.






**ڕۆڤیە :** Maurice Rouvier رامیار سەرۆکوەزیر {١٨٤٢ـ١٩١١} ڕامیاری فەڕەنسەیی و سەرۆکوەزیر. ئاماژەیە بە ناکۆکیی ئاڵمان و فەڕەنسە لەسەر مەراکۆ لە ساڵانی ١٩٠٥و ١٩٠٦.








**ڕۆک :** Pierre Roques ژنراڵ {١٨٥٦ـ١٩٢٠} پیەر ڕۆک، ژنراڵ و بەدیهێنەری هێزی هەوایی فەڕەنسە.





**ڕۆکامبۆل:** Rocambole پێرسۆنا پاڵەوانی چەند ڕۆمانی نووسەری فەڕانسەیی پۆسۆن دو ترای Ponson du Terrail (١٨٢٩ـ١٨٧١) .




**ڕۆکۆکۆ:** Rococo مۆد شێواز شێوازێکی هونەری ڕازاندنەوەی سەدەی هەژدەیە، لەگەڵ پەرەسەندنی بورژوازی لە فەڕانسە سەری هەڵدا، هونەرێکی گەش و پڕ لە ژیان و خۆزگەیە.



**ڕۆکۆلا:** rucola یان arugula ڕووەک خۆراک گیایەکی خۆراکی یەکساڵەی ٢٠ تا ١٠٠ سانتیمە، وەک باویلکە وایە، گەڵای زیگزاگی هەیە، مزر و بەچێژە و، وەک سەوزی ساڵاد بەکار دێت. ⇦ **چەقچەقە:** chicory ڕووەک ناو باویلکە، گوڵێکی شینی مدیتەرانەییە، پەروەردە ئەکرێ بۆ ڕیشەی شێوە گەزەر و گەڵاکەی بۆ ناو ساڵاد. ع الهندباء N sikori د کاسنی تلخ.








**ڕۆلاند:** Roland ژنراڵ سینەما جیبە ژنراڵی لەشکری شارلمانی ساڵی ٧٧٨ لە پەلاماری «باسک»دا لە لایەن باسکییەکانەوە کوژرا. هەرچەند بازن تا ڕادەیەکی زۆر بەرچاوروونە، بەڵام لێرەدا ڕۆلاندی لە چاوی فەرانسەییەکانەوە بە **پاڵەوان** داناوە، لە کاتێکدا ڕۆلاند فەرماندەی هێزی داگیرکەری سپای شارلمانی بووە، بە مەبەستی ڕووخاندنی شوورەی پامپلۆنای پایتەختی باسک.

**ڕۆلز ڕۆیس:** Rolls Royces ئۆتۆمبێلێکی لوکس بوو لە بەریتانیا و دواتر دامەزراوێکی بەرهەمهێنانی بزوێنەری فڕۆکەوانی بوو کە لە ساڵی ١٩٠٤ لە مانچستەر بە هاوبەشی چارلز ڕۆلز و هانری ڕۆیس دامەزراوە.




**ڕۆمانتیک:** romantic دەروونناسی هەست هەستی سۆزاوی و هەژانی بەرەنجامی ئەوین.

**ڕۆمانیا:** Romagna جوگرافیا ناوی جێگا مەڵبەندێکە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئیتالیا. ⇐ **ڕۆمانیا:** Romania جوگرافیا وڵات وڵاتێکە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئورووپا، پایتەختەکەی بۆخارستە و، دانیشتوانی ١٩,٢ ملیۆنە.








**ڕۆمانی بیردۆز:** Roman à thèse ڕۆمان پەروەردە ڕۆمانێکی فێرکارییە، ئایدیۆلۆژی یان بیردۆزێک شی ئەکاتەوە. ئەم ژانرە هەوڵی وێناکردنی تیۆرێکی بیرۆکەکان ئەدات، بۆ بەرگریکردن لە تێزێک لە ڕێگەی چیرۆکێکەوە کە دواجار تەنها بیانوویەکە بۆ پشتڕاستکردنەوەی تێزێک یان پووچەڵکردنەوەی تێزێکی دیکە. ئامانجی پێش هەموو شتێک بەرگریکردنە لە چەمکێکی ڕامیاری، فەلسەفی یان تەنانەت ئایینی. نزیکترین ژانری ڕۆماننووسییە لە بیری نووسەرەکەیەوە. زۆرجار بۆ ئیدانەکردنی نادادپەروەرییەک و دژایەتیکردنی نەزمی دامەزراو بەکاردێت. ڕۆمانی «دوارۆژی سزادراوێک»ی هۆگۆ نموونەیەکی سەرکەوتووی ئەم ژانرەیە. هوگۆ بە توندی دژی سزای لەسێدارەدان بوو. ئەو چیرۆکە خۆی لە خۆیدا ئامانجێک نییە، بەڵکو تەنیا بیانوویەکە بۆ نیشاندانی بەربەرییەتی نادادپەروەریی مرۆڤ، دەقەکە بیرۆکەکە ئەپۆشێت و فۆرمی گێڕانەوەی پێئەبەخشێت کە لە هەموو فۆرمێکی دیکە لە لای خوێنەر پەسەندترە E Thesis novel. ئەم ڕۆمانەن لەو ڕیزەن: ✿

◁ ڕۆمانی کاندید ـ ڤۆلتێر،
◁ تاوان و سزا ـ دۆیستۆیڤسکی،
◁ لاڕەشە و بێگانە ـ ئالبێر کامۆ،
◁ دوارۆژی سزادراوێک ـ ڤیکتۆر هۆگۆ لەو،
◁ ئەسپە سرکەکان ـ یوکیۆ میشیما Yukio Mishima
◁ سیبل ـ بنجامین دیزرایلی










**ڕۆمانی فرەدەنگی:** polyphonic novel وێژە پێناسە بە کوالّیتی پەیوەندی نێوان وەگێڕ و پێرسۆناژ پێناسە دەکرێت، بەو پێیەی یەکەمیان مافی دووەمیان دەدات بۆ وشەی کۆتایی ـ واتە هەرگیز لە کۆتاییدا دەنگی کارەکتەرەکە بە دەنگی گێڕەرەوە نوقم نابێت. ڕۆمانەکانی داستایڤسکی لەم شێوەیەن. میخائیل بەختین Bakhtin لای وایە ئەم چەمکە بەکارهێنانی مێتافۆرێکە لەسەر بنەمای زاراوەی موزیکی فرەدەنگی و ئەڵێ: «فرەیی لە دەنگ و ئاگایی سەربەخۆ و تێکەڵنەبوو، فرەدەنگییەکی ڕاستەقینەی دەنگە تەواو ڕەواکان و لە ڕاستیدا تایبەتمەندی سەرەکی ڕۆمانەکانی داستایڤسکییە.» ◀ فرەدەنگی لە وێژەدا تایبەتمەندییەکی گێڕانەوەیە کە چەندین دید و دەنگ لە یەک کاتدا لەخۆ دەگرێت. کاریل ئیمێرسۆن Caryl Emerson فرەدەنگی بە «پێگەیەکی دەسەلاّتداری چەقنەبەستوو ئەزانێ کە ڕەوایەتی بە هەموو دەنگەکان دەدات.» وەسف دەکات. ◀ بە بڕوای دەیڤید لۆج David Lodge، ڕۆمانی فرەدەنگی «ڕۆمانێکە کە تێیدا چەندین پێگەی ئایدیۆلۆژییک دژ بەیەک

دەنگیان پێدەدرێت و هەم لە نێوان و هەم لەناو وەگێڕاندا، سوژەی وەگێڕی تاکەکەسی لە یارییەکەدا بەشدار دەکرێن، بەبێ ئەوەی دەنگێکی دەسەڵاتدار بیانخاتە بن چاودێری و بڕیاریان لەسەر بدات.»

☜ داستایڤسکی دەروونناسی ڕۆمانی فرەدەنگی










**ڕۆمینگ:** Roaming ئای تی خزمەتگوزاری لە بواری پەیوەندیدا بە واتای بەکارهێنانی خزمەتگوزاری کۆمپانیایەکە لە شوێنی تر، جگە لەو شوێنەی کە خزمەتگوزاری کۆمپانیاکەی تێدا تۆمار کراوە.

⇦ **هەردەگێڵی:** ناوی چاوگ چۆڵگەردی، خولانەوەی بێئامانج بە تایبەتی لە شوێنانی بەربەرینی بیابان و قاقڕ.




**ڕۆنۆ:** Daniel Renoult ڕامیار (١٨٨٠ـ١٩٥٨) سۆسیالیستی فەڕانسەیی، دواتر بوو بە سەرنووسەری ڕۆژنامەی «ئۆمانیتە».

**ڕۆنیاس:** ronos, madder ڕووەک ڕەنگگەری ناو بنە گیایەکە ڕیشەکەی بۆ ڕەنگی بەن بەکار دێت، ڕەنگێکی سووریەمەیی تۆخی هەیە. ٤ فوإة

N ronos, galner د ڕوناس.



**ڕۆنیاسی:** madder color ڕەنگەوشە ئاوەڵناو ڕەنگی یەمەیی تۆخ د رنگ صورتی تیره N ronos farge ع لون الوردی الغامق.



**ڕۆنی پیرۆز:** Holy oil ئایینناسی ناو یان anointing oil ڕۆن زەیتوونێکە، بە گوێرەی دابی ئایینزای کاسۆلیک، هەندێ شوێنی لەشی گیانکەنشتی پێ چەور ئەکەن ☜ زمانچەورکردن.




**ڕۆنی سەن ژان:** st john oil ئایینناسی هێمایی ناو ڕۆنی سەن ژانی ڕیش زێڕین، کە سمێڵی پێ چەور ئەکەن، هەمان پارەیە و، سمێڵ چەورکردن

بە واتای بەرتیل دانە. خودی سەن ژان (١٥ـ١٠٠) یان یۆحەننای ئینجیلی یەکێک لە یارانی مەسیح بوو کە پەرتووکی ئینجیلی یۆحەننا هی ئەوە. سەن ژان کە خۆشەویستی خوا بوو، سزا درا بەوەی کە لە ڕۆنی قرچاودا بیسووتێنن. بەڵام کە خستیانە ناو ڕۆنی قرچاوەوە، نەسووتا و بە تەندروستی لە ڕۆنەکە هاتە دەرەوە، کە ئەڵێن ئەمە پەرجووی خوا بووە.

**سمێڵ چەورکردن:** دەستەواژە هێمایی بە واتای بەرتیل دانە.







**ڕۆنی کونجی:** sesame oil ڕۆن ناو ڕۆنێکی ڕووەکی خۆراکییە لە دەنکی کونجی ئەگیرێ. یەکێکە لە سەرەتاییترین ڕۆنە ناسراوەکانی بنەمای دێرسی بەرهەم. بەرهەمهێنانی مۆدێرنی بەکۆمەڵ لە سەرانسەری جیهاندا سنووردارە، بە هۆی پرۆسەی ناکارامەی دروێنەکردنی دەستی کە پێویستە بۆ دەرهێنانی ڕۆن.

**کونجی:** sesame ڕووەک ناو کونجەو، ڕووەکێکی ساڵانەی دەوەنی بەرزە، لە ناوچە گەرم و ژێرگەرمەکانی جیهان ئەڕوێ، کە بە هۆی دەنکی دەوڵەمەند بە ڕۆن و چەوری دەچێنرێت. ع سمسم N sesam د کنجد.

**دەنکی کونجی:** sesame seeds دەنک ناو ڕێژەیەکی بەرزی فیبری

هەیە بۆ هەرسکردنی باش سوودمەندە.



**ڕۆوان:** Rohan خانەدان بنەماڵەیەکی ئاریستۆکراتن لە ناوچەی بریتنی فەڕانسە.

**ڕۆیالیتیز:** royalties خواردنەوە شا و شازادان.

**ڕۆیان:** Royan جوگرافیا شارێکە لە باشووری ڕۆژئاوای فەڕانسە، لە کەناری ئوقیانووسی ئەتڵەس.




**ڕۆینە:**❶ داب‌ونەریت موزیک جۆرێک هەڵپەڕکێ.

**ڕۆینە:**❷ ڕەفتار ناو وێرغە.

**ڕۆهەر:** Eugène Rouher ڕامیار (١٨١٤ـ١٨٨٤) ڕامیاری ئیمپراتۆری دووەمی فەڕانسە. لە کودێتای دووەمی دێسەمبەری ١٨٥١دا هاودەستی لویی بۆناپارت و مۆرنی زڕبرای بۆناپارت بوو، دەسبەجێ کرا بە وەزیری داد لە ١٨٥١ تا ١٨٥٢. ساڵی ١٨٥٥ بوو بە وەزیری بازرگانی و کشتوکاڵ و ساڵی ١٨٦٣ بوو بە سەرۆکوەزیرانی فەڕانسە.





**ڕۆیە کۆلار:** Royer collard {١٧٦٣ـ١٨٤٥} فەیلەسوف و ڕامیاری فەڕانسەیی. سەرۆکی لیژنەی دۆکترین لە سەردەمی نۆژەنقانی بۆربۆنەکان. لایەنگری پاشایەتیی دەستووری.







**ڕۆیاڵ پالاس:** Palais ـ Royal **ناوی جێگا** یان پالێ ڕوایال یان کۆشکی کاردیناڵ ڕیشیلیۆ، کۆشکی مێژوویی و باخەکەی لە گەڕەکی یەکی پاریس لە ١٦٢٢ەوە.




**ڕواڵ:** paramour ڕواڵەت ناو گەنجی نەوجەوانی قۆز کە ئافرەت شەیدای ئەبێ و دوای ئەکەوێ. ع خليل N paramour د معشوق.

**ڕواڵەت:** appearance, facade ناو دەرکەوتە و نمای دەرەکی بەبێ زانیاری ئەوتۆی ڕاستیان ناڕاست دەربارەی ناخ و ناوەڕۆک. ع مظهر، المظهر من الخارج N facade د ظاهر، ڕوی خارجی.

**بەڕواڵەت:** apparently ئاوەڵکار وا پێ ئەچێ، وا دیارە، بەئاشکرا، تا ئەو جێگایەی مرۆڤ دەزانێت یان دەتوانێت ببینێت. ع فيما يبدو N tilsynelatende د ظاهرا.

**ڕواڵەتسازی:** window_dressing ڕازاندنەوە ڕواڵەت ڕازاندنەوە. ع تصميم الواجهة N vindusdressing د ظاهر سازی.





**ڕواڵەتشکێن:** iconoclastic ئاوەڵناو ئایکۆنۆکلاستیک، کەسێکە هێرش ئەکاتە سەر باوەڕ و دامەزراوە زەبەلاح و جێکەوتووەکان کە بوون بە بەرژەنگ و ئایکۆن. ع متمردي الأيقونات N ikonoklastisk د شمایل شکن.






**ڕواڵەتناسی:** physiognomy شێوەزانست ڕواڵەتناسی لێکۆڵینەوە لە تایبەتمەندی ڕواڵەت یان چۆنێتی بیچم وەکوو نیشانە و هێمای کەسایەتی یان نەژادی. ع علم الفراسة N fysiognomi د قیافەشناسی.




**ڕوانۆک:** Roc ئەفسانە باڵندە کۆلۆنی ڕوانۆک لە هەرێمی کارۆلینای باکوور، هەوڵێک بوو لەلایەن سێر واڵتەر ڕالی Sir Walter Raleigh بۆ دامەزراندنی یەکەم شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی ئینگلیز لە ئەمریکا لە ساڵی ١٥٨٥دا.





**ڕوخ:** Roc ئەفسانە باڵندە باڵندەی ئەفسانەیی ناو چیرۆکەکانی هەزارویەک شەو.





**ڕوخسا :** فەرمان لە {ڕوخسان} مەیە.

**ڕوخساری ڕاستی :** verisimilitude دەستەواژە سینەما. ⇦ ڕاستیگەری:
verisim ناوی چاوگ سینەما

**ڕوخسان:❶** crystallisation چاوگی تێپەڕ ڕوخسان یان ڕوخسکردن یان گەڕانەوە، پرۆسەی گەڕانەوە یان {کریستاڵیزە بوون و بە بلوربوونی} شەکرە لە شیلەوە بۆ دانار یان کریستاڵ یان بلوور. ⇦ **ڕوخسی کردووە:** کریستاڵیزە بووە، گەڕاوەتەوە {کە ئەگەر لاچەز بێ خراپ بووە}.




**ڕوخسان:❷** crystallization چاوگی تێنەپەڕ سینەما چییە ئەم وشەیە کە لە نامیلکەی De l'amour ستاندالەوە چووە ناو زمانی فەڕانسە، هەم ئاماژەیە بە هەستەوەری و هەم بە ئەندێشە. ئەویندار دڵخۆشانە پەسنەکانی دڵبەر قەبە ئەکاتەوە و گەشبیرانە بیر لە بەختەوەری ئەکاتەوە. ئەگەر لقێک لە یەکێک لە کانە چۆڵەکانی ساڵزبۆرگدا دابنێن، پاش ماوەیەک ئەڕوخسێ. واتە بە توێژی کریستاڵی درەوشاوە دائەپۆشرێ، بە شێوەیەک کە لق سەرەتایی ناناسرێتەوە. ستاندال وشەی ڕوخسانی بۆ وەسفی ئەو کردەوانەی گیان بەکار هێناوە لە ڕێگەی ئاگایی بە کاروباری ڕابوردوو لە گەشەکردنی تازە تێئەگات.
**تێبینی:** هیو گرەی

**ڕوند :** precisely ئاوەڵکار دەقاودەق، کتومت، ڕێک، سەرڕاست، بەتایبەت.

**دەقاودەق:** literally بە واتای ڕاستەقینەی وشە. ع حرفیا N bokstavelig د عینا، بە معنای واقعی کلمە.







**ڕوێز:❶** guess ناو فەرمان گومان، گێز، سۆسە، مەرسە، تێڕوانینەک ئەرخایەن نەبێ. ع تخمین N gjetning د حدس، ظن، تصور E surmised, speculation.

**ڕوێز:❷** doubt ناو گومان و دوودڵی، هەدان N tvil ع د شک.

**ڕووبار:** The River فیلم فیلمی سینەمایی ١٩٥١ی ئەمریکایی، دەرهێنانی ژان ڕێنوار، بە هاوکاری دەرهێنەر ساتیاجیت ڕەی، لە هێند دەرهێنرا.









**ڕووباری بێگەڕانەوە:** River of No Return فیلم فیلمی وێستێرنی ئەمریکایی، ١٩٥٤، هونەرمەندی مێرلین مۆنرۆ و دەرهێنانی ئۆتۆ پرێمینگر.







**ڕووبە :** Roubaix جوگرافیا پیشەسازی شارێکە لە کۆنەوە ناوەندێکی پیشەسازییە لە باکووری فەڕانسە، لە سەدەی نۆزدەوە بە بەرهەمهێنانی کوتاڵ بەناوبانگە.






**ڕووبەر :** area ئەندازە چەندێتییەکە کە پێوانگی دوو-ڕەهەندیی بەشێکی دیاریکراو لە ڕوویەک پیشان دەدات، زیاتر هەرێمێک کە بە کەوانەیەکی داخراو بەستراوبێتەوە ع مساحة N areal د مساحت.

یەکەکانی ڕووبەر ئەمانەن:

- ئار (a) = ١٠٠ مەتری دووجا ($m^2$)
- هەکتار (ha) = ١٠٠ ئار (a) = ١٠,٠٠٠ مەتری دووجا
- کیلۆمەتری دووجا ($km^2$) = ١٠٠ هەکتار = ١٠,٠٠٠ ئار = ١,٠٠٠,٠٠٠ مەتری دووجا
- فووتی دووجا = ١٤٤ ئینچی دووجا = ٠/٠٩٢٩٠٣٠٤ مەتری دووجا
- یاردی دووجا = ٩ فووتی دووجا = ٠/٨٣٦١٢٧٣٦ ($m^2$ ٠/٨٤) مەتری دووجا
- مەیلی دووجا = ٢/٥٨٩٩٨٨١١٠٣ کیلۆمەتری دووجا



**ڕووبەڕووبوونەوەی کورت:** Brief Encounter فیلم فیلمی بەریتانیایی ١٩٤٥، دەرهێنانی دەیڤید لین David Lean.




**ڕووبینی:** toady هێمایر فەرمان مەرایی، خۆشامایی کردن، ڕیا، ڕیابازی، ماستاوکردن. ع تملق N toady د چاپلوسی، تملق.

**ڕووپەل:❶** ئەندازە ڕووبەر. ☜ ڕووبەر

**ڕووپەل:❷** wall ئای تی ناو ڕووپێل، ئەو دیوار یان ڕووبەرەی بۆ نموونە کەسێک لە فەیسبووک بەکاری ئەهێنێ. N vegg ع حائط د دیوار.

**ڕووپۆشکراو:** coated کیمیا چاوگی تێپەڕ ڕووپۆشکردن بە توێژێکی نەمی ناسکی کیمیایی بۆ هەستیارکردن بەرامبەر بە ئەستووی کیمیایی تر، وەکوو کاغەزی وێنە، کاغەزی کۆپی. ع المغلفة N dekket د پوشش دادە شدە. ☜ ڕووکەشکراو ☜ ئاودانەوە




**ڕووپێدان:** چاوگی تێپەڕ ڕێز لێگرتن، قەدرگرتن.

**ڕووپێو:** ئەندازە کەسێک کە زەوی لە گەز ئەدا E Surveyor.

**ڕووت:❶** naked ئاوەڵناو مرۆڤ بێجل یان شمەکی دانەپۆشراو. ع عارية،

مکشوف N naken د لخت. ☜ ڕووتی ڕووت

**ڕووت:❷** bare ئاوەڵناو سادە و ساکار بەبێ زیادە و ڕازاندنەوە. ع بسیطة و غیر مزین N enkel د سادە و غیر آراستە.

**ڕووتاڵ:❶** هێمایر ناو ڕووتەڵ، ڕووتەن، قاقڕ، زەوییەک گیای لێ نەڕوابێ.

**ڕووتاڵ:❷** sulking دارەت ئاوەڵناو ناوی فەرمان [ڕوو+ تاڵ] دەموچاو گرژ، نەمرچ، نێوچەوان گرژ، ئاڵۆز، مۆن و بێدەنگ و بێزار لەبەر بێزاری یان نائومێدی. ع عبس N surmuling د عبوس E fretful, glum.








**ڕووتەڵە:** slumdog هێمایر ئاوەڵناو زاخەنشین، لە هێند بە دانیشتوانی گەڕەکە هەژاەکان ئەوترێ وەک قەرەچیئاوا و حەماڵئاوا و تەنەکەئاوا و... **ن: ڕووتەڵەی ملیۆنێر:** Slumdog Millionaire فیلمی سینەمایی ٢٠٠٨ی بەریتانیایی، دەرهێنانی دەنی بۆیڵ Danny Boyle ژێوەرگرتن لە ڕۆمانی پرسیار و وەڵامی نووسەری هێندی ڤیکاس سواروۆپ و هونەرمەندی دێڤ پەتێل.








**ڕووتی ڕووت:** stripped bare جەخت ناوی لێکدراو خاوێنی خاوێن، پاقژکراو. ع N helt naken د لخت لخت.

**ڕووخاو:** degenerate ئاوەڵناو فەرمان بەرکار شکستهێنراو، ڕووخانی بەرەو خرایە؛ کەسێک ئەدگاری چاکەی دەروونی و ڕەوشتی و فیزیکی خۆی لەدەست دابێت و ئامادە نەبێ ددانی پێدا بنێت. ع منحط N utartet د منحط.

**ڕووداو:** event بووبەر ناو ڕەهات، کارەسات، قەومان، مەرسەلا. ع حدث N begivenhet د حادثە، واقعە.

**ڕووداوگە:** venue ناوی جێگا شوێن یان ناوچەی ڕوودانی تاوانێک؛ ناوچەی دادگەری تاوانێک؛ بڵاونامەی دیاریکردنی ناوچەی دادپرسێک N spillested, møtested ع مکان وقوع د محل برگزاری.

**ڕووداوی ئاکسبۆ:** Oxbow Incident فیلم فیلمی وێستێرنی ١٩٤٣، دەرهێنانی ویلیەم ویلمەن.











**ڕووداوی بۆسنیا ١٩٠٧ :** Bosnian annexations مێژوو بووبەر دەستدرێژی هەن گاریا لە ساڵی ١٩٠٧ ناوچەی بۆسنیا، لە نیمچە دورگەی بالکانی خستە سەر خاکی خۆی، کە قەیرانێکی لە پەیوەندی وڵاتانی ئورووپادا بەدی هێنا و، نزیک بوو ببێ بە جەنگ.










**ڕووداوی فەشۆدا :** Fashoda incident مێژوو بوویەر لە شارەکانی سوودان لە کەناری چەمی نیل. لە جولای ١٨٩٨، فەڕانسە، بۆ ئەوەی زووتر لە ئاگۆست بە چەمی نیل بگات، لیژنەیەکی بە فەرماندەیی سەرتیپ کارشان نارد بۆ ئەوێ. بەڵام پاش دژایەتی توندی ئینگلیز ناچار چۆڵی کرد و پاش ئەم شکستە، ڕێککەوتنامەی لەگەڵ ئینگلیز واژۆ کرد و لە هەموو مافێکی خۆی لە کەناری نیل چاوپۆشی کرد.







**ڕوودس :** Rhodes جوگرافیا دورگە دورگەیەکی یۆنانییە، ئەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی دورگەی کریت، گەورەترین دورگەی کۆمەڵەدورگەی دۆدێکانیسایە.








**ڕوودن :** Odilon Redon شێوەکار ئەفسانەگەر (١٨٤٠ـ١٩١٦٩) یان ڕۆدەن، شێوەکاری سەمبولیستی فەڕانسەیی، کە چەندین ئەفسانەی ئایینی

فەلەی کێشاوە وەکوو ئاپۆکالیپسی یوحەننای پاکیزە.



**ڕووڕاستی:** candour ناوی چاوگ یەکڕەنگی. ع الصراحة N åpenhet د خلوص، صفا.

**ڕووژە:** diamond خشڵ ناو ئەڵماس، بەردێکی بەهادارە، لە تەشکی کریستاڵی ڕوون و بە زۆری لە کاربۆنی بێڕەنگی سوڵانە، ڕەقترین هێسنە لە سرووشتدا N diamant ع د الماس.



**ڕووژەی تاجی شا:** Les Diamants de la Couronne ئۆپێرا ئۆپێرا کۆمیکی سێ پەردەیی ١٨٤١ی دانیەل ئۆبێر.



**ڕۆژەی زبر:** Rough Diamonds زنجیرەی تلەڤیزیۆنی ئەڵماسی نەتاشراو، زنجیرەی تلەڤیزیۆنی بەلجیکی سەبارەت بە بازرگانی ڕووژە، لەناو کۆمەڵگەی ئۆرتۆدۆکسی جوولەکەی شاری ئەنتوێرپ ڕوو ئەدات.










**ڕوودان:** transpire فەرمان بوویەر. ع حدث N skje د رخ دادن. ☜ دەربازبوو

**ڕووش:❶** aggressive ڕەفتار ئاوەڵناو درژ، تۆرینۆک و ڕەفتارقەڵس، مرۆی تووڕەی نەگونجاو. ع عنیف N aggressiv د پرخاشگر، تندخو.

**ڕووش:❷** rough, harsh ڕواڵەت ئاوەڵناو زبر، کونجڕ، گڕنی، گرس. ع خشن E ujevn د خشن.

**ڕووشان:** contusion چاوگی تێپەڕ پەڵەیەکی شان یان پێستی بریندار کە خوێنی تێزاوە. ع کدمة N kontusjon د کوفتگی انساج.

**ڕووشکێن:** rude ئاوەڵناو هێرشبەری بێڕوومەت بە گوتە پەلاماری خەڵک ئەدات. ع قلة الادب N frekk د بی ادب.

**ڕووشە:** Les Rochers کۆشک گەڕان_٥ قەڵاتی ڕووشە لە بروونی، ڕاوەنی خاتوو دو سێڤینە.



**ڕووکەش:❶** coating کیمیا ناو ئاودراو، ڕووپۆشکردن بە توێژێکی ڕەق، یان بۆ ڕازاندنەوە. ع الغطاء N dekselet د روکش. ☜ ڕووپۆشکراو ☜ ئاودانەوە

**ڕووکەش:❷** veneer کیمیا ناو ڕووکەشی ددان، ڕووپۆشی ناسکی پلاستیک، کانزا، دار یان پۆەسلین بۆ جوانکاری. ع الغطاء N dekselet د روکش.



**ڕووکەشکراو:** encrusted کیمیا چاوگی تێپەڕ ئاودانەوە، ڕووکەشکردن بە توێژێکی ڕەق، یان بۆ ڕازاندنەوە. ع مرصع، لبس بقشرة N belagt د روکش شده. ☜ ڕووپۆشکراو ☜ ئاودانەوە



**ڕووکەشکردنەوە:** resurfaced نۆژەن ناوی فەرمان نۆژەنکردنەوە بە توێژی تازە وەکوو جادە و دیوار و ... ع غطاء N dekke د روکش کردن.



**ڕووگرژ:** grumpy دارەت ئاوەڵناو ناوی فەرمان [ڕوو+ گرژ] ئاڵۆز، بەدخوو، بەدئاکار، دەموچاو گرژ، ڕووترش، ڕووتاڵ، ڕووناخۆش، مڕۆمۆچ، نەمرچ، نێوچەوان گرژ؛ مۆن و بێدەنگ و بێزار لەبەر بێزاری یان نائومێدی. ع عبس N humørsyk د عبوس، بد خلق E fretful, glum.






**ڕووگە:** altar ئایینناسی ناو شوێنی بەردەمی نوێژگە، شوێنێکی پیرۆزە کە بڕوادارانی هەر دینێک کاتی نوێژ و نزا ڕووی تێئەکەن ن: ڕووگەی زەردەشت لە زەنگیابادی لای شیراز، قودس لە ئورشەلیم، کەعبەی موسڵمانان لە مەکە، ڕەوزەی موبارەکە لە شاری عەکا ڕووگەی بەهاییەکان. ع محراب N alter د محراب.







**ڕووگەی زەردەشت:** Cube of Zoroaster ئایینناسی مێژوو پەرستگە تەلارێکی شەشپاڵووی بەردینی پلیکاندارە، لە بەردەم کێوی نقێشت لە زەنگیابادی نزیک شیراز، بەرامبەر بە خزنی داریووشی مادی، بەرزییەکەی ١٢ مەترە و هەر لایەکی ٧,٣٠ مەتر پانە، پلیکانەکانی ١٤,١٢ مەترە. لە بەردی سپی و ڕەش سازکراوە. لە سێ لای باکوور و باشوور و ڕۆژهەڵاتی

تەلارەکە، سێ بەردنووسی بە زمانی کوردی ساسانی و ئەشکانی و یۆنانی پێوەیە، کە یەکەمیان هێی شاپووری یەکەمی ساسانییە. [ع] کعبة زرادشت [N] Cube of Zoroaster [د] کعبەی زردشت.










**ڕووگیر:** embarrassment **ناوی چاوگ** هەست بە شەرم و ترێقی کردن ن: بە قسەکانی ڕووگیری کردم ن: لە ترێقیان سوور هەڵگەڕا. [ع] احراج [N] flause [د] خجالت.

**ڕووماڵکردن:** cover **چاوگی تێنەپەڕ** تۆمارکردنی ڕووداو یان ڕەهاتێک. [ع] التغطية [N] dekke [ع] تحت پوشش قراردادن.

**ڕوومەت:** honor **ئاوەڵناو** ئابڕوو، پیرۆزی، ڕێز، سەخەر، هەڤیازی مینەوی. [ع] شرف [N] ære [د] حرمت، احترام، قدر، اعتبار. ⇐ **خێزان:**
family **ناو** پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتییە، پێکهاتووە لە دایک و باوک و منداڵ کە وەکوو یەکەیەکی کۆمەڵایەتی پێکەوە ئەژین و چوار دیواری سەرەکی هەیە:

دیواری یەکەم: ئەوین love،

دیواری دووەم: پەیوەندی و هاوپەیوەندی Relationship & Communication،

دیواری سێیەم: گونجان compatibility و

دیواری چوارەم: شکۆ و ڕێزی هاوسەنگ و بەرامبەر honor.

**ڕوومەتی:** honorary ڕێزلێنان ئاوەڵناو شانازی، ڕێزلێنان وەکوو شانازی پێکردن. ن: دکتۆرای ڕوومەتی. ع فخري N æres د افتخاری.

**ڕوون:** pellucid ئاوەڵناو هوەیدا، ڕۆشن، دیار، زلاڵ، ئاسان، پاشبین، وەنەدی، زمانزر پاراو، وتاری بێگری، بێگرێوگۆڵ. N lysende ع شفاف د سلیس.






**ڕووناکی:** light ناو ئاوەڵناو هۆکار یان ئەستوویەکی سروشتییە بینین هان دەدات و شتەکان دیار دەکات. ع ضوء N lys د روشنایی.

**تاریکی:** darkness ناو ئاوەڵناو نەبوونی بەشەک یان هەموو ڕووناکی. ع الظلام N mørke د تاریکی.

ن: بەبێ تاریکی ڕووناکی واتای نییە. Without darkness, there's no light







**ڕوونبینی :** Clairvoyance بانسروشتی بڕوای پووچەڵ شێوەزانست توانای ئەفسوناویی بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی شتێک، کەسێک، شوێنێک، یان ڕووداوێکی فیزیکی لە ڕێگەی تێگەیشتنی بانهەستەوە.

**ڕوونبین :** clairvoyant شێوەزانست کەسی خاوەن توانای ڕوونبینی. سایکیک و میدیۆم و ... خۆیان بە ڕوونبین دائەنێن.












**ڕوونکردنەوە❶:** explanation ناو دەربڕین یان ڕاگەیاندنی ڕاڤە و شرۆڤەی دیاردەیەک. ع توضيح N forklaring د توضيح.

**ڕوونکردنەوە❷:** elaborate ئامراز ئاوەڵناو ورد و ئاڵۆز، ئەم وشەیە کاتێک بەکار ئەهێنرێ کە بە ڕێزەوە داوا لە کەسێک بکەین وردەکاری زیاترمان بۆ بخاتە ڕوو. ع شرح مزيد N utdype د شرح با جزئيات.

ن: ئەگەر ڕوونکردنەوەی زیاترم پێ بدەیت، ڕەنگە بتوانم یارمەتیت بدەم.

**ڕووەک ـ گیانەوەر :** zoophyte ناوی لێکدراو گەڕان-٢ گیانەوەری بێ جووڵە و بزاوتن کە لە ڕووەک و درەخت ئەچێ. ع المريجِ الحيوان النباتِ N zoofytt د جانور گیاهسان.





**ڕووون:** Rouen جوگرافیا شارێکە لەسەر چەمی سێن و ناوەندی نۆرماندییە لە باکووری فەرانسە. لە گەشاوەترین شارەکانی سەدەکانی ناونجی بووە.





**ڕەبەت:** ambuscade ڕاوشاکار ئاسایش ناوی لێکدراو حەشارگە، چاودێرگە، نهێنگە، سیپە، بۆسە، کەوشەنی خۆ حەشاردان. ع ملاذ N gjemmested د مخفیگاه.





**ڕەبەق:** absolute, abstract ئاوەڵکار ئەبسترەکت، دارماڵ، تەواو N absolutt ع ع مطلق، کامل.

**ڕەبەن:** ❶ destitute ئاوەڵناو بەلەنگاز، ڕەواڵ، ڕاز، کاسۆ، بێ تووتە، بێ دەر، لامیسک، بێئەنوا، ڕووت، زوار، هەناسەسارد، کۆڵەوار، هەژار، هەلۆودا، سەرگەردان، ئاوارە، نازشێواو، لانەواز، لاکەوتە، بێدەرەتان، بێتوانا، ڕەبیان. ع معوز N nødlidende د بینوا، ناتوان.

**ڕەبەن:** ❷ Abbe ناوی تایبەت پانەسای تیپۆ سوور و ڕەتر ئابە، ناسناوی قەشەی فەلەیە کە فێرگە ئایینییەکان بەڕێوە ئەبەن، هەروەها ئەوانەی لە

دەیرەکان ئەڕێن، تەرکەدنیا.

**ڕەبەن:**❸ ناو بێژن، زگوردی.

**ڕەبەنۆک:** poppy ڕووەک گوڵ گوڵەمێلاقە، ئالالە، ڕووەکێکی گیاییە گوڵی نمایشی و کەپسولی تۆوی هەیە. زۆرێک ڕەبەنۆک ئەلکالۆیدیان تێدایە و سەرچاوەی هێسنی هۆشبەری وەک کۆدیین و مۆرفینن. ع شقائق النعمان E valmue د شقایق.



**ڕەپ و ڕاست:** ناوەڵێکدراو بێ ڕووبینی، ڕاستەوخۆ.

**ڕەپێلگە:** ناو ڕەبێلک، کوێرەڕێ، ڕێگەی باش نەکوتراو و خۆشنەکراو.

**پێخوست:** ئاوەڵناو بەرێ دراو، پێ ڕێ خراو، شوێنی پەستراو.

**ڕەپێلگەی پێخوست:** ناوەڵێکدراو ڕێگەی کوتراو بە هۆی هاتوچۆی زۆرەوە.

**ڕەتەوە:** generation ناو تۆرەمە، بەرە، نەژاد، نفش، وەچە، نەوە، هەموو ئەوانەی لە سەروبەرێکدا لەدایک بوون و هێ ساتەوەختێکن. ع جیل N generasjon د نسل.

**ن:** لە باشترین گۆرانیبێژانی ڕەتەوەی خۆی بوو.

**ڕەتێنراو:** driven هێمایر فەرمان ناوبەرکار خەلەساو، کەسێکە چەرمەسەرێی زۆری بەسەر هاتبێ، کەسێکە لە بن چاودێری و فەرمانی کەس یان دەزگایەکدا بێت. ع متحفز، مندفع N motivert د سختی دیدە.

**ڕەچەتە:** recipe ئاشپەزی پزیشکی ناو کۆمەڵێک ڕێنمایی بۆ ئامادەکردنی

خواردنێکی دیاریکراو، لەنێویاندا لیستی پێکهاتەکانی پێویست. ⇦ لە زمانی کوردی وشەی ڕەچەتە بۆ پسوولەی دەرمانی پزیشکیش بەکار ئەهێنرێ. [ع] وصفة [N] oppskrift [د] دستور آشپزی.

**ڕەچەڵەکناسی:** ethnology [زانست] [کۆمەڵناسی] ئەسنۆلۆجی، ڕەگەزناسی، لقێکی مرۆڤناسی و زانستی لێکۆڵینەوەیە لە تایبەتمەندی گەلە جیاوازەکان، تەبایی و ناتەبایی و، جیاوازی و پەیوەندی نێوانیان. [ع] علم الأعراق [N] etnolog [د] قوم شناسی. ☜ مرۆڤناسی








**ڕەختە:❶** strong [ناو] خۆگر، تۆکمە. [ع] مستحکم [N] sterk [د] محکم.

**ڕەختە:❷** [ڕەوانبێژی] پۆشتەوپەرداخ، دەق.

**ڕەخسان:** creation [چاوگی تێپەڕ] گەیشتنی شتێ لە لایەکەوە کە چاوەڕوانی نەکرابێ، ئافران و بەدیهاتن لە خۆوە. [ع] خلق [N] opprettelse [د] به وجود آمدن. ☜ ڕوخسان

**ڕەخشان:** lustrous [ناوی چاوگ] درەوشاوە، تیشکدەر، بریقەدەر. [ع] لامع [N] skinnende [د] درخشنده. ✿: لەو چاوە قەڵەوە ڕەخشانە!

**ڕەخناوی:** critical [ئاوەڵناو] ڕەخنەگرانە، ڕەخنەیی. [ع] انتقادي [N] kritisk [د] انتقادی.

**ڕەخنە:❶** criticism [ناوی فەرمان] لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی لایەنە شیانست و کێماسییەکانی بەرهەمێکی وێژەیی.

**ڕەخنە:❷** criticism [ناو] دەربڕینی پەسەندنەکردنی کەس یان شتێک بە

هۆی تێگەیشتنی کێماسی یان هەڵەوە.

**ڕەخنە:❸** influence ناوی فەرمان تەئسیر، کارتێکردن د نفوذ.

**ڕەخنە:❹** ناوی چاوگ دزەکردن، خۆتێئاخنین.

**ڕەخنەگر:** critic ناوی فەرمان کەسێک کە چاکە و خراپەی دیاردە یان بەرهەم یان بوویەرێک هەڵئەسەنگێنێ. ع منتقد N kritisk د منتقد.

**ڕەخنەی ئاوەزی بێخەوش:** Critique of Pure Reason فەلسەفە پەرتووک یان ڕەخنەی یەکەم، پەرتووکی یەکەمی سیانەی فەلسەفەی ڕەخنەگرانەی ئیمانوێل کانت Immanuel Kant (١٧٢٤ـ١٨٠٤) دەربارەی تایبەتمەندیی ئاوەز و توانای لە ناسینی میتافیزیکدا (١٧٨٤). پەرتووکی دووەم ڕەخنەی بنەمای ئاوەز و پەرتووکی سێیەم ڕەخنەی داوەرییە.






**ڕەداڵ:** whimsical ئاوەڵناو تەڕپیر، پیری هەوەسباز. ⇦ **ئارەزووباز:** whimsy, sensual ناوی لێکدراو [ئارەزوو+ باز] دڵچەڕێن، حەزباز، هەوەسباز، هەوەسپەرەست، تەڕپیر، ڕەداڵ. ع الشهوانية، نزوة N innfall د هوسباز.

**ڕەدووخستن:** elope داڕێنەریت هەڵگرتن یان بەرزکردنەوەی ژن بە پێخۆشبوونی خۆی. ⇦ ڕەدووکەوتن: elope ڕۆیشتنی ژن لەگەڵ پیاو بە پێخۆشبوونی خۆی، لە هەندێ ناوچە چەندە پیاوەکە زیاتر خۆی بخاتە مەترسییەوە، واتە ژنە ئەوەندە بەهای زیاترە. ⇦ بەرزکردنەوە:

هەڵگرتنی ژن بەفێڵ و دەهۆ.

**ڕەدووکەوتن:** elope داب‌ونەریت ڕۆیشتنی ژن لەگەڵ پیاو بە پێخۆشبوونی خۆی، لە هەندێ ناوچە چەندە پیاوەکە زیاتر خۆی بخاتە مەترسییەوە، واتە ژنە ئەوەندە بەهای زیاترە. ئەو ژنەی کە پیاوێک ئامادەیە خۆی بۆ ئەوبخاتە مەترسییەوە، پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزتری هەیە: «بڕۆ، بڕۆ، ئەگەر چاک بوایەتی ڕەدوان ئەکەوتی!» ئەو پیاوەی ژنێک ڕەدوو ئەخات، ئەگەر نەتوانێ لە سنووری مەترسی بیپەڕێنێتەوە، چ جایە هەم خۆی و هەم بووکەکەی گیانیان ئەکەوێتە مەترسییەوە.

**ڕەدووخستن:** elope داب‌ونەریت هەڵگرتن یان بەرزکردنەوەی ژن بە پێخۆشبوونی خۆی. بەرزکردنەوە: هەڵگرتنی ژن بەفێڵ و دەهۆ.





**ڕەز:** vineyard ناو جۆرێک باخی ترێ، کە زیاتر بە مەبەستی شەرابسازی سوودی لێ وەرئەگیرێ. ع حقل عنب N vingård د تاکستان.

ریشەناسی ئاڤێستایی [ڕەز و ڕەشت] بە واتای ڕیزکردن و بەڕیزدانان و ڕێکوپێک کردن، بەڕیز ڕاکێشان.

◁ وەک ئەزانین باخی ترێ ئەبێ بە ڕیز و لە ڕێکی یەکدا و بە نێوانی تایبەتەوە بچێنرێ. واتە ڕەز هەمان ڕێزراو و بەڕیز دانراوە.

◁ هەروەک ڕەز و ڕەزەوان و ڕاز و ڕازدار و ڕازاوەمان لە هەمان ڕیشە

هەیە؛ چاوگی ڕەشتن و ڕشتنیش لە هەمان ڕاز و ڕەشت تا ئێستا هەمان واتا ئاڤێسایەکەی خۆیان تا ڕادەیەک پاراستووە، کە جۆرێک هێڵکاری و ڕێککردن و بەرەوخوار کردنەوەن و چەندین وشەی وەکوو ئاڕین، دارِێژان، ڕیز، ڕژان، ڕێژان، هەڵڕشتن، دارِشتن، ڕێژاو، ڕاژەمان هەیە.

◁ وشەی ڕستە لە هەمان ڕیشە، هەمان واتای هەیە: چ چەند وشەی واتادار بن بە دوای یەکدا، چ هەرشتەی درێژۆکەی باریکبڕاو بن، چ گوریسی کاکێشان و، چ قەڵەنگ و پەتکی باریکی ملی تاژی. ⇦ ئاڕین ☜ ڕاز ☜ ڕازاوە ☜ باخ




**ڕەزا پالانی:** شا کۆنەمەیتەر ڕەزا قەزاق، ڕەزا ماکسیم، سەردار سپا، کە وەکوو دارەدەستی ئینگلیس کوودتای لە دەسەڵاتی قاجاری تورکی ئاغوز کرد، بە ناوی ڕەزا شا دەسەڵاتێکی دامەزراند کە پاشتر پاشناوی پەهلەویان پێوە لکاند. لە ١٩٢٥ تا ١٩٤١ی زاینی. ڕەزا قەزاق کە هەتیو بوو و بە هەژاریی گەورە ببوو، هیچ ناو و نیشانێکی نەبوو. راوێژکارەکانی بە باشیان زانی ناوێکی بۆ هەڵبژێرن شیاوی پادشا بێ. بۆ نموونە **ڕەزا پالانی** واتە **کورتاندروویان** کرد بە ڕەزا پەهلەوی گوایە، کۆلکەی بگاتەوە بە پەهلەوییە ساسانییەکان. ئیتر لەوە بگەڕێ ئەو چوار ملیۆن پەهلەوییە کە ماون و ئێستە هەن، هەر هەموویان کوردن و بە شانازییەوە خۆیان بە کورد ئەزانن.

یەکێک لەو کەسانەی چیرۆکەکەی دەنگی دایەوە **مەحموودی پەهلەوی**

نووسەری بەناوبانگ و خاوەنی پەرتووکی هەشت بەرگی **مێژووی پەیوەندی ڕامیاری ئێران و ئینگلیز** بوو. کاتێکە ناوەکەیان لێ سەندەوە، وتیان ناوێکی تر هەڵبژێرە. ئەویش وتی جا کە ناوی خۆم بە کەڵەگایی لێبسێنن و نەتوانم هیچ بکەم، دیارە بەس مەحموودم و لەوە زیاترم شیاو نییە. لەو ڕۆژە بە دواوە، مەحموودی پەهلەوی، بوو بە **مەحموود مەحموود!**

ڕەزا خان کە تەنها خۆی و کوڕەکەی محەمەد ڕەزا پادشاییان کرد و، کوڕەکەشی هەمان چارەنووسی خۆی هەبوو، واتە سەرەتا دایان نا و پاشان لە وڵات دەریان کرد، گەورەترین زیانیان لە فەرهەنگی ناوچەکەدا و نەک هەر ناسنامەی خەڵکیان بە ئاشکرا دزی، مێژووشیان سەر لە نوێ نووسیەوە.



ڕەزا پالآنی گەوڕداری
بالۆیزخانەی هۆلەندا





وشەی ئێران کە تا ساڵی ١٩٣٥ز بۆ ناوی ناوچەکە و نەتەوە ئێرانیەکان بە تایبەتی کورد و ماد بەکار هێنرابوو، نەک بۆ سیستەمێکی حکوومەتی، دزییان و حکوومەتەکەی خۆیان ناو نا ئێران. لە دەیان هەزار سکەی زێڕ و زیو و ئاسن کە دۆزراوەتەوە تەنها یەک دانەیان، لە هیچ سەردەمێکدا، وشەی **ئێران** ی لەسەر نەنووسراوە. ئەوسا کەوتنە نووسینی مێژووی ٢٥٠٠ ساڵە، ئەو زنجیرە حوکمدارییانەی تورک و تەتەر و غوز و ئوزبەک و مەنگول و گوورکانی و سلووکی و هەموو جۆرێکی تیایە، فارس نەبێ.

ئەم پڕۆسەیە تەنها لە بواری ناسنامە و مێژوودا نەبوو. ڕەزای هەتیو کە هیچی نەبووە و بە مناڵی، لەبەر نەداری، نەخۆش ئەکەوێ و لەسەر ڕێگە فڕێی ئەدەن و خێرەوومەند هەڵێ ئەگرنەوە، لە ماوەی ١٦ ساڵ پاشایەتی خۆیدا، تا ئەو ڕۆژەی کە هەمان ئینگلیز کاری پێ نەما و نەک هەر شاربەدەر بەڵکوو وڵات بەدەری کرد، **حەوت هەزار** گوندی لە دەس خاوەنەکانی دەرهێنا و کردنی بە ناوی خۆیەوە. ئەمە جگە لە سەدان کۆشک و کارگە و دامەزراو و... ☜ داریووش.

**ڕەزا شا:** ☜ سەردار سپا ☜ ڕەزا پاڵانی.

**ڕەزا شای پەهلەوی:** ☜ سەردار سپا.

**ڕەزلە:** spinal cord توێکاری مۆغەرەی پشت، دڕکەپەتک. ع الحبل الشوكي N ryggmarg د ستون فقرات.



**ڕەزم:** articulate تێوێکاری ئاوەڵناو گرێجەنە یان بەندەکانی جمگە. ع ممفصل N artikulere د بندبند اعضا.




**ڕەزوە:** screw gear میکانیک ناو دەندانەی پێچ، کە دەندانەی مارپێچیشیان پێ ئەوترێ، پارمەتی جووڵە ئەدەن لە نێوان تەوەری هاوتەریبی ناناقبڕ non_intersect ئەدەن، کە گۆشەی ڕەزوە مارپێچەکەیان یەک ئەندازەیە، بەڵام ئاراستەی پێچەوانەیان هەیە ع عتاد البرغی N skrugir د دندە پیچ. ⟸ **ناقبڕ:** intersect میکانیک ناو خاڵ یان هێڵی هاوبەش لە نێوان ئەو ڕووبەر یان گۆڕکانەی یەکدی ئەبڕن. ع متقاطع N krysset د تقاطع.




**ڕەژووی ڕووژە:** jet خشڵ بەردەخەڵووزێکی زۆر ڕەشە بۆ دروستکردنی خشڵ بەکار دێ.



**ڕەسخ:** stoning ئابییناسر دابرئابینر فەرمان بەردەباران. ع الرجم N steining د سنگباران.

**ڕەسەن:** original ئاوەڵناو ماک، بنما، بنچینە، بنەڕەت. ع اصل N opprinnelig د اصل E authentic. ⇦ **سۆڵان:** pure ئاوەڵناو شتێک کە لەگەڵ هێسن و ماکی تر تێکەڵاو نەکرابێ N ren ع د خالص E sheer.

**ڕەسیاو:** grown, mature فەرمان پێگەیشتوو، پێگەیگ، پێگەیوو، ڕەسیو، گەهیشتی، دارماڵ: مرۆی پێگەیشتوو. ع نمت وناضجة N moden د کامل و رسیدە. ⇦ **لە مەرگ ڕەسیاو:** دەربازبوو، لە مردن ڕزگاربوو.

**ڕەسید:** ❶ credit متمانە ناو متمانە، بڕوا، کرێدیت، ناوبانگ و ڕوومەت. ع ائتمان N kreditt د اعتبار.

**ڕەسید:** ❷ Bill پەڵگە ناو پسوولەی وەرگرتنی پارەی خواردن لە ڕێستۆرانت، فاکتۆرا.

**ڕەشبگیر:** Entrapment ناو گیرانی ڕەمەکی یان لەداوکەوتنی بە ڕێکەوت. ⇦ **زۆربگیر:** mobilized ناو نۆمس، سەربازی تازە بانگکراو بۆ خزمەت، کەسێک کە ناوی لە لیستی سەربازی دایە. ع مجند N mobilisert د مشمول.

**ڕەشبین:** cynical چاوگی ئێبیەر بڕوابوون بە خۆپەرستی مەۆڤ و نەبوونی دڵسۆزی ڕاستەقینە؛ بڕوا بەوەی کە تەنها خۆپەرستی وا لە مرۆڤ ئەکات کاری چاک بکات N kynisk ع متشائم د بدبین.

**ڕەشپۆشان:** mourn فەرمان پرسەداری، ماتەمینی N sørge over ع تفجع د سوگواری.

**ڕەشمە:** کەرەستە ناو گوریسی باریک، هەوسارێک لە سەرکەللەی وڵساتی وەکوو هێسر و چارەوا ئەخرێ.



**ڕەشمێو:** currant_bush میوە زووڕەس، میوە یان دەخڵێ کە زووتر پێ دەگا. ع خدیج N for tidlig د زودرس E rathe.



**ڕەشۆکی:❶** alternativ ئاوەڵناو متە، خرش، زڕ، نەبەڕاستی، ئاڵترناتیف، شتێکە ڕەسەن و تایبەتی نەبێ N alternativ ع د بدیل، بدل ن: تفەنگی ڕەشۆکی ن: تووتنی ڕەشۆکی.

**ڕەشۆکی:❷** vulgare ئاوەڵناو بازاڕی، نزم، پەرپووت، شتی کەمنرخ. ع مبتذلة N vulgær د مبتذل، عامیانە.

**ڕەشەدار:** beech tree ڕووەک درەخت ناو دارێکی گەورەی پێست لووسی خۆڵەمێشییە، گەڵای بەوریشە و دارەکەی ڕەقە، میوەکەی وەک بەڕووی سێسووچە. ع شجرة الزان N bøk tre د درخت آلش.




**ڕەشەکە :** boaster ناو قاپان، بەفیز و دەعیە، لووتبەرز، خۆهەڵکێشی هیچ کارە. ع المتفاخر N skryter د لاف زن.



**ڕەشیشە :** ortolan باڵندە باڵندەیەکی سترانبێژی بچکۆلەی ڕەنگامەیە. ع طائر أورتولان N ortolan د اورتولان.



**ڕەفت:** دارەڕێ ئاوەڵناو ڕۆیشتنی بەلەزی یەکسم.

**ڕەفتار:** demeanor ڕەفتار هەڵسوکەوتی بەرچاو و ڕەوشتی بەدەرەوە N oppførsel ع السلوک د ڕەفتار. ← **هەڵسوکەوت:**² behavior ڕەفتار ڕەوش و شێوازێک کە کەس پێی هەڵئەسێ یان تیایدا ڕەفتار ئەکات، بە تایبەت سەبارەت بە دگەر. ع تصرف N oppførsel د اخلاق، رفتار، Ethics ← **ئاکار:** habit تایبەتمەندی ئاوەڵناو خوو، ڕەوشت، کردەوە، ڕۆتین. ع سلوک N vane د خاصیت، صفت، طبیعت E manner.

**ڕەفتارتراپی دیالکتیک:** Dialectical behavioral therapy دەروونناسی چارەسەرێکی دەروونییە لەسەر بنەمای بەڵگە و بە هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی تێکچوونی کەسایەتی و ململانێی نێوان کەسەکان؛ چارەسەرێکی زانستی تاقیکەیدەروونناسییە، نەک گیانی و ئایینی. بەڵگەکان ئەوە پیشان دەدەن کە ڕەفتاردەرمانی دیالکتیک DBT دەتوانێت لە چارەسەرکردنی تێکچوونی باری دەروونی و بیرۆکەی خۆکوشتن و هەروەها بۆ گۆڕینی شێوازەکانی ڕەفتار وەک زیانبەخۆگەیاندن و بەکارهێنانی هێسنە هۆشبەرەکان بەسوود بێت. ع علاج سلوکي جدلي N Dialektisk atferdsterapi د رفتار درمانی دیالکتیکی.

← **زیانبەخۆگەیاندن:** زیان گەیاندن بە خۆ، وەک دەستەواژەی چارەیخۆنووسین، ناویخۆنووسین.












**ڕەفتارگەرایی:** behaviorism ڕێباز فێرگە ڕەفتارگەرایی فێرگەیەکی دەروونناسییە پێی وایە بۆ ئەوەی بوونەوەرێکی زیندوو بناسین، پێویست ناکات بەدواداچوون بۆ دارەتە ناوەکییەکانی بکرێت (وەک بیرکردنەوە) و، تەنیا پشکنینی هاندەری دەرەکی و ڕەفتارە دەرەکییەکانی ئەو بوونەوەرە (وەک گریان) بەسە. ئەم فێرگەیە، لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، یەکێک بوو لە جەمسەرە هەرە کاریگەرەکانی دەروونناسی لە جیهاندا، جگە لەوەش کاریگەرییەکی زۆر قووڵی لەسەر فەلسەفەی ژیری و زمانەوانی و فەلسەفەی زانستی ئەو سەردەمە هەبوو.

ڕەفتارگەرایی ڕەوتێکە لە فەلسەفەدا وازی ئەوەی هەیە هەمیشە لەبری پشکنینی بیرکردنەوە و باری دەروونیمان، بەدواداچوون بۆ ئەو ڕەفتارانە بکەین کە بەدوای بیرکردنەوەکانماندا دێن. لە ڕوانگەی ئەم وازەوە ناتوانرێت جیاوازی لە نێوان دوو بیری جیاوازدا بکرێت، مەگەر جیاوازی هەبێت لەو ڕەفتارەی کە بەدوای ئەو بیرکردنەوانەدا دێت.




**ڕەفتاری توندوخاو:** Passive_aggressive behavior دەروونناسی ڕکابەری ڕەفتار جۆرێک دەربڕینی ناڕاستەوخۆی دوژمنایەتییە، بۆ وێنە بە شێوەی کەمتەرخەمی، توانج، سەرشەقی، مۆنی، ئەنجام نەدانی ئەرک، درەنگ و زوو چوون پیشانی ئەدەن. ناوەندی ناسین و هەژماری ناسازی دەروونی DSM بەم شێوە ڕەفتاری سستـوجنگز پێناسە ئەکات: «کۆی ئەو دارەتە نەرێنی و بەرهەڵستییە ناچالاکانەیە سەبارەت بە ڕاپەڕاندنی

ئەرک و چالاکی پێویست، لە بواری کۆمەڵایەتی و پیشەییدا.» ع
سلوک سلبي عدواني N Passiv_aggressiv oppførsel د پرخاشگری منفعل.

**ڕەفتە :** coif پۆشاک ناو قۆچکە، سەربەند، ئەو دەسرە یان پارچە پەڕۆی لە گردی سەری ئەپێچن. ع قلنسوة ضيقة N coif د دستمال سر.



**ڕەقپێست :** pachyderm گیانەوەری پێست ئەستوور، وەکوو کەگەدەن و فیل.

**ڕەقف :** cobblestone بەردڕێن، ڕێگەی سەنگچنکراو N brostein ع حصاة الرصف د سنگفرش.



**ڕەقەبوار :❶** ناو ناوی جێگا بواری دژوار. ⇦ **بوار :** دەراوی پەڕینەوە.
**ڕەقەبوار :❷** ناوی جێگا ئەو بوارەی پەڕینەوەی لێئەکرێ بەڵام بە دژواری، ڕەقەبوار بەو شوێنانە ئەوترێ پرس و جۆی لێیە و باج وەرگرتن هەیە، ئەو باجەی کاروانچی کورد لە تواناییدا نییە بیدات، بۆ وێنە پرسگەی باج

وەرگرتن کاتی هاتن بۆ ناو شار.

**ڕەقەبوار:**❸ گومریک باجگەی دەروازەی ڕێگەی بانە بۆ ناو شاری سەقز ناوی **ڕەقەبوارە**. ⇦ وێنەی لای چەپ، جەنابی میرزا سمایلی شاسواری لە دەروازەی ڕێگەی سەقز بۆ بانە، لە نزیک ڕەقەبواری سەقز، سەرەتای ١٩٧٠ی زاینی.





**ڕەقەپەیوەند:** hardwire ئای تی فەرمان پەیوەندانی کەمپیۆتەر بە شێوەی هەمیشەیی، کە نەتوابرێت بە هۆی نەرمەکاڵاوە بگۆڕدرێت. ع سلک صلب N hardwire د سیم سخت. ☜ نەرمەکاڵا ☜ ڕەقەکاڵا













**ڕەقەکاڵا:** hardware ئامراز ئای تی ئامراز و ئامێر و تۆڕی تەل و سیم و پێکهاتە فیزیکییەکانی تری کەمپیوتەر یان هەر سیستەمێکی ئەلیکترۆنی تر. ع المعدات N maskinvare د سخت افزار. ☜ نەرمەکاڵا






**ڕەقەڵە:** skinny ئاوەڵناو بەلەباریک، پۆس لکیاگ بەپێشەوە، پێست و پێشە، ڕەقەڵە، زەردەڵە، گدۆڵ. ع جلدانِي N mager د لاغر و استخوانی.






**ڕەقەڵەبەستوو:** ناوی لێکدراو ڕەقەڵە، کەشکەژنۆیە و ڕەقەڵەبەستوو ئەو جلەیە کە بە هۆی چڵکەوە ڕەق و وەشک بووە.

**ڕەقیتە:** sclerosis نەخۆشی ناو ڕەقان، شانەڕەقی، زربان، ئیسکلەرۆسیس، نەخۆشی لەش ڕەق بوون لە سەرما بوونەوە، ئازارێکی دەمارییە لە بەشی خوارەوەی پشت. ع لوب، التصلب N sklerose د تصلب بافت E lumbago.

**ڕەگاژۆ:** spread ناوی فەرمان فەرمان ڕەگ و ڕیشە داکوتان، تەشەنەسەندن، بلاوبوونەوە و جێگیربوون. ع شيوع N spread د شيوع.

**ڕەگاژۆی تاوان:** crime spread فیلم فیلمی کۆمێدی ٢٠٠٣، نووسین و دەرهێنانی برەد میرمەن، بەشداری زێرارد دیپاردیۆ، هارڤی کەیتەڵ،

سەعید تەقماوی، ژانی هالیدەی. ◄ تێکهەڵچوونی بە هەڵەی تاقمی دزانی فەرانسەیی و مافیای شیکاگۆ. بڕیار بوو دزییەکی ئاسان بێت!







**ڕەگەزگۆڕاو:** transgender [سێکسۆلۆژی] [ئاوەڵناو] واتە ناسنامەی ڕەگەزیی کەسێک جیاوازە لەو ڕەگەزەی پزیشک لە کاتی لەدایک بووندا پێی بەخشیوە، بە پشتبەستن بە شێوازی دەرکەوتنی جەستە. ئەو ناوە پێی دەوترێت «ڕەگەزی دیاریکراو لە کاتی لەدایکبووندا» — بەزۆری «نێر» یان «مێ». کەسانی ڕەگەزگۆڕاو بۆ وەسپکردنی خۆیان زاراوەی جۆراوجۆر بەکار دەهێنن. [ع] المتحولین جنسیا [N] transkjønnet [د] تغییر جنسیت دادە.







**ڕەگیژە:** capillary [ناو] وردە ڕەگ، وردە دەمار. [ع] متعلق بالخاصة الشعریة [N] kapillær [د] مویرگ.






**ڕەگەزنامە :** کۆمەڵناسی ڕەگەزنامە کۆڵکە و بنەچە، نوانە و گەڵاڵەی شێوەی پەیوەندی تۆرەمەکانی بنەماڵە یان نوانەی نواندنەوەی شێوەی پەیوەندی نێوان پاژگەلی گەڵاڵەیەک. ع شجرەنامە N familietre ع شجرة العائلة E family tree.








**ڕەمبۆ :** Arthur Rimbaud هۆنەر {١٨٥٤_١٨٩١} ئارسر ڕەمبۆ هۆنەری فەڕانسەیی، زۆرترین کاریگەری لەسەر وێژە و هونەری مۆدێڕن هەبوو.






**ڕەمۆزا :** Charles_Francois Marie Remusat ڕامیار نووسەر {١٧٩٧_١٨٧٥} نووسەر و ڕامیار، ئۆرلیانیستی فەڕانسەیی، ١٨٤٠ وەزیری ناوخۆ، نوێنەری ئەنجوومەنی دەستووری و ئەنجوومەنی ڕێساداناں، ساڵی ١٨٧١ بوو بە وەزیری کاروباری دەرەوە.





**ڕەمۆک:** elusive ئاوەڵناو سرک، ناهروو، بەرپلنەکەوتوو، ژدەسترەوی. ع متهرب N flyktig د گریزپا.







**ڕەمەک:** instinct ئاوەڵناو خۆماک، خۆڕسک، ڕێژار، ڕشتارە، تەژی بوون بە چۆنێتی بە تایبەت تامەزرۆ، هۆشمەندیی گیانەوەران پێناسە مێکانیزمێکی خودکاری ناگائای زاڵی هەمەچەشنی ڕوو لە ئامانجی سەپێنراوە کە لە ئاژەڵدا هەیە و لە مرۆڤدا نییە و، یان نەماوە. لە مرۆڤدا تەنها پاڵنەر driver هەیە و ئەویش هۆکاری ئەنجامدانی چالاکی و بەرەوپێشەوە چوونە. ع غریزە N instinkt د غریزە. ☜ پاڵنەر











**ڕەمەکی:** normal ئاوەڵناو کاری ئاسایی و سادە، کاری لە ڕووی خۆڕسک و ڕێژارەوە. ع طبیعي N vanlig د عادی، معمولی.

**ڕەمەن:** elusive ئاوەڵناو سرک، سڵ، ڕەڤۆک، ناهروو، بەرپلنەکەوتوو، ژدەسترەوی. ع متهرب N flyktig د گریزپا.

**ڕەنجان:** vexation چاوگی تێپەڕ بێزاری، جاڕسکردن. ع مضایقة د مزاحمت، رنجاندن.

**ڕەند:** ئاوەڵناو مێرخاس، خانەدان، بەهیممەت، بوێر، جەربەزە.

**ڕەندۆڵ:❶** ناو ئاودڕی گوشاد.

**ڕەندۆڵ:❷** ناو دۆڵچەی ئاوکێشان، دۆڵچەی ئاوهەڵکێشان.



**ڕەنگاڵ:** colorful ئاوەڵناو فرەڕەنگ، ڕەنگاوڕەنگ، ڕەنگامە، ئاڵواڵا. ع زاهی الألوان N fargerik د رنگارنگ.

**ڕەنگاڵە:** Bee_eater باڵندە ناو هەنگچنە، هەنگخۆرکە، قاژقاژ، لە تۆرەمەی کەندەسمە، مەلێکی ڕەنگاوڕەنگە بە قەد ڕیشۆڵەیەک ئەبێ، باڵی درێژ و نووک تیژە، کلکی درێژە، دەنووکی باریک و تا ڕادەیەک کەوانییەبەداخەوە خواردنی مێشهەنگوینە و هەر بەم بۆنەیەوە مێشدارەکان ڕقیان لێیەتی و زۆر جار ناچار ئەبن قەلاچۆی بکەن. ع وروارية N Bietere د زنبور خوار.



**ڕەنگبژێر:** color wheel ناو شەنک، بازنەی ڕەنگ، چەرخی ڕەنگ، بازنەیەکە کەرتی ڕەنگی جیاوازی هەیە و بەکاردێت بۆ پیشاندانی ژمارە و ناوی ڕەنگ و پەیوەندی نێوان ڕەنگەکان. ع عجلة الألوان N fargehjul د چرخ رنگ.




**ڕەنگکوێری:** achromatism فەرمان ئاکرۆماتیزم، کێماسی نەناسینەوەی ڕەنگەکان. ع اللونیة، عمی الالوان N akromatisme د آکروماتیزم، کور رنگی.




**ڕەنگمایە:** pigment ناو شەنک، تۆنی ڕەنگ و هێسنی بناغەیی و گەوهەری ڕەنگ. ع خضب N pigment د ڕنگدانە.




**ڕەنگە:** perchance ئاوەڵکار لەوانەیە، پێدەچێ، لەوەدەچێ، گاهەس، تووتوو، بەئاستەم، بەڕێکەوت، نەدانستە، بەبێ ئاگا. ع بالصدفة N

muligens [د] شاید، اتفاقا.

**ڕەنووس:** Digit [بیرکاری] ئاماژە بۆ نواندنی نووسینی ژمارەیەک دەکات. لە ڕژێمی ژمارەیی دەییدا، ژمارەیەکی وەک سفر تا نۆ. لە ڕژێمی ژمارەیی دووانیدا سفر یان یەک... و تاد.

**ڕەوا:** halal [ڕێسای ئایینی] حەڵاڵ، ڕێگەپێدراو (لە ڕوانگەی ئایینییەوە). [ع] حلال [N] halal [د] حلال.

**ناڕەوا:** forbidden [ڕێسای ئایینی] حەرام، بەرگیراو (لە ڕوانگەی ئایینییەوە). [ع] حرام [N] forbudt [د] حرام.

**ڕەوادار:** righteous [ئاوەڵناو] ڕاستگۆ و دروستکار، خاوەن کەبار، کەس یان ڕەفتاری ڕاست و ڕەوا لە ڕووی ڕەوشتییەوە. [ع] صالح [N] rettferdig [د] صالح.

**ڕەواداری:** tolerance [ناو] لێبوردەیی، خۆگری، خۆڕاگری. [ع] تحمل [N] toleranse [د] تحمل.

**ڕەوار:** result [ناو] بەرووبوو، بەروبووم، بەرهەم، داهات. [ع] حصيلة [N] resultat [د] ثمره [G]کاوە

**ڕەواز:** passageway [ناو] ڕێبازی دوورودرێژ. [ع] ممر [N] passasje [د] رهگذر.

**ڕەوانبێژ:** articulate [زمانەوانی] [ناوی لێکدراو] وتاردەری شارەزا و ناسکبێژ، گوتاردەری ڕوون و بەکاکڵ و کاریگەر. [ع] متكلم واضح [N] artikulere [د] سخنگوی ماهر.

**ڕەوانبێژی:** Rhetoric [زمانەوانی] یان زانستی ڕەوانبێژی، لەو هونەر و دەستوور و بنەمایە ئەکۆڵێتەوە ئەبن بە مایەی ڕەوانی و جوانی و کاریگەری گوتە و پاراستینی لە لێڵی و شل و شێواوی. لای ئەرەستوو هونەری دڵتێر و بۆینکردنە بۆ ئەوەی کەسێک وا لێبکەی شتەکان وا ببینێ کە تۆ ئەیبینی. [ع] بلاغة [N] Retorikk [د] بلاغت. ☆: توانای، لە

هەر دارەتێکی تایبەتدا، بۆ بینینی ئامرازە بەردەستەکانی بۆینیکردن.

ئەرەستوو












**ڕەواندز :** مێژوو کۆمەڵناسی ناوی تایبەت مێژووی ئەم شارە بۆ سەردەمانی پێش زاینی دەگەڕێتەوە و لەگەڵێک سەردەمدا پایتەخت بووە. لە ساڵانی (٧٢٢ـ٧٠٥ پ. ز) پایتەختی دەوڵەتی ئۆراتۆ بووە کە بە (موساسر) ناویان دەبرد، لە سەردەمی میرنشینی سۆرانیشدا پایتەختی ئەم میرنشینە بووە، ئەم شارۆچکەیە لە ڕابوردوو و ئێستادا مەڵبەندێکی پێشکەوتوو بووە لە ناوچەکەدا و لە ساڵانی (١٨١٣ز)دا کارگەی دروست کردنی چەک و تەقەمەنی و سکەی ڕاکێشانی دراوی لێ بووە، کە(وەستا ڕەجەب) سەرپەرشتی دەکرد. هەر لەم شارۆچکەیەدا لە ساڵی (١٩٢٤) یەکەم ژمارەی گۆڤاری (زاری کرمانجی) لە لایەن حوزنی موکریانی بەچاپ گەیەنراوە. ئێستا ڕواندز یەکێکە لەم شارۆچکانەی کە گەشتیاران ساڵانە سەردانی دەکەن. لەسەرەتای سەدەی (١٩)ی زایینیدا میر محەممەد پاشای ڕەواندزی توانی سنووری میرنشینی سۆران فراوان بکات و بۆ پاراستنی ئەو سنوورەش بیری لە دروستکردنی کارگەی چەک و تەقەمەنی کردەوە. وەستا ڕەجەب وەک داهێنەرێکی ناوچەکە دەستی بە دروستکردن و بنیادنانی ئەم کارگەیەی کرد و یەکەم تۆپی عیار (٢) لە ساڵی ١٨١٤ز دروست کرد. لەدوای ماوەیەکدا توانی چەندان تۆپی دیکە بە عەیاری جیاواز دروست بکات، کە ئێستا یەکێکیان لە شارۆچکەی ڕەواندز پارێزراوە و یەکێکی دیکەش لە مۆزەخانەی سەربازی عێراقی

پارێزراوە. هەر لەم کارگەیەدا و شمشێر و خەنجەر و کەل و پەلی ناوماڵ و سکەی دراوی لێ دروست دەکرد. هەندێ بۆچوونی مێژووی دامەزراندنی شارەکە بۆ ساڵانی٦٢٧ و ٩٠٤ ی کۆچی دەگەڕێننەوە.



تۆپی بەرهەمی کوردستان
بە دەستی فەرماندە و پیشەگەر وەستا ڕەجەب

**ڕەواندنەوە:** dispel فەرمان بەتاڵکردنەوەی تەلەسم و نووشتەی جادوو.
ع تبدید N fordrive د طلسم را باطل کردن. ☜ پووچەڵکردنەوە ☜ جەڵجەلووت ☜ ورتە

واتا نزیک: spell, epode, epode, abracadabra, mumbo jumbo










**ڕەووت :** proceeding ناو دەستپێکردنی کارێک و درێژەدانی N fortsetter ع الإجراء د روند. ← **ڕەوتی هەنووکە :** flow ناو لێشاو. ع تیار N strømme د جریان.

**ڕەووتانە :** mechanism ناو مێکانیزم، سازوکار، سیستەمێک لە بەشەکان لە ئامێرێکدا پێکەوە کارئەکەن؛ پارچە ئامێرێک. ع مکانیزم N mekanisme د مکانیزم، سازوکار.





**ڕەوتی هەنووکە :** flow ناو لێشاو. ع تیار N strømme د جریان.

**ڕەوزە :** ئایینناسی [روضة ـ عربی و، لە فارسی کراوە بە روضە] گێڕانەوەی سەربردەی ئایینی و بە تایبەتی بنەماڵەی عەلی کوڕی ئەبوو تالیب و تراجیدیای کەربەلا و کوژرانی حسێن و یارانی بە شیعر و پەخشان وەکوو سەردوڵکە، بە تایبەتی لەناو شێعەی ئێراندا، لە مانگی محەڕەم و ڕۆژانی تاسووعا و عاشوورادا؛ کەچی لە هەمان ڕۆژانی نۆ و دەی محەڕەم لە وڵاتی وەکوو مەغریب ئاگری شادمانی ئەکرێتەوە و مناڵان جەژنانە وەرئەگرن، ئەمە لە کاتێک دایە کە بە گوێرەی ڕەگەزنامەی بنەماڵەی پاشایەتی عەلەوی مەغریب، شای مەغریب، محەممەدی شەشەم بە ٢٨ پشت ئەگاتەوە بە عەلی کوڕی ئەبووتالیب.

**ڕەوزەخوێن :** پۆنەی ئایینی ئەو کەسەی لە شینگێڕییەکانی شێعەدا ڕەوزە ئەڵێ ☜ ڕەوزە.

**ڕەووشت :** Ethics بنەما پرنسیپ بەهاناسی یان morality بنەمای زاڵ بەسەر

ڕەفتار و هەڵسوکەوتی یەک کەسدا، جیاکردنەوەی مەبەست و بڕیار و کردەوە باش و دروستەکانە لە هەڵە و نادروستەکان. ع اخلاق N etikk د اخلاق. ← **هەڵسوکەوت:** behavior ڕەفتار ڕەوش و شێوازێک کە کەس پێی هەڵئەسێ یان تیایدا ڕەفتار ئەکات، بە تایبەت سەبارەت بە دگەر. ع تصرف N oppførsel د اخلاق، رفتار.

دریژه ← **بنەماکانی ڕەوشت:** بەهاناسر ئەو کارانەن کە مرۆڤ بە باش و دروست و پێویستی ئەزانێ، واتە ئەوەی کە هەمیشە لایەنی پێویست و ڕاستەقینە بگرێت، وەک ئەوەی کە داد لە ستەم بە باشتر ئەزانین، ئازادی و دەربازی لە زیندان بە باشتر ئەزانین. ڕەوشت و ڕەفتار جیاوازن، چونکە ئەمیان شێواز و سروشت و ئاکارە، لەکاتێکدا کە مرۆڤی بەڕەوشت کەسێکی دادگەر و بەفرسەندە. ئیمانوێل کانت مەزنترین کەس کە سەبارەت بە ڕەوشت دواوە، ئەڵێ: «لە دوو شت زۆر سەرم سووڕ ئەمێنێ، یەکیان ئەو ئاسمانە پڕ لە ئەستێرە بە زریوەیە و یەکیشیان ئەو سیستەمەی ڕەوشت کە لە مێشکی هەموو مرۆڤێکدا هەیە. بنەماکانی ڕەوشت زریوەی ئەو ئەستێرەبارانەیە کە ئەگەر ئاگامان لێیان بێت، ئەبن بە ڕووناکی هەناومان.»

← **کۆڵەکەکانی ڕەوشت بە درێژایی مێژوو و تا ئێستا پێنجن:**

- **داد و فرسەند:** Justice and Fairness عدالت و انصاف
- **دەرباز و ئازاد:** Liberty and freedom رهایی و آزادی
- **ڕۆژەڤ و ڕاستەقینە:** Reality and Truth واقعیت و حقیقت
- **خۆشەویستی و ئەوین:** Kindness and Love محبت و عشق
- **ڕوومەت و شکۆمەندی:** Esteem and Prestige حرمت و حیثیت، ◄ کە ئەمەی پێنجەم لە ماوەی سێسەد ساڵی ڕابوردوو و لە پاش سەرهەڵدانی ڕەوشنگەری لە ئورووپا سەری هەڵداوە؛ واتە مرۆڤی بەڕەوشت ئەبێ

هەمیشە بەرامبەر بە خۆی و بە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە دادگەر و ئازاد و هەلناس و ڕاستگۆ و ئەویندار و بەڕوومەت بێت؛ ئەم پێنج کۆڵەکەیە بنمیچی بەختەوەری کۆمەڵگە و مرۆڤی ڕاگرتووە و نەبوونی هەرکامیان ئەو کۆشکە ئەکات بە کاولستانی کۆمەڵگەی زێندەوەران.












**ڕەووشتجوانی:** courtesy بەهاناسر ئاوەڵناو خۆشدوان، ڕەووشتبەرزی، پیشاندانی ڕێز لە هەڵوێست و ڕەفتاری مرۆڤ بەرامبەر بەوانی تر. ع کیاسة، مجاملة N høflighet د حسن نیت، تواضع.

**ڕەووشتگەرایی:** Ethicism کۆمەڵناسر ئایدیۆلۆجر بەهاناسر لقێکی فەلسەفەیە لە پرسە بنەڕەتییەکانی زانستی ڕەووشت ئەکۆڵێتەوە، کە پێشبینی زۆر لە ڕووداوەکان، گونجاو یان نەگونجاو ئەکات. ع الأخلاق N etikk د اخلاق گرایی.

دریژە بنەماکانی ڕەووشت کە بۆی هەیە پەیوەندیدار بن بە لقەکانی تری زانستەوە وەکوو: ڕامیاری، مافناسی، کۆمەڵناسی و دەروناسییەوە، بڕوابوون بەم خاڵانەیە کە بەدرێژایی مێژوو هەبوون:

**داد و فرسەند:** Justice and Fairness عدالت و انصاف

**دەرباز و ئازاد:** Liberty and freedom رهایی و آزادی

**ڕۆژەڤ و ڕاستەقینە:** Reality and Truth واقعیت و حقیقت

**خۆشەویستی و ئەوین:** Kindness and Love محبت و عشق و خاڵی پێنجەم کە ماوەی سێسەد ساڵێکە زیاد کراوە:

**ڕوومەت و شکۆمەندی:** Esteem and Prestige حرمت و حیثیت

☜ شارستانیەت ☜ بەها و هەنجار

**ڕەوشەنباوەڕان:** Illuminati ڕێکخستنی نهێنی ڕێباز ناو ئیلومیناتی ناوێکه بە چەند گرووپی ڕاستەقینە و گریمانەیی دراوە. لە ڕووی مێژووییەوە، ناوەکە بەزۆری ئاماژەیە بۆ ئیلومیناتی باڤاری، کە کۆمەڵەیەکی نهێنی سەردەمی ڕۆشنگەرییە و لە ای مەی ١٧٧٦ لە باڤاریا دامەزراوە، کە ئەمڕۆ بەشێکە لە ئەڵمانیا. ڕەوشەنباوەڕان بەو دەستە نهێنیانە ئەوترێ خۆیان بە پەیوەندیدار بە ڕێکخراوی باڤاری ئەزانن و بۆ ئەوە کار ئەکەن تەناهی و فەرمانڕەواییەکی نوێ لە جیهاندا بەدی بهێنن. دینەکان بەرژەنگی چاو بە نیشانەی دەجال ئەزانن، بەڵام ڕەوشەنباوەڕان ئەڵێن جیهان بە یەک چاو ئەبینن و ئەیانەوێ دادگەری لە یهاندا بچەسپێنن. ئەوترێ ڕەوشەنباوەڕان ڕەخنەیان کردووەتە زۆربەی دامودزگا گرنگەکانی جیهانەوە. ☜ فراماسۆن











**ڕەوشەنگەریی:** کۆمەڵناسی ئایدیۆلۆجی بەهاناسی چاخی ڕەوشەنگەریی، Age of Enlightenment، یان بە تەنها Enlightenment بزووتنەوەی مێژوویی ڕۆشنبیری سەدەی هەژدە، پەیڕەوی دێکارت و ئازادئەندێشی ئاوەز وەک بناغەی ئیستاتیکای بەبڕشت و ڕەوشت و فەرمانڕەوایی و لۆجیک ڕێگە بە فیلسووفەکان ئەدا ڕاستەقینەی جیهان و ڕۆژەڤ بدۆزنەوە. ئەم خولە هێشتا بە واتای بەدیهاتنی پراکتیکی ئازادی و مافی هاوڵاریبوون نییە، بەڵکوو خولی سەرەتای چرۆکردنی زانست و

ئامادەییە بۆ ڕزگاریی لە ڕێگەی ناسین و زانستەوە. دیدێرۆ، ڤۆڵتێر، ڕۆسۆ، مۆنتسکیۆ، کانت و ساد لە فەیلەسووفانی ئەم چاخەن.



**ڕەوە:** flock ناو پۆل یان پەرەمێک باڵندەی یەک جۆر کە پێکەوە چینەئەکەن، ڕاوئەکەن، پشوو ئەدەن، یان گەشت ئەکەن. ع قطيع N flokk د دستە پرندگان.

**ڕان:** swarm ناو ڕەوکە، گەل، مێگەل، ڕەوە. ن: ڕەوەی مەڕ و بزن، ڕانی ئەسپ. ع سرب N sverm د رمە، گلە.







**ڕەووز:** mountain bulge, busher rock جیۆلۆجی چین‌چینە بەردی ناوقەد و سەری کێو. ع انتفاخ الجبل N fjellbule, busher rock د چینهای کوە.






**ڕەوەند:❶** کۆچەری ڕەوەن، هەوارگە بە ڕەشماڵ و مرۆڤ و ئاژەڵ و پاتاڵ و وڵساتەوە؛ ئەو کۆمەڵە مرۆڤ و کەلوپەل و ئاژەڵ و پاتاڵ و وڵساتە کە هێشتا شار و گوندنشینی نیشتەجێ نین، کوێستان و گەرمیان ئەکەن و، بە گوێرەی پێداویستی سەرما و گەرما شوێنی ژیانیان ئەگوێزنەوە.



**ڕەوەند:❷** کۆچبەر خێڵی گەرمێن و کوێستانکەر، خێڵەکی.



**ڕەها:** absolute ئاوەڵناو دارماڵ، تەواو، بێکێماسی، بێخەوش. ع مطلق، کامل N absolutt د مطلق، کامل.

**ڕەهات:** event بووییەر ڕووداو، کارەسات، قەومان، مەرسەلا. ع حدث N begivenhet د حادثە، واقعە.

**ڕەهۆڵ:** tunnel ناو تونێل، ڕەهەند، نەغم، کونکردنی کێو بۆ دروستکردنی ڕێگە و نزیککردنەوەی بگار و ماوەی هاتوچۆ، کونکردنی بن عەرز بۆ کارێز و ئاوەڕۆی ماڵان. د دهلیز N tunnel ع الرواق.



**ڕەهەندبینی:** perspective ناو دیدگا، ڕۆشن بینی، فراوانی دید؛ وێناکردنی دیاردە، بەرجەوەن. ع منظوري N perspektiv د چشم انداز.

**ڕەهێڵە:** volley دیاردە سروشتی ناو ڕێژنە، لێزمە، شەستە، تاوەباران، ڕێژنەبارانی چەلاوچەل و ناوبەناو. ع عاصفة ممطرة N volley د رگبار.

تاو: ڕێژنەی باران.



**ڕەهات:❶** incident بوویەر ڕووداو، کارەسات، مەرسەلا، قەوماو. ع حادثة N hendelse د حادثە. ⇐ **قەومان:** accident بوویەر ڕووودان، بوویەر. ع حادثة N ulykke د حادثە. ⇐ **جیاوازی ڕەهات و قەومان:** ڕەهات کارەسەتێکی گەورەیە و زیاندارە، قەومان بچووکتر و کەمزیانترە.

**ڕەهات:❷** the debacle پەرتووک بەرگی ١٩ لە زنجیرەی ٢٠ بەرگی بە ناوی **ڕۆگن ماکار** Rougon_Macquart، ڕووداوە ڕامیاری و جەنگییەکانی سەردەمی ناپۆلیۆنی سێیەم، نووسینی ئێمیل زۆلا، ١٨٩٢ بلاو کرایەوە.




**ڕەهەند:❶** dimension ناو کەوشەن یان لایەنی هەرشتێک کە بکرێ بپێورێ، وەکوو درێژی و پانی و قووڵی و بەرزی N dimensjon ع د بُعد.




**ڕەهەند:❷** conduit ناو ڕەهەنداو، زێراب، ئاوەڕۆی زێراب، نۆکەند، بۆری، لوولە، ئاوەڕۆ، جۆگە. ع قناة أو أنبوب أو ترعة N ledning د مجرا، کاناڵ، لولە.

  

**ڕەهەند:**❸ rum hole ناو نەغم، ڕەهۆڵ لێدان و هەڵکەندنی ڕێگە بە ژێر زەویدا.

  

**ڕەهەندە:**❶ profound ئاوەڵناو قووڵ و کاریگەر، فراوان و بەربڵاو، یان و بەرین. ع متعمق N dyp د ژرف.

**ڕەهەندە:**❷ ئاوەڵناو عەوداڵ، ماڵبەکۆڵ، ئاوارەی چۆڵگەرد.

**ڕەهەندە:**❸ ئاوەڵناو کەتە، پانوپۆڕ، خڕوخۆڵ وەکوو ئەدگار بۆ مرۆڤی چوارشانە ن: ژنێکی ڕەهەندەیە: ژنێکی پان و پۆڕە.

   

**ڕەیمۆند کوێنۆ:** Raymond Queneau نووسەر هۆنەر (١٩٠٣ـ١٩٧٦) هۆنەر و ڕۆماننووس و ڕەخنەگری فەڕانسەیی.








**ڕەینارد:** Jean_François Regnard شانۆنووس (١٦٥٥ـ١٧٠٩) شانۆنووسی کۆمیدی. کەسایەتیی شانۆگەری **میراتگر**، پیرەمێردێکی گیانکەنشتە.







**ڕەیناک:** Joseph Reinach نووسەر ڕامیار (١٨٥٦ـ١٩٢١) نووسەر و ڕامیاری فەڕانسەیی.





**ڕەینەک:** shank, lower leg تویکاری ناو بەلەک، پووز، زەنگ، ئەژنۆ تا پاژنەی پێی قاچی کەسێک. ع عرقوب، ساق N skaft د ساق پا.
☜ بەلەکپێچ ☜ پووزەوانە ☜ زەنگاڵ




**ڕێبازگە:** trajectory ناو ڕێڕەو، دەڕێ، دەڕەوفت. ع المسار N bane د خط سیر. ☜ بگار




**ڕێبازی بەراوردی:** Deductive Approach بیرسا شێواز واتە گەیشتن لە کۆیەکەوە بۆ پاژێک و بنەمای فەلسەفەی ژیرگەراییە. ڕێبازی بەراوردی لە لێکۆڵینەوەکانی ئەرستۆوە دەستی پێکردووە. لە ڕێبازی بەراوردی، بیرکردنەوە لە ڕێگەی زانیارییە گشتییەکانەوە، نادیارەکانی پاژەیی ئەدۆزێتەوە، واتە بە کۆکردنەوەی ڕاستییە پەسەندکراوەکان و ئەو دەرئەنجامی دەری ئەخات (ئەنجامی لە کۆ بۆ پاژ). لەم مشتوومڕەدا ئەگەر پێشمەرجەکان ڕاست بن، بە پێویستی ئەزانین دەرەنجامەکان ڕاست بن. ئەم ڕێبازە یارمەتی توێژەر ئەدات بۆ پێشبینیکردنی ئەو

دیاردانەی کە ڕوو ئەدەن بە بەکارهێنانی تیۆرییە هەبووەکان. ←

**ڕێبازی هاندەر:** inductive approach بیرسا شێواز واتە گەیشتن لە پاژەوە بۆ کۆی گشتی و، بنەمای فەلسەفەی ئەزموونییە. لەم ڕێبازەی بیرکردنەوەدا بە بەکارهێنانی زانیاری بەشەکی و پەیوەنددانیان بە یەکەوە، دەرئەنجام وەرئەگرین. لەم ڕێبازەدا چاودێری بینراوەیی لەسەر ڕووداوە تایبەتەکان لە پۆلێکدا ئەکرێت و دواتر لەسەر بنەمای بینینی بوویەر یان ڕووداوەکان، دەرئەنجامی هەموو چینەکان وەرئەگیرێت.
☜ پازەی بەراوردی ☜ پازەی پاڵنەر

**ڕێبازی سەنت بنەدیکت:** Benedictine monastery ڕێباز یان Order of Saint Benedict کە ڕێبازێکی چاکسازیی مەسیحی بوو، لە سەدەی دە و پانزە، پەیڕەوانی سەنت بنەدیکت نرسیا، بڕوایان بە ملکەچی، بێدەنگی، خاکەڕایی و کۆڵنەدان هەیە. سەدەی ناونجی هەموو ئورووپای گرتەوە و نەک هەر کاری کردە سەر ئایینی عیسایی، فەرهەنگی ئورووپاییشی خستە بن کاریگەرییەوە.



**ڕێبازی گشتی:** The General Line

**ڕێبەر:** usher ناوی فەرمان شارەزای پێشڕەو، کەسی ڕابەر و پێشڕەو. د
ڕاهنما N guide ع مرشد.

← **ڕابەر:** guide جوگرافیا پێڕستی ڕێنموونی شار و وڵاتان د ڕاهنما N guide ع مرشد.







**ڕێ تێچوو:** feasible ناوی فەرمان کردارەکی، لەکردن هاتوو، لەوەچوو، کردەنی، دەکرێ، باوەڕپێکراو. ع ممکن N gjennomførbart د شدنی، امکان پذیر، میسر.

**ڕێجیۆ کالابریا:** Reggio Calabria جوگرافیا بەندەر گەورەترین شار و ناوەندی ڕامیاری پارێزگای ڕێجیۆ کالابریایە لە باشووری ئیتالیا.





**ڕێچکە:** path ناوی پێچووکراو ڕچە، باریکەڕێ، ڕانەڕێ، توولەڕێ، کوێرەڕێ، بزنەڕێ، ڕیزێک لە ئاژەڵ و پاتاڵ کە ڕیزیان بەستبێ، خێزەرە، لەپەسا هاتنی دەعبا. ع الطریق الضیق N sti د باریکە راه.






**ڕێحانەکێویلە:** catnip ڕووەک ناو گیاپشیلە، گیاکتکە، ڕووەکێکە لە تیرەی نەعنا، گەڵاکانی کوڵکن و گوڵی سپی پەڵە وەنەوشەیی هەیە و بۆنێکی تیژی هەیە پشیلە پێی خۆشە. ع النعناع البري N catnip د نعنای کوهی.





**ڕێڕەو:** trajectory ناو ئاراستە، ڕێگەی چەماوەی گوللە. ع مسار N bane د خط سیر.

**ڕێڕەوی فڕین:** tarmac ناو تارماک، ئاسفاڵت، قیری ڕێگەوبان. ع مدرج المطار N asfalt د اسفالت. ⇐ **تارماک:** tarmac تارماک ئاسفاڵتێکی زبر و دڕنی.






**ڕێزاڵ:** fragment ناوی بچووککراوە کوتی بچکۆلانە؛ قردێلە، پارچە کوتاڵی باریک وەکوو هەودا. ع شظية N ryze pare د fragment.

⇐ **ڕێزاڵ ڕێزاڵ:** in fragments, in shreds دەستەواژە کوت کوت، پارچە پارچە. ع قطعة قطعة N litt for litt د قطعه قطعه.

**ڕێزاڵکردن :** break in pieces, tear to shreds چاوگی تێپەڕ. ع كسر في القطع N bryte i stykker د تکه تکه شدن.

**ڕێزاڵەلۆک :** fragile, flimsy ئاوەڵناو ڕێزاڵۆک، ڕێزاڵی زۆر بچووک. ع كسر صغير N skjør د قطعه کوچک.

**ڕێزەلۆک :** freestone ناو بەردێکی کەمبەرگەیە لە خۆیەوە یان بە تۆزێک گووشین ورد ئەبێ. ع حجرة ناعمة N fristein د سنگ آزاد، سنگ نازک که با دست می‌شکند.



**ڕێزانە :** ئاوەڵناوی لێکدراو پاداشت، بەخشش لە بەرامبەر کاری چاکەدا.

**بەخشش :** alms ناوی چاوگ بەلاگێڕ، یارمەتیدانی هەژار بە پارە و خواردن وەکوو کاری خێر و چاکەی ئایینی N almisse ع الصدقة د صدقه.

**ڕێزخۆ :** self_respect خۆڕێزی ناوی لێکدراو نرخی خۆ زان د دارای عزت نفس.

**ڕێزدار :** venerable ئاوەڵناو کەسێکە مایەی ڕێزلێگرتنە بە هۆی تەمەن، زانایی یان کەسایەتییەوە. ع جليل N ærverdige د ارجمند.

**ڕێزلێنان :** honoring چاوگی تێپەڕ بەڕێزەوە چاو لێکردن، ئاهەنگی شانازی و ڕێز لێگرتن. ع تكريم N ære د احترام، بزرگداشت.

**ڕێزمان و فەرهەنگی زمانی کوردی :** Grammatica E Vocabolario Della Lingua Kurda تۆژینەوە ڕێزمان لە گرنگترین تۆژینەوە زانستییەکانی

ڕێزمان و فەرهەنگی کوردی نووسینی ڕێزمان و فەرهەنگی کوردۆلۆگی بەرجەستە و کوردیزانی ئیتالیایی مۆریتزۆ گارزۆنییە.

◄ مۆریتزۆ گارزۆنی Maurizio Garzoni (١٧٣٤ـ١٨٠٤) لە ١٧٦٠ هات بۆ کوردستان و تێگەیشت بەبێ زانینی زمانی کوردی ناتوانێ پەیوەندی لەگەڵ دانیشتوانی مووسڵ و ئامێد و ناوچەکانی تری کوردستان بگرێت. لە ئامێدی پایتەخت نیشتەجێ بوو و ڕێزمان و فەرهەنگی کوردی نووسی و ساڵی ١٨٧٨ لە ڕۆما چاپ و بڵاوی کرد، کە تا کۆتایی سەدەی هەژدە، لە ئورووپا لە گرنگترین سەرچاوەکان بوو لەسەر زمانی کوردی.

E Grammar and Vocabulary of the Kurdish Language

ع قواعد ومفردات اللغة الكردية

N Grammatikk og ordforråd for det kurdiske språket

د دستور زبان و واژگان زبان کردی.




**ڕێزنواندن:** deign چاوگی تێنەپەڕ گەورەیی نواندن. ع تکر، تفضل، تلطف N nedverdige د تکین، لطف نمودن.

**ڕێزهەڤ:** synonym ناو هاوواتا، ئەو وشانەی بە ڕواڵەت یەک نین و بە واتا یەکن. ع مترادف N synonym د کلمات مترادف.

**ڕێزی ئاسایی:** common courtesy دەستەواژە ڕادەیەکی ئاسایی شیانست بوون و دابزانی لە پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا. ع مجاملة عادية N vanlig folkeskikk د ادب و احترام عادی.

🞂: بەس ڕێزێکی ئاسایی، دڵنیا بە لەوە زیاتر هیچی ناوێ.

**ڕێزین:** ❶ flashlight bulb ناو گڵۆپی زۆر بچووک. ع لمبة صغيرة N lommelykt pære د لامپ چراغ قوه.



**ڕێزین:** ❷ flashlight ناو لایت، چرای باتری، چرای دەستی، جۆرێ چرای دەستی کە بە باتری کار ئەکات. ع مصباح يدوي N lommelykt د چراغ قوه.



**ڕێژارە:** instinct دەروونناسی ناو خۆماک، خۆڕسک، ڕشتارە، ڕەمەک، تەڕی بوون بە چۆنێتی بە تایبەت تامەزرۆ، هۆشمەندی بایۆلۆژیکی لە گیانەوەراندا پێناسە: ڕێژارە، مێکانیزمێکی خودکاری ناگائای زاڵی هەمەچەشنی ڕوو لە ئامانجی سەپێنراوە کە لە ئاژەڵدا هەیە و لە مرۆڤدا نییە، یان نەماوە. لە مرۆڤدا تەنها چەند پاڵنەر drive هەیە و ئەویش هۆکاری ئەنجامدانی کار و چالاکی و بەرەوپێشەوە چوونە. ع غريزة N instinkt د غریزه.

**ڕێژارە و پاڵنەر:** instinct and drive دەروونناسی **ڕێژارە:** یان خۆماک کاردانەوەیەکی بایۆلۆژیک یان پاڵنەرێکی زگماکییە. وەڵامێکی بیۆلۆژیکە بە هاندەرێک و ڕەوتێکی دەروونناسانەیە بەرەنجامی هاندەرێکی بیۆلۆژیکی ئەبات بەڕێوە. **پاڵنەر:** یان ڕانەر ئەو هێزەی کە دەبێتە هۆی ئەوەی من چالاکی ئەنجام بدەم، هەوڵ بدەم، کار بکەم یان تێبکۆشم؛ توانایی تێکەڵ بە ویستی بەرزەفڕییە، پاڵنانە بۆ پێشەوە. ع الغریزة والدافع N instinkt og motivasjon د غریزە و انگیزە.

**ڕانەر:** [ڕان+ ئەر] ڕەڤ، ڕەم، ڕەو، واتە ڕەوەندە و لە دارەتی ڕۆیشتندا کە پاشگری [ئەر] ئەیکات بە کارا، لەم هۆنراوەدا واتای بەڕێوەبەر و بەدیهێنەر ئەگەیەنێ: ن:

دەتهەوێ چاوی لە تۆ بێ ڕانەری چاو و سەرت
پاشی مردن پڕ بەدڵ بێ دێبەری بەرگ و بەرت
«ڕاوچی»




**ڕێژارەی دووەم:** second nature دەروونناسی خوویەکە کە وەکوو ڕێژارە ئەچێ، لە کاتێکدا کە تایبەتمەندییەکی لاوەکییە و ئەو کەسە وەریگرتووە، بەڵام وەک ڕێژارەیەکی لاوەکی خۆی ئەنوێنێ. ع طبع مکتسب N andre natur د خصوصیت اکتسابی. زۆر لەو بنەما و نەریت و توانا و پسپۆرییە کۆمەڵایەتی و ئایینیانەی کە هەزاران ساڵ لە لایەن تۆرەمەکانی ڕابوردووەوە پەسەند بوون و پشتاویشت وەکوو ڕێژارەی

دووەم یان لاوەکی بە مرۆڤی سەردەم گەیشتوون.




**ڕێژان:** Gabrielle Réjane هونەرپیشەی سینەما و شانۆ {١٨٥٦ـ١٩٢٠} گابریەل ڕێژان، هونەرپیشەی بەتوانای شانۆی فەرانسە و فیلمە بێدەنگە سەرەتاییەکان.



**ڕێژبێژ:** Drinking water بەهداشت ئاوی تایبەتی خواردنەوە و چێشتلێنان و جلشۆرین [N] Drikkevann [ع] میاه الشرب [د] آب آشامیدنی.

**ڕێژگاو:** unsatisfied هێمایر ئاوەڵناو ڕەنج بە خەسار، هەمیشە پیشەی کەم ڕۆژی. [ع] منکود [N] misfornøyd [د] کسی کە بیهودە تلاش می کند.

**ڕێژگە:** estuary ناو ئاوڕێژگە، ناقگە، ڕەزاو، ڕێژاوگە، شوێنی ڕژانی چەم بۆ ناو زەریا کە وەک دورگەیەکی بچووک وایە. [ع] مصب النهر [N]

elvemunning د مصب، دلتا.








**ڕێژنە :** volley بووبەر ناو شەستە، لێزمە، باسریشک، لاسامە، ڕەهێڵە، تاوەباران، تاڤ.







**ڕێژە:❶** parade سەربازی بۆنە نمایش، ڕانان و ڕۆیشتنی دەستەی سەربازان بە بەردەمی سەردارانی لەشکر لە بۆنەی فەرمی و نیشتمانیدا، تێپەڕینی دەستەی جەماوەر بە جلوبەرگی تایبەتەوە. ڕێڕە هۆکاری زۆری هەیە، بەڵام بە زۆری جەژن و کارنەڤاڵە. ع موکب N Opptog د ڕژە.





**ڕێژە:❷** ratio بیرکاری ناو بەرکەوت، شێوازی پەیوەندی، ئەنجامی دابەشکردن. ◀ ن: ڕێژەی ٤ بە ٣، ڕێژەی خوێنەران... ع نسبة N forhold د نسبت. ☜ ڕێژەی زێڕین، فیبۆناچی.









**ڕێژە:❸** cast کیمیا ناو بۆتە، قاڵبی دارشتن. ع صب N støpe د قالب.







**ڕێژە:❹** Silica هێسر خاکی شووشە. ڕێژە یان سیلیس یان بەردەشووشە بە ڕادەیەکی یەکجار زۆر لە کوردستان هەیە و، ئەوەتا بۆ سەد ساڵ ئەچێ بەردەشووشەی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی داگیرکراو ئەدزرێ و ئەبرێ بۆ قەزوێن و لەوێ ئەکرێ بە شووشەمەنی و بە دەیانجار گرانتر بە خۆمان ئەفرۆشرێتەوە، جگە لە بەهێزکردنی دامودەزگای سەرکوتگەر. بەس بە پێی گوزارشتی «خبربان» و ناوەندەکانی تری میدیای داگیرکەران لە پارێزگەی بەناو کوردستان، کە بیست لە سەدی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، ٦٧ میلیۆن تەن بەردی ڕازاندنەوە و ٦٠٠ ملیۆن تەن پووکە یان پاماس (pumice)ی لێیە و تەنها شاری سەقز خاوەنی ١٢ میلیۆن تەن پاشەکەوتی سیلیسی جۆری پلە بەرزە.






**ڕێژەدان:** parade سەربازی چاوگی تێپەڕ بە ڕیز ڕۆیشتنی دەستەی سەربازان لە بەردەم شا و سەردارەوە ⇐ نزیارقانر پەتی شاوڵی و ئاسۆیی کارکردنی وەستای خانووکردن ڕیشەناسی ⇐ ڕێژە... ڕێزە... ڕیز، خزمە لەگەڵ ڕچە، وەک ڕچەبەستن بە واتای ڕیزبەستن.




**ڕێژەن:** blessing ئاوەڵناو فراوانی، پیت، فەڕ، بەفەڕی، بەپیتی، بڕشتی خەلە، فەڕداری. ع برکة، نعمة N velsignelse د برکت، نعمت.

**ڕێژەنی بەرهەم:** overproduction ناوی لێکدراو زێدەبەرهەمهێنان، بڕشتی خەلە. ع الإفراط في الإنتاج N overproduksjon د اضافه تولید.

**ڕێژەی زێڕین:** golden ratio بیرکاری هونەر لە بیرکاری و هەروەها لە هونەرەکانیشدا، دوو بڕ لە حەنای یەکترا ئەبنە خاوەنی ڕێژەی زێڕین ئەگەر ڕێژەی کۆی ئەو دوو بڕە بە بڕە گەورەترەکە یەکسان بێ بە ڕێژەی بڕە گەورەترەکە بە بچووکترەکە. ڕێژەی زێڕین نەگۆڕێکە لە بیرکاریدا کە مەزناهییەکەی نێزیکەی ١.٦١٨٠٣٣٩٨٨٧ ئەبێ. بێجگە لە ڕێژەی زێڕین،

ڕێژەی یەزدانی، ڕێژەی دوور و ناوین و چەند ناوێکی تریشی هەیە. بۆ نیشاندانی ئەم ڕێژەیە زیاتر پیتی یۆنانیی فی (φ) بەکار ئەبردرێ.

ئەم وێنەیە چەشنێک شرۆڤەی ئەندازەییە کە گەر بمانەوێ بە کەڵکوەرگرتن لە جەبر دەری ببڕین دەبێتە:

$$\frac{a+b}{a} = \frac{a}{b} \equiv \varphi$$

ئەم هاوکێشەیە یەک وەڵامی هەیە کە ئەویش ئەمەیە:

$$\varphi = \frac{1+\sqrt{5}}{2} \approx 1.61803\,39887\ldots$$

زۆرێک لە هونەرمەند و نژیارڤان و تەلارسازان، لانیکەم لە ڕێنێسانس بەم لاوە، هەوڵیان داوە ڕێژەی زێڕین بە جۆرێک لە کارەکانیاندا بگونجێنن ـ بەتایبەت بە بەکارهێنانی لاکێشەی زێڕین، لاکێشەیەک کە تێیدا ڕێژەی لا درێژەکە بە لا کورتەکە ڕێژەی زێڕینە ـ چونکە باوەڕیان وایە کە ئەو ڕێژەیە لە باری جوانیناسییەوە بۆ مرۆڤ دڵخواز و دڵپەسەندە. بیرکارانیش لەبەر تایبەتمەندییە سەرنجڕاکێشەکانیەتی کە لە ڕێژەی زێڕین ئەکۆڵنەوە.

بیرکارانی یۆنانی دێرین یەکەم کەسان بوون لەو شتە کۆڵانە، ئەمڕۆ ئێمە پێی ئەڵێین ڕێژەی زێڕین؛ هۆکەشی دەرکەوتن و پەیدابوونی زووبەزووی ئەو ڕێژەیە بوو لە ئەندازەدا. دیاریکردنی خاڵێک لەسەر هێڵ کە هێڵەکە بکاتە دوو لەت بە ڕێژەی زێڕینەوە لە ئەندازەدا گرنگییەکی زۆری هەیە (بۆ نموونە لە پێنجلا و ئەستێرەی پێنجپەڕی ڕێکدا). یۆنانییەکان زیاتر دۆزینەوەی ڕێژەی زێڕین ئەدەنە پاڵ پیتاگۆرس و شۆنکەوتووانی. ئەستێرەی پێنجپەڕی ڕێک، کە پێنجلایەکی ڕێکیشی تێدایە، هێمای پیتاگۆرسپەرستان بوو.

یەکەم پێناسەی نووسراوی **ڕێژەی زێڕین** لە توخمەکانی ئیکلیدس دا

هاتووە: «ئەوتریّ ڕاستەهێڵێک لە ڕێژەی دوور و ناویندا لەت کراوە، ئەگەر گشت هێڵەکە بەرامبەر بە لەتە گەورەکە وەکوو گەورەکە بەرامبەر بە بچووکەکە وا بێ.» ئیکلیدس هەروەها چۆنێتیی لەتکردنی هێڵەکەشی ڕوون کردۆتەوە.

ناوی «ڕێژەی دوور و ناوین {extreme and mean ratio}» ئەو زاراوە سەرەکییە بوو کە لە سەدەی سێهەمی پێش زایینەوە بەکار ئەهێنرا هەتا نزیکەی سەدەی ١٨هەم.

دیرۆکی نوێی ڕێژەی زێڕین بە پەرتووکەکەی فرا لووکا پاچۆلی Fra Luca Pacioli یەوە دەست پێ ئەکا بە ناوی: سەبارەت بە ڕێژە یەزدانییەکان De divina proportione. ئەم پەرتووکە ساڵی ١٥٠٩ بڵاو کرایەوە و توانی هزری زۆرێک لە هونەرمەندان، نژیارڤانان، زانستیاران، بیرکاران و تەنانەت عارفان هۆگری خۆی بکا.

یەکەم ئامارەیەک کە لە مێژوودا بە هەندی ڕێژەی زێڕین کراوە ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٥٩٧؛ لەو ساڵەدا، میکایل ماستلین لە نامەیەکدا کە بۆ یۆهانس کێپلەر نووسیوەتی، هەند و ئەندازەی ئاوەژووی ڕێژەی زێڕینی نزیکەی ٠.٦١٨٠٣٤٠ مەزەندە کردووە. ع النسبة الذهبية N gyldne snitt د نسبت طلایی.



















**ڕێژیەک:** fractional ئابووری بیرکاری ئاوەڵناو کەچە، هەندێک، کەرتێک، کەمەک، ڕێژەیەک، ئایەخێک، پەیوەندی چەندایەتی نێوان دوو بڕە پارە کە ژمارەی جارەکان پیشاندەری ئەوەیە بڕێک خۆی بەهای هەیە، یان بەهای لە بڕێکی تر دایە. ع جزئي، کسري N brøkdel د یک نسبت یک کسری.

ن: کەچە بەشێکمان هەیە: بەشێکی گچکۆکەمان هەیە.

**ڕێژێنس:** La Régence سیستەم یان ڕێژینسی ١٧١٥ تا ١٧٢٣، ئاماژەیە بە لیژنەیەک بە ناوی ڕێژێنس، بە سەرۆکایەتی فیلیپ دۆرلیان Philippe d'Orléans کە ئەو کاتەی لویی پانزە منداڵ بوو، بۆ ماوەی ٨ ساڵ وولاتی بەڕێوە ئەبرد.





**ڕێسا:** law ڕێسا قانوون و دەستوور، نەریت. یەکێک لە واتاکانی ڕێسا، سیستەمێکە لە دەستوور و نەریتەکان کە بە دەستی ڕێکخراوێکی دەوڵەتی یاخود کۆمەڵایەتی بۆ ڕێکخستنی ڕەفتارەکانی کۆمەڵگە و ئەندامانی کۆمەڵگە بەکار دەبرێت بە شێوەیەکی یەکسان. ع قانون N lov د قانون.











**ڕێساگەرا :** law_abiding ڕێسا ئاوەڵناو قانوونگەرا، قانوون خۆشەویست. ع مطيع للقانون N lovlydige د مطيع قانوون.

**ڕێسای ئاوەندی پەیوەستە :** پەیوەندی ڕێسای ئاوەندی پەیوەستە ئەوەیە، دوو دوفری جیاواز کە ئاوی تێدایە، تا ئەو کاتەی پەیوەندییان پێکەوە نییە ئاو ئەتوانێ لە ئاستێ جیاوازدا ڕابوەستێ، بەڵام ئەوەندەی کە بە هۆی لوولەیەکەوە پەیوەند دران بە یەکەوە، ئاوی ئەوەی کە لە ئاستێ بەرزتردایە دائەبەزێ و، ئاوی ئەو دەفرەی کە ئاستێ لە خوارەوە بوو، بەرز ئەبێتەوە تا ئاستێ هەردووکیان وەک یەکی لێدێ. ئەم پرۆسەیە بەشێکە لە ڕێسای سیمۆن Stevin's Law و ئەم ڕێسا گرنگە بە درێژایی مێژوو لە ئاودێری و کشتوکاڵدا سوودی یەکجار زۆری بە مرۆڤ گەیاندووە د قانون ظروف مرتبطە N tilkoblede fartøyer ع قانون سيمون يان قانون أوان مستطرقة E communicating vessels.





**ڕێسای ئۆرگانیک:** Les Lois organiques, organische Gesetze کۆمەڵناسی ئەو قانوونانەی پەیوەندی چۆنی و ناوەڕۆکییان لەگەڵ دەستوور هەیە، واتە بەپێی ئەو ڕێکارەی لە دەستووری تەواوکەردا بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور دیاری کراوە، ڕێسای ئۆرگانیک بوو بە تەواوکەری دەستوور.

**ڕێسای پەیامبەران:** ئاییناسی ئینجیلی کوردی مەتا {٤٠}:٢٢ جا

شەریعەت و پێغەمبەران هەموو بەم دوو ڕاسپاردەیە بەندن.

**ڕێسای تێڕامان:** rules of suspense سینەما ـــینەما چییە لە فیلمدا، ئەگەر بڕیار بوو لە داهاتوودا شتێک زیان بە کارەکتەرەکە بگەیەنێت، لە دیمەنی سەرەتاوە تۆزێکی پیشانی بینەر ئەدەن. پاشان ڕێگە ئەدرێت دیمەنەکە یاری بکات وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت. جار جارە ئەو مەترسییەی لە ئارادایە بیری بینەران ئەکەوێتەوە. بەم شێوەیە بەردەوام ئاستی جێگەی سەرنج بۆ بینەر دروست ئەبێت.










**ڕێسای دابزانی:** داب‌ونەریت قانوونی داب و دەستوور و هەڵسوکەوتی شیاوی کۆمەڵایەتی E social regulation. ☜ ڕێزی ئاسایی

**ڕێسای ڕادەستکردنەوە:** Extradition Act داد نیونەتەوەیی ساڵی ٢٠٠٣ ڕێسای پەرلەمانی بەریتانیایە کە شێوازی داخوازی ڕادەستکردنەوە لە لایەن بەریتانیاوە دیاری ئەکات. ئەم ڕێسایە لە یەکی جانیوەری ٢٠٠٤ پەسەند کرا. ئەم ڕێسایە چوارچێوەی دەسەڵاتی لێپرسینەوەی ئورووپایی بردە ناو قانوونی بەریتانیاوە.

**ڕێسای ڕادەستکردنەوەی بێگانە:** Extradition Act داد نیونەتەوەیی ڕادەستکردنەوە بە واتای ناردنەوەی تاوانبار یان تاوانکار لە لایەن وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر، کە تاوانبار یان تاوانکار لەوێوە هاتووە. بەو پێیەی کە لەم بوارەدا ڕێسایەکی دیاریکراو نییە، وڵاتەکان پەیماننامەی تایبەتییان پێکەوە بەستووە و جۆرەکانی ڕادەستکردنەوەیان دیاری

کردووە. لەم ڕێککەوتنانەدا تاوانبار یان تاوانکار، جگە لە تاوانباری ڕامیاری، ڕادەست ئەکرێنەوە. تاوانباری ڕامیاری بە پێی ڕێسای نێونەتەوەیی بە «پەنابەر» ئەناسرێن و لە مافی پەنابەری بەهرەمەند ئەبن. ع قانون الطرد الخارجي N Utleveringsloven د قانون استرداد.




**ڕێسای شانزەی جولای:** ڕێسا بووبەر ١٨ی برۆمێر بەپێی ئەم ڕێسایەی ١٦ جولای ١٨٥٠، هەموو ڕۆژنامەیەک ئەبوا لانیکەم ٢٤٠٠٠ فرانک پارە بخاتە سندووقی دەوڵەتەوە، باجی تریش بۆ هەر چەشنە بڵاوکراوەیەکی خولاوخولی تریش لە بەرچاو گیرابوو.

**ڕێسای گەمە :** La Regle du jeu فیلم فیلمی ساتیری ١٩٣٩ی فەرانسەیی، دەرهێنانی ژان ڕێنوار.







**ڕێسای مۆرفی :** Murphy's law پەند گۆتەیەکە ئەڵێ: هەر شتێک بتوانێ هەڵە دەربچێت، هەڵە دەردەچێت. ◄ ئیدوارد مۆرفی، شارەزا کە بۆ

**ناسا** کاری دەکرد، پاش ئەوەی لە دوای تاقیکردنەوەیەک یەکێک لە تەکنیککاران وایەرێک بە هەڵە دەبەستێت و، ئەنجامی تاقیکردنەوەکە بێ سوود دەبێت، مۆرفی لە کۆتا سنووری تورەبووندا لە بارەی ئەوەوە گووتی: «ئەگەر یەک رێگا هەبێت بۆ تێکچوونی شتێک ئەوا هەر ئەو رێگایە دەدۆزرێتەوە!» بەو شێوە بناغەی رێسایەک دانرا کە بە ناوی رێسای مۆرفی ناسراوە. ◄ رێساکانی مۆرفی زۆرن بەڵام بناغەکەی ئەوەیە کە ئەگەر یەک دارەت هەبێ بۆ بە کارەسات گەیشتن، ئەوە ئەو رێگایە هەر پێش دێت. ◄ رێساکانی مۆرفی وتەیەکی پێشینیانی بەناوبانگی هەیە لە فەرهەنگی **ژیار و دابی** رۆژئاواییەکان، هەموو شتێک لە خودی خۆیدا تووشی هەڵە و دەردەسەری دەبێت، هەرچەند بە دروستی هەوڵی بۆ درابێت؛ چونکە ئەگەر بریار بێت شتێک تێکبچێت، هەر تێکدەچێت. ئەگەر شتێک لە خراپترین و ناگونجاوترین کاتدا بە هەڵە دەرئەچێ، بە رێسای مۆرفی ناو دەبرێت. ع قانون مورفي N Murphys lov د قانون مورفی.












**رێسایی:** statutory ئاوەڵناو رێگەپێدراوە بەپێی رێسا. ع قانونِي N lovpålagt, lovfestet د قانونی، طبق قانون.

ن: ئەوە دەستدرێژی رێساییە. That's statutory rape.

**رێش:** wound ناویپاوگ برین، زام، بریندابوونی هۆنەی زیندوو بە هۆی برین و قرنجان و شکان و سووتانەوە. ع جرح N sår د زخم.

**ڕێش:** wounded ئاوەڵناوی لێکدراو بریندار، زامدار. ع مجروح N såret د مجروح.

ن: گۆران لە هۆنراوەی «هیوا مەگری»دا سەبارەت بە ڕێش:

ئەگەر وەک باوکە حەسرەت دیدەکەت زەهرت بچێژایە
زەمان گەردی ئەمەلتی گشت بە دەم باوە بپێژایە
حەقت بوو عەرش بلەرزێنی بە ناڵەی گیانی پڕ ئێشت
لە ئەستێرەی سەما بڕژێنی فرمێسکی دڵی ڕێشت!

**سارێش:** healing ئاوەڵناو ناوی چاوگ سارێژ، گۆشتەوزوون، تیمار، چاکبوونەوەی ڕێش و برین. ع معافاة N helbredelse د التيام.

ن: بابا لوڕەی یارسان سەبارەت بە سارێش:

ساقی ناکامم، ساقی ناکامم
جامێ بدەر پێم، ساقی ناکامم
جەو مەیێ کۆنە برێژ نە جامم
هانا! سا بەڵکە سارێش بۆ زامم

**ڕێشکە:** floater ناو ڕەشاییە بچووکەکان چاو ئەیان بینێ وەکوو پەڵەی بچووک و تاڵ و هێڵ و تەنانەت تەونی جاڵجاڵووکە وان. خرێنە هەندێ جار نیشانەی نەخۆشییە. ع عائم N flyter د شناور ن: ڕێشکە و پێشکە.






**ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی کاتالۆنیا:** Catalan independence referendum سەربەخۆیر نیشتمان ساڵی ٢٠١٩ حکومەتی کەتەلۆنیا بەرەنگاری ئۆپەراسیۆنی پۆلیسی ئیسپانیای داگیرکەر بوویەوە و ڕیفراندۆمی بەڕێوە برد. تا کۆتایی ڕۆژی دەنگدانەکە حکومەتی کەتەلۆنیا ڕایگەیاندبوو ڕیفراندۆمەکە بە سەرکەوتوویی ئەنجامدراوە و بە ڕێژەی ٤٣ لەسەدی دانیشتوان بەشدارییان کردووە و زیاتر لە سەدا نەوەدی دەنگدەران دەنگیان بە سەربەخۆیی داوە.



**ڕێکار:** trick ناو شێوازی کار. ع عمل بارع N triks د فوت و فن، شگرد.

**ڕێکامییە:** Juliette Récamier وێژە ڕووناکبیر ناوی تایبەت لە ژنانی ڕووناکبیر و خاوەن کۆڕی پاریس بوو، کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا داژدارانی وێژە و ڕامیاری ڕاکێشابوو بۆ کۆڕەکەی. دۆستی شاتۆبریان بوو.



**ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان:** دامەزراو یەکێکە لە ڕێکخراوە ناحکوومییەکانی بواری یارمەتیدانی منداڵان لە باشووری کوردستان، ساڵی ١٩٩١ دامەزراوە و بۆ باشترکردنی ژیانی منالانی کوردستان لە بواری خێزانی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، دەروونی، بەهداشتی، پەروەردە، فێرکاری و نشینگە تێئەکۆشێ. منالپارێزی کوردستان لە بەریتانیا وەکوو ڕێکخراوێکی جیهانی خێرخوازی تۆمار کراوە.

REG. No. 1027522 UK

**ماڵپەڕ:** http://www.ksc-kcf.org

E KSC ـ Kurdistan Save the Children.

N KSC ـ Kurdistan Redd Barna

ع منظمة انقاذ الطفل

د سازمان نجات کودکان








**ڕێکخستنەوە:** reorder چاوگی تێنەپەڕ چاوگی دوولۆ سەرلەنوێ دامەزراندنەوە، جارێکی تر ڕێکوپێک کردنەوە. ع اعادة ترتیب N ordne igjen د دوباره مرتب کردن.

**ڕێکخەر:** processor ئای تر ناوی فەرمان پرۆسێسۆر، چارەسەرکەر، لێکدەر، ئامێری ڕێکخەری زانیاری. ع المعالج N prosessor د پردازنده. ☜ Central processing unit.




**ڕێککەوتننامەی ڕۆمانیا ١٨ ١٩ :** ڕامیاری ڕووبەر پێش جەنگی جیهانی یەکەم ڕۆمانیا سەرەتا لەگەڵ ئوستریا و ئاڵمان پەیماننامەی واژۆ کرد، بەڵام ساڵی ١٩١٤ بە قازانجی یەکگرتووان چووە ناو جەنگەوە. ئاڵمان بە توندی بەربەرچی دایەوە و بەشێک لە خاکی ئەو وڵاتەی داگیر کرد. ڕۆمانیا، سەرەڕای پێشڕەوی یەکگرتووان، لە ٧ی مەی ١٩١٨، بە هۆی «پەیماننامەی بۆخارست»، بەجیا لەگەڵ دەوڵەتانی ئورووپای ناوەندی ڕێککەوتننامەی ئاشتی واژۆ کرد.

**ڕێککەوتنی پێشەکی :** prenuptial agreement کۆمەڵناسی ڕێسا ڕێککەوتنی دەستەبەرکراوە لە نێوان ژن و پیاودا لەسەر دارایی و داڕدە و جۆری هاوسەرگیری و تەنانەت بەشداربوون و نەبوون لە داڕدە و دارایی هاوسەری کۆچکردوودا. ⟵ **دەستەبەرکراو :** guaranteed ناوی فەرمان کردەیەک کە بە فەرمی سەلمێراوە. ع مضمون N garantert د تضمین شده.

**ڕێککەوتنی فەرەنسە و ئاڵمان ١١ ١٩ :** ڕامیاری ڕووبەر لە کێشەی ١٩١١ی فەرەنسە و ئاڵمان لە مەراکۆ، کە کەشتییەکی جەنگی ئاڵمانی پەلاماری بەندەری ئاگادیری دا، کایۆ، لایەنی گفتوگۆی فەرەنسە و ئاڵمان بوو. ئەم پەلامارە بووە هۆی خۆپیشاندانێکی مەزن لە لایەن پارتی سۆسیال دیمۆکراتی ئاڵمانەوە لە پارکی ترێپتۆی بەرلین. لە کۆتاییدا لە ٤ی نۆڤەمبری ١٩١١ دەسەڵاتی فەرەنسە بە سەر مەراکۆدا سەلما لە بەرامبەر دەسەڵاتی ئاڵمان بە سەر کۆنگۆی فەرەنسەییدا.

بەڵام کێشەکان هەر مانەوە و لە ئەنجامدا بوونە هۆی هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم.





**ڕێککەوتنی فەرەنسە و ڕووسیە ١٨٩٣ :** ڕامیاری بووپەر ڕێککەوتنەوە و واژۆکردنی پەیمانی نوێ بۆ پتەوکردنی هاوپەیمانی سەربازی نێوان فەرەنسە و ڕووسیە.

**ڕێکورک :** dead_end ئاوەڵناوی لێکدراو بنبەست، داخراو، کۆڵانی داخراو، ڕێگەیەک کە تا سەر ناتبات N Blindvei ع طريق مسدود د بن بست.






**ڕێکوڕاست :** downright ئاوەڵناو ئاوەڵکار بێ قەلەودەلە، ڕاست و ڕەوان، ڕووڕاست. ع بصراحة، بكل ما في الكلمة من معنى N rett og slett د بی شیلە و پیلە.

**ڕێکوەند :** phrase ڕێزمان ناوی لێکدراو دەستەواژە، دەستەیەکی بچووکی وشە کە لە تەنیشت یەکەوە چەمکێکی تایبەتیان هەیە، وەکوو یەکەیەکی

وێنایی لە پێکهاتەیەکی کارلێک uttrykk N العبارة ع عبارت د.

**گوتەی سەرزار:** catchphrase قسەیزار، قسەیسەرزار، میەردەم، میەرزوان، وتەی زار، وشەی دەم، دەستەواژەی گرتن. شعار ع slagord N تکیەکلام د.

**ڕێککوشین:** squeezing ناوی‌لێکدراو خستنە بن گوشارەوە، زۆرهێنانی بە تەوژم بۆ کەسێک یان شتێک لە هەموو لاوە. ضغط شدید ع klemme N درهم فشردن د.

**ڕێکۆردنامە:** پەرتووک یان پەڕاو و نامیلکەی تۆمارکردنی پلە و ڕێکۆردە جیهانییەکان، وەکوو ئینسیکلۆپێدیای گینس.







**ڕێگا:** La Strada فیلم درامای ئیتالیایی ١٩٥٤، دەرهێنانی فێدێریکۆ فێلینی.








**ڕێگر:**❶ hamper ناو فەرمان کۆسپ، کێشە، تەگەرە، ڕێگەلێگرتن و تێکدانی کار و پێشکەوتنی کەسێک یان ڕەوتێک. عرقلة ع hemme N

د مانع.

**ڕێگر:**❷ intercept ناو ناوی فەرمان بەرگر، کۆسپ، بەربەند، ڕێ لێگرتن، ڕێ پێ بەستن. ع عرقلة N barriere د مانع E hurdle. ☜ ڕێگر





**ڕێگۆلۆس:** Marcus Atilius Regulus سەربازی (٣٠٧ـ٢٥٠پ.ز†) سەرداری ڕۆمی بە لەخۆبوردوویی و پەیماندروستی بەناوبانگە و، هەر ئەم ئەمەگدارییە بووە هۆی ئەوەی لە کۆتایی ژیانیدا بگیرێ و لە بن ئەشکەنجەدا گیانی لەدەست بدات.




**ڕێگەی ئاسان بۆ دابەزاندنی کێش:** EASYWEIGH to Lose Weight لە ١٧ وانەی سەرەکیدا، نووسینی ئالێن کار. ئالێن کار لە ڕێگەی پەرتووک و بەرنامەکانییە کاریگەری ئەرێنی لەسەر ملیۆنەها کەس هەبوو و هانی داون بەرەو ژیانێکی خۆش و باش. ☜ ڕێگەی ئاسان







**ڕێگەی بەرەو سوان:** رۆمان بەرگی یەکەمی ڕۆمانی بەناوبانگی **گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو**، نووسینی مارسێل پرووست، وەرگێڕانی سیامەند شاسواری، چاپی غەزەلنووس. یەکێک لە ڕێگەکان بەرەو دەرەوەی شار، بۆ سەرا و باخی یەکێک لە پێرسۆنا سەرەکییەکان «سوان»ی کوڕە کزیری جوولەکە، ئەرواێ و کورتییەکەی بووە بە **ڕێگای بەرەو سوان**. ☜ کزیر







**ڕێگەی ڕاست بگرە:** ئایینناسی زەبووری داوود یان سام Psalm بە زمانی لاتین، بەشی ١٠٧ بەندی ٨ ئەڵێ: ئەوان ڕەنگە بچنە شارێک و ئەو ڕێگەی ڕاستیان پیشان بدا.

**ڕێگەی ژیان:** The Road to Life فیلم فیلمی ١٩٥٥ی ڕووسی دەرهێنانی ئالێکسەی ماسلیۆکۆڤ، ژێوەرگرتن لە ڕۆمانی ئانتۆن ماکارێنکۆ.









**ڕێڵاس:** shameless ئاوەڵناو نەسەلار، سلسار، گوستاخ، بێشۆ، دەمسوور، کەڵپەزە د وقح N skamløs د قبيح.

**ڕێمس:** Rheims جوگرافیا لە شارەکانی پارێزگای شامپاین ـ ئاردن لەسەر چەمی ڤۆڵ، لە باکووری ڕۆژهەڵاتی فەرانسە. لە شارە گرنگەکان بووە و پایتەختی زۆر لە شاکان بووە.








**ڕێنان:** Ernest Renan فەیلەسووف (١٨٢٣ ـ ١٨٩٢) فەیلەسووف و نووسەر و زانای ژیار و زمانە کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. تیۆری ڕامیاری ڕێنان لەمەڕ شوناسی نەتەوایەتی زۆر گرنگە.






**ڕێنامە:** guide ناو ڕابەر، بەرنامە، پەیڕەو، ڕێبەر، پێڕستی ڕێنموونی شار و وڵاتان. ع مرشد N guide د راهنما.



**ڕێنس:** Reims Cathedral ئاپیناسر کڵێسای ئارشیدۆکنشینی ڕێنس کە شای فەڕانسە لەوێ تاج لە سەر ئەنێ، لە شاکارەکانی گۆتیکە، لە ماوەی جەنگی جیهانی یەکەمدا زیانی زۆری پێگەیشت.



**ڕێک منیش لام وایە:** My sentiments exactly گۆتە بۆ دەربڕینی هاودەنگی و هاوهەستی دارماڵ بەکار دێت.

«کۆڕەکە هەرچەند دووروودرێژ بوو، بەڵام سەرنجڕاکێش بوو.»

ـ«ڕێک منیش لام وایە!»

**ڕێنۆدل:** Pierre Renaudel ڕامیار (١٨٧١ ـ ١٩٣٥) پییەر ڕینۆدل، سۆسیالیستی

فەڕانسەیی.

**ڕێنە :** وێژە Renéی شاتۆبریان (١٧٦٨ـ١٨٤٨)لە لای هەندێ ڕەخنەگر بە باشترین نموونەی ئەوینی ڕۆمانتیک ناسراوە، لە کاتێکدا شازادە دوکلیڤی Princesse de Clèves دو لا فایت (١٦٣٤ـ١٦٩٣) بە بەرداشتێکی کلاسیک و ئاریستۆکراتی ئەوین دانراوە.







**ڕێنێ دێکارت :** René Descartes فەیلەسووف نووسەر (١٥٩٦ـ١٦٥٠) فەیلەسووف، بیرکار و شارەزای فیزیک و نووسەری فەڕانسەیی بوو، نازناوی «باوکی فەلسەفەی نوێ» پێ دراوە.

: «هەرگیز هیچ شتێک وەک ڕاستی پەژێرە مەکە و، هەمیشە پازە و پڕنووی پشت هەموو کێشەیەک بپشکنەوە.»












**ڕێنێ فۆشوا :** René Fauchois نووسەر (١٨٨٢ـ١٩٦٢) دراماتیستی فەڕانسەیی.





**ڕێوار:** ناوبکەر ڕاستگۆ.

**ڕێواس:** rhubarb ڕووەک ناو گیایەکی مێنەرە، لاسک درێژ و باریکی گوڵینگەدار، کەسکی کاڵ و ترشە، بۆ خواردن ئەشێ. ← **قاڵاقنگ:١** ڕووەک ناو باسکلاو، کلاوبن **قاڵاقنگ:٢** ڕووەک ناو جۆرێک ڕێواسی کورتەبنەی قەدئەستووری گەلاپانە. ← **مێنەر:** persistent ڕووەک ناو بە گیایەک ئەوترێ لە دوو ساڵ زیاتر بمێنێ.






**ڕێوان:** constable هێمنر ناوبکەر [ڕێ {ڕێگە} + وان] ئاگاداری ڕێگە، پارێزەری

ڕێگە، پۆلیسی سەر ڕێگە.

**ڕێوان:** guide ڕابەر ناوی‌بکەر ڕێناس، ڕێزان، چاوساغ.

**ڕێورا:** improvisation ئاوەڵناو نەستڕەنی، داهێنان، چارەسەری داهێنەرانە، گورج لە ڕێگەوە، دەسبەجێ، بەبێ ئامادەکاری، بێ پێشەکی. ع في البداهه، بديهه N improvisasjon د في البداهه، ارتجالي E improvisational,improvise, extempore. هەنبانە بۆرینە

**ڕێوییە بچووکەکان:** The Little Foxes فیلم فیلمی درامای سینەمایی ١٩٤١، دەرهێنانی ویلیەم وایلەر.




**ڕیاڵ:** ❶ syrup ناو شەربەتی دەرمان کە لە ڕینگاڵ خەستترە، هەنگوین و دۆشاوی پاڵاوتە. ع شراب مركز N sirup د شربت.

**ڕینگاڵ:** juice خواردنەوە ناو گیراوەی شل، شەربەت، ئاوی میوە N juice ع عصير د شربت.



**ڕیاڵ:❷** sap ناو شیلە، ئاوگ، شیلاو و گوشراو، هێماپر کاکڵ و ناوەڕۆک و ماک و سۆڵانی هەر شتێک.

**ڕیاڵی هەنگوین:** filtered, refined honey خۆراک ناو ڕاو، دوبەی، پالآفتە، شیلەی هەنگوینی ڤاڵکراو. ع عصارە N sevje د عصارە.



**ڕیاڵ:❸** real ناو یان reale بە واتای پاشایەتی royal ڕیاڵی ئیسپانیا، لە سەدەی چواردە لێدراوە، ٣٢ ڕیاڵ یەک دۆبلوون بووە و، کێشی یەک دۆبلوون ٦,٨٦ گرەم زێڕ بووە.




**ڕیبۆ:** Alexandre Ribot ڕامیار (١٨٤٢ـ١٩٢٣) ئەلکساندر ڕیبۆ، ڕامیاری

فەڕانسەیی. لە جەنگی جیهانی یەکەم وەزیری دارایی بوو و ساڵی ١٩١٧ ماوەی چەند مانگ سەرکوەزیران و پاشان وەزیری دەرەوە.







**ریتا هەیوۆرس:** Rita Hayworth **هونەرپیشە** **سەماکار** (١٩١٨ـ١٩٨٧)
هونەرمەندێکی ئەمریکی بوو، لە چلەکانی سەدەی بیستەمدا وەکوو ئەستێرەیەکی پرشنگدار دەرکەوت، سەرەتا ژیانی هونەری وەکوو سەماکەرێک لە یانەی شەوانە دەستی پێکرد. دواتر لە سینەما دەرکەوت و بوو بە یەکێک لە ئەستێرەکانی هالیوود، نەک بەتەنها لەبەر ئەوەی هونەرمەندێکی توانا بوو، بەڵکوو مێینەیەکی سەرنجڕاکێش بوو و نازناوی شاژنی یەکەمی درووژێنەری لێنرا. ڕیتا هەیوۆرس زیاتر لە ٣٧ ساڵ خزمەتی هونەری کرد و نزیکەی ١٦ فیلمی دەرکرد، پێنج جار هاوسەرگیری کرد، یەکەمیان لەگەڵ ئیدوارد جۆدسۆن بوو و ماوەی پێنج ساڵی خایاند، دووەمیان لەگەڵ ئۆرسۆن وێلز بوو و بە هەمان شێوە پێنج ساڵی خایاند؛ سێیەم هاوسەرگیری لەگەڵ کەسایەتی هیندی علی ئاغا خان ئەمیر بوو و منداڵێکی لێ بوو و ناویان نا یاسەمین؛ دواتر هاوسەرگیری لەگەڵ دیک هیمس کرد، کە دوو ساڵ بەردەوام بوو. دوا هاوسەرگیریشی لەگەڵ جیمیس هیل بوو و بۆ ماوەی سێ ساڵ بەردەوام بوو. ڕیتا هەیوۆرس ساڵی ١٩٤٨ کە تازە هاوسەرگیری لەگەڵ علی خان کردبوو، سەردانی میسری کرد و کامیلیای هونەرمەندی شەیدای شا فاروق زۆر ئێرەیی پێبردووە و لە ڕۆژنامەکاندا ڕایگەیاندووە کە بە دوای علی خاندا دەگەڕێت و هاوسەرگیری لەگەڵدا دەکات. خەونەکەی کامیلیا هاتە دی

و چاوی کەوت بە علی خان و ڕێککەوتن گەشتێک بە نێو جیهاندا پێکەوە بکەن، یەکەم گەشتیان بە فڕۆکەی میرلاند بوو بۆ ئەمریکا، بەڵام دوای هەڵفڕینی فڕۆکەکە بە ١٠ خولەک لەسەر شاری بلبیس فڕۆکەکە تەقیوە و کامیلیا و علی خان مردن و خەونی هاوسەرگیریەکەشیان کۆتایی پێهات. ڕیتا هەیوۆرس لە وڵاتی میسر مایەوە وەکوو میوان، تاکو لە ساڵی ١٩٨٧ لە تەمەنی ٦٨ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.











**ڕیتم:** rhythm موزیک ناو ڕیتم یان ئاهەنگ یان کێشی موزیک {لە وشەی یۆنانی rhythmos بە واتای «هەموو تێڕژان یان لێشاو و جووڵەیەکی پێوراوە، هاوشێوەیە»} بریتییە لە گۆڕانی درێژی (درێژبوونەوە) و دووپاتکردنەوەی زنجیرەیەک لە دەنگەکان یان کۆمەڵێک ڕووداوی تر. ڕیتم درێژی لێدان لە موزیکە بۆ کێشدارکردنی نەوایەکی موزیکی. واتە دووپاتی بەردەوامی جووڵەیەکی پایەدار لە یەک کاتی دیاریکراو لە موزیکدا ڕیتم یان کێشی پێ ئەوترێ.

ویژە ڕیتم یان کێش لە بواری تریشدا بەکار ئەبرێ وەکوو ڕیتمی وشە، ڕیتمی هۆنراوە.







**ڕیتۆگۆمێنۆل:** rhinogomenol دەرمان ناو ڕۆنێکی ئیکسیرییە، بۆنێکی توندی کافووری هەیە.




**ڕیچارد بەیسهارت:** Richard Basehart هونەرپیشە (١٩١٤ـ١٩٨٤) هونەرپیشەی ئەمریکایی.

**ڕیچارد شتراوس:** Richard Strauss ئاوازدانەر (١٨٦٤ـ١٩٤٩) مایسترۆ و موزیکزان.





**ڕیچاردی سێیەم:** Richard III شا (١٤٥٢ـ١٤٨٥) پادشای ئینگلیز لە سالانی ١٤٨٣ تا ١٤٨٥.









**ڕیچە :** snarl ئاوەڵناو پێکەنینی دەستکرد کە ددانەکان لێک ئەساوری. ع زمجر N narre د ددان قرچە کردن.



**ڕیخۆڵە :** intestine ئاناتۆمی ناو لە ئێسکدارانداا بەشی خوارەوەی کەناڵی کۆئەندامی هەرسە لە کۆتایی گەدە تا کۆم. ع الأمعاء N tarm د رودە.




**ڕیزبەند :** echelon سەربازی ناوی لێکدراو ستوون، پۆل، ئێشلۆن، پێکهاتەیەکی سەربازییە، وەک ڕیزی فڕۆکە بە ئاسمانەوە یان ستوونی سەرباز N echelon ع نسق د ردە.



**ڕیزۆتۆ:** risotto خۆراک ئاشپەزی خواردنێکی ئیتالیاییە بە برنج و سەوزی چاک ئەکرێ، خواردنێکە لە نێوان شلە و پلاودا.




**ڕیزۆریمەنتۆ:** Risorgimento سەربەخۆیی بزووتنەوە ناو بە ئیتالیایی il Risorgimento بزووتنەوەی یەکگرتنەوەی ئیتالیا، بزووتنەوەی ڕامیاری کۆمەڵایەتی ڕزگاریی نیشتمانی ئیتالیا کە بە هۆیەوە هەرێمە جیاوازەکانی نیمچە دورگەی ئیتالیا لە سەدەی نۆزدە لە چوارچێوەی دروشمی ڕزگاری نیشتمایدا لێک کۆبوونەوە و یەکیان گرت و ئیتالیای سەربەخۆی یەکگرتوویان بەدی هێنا. ئەم بزووتنەوەیە بە کۆنگرەی ڤیەنا لە ١٨١٥ دەستی پێکرد کە لە ١٨٦١ پاشایەتی ئیتالیای دامەزراند و ١٨٧١ ڕۆمای کرد بە پایتەخت. ☜ زەرگەتە







**ڕیستۆری:** Adelaide Ristori هونەرپیشە (١٨٢٢ـ١٩٠٦) لە هونەرمەندە ناسراوەکانی شانۆی تراژێدی ئیتالیا لە سەدەی نۆزدەدا.




**ڕیسک:** risk ناو ڕادەی مەترسی لە سەر شتێک. تێبینی: کاتێک مەبەست ئەوە بێ مەترسی کارێک کەم یان زۆرە ڕیسک زیاتر ئەو واتا ئەگەیەنێ: ڕادەی مەترسی تووشبوون یەکجار زۆرە. : ڕیسکی ڕادەی گۆجبوون بە هۆی جگەرەوە بە تەواوەتی ئاشکرایە. ڕێگەی ئاسان

**ڕیسک و سەرکێشی:** ڕێزمان abenteuer, adventure, risicare, risico, risk

◁ وشەی **ڕیسک** تازە هاتۆتە نێو نوسینی کوردیەوە، هاوردەیەکی زیادەیە، چونکی لە زمانی کوردیدا وشەی سەرکێشی و سەربزێوی و چەند وشەیەکی دی بە واتای «مجازفة، مغامرة» هەن، هاوردنی ئەم وشەیە بۆ نێو زمانی کوردی کێشەی زۆرە.

◁ وشەی «ڕیسک» دەچێتەوە سەر وشەی ئیتاڵی **ڕیسیکۆ** واتا سەرکێشی، ئەمیش دەچێتەوە سەر کرداری لاتینی **ڕیسیکارێ** واتا ڕێچکەگرتنی پڕ مەترسی، وەک لە کوردیدا دەوترێت: : ڕۆیشتن بە ڕێگەی هات و نەهات.

◁ وشەی ڕیسک بە واتای ڕێچکە نایەت. ڕێچکە و ڕیسک جودان، ڕیسک ڕێچکە نیە، ئەگەر فەرهەنگێک پڕ بە واتاکەی خۆی فەرهەنگ بێت، ئیدی بە یەک دێڕ ڕێسەکە دەنوسێتەوە.

[ناو + پاشگری بچووککردنەوە]: چکە، وێچکە، چە، وڵە، یلە،.. تاد

[ڕێ + چکە] = ڕێچکە واتا ڕێی بچوک و باریک.

◁ بە فارسی وشەی **ماجرا** بە واتا عەرەبیەکەی **ما—جری** (چی ڕووی دا؟) بەکار هاتوە، واتا بەسەرهات و قەومان و سەربردە. بەڵام لەوەدا واتای نەپێکاوە کە هەم بە واتای **سەرکشی**ش بەکار براوە. چونکی هەموو سەرکێشیەک بەسەرهاتە، بەڵام خۆ هەموو بەسەرهاتێک سەرکێشی نیە! هەموو سەرکێشیەک گەڕان و دۆزینەوەی جۆگرافیایەکی نوێ و کایەکی تازەیە، بەڵام هیچ کام لەم شتانە مەرج نین بۆ بەسەرهات!

هەموو سەرکێشیەک لێوانلێوە لە بزێوی و بوێری و یاخیگەری و جێگۆڕکێ و تورەیی و ترس و مەترسی و ئەوین، بەڵام هیچ کامیان شمەرجیەرتی سەرگوزەشتە و بەسەرهات نین.

◁ وشەی **سەرکێش** گونجاوترە لە {سەرکەش، سەرکەڕ، سەرچڵ، سەرچیا، سەرکێو}، چونکی سەرکێش دەبێتە هەڵگری واتایەکی جیاواز لە هەمو ئەو وشانەی سەرەوە کە ئاماژەی دۆخێکی وەستاوی لوتکەی شاخە، بەڵام سەرکێش ئاماژەی دۆخێکی بزێو و بوێر و یاخی و سەرسەخت و جێگۆڕکێ و چاونەترسە، واتە هەڵگری واتای کۆی ئەم وشانەیە {جەربەزە، سەربزێو، سەرەڕۆ، سەرسەخت، لاسار}، چونکی هەر وشەیەک لەم وشانە هەڵگری یەک دو ئەدگارە، بەڵام سەرکێش هەڵگری گشت ئەدگارەکانە.

کامیلۆ کافرۆشی

**ڕیسن:** Ricin کیمیا ژەهر ناو ژەهرێکی سروشتییە لە تۆوی ڕووەکدا هەیە، توێکڵەکەی دڕکدارە و دەنکەکەی وەکوو فاسۆلیای چیتی وایە، دەزگا سیخوڕییەکان وەکوو چەک بۆ کوشتن بەکاریان هێناوە، بەڵام ئەیبرین ٧٥ جار کوشندەترە لە ڕیسنە و هیچ دژەژەهرێک دەرەقەتی نایەت. ع

الريسين N ricin د ریسین.



**ڕیسوایی واترگەیت:** Watergate scandal گەورەترین ڕێسوایی ڕامیاری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ١٩٧٢ تا ١٩٧٤، لە شوێنێک بە هەمان ناو، کە بووە هۆی کشانەوەی ڕیچارد نیکسۆن.

**ڕیسی:**❶ fodder ناو گزرە، گیای گێرەکراو، گیای درواوەی وشک بۆ خواردنی ئاژەڵ. ع علف الماشية N foder د گیاه درو شده.



**ریسی:❷** grass bouquet ناو چەپکە گیای دووراوی وشکەوەکراو، بۆ جوانی و ناو گوڵدان یان بۆ ئاڵف کو پایز و زستان ئەدرێ بە پاتاڵ و وڵسات N Gressbukett ع باقة العشب د دستە گیاه.



**ریشاڵی:** fibrous ناو پێکهاتوو لە ریشاڵ. ع لیفي N fibrøst د لیفی.

**ریشاڵی گرافین:** graphene fiber پەترۆکیمی ناو ریشاڵێکی نوێی کاربۆنی کارایی بەرزە و کارایی دەوڵەمەندی هەیە. دروستکردنی بە شێوەیەکی بەرچاو پرۆتۆکۆڵێکی نوێ بۆ دروستکردنی ریشاڵی کاربۆنی تەنها لە گرافیتی کانزایی نیشان دەدات. ع ألیاف الجرافین N Grafenfiber د الیاف گرافن.



**ریشۆڵە:** starling باڵندە ناو گاوانی، سێرۆ، باڵندەیەکی خۆدەرخەری هاروهاجە، بە فرینێکی خیرا و خۆحەنەوە. ناوی زانستییەکەی sturnus vulgaris و لە تیرەی (sturnidae)ـەیە. جاری وا هەیە بە کۆمەڵی گەورە ئەبینرێن. لە زۆربەی جیهاندا هەن، لە لێرەوار و گوند و باخ و مێرگوزار ئەژین. مێی گاوانی ٥ تا ٧ هێلکە ئەکات، جووجەکان لە ١٢ تا ١٥ رۆژ

ئەگووڕێن و لە هێلکە دێنە دەرەوە، پاش ٢٠ ڕۆژ ئەفڕن. ٤ زرزوریات
N starling د سار.



**ڕیشوو:** باڵندە ناو ڕیشۆڵ، بادراوی هەڵوەشاوەی کەناری کووتاڵ، قەیتانێکی بە ڕیشاڵ هۆنرابێتەوە و بە لێواری جلکەوە شۆڕ بێتەوە. گوڵینگەی ئاوریشمی تایبەتی کۆچکەی ژنانی مەنگوڕە کە بریتییە لە دەوری ١٠ گوڵینگەی ئاوریشمی ڕەش، درێژاییان هەندی ٣٠ سانتە و بنیان بە مەودای ٧ سانت هەر بە هەمان ئاوریشم بەستراوە و لاسکێکی ٢٠ سانتیان پێوەیە کە سەرجەم لێک گرێ دەدرێن و چەپکە گوڵینگەیەکی قورس پێکدێنن. بنی ئەو گوڵینگانە بە دەرزی و دەزووی ڕەش پێکەوە دەبسترێنەوە تا ئاڵۆز و بڵاو نەبن. ڕیشوو بە هۆی دەرزیلەوە لە کۆچکە قایم دەکرێ و بە سەر شاندا شۆڕ دەبێتەوە.



**ڕیشەدار:** rooty ئاوەڵناو ڕەگاوی، بنجدار، بنجئاسا، ڕەگاژۆ، ڕەگئاسا، ڕەگڕەگ، ڕەگڕەگاوی، ڕڕەگ. ع جذري N rotaktig د دارای ریشە، ریشەای.

**ڕیشەدارترین:** rootinest

**ڕەگدەرکردن:** rooting

**ڕیکۆتا:** ricotta cheese شیرەمرنر ناو ڕیکۆتا پەنیرێکی سپی تەڕی ئیتالیایی کەم خوێیە و لە کوڵاندنەوەی ئاوپەنیری کەمچەووری شیری مەڕ، مانگا، بزن، یان بۆفالۆی ئیتاڵی دروست دەکرێت. ع ریكوتا N ricotta د ریکوتا.




**ڕیگی:** Righi ناوی جێگا کوێستانێکە لە سویسرا، بەرجەوەنی زۆر جوانی هەیە و ژمارەیەکی باش تۆریست پەلکێش ئەکا بۆ سەر لووتکەکەی.



**ڕین-تین-تین:** Rin_Tin_Tin سینەما ناوی تایبەت سەگی زیرەکی زنجیرەی منداڵانی ئەمریکایی ١٩٥٩ بە ناوی ڕەهاتەکانی ڕین-تین-تین، تەلەڤیزیۆنی ١٦٤ بەشی لێ بڵاو کردەوە.








**ڕینگاڵ:** juice ناو گیراوەی شل، شەربەت، ئاوی میوە N juice ع عصیر د شربت. ⇦ **ڕیاڵ:** syrup ناو شەربەتی دەرمان کە ڕینگاڵ خەستترە، هەنگوین و دۆشاوی پاڵاوتە. ع شراب مرکز N juice د شربت. ⇦ **خۆشاو:** ناو Compote خواردنەوە {لە فەرانسەی کۆنی composte} کەمپوت، میوەی کوڵاو بە تۆزێ شەکر و گوڵاو و هێلەوە، میوەی کوڵاوی کۆنسێرڤکراو N kompott د کمپوت. ⇦ خۆشاوی باوی کوردی زیاتر بە هەرمێ کرۆسک و قەیسی و بەهێ و مێوژە ساز ئەکرێ. ⇦ **لاچەژ:** jam ناو میوەیەک لە ناو شەکردا کوڵێنرابێ و خەست کرابێتەوە، جگە لە گوڵاو و هێل و دارچین، کە بە دڵخوازە، لیمۆ یان پارێزەر بۆ لاچەژ پێویستە، بۆ ئەوەی شەکرەکەی ڕوخس نەکات و نەگەڕێتەوە N syltetøy ع د مربا.

☜ ڕینگاڵ: ئاوی میوە،

☜ خۆشاو: میوەی کوڵاو لە ناو ئاو،

☜ لاچەژ: میوەی کوڵاو لە ناو شەکر.



**ڕینگاڵی کەوت:** maple syrup شێلە ناو خۆشاوی کەوت، لە شیلەی درەختی کەوت دروست دەکرێت. لە کەشوهەوای سارددا ئەم درەختانە پێش زستان نیشاستە لە گەڵا و ڕەگەکانیاندا پاشەکەوت دەکەن؛ پاشان نیشاستە دەگۆڕێت بۆ شەکر و لە کۆتایی زستان و سەرەتای بەهاردا بڕەکەی زۆرتر ئەکات. درەختەکان وەکوو دار قەزوان کون ئەکرێت و کوچەڵەی لێ هەڵئەبەسترێت، شیلەی کۆکراوە بە کوڵاندن ئەکرێت بە ڕینگاڵێکی خەست و خوڵ، بۆ بەرچای و لەگەڵ بەستەنی یەکاوکەکە. ع شراب القیقب N Lønnesirup د شیرە درخت افرا.




**ڕینگانەوە:** nonsense چاوگی تێنەپەڕ فرەوێڕی بێهوودە، چەنەکوتان، دەمەمراشی، ژاژەژاژ، وڕاوە، هەڵەبێژی. ع سفاسف N tull د مهمل گویی.

**ڕینگە:** mutter ئاوەڵناو بۆڵە، بۆڵەبۆڵ، پرتەپرت. ع تمتم N mumle د لندیدن، غرغر.

**ڕیۆ گراندە:** Rio Grande فیلم فیلمی وێستێرنی ١٩٥١ی ئەمریکایی، دەرهێنانی جان فۆرد.



**ڕیوەڵە :** petty_foggery داد هێماپێر ئاوەڵناو دادوەری ڕیوەڵە، دادوەرێکی قانوونەزانی بێ کەسایەتی و فێڵەباز. ⇦ بەپێی فەرهەنگی مێریام-وێبستەر، «پێتیفۆگری» بریتییە لە «قسەکردن لەسەر وردەکارییە بێ بایەخەکان» یان «سەرقاڵبوون بە کاری ساختەکاری ڕێسایی». لە ڕاستیدا کردارەکە لە ناوی «pettifogger» دروست بووە، کە لە سەدەی ١٦دا بەکارهاتووە بۆ وەسفکردنی ئەو کەسانەی بە پارەیەک لەسەر وردەکارییە بچووکەکان مشتومڕیان ئەکرد.

**ڕیەکا :** Rijeka جوگرافیا بەندەر لە گرنگترین بەندەر و ناوەندە پیشەسازییەکانی کرۆڤاتیایە. ئەم شارە تا بەر لە جەنگی جیهانی یەکەم بە ناوی فیوم Fiume هی هەنگاریا بوو. ع ریێکا N Rijeka د ریجکا.








**ریێەت :** rillette ئاشپەزی ناو جۆرێک کولێرەبەقیمەیە لە گۆشتی بەراز یان قاز ساز ئەکرێ.





{Letter Z}

**زاخ:** alum کیمیا ناو گیراوەیەکی تفتی بێڕەنگە لە سولفاتێکی دوانەی ئالۆمینیۆم و پۆتاسیۆم پێکهاتووە، لە دەرمانسازی و ڕەنگرەزی و خۆشەکردنی پێستە سوودی لێ وەرئەگیرێ. ع الشب N alun د زاج. ⇦ **زاغ:** ناو گۆڕەیانی درووێنە، بەشێک لە کێڵگە. ن: پاڵە خۆی بوو و زاغەوان خۆی. ن: زاغێکی داگیرکردبوو: واتە دەستی بەسەر بەشێکی گەورەی زەوییەکەدا گرتبوو.











**زاخۆن:** crypt, cave جیۆلۆجی ناو کوول، کەوێڵ، زاخە، ئەشکەوتی قووڵ. ع کهف N krypt, hule د دخمە.





**زاراو:** accent زمانەوانی ناو دەراو، شێوازی ئاخافتن و گۆکردنی بێژەی زمانێک بە تایبەت هی نەتەوە یان ناوچە یان چینێکی کۆمەڵایەتی. ن:

⇦ کاتێک بە ئینگلیزی قسە ئەکات زۆر زاراوناخۆشە!

⇦ سوورەی ئەمریکایی زاراوێکی کوردی زۆر خۆشی هەیە!

**زاراوە:** idiom زمانناسی ئاوەڵناو ئیدیۆم، دەستەیەک واژە خاوەنی واتایەکن جیا لە واتای واژە تاکەکەکان؛ دەربڕینێک بێژەری ڕەسەنی زمانێکی زگماک بە ئاسایی تێی ئەگات. ع تعبیر اصطلاحي، مصطلح N idiom د مصطلح، اصطلاح عامیانە. ⇦ **زاراوە، ئێدیۆمە و دەستەواژە، فرەیزە.**

ن: **بوێرە خەو ببینە:** Dare to dream سەرکەوتنت بە مسۆگەر بزانە.

ن: **پەپوولە لە سکم دایە:** Butterflies in my stomach کەشتەنگم.

ن: **٧/ ٢٤:** Twenty_four hours a day هەموو کات، لە کۆڵم نابێتەوە.

ن: **کەمجیکەڵدان:** A short fuse کەسێک کە زوو هەڵئەچێ.

ن: **پشیلە زمانی گەستووە:** Cat got her tongue زمانی بەستراوە.

⇦ **شێوەزار:** dialect ڕێزمان زاراوە، دیالکت، شێوازێکی تایبەتی زمانێک، کە تایبەتە بە ناوچەیەکی دیاریکراو یان پۆلێکی کۆمەڵایەتی. ع لهجة N dialekt د لهجة. ن: زاراوەی زازا یان ئەدەڵانی.




**زارەگا:** ڕووەک بە فەرەنسە Pensées نووسراوە کە جۆرێکە لە snapdragon، بە کوردی ئەکاتە زارەگا یان گوڵە مەیموونە. گوڵێکی ڕازێنەر و نەژەهراوییە، هەرچەند لە ڕواڵەتدا لە کەللەسەر ئەچێ و بە سەری ئەژدیها چوێنراوە، بەڵام پێناچێ پەیوەندی بە ژەقنەمووتەوە هەبێ کە هەندێ جار بەو واتایە دانراوە. وشەی (snapdragon) یان (Snapdragon flower skull) بە واتای گوڵی سەرە ئەژدیها، جیاوازە

لەو وشەی {شجرة الزقوم} لە قورئاندا کە بە واتای ئەو درەختەیە کە کەللە سەری شەیتانانی پێاهەڵواسراوە. ژەقنەمووت بە شتێکی تاڵی وەک ژەهری مار وتراوە، لە کاتێکا گوڵە مەیموونە تەنها ڕواڵەتی بەری ڕووەکەکەی پاش وشکبوونەوە لە کەللە سەر ئەچێ. داری ژەقنەمووت ڕەنگە بکاتە {شجرة الزقوم}، بەڵام {شجرة الزقوم} ناکاتە {snapdragon}، هەروەک خودی عەرەبەکان لە ئینگلیزییەکەی {شجرة الزقوم} لە ویکیپێدیا نووسیویانە: {Zaqqum} ☜ داری ژەقنەمووت.



**زاغ:** ناو گۆڕەپانی دروێنە، بەشێک لە کێڵگە. **ن:** پاڵە خۆی بوو و زاغەوان خۆی. **ن:** زاغێکی داگیرکردبوو: واتە دەستی بەسەر بەشێکی گەورەی زەوییەکەدا گرتبوو. ⇦ **زاخ:** alum کیمیا ناو گیراوەیەکی تفتی بێڕەنگە لە سولفاتێکی دوانەی ئالۆمینیۆم و پۆتاسیۆم پێکهاتووە، لە دەرمانسازی و ڕەنگرێزی و خۆشەکردنی پێستە سوودی لێ وەرئەگیرێ. ع الشب N alun د زاج.

**زاک:** bone joint توێکاری ناو شوێنی لکانی جمگە. ع مفصل العظام N beinledd د سربند مفصل. ☜ جمگە



**زراڤ:❶** transparency ناوی چاوگ ڕوون، هوەیدا، شووشەیی، وەندی، هێسنێک کە ئەودیوی لێوە دیاربێ. ع شفاف N åpenhet د شفاف.




**زاڤابەندی:** ناونیشکە زاوا ڕێوی، ئەو شووەی لە ماڵە باوانی ژنەکەی ئەژی.

**زاکوون:** law داد ڕێسا، قانوون. ع قانون N lov د قانون قاطع.

**زاگۆن:** law داد ڕێسا، قانوون، ئایینامە، ئادیننامە. ع قانون N lov د قانون قاطع.

**زاڵ:** zāl ئایین‌وئەفسانە ناوی تایبەت یان دەستان یان زاڵی پرچ سپی لە پاڵەوانانی ئەفسانەیی شانامە، کوڕی سام و هاوسەری ڕوودابە و باوکی ڕۆستەمە. سام پێی خۆش نەبوو مووی کوڕەکەی سپییە، لە بناری کێوی ئەلبورز فڕێی دا. سیمورگ زاڵی دۆزییەوە، بردییە لای خۆی و گەورەی کرد و، تا کۆتایی ژیان پشتیوان و یاوەری خۆی و کوڕەکەی ڕۆستەم بوو. کاتی جیابوونەوەی زاڵ، سیمورگ سێ پەڕی خۆی ئەدات بە زاڵ، تا کاتی تەنگانە ئاگری بدات و سیمورگ بچێت بۆ یارمەتی و دەربازکردنی لە ئاریشە و تەنگوچەڵمە. ڕوودابەی ژنی زاڵ، کاتی منداڵبوون کێشەی ئەبێت. زاڵ یەکێک لە پەڕەکان ئاگر ئەدات، سیمورگ دەسبەجێ پەیدا ئەبێت و یارمەتی ئەدات و ڕۆستەم بە تەندروستی لەدایک ئەبێت. لە کۆتاییشدا دوو پەڕەکەی تر ئەدات بە ڕۆستەمی کوڕی، تا ئەو کاتی تەنگانە بەکاری بهێنێت.






**زاڵبوون:** prevail [داد] سەرکەوتن، خۆسەلماندن بەسەر دوژمندا. [ع] تسود [N] seire [د] غالب شدن، چیرە شدن [E] overcome.

**زاڵگەه:** Checkpoint [ئاسایش] خاڵی پشکنین، زاڵگە، پرسگە، پاسگە، بنکە. [ع] نقطة تفتیش، سیطرة [N] Kontrollpunkt [د] محل بازرسی.

**زاڵگەی پاسپۆرت:** Pass control [ئاسایش] زاڵگەیەکە لە فرۆکەخانە، بەندەر یان سنوورەکانی وڵاتێک کە فەرمانبەرێکی فەرمی پاسپۆرتی گەشتیاران سەیر ئەکا و ڤیزەی چوونەژوورەوەی پێئەدا. [ع] تأشیر جواز [N] Passkontroll [د] پاس کونترول.







**زاڵە❶:** upset [ناوی‌فەرمان] جاڕس و بێزاربوون، داد و هاوار لە دەستی کەسێک، گلە و داد. **ن:** لەدەستی وەزاڵە هاتبوو. [ع] منزعج [N] opprørt [د] ناراحت. [ه] همەنبانە بۆرینە [ک] کاوە

**زاڵە❷:** gallbladder [ناو] زراو، کیسەی زەرداو، زارە، زاروو؛ زاڵە کیسەیەکە دەکەوێتە ژێر جگەرەوە. زراو کە لە جگەردا بەرهەم دێت

هەڵدەگرێت و چڕی دەکاتەوە. زراو یارمەتی هەرسکردنی چەوری دەدات و لە کیسەی زراوەوە بۆ ڕیخۆڵە باریکەی سەرەوە لە وەڵامی خۆراک (بەتایبەت چەوریەکان) ئازاد دەکرێت. ع المرارة N galleblære د کیسه صفرا. خاڵ هەنبانە بۆرینە وشەنامە




**زاڵەچوون:** fear چاوگی ئێنەبیەر ترسان و تۆقان، زراوچوون. ع خوف N frykt د ترسیدن.

**وەزاڵەهاتن:** چاوگی ئێنەبیەر بێزاربوون، گیانەسەربوون، لەڕیان بێزاربوون، لەگیان بێزاربوون. ئاناهیتا کاوە

**زانایی:** knowledge ناوی چاوگ فەرزانەیی، بەڵگە و زانیاری و پسپۆڕی لە لایەن کەسێکەوە لە ڕێگەی ئەزموون یان فێرکارییەوە، تێگەیشتنی تیۆری یان کرداری بابەتێک N kunnskap ع المعرفه د دانش.

**زانست:** science زانست تێگەیشتنی ڕۆژەڤی جیهانە لە ڕێگەی بینین و ئەزموون و تاقیکردنەوەوە، کە دارەتی چەندی و ئەندازەگیری و بەرهەست و دەردەستی هەیە، وەکوو فیزیک و زیندەوەرزانی و ئابووری و زانستی ڕامیاری و یەکێکە لە سێ سیستەمی زانستی، فەلسەفی و ئایینییە کە نابێ پێکەوە تێکەڵ بکرێن؛ چالاکی ئەندێشەیی و کردەیی ناسینی سیستماتیکی پێکهاتە و ڕەفتاری جیهانی فیزیکی و سروشتییە لە ڕێگەی دیتن و تاقیکردنەوەوە. ع علم N vitenskap د علم.







**زانستپێوی:** scientometrics زانست ناوی لێکدراو زانست و تۆژینەوەی پێوانە و شیکردنەوەی زانستە. لە پراکتیکدا، زانستپێوی زیاتر بە بەکارهێنانی شێوازەکانی پەرتووکپێوان ئەنجام دەدرێت و لەسەر بنەمای شیکاری وەرگێڕان دامەزراوە. ◄ لێکۆڵینەوەی پێوانە و شیکردنەوەی زانست و تەکنەلۆجیا و داهێنانە. پرسە سەرەکییەکانی توێژینەوە بریتین لە پێوانەکردنی کاریگەری، کۆمەڵە ئامارەپێکراوەکانی بابەتەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە کاریگەرییەکانی گۆڤار و پەیمانگاکان، تێگەیشتن لە وەرگێڕانی زانستی، نەخشەکێشانی بوارە زانستییەکان و بەرهەمهێنانی نیشاندەرەکان بۆ بەکارهێنان لە چوارچێوەی ڕامیاری و بەڕێوەبردندا.
ع ساینتۆمترک N scientometri د علم سنجی.












**زانستناسی:** epistemology زانست بیردۆز یان تیۆری زانین، فەلسەفەی زانست بە تایبەت سەبارەت بە شێواز و ڕەوایی و بەرەگەی کارکردنی. زانستناسی لەوە ئەکۆڵێتەوە کە چی و چ شتێک **باوەڕی ڕەوا** لە **بۆچوون**؛ جیا ئەکاتەوە. ع نظرية المعرفة N epistemologi د

معرفت شناسی.

- **باوەڕی ڕەوا:** true belief یان Justified true belief پێناسەی زانینە وەک باوەڕێکی ڕاستەقینەی ڕەوا، واتە زانین جۆرێکە لە باوەڕ و، دەری ئەخات مرۆڤ ناتوانێت شتێک بزانێت ئەگەر باوەڕی بەو شتە نەبێت.
- **بۆچوون:** opinion ڕوانگە یان بڕوایەک کە لە مەڕ شتێک دروست بووە، ئیتر مەرج نییە بنەمای ڕاستی یان زانستی هەبێت.
- **زانستناسانە:** epistemological ئێپیستمۆلۆجیک.




**زانستی ئابووری:** economics زانست ئابووری ئابووریزانی، هەروەها بە شێوەی کورتکراوەی **ئابووری**یش بەکاری ئەهێنن، بە لقێک لە زانست ئەوترێ کە پەیوەندی بە بەرهەمهێنان و بڕانەوە و گواستنەوەی سامانەوە هەیە، یان باری ئابووری ناوچە یان دەستەیەکی تایبەت لە ڕوانگەی خۆشگوزەرانی ژیانەوە. زانستی ئابووری، زانستی یەکەمی میانەی زانستی سروشتی Natural science و زانستە مرۆییەکانە Humanities، چاوی لە پەیوەندی مرۆیی و پەیوەندی جیهانی فیزیکی هەیە، هەر بۆیەشە ئێکۆنۆمێتری و ئابووری بیرکاریمان هەیە، بەڵام دەروونناسی بیرکاری و کۆمەڵناسی بیرکاریمان نییە. ئێکۆنۆمێتری و ئابووری بیرکاری ئەتوانن ڕەفتاری ئابووری مرۆیی بخەنە چوارچێوەیەکی دیاریکراوەوە. واتە ئەتوانێ تا ڕادەیەکی باش پێشبینی ڕەفتاری ئابووری مرۆیی بکات، لەکاتێکدا لە بواری زانستەکانی تردا جۆراوجۆری

ئەو هۆکارە و فاکتەرە زۆرانە و ئەو هاوکۆلکەیی ئازادی کە لەوێ خۆی دەرئەخات، ڕێگە بەو پێشبینییە نادات.

**زانستیار:** ئاوەڵناو epistemic پەیوەست بە زانین یان پلەی پەیوەندی بە زانستەوە. ع المعرفیة N epistemisk د معرفتی، شناختی.

**زانستی چوارە:** Quadrivium زانست پەروەردە گەڕان ـ ٥ بەشی دووەمی زانستی حەوتە: ژمارە و ئەستێرەناسی و موزیک و ئەندازە.






**زانستی حەوتە:** Liberal Arts زانست پەروەردە گەڕان ـ ٥ لە ئورووپای سەدە ناونجی ئەو حەوت زانستە بوو کە ئەبوا بخوێنرایەت، بە دوو بەشی سیانە: ڕێزمان و ڕەوانبێژی و لۆجیک و بەشی چوارە: ژمارە و ئەستێرەناسی و موزیک و ئەندازە بوو.






**زانستی سیانە:** Trivium زانست پەروەردە گەڕان-٥ بەشی یەکەمی زانستی حەوتە: ڕێزمان و ڕەوانبێژی و لۆجیک {Grammar, Logic and Rhetoric}.



**زانستی ناشیاو:** Agnosticism شێواز ئایدیۆلۆجی نازانمانیەتی، ڕوانگەیەک لە زانستێی تیۆری کە نکۆڵی لە شیاوی زانیاری دەکات.

**زانکۆی ئایینی:** University of Theology ئاوەڵناو پەروەردە. ع جامعة اللاهوت N Universitetet for teologi د دانشگاه الهیات.

**زانکۆی ئەفسەریی سەن سیر:** Saint_Cyr Military Academy پەروەردە سەربازی لە زانکۆ سەرەکییەکانی ئەفسەریی فەڕانسەیە، کەوتووەتە باکووری ڕۆژئاواوە. ⇦ تەیمووری بەختیار، دامەزرێنەری ساواکی حەمەڕەزاشای پاڵانی لەم فێرگەیە خوێندبووی.



**زانیاریی:** information ئای تی داتا و زانین لەمەڕ سەلماندن یان ناسینی شتێک، کۆی لێزانیی کەسێک سەبارەت بە دیاردەکانی ژیان. ⇦ (ئازاد زانیاریی باشی هەیە) N informasjon ع د معلومات.





**زاوارێوی:** ئاوەڵناوی لێکدراو زاقابەندی، ئەو شووەی لە ماڵە باوانی ژنەکەی

ئەڕژی.

**زاوزێ:** breed پۆماوەیی جنر جووتبون و وەچەخستنەوە لە ناو گیانداراندا.
⇦ **breed:** ڕەگەز، نژاد، تیرەیەکی گیانداران کە تایبەتمەندی لێکچووی جیاوازیان هەیە و بە زۆری بە هەڵبژاردەی بەوست بەدی هاتوون : جووتیاری کورد دانەوێڵەی نژادی باڵای کیشوەری هاوردە ئەکەن.

**زاوەر:** ❶ procreator کارا [زاو+وەر] لە زایین و پاشگری بکەری وەر بە واتای ئەوەی کە ئەزێ و ئەهێنێتە جیهان و کاری بەدیهێنان ئەکات. ٤ المنسل N avler د زایندە : وەکو: دادوەر، بەهرەوەر، پیشەوەر، سەروەر، هونەروەر.

**زاوەر:** ❷ ئایینناسی ماخوا ئاناهیتای خودای کانی و رووبارانە. یەک لە ناوەکانی ئاناهیتا، زاقەرە، ژاوەرۆ کە وشەی «ژاوەرۆ»ش لە بنەڕەتدا [زاوەر+رۆ] بە واتای رووباری ماخوای ئاو و رووبارانە.

**زاوێربوون:** orgasme دەروون جنر ئیرزایبوونی ژن لە ڕووی جنسییەوە
⇦ کاتژمێربوون: ئیرزایبوونی پیاو لە ڕووی جنسییەوە.



**زایەڵە ❶:** echo دەنگەوشە دەنگدانەوە، ئاواز، دەنگی شیوەن و گریان.
ع صدی صوت N ekko د طنین.

**زایەڵە ❷:** rattle دەنگەوشە کــار زرینگانەوە، دەنگدانەوە لە ناو غەڵبەغەڵبدا کە گوێی هەستیار ئەتوانێ ببیستێ. ع هز N rasle د انعکاس.




**زایەڵەجێگە :** echolocation دەنگەوشە کــار ئێکۆجێگە، **مرۆڤ:** بریتییە لە توانای مرۆڤ بۆ دیاریکردنی تەنەکان لە ژینگەدا بە هەستکردن بە دەنگدانەوە لەو تەنانە، بە تایبەتی لە رێگەی دروستکردنی دەنگەوە بە شێوەیەکی چالاک: بۆ نموونە، بە سووکی دەنگی پێ، چەقاندنی پەنجەکان، یان دروستکردنی دەنگی کلیککردن بە دەمیان. ئەو کەسانەی کە لە خولی رێنمایی زایەڵەجێگە راهێنراون، دەتوانن شەپۆلەکانی دەنگی لێکبدەنەوە و، شوێن و قەبارەیان بە وردی دیاری بکەن؛ ◀ **ئاژەڵ:** رەوتێکە کە ئاژەڵێک هەڵسەنگاندنێک بۆ ژینگەکەی بەدەست دەهێنێت بە ناردنی دەنگ و گوێگرتن لە دەنگدانەوەکان، لە کاتێکدا شەپۆلەکانی دەنگ زایەڵەی شتە جیاوازەکانی ناو ژینگەکەن. بە واتایەکی زۆر گشتی، هەر گیاندارێک، وەک شەمشەمەکوێرە یان دۆلفین، کە بتوانێت دەنگ بنێرێ، رەنگە بتوانێت گوێی لە زایەڵە بێت لە بەربەست و لەمپەرە گەورەکانەوە. ع تحدید الموقع بالصدى البشري

N ekkolokalisering د تحدید موقع با صدا.








**زایەند:** کۆمەڵناسی ڕەگەز فێمینیزم ناو سەردە، جنس، جێندەر، تایبەتمەندی بایۆلۆژیکی. ع جنس N kjønn د جنسیت E gender, genus.

**زایەند و ڕەگەز:** sex and gender بەراوەرد فێمینیزم **زایەند** پەیوەندی بە جیاوازییە بایۆلۆژییە سروشتییەکانی نێوان ژن و پیاوەوە هەیە، **ڕەگەز** پەیوەندی بە ناسنامەی کەسییەوە هەیە کە فەرهەنگ پێناسەی ئەکات.




**زایەندە:** spore ژنێتیک زیندەوەرزانی ناو یان سپۆر بریتیە لە خانەیەک کە هەندێک بەکتریا و قارچک و ڕووەکی تایبەت (خەنەبەردیلە، سێیەرە) بەرهەمی ئەهێنن. سپۆرەکان بەشدارن لە زاوزێدا. هەندێک بەکتریا وەک ڕێگەیەک بۆ بەرگریکردن لە خۆیان سپۆرەکان دروست ئەکەن.

سپۆرەکان دیواری ئەستووریان هەیە.










**زبارە:** cooperative دابونەریت هەرەوەز ناو هەرەوەز، گەل، ئاریکاری بەکۆمەڵ و دوولایەنە لە کاردا، بۆ گەیشتن بە مەبەستێک؛ یارمەتیدان و یارمەتی وەرگرتنەوە. ع تعاوني N kooperativ د کار تعاونی.








**زبارەوزە:** synergy ئابووری هەرەوەز ناوی لێکدراو هاوکرداری، هاوکاری، دەستەوام، پێکەوەکارکردوویی، هەرەوەزی ئابووری؛ کارلێککردن یان هاوکاری دوو ڕێکخراو یان زیاتر، ئەستوو، یان هۆکارەکانی تر بۆ بەرهەمهێنانی کاریگەرییەکی پێکەوەیی، کە ڕێژەیەکی زیاترە لە کۆی کاریگەرییە جیاوازەکانیان؛ هەوڵدان بۆ دووبارە دامەزراندنەوەی هاوکاری لە نێوان مرۆڤ و سروشت. ع التعاضد N synergi د هم افزایی، همیاری.

ن: بەڕێوەبردنی تیمە کاریگەرەکان بابەتی بەدەستهێنانی هاوکارییە لە نێوان تاکە ئەندامەکاندا.

ن: هاوکاری نێوان هونەرمەند و کۆمپانیای تۆمارکردن.

ن: هاوکاری نێوان تاوانکار و دەسەڵات بۆ دۆزینەوەی تاوانکارێکی تر.

















**زبارە دێو:** داب‌ونەریت هەرەوەز دێ چڵوو، زبارە، نەریتێکی هەرەوەزی کۆنی گوندنشینانە بریتیە لە هەرەوەزی کۆکردنەوەی گەڵای داری سروشتی لەناو لێڕی کوێستان بۆ وەرزی زستان وەک سەرچاوەی ژیانی مەڕومالات و مانگا.






**زرک:** ڕووەک ناو کاڵەکی پێنەگەیشتوو، سەوزباو و ڕەقە.

**زرگ:** ramrod کەرەستە ناو زەرگ، شیشێکی ئاسنی باریک و نووک تیژە، لە شێوەی درەوشێکی گەورە، درێژییەکەی ٣٠ تا ٦٠ سەنتیمەتر ئەبێ، مشتەیەکی داری پڵپڵەداری هەیە. ع سیخ رقیق N ramrod د سیخ نازک. ← **زرک:** cantaloupe ڕووەک ناو کاڵەک و گرکەی تاڵ. ن:

توورەکەی ملی وەک هیی بارگیر بوو
تەسبیحی دەسی داری هەنجیر بوو
لای ڕاستی **زەرگ** و لای چەپی شیر بوو
وا تێگەیشتم ئیجازەی پیر بوو
موفتی پێنجوێنی



**زرێبڕ:** armour_piercing ammunition ناو ناوی فەرمان گوللەی تانکبڕ، گوللەی کونکەری زرێپۆش (AP) جۆرێکە لە گوللە کە بۆ کونکردنی بەشی گوللەنەبڕی زرێپۆش، لە ناوکی تەنگستەن کاربایدی و تەنی ئالۆمینیۆم دروستکراوە. ع طلقات خارقة للدروع N Pansergjennomtrengende runder د گلولە سوراخ کن ضدگلولە.



**زرێپۆش:** armored ئامێر چەک سەربازی ئۆتۆمۆبیلێکە بە ئاسنی ئەستووری گەللەنەبڕ داپۆشراوە، لە تانک بچووکتر و سووکتر و تیژڕەوترە.





**زریان:❶** gale بوویەر دیاردە ڕەشەبا، باهۆز، گژەبا، گەردەلوول. [ع] عاصفة [N] kuling [د] طوفان.






**زریان:❷** storm شێوەکاری هونەر یان **مەسیح لە زریانی سەر زەریای گالیلی** تابلۆی ڕۆنی لەسەر کەتان، ساڵی ١٦٣٣ لە لایەن نیگارکێشی سەردەمی زێڕینی هۆڵەندی ڕامبرانت ڤان ڕین. وەک تابلۆیەکی مێژوویی پۆلێن کراوە و لە گەورەترین و سەرەتاییترین بەرهەمەکانی ڕامبرانتە. بە بایی ٥٠٠ میلیۆن دۆلاری ئەمریکایی نرخێنراوە. [ع] العاصفة على بحر الجليل [N] Stormen på Genesaretsjøen [د] طوفان در دریای جلیل.

لە زنجیرەی تلەڤیزیۆنی {Sneaky Pete} وەرزی سێیەم، ٢٠١٩، بابەتی

سەرەکی سەبارەت بە دزینی تابلۆی زریانی ڕامبرانتە.




**زریزە:** slim chains خشڵ ناو زنجیری زۆر باریک. ع سلاسل نحیفة N slanke kjeder د زنجیر باریک.



**زریوە:** glitter ئاوەڵناو تروسکەی ئەستێران، پوولەکەی ورد، زەرکەڤ ع بریق N glitter د زرق و برق.

**زڕەزانست:** Pseudoscience شێوەزانست شێوەزانست، زانستی چەواشە، بریتییە لە لێدوان، باوەڕ یان ئەو چالاکییانەی وا بانگەشەیان بۆ دەکرێت کە زانستی و ڕاستیین بەبێ ئەوەی لەگەڵ پەیڕەوی زانستی هاوتا و پەسەندکراو بێت. زڕزانست بەمانە جیا ئەکرێتەوە: زیادەڕۆیی لە بانگەشەکانیدا، بنەمای دژبەیەک یان گومان لێنەکراو، بەندبوونی لەسەر لایەنگرییەکی توند لە جیاتیی هەوڵی کاریگەرانە بۆ سەلماندنی خۆی، نەبوونی کراوەیی و سنگفراوانی بۆ هەڵسەنگاندن لە لایەن شارەزای بوارە جیاجیاکان، نەبوونی چالاکیەکی سیستەماتیک لە کاتی دارشتن

و بەرەوپێشبردنی بیردۆزەکان و پشت پێ بەستن و سووربوونێکی بەردەوام لەسەر بیرۆدزەکان تەنانەت دوای ڕەت کردنەوەیان بە شێوازی تاقیکردنەوە. دەستەواژەی زڕەزانست باری نەرێنی هەیە و، وەک ئاماژەیەکی کەمنرخ بەکار ئەهێنرێت، چونکە پێشنیارکەر و نیشاندەری زانستە بە نادروستی یان تەنانەت شێوازێکی هەڵخەڵەتاندنە.










**زڕەی گوێ:** tinnitus پزیشکی ناسازی ناوولێکدراو زرینگەی گوێ، ویزەویزی گوێ؛ بیستنی دەنگێکی دەنگدانەوەیە لە ناو گوێدا بەبێ ئەوەی ئەو دەنگە هەبێت، بە هۆی کارکردنی بەردەوام لەسەر دەزگا و مەکینە و بەکارنەهێنانی دەنگبڕ و کپکەر دروست ئەبێت. ع طنين الأذن N hypnotisere د وزوز گوش.







**زفتی:** ئاژناو پلە پیاوی دارۆغە، فەرمانبەری شارەوانی.

**زڤڕین:** cartwheel وەرزش ژیمناستیک چەرخان، خۆهەڵگێڕانەوە، خۆسووڕان

لە سەر دەست و پاوەک چەرخی داشقە. ع حرک العجلة N vognhjul
د چرخ و فلک.



**زکۆ:** rough, harsh ڕواڵەت ئاوەڵناو زبر، دڕ، قەبە، کونجڕ، گڕنی، گرس، ڕووش. ع خشن E ujevn د خشن.

**زگئێشە:** stomach ache نەخۆشی ناو سکئێشە، ئازاری ورگ. ع ألم المعدة N mageknip د دل درد.

**زگار:** ❶ somber ئاوەڵناو دڵمەردە، جگەرسووتاو، کزوکەنەفت، دڕداماو، دۆشداماو، جەرگبڕاو، داخدار، دڵشکاو، دڵبرین، دڵیەشێو، مەلوول، ڕەنجاو. ع نکد N dystert د دل مرده. ن:

مەینەت سەربەرزەن شادیم زگارەن
ساقی جامەکەت ئە مجار وەکارەن
مەولەوی

**زگار:** coarse sand ناو قوم، ورکە بەرد، سوێنکەبەرد، وردەبەردی سواوی ٤ تا ٦٤ میلیمەتر، لە زیخ گەورەتر و لە خڕەبەرد و تاتەبەرد بچووکترە. ع الرمل الخشن N grov sand د شن درشت.

☜ چەو ☜ زیخ ☜ لم ☜ چەوڕیز



**زگار:** ❸ voluntary communal labour ناو گەل، زبارە، هەرەوەز؛ کاری بەکۆمەڵ وەک دەستەوای ئەمڕۆ بۆ من بەیانی بۆ تۆ و تاد؛ کاری کۆمەڵایەتی خۆبەخشانە. ع العملِ الجماعيِ الطوعيِ N frivillig fellesarbeid د کار اشتراکی داوطلبانە.

**زگماک:** inherent ئاوەڵناو بۆماوە، ڕەسەن، ئەدگار و تایبەتمەندی جەوهەری و هەمیشەیی لە هەر کەس و دیاردەیەکدا. ع فطريِ N iboende د مادرزاد.

**زگماکی:** inherently ئاوەڵکار لە بنەڕەتدا، شتێکە ڕیشەی لە ناخ و هەناودا بێت. ع متأصل، بطبيعتَها N iboende د ذاتا.








**زگورد:** ناو سەڵت، ڕەبەن، پیاوێک کە ژنی نەهێنابێ.

**زگلەوەرێن:** glutton فرەخۆر ناو لاکووتی، پاڕازیت، قاڕیک؛ چڵێسی خازەڵۆکی خواردن. ع الشره N fråtser د شکم پرست.







**زگەرۆ:** ravenous ئاوەڵناو زۆر برسی، چلێس، کەسێکە بۆ ماوەیەکی باش نانی نەخواردبێت. ع جائع، نهم N skrubbsulten د بسیار گرسنە.

**زلحۆرت:** ئاوەڵناو زلحۆ، زلی حەپۆل.

**زمانپاراو:** eloquent ئاوەڵناو کەسی ڕەوانبێژ و بەتوانا و خاوەن پازە و پرنۆ. ع بليغ N veltalende د بلیغ.

**زمانپەرێشی:** aphasia ناسازی زمانگلاندن و زمانپەرێشانی و تەتەڵەکردن، لەدەستدانی توانای تێگەیشتن یان گوتن بە هۆی زەبری مێشکەوە. ع فقدان القدرة على الكلام N afasi د آفازی.

**زمانچەورکردن:** extreme unction ئایینناسی ئادپیننامە (لە کلیسای کاسۆلیکی ڕۆمی) دابێکی ئایینی چەورکردنی گیانکەنشت بە ڕۆن یان مەرهەم. ع مسحة المرض N ekstrem ujevnhet د مسح مریض.

☜ چەورکردن




**زمانبوێری:** Assertiveness ڕەفتار پەروا زمانەوانی ناو زمانڕەوانی، دەربڕین و گوتنی مەبەستە بە بێ ڕوودەربایسی و تریقبوونەوە، ڕەفتارێکە کە نیشانەکەی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی ئەرێییە، بە مەبەستی داکۆکی لە ماف یان گەیشتن بە ئامانج. ڕەفتاری زمانبوێری ئەبێ لەسەر شەبەنگێک وێنا بکرێ کە لای چەپی ڕەفتاری سست و دەست و پا سپیلکانەیە و لای ڕاستی ڕەفتاری ڕووش و ڕێلاسانەیە و، وەلامی «ڕاست» زمانبوێرییە

کە ئەکەوێتە ناوەڕاستەوە و، وەڵامدەرەوەی دۆخێکی کۆمەڵایەتییە کە ئەتوانێ ببێتە هۆی ناکامی و بێئەنجامی. ع جسارة N selvsikkerhet د جسارت.







**زمانڕەوان:** articulate وتاربێژ ئاوەڵناو کارا زمانپاراو، کەسێک کە بە ڕەوانی و زەلاڵی قسە ئەکات. ع يتكلم بوضوح N artikulere د ماهر در سخن گفتن

⇦ **تۆر:** inarticulate, stammerer ئاوەڵناو توور، لاڵەپەتە، لاڵەپەترە، کەسێک کە زمانی ئەیگرێ. ع لكنت N uartikulert, stammende د الكن.

⇦ **زمانگیران:** stuttered فەرمان دوان لەگەڵ پاتەبوونەوەی بێئەڤانی دەنگ، بە تایبەت بزوێنە سەرەتاییەکان. ع متلعثم N stammet د لكنت زبان.

**زمانگۆی مەلان:** The Conference of the Birds ئاپیبنانسر عیرفان چامە چامەیەکی عەتتاری نەیشابوورییە ساڵی ١١٧٧ی زایینی هۆنراوەتەوە، سەبارەت بە عیرفانی ئیسلامی و گەڕانە بۆ ڕازی ژیان لە حەوت مەنزڵ یان حەوت شاری ئەویندا: ویست، ئەوین، سەروەدەر، بێنیازی، تاکپەرستی، هیدمان و هەژاری و سەرەنجامەکەی نەمانە.

لە چیرۆکی زمانگۆی مەلا، کۆمەڵێک مەل بۆ دۆزینەوەی پادشایان کە سیمۆرگە ئەکەونە ڕێ، لە هەر قۆناغێک کۆمەڵێک لە مەلان بە بیانوویەک ئەکشێنەوە، تا ئەو کاتەی کە پاش حەوت قۆناغ تەنها سی مەل ئەمێننەوە و بە ڕوانینە ناو ئاوێنە، تێئەگەن کە سیمورگ لە بوونی هەموویاندایە، لە کۆتاییدا ئەم خۆناسینەوەی مەلەکان، بۆ لای خودا ڕائەکێشرێن و ڕاستەقینە لە بوونی خۆیاندا ئەدۆزنەوە [N] Fuglenes konferanse [د] [ع] منطق الطیر.














**زمانگەز:** pungent [ئاوەڵناو] تامتیژ، بۆنی درنی تیژ و ناخۆش. [ع] محرق [N] stikkende [د] تیژ.

**زمانگێڕ:** informer [زمانگێر] [ناو] دوفل، زمانگێڕ، دووزمان، کوڵەفیتنە. [ع] نمام [N] angiver [د] خبرچین.

**زمان و پلەی:** languages classification [زمان] [بەراوەرد] زمانی «کوردی» بووەتە هەشتەمە دەوڵەمەندترین زمانی جیهان و لە پێش فارسی، تورکی و عەرەبیە لە فەرهەنگی ویکیپیدیادا کە بە ویکشنەری یان ویکیفەرهەنگ ناودەبرێت.

**تێبینی:** سەرنج بدەن ژمارەی وشە کوردییەکانی ناو فەرهەنگەکە گەیشتووەتە ٩١٨ هەزار و ١٢٣ وشە، کە تەنها شێوەزارەکانی کورمانجی و سۆرانی ئاژمارکراوە، بەبێ زاراوەی وەکوو گۆڕان و زازاکی و کەلهوڕ و لۆر و باجەلان و...







**زمانەگا:** رووەک گوڵ گۆزروان، ئەزمان گا، گیایەکە گەڵاکەی لە زمانی گا ئەچێ، بۆ واتای «گاوزبان»، لە فەرهەنگی فارسی دێهخودا نووسراوە بە کوردی پێی ئەوترێ (ازمان غا)کە هەمان «زمانەگا» یە د گاوزبان N borage ع لسان الثور E borage.





**زمانەوان:** Linguist زمانەوان پسیۆڕ پسپۆڕی زانسی زمانەوانی Linguistics یان زماناس بەو کەسە دەبێژن کە دەپەرژێتە سەر لێکۆڵینەوەی زانستی زمان، پێچەوانەی بیری باوی کۆمەڵگا، زمانەوان پێویست نیە بە سەر چەن زماندا زاڵ بێ، گرنگ ئەوەیە شارەزای ڕێزمان و فیلۆلۆژی و گلۆتۆلۆژی بێت و بتوانێ دیاردەکانی ڕێزمانی، وەک وشە، بڕگە، ڕستەناسی و واتا بناسێ و بە جوانی لێکیان بداتەوە. لە بیرمان بێ کە

کاری زمانەوان ناساندنە، نەوەک دانان.

**زمانزان:** orator پسپۆڕ ئاوەڵناو واتاکەی تا ڕادەیەک هاوسەنگی وێژەوانە، ئەگەر نووسەرە، ئەگەر هۆنەرە، یاخود پەخشاننووس، لە هەمان کاتدا کەسێکە زمانپاراو و وتاربێژە، زمان باش ئەزانێ، ڕەوانبێژ و زمانپاراو و تەردەمە، وشە و زاراوە و داب و پەندزانە. ع خطيب، بارع N taler د خطيب، زباندان.

**زماننناس:** Linguist پسپۆڕ لینگویست، زمان و مێژوو و سەرهەڵدان و کارلێکی زمانی خوێندووە و تێیدا پسپۆڕە.

**وێژەوان:** literate پسپۆڕ «نووسەری جوانترین دەربڕینی باشترین بیرکردنەوە کە لە نووسیندا کورتکراوەتەوە». شارەزای زمان و وێژە بێت، خوێندنی باڵای لە بواری ڕۆشنبیری و شارستانیەت و پەروەردەدا هەبێ و، نووسەر بێت لەو بوارانەدا. ع كاتب مثقف N lesekyndige د ادیب.

**زمانەوانی:** Linguistics زانست زمانەوانی یان زماننناسی بریتییە لە زانستی لێکۆڵینەوەی ورد و هەمەلایەنەی زمان. لە زماننناسیدا، لە چەند ڕوانگەوە سەیری زمان دەکەن: دەنگناسی، شێوەناسی، واتاناسی، ڕستەناسی، وشەناسی و هەروەها بوارەکانی کۆمەڵناسی زمان، دەمارناسی زمان، زماندەرووننناسی، زماننناسی داد، زمان و ڕێری و ... ع علم اللغات N lingvistikk د زبان شناسی.

دریژە زمانەوانی بە دوای دۆزینەوەی ئەم پرسیارانەدایە: «زمان چیە؟»، «چۆن کار دەکا و لە چی پێکهاتووە؟»، «مرۆڤەکان چۆن پەیوەندی بە یەکەوە دەکەن؟»، «زمانی مرۆڤ لە چیدا لە گەڵ سیستەمە پێوەندیەکانی گیانداران جیاوازە؟ »، «منداڵ چۆن زمان دەگرێ؟»، «زمانی مرۆڤ چۆن گەشەی سەندووە؟»، «خزمایەتی نێوان زمانەکان چۆنە؟»، «تایبەتمەندیە هاوبەشەکانی زمانەکانی دنیا کامانەن؟»،

«مرۆڤ چۆن دەنووسێ و چلۆن زمانی نووسین لێک دەداتەوە؟» و ...

درێژە زماناسی بەم واتا تازەوە، زانستێکی نوێیە، بەڵام وەک لێکۆڵینەوە لە سەر زمان بۆ چەند سەدە پێش لە زایین دەگەڕێتەوە، یانی ئەوە سەردەمەی پانینی ڕێزمانی بۆ زمانی سانسکریت دانا.

درێژە لە بەر ئەوەی زمان دیاردەیەکی گران و ئاستەمی مرۆڤی و کۆمەلایەتیە، لێکۆڵینەوەی ورد و هەمەلایەنەی زمان، بە بێ کەڵک وەرگرتن لە زانستەکانی تر سەرناگرێ. کەوابوو زماناسی بێجگە لە باری ناساندنی پەسنی و بیرۆکەیی زمان، تیشک دەخاتە سەر باری کەڵکناسی، دەروونناسی، خەڵکناسی، کۆمەڵایەتی، هونەری، وێژەیی، فەلسەفی و نیشانەناسی زمان. کەوابوو زماناسی ئەمڕۆ زۆر گۆڕەپانی زانستی دەگرێتە خۆی.




**زمانەی ڕاگر :** safty, mitr **چەک** **ناو** ڕاگر، قفڵی پارێز، پارێزی دەمانچە و چەکی تر. **ع** صمام الأمان **N** mikkerhetsventil **د** ضامن.

**ڕاگری ناوەکی:** internal safety چەک پاراستن شێوەیەکی ڕاگرە لە ناوەوەی چەکەکە و تەنها بە ڕاکێشانی پیلکە تەقە ئەکات و پێویست بە میل ڕاکێشان ناکات. زنجیرەی دەمانچەی گلۆک بە هۆی ڕاگری ناوەکییە بەناوبانگە.




**زمانەی میترال:** Mitral valve ئاناتۆمی ناو دەمەوانە، زمانەی دڵ، خوێن لە گوێچکەڵەی چەپەوە ئەکاتە ناو سکوڵەی چەپ.

**زمانی ئامازیغی:** زمانی نەتەوەیی زمانی زیاتر لە ٥٠ ملیۆن نەتەوەی ئامازیقیە، کە لە سەدەی ١٦ تا ١٩ لە لایەن ئووروپاییەکانەوە بە بەربەر ناوئەبران، کە نەیانتوانیوە تەعریبیان بکەن و لە نیشتمانی خۆیان وەکوو مەراکۆ و جەزایر و توونس و لیبی و مووریشی ئیسپانیا نیشتەجێن. ئامازیغییەکان هەروەها ئالاّ و شێوە نووسینی تایبەت بە خۆیان هەیە.






**زمانی بەربەری:** زمانی نەتەوەیی یان ئامازیغی، زمانی زیاتر لە ٥٠ ملیۆن نەتەوەی ئامازیقی‌یە کە نەیانتوانیوە تەعریبیان بکەن و لە نیشتمانی خۆیان وەکوو مەراکۆ و جەزایر و توونس و لیبی و مووریشی ئیسپانیا نیشتەجێن. ئامازیغییەکان هەروەها ئاڵا و شێوە نووسینی تایبەت بە خۆیان هەیە.

**زمانی زکماک:** زمان نەتەوە نیشتمان سەربەخۆیی لەیلا قادری سەرۆکی زانکۆی کرماشان کە بۆخۆی کوردێکە لە وتووێژێکدا دەڵێ: «کوردی یکی از لهجه های زبان اصیل فارسی است» واتە، کوردی زاراوەی زمانی ڕەسەنی فارسیە!

هۆنەرێکی توانا و بەدەسەڵات لە وشە و وێژەی کوردی، لە وەڵامدا ئەو هۆنراوەی بۆ هۆنیوەتەوە و لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

تێبینی: هۆنەری ئەم هۆنراوە هەرچەند بە ناوی عەبدوڵڵا پەشێویشەوە بڵاو کراوەتەوە، بەڵام ئەوە ئاستی بەرزی هۆنراوەکە پیشان ئەدات؛ واتە ئەگەر کەسانێک چامەکەیان بینیوبانە و هۆنەرەکەیان نەدۆزیوەتەوە، بە هۆنراوی پەشێو و لە ئاستی ئەودا دایان ناوە، ئەگینا ئەم هۆنراوە ناوازەیە هینی هۆنەر **خالید ڕەشیدپوور**ە.

اگر «زبان کوردی یکی از لهجەهای زبان فارسیە» جا فارسێکم دەوێ لەو وشە ڕەسەنە کوردیانە تێ بگات.

ئەوەش دەقی هۆنراوەکە :

**ژاوەژاوێک دێ، لە دوور، وەک نوزەنوزی کتکی مێ**
**لوورەلووری، فلّتە فلّتێ، وەک قورووسکەی سەگ دەچێ**
**لووشکە لووشکێ، ملّچە ملّچێ، گەوجەگەوجی گەمژەیەک**
**فلّتە فلّتێ، قەوچە قەوچێ، زرتە زرتی ماکەرێ**
**شیرە شیڕ و نیرە نیڕ و قرخە قرخ و لرخە لرخ**
**نووکە نووک و جووکە جووکێ، وەک ئەوەی باسێک هەبێ**

**گارِە و نیرِە، ناڵە و نرکە، هات و هاوار، سرتە سرت**

**لیچ و لەوسێ پیس و پۆخڵ، بۆگەن و بۆسار دەمێ**

**بێچوە بیژوویەک دەڵێن شەکری بە سەر ئەشکاندوە**

**چەڵتە چەڵت فەرموویەتی: کوردی دەبێ زاراوەبێ!!!**

**بێتە مەیدان، لۆقە لۆق، خۆی و زمانی نیوەچڵ**

**تاکوو بترنجێنمە گوێی، هەرچی وشە، شایانی بێ**

**بڵمە بڵم و شاتە شات هەڵناگرێ دەریای ئەدەب**

**جووزە جووز، سوودی نییە پیاوم دەوێ جوابی هەبێ**

**تورک و فارس با کوێوە بن تازیش دەگەڵیان بێ، برام**

**گەر لە چەمکم، تێگەیین، با "کوردی بن زاراوە بێ".**

- هەرچەند زانینی زمانی زۆر نیشانەی توانایە، بەڵام خۆلادان لە زمانی زگماکی و ئاخافتن بە زمانی دیکە لە جێگەی زمانی خۆ، شانازی نییە، باکلاسی نییە، نیشانەی خوێندەواری نییە؛ نیشانەی پاشکەوتوویی و نەبوونی کەسایەتی و بێهێزی و بەر لە هەموو ئەمانە نیشانەی زۆڵبوون و خۆفرۆشییە.
- زمانی کوردی، زمانی دایکی و زمانی نیشتمانیمانە، فێربوون، پاراستن و پەرە پێدانی، ئەرکی سەرشانی گەورەو بچووکمانە.






**زمرووت :** emerald گەوهەرێکی بەنرخی زۆر کەسکە، لە جۆرەکانی بێریلیۆمی پڕ لە کرۆم بەدی هاتووە. ع زمرد N smaragd د زمرد.

**بێریلیۆم:** beryllium توخمی کیمیایی بە هێمای «Be» و بە گەردیلە ژمارەی ٤، کانزایەکی خۆڵەمێشی ڕەقە. ع البريليوم N beryllium د بريليم. ⇦ **بێریل:** beryl هێسنێکی کانی سەوزی ڕوون، شین یان زەردە لە سیلیکاتی بێریلیۆم و ئالۆمینیۆم پێکهاتووە کە بڕێکی وەکوو بەردی بەهادار بەکار ئەهێنرێ. ⇦ **کرۆم:** chromium توخمی کیمیایی بە هێمای «Cr» و بە گەردیلە ژمارەی ٢٤، کانزایەکی سپی سەختە لە پۆڵای ڕەق و ئالیاژی تردا بەکاری ئەهێنن. ع الكرۆم N krom د کروم.



**زمهەریر:** intense cold ڕۆژژمێر ناو زەردەشتی بە واتای دۆزەخ، بەڵام بە سەرمای زۆر سخت ئەوترێ کە ئەکەوێتە چلە چکۆلەی زستانەوە. چلە چکۆلە بیست ڕۆژە لە دەی مانگی ڕێبەندانەوە تا سی ڕێبەندان و ساردترین بڕگەی ساڵە. ع زمهرير N intens kulde د زمهرير.



**زنار:** cliff کوێستان ناو شاخ، بەردی گەورە، کۆمەڵە بەرد. ع جرف N klippe د صخره.



**زنجیرە:❶** serial ویژە ناو لە وێژەدا بە بڵاوکردنەوەی بەش بەشی کارێکی گەورە ئەوترێ، بە زۆری وەک بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی تەمار بە چەندین بەش لە گۆڤار و ڕۆژنامەدا. ع مسلسل N serie د سریال.

☜ تەمار: Fiction





**زنجیرە:❷** وەشان serial لە بواری نووسین و زانیاری بە نووسینێک ئەوترێ لە ژێر یەک ناودا بەش بەش بڵاو ئەبێتەوە، لە وخت و ناوەختدا و بەبێ ئەوەی ئەنجامەکەی زانرابێ.



**زنجیرە:❸** serial رادیۆ و تەرقر بەرنامەیەکی درێژەدارە بەدوای یەکدا و بەش بەش بڵاو ئەبێتەوە. زنجیرەکان بە زۆری لە کەشی چیرۆکی سەرەکی پەیڕەوی ئەکەن.




**زنجیرە:❹** serial فیلم فیلمی زنجیرە یان شانۆگەریی ژمارە بریتییە لە فیلمێکی کورت لە سینەما نمایش دەکرا، فیلمەکانی وێنە جووڵاوەکان و فیلمە هەواڵییەکان و فیلمە درێژەکانی لەخۆ دەگرێ.




**زنجیرە:❺** sequence ناو بەردەوامی، ڕیزبەندی، بە دوای یەکدا هاتن. ع تسلسل N sekvens د تداوم.

**زنخ:** septic ئاوەڵناو گەنیو، گەنی، بۆن ناخۆش، ئاڵوودە بە میکرۆزیندەوەر بە تایبەت باکتریا. ع عفن N septisk د فاسد، گەندیدە.

**زۆدەکۆم:** Albert Sudekum سۆسیالیست ناسیۆنالیست {١٨٧١ـ١٩٦٠} هەم سۆسیالیست بوو و هەم نەتەوەیی ئاڵمانی.

**زۆدیاک:** Zodiac ئەستێرەناسی زانست شێوەزانست ناوچەیەکی شێوە پشتێنەی ئاسمانە کە نزیکەی ٨ پلەی باکوور و باشووری خۆرگیران درێژ دەبێتەوە، ئەمە ڕێڕەوی ڕواڵەتی خۆر بەسەر گۆی ئاسمانییە لە ماوەی ساڵدا. هەروەها لەناو ئەم پشتێنە زۆدیاکەدا مانگ و ڕووناکترین هەسارەکان دەردەکەون، بەدرێژایی ڕووکارە خولگەییەکانیان. ◀ ئەستێرەوانی و ئەستێرەناسی و کەشناسی و گەردووناسی و... زانستی پڕبایەخی مرۆیی و لە خزمەتی پێشخستن و ئاسوودەیی ژیانی مرۆڤ دان، کەچی کۆمەڵێک وەک شێوەزانست بەکاری ئەهێنن بۆ گیرفان پڕکردن.

◀ ☜ بڕوانە ئەو بابەتانەی پەیوەندی بە دۆدەیی و قۆڵبڕینەوە هەیە، وەکوو خیرە و فاڵگرەوە و دەستگرەوە و ڕوونبینی، عیرفان و نوخشانە و میدیۆم و گیانناس و دانیشتن و گیانبانگکردن، ڕەوشەنهەست و ڕەوشەنبین و ڕەوشەنبیست، لێبوردراو، یاقووتی ئۆمێگا، کراکەزانی، کۆمەڵەی زەوی تەخت، ژمارەزانی، تاڕووت، بینین لە دوورەوە، گەڕانەوە، ئاوێنەئازار، خێو و خەرمانە و سانا و ئاسانا و شیرشاسانا، گیانوەش و تاویزم و دوالیزم، چاکرا و چای ڕووناهی و... کە هەموویان بنەمای ئایینییان هەیە.

♈ ♉ ♊ ♎ ♏ ♐ ♋ ♌ ♍ ♑ ♒ ♓

⇦ **نیشانەکانی زۆدیاک:** astrological sign لە ئەستێرەناسی ڕۆژئاوادا نیشانە ئەستێرەناسیەکان بریتین لە دوانزە کەرتی ٣٠ پلەیی خولگەی زەوی کە ٣٦٠ پلە بە دەوری خۆردا پێکدەهێنن. نیشانەکان لە یەکەم ڕۆژی بەهارەوە دەژمێردرێن کە بە خاڵی یەکەمی بەرخ ناسراوە و ڕۆژگەڕانەوە یان هاوسەنگی بەهارییە. ☜ ڕۆژگەڕانەوە ☜ شەوگەڕانەوە. نیشانەکان:

١ـ کاوڕ: Aries (٣/٢١ـ٤/١٩) ع الحمل N Væren د قوچ.

٢ـ گا: Taurus (٤/٢٠ـ٥/٢٠) ع الثور N Tyren د ثور.

٣ـ جمک: Gemini (٢١/٥ـ٢٠/٦) ع الجوزاء N Tvillingene د جوزا.

٤ـ قرژاڵ: Cancer (٢١/٦ـ٢٢/٧) ع السرطان N Kreft د سرطان.

٥ـ شێر: Leo (٢٣/٧ـ٢٢/٨) ع الأسد N Leo د شیر.

٦ـ گوڵەگەنم: Virgo (٢٣/٨ـ٢٢/٩) ع العذراء N Jomfruen د باکره.

٧ـ تەرازوو: Libra (٢٣/٩ـ٢٢/١٠) ع الميزان N Vekten د میزان.

٨ـ دووپشک: Scorpio (٢٣/١٠ـ٢١/١١) ع العقرب N Skorpio د عقرب.

٩ـ کەمان: Sagittarius (٢٢/١١ـ٢١/١٢) ع القوس N Skytten د کمان.

١٠ـ گیسک: Capricorn (٢٢/١٢ـ١٩/١) ع الجدي N Steinbukken د جدی.

١١ـ دۆڵچە: Aquarius (٢٠/١١ـ١٨/٢) ع الدلو N Vannmannen د دلو.

١٢ـ نەهەنگ: Pisces (١٩/٢ـ٢٠/٣) ع الحوت N Fiskene د نهنگ.






**زۆدیاکی چینی:**[1] Chinese Zodiac مێژوو ئەستێرەناسی شێوەزانست یان دوانزە کەڵلەی برۆنزی، دوانزە پەیکەری برۆنزە لە باخی باخان یا لە حەوشەی هۆڵی هایان Haiyan hall کۆشکی هاوینەی چین دانرابوون کە ساڵی ١٧٠٩ دروست کرا و لە ڕیزی پیرامیدەکانی میسر و پارسێنۆنی یۆنان و ئەنگکر واتی Parthenon Angkor wat کامبۆدیادا دائەنرا، تا ساڵی ١٨٦٠ کە بەریتانیا و فەرانسە هێرشیان کردە سەر چین، کۆشکی هاوینەیان تەخت کرد و هەموو کەرەستە و کەلوپەلەکانیان سووتان یان تاڵان کرد.

**زۆدیاکی چینی:❷** Chinese Zodiac فیلم فیلمی سینەمایی هۆنگ کۆنگی ٢٠١٢، دەرهێنان و هونەرمەندی جەکی چان. ☜ پانتیۆن ☜ پارسێنۆن




**زۆر:❶** many ئاوەڵناو ئاوەڵکار زاف، زەبەند، فراوان، گەلەک، ژمارەیەکی بەرفرە. ع کثیر N mange د زیاد.

**زۆر:❷** sorely ئاوەڵکار فرە، بە توندی، بە پلەیەکی زۆر بەرز یان ئاستێکی چڕی، بەتایبەت لە دارەت یان هەستێکی نەخوازراو یان ناخۆش. ع بشدة N sårt د بە شدت.

ن: دوژمن، زۆر هەڵەیە ئەگەر بە لاوازمان بزانێت.

**زۆران:** wrestling ناوی فەرمان ملانە، ملانێ، زۆرەبانێ، تێکەوەگلانی دوو کەس بۆ یەکتر لە زەویدان؛ وەرزشێکە کە دوو خەنیم تێئەکۆشن یەکدی بدەن بە زەویدا یان ڕا بگرن بە گوێرەی ڕێسای وەرزشی زۆران؛ وەرزشی زۆران هەروەها وەکوو بەرنامەیەکی سەرگەرمی و نمایشی بە شێوەیەکی فراوان باوە و بە سەدان ڕێکخراوی وەرزشی و سینەما و تی‌ڤی بەو کارە هەڵئەسن. ع مصارعة N bryting د کشتی.



**زۆرانی ئازاد:** Lucha libre زۆران ناو وشەی «لۆچا لیبرا»، یان لە ڕاستیدا ململانێی ئازاد، زاراوەیەکە لە مێکزیک بۆ زۆرانی پیشەیی بەکار ئەهێنرێ، لە سەرەتای سەدەی بیستەوە بووە بە باو و لۆچادرەکان ماسکی ڕەنگنامە ئەدەن لە ڕوخساریان. ئەم زۆرانە لە هەندێ شوێنی تری وەکوو ئەمریکایش بووە بە باو. ع لوتشا لایبریە N Bryting د کشتی آزاد. ⇦ **لۆچادر:** luchador جەنگاوەر ناو جەنگاوەر، کەسێک کە لە زۆرانی لۆچا لیبر lucha libre بەشداری ئەکات.




**زۆربرسی:** famished ئاوەڵناوی لێکدراو کەسێک کە ماوەیەکی باش هیچ نەخواردبێ. ع جائع جدا N sulten د خیلی گرسنه.

**زۆربگیر:** mobilized سەربازی نۆمس، سەربازی تازە بانگکراو بۆ خزمەت، کەسێک کە ناوی لە لیستی سەربازی دایە. ع مجند N mobilisert د مشمول. ⇦ **ڕەشبگیر:** entrapment داوەت گیرانی ڕەمەکی یان بە ڕێکەوت لەداوکەوتن.

**زۆربگیری:** conscription, Force recruitment نیۆری ڕامیاری سەربازی خزمەت سەربازگیری، سەربازگرتنی بەزۆێ. ع تجنید قسري د مشمول گیری. ⇦ **نۆمس:** recruit ناوی فەرمان گەران-٤ زۆربگیر، تازەکار، شاگرد، تازە هاتوو، تازە وەرگیراو؛ کەسێک کە ناوی لە لیستی سەربازی دایە N rekruttere ع تجنید د مشمول.

**زۆرخاخ:** ناو دۆڵی ئاش.

**زۆردار:** bully ئاوەڵناوی لێکدراو زەبەردەست، کەڵەگا، دەسەڵاتدار، ملئەستوور. ع تنمر N bully د قلدر.

**زۆرداری:** bullying ناوی چاوگ ستەمکاری، کەڵەگایی، بێدادی، زۆرەملێ، زۆردەستی. ع تنمر N mobbing د زورگویی.

**زۆرزان:** cunning ئاوەڵناو هەبوون یان نیشاندانی لێهاتوویی لە گەیشتن بە ئامانجەکان، لە ڕێگەی فێڵ و زۆرزانی یان خۆدزینەوە. ع دهاء N lur د زیرک، ماهر.

ن: نیگایەکی زۆرزان لە ناو چاوەکانیدا درەوشانەوە.

ن: ئەدا لە ئاو قولەپێی تەڕ نابێ.

ن: ڕامیارێک کە زۆرزانی، سروشتی دووەمی بوو.

**زۆرگ:** mound ناو زورگ، زورب، زەوی هەڵەت و چاڵ و بەرز، زنجیرە تەپۆڵکە. ع تل N haug د ماهور.



**زۆرەملێ:** [1] compulsory ناوی چاوگ ئاوەڵناو بە تۆپزی، ناچاریی. ع إلزامي N obligatorisk د از روی اجبار.

**زۆرەملێکردن:** coerce فەرمان ناچارکردن، بەزۆر پێکردن، پابەندکردنی

{کەسێک} بە ئەنجامدانی کارێک. ع أجبر على الطاعة، تجبر N tvinge د بە زور واداار کردن E coerced.

**زۆرەملێ و دڵخواز:** بەراورد تۆپزی و خۆبەخش، ئارەزوومەندانە و ناچاری. ع اجباري و اختياري N obligatorisk og valgfritt د اجباري و اختیاری E compulsory and optional.

**زۆرەملێ:** coercion ناو کەڵەگایی، بەکارهێنانی زۆر، زۆرلێکردن، ناچارکردن، زۆری، گوشار و زۆرەملێ نواندن. ع الإكراه، اكراه N tvang د اجبار، اعمال زور.







**زۆزان:** کوێستان ناو هەوار، هاوینەوار، هاوینەهەوار، کۆسار، هاوینگە، بانەمەڕ، جێگایەک لە هاویندا فێنکە و شینایی و دارستانی زۆری لێیە
: زۆزانی مامەندە ئەکەوێتە ناوچەی پشدەر. ← ئاران و زۆزان.

**زۆلا و دادگا:** Émile Zola ڕامیاری هەڵوێست گەران-١ {١٨٤٠ـ ١٩٠٢} ڕۆماننووس و ڕۆژنامەگەری فەڕانسەیی، کاندیدای نۆبلی ویژەیی. لەسەر کێشەی درەیفوس و نامەی کراوەی «من تاوانبار ئەکەم...!» دادگایی کرا و ساڵێک زیندانی پێ درا.

◂ مارسێل پرووست لە ٧ تا ٢٣ی فێبریوەری ١٨٩٨ لە دانیشتنەکانی دادگادا بەشداریی کرد. گوزارشتی ئەم دانیشتنانە لە ژان سەنتۆی Jean Santeuil دا هاتووە، هەروەها لە گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو ئاماژەیان پێ ئەکات.




**زۆم:** jealousy ئەدگار ئاوەڵناو ئێرەیی، دەمارگری، گومان. ع أكول في نفسه، غيرة، N sjalusi د غيرت، تعصب.

**زۆم پێکردن:** jealousy چاوگی تێپەڕ ئێرەیی پێبردن. ع الغيرة N sjalusi د حسادت.

**زۆمدار:** jealous ئاوەڵناو ئێرەییبەر، دەمارگر، گوماندار. ع غيرة N sjalu د با غيرت، متعصب.

**زوا:** dry ئاوەڵناو وشک، قاق، قاقڕ. ع جاف N tørke د خشک.

**زورم:** thunder ناو تریشقە، تەندەر. ع رعد N torden د رعد.

**زوڕنا:** pipe مۆزیک ناو ئامراز ئامرازێکی موزیک ژەندنە فووی پێدا ئەکرێ؛ لوولەیەکی کون کونە سەرێکی خڕ و واڵە سەرەکەی تری باریکە «فیقەنە»یەکی پێوەیە بە ناوی «نێرە»، فووی پێدادەکرێ و دەنگێکی زیقنی لێ پەیدا دەبێ. G خاڵ G ئەدمۆندز وەهبی G شێخانی





**زوجەناح:** ئایینناسر واتە خاوەنی دوو باڵ، لە فەرهەنگی ڕەوزەخوێنیدا ناوی ئەسپەکەی ئیمام حسێنە کە بە سواری ئەو ئەسپە چووە بۆ شەڕی کەربەلا. زوجەناح ڕێزێکی تایبەتی لە لای شێعە هەیە و بە نازناوی «بُراق» ئەسپی تێژڕەو ناوبانگی هەیە.






**زوجەوشەن:** ئایینناسر {شمر بن ذی الجوشن} شمری کوڕی زوجەوشەن، لە هۆزی «بەنی کلاب» سەرەتا لە یارانی عەلی ئەبی تالب بووە و پاشان چووەتە ڕیزی خەوارج. زۆربەی پەیڕەوانی ئاینزای شێعە، شمر بە بکوژی ڕاستەوخۆی ئیمام حسێن ئەزانن.



**زورهان:** decrepit ناو پیر، ڕەندۆڵ، بەساڵاچووی بەڕواڵەت دیار. ع متهالک، مقعد بسبب الشیخوخة N avfeldig د فرتوت.




**زوقم:** frost ناو ئەڵماسە، سیخوار، قەل، شەڵتە، شەختە، خووس، خویز، ئاڵشت، زەمەگولیلک، سووخ؛ لە کەشوهەوای زۆر ساردا ئاو ئەبێ بە بلوور و زوقم و سیخوار لە سەر قەراخ وردووکارەکان دروست دەبێت. ع الصقیع N frost د سرما زدگی.




**زوم:** lipid ناو بەز، پیو، چەوری هەناوی زیندەوەر. ن: برینێکەی زومی هێناوەتەوە. واتە زامەکەی سارێژ بووە و خۆش بووەتەوە.

**زووئاوهاتنەوە:** premature ejaculation پاوگی تێپەر زووکاترمێزبوون، ناسازییەکی جنسییە. ئەو دارەتەیە کە پیاو بەر لە هاوتای جنسی خۆی کاترمێز ئەبێ و ئاوی دێتەوە و سپێرمی لێ دەرئەچێ، ئەوتریێ ئەو کەسە تووشی «زووئاوهاتنەوە» بووە. ئەمە ئەبێتە هۆی نارەزامەندی ژن و هەروەها خودی پیاوەکەش. بەڵام ئەگەر هەردوو لایەن بیانەوێ چاک بینەوە، واتە هەردووکیان پێکەوە زاوێر بن، کە زۆر گرنگە، چارەسەر مسۆگەرە. پیاو ئەبێ ڕێگەی پێ بدرێ زیاتر بورووژێ و ژنیش ئەبێ خۆی ڕابهێنێ ئاسانتر خۆی بدات بەدەستەوە و بکەوێتە بن کاریگەرییەوە و

زاوێر بیێ. ⇦ **کاتژمێربوون:** orgasm چنـر ئاوهاتنەوە و ڕاحەتبوونی پیاو لە ڕووی جنسییەوە. ⇦ **زاوێربوون:** orgasm چنـر ئاوهاتنەوە و ڕاحەتبوونی ژن لە ڕووی جنسییەوە.




**زووترۆپ:** zootrope سینەما ئامێر ناو لە ساڵانی ١٨٣٤ و ١٨٥٠ و ١٨٦٠ دروست کرا. ئامێرێک بوو بە پشتئەستووری بەدەوامی بینین، بە هۆی لێزگەیەک وێنە لەسەر تیلماسکێک بە دەووری لۆلەکێکەوە وەزارەی جوولانی بەدی ئەهێنا. بینەر لە کونەکانی لۆلەکەکەوە سەیری وێنەکانی ئەکرد.




**زوورە:**❶ buffer nails ئامێر بڕبەن، بڕبەنی بچکۆلانەی پەرداختکردنی نینۆک. ع صاقل N negler buffer د سوهان.



**زوورە**❷**:** whittler ئامێر ناو زووڕەی نینۆک، بەردەزوور، هەسانی زبر، بڕبەن. ع مبراة سكين N knivsliper د چاقو تیز کن.




**زووڕەس:** ahead ئاوەڵکار ناوی‌لێکدراو پێش کات، بەدیهاتن و پێگەیشتنی شتێک بەر لە کاتی دیاریکراو. ع قدما N fremover د پیش وقت.

☜ خانەنشینی پێشوەخت ☜ ترێی زووڕەس.

**زووکلک:** fingerprint ئاسایش ناوی‌لێکدراو پەنجەمۆر، وێنەی هێڵەکانی سەری پەنجەی مرۆڤ بە ناوی خۆیەوە لە بنکەدراوی ئاسایشدا تۆمار دەکرێت، بۆ ناسینەوەی ئەو کەسە، چونکە زووکلکی هەموو کەس لەگەڵ یەکدی جیاوازن. ع بصمة الإصبع N fingeravtrykk د اثر انگشت. ☜ کلک ☜ کلکەوانە ☜ بایۆمەتری



**زوومۆرفیزم:** zoomorphism فێرگە بۆچوون ڕێبازێکی هونەرییە مرۆڤ وەکوو ئاژەڵی نامرۆیی ئەزانێ. ئاژەڵ بە جۆری تری زیندەوەری ئاژەڵ ئەزانێ، بۆ وێنە خواکان وەکوو ئاژەڵ پیشان دراون.

**زوومهێنانەوە:** organ repair چاکبوونەوە خۆشبوونەوە و هاتنەوەیەکی برین. ع ترمیم N organreparasjon د ترمیم.

**زووم:** tallow ناو بەز، پیو، چەوری هەناوی زیندەوەر {برینێک کە خۆش بوویێتەوە، ئەڵێن بەزی هێناوەتەوە.} ع الشحم N talg د پیە. بۆ restoration و {ترمیم}، لە کوردیدا بە گوێرەی جۆرەکان وشەی تایبەتمان هەیە:

**زوومهێنانەوە:** organ repair لە بواری زیندەوەردا؛

**نۆژەنقانی:** restoration لە بواری نژیارڤانیدا،

**بیراز:** mending لە بواری ئامێر و ئاسنەواڵەدا.

**چاکبوونەوە:** remission لە بواری پەتا و نەخۆشی.

**وەشزووم:** ئاوەڵناو ئافرەتێک بە ئاسانی مناڵی ببێ.

**زەبر بە زەبر:** coup with the coup پەند.

**زەبروزەنگ:** destructive force جەنگ ناوی فەرمان بەکارهێنانی هێزێکی فەوتێنەر و لەناوبەرە، لە لایەن دەسەڵاتی ڕێسایی یان نارێسایییەوە. ع القوة التدميرية N destruktiv kraft د نیروی مخرب.

**زەبوور:** ئاییناسی زەبووری داوود، پەرتووکی سروودی ئایینی داوود E Psalm یان psalter.

**زەبووری داود 1/27:** ئاوەڵناو بە کوردی: یەزدان ڕووناکی و ڕزگاریی منە، لە کێ بترسم؟ یەزدان قەڵای ژیانی منە، لە کێ بتۆقم؟

**زەبەلاح:** زل و قەبە، کەتە گەران-٧ مەبەست نووسینی colossal بە شێوە ئاڵمانییەکەی واتە kolossal.

**لۆزەندەر:** giant ئاوەڵناو زەبەلاحی تەژە، چوارهەنگڵ، غوول، چوارشانە و کەتە و بەرسینە پان. ع عملاق N kjempe د لندهور.

لۆزەندەر لە زەبەلاح و زەبەلاح لە کەتە گەورەترە. ⟵ کەتە ⟵ زەبەلاح ⟵ لۆزەندەر. ☜ چوارهەنگڵ






**زەبەلاح:** Goliath ناو سینەما جیبە گەلایاس، ئەمازەیە بەو زەبەلاحانەی دەستەویەخەی چارلی ئەبن و ئەتوانن بە کەللەیەک تەختی بکەن. ☜ گەلایاس

**زەبەلاحەکانی سەردەمی کۆن:** colossi antediluvian ئەفسانە بە گوێرەی چیرۆکەکانی تەورات ئەم بوونەوەرانە لە ئاسمانەوە هاتبوون بۆ زەوی.

**زەبەند:** very ئاوەڵکار زۆر، فراوان ن: زۆر و زەبەند. ⟵ **زەمەند:** مێرگوزار ناو زەوی پڕ لە گیا و لەوەڕ، بژوێن.

**باسەرە:** rangeland مێرگوزار ناو مێرگ و بژوێن و جێلەوەری باش، لەوەڕگە. ع المراعي N utmark د مرتع.

**زەردەچێوە:** turmeric چێژەمەنی هاڕدراوێکی بۆنخۆشە لە چڵی بنعەردی rhizome گیایەکی ئەگرن لە تیرەی زەنجەفیل، بۆ چێژ و ڕەنگ لە ئاشپێزیدا بەکار دێ، سوودی زۆری هەیە. بۆنی خۆشە، دژی ئالزایمر و ئاوسانی جمگە و نەخۆشی دڵ و شێرپەنجەیە. پێشتر وەکوو ڕەنگی

کووتاڵ بەکار ئەهێنرا. ع الكركم N gurkemeie د زردچوبە.

↞ **چڵی بنعەرد:** rhizome ڕووەک ساقەتێکی بنعەردییە بەردەوام گەورە ئەبێ و ناوبەناو لقی لاوەکی و ڕیشەی تازەی لێ ئەبێتەوە. ع جذمور N rhizome د ریزوم.








**زەربانی مەریوانی:** ئەستێرەناسی زانا زانایەکی ئەستێرەناسی کوردی (سەدەی ١٣ی زایینی) بووە، لە چاودێرگەی ئەستێرەوانی مەراغە کاری کردووە. پەرتووکی ساروو جنامەی لە سەردەمی هۆلاکۆ خانی مەغوولدا نووسیوە.





**زەردی برایتۆن:** Brighton Rock فیلم فیلمی مافیایی ١٩٤٨ی بەریتانیایی، دەرهێنانی جان بۆڵتینگ، بەسەرهاتی گانگستەر پینکی براون. ↞

**زەردی برایتۆن:** Brighton Rock فیلم فیلمی مافیایی ٢٠١٠ی بەریتانیایی نووسین و دەرهێنانی ڕوەن جافی Rowan Joffe تا ڕادەیەک

لە ڕۆمانی ١٩٦٨ی گراهام گرین، هەر بەم ناوە، ژێوەرگیراوە.






**زەرک:** drinking bowl ناو قاپی ئاوخواردنەوە، قاپی قووڵ. ع وعاء الشرب N drikkeskål د کاسه آبخوری.






**زەرکی پیرۆز:** Holy Grail ئایینناسی ئەفسانە شێوەزانست ناو کووپێکە بە گوێرەی ئەفسانەی سەدە ناونجی، لە کاتی دواین شێو، مەسیح شەرابی تێدا خواردووەتەوە. بەم پێیە زۆر کەس لایان وایە پیرۆز کراوە و ژیانی هەتایی ئەبەخشێ و، تەنانەت مردوو زیندوو ئەکاتەوە، بۆیە زۆر کەسان بە دوایدا گەڕاون ن: لە فیلمی ئیندیانا جۆنز، ئیندیانا {هاریسۆن فۆرد} ئاوی ژیان ئەدات بە باوکی، دکتۆر هانری جۆنز {شۆن کانێری}و لە مردن ڕزگاری ئەکات.







**زەریای سەوزەڵانی:** Sea of Grass فیلم فیلمی وێستێرنی ئەمریکایی ١٩٤٧، دەرهێنانی ئیلیا کازان.




**زەریایی:** nautical ئاوەڵناو لەمەڕ مەلەوان و زەریاوانان. ع بحري N nautiske د دریایی.

**زەربەفت:** brocade ناو کوتاڵی گرانبایی کە داوی زێڕی تێدا بەکار هێنرابێ. ع الديباج N brokade د دیباج.



**زەرد:** ناو لێواری تیشە شاخی زۆر بڵیند. ← **ماهـ:** ناو تیشەشاخی زۆر بڵیندی لووس.

← **ماهی زەرد:** ناوەڵێکدراو زەرد و ماهـ، زەردی ماهـ.

**زەردوزۆڵ:** ئاوەڵناو زەردی زۆر جوان و ناسک.

**زەرد و ماهـ:** mountain bulge, shoulder جیۆلۆجی ناو زەردی ماهـ، تیشەشاخی زۆر بڵیند بە تیغەی لووسەوە. ع انتفاخ الجبل N fjellbule د بلندای کوە. ☜ دوند ☜ تیرەگەشان







**زەردەتا :** yellow fever درم نەخۆشیی نەخۆشییەکی ڤایرۆسی ناوچەی کەمەرەیە، کە بە هۆی مێشوولەوە ئەگوێزرێتەوە، کار ئەکاتە سەر جگەر و گورچیلە، ئەبێتە هۆی تا و زەردی و کوشندەیە.

**زەردەخەنەی دووشەن :** duchenne smile دارەت زەردەخەنەیەکە ئەگاتە چاوەکان و، سیلەی چاو چرچ ئەکات. زەردەخەنەیەکە چێژی ڕاستەقینە ئەبەخشێ و زۆربە وەک ڕەسەنترین دەربڕینی بەختەوەری ئەیناسین. بەڵام مەرج نییە زەردەخەنەی نادووشن بە «ساختە» هەژمار بکرێت. ڕەنگە ئەوانیش بە زەردەخەنەی شیانست ناو ببرین.

**دووشەن :** duchenne نەخۆشیی نەخۆشییەکی دەگمەنی پێشکەوتووە کە لە کۆتاییدا کاریگەری لەسەر هەموو ماسولکە خۆبەخشەکان دەبێت و لە قۆناغەکانی دواتردا دڵ و ماسولکەکانی هەناسەدان دەگرێتەوە.









**زەردەواڵە :** wasp گیاندار دەعبا دەعبایەکی باڵداری کۆمەڵایەتیە، کەمەری بارک و چزووی هەیە، هێلانەی خۆی وەکوو کاغەز و لە هەویری دار

ساز ئەکات. زەردەواڵەیەک ئەتوانێ لە ماوەی کەمتر لەخولەکێکدا زیاتر لە چل مێشەنگوین بکوژێ. ⇦ **مێشهەنگوین:** bee گیاندار دەعبا.



**زەرق:** shine ناویفەرمان تروسکە، بریقە. ع تلالو N skinne د تلالو.

**زەرک:** ناو پیاڵەی ئاوخواردنەوە، قاپی قووڵی بچکۆلە.



**زەرکەتاف:** ئاوەڵناو هەتاوی زەردەپەڕ.

**زەرگ:** ramrod ناو زرگ، شیشێکی ئاسنی باریک و نووک تیژە، لە شێوەی درەوشێکی گەورە، درێژییەکەی ٣٠ تا ٦٠ سەنتیمەتر ئەبێ، مشتەیەکی داری پلپلەداری هەیە. ع سیخ رقیق N ramrod د سیخ نازک. ⇦ **زرک:** ناو کاڵەک و گرکەی تاڵ. ن:

تووڕەکەی ملی وەک هیی بارگیر بوو
تەسبیحی دەسی داری هەنجیر بوو
لای ڕاستی زەرگ و لای چەپی شیر بوو

وا تێگەیشتم ئیجازەی پیر بوو

موفتی پێنجوێنی



**زەرگال:** پۆشاک ناو پێڵاوی لەموو چندراو ٢} گۆرەوی تا بەر ئەژنۆ ٣} زەریا.

**زەرگەتە:❶** wasp دەعبا ناو ئەستنگ، پەلاڵە، زەرداڵە، زەردواڵە، زەردەزێڕە، زەردەڕاڵە، ڕاگە، ڕووڕاڵگ، ستەنگ؛ جانەوەرێکی باڵداری زەردە لە مێش گەورەترە و چزووی هەیە ع دبور N veps د زنبور.
☞ bee ☞ hornet




**زەرگەتە:❷** fly, clever هێمایی ناو زیتەڵە، فرەزان، فێڵباز، قۆشمە، قەرەقوش، گزەون، پیرەپنتۆ. ع شاطر N fly, smart د زبل.

**زەرندە:** ناوی لێکدراو سامناک، بسەهەم، هەتەر و بەمەترسیی ن: بەراز گیانەوەرێکی زەرندەیە د وهم انگیز.

**زەریاب:** Abu l_Hasan «Ali Ibn Nafi» کەسایەتی موزیکزان ناو ناسراو بە Zeryab یان Zarya حەسەنی کوڕی عەلی کوڕی نافع {٧٨٩ـ٨٥٧}،

نازناوی زەریابە واتا باڵندەی ڕەش، ئەمەش بە هۆی دەنگە دڵنشین و خۆشەکەی و پێستە ڕەشەکەیەوە بوو، هەندێکیش لایان وایە کە زەریاب {زۆراب} ی کوردی یان {زەریاو-زریاو} {ئاوی زێڕ} بوو‌بێت و ئەو سەردەمە کە زمانی پەهلەوی بۆ نووسین بەکارهاتووە، پیتی {و} ی کوردی وشەی {ئاو} کرابێتە {ئاب}ی پەهلەوی و ناوەکە لە {زەریاو-زریاو}ەوە کرابێتە {زەریاب}.

دریژه **ژیان:** زەریاب سێزدەسەدە بەر لە ئێستا و لە دەورووبەری ساڵانی ٧٨٩ی زایینی لە موسڵ لەدایک بووە، هەر لە منالییەوە بەهرەکانی دەنگ خۆشی تێدا بەدەر دەکەون، بۆیە دەچێتە خوێندگای موزیک لە موسڵ کە ئیسحاق موسڵی سەرپەرشتی دەکرد، هەر زوو ئیسحاق موسڵی هەست بە لێهاتووی زەریاب دەکات بۆیە جیاواز لە قوتابییەکانی تر لەوی دەروانی و گرینگی زیاتری پێدەدا.

**خانمە دکتۆری ئەڵمانی (زیگرید هونکە) دەنووسێت:**

«کورە گەنجێکی کورد بەناوی زەریاب قوتابی بوو لە خوێندنگای مامۆستا ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیمی موسڵی، ئەو توانایەکی زۆر بەرزی هەبوو لە زانستەکانی موزیکدا.

هەر چەندە ئیسحاق موسڵی لەوە دەترسا کە زەریاب کاریگەری لەسەر ناوبانگی ئەو دروستبکات بەڵام ئەو وای بیر دەکردەوە کە زەریاب تەنها ئاواز و گۆرانییەکانی ئەو دوبارە ئەکاتەوە، بۆیە وای دەزانی کە ئەم جۆرە هونەرمەندە تازە پێگەیشتووە گەر ناوبانگیش دەربکات هیچ مەترسییەکی نییە لەسەر ناوبانگی خۆی، لای وابوو کە ناوبانگی ئەو زیاتر دەبێتە هۆی دەرکردنی ناوبانگی خۆی و پاڵپشتێک بۆ خوێنگاکەی.

هارونەڕەشید داوا لە ئیسحاق دەکات کە گۆرانیبێژێکی نوێیان بۆ بنێرێ کە تا دەکات گوێی لە دەنگی وا نەبووبێت، ئەمیش باسی زەریابی

بۆ دەکات و بۆی دەنووسێ:

«لە ماڵی خۆما خوێندکارێم هەیە پێی دەڵێن زەریاب، کە دەنگ و سەدایەکی خۆشی هەیە، ئەمە هەڵبژاردی منە بۆ تۆ «

هارونە ڕەشید ئەمەی زۆر پێ خۆش دەبێت چونکە لە گۆرانیبێژە کۆنەکانی بێزار ببو، بۆیە داوای لە ئیسحاق کرد کە بۆیی بێنێ.

کە ئیسحاق و زەریاب گەیشتنە کۆشکی خەلیفە، زەریاب لەبەردەم هارونە ڕەشیدا دەستی کرد بە خوێندنەوەی شعر و پیاهەڵدان و گۆرانی وتن، هارونە ڕەشید زۆر لای خۆش دەبێت، ڕوو دەکاتە ئیسحاق و پێی دەڵێت:

«گەر باوڕم بە تۆ نەبوایە، بەوەی کە پێشتر تۆ ئەم دەنگەت نەبیستووە، سزام دەدای بەوەی کە تا ئێستا پێت نەناساندوم، چاوت لێی بێت و گرینگی پێ بدە تا کاتێکی تر ئەیبینمەوە چونکە من شتی زۆری لێ چاوەڕوان دەکەم «.

کە زەریاب کۆشکی بەجێهێشت کەوتە خەیاڵ و بیرکردنەوە بەوەی کە خەریکە جیهان ڕووی تێدەکات ئەستێرەی بەختی وا خەریکە دەگەشتێتەوە، بەڵام ئەو خەیاڵە جوانەی زۆری نەخایاند و بوو بە مایەی دەرد و بەڵا بۆی.

ئەوەی ئیسحاق لێی دەترسا، خەریک بوو ڕوویدەدا، هێدی هێدی زەریاب ناوبانگی زیاتر دەبوو و، ئەمەش کاریگەری کردبوویە سەر ناوبانگی خۆی.

بۆیە هەر زوو وتە خۆش و هاندەرەکانی ئیسحاق بوون بە خەنجەر و ئەیخستنە دڵی زەریابەوە، کاتێک لێک جیابوونەوە ئیسحاق بە زەریابی وت:

«لە ڕاستیدا بەخیلی کۆنترینی دەرمانەکانە، و جیهانیش زۆر ئاژاوەگێڕە، هاوبەشی لە پیشەدا وەک دژایەتی وایە، لە ڕاستیدا تۆ

فێڵت لێم کرد کە پلە و پایەی خۆت بەسەر مندا بەرز کردەوە، و ئەگەر من خۆم بە کەمتر لە تۆ ببینمەوە و پلە و پایەم دابەزێت و تۆ لە من زیاتر ناوبانگ دەربکەی لەمە هەرگیز هاوڕێیەتیت ناکەم گەرچی کوڕی خۆشم بیت، ئەگەر تۆ خوێندکاری خۆشم نەبوویای دڵنیابە لەوەی لەناوم دەبردی، ئێستاش دوو ڕێگات لەبەردەمە یان ئەوەتا ڕێگایەکی دوور دەگریتە بەر کە هەرگیز هەواڵت نەبیستمەوە، یاخود هەوڵی لە ناوبردنت دەدەم».

کاتێک زەریاب گوێی لەو وتانەی ئیسحاق بوو هەر زوو درکی بە مەترسی کرد لەسەر ژیانی، بەناچاری بە پێشنیارەکانی ئیسحاق ڕازی بوو،

زەریاب بە یەکجاری ماڵاوایی لە وڵات و نیشتیمانەکەی لە هاوڕێ و خۆشەویستەکانی کرد و لە یەکێک لە شەوە جوانەکانی بەغدا لەگەڵ خێزانەکەی وڵاتی بە جێهێشت و بەرەو ڕۆژئاوای جیهانی ئیسلامی کۆچی کرد تا لە کۆتاییدا لە ئەندەلوس (ئیسپانیای ئێستا) شاری قورتوبە خۆی بینییەوە، لەوێ لە لایەن خەڵک و تەنانەت خەلیفەشەوە پێشوازییەکی باشی لێکرا و هەر زوو و پلە و پایەی بەرز کرایەوە.

ڕاستە زەریاب ئەستێرەی بەختی لە بەغدا کوژایەوە، بەڵام لە قورتوبە بەرە بەرە دەدرەوشایەوە،

**پەرتووکی ١٠٠١ داهێنان لە کەلەپووری موسڵمانان دەنووسێت:**

«زەریاب لە کاتێکی گونجاودا گەیشتە ئەندەلووس، چونکە ئەو ماوەیە خەلیفە بەخشندەیی و سەخاوەتێکی زۆری هەبوو بۆ هونەر، و هونەرەکانی زەریاب لەوێ دراوشایەوە و ئەویش ددانی پێدا نا، زەریاب بوو بە گۆرانیبێژی وڵات و موچەیەکی بە بڕی ٢٠٠ دینای زێڕی مانگانەی بۆ بڕایەوە لەگەڵ چەندین خەڵات و بەخششی تر.»

درێژە **کار و چالاکییەکانی لە ئەندەلوس** (ئیسپانیا) پشتیوانی و هاندانی

خەڵک و خەلیفەس بووە هۆی ئەوەی کە زەریاب پەرە بەدات بە لێهاتووی و داهێنانەکانی، هەر بۆیە لە قورتوبە یەکەمین پەیمانگای هونەری دامەزراند کە لە جیهاندا بە یەکەمین پەیمانگای هونەری دادەنرێت، وانەی هامۆنی موزیکی دەوتەوە و موزیکی دەنووسی، لەوێ بۆ یەکەمین جار ئامێری عودی ناساند بە ئەوروپا و سیمی پێنجەمیشی بۆ زیاد کرد و پێژەنی تەختەیی گۆڕی بۆ پێژەنێک کە لە پەڕی باڵی هەڵۆ بوو، و هەموو بیردۆزەکانی موزیکی دووبارە ڕێکخستەوە و چەند پێوەرێکی هارمۆنی و کێشی سەربەستی دانا، بەمەش ڕێگایەکی نوێی دۆزییەوە بۆ دەربڕینی ئاوازی ئۆرکسترایی.

**مێژوونووسی مۆسیقی ئیتاڵی جولیان ڕیبێرا لەبارەی پەیمانگاکەی زەریابەوە دەڵێت:**

«پێکهاتەی گۆرانییەکان و چەندین ئاواز بۆ یەکەمین جار لە پەیمانگای موزیکی قورتوبە گەشەی کرد و پەرەی سەند.»

**پەرتووکی ١٠٠١ داهێنان لە کەلەپوری موسڵمانان دەنووسێت:**

«زەریاب نرخێکی نە خەملێنراوی بەخشی بە هونەرەکەی ئەم ئەرزش و بەها بێ وێنەیە بە درێژایی هەزار ساڵ دواتر بەردەوام مایەوە تا خەڵکی لە سەرەنسەری جیهاندا چێژ وەربگرن لە شێوازە جیاواز و جۆرا و جۆرەکانی موزیکی ئەو سەردەمە.

**درێژە** **مامۆستای ڕەوشت** کاتێک زەریاب بینی خەڵکی ئیسپانیا و ڕۆژئاوا لە چاو ڕۆژهەڵات لەڕووی ڕەوشتی هەڵسوکەوتکردن و جلوبەرگ لە ئاستێکی نزمدان هەوڵی فێرکردنی خەڵکەکەی دا، کە خەڵکەکەش ئەویان بە پێشەنگ و پێشەوای خۆیان دەزانی بە گوێیان بۆ دەگرت و لاسایان دەکردەوە.

**پەرتووکی ١٠٠١ داهێنانی موسڵمانان دەنووسێت:**

«دەکرێت سوپاسی پیاوێکی سەدەی نۆیەمی زایینی بکەین بەناوی

زەریاب، کە بیرۆکەی سێ ژەم خواردنی بە ئەوروپا ناساند، کاتێک گەیشتە ئەندەلوس (ئیسپانیا) دابونەریتەکانی تایبەت بە خواردن بەشێوەکی گشتی گۆڕانی بەسەرداهات، وتی: دەبێت ژەمی خواردن بە شۆربا دەست پێ بکات و بە دوایدا خواردنی سەرەکی بێت کە گۆشتی ماسی یان گۆشتی سوور یان گۆشتی باڵندەی تێدابێت و بە جۆرێک لە میوە یان جەرەزات کۆتایی پێ بهێنرێت.»

**جەیسۆن وێبسەر لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ کەناڵی بی بی سی لە بەرنامەی مێژوویەکی ئیسلامیانەی ئەوروپا لە بارەی زەریابەوە دەڵێت:**

«زەریاب هەموو شێوازەکانی پۆشاک و خۆڕازاندنەوەی لەگەڵ خۆیدا هێنا، بەغدای ئەوکات نیۆیۆرک و پاریسی ئێستا بوو، ئەو کرێمی ددان و بۆنبەری جەستە و شێوازی قژی کورتی لەگەڵ خۆیدا هێنا بۆ قورتوبە؛ ئەوە ڕاستییەکەیە کە لەو سەردەمەدا لە شاری قورتوبە کۆڵانەکانی چرای ڕووناکەرەوەیان تێدا بوو و زێرابی ئاو و پاشەڕۆ هەبوو وەهەروەها جۆگەلەی ئاوی پاک بۆ ماڵان دەچوو، بەغداد لە عێراق گەورەترین ناوەندی هزری و فەرهەنگی بوو لە جیهانی ئیسلامیدا، زەریاب لەوێوە شێوازی نوێی ڕازاندنەوە و ئامادەکردنی مێزی نانخواردن و دیزاینی نوێی جلوبەرگی پیاوانە و تەنانەت یاری شەترەنج و پۆلۆی لەگەڵ خۆیدا هێنا بۆ قورتوبە، ئەو ناوبانگی دەرکردبوو بە پیاوێکی سەرڕێژنە جوان کە بەردەوام باشترین بڕاردەی هەیە، کەشخەپۆشی و ڕازاوەیی بە دیزاینە دانسقە جوانەکانی دەرباری خەلیفە دەڕازاندەوە و لە هەمان کاتدا، خەڵکی قورتوبەش لاسایی شێوازی قژبڕینی کورتی ئەوی دەکردەوە و چێژیان وەردەگرت لەو کەلوپەلە پێستیانەی کە لەگەڵ خۆیدا هێنای بۆ ئیسپانیا.»

**هەزار و دووسەد ساڵ پاش زەریاب مێژوونووسی فەرەنسی هانری تێرەیس دەڵێت:**

«زەریاب شێوازی جلوبەرگی زستانە و هاوینەی ناساند و بە وردی ئەو ڕۆژانەشی دیاری کرد کە دەبێت چ جۆرە جلوبەرگێک بپۆشرێت، هەروەها پۆشاکی نیوە وەرزەشی زیاد کرد کە گونجاو بوو بۆ ماوەی نێوان دوو وەرزی جیاواز و، پۆشاک و بەرگی جوان و سەرەنجڕاکێشی ڕۆژهەڵاتی لەگەڵ خۆیدا هێنا بۆ ئیسپانیا، لە ژێر کاریگەری ئەودا پیشەسازی جلوبەرگ سەریهەڵدا کە جلوبەرگی هێڵ هێڵی ڕەنگاوڕەنگ و چاکەتیان لە کووتاڵی ڕوون دروست دەکرد.»

**پەرتووکی ١٠٠١ داهێنان لە کەلەپووری موسڵمانان دەنووسێت:**

«ئەگەر ئەمجارە بۆ کڕینی دواهەمین مۆدێل و شێوازی پێڵاو چوویت بۆ فرۆشگایەکی کەشخە و گرانبەها و دڵت ویستی پانتۆڵ یان کراسێکی هاوینە تاقی بکەیتەوە، ئەوا **زەریابی** بەر لە هەزار و دووسەد ساڵ بهێنەوە بیری خۆت، چونکە بە هۆی ئەوەوە بیرۆکەی بەرهەمهێنانی ئەو پێڵاو و پۆشاکانە لە ڕۆژهەڵاتەوە لە شەقەی باڵی دا بەرەو ڕۆژئاوا.»

دریژە **ڕەچەڵەکی زەریاب** مێژوونوسان زۆر لەبارەی ڕەچەڵەکی زەریابەوە نەدواون، بەڵام زۆربەی ئەو مێژوونوس و ڕۆژهەڵاتناسانەی کە باسیان لە ڕەچەڵەکی زەریابەوە کردووە، زەریابیان بە کورد داناوە، هەرچەندە هەندێک مێژوونووس و ڕۆژهەڵاتناس لەپەنا ناوی کورد، فارس و عەرەب و تەنانەت ئەفریقاییش دەنووسن، بەڵام باشترین سەرچاوە بۆ یەکلاکردنەوەی ڕەچەڵەکی زەریاب لێکۆڵینەوەکەی دکتۆر مەهیمەن ئیبراهیم جەزراویة کە بە زمانی عەرەبی بڵاوکراوەتەوە بەناوی {زریاب منجازاته و أبرز مبتكراته الموسيقيَة}.

**دکتۆر مەهیمەن لەپاش لێکۆڵینەوەیەکی زۆر دەڵێت:**

«من گەڕاوم لە هەندێک سەرچاوە و بەڵگە مێژووییەکان و لێکۆڵەرەوان و زانایانی بیانی و ڕۆژهەڵاتناسەکان لەسەر ڕەچەڵەکی زەریاب، گەیشتمە

ئەو دەرەنجامەی کە ڕەچەڵەکی زەریاب کورد بووە.»

دواتر وتەی چەند مێژوو نووس و ڕۆژهەڵاتناس دێنێتەوە کە باس لە کورد بوونی زەریاب دەکەن.

**ڕۆژهەڵاتناسی فەڕەنسی (تۆما بوا) دەڵێت:**

«موزیکژەنی ناسراو زەریاب کە ژێی پێنجەمی بۆ عود زیاد کرد لە سەردەمی عەباسییەکاندا، ئەو لە بنەچەدا کورد بووە.»

**ڕۆژهەڵاتناس شوالتزا دەڵێت:**

«زەریاب گەنجێکی کورد بوو کە یەکێک لە بلیمەترین خوێنکارەکانی ئیسحاقی موسڵی بوو و بە هۆی توانا و بەهرەمەندییە لەڕادەبەدەرەکانی لە بواری موزیکدا ناوبانگی دەرکردبوو.»

**خانمە دکتۆری ئەڵمانی (زیگرید هونکە) دەڵێت:**

«کوڕە گەنجێکی کورد بەناوی زەریاب خوێندکار بوو لە خوێندنگای مامۆستا ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیمی موسڵی، ئەو توانایەکی زۆر بەرزی هەبوو لە زانستەکانی موزیکدا.»

درێژە **کاریگەری زەریاب بەسەر ئەوروپاوە**

زەریاب لە زۆرێک لە بوارەکاندا یەکێک بوو لە بەناوبانگترینی ڕۆژگاری خۆی و، تاوەکوو ئێستاش کاریگەری داهێنانەکانی لەسەر جیهان بەجێماوە، بەتایبەت بەسەر ئەوروپاییەکانەوە، چونکە وەک خۆیان دەڵێن بە هۆی زەریابەوە بەشێکی زۆری داهێنانەکانی شارستانییەتی ئیسلامی گواسترانەوە بۆ ئەوروپا و هۆکارێکی گرینگ بوو بۆ ڕزگاربوونی ئەوروپا لەتاریکی و نەزانی.

**داهێنانی زەریاب زۆرن کە کاریگەریان لەسەر ئەوروپا دروستکردووە بەڵام لێرە بەشێک لە داهێنانەکانی دەخەینە ڕوو:**

- لەژێر کاریگەری زەریابدا پیشەسازی جلوبەرگ سەریهەڵدا.

- یەکەمین پەیمانگای هونەری لە جیهاندا دامەزراند.
- کرێمی ددانی ئاشناکرد بە ئەوروپا.
- یاری شەترەنج و پۆلۆی ناساند بە ئەوروپا.
- کاریگەرترین موسڵمان بووە کە دەوری هەبووە لە بڵاوبوونەوەی موزیک بە ئەوروپادا.
- هەموو بیردۆزەکانی موزیکی دووبارە رێکخستەوە و چەند پێوەرێکی هارمۆنی و کێشی سەربەستی دانا، بەمەش رێگایەکی نوێی دۆزییەوە بۆ دەربڕینی ئاوازی ئۆرکسترایی.
- خواردنی سێ ژەمەی ئاشناکرد بە ئەوروپا.
- بۆنبەری جەستە و شێوازی قژی کورتی ناساند بە ئەوروپا.
- بۆ یەکەمین جار ئامێری عودی ناساند بە ئەوروپا و سیمی پێنجەمیشی بۆ زیاد کرد.
- پێژەنی تەختەیی گۆڕی بۆ ژانەرێک کە لە پەڕی باڵی هەڵۆ بوو.
- جلوبەرگی زستانە و هاوینەی ئاشناکرد بە ئەوروپا و بە وردی ئەو ڕۆژانەشی دیاری کرد کە دەبێت چ جۆرە جلوبەرگێک بپۆشرێت.
- بیرۆکەی سفرەی سەر مێزی بڵاوکردەوە.
- پەرداخە کانزاییە قورس و دەفرە ئاڵتوونییەکان کە بۆ تێدا خواردنەوە بەکاردەهاتن لەسەر سفرەی نانخواردن، گۆڕی بۆ پەرداخ و دەفری بلووری.







**زەڕنیق:** Orpiment کیمیا ناو زەرنیخ یان سوڵفیدی ئارسنیک، بە ئاڤێستایی زەرنییە، هێسنێکی کانییە بە ڕەنگی زەرد و نارنجی قووڵ، فۆرمیوڵاکەی As2S3 یە. لە هەڵمی گڕکانی و ڕەگەی گەرماییدا هەیە. لە پزیشکی و پیشەسازی و تەقینەوەدا سوودی لێ وەرئەگیرێ. لە کوردستان لە کانەکانی زێڕشۆرانی ناوچەی تیکانتەپە هەیە.





**زەرەندە:** ڕووەک کاڵەکەمارانە.

**زەری:** هێمایر مرۆڤ جوانی سپی پێستی ئاماڵ زەرد، سوورهاڵ.

**زەریاگەستن:** seasickness دارەت چاوگی تێپەڕ تێکچوون کاتی گەشت بە کەشتی.

**زەریاگەستوو:** seasick زەریاگەردی ئاوەڵناو کەسێک کاتی گەشت بە کەشتی تێک ئەچێ.

**زەڕکەش:** gilding کیمیا ئاوەڵێکدراو ئاوزێڕ، ڕووکەشی زێڕدانەوە، ئاویدانەوە بە زێڕ ع التذهیب N forgylling د طلاکاری. ← زەڕکەش: کەندا ئاوەڵێکدراو کەندای زەڕکەش، زەکەشکراو.





**زەرکەفت:** ڕازاوە ناوی لێکدراو بە زێڕ و بە داوەدەزووی زێڕ نەخشێنراو.

**زەرکەف:** gold glitter ناوی لێکدراو دەزووی زەردی زێڕین، پۆدری زەردی وردە، ورکە زێڕ ع بریق الذهب N gull glitter د پودر زرین.



**زەرکەفکاری:** marquetry ناوی فەرمان ڕازاندنەوە بە زەرکەف، ئاوی زێڕ دانەوە. ع التطعیم N intarsia د خاتم کاری.



**زەعفەران:** saffron بەهارات ناو جۆرێک بەهاراتە کە لە پەرچەمی گوڵی کرەوکس crocus یان گوڵە زەعفەران ئەکرێتەوە و بە ئاسانی گرانترین بەهاراتی جیهانە، چونکە تەنها یەک کیلۆ زەعفەران پێویستی بە ١٥٤ هەزار گوڵ هەیە، کە ئەویش ئەبێ بە دەست پەرچەمەکانیان لێ بکرێتەوە. ⇦ **گوڵە پایزە:** autumn crocus ڕووەک گوڵێکە لە پایزدا ئەپشکوێ، لە تیرەی گوڵی زەعفەرانە ☜ قاخڵی ☜ زەعفەرانی ئەمریکایی.










**زەفیرۆس:** Zephyrus میسۆلۆجی لە میسۆلۆجی یۆنانیدا نوێنەری سیاوایە {بای ڕۆژئاوا}.



Zephyrus. (From the Temple of the Winds at Athens.)

**زەکەریا و تۆماری باڵدار:** Zechariah—The Flying Scroll ئاییناسی

ئەفسانە ☜ {دە پەرجووی تەورات ـ حەوتەم} لە بڕگەکانی سەرەتای بەشی پێنجی پەرتووکی زەکەیا لە تەوراتدا وێنای شتێکی باڵندە کراوە کە «درێژییەکەی بیست باسک و پانییەکەی دە باسک» لە شێوەی وێناکردنی جۆرە یوفۆ و ئەرابەی باڵندە وایە. ئەم شتە بە «تۆماری باڵدار» دانراوە {هەندێ لە دەقەکان بە «تۆپە کاغەزی باڵندە» وێنایان کردووە}، ئینجا وا پێئەچێ لە هەردوو دارەتەکەدا زۆر بە خێرایی دەرکەوتوە ـ «کە ئاوڕم دایەوە، دەسبەجێ تۆمارێکی باڵدار لە بەردەممدا بوو» ـ و بە جوانی لەبەر چاویدا بووە.

هەرچەند ڕەنگە چواندنی تۆمار بە یوفۆ لە سەرەتاوە دژوار بێ،

بەڵام ئەمە وەکوو وێناکردنی یوفۆی شێوە سیگار وایە {کە ژمارەیەک لەو چەشنە بینراوە و تۆمار کراوە، هەموو ساڵێکیش زیاتر لەو شێوەیە گوزارشت ئەکرێ} و، زۆر لەوە ئەچێ کە ئەو «تۆمار»ەی باسکرا نموونەیەک لەو یوفۆیە بێ. سەرەڕای ئەوەی کە ئەو شتە بە ڕاستی چی بووە، ئەو ئەندازەی کە نووسراوە، بە مسۆگەری ئەماژە بە شتێکی گەورە ئەکا کە لە ئاسماندا فڕیوە.



**زەل:** cane, bamboo ناوی جێگا قامیش. ع القصب،الخيزران N stokk د نی.



**زەلالکردن:** clarify فەرمان ڕوونکردنەوە و داخۆیانی دۆخ یان ڕاگەیاندنێک. ع یوضح N avklare د توضیح دادن.

**زەلان:** cane forest, bamboo ناوی جێگا قامیشەڵان. ع غابة القصب

والخيزران N stokkskog, bambus د نيستان، نی زار. ☜ زەلکاو
☜ پووشەڵان




**زەلک:** straw ناو قامیش، قامیشی باریک، لاسکەگیای باریک؛ بۆری باریکی خواردنەوەی ساردی.






**زەلکاو:** morass ناو زۆنگ، تاڵاو، ناوچەیەکی تەخت و بێ گیا کە ئاوی تێدا کۆ ئەبێتەوە و عەرزەکەی شلْ و بێبەرگە ئەبێ. ع مستنقع N myr د باتلاق. ریشەناسی [زەلک+ئاو] سەبارەت بەوەی زەل پێویستی بە ئاوی زۆرە و کاتێکە زەلی لێ ئەڕوێ هاتوچۆکردن بەو عەرزەدا دژوار ئەبێ، واتای زۆنگ و گەناویش ئەدات. ☜ زەل

**زەلاڵ ١:** limpid ئاوەڵناو ڕەوان، ڕەوانی بۆ دەنگ و ئاواز. ع رائق N klar د شفاف.

**زەلاڵ ٢:** limpid ئاوەڵناو ڕۆشن، ڕوونی و ڕەوانی بۆ ئاو. ع رائق N klar

د شفاف E tranparency.

**زەلاڵی:** limpidity ئاوەڵناو سینەما جییە هەم تایبەتمەندی شمەکە (بۆ وێنە ئاو) و هەم لە ڕێگەی بەراوردەوە، تایبەتمەندی شێوازە. مەبەستی بازن ئەوەیە، ئەوەی ئەبێ لە شێوازەوە سەرچاوە بگرێ، لێرەدا لە خودی شتەکەوە، یان لەم نموونەدا لە خودی ڕووداوەکەوە سەرچاوە ئەگرێ. تێبینی: هیو گرەی

**زەمبوورە:** glottis ناو تووتەک، قوڕاگە. ع لسان المزمار N glottis د چاکنای. ⇐ **سوورینچکە:** larynx ناوی لێکدراو ماسوولکەی کلۆرکەرێگەی هەوا بۆ سییەکان ئەدات و ژێ دەنگییەکان لە مرووڤ و گواندارانی تردا ڕائەگرێ، دەزگای دەنگ. ع الحنجرة، حلق N strupehodet د حنجرە، سرخنای.







**زەمبەر:** tchotchke ڕازاندنەوە ناو چاچکی، پمەک، زیوەر و زەمبەر، ڕنگاڵ و خمڵ و زیوەر و پلێلەی بە بریقەوباقی هەرزانبایی، زیاتر بۆ ڕازاندنەوە. هێمایەر کیژۆڵەی ناسک و قەشەنگ. ڕیشەناسی ⇐ tchotchke وشەیەکی ١٩٦٠ی یدیشی جوولەکەیە لە زمانی سلۆڤاک وەرگیراوە. ع شاشکی، مجوهرات رخیصة N tchotchke د چاچکی، زیور آلات ارزان.





**زەمزەمە:** croons ناو دەنگ و ئاوازی نەرم و نزم، گۆرانی خوێندن لەبەر خۆوە، دەنگی بلاوێن. ع دندن N croons د زمزمە.

**زەمەند:** pasturage ناو بژوێن، زەوی پڕ گیا و لەوەڕ.

**بەسەنگ:** grandiose ئاوەڵناو بەسەنگورەنگ،مەزن،بەدەبدەبە،بەشکۆ؛ سەرنجڕاکێش و بەرچاو لە ڕواڵەت یان شێوازدا، بە تایبەت بە خۆنمایشکردن. ع عظیم N grandiose د عظیم، شکوەمند.

**زەبەند:** very ئاوەڵناو زۆر، فراوان. ن: زۆر و زەبەند.

**باسەرە:** rangeland ناو مێرگ و بژوێن و جێلەوەڕی باش، لەوەڕگە. ع مرتع N utmark د مرتع.

**زەمیلە:** basket, hamper ناو زەمبیل، سەبەتە، سەبەتەی کڕین N basketry ع سلة د زنبیل.



**زەمینی سازی:** terraforming ناوی لێکدراو زەمینی کردن، تێرافۆرمینگ،

شێوازێکی ئەندازیاری هەسارەییە بۆ ئامادەکردنی کەش و گەرما و قاوغ یان زەویناسی هەسارە یان مانگێک بە شێوەی گۆی زەوی بو ژیانی مرۆڤ لە داهاتووی پێشکەوتوو، یان پڕ لە کێشەی فرە مرۆڤ ع استصلاح N terrorforming د زمینی سازی.








**زەناو:** ناو زەنە، زنە، نزاڤ، ئاوی دزراو، ئەستێرکی ئاوی دەڵاو، گۆڵاوی ئاودزی بچووکی مەندی کەنار زێ و زرێبار، کە ئاوەکەی دڵۆپێنراوە و بە تەواوەتی پاڵفتە بووە، زەلاڵ و روونە وەک چاوی قرژاڵ، زیخ و زیوەری بنەکەی جوان دیارە. ⇐ زەنە بە واتای {سکون} لە زمانی عەرەبیدا لەم واتایەوە وەرگیراوە کە زەنە ئاوێکی مەندی بێجووڵەیە.





**زەند:** forearm ناو ساقۆڵ، هەژگ، نێوانی مەچەک و ئانیشک. ع

ساعد N underarm د ساعد.




**زەندک:** ناو کۆش، دامێن. ⇐ زەندکی کراس.

**زەندۆڵ:** groove ناو قەڵشێ زل لە زەویدا. ع أخدود N spor د شیار.



**زەنگ:❶** tocsin ناو زەنگۆڵە، زەنگی مەترسی، کەرەستەی ئاگادارکردنەوە بە هۆی دەنگی تایبەتەوە. ع ناقوس الخطر N tocsin د زنگ.




**زەنگ:❷** alarm ناو کەرەستەی ئاگادارکردنەوە لە کاتژمێر و تەلەفۆن و

خانوو و شوێنی کار بە هۆی دەنگی تایبەتەوە. [ع] انذار [N] alarm [د] زنگ، هشدار.








**زەنگخانە :** steeples ناوی لێکدراو منارەی زەنگی کلیسا. [ع] برج الكنيسة [N] tårn [د] برج کلیسا. ☜ گوڵدەستە








**زەنگن :** ناو پاچ، قوڵینگ.

**زەنگۆ :** ناو ئاوزەنگی، رکێف.

**زەنگۆڵ :** ناو ئەژنۆ، تەپڵەسەری شاخ.

**زەنگوڵە :** gift ناو دیاری، پەڕوو، پێشکەش، دەسایز، دەسدیاری. [ع] هدية [N] gave [د] هدیه.



**زەنگۆڵەی کوێرکراو:** ناوی‌لێکدراو زەنگۆڵەی ملی وشتر کە لە شوێنی ئاپۆرە و چڕەبەندان یان کاتی مەترسی تۆزی لبادی پێدا ئەخنن، لەبەر ئەوەی دەنگەکەی کپ ببێ و نەبێ بە ملۆزمی خەڵکی، یان کاروان بخاتە مەترسییەوە.

**زەنگەکان بۆ کێ لێ ئەدەن:** For Whom the Bell Tolls فیلم فیلمی جەنگی ڕۆمانتیکی ١٩٤٣، دەرهێنانی سام ووود.








**زەنوێر:** resort سەیرانگە ناو هاوینەهەوار، مەڵبەندێکە بەرزی ئاو و هەوا خۆش و جێگەی حەوانە بۆ ماوە و مەبەستێکی دیاریکراو سەردانی ئەکرێ. ع مصیف N sommersted د استراحتگاە تابستانی.






**زەنە:**[1] ناو زنە، زەناڤ، نزاڤ، ئاوی دزراو، ئاوی دەڵاو، گۆڵاوی ئاودزی بچووکی مەندی کەنار زێ و زرێبار، کە ئاوەکەی دڵۆپێنراوە و بە تەواوەتی پاڵفتە بووە، زەلاڵ و روونە وەک چاوی قرژاڵ، زیخ و زیوەری

بنەکەی جوان دیارە.

**زەنە:**[٢] زمانەوانی ڕێزمان هێماپیر نیشانەی (سکون)ە لە زمانی عەرەبیدا (سەر و ژێر و بۆر و زەنە) لەو واتایەوە وەرگیراوە کە زەنە ئاوێکی مەندی بێجوولەیە.



**زەوی ئەلەرزێ:** La Terra Trema فیلم فیلمی درامای ئیتالیایی ١٩٤٨ دەرهێنانی لۆکینۆ ڤیسکۆنتی. ژێوەرگرتنە لە ڕۆمانی جیۆڤانی ڤێرگا Giovanni Verga بە ناوی مالارۆگلیا.




**زەویگەرمایی:** geothermal ئاوەڵناو ناوی لێکدراو بریتییە لە وزەی گەرمی لە زەویەوە ـ [جیۆ(زەوی) + گەرمی]. سەرچاوەکانی گەرمی زەوی بریتین لە کۆگاکانی ئاوی گەرم کە لە پلەی گەرمی و قووڵایی جیاواز، لە ژێر ڕووی زەویدا بوونیان هەیە یان مرۆڤ دروست کردون. ٤ الحرارة

الأرضية N geotermisk د ژئوترمال.




**زەهاو:** air vents ئاوەڵناو بادرز، درزەبا، بابوێر، باکەش، کون یان قەڵەشی لە خانوو یان هەر شتێکی تردا کە بای پێدا تێپەڕێ، دەرووبەکی بچکۆلەیە بۆ هاتوچۆی هەوا، درزی باریک کە بای پێدا ئەگەڕێ، درزی زۆر باریک لە شتدا. ع فتحات الهواء N luftventiler د منفذ باد.



**زەیستان:** parturient ئاوەڵناو زاوران، ژنێک کە تازە منالی بووە. ع مخاض N fødende د زائو.

**زەینەفۆن:** Xenophane فەیلەسووف (٥٧٠-٤٧٨ پ.ز) یان زەینەفۆنی کلۆفۆن، هۆنەر و فەیلەسووفی یۆنانی.



**زەییر:** Zaïre پێرسۆنا کەسایەتییەکی ژنی شانۆگەرییەکی ڤۆڵتێرە بەم ناوە، ئەکەوێتە دەستی تورکان و بە دیلی ئەبرێ، شازادەیەک بە ناوی ئۆرسمان شەیدای ئەبێ. ع زائیر N Zaire د زئیر.












**زێ:** grand river جیۆلۆجی ناو یەکاو، چەمی گەورە و فراوان کە ئەڕژێتە زەریاوە. ع شط، نهر N storslått elv د شط، رودخانه بزرگ.

**تێبینی:** chott یان الشط بە واتای سوێراوی گۆلاسای کەنار زەریایە.

**شۆتی غەرسە:** Shatt al Gharsah گۆلی خوێیە لە بیابانی توونیسیای باکووری ئەفریقا، بە پانی ٢٠ کیلۆمەتر بە درێژی ٥٠ کیلۆمەتر.

**شۆتی شەرقی:** Chott Ech Chergui گۆلی خوێیە لای شاری سەعیدە لە جەزایر، نزیکەی ٨٥٥٥٠٠ هێکتار بەرفراوانە.








**زێپلین:** Zeppelin فڕۆکە ناو چەشنێک فڕۆکە ـ باڵۆن کە بە مەکینە کاری ئەکرد، ئاڵمانییەکان لە ١٩٠٠ تا ١٩٣٧ دروستیان ئەکرد و بۆ گواستنەوەی ئاسمانی بەکاریان ئەهێنا؛ لە جەنگی جیهانی یەکەمدا بۆ بۆردومانی

پاریس و لەندەن سوودیان لێ وەرگرت.




**زێتا :** ☜ پرۆتینی کارلێکەری زێتا

**زێدەبەدەر :** redundancy ناوێکی لێکدراو زیادبوون، لەپێویستبەدەر، زێدەیی، زیاترلەپێویستی. ع وفرة، اطناب N overflødighet د افزونگی، مازاد بر احتیاج.








**زێدەواتا :١** connotation ناوێکی لێکدراو ئەو بیر یان هەستەی کە وشەیەک جگە لە واتای سەرەکی و ڕاستەقینەی خۆی ئەیدا بەدەستەوە. ع دلالة N konnotasjon د دلالت ضمنی.

**زێدەواتا :٢** connotation ڕێزمان ناو واتای فرەتر لە واتای ئاسایی، واتای ناڕاستەوخۆ. ع مفهوم، علاقة تضمينية N konnotasjon د مفهوم، دلالت ضمنی.

⇦ **شێوەواتا :** denotation ڕێزمان ناو ئاماژەواتا، واتای لاوەکی، واتای وشەیی یان ساکار و سەرەتایی وشەیەک، بە پێچەوانەی ئەو هەست

یان چەمک و بیرۆکانەی وشەکە پێشنیاری ئەکات. ع معنی المرجعیة
N denotation د معنی اشارە. ☜: لە دەرەوەی ئاماژەی دەستبەجێی خۆیان، وشەکان هێزێکی واتاسازییان هەیە.




**زێدەوان:** Cemetery Guard, graveyard_watch ناوی لێکدراو [زێد+ ئەوان] زێوان، ئاگاداری گۆڕستان N Kirkegårdsvakt د نگهبان گورستان.

**ئەوان:** پاشگر [ئە+ وان] پاشگرێکە لە زمانی کوردی ئەلکێت بە ناو و ناوی فرمانەوە، ئاوەڵناوی لێ بەرهەم دێت ☜: دەشت+ ئەوان: دەشتەوان ☜: پاس+ ئەوان: پاسەوان.

**زێدەوان**

کوردستانیان هێند خۆش دەوێ،
ئەوا دەیکەن بە مەزارێک،
تاکی نەبێ لە جیهانا.
ئێمەشیان هێندە خۆش دەوێ،
شادمان دەکەن بە فیدراڵی
لە چوارچێوەی گۆڕستانا!
خۆشیان، وەکوو دوو پاڵەوان،
کە کەس نەما،
نەفرەت دەکەن لە خەنجەر و تیر و کەوان...
بەیانی ئاشتی مۆر دەکەن:

یەکیان دەبێ بە مجێور،
ئەوی تریان بە زێدەوان!

**پەشێو** — فینلاند ـ کۆرسۆ ـ ١٩٩٥





**زێراب:** sewer [ناو] بۆری یان ڕەهۆڵی دەرچوونی ئاوەڕۆی ماڵان. [ع] قناة مجاري [N] kloakkrør [د] فاضلاب [E] drainage.





**زێڕبەفت:** brocade [ئاوەڵناوی بەرکار] بەزێڕ چنراو، تەنراوی بە تاڵی زێڕ و زیو و بە زۆری بەرجەستە. [ع] الديباج [N] brokade [د] دیباج، زرکش.




**زێڕی بن خاک:** [ئایینناسی] [ئەفسانە] ئەماژەیە بە یەکێک لە چیرۆکەکانی ئینجیل و

ئەمازەیە بە کەسێک کە دارایی و بەهرەی خۆی ناخاتە گەڕ و لە کۆتاییدا زیان ئەکا؛ کە لە ئینجیلی کوردی، مەتا، ٢٥: ١٤ـ٣٠ بەمجۆرە هاتووە: نموونەی دواکەوتنی گەورەی ماڵ «دیسان، شانشینی ئاسمان وەک پیاوێکە گەشت بکات، کۆیلەکانی بانگ دەکات و موڵکەکەی خۆی دەداتە دەستیان. پێنج کیسە زێڕی دایە یەکێکیان و ئەوی دیکە دوو کیسە و سێیەمیش یەک کیسە، هەریەکە بەگوێرەی توانای خۆی، یەکسەریش چووە گەشت. ئەوەی پێنج کیسە زێڕەکەی وەرگرت، ڕۆیشت و ئیشی پێوە کرد، پێنجی دیکەشی بەدەستهێنا. بە هەمان شێوە ئەوەی دوو کیسە زێڕەکەش، دووی دیکەی بەدەستهێنا. بەڵام ئەوەی یەک کیسە زێڕەکەی وەرگرت، ڕۆیشت و چاڵێکی لە زەویدا هەڵکەند و زێڕی گەورەکەی شاردەوە. دوای ماوەیەکی زۆر گەورەی ئەو کۆیلانە دێت و حیسابیان لەگەڵ دەکات. ئەوەی پێنج کیسە زێڕەکەی وەرگرت، دێت و پێنج کیسەی دیکەش دەهێنێت و دەڵێت: «گەورەم تۆ پێنج کیسە زێڕت دامێ، ئەوەتا پێنج کیسە زێڕی دیکەم بەدەستهێناوە.» گەورەکەی پێی گوت: «ئافەرین، ئەی کۆیلەی چاک و دەستپاک! لە کەم دەستپاک بوویت، زۆرت پێ دەسپێرم. وەرە ژوورەوە بۆ خۆشی گەورەکەت.» هەروەها ئەوەی دوو کیسە زێڕەکە هات و گوتی: «گەورەم تۆ دوو کیسە زێڕت دامێ، ئەوەتا دوو کیسە زێڕی دیکەم بەدەستهێناوە.» گەورەکەی پێی گوت: «ئافەرین، ئەی کۆیلەی چاک و دەستپاک! لە کەم دەستپاک بوویت، زۆرت پێ دەسپێرم. وەرە ژوورەوە بۆ خۆشی گەورەکەت.» ئینجا ئەوەی یەک کیسە زێڕەکەی وەرگرتبوو هات و گوتی: «گەورەم، زانیم تۆ پیاوێکی سەختیت، شوێنێک دەدرویتەوە کە تۆوت نەکردووە، لە شوێنێک کۆدەکەیتەوە کە شەنەبات نەکردووە، جا ترسام و چووم کیسە زێڕەکەتم لەناو زەویدا شاردەوە. ها ئەوەماڵەکەتە.» گەورەکەی وەڵامی دایەوە: «ئەی کۆیلەی خراپ و تەوەزەل! کە زانیت من درووێنە لەو شوێنە

دەکەم کە تۆوم نەکردووە، لەوە کۆدەکەمەوە کە نەموەشاندووە، دەبووایە زێڕەکەمت لە بانک دابنابووایە، لە گەڕانەوەمدا ئەوەی هی منە لەگەڵ سووەکەی وەرمدەگرتەوە.» لەبەر ئەوە ئەو کیسە زێڕەی لێ بسەننەوە و بیدەنە ئەوەی دە کیسە زێڕەکەی پێیە، چونکە ئەوەی هەیەتی، پێی دەدرێت و لێی دەڕژێ، بەڵام ئەوەی نییەتی تەنانەت ئەوەی هەشیەتی لێی دەسەنرێتەوە. کۆیلە بێ سوودەکەش فڕێ بدەنە تاریکی دەرەوە، جا لەوێ دەگرییێت و جیڕەی ددانەکانی دێت.





**زێڕووەشان:** زێڕووەشاندن، پارە بەسەر بووکدا هەڵاویشتن. د زر بر عروس افشاندن، زرافشانی.

**زێڕی ناپۆلی:** L'Oro di Napoli فیلم فیلمی کۆمەڵەفیلمی ئیتالیایی ١٩٥٤، درهێنانی ڤیتۆریۆ دی سیکا.







**زێڵ:** heart ناو زێڵی، دڵ هێمایی چەقی ناوەڕاستی هەر شتێ ن: ناوەزێڵ.

**ناوەزێڵ:** gist ناو کاکڵ و گەوهەری هەر شتێک بە تایبەت وتار

یان دەقێک. ع جوهر N gist د اصل مطلب.

**زێنۆفۆبیا :** xenophobia نەخۆشی لە وشەی گریکی xenos بە واتای بێگانە و phobos بە واتای ترس و هەراس، بێگانەهەراسی، ترس و هەراسی بێجێ لە بێگانە، بە رادەیەک کە وەک ڕەفتارێکی نەشیاو و نەخۆشانەی لێدێ. بە واتای خۆشنەویستن و دەمارگیریی دژی وڵاتانی دیکەش هاتووە.








**زێوا :** ئاوەڵناو دڵخواز، دڵگر، خۆش؛ تەکووز، دەلال، چەلەنگ، کەلان.

**زێوار :** جوانکاری زیوار، پەراوێزکاری، کەنار نەخشێنراو، قاپی کەنار نەخشێنراو؛ چوارچێوە، چوارچێوەی دەرگا د حاشیەبندی N marginalisert ع تهمیش E marginalized ⟸ **زێوارزیو :** شتێک کە کەنارەکەی بە زیو نەخشێنراوە.




**زێوان :** پاسەوان [زێ+وان] Cemetery Guard, graveyard_watch زێدەوان، ئاگاداری گۆڕستان N Kirkegårdsvakt د نگهبان گورستان.

  

**زێوە:** shrine ئاپیناسر ناو خزن، قسن، چاکی، زیارەتگە. ع مزار N مزار
helligdom د مزار.



**زێی بچووک:** جوگرافیا چەم چەمی کەڵو یان چەمی کەڵویۆ، ناوی چەمێکە بەناو شاخ و دۆڵی قووڵ و لێڕەوارەکانی ناوچەی پیرانشار و تا خوار سەردەشت ئەڕوا و لەوێوە بە پارێزگای سلێمانیدا و تا دووکان و بەرەو دەچڵە، دیمەن و بەرجەوەنی ناوازە و جوانی وەهای بەدی هێناوە کە بە تایبەتی لە وەرزی بەهاردا شیاوی سەیران و گەڕان و لێڕوانینە. لە دەرە هەرە بەناوبانگەکانی تەنگەی گرژاڵە کە بەنداوێکی لەسەر دروست کراوە. لقێکی چەمی کەڵویۆ لە شاخەڕەشی لای پیرانشارەوە سەرچاوە ئەگرێ کە ٣٥٧٨ مەتر لە ئاستی زەریا بڵندە. هەروەها لقەکانی تری وەکوو «چەمی لاوێن»، «چەمی بادیناویۆ» ئەرژێنە ناو

تەنگەی گرژاڵەوە. ئەم چەمە بە دەشتی کەڵوێ لە شەش کیلۆمەتری سەردەشت و بە ناو شاخ و دۆڵە کاندا ئەڕوا و تێکەڵ بە لقی تری وەکوو «چەمی شەڵماش» و «چەمی زەرگە» ئەبێ کە داگیرکەران لە ناوچەی «ئالان»دا ناویان ناوە سنووری دەستکرد. ئەم چەمە لە ڕێگەی «چەمی تیەت»ـەوە لە پارێزگای سلێمانیدا بە بگاری ناوچەی قەڵادزەدا تێئەپەڕێ و ئەڕژێتە «گۆلی دووکان»ـەوە و پاشان تێکەڵ بە دەجلە ئەبێ.



**زی:** touch ناوی‌فەرمان ساوان، هەستی دەستلێدان. ع لمس N ta på ع د لمس کردن.

**زیاد لە پێویست:** redundancy ناوی‌چاوگ لە ئەندازە بەدەر، ناپێویست، دارەتێک کە ئیتر پێویست یان سوودمەند نییە. ع وفرة، زیادة N overflødighet د افزونگی.




**زیانمەند:** damaged ناو زیاندیدە، ئەو کەسەی زیانی بەرکەوتووە

ع متضرر N skadet د آسیب دیده. ⇦ **مەند**: پاشگر پاشگرێکە لە زمانی کوردیدا، ئەلکێ بە دوای فەرماندا و ئەیکات بە ناو و: کارمەند.

**زیانکار**: pernicious ناوی‌بکەر زیانگەیەنەر. ع خبیث N skadelig د مخرب.

**زیانەخرۆ**: rounder, detrimental ئاوەڵناو زیانە خورۆ، زیانبەخش هێمایر کینایە مشەخۆر، زیاتر مەبەست کەسێکە کە لەسەر ورگی خەڵکی ئەژی؛ سەگێ کە فێری مریشک خواردن دەبێ، ڕەشوولاخێ کە خۆ دەدزێتەوە و دەچێتە ناو شیناوەرد و بێستانی خەڵکەوە، کەسی گوێنەدەر کە زیان بەخوێ ئەگەیەنێ. ع ضار، طفیلی N skadelig د مضر، طفیلی.




**زیانەخورۆ**: ☜ زیانە خرۆ.

**زیانەوین**: vulnerable ئاوەڵناو لاواز، گەزەنگاز، بێبەرگە، بەرگەنەگر. ع غیر حصین N sårbar د آسیب پذیر.

**زیارەتان**: cemetery ناو سەرقەبران، گۆڕستان. ع مقبرة N gravplass د قبرستان.

**زیت**: intuitive پەهرەمەندی ئاوەڵناو کەسێک کە توانای زانینی ناخی شتی هەیە تەنها بە بینینی ڕواڵەتی شتەکە، بەبێ نیاز بە سەلماندنی بەڵگەدار N intuitiv د ع بصیر.

**زیتەڵەیی**: gumption ناوی‌چاوگ زیرەکی و دەستپێشخەری لە کاردا. ع النباهة N gumption د ابتکارعمل. ⇦ **بلیمەتی**: ingenuity

ناوی‌چاوگ بەهرەی ناوازە، هەڵکەوتەیی. ع نبوغ N oppfinnsomhet د نبوغ.

**زیتی:** intuition بەهرەمەند شێوەزانست ناوی واتا هەستی نائاسایی، پێشبینی بەڵگەنەویست، توانای زانینی ناخی شتێک تەنها بە بینینی ڕواڵەتی شتەکە، بەبێ نیاز بە سەلماندنی بەڵگەدار. ع شم، حدس N intuisjon د فراست، شم.

**زیخ:** pebble ناو چەو، زیخ، قوم، ورکە بەرد. ع حصاة N småstein د ریگ.

**زیرە:** cumin ڕووەک چێژەمەند ناو کەموون، دەنکی بۆنخۆشی گیایەکە لە بنەماڵەی مەعدەنووس، کە وەکوو بەهارات بەکار ئەهێنرێ، بە تایبەتی هاڕدراوەکەی و لەناو تێکەڵەی کاری curry دا؛ زیرەپڵاو خواردنێکی بەسوود و بەچێژە. ع کمون N spidskommen د زیرە ☜ کاری.



**زیرەک و وریا:** cumin بەراورد زیرەک ئەتوانێ چارەسەری کێشە بکات، بە شێوەی لۆجیکی بیربکاتەوە و لە هەلومەرجی تایبەتدا بڕیاری دروست بدات، تێئەگات چی پێ وتراوە و بەکاری ئەهێنێ.

**زیرەک:** nimble ئاوەڵناو خێرا و چوست و چالاک لە ڕەفتار و کرداردا. ع النباهة N gumption د ابتکار.

**زیرەکی:** gumption بەراورد ناوی‌چاوگ دەستپێشخەری و هۆشمەندی دەروونی یان دەرەکی لە ژیاندا. ع النباهة N gumption د ابتکار.

**زیفوورا :** Zipporah ئاینناسر کەسایەتی یان Zéphora یان سەفوورا ژنی مووسا بووە کە لە یەکێک لە دیوارنیگارەکانی نوێژگەی کلیسای سیستین Sistine chapel دا، لە لایەن میکلّ ئانژەوە وێنەی کێشراوە. ع صفورة N Zippora د صفورا.





**زیکیزم :** Zikism ئایدیۆلۆجی شێوازی ئەندێشەی ننامەدی ئەزیکیوە Nnamdi Azikiwe لە دامەزرێنەرانی نیجریای مۆدێرن و یەکەم سەرەککۆماری هەڵبژاردەی دیمۆکراتیکی ئەو وڵاتەیە. ئەزیکیوە لە رێگەی پەرتووکەکانییەوە وەکوو: ئەفریقای ڕێنسانس Renascent Africa ١٩٧٣ و ئۆدیسی من My Odyssey کە ژیاننامەی خۆیەتی بیری زیکیزمی بڵاو کردەوە. زیکیزم بوویە هۆی هاندانی جەماوەر و بە تایبەت گەنجان لە دژی داگیرکەران.












**زیگ :** ئەستێرەناسر ئامێر ژیگ، پەرتووک یان زانستی ڕێسای ڕێکخستنی

ئەستێرە و لێکۆڵینەوە لە گەڕ و ناوەندی هەسارە و ئەستێرە و دارشتنی رۆژژمێر؛ سەرەتا ژێ بووە و ژێ واتە دەزوو و، ژێ کە تان و پۆی کووتاڵی پێکهێناوە وەکوو خشتەی نەخشە لە کارگەی چنین دا بەکارهێنراوە. ژیگ یان زیگ لەویێوە بە واتای خشتەکانی رێسای ئەستێرەناسی وتراوە. سەبارەت بە ژیگ یان زیگ لەو زمانەی فارس پێی ئەڵێن پەهلەوی یان فارسی ناوەڕاست، **هیچ** ئەماژەیەک بۆ زیگ نەهاتووە و ئەم گۆڕانکارییانە هەمووی لە سەردەمی کوردی ساسانی دا رووی داوە. زیگی گەورە یان ژیگی شالیار، لەسەردەمی نەوشیروانی ساسانی، ساڵی ٥٥٥ی زاینی بەرهەم هێنراوە. عەرەب ژیگی کردووە بە زیج. ژیگ چووەتە ناو زمانی یۆنانی و لاتینی سەدەکانی ناونجی و بووە بە زیک یان ئەزیک. هەروەها هۆزێکی کوردان هەیە بە ناوی **زیگ** کە تا ئێستاش لە ناوچەی **کۆهـ کیلویە**ی لای شیراز ئەژین.
ع د الاسطرلاب، ابراج N astrolabium د اسطرلاب، ابراج E astrolabe.



**زیگفرید:** Siegfried پێرسۆنا مووزیک پاڵەوانی بەشی یەکەمی سروودی ئاڵمانی نیبلۆنگی Nibelungenlied سەدەی سیانزە، کە زیگفرید بە کوشتنی ئەژدیها، هەم ئەبێ بە خاوەنی گەنج و هەم کریمهیلد رزگار ئەکات. دراما موزیکاڵەکانی ریچارد ڤاگنەر دەربارەی نیبلۆنگەکان لە ١٨٧٦دا، جارێکی تر ناوی زیگفریدی بلاو کردەوە.




**زیگمۆند فرۆید:** Sigmund Freud زانا دەروونناس نۆرۆلۆجیست (١٨٥٦ـ ١٩٣٩)
نۆرۆلۆجیستی ناوداری ئوستریایی و دامەزرێنەری زانستی دەروونشیکاری وەکوو شێوازێکی دەرمانی لە دەروونناسیدا. فرۆید یەکێکە لە گەریدە هەرەمەزنەکان، لە مێژوی مرۆڤایەتیدا چەندان ناوچەی نەزانراوی ئاشکراکردوە، ئەو ناوچانەش پێش ئەو کەس پەی پێ نەبردوون، بەڵام جیاوازی ئەم لەگەڵ گەریدەکانی تردا ئەوەیە، ئەم ئەمریکای خۆی لە ناخی مرۆڤدا دۆزیەوە، نەک لە جوگرافیای دەرەکیدا، ئەویش مەبەستمان جیهانی نەستە، کە وەکو مۆزەخانەیەک بەشی هەرە زۆری یادەوەری و هەستە سەرکوتکراو و چەپێنراوەکانی ژیانی ڕۆژانەمان لەویدا پاشەکەوت ئەکرێت و لەکاتی پێویستدا سەر هەڵ ئەدەنەوەو، دێنە پێشەوە، بەڵام ئەو وەختە پێویستانە چ کاتێکن؟ فرۆید ئەڵێ لە کاتی شۆک و ڕوداوە ناخۆشەکان و جیهانی خەون و هەندێ لە نەخۆشیەکاندا دێنەوە پێشەوە. گرنگی دۆزینەوەکانی فرۆید لەوەدایە کە هەمیشە بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا ئەگەڕێت: بۆچی خەڵک بەم شێوەیە ڕەفتار ئەکەن کە پێی ڕاهاتون؟

◄ بە خۆشییەوە زۆربەی بەرتووکەکانی فرۆید لە لایەن وەرگێڕانی بەتوانا و پسپۆڕەوە کراون و بە کوردی و چەندین شیکاری و تۆژینەش هەر بە

کوردی لەسەر ئەم زانا هەڵکەوتووە بووسراوە.




**زیل:** skirl دەنگەوشە فەرمان دەنگی تیژی باریک، زەق و گریانی، بە تایبەت دەنگی ناڵین؛ دەنگێکە زیلەی لێوە بێ. ع تحت، صوت حادة N skjørt د صدای زیر، صدای جیغ.

ن: با دەنگێکی زەق و گریانی لە ناو بۆرییەکانەوە ئەهێنا.

**زیلۆت:** zealot پیرۆ کوێرانە ناو لایەنگری توندوتیژی کوێرانە، کەسێکی درژ و دەمارگیر، کە تەنها پەیجووری ئارمانجە ئایینی، ڕامیاری یان ڕێکخراوەییەکانی خۆیەتی مێژوو بە ئەندامی ڕێکخراوێکی جوولەکەی کەونارا ئەوترا کە ئامانجی دینسالاری جیهانی جوولەکە بوو و، تا ساڵی ٧٠ی پاش زایین لە بەرامبەر ڕۆمییەکاندا خۆیان ڕاگرت. مێژوو بەڵگە لە تەوڕات، سفری ئافراندن؛ بەشی ١٠ و ١١ هاتووە: تەنها جوولەکە هەبووە و بە سەرانسەری جیهاندا بڵاو بوونەوتەوە، هەموو هۆز و نەتەوەیەک لەوان کەوتووەتەوە. ع متعصب N ildsjel د متعصب.

هاوواتاکانی زیلۆت ئەمانەن: fanaticism, jingoism, nationalism, fanatical patriotism, ethnocentrism, bellicose, narrowness.

سفری ئافراندن ☜ زایۆنیزم

**زیما:** zima کورتکراو دیکامێرۆن ١ کورتکراوەی Azzimare بە واتای ڕازاوە، بەشکۆ و لێوەشاوە.

**زین:** saddle ناو کورسییەک بە پشتی ئەسپ یان ئاژەڵێکی ترەوە بەستراوەتەوە بۆ سواربوون، بە شێوەیەکی گشتی لە چەرم دروستکراوە و لە پێشەوە و دواوە بەرز کراوەتەوە پێی ئەوترێ پێشکۆ و پاشکۆ. ع سرج N sal د زین. ☜ قەڵپۆز ☜ بەرکۆ



**زینا:** fornication ئاپینناسی دژی ڕێسا زیناکردن، جووتبوونی سێکسی لە نێوان ئەو کەسانەدا هاوسەرگیریان لەگەڵ یەکتر نەکردووە. زینا بە تایبەت لە ڕوانگەی دینەکانەوە بە بەرگیراو و ناڕەوا (حەرام) دانراوە و سزای بۆ بڕاوەتەوە. ع زناء N utukt د زناء تێبینی: وەک ئەزانین هاوسەرگیری بە واتای پەیماننامەی نێوان دوو کەسە کە بۆیان هەیە پێکەوە هەموو جۆرە پەیوەندییەکی هاوسەری و جنسییان هەبێ، بەبێ ئەوەی کەس ڕێگەیان لێ بگرێ. ☜ گرێبەستی هاوسەرگیری

**زیندان:** prison داد سزا دامودەزگا ناو بەندیخانە، گرتووخانە، شوێنێکە بۆ ڕاگرتنی تاوانکار (مجرم) کە دادگا بڕیاری لەسەر داوە و سزای بۆ بڕیوەتەوە و بە تاوانکاری داناوە. ع السجن N fengsling د جبس.

⇦ **گرتووخانە:** jail داد دامودەزگا گرتنگە، شوێنی ڕاگرتنی تاوانبار (متهم) کە بۆ لێکۆڵینەوە بانگکراوە لە ماوەی بەر لە دادگاییکران، یان ئەوانەی

ماوەی گیرانەکەیان کورتە. ع مرکز الاحتجاز N gjensittingssenter
د بازداشتگاە.

**زیندانیکردن:** incarceration چاوگی تێپەڕ دۆخی دەسبەسەرکردن وڕاگرتن لە ناو بەندیخانە. ع حجز تسجين N fengsling د حبسکردن.



**زیندانی:** incarceration داد سزا ناو گیران، زێندانیبوون، ماوەی ڕاگیران لە بەندیخانە بە گوێرەی سزای دادگا. ع السجن N fengsling د حبس.

**زیندانی فرێن:** Fresnes Prison داد سزا دامودەزگا هەتا ئێستەش دووەمین زیندانی گەورەی فەڕانسەیە، ١٢٠٠ ژووری هەیە، کەوتووەتە ناوچەی فرێن لە باشووری پاریس.



**زیندەخەون:** daydream تاسبردنەوە ناوی لێکدراو وەرەم و ئەندێشەی نێوان خەو و بێداری؛ جۆرێکە لە ڤیرچوال ڕیالیتی و هەستکردنی زیندوو بە جیهانێکی وەڕارەیی وەک زیندەخەون. ع احلام اليقظة N

dagdrømming [د] خیاڵ بافی.



**زیندەسووتەمەنی:** biofuel [ئاوردوو] زیندەسووت، زیندەوەرسووتەمەنی، ژین ئاوردوو سووتەمەنی بایۆلۆجی؛ سووتەمەنییەک ڕاستەوخۆ لە ماکێکی زیندوو بەرهەم دەهێنرێت. [ع] الوقود الحيوي [N] biodrivstoff [د] زیست سوخت، سوخت زیستی.







**زینە:** [ڕووەک] [دەوەن] دڕکەزی، زی، دڕکێکە ئەیکەن بە پەرژین [د] خاربن.

**زینەمان:** Fred Zinnemann [دەرهێنەر] (١٩٠٧_١٩٩٧) دەرهێنەری ئوتریشی ئەمریکایی سینەما. براوەی چوار خەڵاتی ئۆسکار.



**زیەڵێ:** gall bladder توێکاری ناو کیسەی زەرداو. ع المرارة N galleblære د کیسە صفرا.

**زیۆس کرۆنیۆن:** Zeus Kronion ئایین‌وئەفسانە خوا خوای خواکان و باوکی مرۆڤ و فەرمانڕەوای ئولۆمپۆس، بەو شێوەی باوک بنەماڵە ئەبا بەڕێوە.



**زیو:** silver کانزا ناو زێو، سیم، کانزایەکی سپی و درەوشاوە و شل و گەیەنەرێکی بەهێزی گەرمی و کارەبایە، کە لە پلەی گەرمی ٩٣٤ سەدیدا دەتوێتەوە، دەتوانرێت بکرێتە پەڕەی تەنک و وایەری باریک، و بۆ دروستکردنی زەرگ و قاپی بەنرخی هەڵکەنراو و ئاودانەوەی زیو بەکاردێت. بۆ ئەوەی بەهێزتر بێت، لەگەڵ مس تێکەڵی دەکەن و وەکو دارشتە بەکاری دەهێنن. ع فضة N sølv د نقره، سیم.





**زیوا :** desired ئاوەڵناو دڵخواز، دڵگر، خۆش؛ تەکووز. ع منشود N ønsket د دلخواه.

**زیواڵ :** هێسن ناو تیتاڵ، بزگور، کوتەپەرۆ، برشت، کووتاڵی سەرەدوێرد، ئەو پارچە بچووکانەی کووتاڵ کە کاتی برین زیاد ئەبێ و ئەمێنێتەوە و بەرگدروو فرێیان ئەدا. ع قطع زیادة N skjære د برش زیادی.

**زیوا :** ڕووەک گوڵ گوڵە زیوا، زەمبەق، لەیلانک E iris, lily.





**زیوار :** marginalize ئاوەڵناو زێوار، پەراوێزکاری، کەنار نەخشێنراو. ⇦

**زێوارزیو :** شتێک کە کەنارەکەی بە زیو نەخشێنراوە. ع تهمیش N marginalisert د حاشیەبندی.

**زیوارە :** evening ناو ئێوارە، عەسرۆجە. ع عصر N kveld د عصر.

**زیوور :** ❶ ناو زیخ و بەردی درەوشاوەی بن ئاو و زەناو.



**زیوور:**❷ marquetry ڕازاندنەوە ناو زیوەرکاری، کەرەستە و شێوازی درەوشاوەی ڕازاندنەوە، بە تەختە و سەدەف و عاج. ع التطعیم N marquetry د خاتم کاری.



**زیوەزیو:** دەنگەوشە جیکەجیکی جووچکەمەلان پێکەوە.

**زیوی زیندوو:** quicksilver هێسن ناو جیوە، کانزای جیوە لە زاراوەی کیمیاگەراندا، کانزایەکی بزۆزی شلە هەر هەدا نادات. ع زئبق N kvikksølv د جیوە.

کوِیک سیلڤر: QUIKSILVER بەرژەنگ هەروەها بەرژەنگێکی پۆشاک و جلوبەرگی وەرزشییە.




دواوشەی بەرگی دووەم ...

2095 July 21/ 2024